فرانتس کافکا

ڕەووف بێگەرد

کردوویە بە کوردی



# نامە بۆ میلینا

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

غەزەلنووس

له زنجیره بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوه
زنجیرەی کتێب: **(١٢٣)**

# نامـه بۆ میـلینا

## فرانتس کافکا

**ڕەووف بێگەرد**
**کردوویه به کوردی**


- تابلۆی سەربەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: ئاوات کەریم مستەفا
- ڕێنووس و هەڵەچنی: غەزەلنووس
- چاپ: یەکەم
- چاپخانە: تاران- پەنجەره
- تیراژ: ١٠٠٠ دانه
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوه

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانه گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٨٥٩)ی ساڵی(٢٠١٥)ی پێ دراوه

**سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینی بازاڕی کتێب**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧**

سەرچاوە:
نامەهای به میلنا/ فرانتس کافکا، ترجمه: سیاوش جمادی - تهران: نشر شادگان ١٣٧٨.

Scanned with CamScanner

# نامە بۆ میلینا

فرانتس کافکا

ڕەووف بێگەرد
کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
٢٠١٦

Scanned with CamScanner

## پێشەکیی وەرگێڕ

نامەنووسین... واتا خۆڕووتکردنەوە لە بەردەم تارماییەکاندا. تارماییەکان چاوچنۆکانە لە چاوەڕوانیی ئەم شتەدان. ماچە نووسراوەکان بە مەبەستی خۆیان ناگەن، چونکە پێش گەیشتنیان، هەر لە ڕێگە تارماییەکان دەیانخۆنەوە.

**کافکا بۆ میلینا**

ئەو لانە بچکۆلانەیەی تیایدا ئارامی گرتبوو، بەردەوامیش لەوە دەترسا نەک لەژێر چاودێرییەکی تەماکارانەی نەیارەکاندا بێت، جگە لە جێگەیەکی وەهمیی بێدەرودیوار و بێئاسمان و بێزەوی چیی تر نەبوو. ئەو دەیویست بژی، دەیشیزانی ڕەهەندی دوور و نزیکی ژیان لە کوێدایە، بەڵام لەناو ئەو لانە (ڕۆحە) نائارام و شپرزەیەدا دەتوانێت بە کوێ بگات؟ ئەی چی بکات؟ جارێک هەوڵ دەدات لە **قالۆنچەیەکدا** خۆی ببینێتەوە کە کەس بە سیمای ئاشنا نەبێت و خۆیشی لەو ڕۆتینە بدزێتەوە کە ڕۆژانە دەبێت بە ناچاری لەگەڵیدا بگونجێت (**گریگۆر سامسای بەدگۆڕان**). دەمێکیش دەبێت بەو تۆمەتبارکراوەی کە نازانێت بۆ کوێ دەبرێ و چیی بەسەر دێت و تاوانەکەیشی چییە (**جۆزێف ک دادگا**). لەوانەیە هەندێک جاریش لەناو ئەفسانە هەرە

کۆنەکانــدا بــووبێتە زینــدەوەرێکی باڵــدار کە ســەر بە یەکێـک لە خوداوەندەکان بووبێت و کەچی هیچی پێ نەکرابێت. ئەوەیشی لە بیر نەکردووە جارجارە نامەیەکی دڵدارانە (بەڵام دڵدارییەکی زۆر سەیر) بۆ کچێک بنووسێت کە پڕبێت لە ئەشق و تاسە و گلەیی و ڕاز و دواجـاریش بێهـوودەیی. ئیتـر ئەم مـرۆڤە جارێـک تەواو بێئومێدە لە ژیان و دنیا لە بەرچاویدا جگە لە ترس و تـاریکی و تارمـایی چیی تر نیـیە، لەپڕێکیشــدا هەوای هاوســەرگیری و ژیاندۆســتییەکی گەرم لە خەیــاڵی دەدات، بەڵام ئەمەیــان زۆر کــاتییە. ئەم مــرۆڤە بە جەســتە نەخۆش و بە دەروون شپرزەیە، دوودڵییەکی بەردەوام دەیپڕوکێنێت و چەنـد بگەڕێـت، چەنـد بیەوێـت خـۆی بـداتە دەسـت فەرامۆشـی، سەقامگیر نابێت: تەنانەت لە نووسینەکانیشیدا (بەتایبەتی لەم نامـانەدا) هەمــان ئەو ڕاڕایــی و توانــای بڕیــارنەدانە بە ڕوونــی دەردەکەوێـت (چەنــدین جــار بەڵــێن بە **میلینــا** دەدات کە لەو کــاتەدا ســەرقاڵی وەرگێڕانی چیرۆکەکانیەتی لە **ئەڵمانی**یەوە بۆ سەر زمانی **چیکی** بۆ ئەوەی بڕوات بـۆ لای بـۆ **ڤیەننا**، لەدواییدا بە بیـانووی جۆراوجـۆر پەشیمان دەبێتەوە، یان پێشنیاری پرۆسەی هاوسـەرگیریی بۆ دەکات و پاشان وازی لێ دێنێت، پاسـاوە خەیاڵییەکانیشی **میلینا** دەتاسێنێت) زۆر جار سەفەرەکانی هەر بە خەیاڵ تەواو دەبن. ناونیشـانی جێگە و ئوتێل و ڕیسـتۆرانت و ژوانـگە و وێسـتگەی شـەمەندەفەر و ئەوانەی هـاتوون بە پیریەوە و جۆری قسـەیان و تەماشـایان لە چوارچێوەی سـەفەری خەیاڵیـدان -کە لە ڕاسـتیدا دەبێـت سـەفەرەکە کرابێـت- هەنـدێک جـار خـۆی ددان بەم ڕاسـتییەدا دەنێـت، بەڵام لە بەردەم گریمانەکانیـدا، کە دەشـێت چـی ڕوو بـدات و چیـی بەسـەر بێـت، باڵندەیەکی ترساوی بێ ویست و توانایە. ئەو بە منداڵی لە زۆر شت ترسـاوە: لە بـاوکی، لە ژنە چێشـتلێنەرەکەیان کە بەیانیـان بردوویەتـی بـۆ قوتابخـانە نەکـا لای مامۆسـتاکەی سـکاڵای لە دەسـت بکـات و مامۆسـتایش سزای بدات کە وەک ئەنجام هیچ لەمـانە ڕووی نەداوە.

ئەو قوتابخانە بە کابووسێکی گەورە دەزانێت بۆ خۆی. هاوڕێی قوتابخانەی نییە، بەردەوام لە ڕێگەوبانـدا لە دۆخێکی سامناکی لێکدانەوە و ڕووداوی سەیر و ناجۆردا دەژی. لە هەڵوێستە دژوارەکانیدا -بەتایبەتی لە مەسەلەی ژنهێنان و پەشیمانبوونەوە لێی- خۆی هەست بەوە دەکات کە گوناهی کردووە و دڵی بەرانبەرەکەی ڕەنجاندووە، بەڵام پاکانە بۆ خۆی دەکات کە ئەوان لێی قبوول دەکەنو چونکە لە سروشتی شارەزان. ئەو نامۆیە بە سیستمی بەڕێوەبەرایەتی و ئۆفیسی کار و ڕۆتینی دەزگاکان. ئەمە هەر حاڵی دەرەوەی نییە، بەڵکو لەماڵیشدا گۆشەگیرە کە خۆی هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی. دایکێکی جوولەکەی لارەمل و کۆنەپەرست، باوکێکی ستەمکاری ملهوڕ، کە ئەوەی خۆی نەیویستبێت، نەکراوە، بۆ نموونە باوکی ویستوویەتی **کافکا** وەک خۆی ببێت بە بازرگانێکی گەورە، کۆلێژێک تەواوبکات کە پەیوەندیی بە بازرگانییەوە هەبێت، کەچی ئەم کۆلێژی ماف تەواو دەکات و دەیشبێت بە نووسەر، بۆیە **کافکای** خۆش ناوێت. **کافکا** لە نامەیەکی بەناوبانگیدا کە بۆ باوکی نووسیوە و هەر پێی نەگەیشتووە، باس لە کۆمەڵێک ڕەفتاری نادروستی باوکی دەکات کە بەرانبەر بە خێزانەکەی کردوویەتی، بەتایبەتی ئەو جنێوە قێزەونانەی بە دایکی داوە. ئەم بە درێژایی تەمەنی ترسی باوکی لە دڵدا بووە، جگە لەوەی کە باوکێکی بازرگانی خۆپەرست و پارەپەرست بووە و ئەم ڕقی لە هەردوو ئەو خەسڵەتە بووە. لە نامەیەکدا بۆ باوکی باسی شەوێکی منداڵیی خۆی دەکات کە تینووی بووە و گریاوە و باوکی بێزار بووە، هەستاوە و لەناو جێگەکەیەوە ڕایکێشاوەتە دەرەوە، هەر بە بەرگی خەوەوە لە باڵکۆنەکەدا دایناوە، بۆ ماوەیەک دەرگای لێ داخستووە. **کافکا** دەڵێت: (سالانێکی زۆر ئازارم بەو ڕووداوەوە دەچەشت و لە بیرم نەدەکرد. نازانم چۆن پیاوێکی کەتە و زلی وەک باوکم توانیی لە چرکەساتێکدا فەرمانێکی وام بەسەردا بدات و لە باڵکۆنێکدا بە تەنیا

بمهێڵێتەوە، بێگومان ئەمە مانای وایە کە من لە بەرچاوی ئەودا هیچ نەبووم). لە شوێنێکی تردا بە باوکی دەڵێت: (نازانم بۆ بەردەوام لە تۆ دەترسام، هەر کە تۆم دەبینی ڕام دەکردە ژوورەکەی خۆم... هەرگیز بە ڕاشکاوی قسەم لەگەڵدا نەکردوویت، بۆ پەرستگە دواتنەکەوتووم و نەهاتوومەتە دیدەنیت. من بەگشتی هەستی ئەوەم نەبووە کە لەوماڵەدام، پەیوەندیم بە کار و بازرگانیی تۆوە نەبووە، بۆ ئەوەی تۆم لێ ڕازی بیت، بچووکترین جووڵەم نەکردووە...).

نامۆیی **کافکا** ئەوەندە قووڵ و بە بنەمایە، کە بەرانبەرەکەی ناتوانێت مامەڵەی مرۆڤی ئاسایی لەگەڵدا بکات. نامۆیی بەرانبەر بە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریدان، بەرانبەر بە خودی ژیان و ڕەگە نەگونجاوەکانی بە ڕۆحی مرۆڤ، بیرکردنەوە لە ئەبەدییەتێک کە ناتوانێت بە ئاسانی بیگاتێ و کەڵکەڵەی بەدیهاتنیشی تراویلکەی ناو بیابانی نائومێدییە، ئەو هەمیشە بێزارە. بێزاری و ڕاڕایی **کافکا** تا ڕادەیەک بووە کە بە بەرهەمەکانی خۆی ڕازی نەبووە و بە (**ماکس برود**)ی هاوڕێی وتووە دوای مردنی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی بسووتێنێت. هەروەها کە **میلینا** بەشێک لە بەرهەمەکانی **کافکا** وەردەگێڕێتە سەر زمانی **چیکی**، بۆ هەندێک ڕوونکردنەوە دەربارەی کارەکە ڕاوێژ بە **کافکا** دەکات، ئەو پێی دەڵێت: (بەرهەمەکانی من شایانی ئەوە نین تۆ خۆتیان لەگەڵ ماندوو بکەیت، یان بکرێن بە زمانی تر).

لەگەڵ ئەم هەموو نامەگۆڕینەوە لەگەڵ **میلینا**دا و ئەو سۆز و خۆشەویستییەی گەلێک جار لە **کافکا**دا دەبینرێت (ئەمە تەنیا لە نامەی **کافکا**دا دەردەکەوێت، چونکە نامەی **میلینا** بەردەست نەکەوتوون یان هەر فەوتاون) کەچی زۆر جار بێزاریی نامەنووسین و خودی پەیوەندییەکەیش بە **کافکا**وە دیارە، بۆیە **میلینا** لەوە ڕاڕا بووە کە واز لە مێردەکەی بهێنێت. لە نامەیەکیدا بۆ **کافکا** لەوە دەدوێت کە مێردەکەی خۆش دەوێت و ناتوانێت وازی لێ بهێنێت (هەندێک جار بە

بیانووی ئەوە کە مێردەکەی دوای **میلینا** هیچی بۆ ناکرێت و لەوانەیە بمرێت)، بەڵام **میلینا** دەرکی بەوە کردووە کە هەڵکردن لەگەڵ ڕۆحە نامۆکەی **کافکا**دا، وەک هەڵکردن وایە لەناو دۆزەخدا، چونکە **کافکا** ئەو مرۆڤە ئاساییە نییە بتوانیت وەک هاوسەر لەگەڵیدا بژی. **کافکا** تەنانەت لە خۆیشی بێزارە. لە نامەیەکیدا دەڵێت: من ناتوانم پاڵتاوە زستانییەکەی خۆم هەڵبگرم، ئیتر چۆن دەتوانم دنیا بدەم بە کۆڵمدا.

لەگەڵ ئەوەدا کە **میلینا** کەسایەتییەکی بەتوانا و یاخی و پەروەردەیەکی بۆرژوازییانە کراوە، لە بواری نووسین و وەرگێڕانیشدا زۆر دیار بووە و پێدەچێت لە سەرەتادا ئاشقی **کافکا** بووبێت، بەڵام **کافکا** لە هەڵوێستە دوالیزمەکانیدا، بە تەواوی چەواشەی دەکات. جارێک لە نامەیەکیدا پێی دەڵێت: "نا... **میلینا**، ئەو ژیانە هاوبەشەی وامان دەزانی لە **ڤیەننا** بۆمان دەلوێت، مەحاڵە، ئیتر لەژێر هەر هەلومەرجێکدا بێت. تەنانەت بۆ ئەو کاتەیش هەر نەدەگونجا. من لەسەر کەناری ئەو سیاجەی لە نێوانماندایە تەماشام کرد. بە هەردوو دەستم خۆم بە لوتکەی سیاجەکەوە گرت، پاشان بەرەودوا، بە دوو دەستی پیس و خوێناوییەوە بەپشتدا کەوتمە خوارێ". لە نامەیەکی تریدا دەڵێت: "من و تۆ هەرگیز بۆ یەکتر نابین، ناتوانین پێکەوە بژیین. لە ئاپارتمانێکدا، بە جووتە، لەپشت یەک مێزەوە، هەرگیز، تەنانەت لە هەمان شاریشدا، هەرگیز پێکەوە نابین... **میلینا**، بۆ قسە لەسەر ئایندەی هاوبەش دەکەیت کە هەرگیز نایەتە دی؟".

جاری وا بووە خۆیشی لەم ڕاستییە گەیشتووە کە تا چەند ئازار بەم ژنە دەگەیەنێت، بۆیە لە شوێنێکدا بە سەرسووڕمانەوە دەڵێت: (**میلینا**، چۆنە تا ئێستایش لە من نەترساویت، یان تەرە نەبوویت، یان هەستێکی لەم بابەتەت لا دروست نەبووە؟ ئەم جیددییەت و توانایەی تۆ تا کوێ بڕ دەکات؟) لە نامەیەکیدا بە **میلینا** دەڵێت **خۆشم دەوێیت**، کەچی هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێت: (تۆ بڵێی ڕاست بکەم کە



Scanned with CamScanner

دەڵێم خۆشم دەوێیت، یان هەر...). لە نامەیەکی تریدا: (کەمێک خەوتن بە لایەوە پڕبایەختر بووە لە نامە بەجۆشوخرۆشەکانی **میلینا**) لە جێگەیەکی تردا دەڵێت: (هەموو شتێک ئەوە دەسەلمێنێت کە من و تۆ هەرگیز بۆ یەکتر نابین و هەرگیز ناتوانین پێکەوە بژیین، لە "هەرگیز"یش زیاتر جگە لە خودی "هەرگیز" شتی تر نییە). پەیوەندیی نێوان **میلینا** و **کافکا** کەمی خایاند، هەرچەندە لە سەرەتادا گەرموگوڕ بوو، بەڵام زۆری نەبرد و دایە کزی، **ماکس برود** لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە یاداشتە ڕۆژانەییەکانی **کافکادا** کە لە ماڵی باوک و دایکی **کافکا** دەستمکەوتن، ئەوەی پەیوەندیی بە **میلیناوە** هەبێت لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ تا مانگی مارتی ١٩٢١ بەردەوام بووە. پەیوەندییە پڕ لە جۆشوخرۆشییەکەی **کافکا** لەگەڵ **میلینادا**، کە لە سەرەتاوە لای **کافکا** ئەوپەڕی بەختەوەری بووە، زۆرزوو بە ئەنجامێکی غەمگین کۆتایی دێت"، هەروەها **برود** دەڵێت: من نامەیەکی **کافکام** لایە، لێم دەپاڕێتەوە نەهێڵم ئەو دوانە (**کافکا** و **میلینا**) یەکتر ببینن.

**میلینا** بەو ڕاستییەی زانیوە کە جەوهەری بوونی **کافکا** (ترس)ە، ترس لە هەموو ئەو شتانەی پێشتر باسمان کردن. ئەو تەنانەت بۆ ژیانی هاوسەرگیریی سێ جار دەزگیرانی گرتووە و پەشیمان بووەتەوە. وەک ئەنجامیش هەر بە ڕەبەنی ماوەتەوە، بەڵام **میلینا** هاوبەشییەکی ویژدانیی لەگەڵ ترس و نەخۆشی و دوودڵی و شپرزەیی **کافکا** کردووە و لە ئازارەکانی گەیشتووە. تەنانەت ئەو خەسڵەتانە هۆیەکی ترن بۆ نزیک بوونەوەی ئەو دوانە.

زۆر جار ئەم نامانە دەبنە پارچەیەکی ئەدەبی، یان مشتومڕێکی فیکری، واتا لە نامەی ئاشقێکی ڕووت دەردەچن و **کافکا** دەبێتە تیۆریستێک باس لە سەرجەم پێکهاتەکانی ژیان و خەم و خەونەکانی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و نائومێدی دەکات، دیاردەکان هەڵدەسەنگێنێت و ڕوونیان دەکاتەوە، بەڵام بەردەوام بڕیاری ڕەهای



Scanned with CamScanner

نییه و له گوماندا دەیهێڵێتەوه، هەر ئەمەیش وای کردووه، وەک خودی میلینایش ئاماژەی پێ دەکا که **کافکا** ڕستەی ناتەواو زۆر بەکار بهێنێت، یان هەندێک جار به گران نامەکانت به یەکەوه بۆ گرێ بدرێت. زۆر جار له ناوجەرگەی باسێکەوه دەپەڕێتەوه بۆ کێشەیەکی تر و کەوانەیەک قوت دەکاتەوه که نازانیت بۆ ناوکێشی کردووه! لەبەر ئەمه وەرگێڕی **کافکا** زۆر جار دەیەوێت به پەراوێزدانان، یان به ئاماژەکردنی بۆ حاڵەتێک، یان به گریمانەیەک مەبەستەکه ڕوون بکاتەوه. جاری وایش هەیه هەر به هەڵواسراوی بەجێی دەهێڵێت. ئەوانەی کەمتر شارەزای ئەدەبی **کافکا**، یان نامەکانی ئەم نووسەره گەورەیەن، ڕەنگه له خوێندنەوەی نامەکاندا گومان بخەنه سەر جۆری وەرگێڕانەکه که دەشێت له هەندێک شوێندا مانا به ئاسانی نەگات، یان وەرگێڕانەکه زۆر به ڕەوانی ئەنجام نەدرابێت، که له خۆیدا خەتای دەقەکەیه، بۆیه خوێندنەوەی بەرهەمی **کافکا** پێویستی به ئاگادارییەکی زیاتر و رامانێکی قووڵتر هەیه، وەک خوێندنەوەی هەندێک نووسەری تر.

من به ناچاری -لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوه- هەندێک جار پەنام بردووەته بەر وەرگێڕانی وشه به وشه (وەرگێڕه فارسییەکەیش هەر ئەم ڕاستییه دەڵێت) بەو مەرجەی له چوارچێوەی مانا تێنەپەڕم و هەرچۆنێک بووه خوێنەر بگەیەنمه هەواری مەبەستەکه، دیاره ئەمەم به ئاسانی بۆ نەکراوه، بەڵکو پەنام بردووەته بەر وەرگێڕانی **عەرەبی** و **ئینگلیزی**یەکەی. نایشارمەوه ئەوەندەی وەرگێڕانی ئەم نامانه ماندوویان کردم، کۆمەڵەچیرۆکەکەی **کافکا** که ساڵی ٢٠١١ چاپم کردن، ئەوەندەیان ماندوو نەکردم، بۆیه ڕام وایه وەرگێڕانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی خۆشتر و بەدەستەوەهاتووترن تا نامەکانی. لێرەدا به پێویستی دەزانم سوپاسی زۆری (**ڕێبوار سەدرەدین**)ی خۆشەویست بکەم که بەهۆی دەقه **ئینگلیزی**یەکەوه یارمەتیی ساغکردنەوەی هەندێک مانای ئاڵۆز و ڕستەی ناجۆری داوم، لەگەڵ ئەمانیشدا من



Scanned with CamScanner

هەر بەگومانم کە کەموکووڕیی تیا نەبێت. ئیتر لە داڕشتنی ڕستەیەکدا بێت کە دەشیا ڕەوانتر بکرایە، یان لە تەموومژاویی چەمکێکی فیکریدا کە خودی دەقەکە ڕۆڵی سەرەکیی تیا دیوە. با بە ڕاشکاوی ئەم قەناعەتەی خۆیشم بڵێم کە: (**من هیچ وەرگێڕانێک بە پاکیزەی تەواو نازانم**).

**ڕەووف بێگەرد**

**ئابی ٢٠١٥**



Scanned with CamScanner

## پێشەکیی ڤیلی هاس
## دەربارەی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی نامە بۆ میلینا

سەرەتای ناسیاویەتیی **کافکا** لەگەڵ **میلینا**دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە **میلینا** کورتەچیرۆکە بەراییەکانی **کافکا**ی لە **ئەڵمانی**یەوە وەردەگێڕانە سەر زمانی **چیکی**. بەرئەنجامی ئەو نامانەی ساڵی ١٩٢٠ **کافکا** لە شاری **مران**ەوە بۆ **میلینا**ی دەنووسی لە **ڤیەننا**، سەری کێشایە نێو پەیوەندییەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە. لە ڕاستیدا گۆڕانەکە لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە چرکەساتێک زیاتری نەخایاند. ئەو چرکەساتەی کە ئیدی **کافکا** لەوە گەیشت لە بڕیارداندا ئازاد نییە، چونکە بۆ ئەوەی لە شاری **مران**ەوە بگەڕێتەوە بۆ **پراگ**، نە دەتوانێت لە ڕێگەی **میونخ** یان هەر ڕێگەیەکی ترەوە سەفەر بکات، نە دەتوانێت بچێت بۆ گەڕاوەکانی **بوهەیمیا**، بەڵکو لەباتی ئەوانە دەبوو بڕوات بۆ **ڤیەننا**، چونکە **میلینا**، کە لەو کاتەدا لە **ڤیەننا** دەژیا و هاوسەرگیریەتییەکەی وردەروودە بەرەو دارمان دەچوو، وای گەرد[illegible] بوو. لە ڕاستیدا، وەنەبێت ژیانی **کافکا**یش هاوشێوەی ژیانی ئەو نەبێت، چونکە ئەویش ئازاد نەبوو. لە **پراگ** کچێک بووبووە دەزگیرانی کە زۆر پەلەی هاوسەرگیرییەتیی لە **کافکا** دەکرد و چاوەڕێ بوو. هەرچەندە کچەکە، زیاد لە **دەزگیرانە** کۆنەکەی **کافکا** کە ئێمە بە ناوی "**کچە بەرلینییەکە**" دەیناسین، ئومێدی بەوە نەبوو ببێت



Scanned with CamScanner

به هاوسەری **کافکا**. لە هەردوو جارەکەدا (یان باشترە بڵێین سێ جار، چونکە **کافکا** دوو جار خوازبێنیی یەکێک لە کچەکانی کردبوو) کێشەیەکی زۆری لە ژیانی ئەو دوو کچەدا دروست کرد. لە لایەکی ترەوە، جیابوونەوەی لەسەر خۆی **میلینا** لە مێردەکەی، کە لە ڕاستیدا دوای چەند ساڵێک بە تەواوی ڕووی دا، بەسەرهاتێکی تراژیک نەبوو. ئێمە لەڕێی ئەو نامانەوە کە ڕۆژانە **کافکا** دەینووسین: (نامەکان ساڵی ١٩٥١ لەڕێی **ماکس برۆدەوە** تۆمار کراون و بەهۆی **شوکن وەس فیشەرەوە** بڵاوبوونەوە) پەی بەو پەیوەندییە قووڵە دەبەین. لەو نامانەدا کە لە نێوان ساڵانی (١٩٢١ - ١٩٢٢)دا نووسراون، بەردەوام ناوی **میلینا** بە ئاشکرا، یان بە ئاماژە دەبینین. یەکەمین نامە کە لەو بارەیەوە لە لایەن **کافکاوە** نووسرابێت، نامەیەکی ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ە. لە نامەکەدا **کافکا** باس لەوە دەکات کە هەموو یاداشتە ڕۆژانەییەکانی داوە بە (م) بۆ ئەوەی بیانخوێنێتەوە. بەڕاستییش بەم کارە، تەواوی دڵ و ویژدانی خۆی بۆ **میلینا** یەکالا کردووەتەوە. نامەیەکی دیسەمبەر ئەوە دەردەخات کە **میلینا** چوار جار (پێدەچێت لە ماڵی باوک و دایکی **کافکا** بووبێت) سەردانی **کافکای** کردووە. وا ئێستایش بەتەمای چوونە. **کافکا** لەسەر قسەکانی بەردەوامە کە: (لەنێو ئەو ڕۆژە پڕ لە ئازارانەدا، تەنیا چوار ڕۆژیان ئارام بوون... چ مەودایەکی دوور لە نێوان بێخەمی و ڕۆیشتن و جیابوونەوەی ئەودا هەیە کە خەمەکەی بێکۆتایە. من ددانی پیا دەنێم خەموخەفەت گەورەترین بەڵای دنیا نییە). بۆ ڕۆژی دوای ئەوە دەنووسێت: "بەردەوام یان (م) بەڵێ یان (م) نا، بیروباوەڕێک، ڕووناکییەک لە تاریکیدا"

لە ١٨ی ژانیوەری ١٩٢٠دا دەنووسێت: "تۆ چیت بەو ڕەگەزی بەهرەمەندییەی خۆت کردووە؟ پاشان هەرچییەک دەبیستیت لەوە زیاتر نییە کە بەهرەیەکی سەرنەکەتووە. لە کاتێکدا بە ئاسانی دەکرا سەرکەوتوو بوایە -. (م) ڕاست دەکات، ترس واتا بەدبەختی".



Scanned with CamScanner

ئەوەی لە نامەی ڕۆژی دوای ئەوەدا هاتووە، بە ئاشکرا ڕەشنووسی نامەیەکە، یان بۆ میلینا نەنێردراوە، یان میلینا لای خۆی نەیهێشتووەتەوە: "وا دەزانم دوا دیدارەکانت وەک هەمیشە خۆشەویستانە و شکۆمەندانە بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا دیدارەکان بۆ تۆ وەک ئەوە وا بوو یەکێک سەردانی نەخۆش بکات، تا ڕادەیەک وەڕزکەر و زۆرلەخۆکردنی پێوە دیاربوو. ئایا بۆچوونەکەم ڕاستە؟ ئایا تۆ لەڕێی نامەکانی منەوە نەگەیشتوویتەتە بڕیارێکی تەواو پڕاوپڕ لە دژی من؟".

لە ٢٣ی ژەنیوەری **کافکا** (ڕەنگە لە نامەیەکدا) باسی شەوی بۆ **میلینا** کردبێت. ئەو کاتەی کە ئیدی کافکا یەکێک لە قسەکانی **میلینا** دەربارەی خۆی (واتا **کافکا**) شرۆڤە دەکات. جارێکی تریش لە کۆتایی ژەنیوەری لە (شپیندل موهلە) دەنووسێت: "بۆ نموونە ئەگەر لەپڕێکدا (م) بێت بۆ ئێرە، زۆر ترسناک دەبێت". لە لایەکی ترەوە لەو گوندە کوێستانییە دڵڕفێنەدا، هەمان شت (**کافکا** ڕاستگۆیانە و بەبێ ئەوەی مەبەستێکی گاڵتەئامێزی هەبێت) دەبوو بە جۆرێکی دیار شەرەفی بۆرژوازییانەی **کافکا** لە هەڵکشاندا بوایە. **کافکا** لەسەر قسەکانی دەڕوات کە پێشتر لە (مارینباند) لە کەنار (م)دا هەستی بە بەختەوەری کردووە و لە "ئەنجام"دا دەشێت ئەو حاڵەتە دووبارەبێتەوە. (ئەگەرچی، بێگومان ئەم هەستە تەنیا دوای ئەوە دێتە دی کە هەموو کۆتوپێوەندە ناخۆشەکان لەناوبەرین).

"ئەم مەودایە کە لە تاڵەموویەک دەچێت، ئێستا بووە بە دیوارێک، یان کێوێک، یان ڕاستگۆیانەتر بووە بە گۆڕێک"، ئەم قسانە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان **کافکا** و **میلینا** دەگێڕنەوە. پاشان تووشی نامەیەکی سەیر دێین کە لە ٦ی ئەپرەیلی ١٩٢٠دا نووسراوە: "نامەیەکی درێژ بۆ **میلینا**، سێ ئەرینی[1] فڕین

[1] The Three Erinnyes لە ئەفسانەکانی یۆناندا خواکانی توورەیین.



Scanned with CamScanner

بەرەو دارسـتان. میلینـا" هەروەهـا لە دەسـتەواژەی "حـاڵەتی ڕەتکـردنەوە" (سـەرەتای نامەکـانی ڕۆژی ١٢ی فێبەروەریـی ١٩٢٢) ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بە حاڵەتی **میلینا** لە لایەن **کافکاوە**: "تۆ ناتوانیت زیاد لە حەزی خۆت منت خۆش بوێت. تۆ بەدبەختانە حەزت لێیە منت خۆش بوێت، بەڵام خۆشەویستییەکەی تۆ بە ئەندازەی خۆشەویستیی من نییە بۆ تۆ".

ئەگەر لەو نامـانەدا کە بـۆ **میلینـای** نووسـیون، چیرۆکـی خۆشەویستییەکەی کـاریگەر و لێوانلێـو، نائومێـدیەکی لە ڕادەبەدەر، شـادی، خۆشـکێنی و خۆنەویسـتیی بەدی نەکرێـت. ئەوە نامەکـانی سەرەوە جگە لە چەند بڕگەیەکی کورتکورت و ڕستەی تـایبەتیی - هەرچەندە کەم تا زۆر لاوازن- چیی تر نین، چونکە هەرچەنـدە **کافکا** و **میلینـا** چەنـد جارێـک یەکتریشـیان دیبێـت، بەڵام گەوهەری خۆشەویستییەکەیان وەک خۆشەویستیی **ڤارتەر** و **کیرکەگۆر** تەنیا (نامەی خۆشەویستیی دووراودوور بووە).

**میلینا** لە بنەماڵەیەکی کۆنی **چیکی**یە لە **پراگ**. دەتوانین پێیان بڵێین لە خـانەدانە ڕاسـتەقینەکانی **چیکۆسـلۆڤاکیایە**. نـاوی خێـزانەکەی بە شێوازی لاتینی، لە یادکردنەوەی یەکێک لە باپیرانی کە لەدوای شـەڕی **ڤایس برگ** وەک نیشتمانپەروەرێکی **چیک** کە بە دەسـتی بنەمـاڵەی **هایسـبورگ** لە سـێدارە درا، لەسـەر بەردێکـی مەرمەڕ، لە دەرەوەی تەلاری شـاری **پراگ**، هەڵکەنراوە. ئەو خۆیشـی هەنـدێک جـار، وەک ژنێکـی خـانەدانی سـەدەی شـانزە، یـان حەڤـدە دەردەکەوێـت. کەسـایەتییەکەی لە کەسـایەتیی ئەو ژنـانە دەچێـت کە وەک **دی سانسورینا**، یان **ماتلید دلامور**[٢] وان، کە **ستاندال** لە مێژووی کۆنی **ئیتالیـا** وەری گرتـوون و لە ڕۆمانەکانیـدا جـارێکی دی دروسـتی کردوونەتەوە. ئەم کەسایەتییانە لە بڕیارداندا بەسۆز، ئازا، خوێنسـارد

---

[٢] ژنە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (سوور و ڕەش) و (پەرستگەی پارم)ی ستاندال.

و هۆشـیارن، بەڵام کە حەز و ئارەزوویـان دێـتە گـۆڕێ، ئیتـر بـۆ گەیشـتن بە مەبەسـت بێبـاک و سەرکێشـن. لە تەمەنـی لاویشـدا بەردەوام لەو کێشمەکێشـەدا ژیاون. **میلینـا** وا بـوو. ئەو وەک هـاوڕێ هەستێکی لێوانلێـوی هەبـوو. لێوانلێـو لە خۆشەویسـتی، ئەمەیـش لە چوارچێوەیەکدا کە زیاتر سەرچاوەکەی شاراوە و لە نهێنیدا بـوو. لە هەمان کاتـدا ئەوەی لە هاوڕێکانی چـاوەڕێی دەکـرد بە لای خـۆیەوە سروشتی و بە لای هاوڕێکانیشییەوە هەر وا بوو.

**میلینا** لە ساڵە ئاڵۆزەکانی دوای ١٩١٨دا، زەحمەت بوو بتوانێت خۆی لەگەڵ ئەو بارە فیکری و ڕووناکبیرییەدا بگونجێنێت کە کەسانێک لە ناوەنـدە ئەدەبییەکـانی **ڤیەننـادا** کۆبوونەوەیـان دەربـارەی دەکـرد، خەمیشی پێ دەخوارد. بێگومـان جوانترین ڕۆژانی تەمەنی ئەو، هیی پێش ئەو مێژووەیە. لەو کـاتەدا کیژۆڵەیەک بـوو لە **پراگ** دەژیـا. لەو قۆناغەدا سەرکێشـانە گوێی بە هیـچ نەدەدا: ژیـان، پـارە، هەسـت، نەک تەنیا هەستەکانی خۆی، بەڵکو ئەو هەستانەیش کە پێی دەدران و ئەو تەنیا بە مـوڵکی تـایبەتیی خـۆی دەزانـین تـا ئەو کـاتەی تـاقەتی لێیـان دەچوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا **کافکا** ئەوی بە ناوی "**میلینای دایک**" بانگ دەکرد. دیارە ئەمە بێهۆ نەبوو. **کافکا** لەم نامـانەدا بـاس لەوە دەکات کە **میلینا** توانـای ئازاردانی کەسـی نییە، ئەمەیش ڕاستییەکی گومـانهەڵنەگرە. جگە لەمە، لەم نامـانەدا **کافکا** هەندێک جار باس لەو هەڵچوون و توورەییانەی **میلینا** دەکات کە ئەو بە ناچاری لێی قبووڵ کـردووە. نامەکـانی **کافکـا** پـڕن لە ئاسـەوار و ڕەنگـدانەوەی خەم و شادییەکانی ئەو توورەییانە.

هەڵبەت **میلینا** ژنێکی فریودەر نەبوو بە مانا بازاڕییەکەی، واتـا هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی پیاوی دابێت، تەنانەت ئەو پیاوەیش کە وەک شـاعیرێک جێـی شـانازیی ئەو بووبێـت، زۆر پـێش دەوروبەرەکـانی خـۆی و دەوروبەرەکـانی **کافکـا** دەرکی بە بلیمەتییەکەی کردبێت. ئەو شـەیدا بوو، چونکە ئاشق بوو، بە ئەگەرێکی نزیک لە یەقینەوە، ئەگەر ئەوەی

خۆشی دەویست پیاوێکی کەودەن و بێنرخیش بوایە، ئەو هەر بەو جۆرە ڕەفتاری دەکرد.
بێگومان ئەو ئازاری دەچەشت، زۆریش ئازاری دەچەشت، هۆی ئازارچەشتنەکەیشی پێش هەر شتێک لەبەر ئازاری کافکا بوو، هۆیەکی تر پێدەچوو ئەوە بێت کە میلینا هەستی دەکرد ئازارچەشتن تاقە ڕێگەی دروستکردنی جۆرێک لە دوا گفتوگۆ بێت لەگەڵ ئەودا، چونکە هەرچەندە گەیشتن بە ڕۆحێکی وەک ڕۆحی کافکا لە شەقامە ئارامەکانی دەوری شار و ئوتێلەکانی ڤیەننا، یان لە سەوزەزارە دڵخۆشکەرەکانی هاوینە، یان لە دارستانەکانی دەوری ڤیەننا و گموندا دەلوا، بەڵام مرۆڤ نەیدەتوانی لەگەڵ ڕۆحی ئەودا بگونجێت، تەنیا لە دۆزەخدا نەبێت. ئەوەیش سەیر نەبوو کە نەخۆشیی میلینا تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە کافکایش گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە بوو، یان بە لایەنی کەمەوە ڕەنگە میلینا هێند لە وەهم و بیرکردنەوەی ئەو نەخۆشییەدا بووبێت کە بەڕاستی خوێنی هەڵهێنابێتەوە.
جارێکیان کافکا لە یەکێک لەم نامانەدا بۆ میلینا دەنووسێت: "تۆ کە بەم سەختییە دەژیت، ژیانی خۆت بەرەو سەختییەکی قووڵتر دەبەیت...". لەمە چاکتر چی دەوترێت؟ لێ میلینا، وەک نووسەری ئەم نامانەی کە ئێستا لە بەردەستماندایە بۆی چووە، شایانی ئەو دەرد و ئازارچەشتنە نەبووە. ئەگەر لەم لایەنەوە بەڕاستی ئازاری چەشتبێت و بەهۆی کافکایشەوە هەر ئازاری چەشتبێت، لەبەر ئەوەیە کە ئەم ڕەنج و ئازارەیش بەشێکە لە پەرۆشی و تاسەی زۆری ئەو بۆ ژیان و تەنانەت چێژلەژیانبردن. لەمەیش گەڕێ، ناکرێت ئێمە، بە لایەنی کەمەوە، ئەو مەیلە لە بەرچاو نەگرین کە سلاڤییەکان لەو قۆناغە مێژووییەدا بۆ ئازارچەشتن هەیانبووە. بێهۆ نییە کە دۆستۆیڤسکی خۆشەویستترین نووسەری میلینا بووە. ئەگەر ئەنجامگیریی ئێمە هەندێک جار، تەنانەت زۆر جاریش، وا بکەوێتەوە کە لەم نامانەدا ڕووی میلینا، ڕوویەکی جوانتر، ڕاشکاوانەتر، تەندروستتر و



Scanned with CamScanner

مرۆڤانەتر بێت لە کافکا (خودی کافکایش ئەگەر زیندوو بوایە بێ دوودڵی و پێش هەر کەسێکی تر نکوولیی لەمە نەدەکرد) نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە میلینا، بە هەموو ئەو حەزەوە کە بۆ ژیان هەیبوو، نەیدەتوانی لە حاڵ و هەوای بیری کافکادا کە پڕپڕبوو لە توند ترین گوشاری بروسکەئاسا، دەم بکاتەوە، هەروەها نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە هەرچەندە میلینا قووڵاییەکانی بوونی کافکای هەژاند (لە ڕاستیدا ئەگەر بە چاوێکی قایلبوونەوە لە نامەکانی خودی کافکا بڕوانین، دەبینین میلینا ژیانێکی تازەی بە کافکا بەخشیوە) لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆر جار بە ئاسانی بە جۆرێک تووڕەی دەکرد، کە سەرئەنجام کەمێک خەوتن لای کافکا بایەخی زیاتر بوو لە نامە بە جۆشوخرۆشەکانی میلینا.

کافکا لە یەکێک لە دوا نامەکانیدا ددان بەوەدا دەنێت، کە جارێکیان زۆرزۆر ئیرەیی بە یەکێک دەبات، چونکە لە سایەی بایەخپێدان و توانا و خۆشەویستی و ئاوەزیەوە، بێباک و ئاسوودەخەیاڵ لەناو گوڵاندا پاڵکەوتووە. ئەو بەختەوەرییەی کە کافکا لەو کەسەی دیوە و ئیرەیی پێ بردووە، لە دوا مانگەکانی تەمەنیدا، پێش ئەوەی لەناو گوڵاندا ڕابکشێت، خۆشترین ڕۆژانی تەمەنی بووە. کە پێشتر، لە سەردەمی سۆز و شەیداییە پڕ لە هەڵبەزودابەزەکەی لەگەڵ "میلینا"دا نەیدیبوو.

(مارگرێت بوبر نیومن) لە کتێبە بەنرخەکەیدا "دوو دیکتاتۆر" لە چارەنووسی میلینا ئاگادارمان دەکات. مارگرێت لە ئۆردوگای مرۆڤقڕکردنی (ڕاڤینسبروگ) لەگەڵ میلینادا زیندانی بووە. ئەم دوو ژنە لەوێ، لەگەڵ تاوانبارە دڕندەکانی "هامبۆرگ" و سۆزانییەکاندا لە بەندیخانەدا بوون. هەردووکیان لەوێ، بە ترسولەرزێکی زۆرەوە، ئەو چێژە سادیستییانەی پزیشکەکانی نازییان دیوە، کاتێک بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە زانستییەکانیان، لەسەر جەستەی ژنە زیندووەکان کردوویانە.



Scanned with CamScanner

مارگرێتیش وەک کەسانی تر، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەفسوونە مرۆڤایەتییەکەی میلیناوە. ئەفسوونێک کە تەنانەت لەو دوا ساڵانەی تەمەنیدا، کە ئیدی گەنجایەتیی نەمابوو، تا رادەیەکیش قەڵەو بووبوو، کەچی هێشتا کاریگەر بوو. مارگرێت دەنووسێت: "من و میلینا هەر لە ساتەکانی بەراییدا بووین بە هاورێ، ئەم هاورێیەتییە، لە ماوەی ئەو چوار ساڵە ناخۆشەدا کە لەگەڵ ململانێی مەرگ و ژیاندا لەو ئۆردوگایە بەسەرمان برد، هەر بە بەهێزی مایەوە و بەردەوام بوو".

لەسەر قسەکانی دەڕوات و دەڵێت: "من لە چارەنووسەکەی خۆم سوپاسگوزارم، چونکە منی خستە ڕاڤینسبروگەوە بۆ ئەوەی میلینا بناسم. لە یەکەم ڕۆژەوە، هەر کە تەماشای دەموچاوە ستەمدیدەکەیم دەکرد، ترسێکی زۆرم تێدەگەڕا. بە نەخۆشی لە بەندیخانەیەکی لێکۆڵینەوەی شاری درسدنەوە هێنابوویانە ئێرە. خۆی وای دەزانی تووشی نەخۆشیی ڕۆماتیزم بووە. دەستەکانی ئاوسابوون و بەردەوام ئازاریان هەبوو. لە کاتی سەرژمێرییەکاندا، بە بەرگی کۆن و دڕاوی ئۆردوگاوە لە سەرماندا دەلەرزی. بە شەو، پەتووە تەنکەکانی ئۆردوگاکە گەرمیان نەدەکردەوە، بەڵام ئەو مرۆڤێکی بەهێز و ئازا بوو کە زۆر جار ترس و دوودڵییەکانی منی دەڕەواندەوە. ساڵی ١٩٤٠ ئەو هێشتا تێکنەشکابوو. هێشتا ئازا و پڕ بوو لە داهێنان و هەرگیز وەک کەسایەتییەکی زەلیلی نێو زیندان بیری نەدەکردەوە، هەرگیز زیندان نەبوو بەماڵی، هەرگیز هەستەکانی نەیاندایە نەزۆکی و خامۆشی. نەیدەتوانی وەک گەلێک لە زیندانییەکانی تر دڵڕەق و بێدەربەست بێت...".

لە ڕاستیدا میلینا لەو مەرگە ڕزگاری بوو کە وەک نەخۆشەکانی تر ببرێتە ژووری گاز و کوورەی سووتاندنی مرۆڤەکانەوە.

مارگرێت دەڵێت: "زۆر لەوە تۆقیبووم لەنێو زۆروستەمدا بمرێت". لە بۆنەیەکی تردا مارگرێت دەنووسێت: "من گوێم لە دەنگی قوڵپەقوڵپی گریانی دەبوو کاتێک شەوانە لەسەر دۆشەکی کا ڕادەکشا: ئاخ

خۆزگە بمتوانیایە بەبێ گیانەڵا بمرم... مەهێڵە وەک سەگێکی بێکەس و تەنیا بمرم".
بە درێژایی ئەو ماوەیەی لەپاڵیدا بووم و دڵخۆشیم دەدایەوە، بڕوام وا بوو چاک دەبێتەوە و جارێکی دی تامی ئازادی دەچێژێتەوە، بەڵام لەپڕدا لەنێو تاریکایی زینداندا بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە ئیدی کارلەکارترازاوە. دیارە هەندێک جار دەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم خۆی لەو ترسولەرزەی لە جیاکردنەوە تایبەتییەکەی نەخۆش و ئەو دەرزییانەی بۆ مردن لە نەخۆشی تریان دەدا، ڕزگار بکات".
میلینـا لە حەڤـدەی مـانگی مەیـی ١٩٤٤دا بەهـۆی نەشـتەرگەریی گـورچیلەوە، کە زۆر درەنـگ فریـای کەوتبـوون، گیـانی لەدەسـت دا.
مارگرێت بوبر نیومەن دەنووسێت: "لەو چرکەساتەدا ژیان لای من چ مانایەکی نەمابوو".
لە ١٠ی ژەنیوەریدا گیراوەکان زانییان ئۆردوگاکە کەوتووەتە دەستی هاوپەیمانەکانەوە.
مارگرێـت بـوبر نیـومەن، یـادەوەریی دوا سـاڵانی ژیـانی میلینـا بەم وشانە کۆتایی دێنێت "کە میلینا مردبێت، من بۆ دەبێت بژیم؟ کە ئەو زیندوو بوو، ئازادی بەو مـانـایە بـوو کە جـارێکی تـر لەگەڵیدا چاومـان بە یەکەم شـار بکەوێـت و لەگەڵیـدا بـڕۆمە یەکەمـین دارسـتانەوە...".
وەرزی ئازادی بۆ میلینا زۆر درەنگکەوت.

**ڤیلی هاوس**

**تروێزدروف – مایسی ١٩٥٢**

Scanned with CamScanner

ئەپریل ١٩٢٠
مران، ئۆنترمایس
پانسیۆنی ئۆتوبورگ

خاتوو *میلینای* ئازیز
نامەیەکم لە پراگەوە بۆ ناردیت، دوای ئەوە نامەیەکی ترم لە مرانەوە بۆ نووسیت. لە ڕاستیدا ئەو نامانە شتێکی وایان تیا نەبوو پێویست بە وەڵامدانەوەی خێرا بکات. ئەگەر بێدەنگییەکەت تا ڕادەیەک نیشانەی چاکی و تەندروستیتە و هەر لەبەر ئەمەیشە نانووسیت، من لەم لایەنەوە تەواو دڵخۆشم، بەڵام لەوانەیە شتێکی تریش هەبێت – هۆی نامەنووسینەکەیشم هەر ئەمەیە– ڕەنگە من لە نامەکانمدا بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆم ڕەنجاندبێت (ئەگەر بەو جۆرە بوو بێت، کەواتە من بە پێچەوانەی هەموو خواست و ئارەزوویەکی خۆمەوە بە چ دەستێکی دزێوەوە نامەم بۆ نووسیویت؟) یان لەوانەیە شتێکی لەوە خراپتر بێت، ڕەنگە نامەکەم ئەو چرکەساتەی لێ تێکدابیت کە وەک خۆت نووسیوتە خەیاڵت ئاسوودەیە و من جارێکی دی کاتم لێ تاڵ کردبێتیت. دەربارەی یەکەمیان چ قسەیەکەم بۆ وتن پێ نییە، ئەمە لە من دوورە و هەرچییەک بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت، لە منەوە نزیکە. دەربارەی دووەمیشیان نامەوێت ئامۆژگاریت بکەم –جا من چۆن دەتوانم ئامۆژگاریی تۆ بکەم؟– بەڵکو تەنیا بە سادەیی دەمەوێت لێت بپرسم بۆچی بۆ ماوەیەک لە **ڤیەننا** دوور ناکەویتەوە؟ هەرچۆنێک بێت تۆ وەک کەسانی دی بێماڵوحاڵ نییت. بیرت لەوە نەکردووەتەوە، ڕەنگە سەفەرێکی **بۆهیمیا** توانایەکی تازەت تێبگەڕێنێت؟ ئەگەر لەبەر هۆکاری تر کە من لێی بێئاگام ناتەوێت سەفەر بۆ **بۆهیمیا** بکەیت، ئەی بۆ ناڕۆیت بۆ شوێنێکی تر؟ تەنانەت لەوانەیە سەفەرێکی **مران** بۆ تۆ سەرکەوتنێک بێت. بۆیە من چاوەڕێی یەکێکم لەم دوانە، یان



Scanned with CamScanner

لەسەر بێدەنگییەکەت بەردەوام بە کە ماناکەی ئەمەیە "نیگەران مەبە،
من زۆر باشم" یان ئەگەر وا نییە چەند دێڕێکم بۆ بنووسە.

**لەگەڵ دڵۆڤانترین سوپاسی کافکا**

چەنـد زۆر لە خـۆم دەکەم نـاتوانم سـیمای ڕوخســارت بە ڕوونـی بێنمەوە بیرم. تەنیا ئەوەندەم لە بیرە کە چۆن سـەرئەنجام لەمـلا و ئەولای مێزی چایخانەکەوە هەنگاوت دەنـا و دوور دەکەوتیتەوە، تـاقە شـتێک کە هێشـتا لە یادمـدا مابێـت ئەو دوو شــتەیە: ئەنــدامت، جلوبەرگت.

**مران – ئەپریل ١٩٢٠**

خاتوو **میلینای** ئازیز، تۆ خۆت لە دنیای غەمبـار و وەڕزکەری **ڤیەننادا** بە کاری ناخۆشـی وەرگێڕانەوە گیرۆدە کـردووە. ئەمە لە ڕوویەکەوە کارم لێ دەکات و خەجاڵەت دەبم[٣] دەبێت پێش مـاوەیەک لە **ڤۆلف**ەوە نامەیەکت[٤] پێ گەیشتبێت. بە کورتی **ڤۆلف** مـاوەیەک لەمەوبەر خۆی لەبارەی نامەیەکی لەو جۆرەوە چەند مەبەستێکی بۆ نووسیم، باسەکە لەبـارەی کـورتەچیرۆکێکەوەیە بە ناونیشـانی "**مرۆڤکـوژ**"[٥] کە گوایـە

---

[٣] لەو کاتەدا **میلینا** سـەرقاڵی وەرگێڕانـی کـورتەچیرۆکی (**تـوونچی** der heizer) بـوو. ئەم چیرۆکە لەدواییدا بوو بە ڕۆمانی (**ئەمریکا**) کە یەکێکە لە ڕۆمانە ناودارەکـانی **کافکا**. لەبەر ئەوەیە **کافکا** بەرانبەر بە **میلینا** هەست بە شەرمەزاری دەکات.

[٤] Kurt Wolff بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکـانی **کافکایە**، پێدەچێت ئەمە ئامـاژە بێـت بە نـامەیەک کە لەوێدا **کورت ڤۆلف** باس لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی **کافکا** دەکات بۆ سەر زمانی **چیکی**

[٥] پێدەچێت **میلینا** چیرۆکی (**کوشتن** Dermord)ی **کافکا** کە لە ڕۆژنامەی شیعری نوێدا سـاڵی ١٩١٨ لە شاری **لایپزیک** لە لایەن **ڤۆلف**ەوە بڵاوکرابووەوە، لەگەڵ چیرۆکی (**بکوژ**) کە بەرهەمـی هەوبە بە هەڵە لێکدرابنەوە...

ناوەکەی لە کاتۆلۆگێکدا بڵاوبووەتەوە، من ئەو کورتەچیرۆکەم نەنووسیوە، گوایە بەدحاڵیبوونێک لە ئارادا بووە، بەڵام تێکڕا دەشێت ئەوە ڕاست بێت کە گوایە ئەم چیرۆکە بە چاکترین کورتەچیرۆک لەقەڵەم دراوە.

بەپێی دوا نامەی خۆت و نامەیەکی پێشتریش وا دێتە بەرچاو کە وەک ئەنجام و بۆ هەمیشە، بزۆزی و پەشێوی وازی لێ هێنابێت، ئەمە مێردەکەیشت دەگرێتەوە. هیوادارم هەردووکتان وا بن. لە بیرمە چەند ساڵێک لەمەوبەر، دوانیوەڕۆی یەکشەممەیەک ویستم بەپاڵ دیواری ماڵی **فرانتسنز کفەی**دا تێپەڕم، لەوێدا بە مێردەکەت[6] گەیشتم، باری ژیانی هێند لە من باشتر نەبوو. دوو پسپۆڕ هەریەکە و بە ڕێگەی تەواو جیاواز و تایبەتی بە خۆی،[7] ئیتر دوای ئەوە لە یادم نییە پێکەوە گەڕابین، یان بە لای یەکدا تێپەڕیبێتین. ئەم دوو شتە جیاوازییەکی وایان لە نێوانـدا نییە، بەڵام ئەمە باسێکی کۆنە و پێویستە لە قووڵایی ڕابوردوودا ژێرگڵ خرێت. ئایا قایلیت هەر لە ماڵەوە بمێنیتەوە؟

**لەگەڵ دڵۆڤانترین سوپاسی کافکاتان**

**مران، ئوتتەر مایس، پانسیونی ئوتوبورگ**
**ئەپریل ١٩٢٠**

بارانێک کە بە درێژایی دوو ڕۆژ و شەوێک دایکردبوو، هەر ئێستا وەستا. هەرچەند دەشێت ئەم ڕێکەوتە کەمتەمەن بێت، بەڵام بە هەرحاڵ شایانی ئاهەنگبۆسازکردنە. من ئەم ئاهەنگە بە نامەنووسین

[6] مەبەستی Ernst Pollak (١٨٨٦ – ١٩٤٧)ە کە ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ میلینادا بوونە هاوسەر، بەڵام ژیانی ژنومێردایەتییان خراپ بوو.

[7] ئەرنست پۆلاک پزیشک نەبووە، وەرگێڕەکە نازانێت مەبەستی **کافکا** چییە.

بۆ تۆ دەست پێ دەکەم. بەڕاستی تەنانەت بارانیش قابیلی ئەوەیە بەرگەی بگریت. هەرچۆنێک بێت مرۆڤ لێرە نامۆیە، لە ڕاستیدا نامۆیەکی بچووک و کەم، ئەمە شتێکە دڵت تازە دەکاتەوە. ئەگەر بەڕاستی هەستم کردبێت کە تۆیش (دیداریکی کورت. نیمچەخامۆش، لە حالێکی تەریکیدا کە بێگومان هەرگیز لە یاد ناکرێت) لە ڤیەننا حەزت لەو نامۆبوونە هەیە. هەرچەندە زۆر نابات، ڕەنگە ئەو هەستی نامۆبوونە لەژێر هەلومەرجی گشتیدا تارومار بێت، وەلێ ئایا تۆیش چێژ لەو نامۆییبوونە وەردەگریت کە لە ڤیەننادا هەستی پێ دەکرێت؟ (ڕەنگە لە هەمان کاتدا نیشانەیەکی باش نەبێت و نەبوونی چاکتر بێت لە بوونی).

من ژیانم لێرە زۆر باشە، ئەم لەشە داڵگوشتە لەمە زیاتر توانای ئاگاداری و چاودێریکردنی نییە. بالکۆنی ژوورەکەم بەسەر باخێکدا دەڕوانێت کە گوڵبۆتەکان هەموویان داگیر کردووە و لە کاتی پشکوتندان.

(زۆر سەیرە لێرە سەوزە هەبێت. لە کاتێکدا بەڕاستی سەرمای پراگ گەرداوەکان دەبەستێت، گوڵی بەردەم بالکۆنەکەی من وردەرودە لە پشکوتندان. لە هەمان کاتدا ڕوو لە هەتاو، یان وەک هەفتەی پێشوو کەشوهەوایەکی تەواو هەورییە). مارمێلکە و باڵندە. ئەم دووە ناتەبایە دیدەنیمان دەکەن. زۆرم حەز دەکرد تۆیش لە مران بوویتایە. بۆ دواجار نووسیوتە ناتوانیت هەناسە بدەیت. لەم وتەیەدا وێنە و ماناگەلێک لە یەکترەوە نزیکن و لە مران کەمێک ئەو دوانە ئاسانترن.

لەگەڵ دلۆڤانترین سوپاس
ف. کافکاکەت



Scanned with CamScanner

کەواتە پەیوەندیی بە سیپەلکەوە هەیە. بە درێژایی ڕۆژێکی تەواو من ئەمەم لە بیری خۆمدا هێنا و برد. نەمتوانی بیر لە شتی تر بکەمەوە، نەک لەبەر ئەوەی خودی خۆم گوێم لە زەنگی ترسناکی نەخۆشیی بووبێت. بەپێی ئاماژەکانی خۆت لەوە دەچێت نەخۆشییەکەت بە سووکی گرتبێت، تەنانەت بەپێی ئەزموونی سێ ساڵەی خۆم دەتوانم بڵێم بەڕاستی نەخۆشیی سیل (کەم تا زۆر نیوەی دانیشتوانی ئەورووپای خۆراوا سیپەلاکیان نەخۆشە) ئەم نەخۆشییە بۆ من چاکەی لە خراپەی زیاتر بووە، نەخۆشییەکەی من سێ ساڵ لەمەوبەر لە نیوەشەوێکدا بە لووتپژان دەستی پێ کرد. من وەک بڵێی هەستم بە جوولەی شتێکی ناوەخت کردبێت، یان گوێم لە زەنگێکی مەترسیدار بووبێت لەناو جێگەکەم هەستام (لەباتی ئەوەی وەک پاشتر پزیشک پێی وتم ڕابکشامایە) بەرەو لای پەنجەرەکە چووم، سەرم لە پەنجەرەکە بردە دەرەوە، بەرەو لای دەستشۆرەکە چووم، سەروخواری ژوورەکەم کرد، لەسەر تەختی نوستنەکە دانیشتم و بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر خوێن لە لووتم دەهات، بەڵام هەرگیز لەوە بێواز نەبووم، چونکە زۆر باش دەمزانی کاتێک خوێنەکە دەوەستێت دوای سێ چوار ساڵ بێخەوی، بۆ یەکەمین جار دەنووم. لووتپژانەکەم وەستا (لەوساوە تا ئێستا ئیدی جارێکی تر نەهاتووەتەوە بە لامدا) و من باقی شەوەکە نووستم. بەیانی کارەکەرەکە هاتە ژوورەکەم، من ئەوسا لە (ژۆن بەرن پالیس) ئاپارتمانێکم هەبوو، کارەکەرەکە کچێکی باش و تا ڕادەیەک فیداکار، بەڵام لە ڕادەبەدەر ڕواڵەتبین بوو. کە خوێنەکەی دی وتی: "دوکتۆر تۆ تەمەنت زۆری نەماوە". بەڵام حاڵی من لە هەموو کات چاکتر بوو. چووم بۆ نووسینگە و تا دواینیوەڕۆ بۆ لای پزیشک نەچووم. پاشماوەی ڕووداوەکە هێند بایەخی نییە. دەمویست تەنیا ئەوەت پێ



Scanned with CamScanner

بلێم کە بە ڕای من نەخۆشییەکەت زەنگی ترسناک نییە، بەتایبەتی لەو لایەنەوە کە هەمیشە مـن واز لە بیرکـردنەوە دەهێنم تـا یـادەوەریم بخەمە کار و تا ئەو تازەیی و تەڕوبڕییە گوندییانەیەی لەژێر چرپی نەزاکەت و ژێریدا شاراوەتەوە، ئازادی بکەم. ئەوسا بێ سێ و دوو بلێم: نا تۆ نەخۆش نییت، ئەمە ئاگادارکردنەوەیە، نەک نەخۆشی، بەڵکو بیرۆکەیەکە دوودڵیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. مـن لەم چرکەساتەدا دەمەوێت خۆم لە ئاماژەدان بە هەر شتێک دوور بگرم، شتگەلێکی لە بابەتی: ئاه لەیەک پێی - چاو سێو ڕۆژانە لە ٢ تا ٨ دانە و... من ناتوانم لەمانە تێبگەم، ئەم جۆرە شتانە دەتوانرێت تەنیا بە گفتوگـۆی ڕووبەڕوو تەواو ڕوون بکـرێنەوە، بـۆیە دەمەوێت چاوپۆشی لە م شتانە بکەم و (هەرچەند، ئەم چاوپۆشییە تەنیا لە نامەدا دەکرێت، ئەگینا مرۆڤ ناتوانێت لە بیر خۆیانی بەرێتەوە) بیرۆکەکانیشم تەنیا بەو ئاڕاستەیە بێت، ڕوونکردنەوەی ئەو شتانە بێت کە لەو کاتەدا و لەبارەی نەخۆشیی خۆمەوە ئەزموونم کردوون، ڕوونکردنەوەیەک دەشێت بۆ گەلێک مەبەست ڕاست بێت. ئەوەی ڕووی دا ئەوە بـوو کە ئیدی لە توانـای مێشکدا نەما بەرگەی ئەو پەشێوی و ئازارە بگرێت کە قورسایی لەسەر دانابوو.

مێشک وتی: "من خـۆم بەدەستەوە دەدەم، بەڵام ئەگەر کەسێک پەیوەندیی بە مانەوەی تەواوی منەوە هەیە، دەبێت هەندێک لەو بارە لە کۆڵی من بکاتەوە، بۆ ئەوەی ماوەیەکی تر کاروبارەکە وەک جاران بەرەوپێش بچێت". ئەوسا سیپەلک هەرچەندە ڕەنگە شتێکی وای لەدەست نەچێت، هاتە قسە. ئەم گفتوگۆیە کە بەبێ ئاگاداریی من بە نێوان مێشک و سیپەلکدا دەڕۆشت، دەبێت چەندە ترسناک بووبێت.

ئەی ئێستا تۆ دەتەوێت چی بکەیت؟ ئەگەر کەمێک ئاگاداری بکرێیت، نەخۆشییەکەت شتێکی بچووک و بێبایەخ دەردەچێت، وەلێ ئەوانەی پەیوەندییان بە تۆوە هەیە، دەبێت لەوە بەئاگا بن کە نیازی تۆ لەو کەمە چـاودێریکردنەی خـۆت لەبەر چییـە. هەر شـتێکی دی کە

پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەبێت، دەبێت گرنگییەکەی بخرێتە قۆناغی دووەمەوە. ئایا ناشێت لەم رێگەیەوە تۆ کەمێک دڵنیا بیت؟

وەک پێم وتیت، من نە مەبەستم گاڵتەیە و نە بە ئەندازەی گەردیلەیەک هەست بە شادمانی دەکەم، هەر وایش دەمێنمەوە تا ئەو کاتەی نامەم بۆ دەنووسیت و باس لەوە دەکەیت کە دەتەوێت چۆنچۆنی بۆ لەمەودوا ژیانت تازە و تەندروستتر بەرێ بکەیت. پاش دوا نامەت ئیتر لەو بابەتەوە پرسیاری ئەوەت لێ ناکەم بۆچی ماوەیەک لە **ڤیەننا** دوورناکەویتەوە. من هەنووکە دەرکی ئەم مەبەستە دەکەم، بەڵام دەوروبەری **ڤیەننایش** شوێنی وا جوانی تێدایە و دەرفەتی ئەوەی هەیە چاودێریی تۆی تیا بکرێت. نامەوێت ئەمڕۆ دەربارەی شتی تر بنووسم، لەم مەسەلەیە گرنگتر شتێک نییە من بتوانم قسەی تیا بکەم. هەر باسێکی تر هەبێت، بۆ بەیانی. لەوانە ئەو دەستنووسەی کە کارم تێدەکات و خەجاڵەت دەبم و مایەی خەم و خۆشیمە. من لەو بابەتە سوپاسگوزارم، نا، مەسەلەیەکی تریش بۆ ئەمڕۆ لەئارادایە، ئەگەر بەهۆی وەرگێڕانەوە تەنانەت تۆ تاقە چرکەیەک واز لە خەوی خۆت بهێنیت، لەدواییدا باری نەفرەتی سەرشانی من قورستر دەبێت. لەبەر ئەوەی لە رۆژی داوەریکردندا لێکۆڵینەوەکە زۆر ناخایەنێت، بە سادەیی دەتوانین بڵێین پرسیاری ئەو رۆژە، پرسیارە لەوەی کە رووی داوە: ئەو **(کافکا)** ئەو **(میلینا)**ی لە خەو کردووە. لە داوەریی داهاتووی ئەم مەسەلەیەدا من دەبمە تاوانبار و هەمیشە وا دەبێت، بۆیە هەر کاتێک داوات لێ دەکەم کە ئیدی کاری وەرگێڕان نەکەیت، مانای وایە بەرگری لە خۆم دەکەم.

**فرانتس کافکاکەت**

مران، کۆتایی ئەپریل ۱۹۲۰

خاتوو میلینای ئازیز

حەز دەکەم ئەمڕۆ لەبارەی شتگەلێکی ترەوە بنووسم، بەلام ناتوانم، نەک لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە مەسەلانە بێزارم دەکەن، چونکە ئەگەر وا بوایە شتێکی ترم دەنووسی، بەلام دەبێت لە شوێنێکدا، لە باخێکدا، کورسییەکی سەفەری کە نیوەی لە سێبەردا بێت، بۆت فەراهەم بهێنرێت و دە دانە پەرداخ شیر لە بەردەستتدا بێت. ئەم شتە، بەتایبەتی ئێستا لە هاوینی ڤیەننایشدا دەشێت بەدەست بهێنرێت. بێ برسیەتی و نارەحەتی، ئایا ئەمە دەلوێت؟ ئایا کەسێک نییە ئەمە بڕەخسێنێت؟ ئەی دوکتۆرەکە چی دەڵێت؟

کاتێک وەرگێڕانەکەتم لە زەرفە پۆستکراوە گەورەکە دەرهێنا، تا ڕادەیەک نائومێد بووم. ئەوەی من خوازیاری بیستنی بووم هەواڵی تۆ بوو، نەک ئەو دەنگە لە ڕادەبەدەر ناسراوەی لە قووڵایی ئەو گۆڕە کۆنەوە[8] دەهات. بۆ ئەم وەرگێڕانە کەوتووەتە بەینمانەوە؟ پاشان وام بەخەیاڵدا هات کە خودی ئەم وەرگێڕانە ڕۆڵی ناوبژیکەری لە نێوان من و تۆدا بینیوە. بێجگە لەمە من بڕوام نەدەکرد تۆ زەحمەتێکی وا گەورە بدەیتە بەرخۆت، من لە هەموو ئەو وەفاداری و دەستپاکییەی تۆ نیشانتداوە بە قووڵی شەمزاوم. ڕستەبەڕستە، دەستپاکییەکە بەو ڕادەیەیە کە من لە زمانی **چیکی**دا بە مەحاڵی دەزانم، وەک خەسڵەتی جوانییە سروشتییەکەی تۆ لەگەڵ کارێکی وا سەختدا. ئایا زمانی **چیک** و **ئەڵمان** تا ئەم ڕادەیە لە یەکەوە نزیکن؟ با بڵێین وایە، هەرچۆنێک بێت ئەو دەستنووسە چیرۆکێکی زۆر لاوازە. خاتوو **میلینای** ئازیز، من دەتوانم دێربەدێڕ و زۆر بە ئاسانی ئەم ڕاستییەت بۆ بسەلمێنم،

---

[8] میلینا وەرگێڕانی چیرۆکی "تونچی" بە زمانی **چیکی** بۆ **کافکا** دەنێرێت بۆ ئەوەی لە باری سەرنجی ئاگادار بێت، مەبەستی لە وەرگێڕان و ئەو دەنگە لە ڕادەبەدەر ئاشنا لە قووڵایی ئەو گۆڕە کۆنەوە" ئەو مەسەلەیەیە.



Scanned with CamScanner

ئەگەرچی لەبارەی ئەم کارەوە من ئەوەندەی پێم ناخۆشە بەڵگەی بۆ بهێنمەوە لەوە زیاتر ڕقیشم لێیەتی. هەڵبەتە ئەو ڕاستییەی کە تۆ چیرۆکەکەی منت خۆش دەوێت بەهایەکی پێ دەبەخشێت، بەڵام ئەمە وێنای دنیا لە بەرچاومدا لێڵ دەکات، ئیتر لەم بارەیەوە ئەمە بەسە. تۆ چیرۆکی "پزیشکی گوند" لە فۆلف وەردەگریت، من نامەم بۆ نووسیوە، دڵنیا بە من زمانی چیکی دەزانم، زۆر جار ویستوومە لێت بپرسم بۆچی هیچ کاتێک بە زمانی چیکی نانووسیت، مەبەستم ئەوە نییە نکوولی لەوە بکەم کە تۆ بەسەر زمانی ئەڵمانیدا زاڵ نییت، تۆ زۆر کات لە زمانی ئەڵمانیدا باڵادەستیت، سەرسووڕهێنەر و بە چاکی دەیزانیت و هەندێک جاریش وا نییە. زمانی ئەڵمانی لە بەرانبەر تۆدا بە ویستی خۆی سەری کڕنووشت بۆ دادەنەوێنێت. ئەمە بەتایبەتی مایەی دڵنیاییە، چونکە شتێکە تەنانەت ئەڵمانییەکیش پێی ناوێرێت و چاوەڕێی بەدەستەوەهاتنێکی وا لە زمانەکەی خۆی ناکات. ئەڵمانیزمان ناوێرێ تا ئەو ڕادەیە تایبەتمەندیی زمانەکەی خۆی بپارێزێت، بەڵام من دەمویست تۆ بە زمانی چیکی قسە بکەیت، چونکە زمانی چیکی بەشێکە لە بوونی تۆ، لەبەر ئەوەی لەوێ، تۆ، میلینای بە هەموو بوونتەوە (وەرگێڕانەکەت ئەم قسانەم دەسەلمێنێت) لە کاتێکدا کە لێرە، تۆ میلینای خەڵکی ڤیەننایت، یان میلینایەکیت کە خۆت بۆ ڤیەننا تەرخان دەکەیت، بۆیە تکات لێ دەکەم بە زمانی چیکی بنووسیت. ئەو نووسینە پەراوێزانەی کە نووسیوتن و ئاماژەت پێ داون، بۆم بنێرە. هەرچەندە بێنرخ و لەبیرکراویش بن. تۆیش ڕێگەی خۆتت لە ڕێی چیرۆکە بێنرخەکانی منەوە کردووەتەوە، تاکەی؟ نازانم، ڕەنگە منیش لای خۆمەوە بتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، ئەگەر وا نەبێت ناچارم بە هەمان دەمارگیریی هەمیشەییەوە باوەش بە شتە کۆنەکانمدا بکەم.

لەبارەی دەزگیرانداریییەوە پرسیارت لێ کردبووم، من تا ئێستا دوو جار (دەشێ بڵێین سێ جار، دوو جاریان لەگەڵ یەک کچدا بوو) بووم بە دەزگیران، بۆیە تا ئێستا سێ جار کە چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ



Scanned with CamScanner

زەماوەندەکەم، خۆم لە (داو)ی هاوسەرگیری ڕزگار کردووە.[٩] دەربارەی یەکەم ئێستا بە تەواوی کۆتایی پێ هاتووە (بیستوومە دەزگیرانی یەکەمم شووی کردووە و کوڕێکی چکۆلەیشی هەیە) دووەمیان هێشتا ماوە و بە توانای خۆی ماوەتەوە، بەلام بێ هیچ ڕوانینێکی ئایندە، بەو مانایەی لە کاردا نەماوە و تا ڕادەیەک بەپاڵ ئینسانەکاندا بەردەوامی بە ژیانی سەربەخۆی خۆی دەدات. لەم لایەنە و لایەنی دیکەوە من لەوە گەیشتووم بەگشتی پیاو بەرگەی ڕەنج و ئازاری زیاتر دەگرن، یان ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەیەکی ترەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، ئەوا پیاو کەمتر بەرەنگاری بۆ دەکرێت، بەلام ژن هەمیشە پاکیزانە ئازاردەکێشن. ئەمە مانای وا نییە کە ئەوانیش سووچیان نییە، چونکە (ناتوانن هیچ لەوبارەیەوە بکەن) کە ئەمیش جارێکی تر سەرئەنجام بە (بێسووچی) ئەوان دەشکێتەوە. وەلێ بیرکردنەوە لەم مەسەلانە بێسوودە. لەوە دەچێت کەسێک بیەوێت لەنێو ئەو هەموو مەنجەڵە بەکوڵانەی دۆزەخدا تەنیا یەکێکیان بشکێنێت: یەکەم هەوڵی ئەو کەسە هیچ کاریگەرییەکی نییە. دووەم ئەگەر کاریگەرییشی هەبێت بەو شتانەی لەناو مەنجەڵە داخەکانەوە دێنە دەرێ دەسووتێت و دەمرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە دۆزەخ بە هەموو هەژموون و هەیبەتیەوە بەردەوامی بە بوونی خۆی دەدات، پێویستە مرۆڤ کاری تر بکات.

بە هەرحاڵ وەک دەستپێک لە باخێکدا بحەسێرەوە، لەناو دڵی نەخۆشییەوە، بەتایبەتی کە نەخۆشییەکی ڕاستەقینە نەبێت، تا دەتوانیت خۆشی و چێژی زیاتر وەربگرە. شادمانییەکی زۆر لەوەدا هەیە.

**فرانتس کافکاکەت**

---

[٩] لێرەدا **کافکا** باس لە دوو جار دەزگیرانداریی خۆی دەکات لەگەڵ کچێکی بەرلینی‌دا بە ناوی **فلیس باوەر** felice bauer یەکەم جار لە کۆتایی مەیی ١٩١٤دا، دووەم جار لە سەرەتای ژوئنی ١٩١٧دا. هەردوو جارەکە پەیمانی دەزگیرانییەکە یەکلایەنە لە لایەن **کافکا**وە هەڵوەشێنراوەتەوە، بەلام دەزگیرانی سێیەمی **کافکا** لە پاییزی ١٩١٩دا لەگەڵ کچێکی پراگی‌دا بوو بە ناوی **ژۆلی ووریزک** Julie wohryzek، **کافکا** ئەوەیشی هەڵوەشاندەوە.

مران، ئەپریل و مەی ۱۹۲۰

خاتوو میلینای ئازیز. پێش هەر شتێک داوات لێ ناکەم لە توێی دێڕەکانی ئەم نامەیەدا بۆ شتێکی قووڵتر بگەڕێیت. بەم مەرجەوە ئەم نامەیە بخوێنەرەوە. نزیکەی چواردە ڕۆژە بەردەوام ئازاری بێخەوی دەچێژم. لە ڕاستیدا من ئەم بێخەوییە زۆر بە جیددی وەرناگرم: ئەم ماوەی بێخەوییە دێت و دەڕوات و هەمیشە هۆکارەکانی زیاد لە هۆکارە ڕاستەقینەکانن. سەیر ئەوەیە (کارل بادکار) ئەمە بە هۆکاری کەشوهەوای مران دادەنێت. ئەم هۆکارانە کە زەحمەتە دیاری بکرێن، هەرچییەکن، با هەبن، بەڵام بەرئەنجامیان وایە کە مرۆڤ وەک کۆتەرەدارێکی قورس و بێجووڵە، لە هەمان کاتیشدا وەک ئاژەڵێکی لێ بەسەر دێت کە لەناو لانەکەیدا ئۆقرە نەگرێت و ئارامی لێ هەڵگیرابێت. وەلێ لە لایەنێکی ترەوە من شاد و قایلم، تۆ بە ئارامی نوستوویت و سەیرە کە دوێنێ سەرەڕای بێزارییەکەت، هێشتا ئاسوودە خەوتوویت. کە شەوانە خەو بە لامدا تێدەپەڕێ و گوێم پێ نادات، ئیدی دەزانم بە کوێدا دەڕوات و من ئاشنای ئەو ڕێگەیەم و خۆم بەدەستییەوە دەدەم. بە هەرحاڵ ململانێکردن لەگەڵ خەو کارێکی گەوجانەیە. نوستوو پاکژترین بوونەوەرە و مرۆڤی بێخەو گوناهبارترین کەسە. تۆ لە دوا نامەتدا سوپاسی ئەو مرۆڤە بێخەوەت کردووە. ئەگەر کەسێکی نەناس و بێئاگا لە مەسەلەکان، بیخوێنێتەوە، بێگومان وا بیر دەکاتەوە کە "ئەمە چ جۆرە مرۆڤێکە، بەم حاڵەوە وا پێدەچێت کەژەوانیی کردبێت" لە ڕاستیدا ئەو چ کارێکی ئەنجام نەداوە، تەنانەت پەنجەیەکی نەجووڵاندووە (مەگەر بۆ نووسین) خواردنی شیرە و خۆراکی باشە، بێ ئەوەی هەمیشە لە بەردەمیدا سێو و چا ببینێت (ئەگەرچی زۆر جار دەیبینێت) بێجگە لەوە داویەتە دەست ڕێکەوت، چی دەبێ با ببێ و چیاکان هەر لەو شوێنەدان کە بوون. ئایا چیرۆکی یەکەمین سەرکەوتنی دۆستۆیفسکی دەزانیت؟



Scanned with CamScanner

ڕووداوێکە دەتوانێت بەسەر گەلێک کاری تردا بیگشتێنێت. من ئەم ناوە گەورەیە هەر بۆ خۆشی باس دەکەم، ئەگینا لە مەیدانی کاردا، لەوانەیە بەسەرهاتێک کە لە دراوسێیەتیی تۆ، یان تەنانەت لەوە نزیکتر ڕوودەدات هەمان مانا بگەیەنێت، هەروەها من ڕووداوەکە و بەتایبەتی ناوی کارەکتەرەکانی زۆر بە لێڵی دەزانم. **دۆستۆیڤسکی** کاتێک سەرقاڵی نووسینی چیرۆکی (**خەڵکانی هەژار**) بوو، لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ ئەدەبدۆستەکانیدا بە ناوی **گریگۆریێ** دەژیا. هەرچەندە چەند مانگێک بوو **گریگۆریێ** نووسینی زۆری ئەوی لەسەر مێزەکە دەبینی، بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەستنووسەکەی وەرگرت کە چیرۆکەکە کۆتایی هاتبوو. کە چیرۆکەکەی خوێندەوە شاگەشکە بوو. بێ ئەوەی بە **دۆستۆیڤسکی** بڵێت، بردی بۆ لای ڕەخنەگری بەناوبانگ **نیکراسۆ**. سەعات سێی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوایی زەنگیماڵەکەی **دۆستۆیڤسکی** لێ دەدات "**گریگۆریێ** و **نیکراسو**" هەردووکیان بە پرتاو بۆ ناو ژوورەکە دێن، **دۆستۆیڤسکی** لە ئامێز دەگرن و ماچی دەکەن. **نیکراسو** کە یەکەمجاریەتی **دۆستۆیڤسکی** دەبینێت، بە ئومێدی ڕووسیای ناوزەد دەکات. ئەوان یەک دوو سەعات زیاتر بە باسی چیرۆکەکەوە بەسەر دەبەن و لە بەرەبەیاندا ماڵئاوایی لێ دەکەن و دەڕۆن. هەمیشە **دۆستۆیڤسکی** ئەو شەوەی بە بەختەوەرترین شەوی ژیانی خۆی داناوە کە بەسەر پەنجەرەکەدا دەچەمێتەوە و لەدواوە تەماشای ئەو دوانە دەکات، لە کاتێکدا کە تەواو لە خۆی بێئاگایە، دەست بە گریان دەکات. هەستی قووڵی ئەو لەو شەوەدا، وەک خۆی باسی کردووە -نازانم لە کوێدا- بەم شێوەیە: "چ مرۆڤگەلێکی جوامێر، ئەم مرۆڤانە چەندە شەریف و خانەدان و من چەندە نزم و عەوامم. گەر بیانتوانیایە ناخی من بخوێننەوە، ئەگەر پێم بوتنایە کە من کێم، ئایا بڕوایان پێ دەکردم؟" ئەوەی کە پاشان **دۆستۆیڤسکی** کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا، تەنیا خوێنی چێشتە و ئیتر پەیوەندیی بە چیرۆکەکەی منەوە نییە کە لە تەواوبووندایە.



Scanned with CamScanner

خاتوو میلینای ئازیز، ئایا تۆ ئەو نهێنییەی لەم چیرۆکەدایە و توانای تێگەیشتنی ئێمە ناتوانێت بەدەستی بهێنێت، دەبینیت؟ بە بڕوای من نهێنییە شاراوەکە لەم چیرۆکەدا ئەمەیە. ئەگەر مرۆڤ بە دیدێکی گشتی و هەمەلایەنەوە بتوانێت تەماشای مەسەلەکە بکات گریگۆریێ و نیکراسو لە دۆستۆیفسکی بە شەریفتر دانانێت، بەلام ئەگەر ئەم ڕوانین و بۆچوونە (کە لەو شەوەدا دۆستۆیفسکی‌یش حەزی پێ نەبووە و بێجگە لەوە یەک نموونەیەیش بەشی سەلماندنی ناکات) ئەگەر واز لەو ڕوانینە هەمەلایەنە بێنیت و تەنیا گوێ لە دۆستۆیفسکی بگریت کە چیی وتووە، لەم حاڵەتەدا ناچاریت گریگۆریێ و نیکراسو بە جوامێر دابنێیت و دۆستۆیفسکی بە سووک و ڕسوا لە قەڵەم بدەیت کە هەڵبەت هەرگیز بە تۆزی پێشیاندا ناگات، چ جای ئەوەی بتوانێت وەلامی ئەو ڕێز و میهرەبانییە گەورەیە بداتەوە، کە ئەو شەوە ئەوان خەلاتیان کرد و ئەو شیاوی نەبوو. دەتوانیت لە پەنجەرەوە ئەو دوو مرۆڤە خانەدانە ببینیت کە لە دوورەوە ون دەبن و بەم شێوەیە ئەوە دەردەخەن کە مەحاڵە کەس پێیان بگات. بەداخەوە ناوی گەورەی دۆستۆیفسکی سێبەری خستووەتە سەر مانای ئەم ڕووداوە. چاوت لێیە بێخەوی بەرەو کوێی بردووم؟ بێگومان بەرەو هیچ، یانی بۆ ئەو جێگەیەی کە ئیدی ناتوانیت بە چاکی مەبەستەکەت بگەیەنیت.

**فرانتز کافکاکەت**

**مران مەی ۱۹۲۰**

خاتوو میلینای ئازیز: چەند قسەیەک بە کورتی، لەوانەیە بەیانی دیسانەوە نامە بنووسم. ئەمڕۆ تەنیا لەبەر خۆم دەینووسم، تەنیا بۆ ئەوەی کارێکم بۆ خۆم ئەنجام دابێت. تەنیا بۆ ئەوەی کەمێک لە کاریگەریی نامەکەت لەسەر خۆم کەم بکەمەوە، ئەگینا ئەو کاریگەرییە

شەوورۆژ لە کۆڵم نابێتەوە. تۆ زۆر شتێکی سەیریت **میلینا** خانم. لەوێ، لە **ڤیەننا** دەژییت، ناچاریت بەرگەی ناخۆشی بگریت و لە هەمان کاتدا ئەمەندە کات بۆ خۆت پەیدا دەکەیت، تا یەکێکی تر، بەتایبەتی با بڵێین من کە حاڵی چاک نییە و هەموو شەوێکی لە شەوی رابوردوو خراپتر دەنوێت، ببێتە جێی سەرسوورمانت. من لێرە سێ خوشکی هاوڕێم هەن (گەورەکەیان تەمەنی پێنج ساڵانە) ئەمان لەم ڕووەوە بۆچوونی ماقووڵتریان هەیە. ئەمان بۆ بچووکترین دەرفەت دەگەڕێن لە ئاوم نێن. گرنگ نییە لەو نزیکانە ڕووبار هەبێت، یان نا. هەڵبەت ئەم کارەی ئەوان بە هیچ جۆرێک لەبەر ئەوە نییە کە من زیانێکم بەوان گەیاندبێت. ئەگەر گەورەکان بەم شێوەیە هەڕەشە لە منداڵ بکەن، ئەوا کارەکەیان لای منداڵان بە گاڵتە و خۆشی دەشکێتەوە. پوختەی مەبەستی ئەوان ئەوەیە کە "ئەمە تەنیا گاڵتەیەکە، خراپ نییە هەندێک جار قسە دەربارەی شتی مەحاڵ بکەین". بەڵام منداڵ جیددین و ئاگاداری مەحاڵ نین. ئەگەر دە جار لە خستنی شتێک سەرکەوتوو نەبن، گوێ بەوە نادەن کە جارێکی تریش هەوڵەکەیان بێئەنجام دەبێت. لە ڕاستیدا ئەوان هەرگیز ئەوە بە هەند وەرناگرن کە پێشتر دە جار کارەکەیان بێئەنجام بووە. ئەگەر لە ڕوانگەی زانینی بەتەمەنەکانەوە لە گوفتار و مەبەستی منداڵان بڕوانین، ئەوا منداڵ بوونەوەرێکی سەیر و نائاسایی دێنە بەرچاو. کاتێک منداڵێکی چوار ساڵان (کە وا دەردەکەوێت تەنیا بۆ ئەوە بژی لە باوەشی بگرن و ماچی بکەن —هەرچەندە ئەمە بۆ ورچۆکەیەکیش زۆرە و تا ڕادەیەک هێشتا ورگە زلەکەی قۆناغی زاینی ماوە-) پەلاماری کەسێک دەدات و دوو خوشکەکەیشی لە چەپ و ڕاست و پێشەوە یارمەتیی دەدەن و لەپشت سەری تۆیشەوە هیچ شتێک نییە، بێجگە لە محاجەرەیەک و باوک و دایکێکی میهرەبان، جوان و گۆشتن کە بێ مەبەستی کۆمەککردن لەپاڵ گالیسکەی چوارساڵەی منداڵەکەیاندا لە دوورەوە لەم دیمەنە دەڕوانن و پێدەکەنن. تۆ لە کاتی

وادا ئیدی چەک کراویت و زەحمەتە بتوانیت بڵێیت چۆن لەدەستیان ڕزگارت بووە. منداڵە ئاقڵەکان، یان خەیالاوییەکان بێ هیچ پاساوێکی تایبەتی هەوڵی ئەوەیان دا سەرنگونم بکەن. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من لە ڕوانگەی ئەوانەوە بوونەوەرێکی زیادم و لەوانەیە ئەوان لە نامەی نێوان من و تۆیش بێئاگا بن.

مران - مەی - ١٩٢٠

نابێت ڕستەی (ئیدی لە توانادا نییە بە چاکی مەبەستی خۆت دەرببڕیت) کە لە دوانامەمدا نووسیومە بێزارت بکات. ئەم وتەیە لە کاتێک لە کاتەکانی تەواو بێخەویدا وتراوە. ئەو کاتانەی زۆریش دەگمەن نین. خەریکبوو چیرۆکەکەم تەواو دەکرد. لە کاتی نووسینی ئەم چیرۆکەدا زۆر جار بیرکردنەوە لە تۆ ئەوکی دەگرتم. کە چیرۆکەکەم بەرەو کۆتایی دەچوو، لاجانگی چەپ و ڕاستم لە کێشمەکێشێکدا بوون، بەڕاستی چاک لە بیرم نییە کە بۆچی ئەو ڕستەیەم نووسیوە. بێ لەوە لەسەر کورسییە سەفەرییەکەدا کۆمەڵێک چەمکی فۆرمەلەنەکراوم لە مێشکدا بوو دەمویست لە دەرەوە، لەگەڵ تۆدا باسیان بکەم، بۆیە لەوێ کە نەمدەتوانی کارەکە بکەم، نەیشم توانی ڕووبەڕووی ئەو هەستە قووڵەی خۆم ببمەوە، تەنانەت ئێستایش لەوە زیاتر ناتوانم بکەم.

تۆ هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەکانی منت هەیە، بێجگە لە دوا کتێبم (**پزیشکی لادێ**) ئەم کتێبە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە کە **فۆلف** بۆت دەنێرێت، من هەفتەیەک لەمەوبەر نامەیەکم لەو بارەیەوە بۆ ناردووە. هیچ لەژێر چاپدا نییە. چی حەز لێ دەکەیت بە کتێب و وەرگێڕانەکانی بکە. هەر کارێک لەو لایەنەوە بکەیت، پەسەندە. جێی داخە لە دیدی منەوە ئەم بەرهەمانە هێند بەهادار نین تا دەستنیشانکردنیان لە لایەن



Scanned with CamScanner

منەوە بەڕاستیی بتوانێت بە مانای متمانەی من بێت بە تۆ. لە لایەکی ترەوە دڵخۆش دەبم ئەگەر بتوانم چەند وشەیەکی بچووک لەبارەی چیرۆکی (تونچی)یەوە بڵێم کە تۆ حەز بە زانینی دەکەیت. مرۆڤێک بیەوێت بە بەرچاوڕوونییەوە ژیانی بەسەر بکاتەوە و پیایدا بچێتەوە، ئەمە خولیایەکە دەبێت سزای دۆزەخی بۆ بچێژێت. خراپترینی ئەو پێداچوونەوەیە هۆشیاریی نییە بە کارە خراپەکان کە بە ئاشکرا کراون، بەڵکو هوشیارییە بەو کردارانەی کە لە قۆناغێکدا بە چاکمان زانیون.

هەرچۆنێک بێت نووسین بۆ حاڵی مرۆڤ کارێکی چاکە. من ئێستا لە دوو سەعات لەمەوبەر، ئەو کاتەی لە باڵکۆنەکەدا و لەسەر کورسییە سەفەرییەکەم دانیشتبووم و نامەکەی تۆم بە دەستەوە بوو، هێورترم. کە لەوێ پاڵکەوتبووم، لە بەردەممدا و بە دووریی هەنگاوێک قالۆنچەیەک بەپشتدا کەوتبوو، نائومێد بوو. توانای هەستانەوەی نەبوو، حەزم کرد کۆمەکی بکەم، ئەمە کارێکی زۆر ئاسان بوو، بە هەنگاوێک و پەلەپیتکەیەکی سووک کارەکە دەکرا، بەڵام نامەکەی تۆ ئەوەی لە بیر بردمەوە و ئیتر نەمتوانی هەستم. تەنیا مارمێلکەیەک دووبارە منی لە ژیانی دەوروبەرم بەئاگا هێنایەوە. مارمێلکەکە ڕێک بەو شوێنەدا تێدەپەڕی کە پێشتر قالۆنچەکەی تیا کەوتبوو. من بە خۆمم وت ئەم دیمەنە ڕێکەوت نییە، بەڵکو حاڵەتی گیانەڵا و شانۆی تەماشاکردنی مەرگی سروشتیی گیاندارێکە، بەڵام کە مارمێلکەکە بەسەر قالۆنچەکەدا خزا، قالۆنچەکە، لەسەر نخوونییەوە هەڵگەڕایەوە و ئاسایی کەوتەوە سەر دەم. لەگەڵ ئەوەیشدا قالۆنچەکە کە ماوەیەک هەروەک مردوو، بێجووڵە بوو. لەپڕێکدا بە جۆرێک بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا، وەک هیچ ڕووی نەدابێت وا بوو. ئەم ڕووداوە تا ڕادەیەک دووبارە هێزی تێکەڕاندمەوە. هەستام. کەمێک شیرم خوارد و نامەیەکیشم بۆ تۆ نووسی.

فرانتز کافکاکەت



Scanned with CamScanner

لەبارەی لێکدانەوەکەوە[10] ئەوە بهێڵەرەوە بۆ بەیانی، پێدەچێت کورت و پوخت بێت و هیچی وای نەوێت. وەرگێرانەکەی تۆ لای من زۆر ڕوون و دروستە (کاتێک سەرچاوەی ئەم دادوەرییە شەخسی خۆم بم) دروستی و دەستپاکیی وەرگێرانەکەت مایەی سەرسوورمانە. ئەستەمە بەدحاڵیبوونێکی تیا بەدی بکەیت. ئەگەر تا ئەم ڕادەیەش نەبێت، بەردەوام دەرکێکی بەهێز و لێبڕاوانەیە. تاقە شتێک کە من نەیزانم ئەوەیە کە ئایا چیکییەکان، لەبەر ئەو دەستپاکییە، مەبەستم ئەو شتەیە کە من پێش هەر شتێکی دی (لە وەرگێراندا) پەسەندی دەکەم (نەک تەنیا لەبەر خاتری کتێبەکەی خۆم، بەڵکو ئەوە بڕوای شەخسیی منە) سەرکۆنەت ناکەن. هەستی من بەرانبەر بە زمانی چیکی —لەم لایەنەیشەوە خاوەن هەستم— زۆر لێبوردانەیە، بەڵام زۆر زۆریش لایەنگرانەیە، بە هەرحاڵ ئەگەر لەم ڕووەوە یەکێک سەرزەنشتی کردی، هەوڵ بدە ڕەنج و ماندووبوونەکەت بە ئەمەکناسیی من ئارام بکەیتەوە.

مران، مەی ١٩٢٠

## خاتوو میلینای ئازیز

(خەریکە ئەم شێوە قسەکردنەی نێوان من و تۆ دەبێزرێت، بەڵام بۆ ئەم دنیا نائەمینە بیانوویەکە نەخۆش دەستی بۆ دەبات، ئەگەرچی بیانووەکە هەندێک جار بێزارکەریش بێت، بەڵام شیفابەخش نییە) من هیچ کاتێک لەگەڵ ئەڵمانیدا نەژیاوم، ئەڵمانی زمانی دایکمە،[11] بۆیە بۆ من کارێکی سروشتییە، بەڵام زمانی چیک لە دیدی مندا زمانی

---

[10] مەبەست لێکدانەوەی چەند مەبەستێکە کە میلینا لەسەر ڕۆمانی (کۆشک) لە کافکای کردووە.

[11] مەبەستی کافکا لە زمانی دایک ئەوەیە کە دایکی کافکا زیاتر بە زمانی ئەڵمانی دواوە و باوکی زیاتر بە زمانی چیکی.



Scanned with CamScanner

رازەکانی دڵە. هەر لەبەر ئەوەیشە کە نامەی تۆ چەندە لە یەقین دوورم بخاتەوە، بەو رادەیە روون و ئاشکراتر تۆ دەبینم. جووڵەی لەشت، دەستت، هێند گورجوگۆڵ، هێند راشکاو. ئەم نامەیە، تا رادەیەک دیداریکە. هەرچەندە کە دەمەوێت بۆ بینینی رووت چاو هەڵبرم، پاشان چاو و دڵم بدەمە دەست نامەکە -رووداوێکی سەرسامکەرە- ئاگر هەڵدەگیرسێ و من جگە لە ئاگر، چیدی نابینم.

ئەم رووداوە مرۆڤ هەڵدەنێت بڕوا بەو یاسایە بکات کە تۆ بۆ ژیانی خۆت داناوە، ئەوەی لە بابەت یاساکەوەیە خۆت ددانی پیا دەنێیت کە ناتەوێت لەژێر سایەیدا جێگەی بەزەییپیاهاتنەوە بیت، کارێکی زۆر سروشتییە، چونکە خودی یاسا بێجگە لە لووتبەرزی و خۆپەسەندی، چیی تر نییە. لە لایەکی دیکەوە ئەو بەڵگانەی تۆ بۆ یاسات هێناون، پێویستی بە چەندوچوونی زیاتر نییە. تاقە کارێک کە بکرێت دەستماچکردنی تۆیە. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە منەوە هەبێت، من بڕوام بە یاساکەی تۆ هەیە. هەرچەندە ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە ئەم یاسایە، بەم ستەمکاری و تەڵبژێرە ئاشکرایەیەوە بۆ هەمیشە ببێتە بار بەسەر ژیانی تۆوە، با بڵێین ئەمە مەسەلەی زانین بێت، تەنیا زانینی رێگەیە و رێگەکەیش بێکۆتایە.

بەڵام ئەمانە هەمووی بە لایەک، بۆ تێگەیشتن لە توانا سنووردارەکەی مرۆڤ، بینینی تۆ لە دۆخێکی هێند ناخۆشدا کە ژیانی تیا بەسەر دەبەیت، کارێکی سامناک و تۆقێنەرە. من لەم چرکەساتەدا تەنیا قسە لەسەر خۆم دەکەم، ئەگەر ئێمە تەواوی بەسەرهاتەکە وەک ئەرکێکی قوتابخانە تەماشا بکەین، ئەوا تۆ لە بەرانبەر مندا سێ ئەگەرت لە بەردەمدایە. لەم لایەنەوە کە تۆ دەتتوانی هیچ باسی خۆتم بۆ نەکەیت، بەڵام لەم حاڵەتەدا لە خۆشیی ناسینی تۆ، تەنانەت لەمەیش گرنگتر لە خۆشیی چێژوەرگرتن لە تاقیکردنەوەی خۆم لە رێگەی ئەم ئاشنایەتییەوە، لەو شادییە بێبەش دەبووم، لەبەر ئەمەیشە تۆ نەتتوانیوە من لە هاودەمیی خۆت بێبەش بکەیت.



Scanned with CamScanner

ئەگەرێکی تر ئەوەیە کە تۆ دەتتوانی شتگەلێک لە من وەشاریت، یان ڕواڵەتپۆشیان بکەیت، کە تا ئێستایش ئەم ئەگەرە لە ڕووتاندا کراوەیە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بە جۆرێکە کە من ئەم شاردنەوەیە، تەنانەت ئەگەر ئاماژەیشی پێ نەدەم، هەر هەستی پێ دەکەم، ئەمەیش ئازارەکەی دوو هێندەیە، کەواتە ئەمەیشت پێ ناکرێت. ئەمێنێتەوە ئەگەری سێیەم: واتا کەمێک هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی خۆت. ئاسەواری ئەم تۆزە تەقەلایە لە نامەکانتدا دیارە. زۆر جار لە نامەکانتدا ئارامی و ئاسوودەییم خوێندووەتەوە، ئەگەرچی تازە دەربارەی شتی تر دەخوێنمەوە و سەرئەنجام تەنانەت دەربارەی "Reelni hruza"[١٢].

ئەوەی تۆ لەبارەی تەندروستیتەوە باسی دەکەیت (من تەندروستیم باشە، تەنیا لە هەوای کوێستاندا خەوم خراپە) من قایل ناکات. تێگەیشتنەکەی پزیشک بە ناتەواو دەزانم، یان باشتری بڵێم تێگەیشتنەکەی پزیشک نە بە باش دەزانم، نە بە خراپ. تەنیا کاردانەوەی تۆ ئەوە دیاری دەکات کە تێگەیشتنەکەی پزیشک دەبێت چۆن لێک بدرێتەوە. بێ دوو دڵی پزیشکەکان گەمژەن، یان با بڵێین لە خەڵکی دی گەمژەتر نین، بەڵام خۆنواندن و ڕواڵەتسازییەکەیان جێی پێکەنینە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کاتێک کەسێک بکەوێتە ژێر دەستیان پزیشکەکان لە جاران گێلتر دەبن. لەم حاڵەتەدا ئەوەی ئەوان لە تۆیان دەوێت، نە ئەوەندە گەمژانە و نە ئەوەندە مەحاڵە، مەحاڵ ئەوەیە تۆ بەڕاستی نەخۆش بکەویت و ئەم مەحاڵە هەر بە مەحاڵی بمێنێتەوە. بڕوانە، لەوەتەی قسەت لەگەڵ پزیشکدا کردووە، ژیانت چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. پرسی سەرەکی ئەمەیانە.

ئەو پرسیارانەی تر کە دەمێننەوە لە پرسگەلێکی بێبایەخ زیاتر، هیچی تر نین، بێگومان ڕێگەم دەدەیت ئەو پرسیارانەت لێ بکەم. بۆچی و لە کەیەوە تۆ پارەت نییە؟ وەک خۆت دەڵێیت بۆ سەردەمێک ئەو هەموو

---

[١٢] بە زمانی چیکی واتا "ترسی ڕاستەقینە".



Scanned with CamScanner

کەسانەت لە ڤیەننا دیون و ئێستا کەس نابینیت؟ تۆ ناتەوێت ژێرنووسەکانی خۆتم بۆ بنێریت، چونکە لەوە دڵنیا نییت بتوانم بە هۆیانەوە وێنایەکی شایستەی تۆ لە زەینی خۆمدا دروست بکەم. زۆر باشە، بەڵام لەم لایەنەوە من لێت تووڕە دەبم و نابێت تووڕەییەکەم وەک کارەسات لێ وەربگریت، چونکە بۆ هاوسەنگیکردن خراپ نییە ئەگەر لە سووچێکی دڵمدا کەمێک تووڕەیی پاشەکەوت بکەم.

**فرانتس کافکاکەت**

**مران، ٤ی ژونی ١٩٢٠ - هەینی**

پێش هەر شتێک، میلینا، ئەو ئاپارتمانەی ڕۆژی یەکشەممە دەربارەی نووسیبووت، شێوەی چۆنە؟ گەورە و خاڵییە؟ ئایا تۆ تەنیایت؟ شەووڕۆژ؟ بەڕاستی ئەمە مایەی خەم و ناخۆشییە کە تۆ لەوێ لە یەکشەممواندێکی قەشەنگدا، بە تەنیا بەرانبەر "کەسێکی نەناس" دابنیشیت کە سەروچاوی لە لاپەڕەی لەسەر نووسراو دەچێت. من زۆر چاکترم، هەرچەندە ژوورەکەی من بچووکە، بەڵام میلینای ڕاستەقینە کە ڕۆژانی یەکشەممەوان بە ئاشکرا لە ئێوە هەڵدێت، لێرە لای منە. باوەڕم پێ بکە ژیان لەگەڵیدا گەلێک خۆشە.
سکاڵات لە بێهوودەیی کردووە. ڕۆژانی پێشوو جیاواز بوو، ڕۆژانی تریش هەر جیاوازییان دەبێت، ڕستەیەک (نازانم هی کێیە) تۆی شڵەژاندووە، بەڵام تێکڕا ئەم ڕستەیە گەلێک ڕوون و ئاشکرایە، پێشتریش زۆر جار بە هەمان مانا ڕستەی دی وتراوە و بیری لێ کراوەتەوە، کەواتە ڕاستییەک لەو بارەیەوە هەیە، کاتێک مرۆڤ بەدەست شەیتانەکانی خۆیەوە مەینەتی و ئازار دەچێژێت، بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، کوێرانە تۆڵە لە هاوڕەگەزەکانی خۆی دەکاتەوە.



Scanned with CamScanner

له هەڵویستێکی لەم بابەتەدا تۆ دەتەوێت بە تەواویی فریادڕەسی ئەوانی تر بیت، ئەگەر تەواو سەرنەکەوتیت، ئەوا خۆت بە بێکەڵک دەزانیت. کێ بۆی هەیە کفری وا بکات؟ تا ئێستا کەس بەو ئامانجە نەگەیشتووە، تەنانەت مەسیحیش. مەسیح تەنیا ئەوەی پێ دەکرا کە بڵێت: (دوام بکەون) پاشان ئەم وتە مەزنەی (کە بەداخەوە من بە هەڵە گواستوومەتەوە) بەدوادا دێت: "بە قسەم بکەن بۆ ئەوەی بزانن ئەمە قسەی مرۆڤ نییە و هیی خودایە" مەسیح شەیتانی تەنیا لە دەروونی ئەوانەدا دەردەکرد کە دوای دەکەوتن، ئەمەیش نەک بۆ هەمیشە، چونکە تەنانەت ئەگەر خۆیشی هەر وا بمایە، کاریگەری و ئامانجەکەی نەدەما. ئەمە تاقە خاڵێکە پێشکەشتی دەکەم. مەسیحیش کەوتە داوی دوودڵییەوە.

## مران، ٤ی ژونی ١٩٢٠ – هەینی

ئەمڕۆ سەرلەئێوارە، بەڕاستی بۆ یەکەمین جار بە تەنیا پیاسەیەکی تا ڕادەیەک درێژم کرد. جاران یان لەگەڵ خەڵکی تردا دەگەڕام، یان زۆر جار لە ماڵێ دەحەسامەوە. ئێرە چ گوندێکی قەشەنگە. میلینا، ئەگەر تۆی لێ بویتایە، ئەم گوندە دەبووە بەهەشت. ئاه، خۆزگە تۆ لەپاڵ ئەم ڕاواز و بیرکۆڵەدا بوویتایە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بڵێم بیرم کردوویت، درۆم کردووە، چونکە بەو ئەندازەیەی کە من لێرەم، تۆیش لێرەیت. تەنانەت ئامادەگیی تۆ لێرە، لە خودی من زیاترە. ئەمە سیحرێکی تەواو و لە هەمان کاتدا زۆر بە دەردوژانە. من گاڵتە ناکەم. هەندێک جار وا بیر دەکەمەوە کە تۆ لەبەر ئەوەی لێرەیت، خەمم لێ دەخۆیت. لە خۆت دەپرسیت: "ئەو لە کوێیە؟" ئاخر ئەی ئەو نەینووسیوە کە لە مران دەژی؟

ـف ـ

ئایا ئەو دوو نامەیەی لە وەڵامی نامەکەتدا بۆم نووسیت، پێت گەیشتوون؟

۱۹۲۰
مران، ٢٩ى مەيى
خـاتوو ميليناى ئـازيز، ئـەو ڕۆژەى لەگـەڵ تـۆدا بيـت و كارگـەليكى ناجۆر لە ئارادا نەبيت، خيرا دەگوزەريت و زۆر كورتـە. بـە زەحمـەت چركەساتيك دەستگير دەبيت بۆ ئـەوەى نامـە بۆ ميليناى ڕاستەقينە بنووسيت، لەبەر ئەوەى ئەو ميلينايەى زۆر ڕاستـەقينە تـرە، تـەواوى ڕۆژەكە ليرە بووە. لەم ژوورەدا، لە باڵكۆنەكە و لەنيو هەورەكاندا.
لە دوانامەتدا ئەم هەموو شادى و بيخەمى و ئاسوودەييەت لـە كويوە هيناوە؟ ئايا هيچ گۆڕاوە؟ يان من خۆم دەخەڵەتينم، يان لەوانەيـە ئـەم هەموو پارچە پەخشانانەى تۆ بيت ئەو وينايە دەسـازينن؟ يان ڕەنگـە جڵەوى خۆت و كاروبارەكانى ئەويت بە چاكى گرتبيت، ئەى چييە؟
نامەكەت لە نامەى دادوەريك دەچيت لە كاتى حوكمدانـدا، مـن زۆر بـە جيددى ئەمـە دەڵيم. سـەركۆنە و ڕەخنـەكانت ڕاستودروستن، تۆ لـەو بارەيـەوە ڕاسـت دەكـەيت، لەسـەر هـەقيت، بـەڵام نـەك هـەقى تـەواو، ئەوەندە لەسەر هەقيت كە پيشتر بۆم دەربڕيويت، ئەمە ڕوونـە، ئەگـەر مـن بـەو ڕادە تونـد و وابەستـەييەى لـە نامەكـەدا نووسـيومە، شـپرزە بووبم، نەمدەتوانى لەسـەر كورسييەكەم پاڵبكـەوم، يان ڕۆژى دوايى سـەرەڕاى هـەموو تەگەرەيـەك، لـە ژوورەكەتدا ئامـادە دەبـووم. ئەمـە بەڵگەى يەكدڵى و تەباييە. بيجگە لەوە، تەنانەت ئەم ڕستـەيەى دواييش هەر قسەيە، يان بانگەوازن بۆ ئـەو هەسـتە شـاراوە و ڕەگـاژوە، بـەڵام ئەم هەستە خامۆشە و سەرى داوەتە دەست ڕيكەوت.
چۆنە تۆ لـەو جۆرە كەسـە پيكەنينهينـەر و هەرزەويژانـەى كـە باسـت كردوون بيزار نابيت؟ (تۆ ئـەوانت بـە ئەشـقيكى دڵفرينييەوە وەسـف كردووە) -لەوانە ئەو كەسـەى كە ئـەو پرسـيارە و گـەليك شـتى تـرى پرسيبوو- لـەم لايەنـەوە دوا بڕيار لاى تۆيـە، بـەردەوام ئـەوە ژنـە كـە



Scanned with CamScanner

دواجار بڕیار دەدات. (ئەفسانەی **پاریس**[١٣] تا ڕادەیەک ئەم ڕایەی بە نهێنی هێشتووەتەوە. بەڵام تەنانەت پاریسیش تەنیا لەو بارەیەوە داوەریی دەکات کە سەرئەنجام بڕیاری کام لە ژنە خوداکان چاکترە). نابێت ئەم گاڵتەجاڕییانە کاریگەرییان هەبێت. گاڵتەجاڕییەکی لەم بابەتە کە جارێک پێکەنینهێن و تاوێک باش و جیددی دەبن، زۆرن. ئایا ئەمە ئەو ئومێدەیە کە تۆ بەو کەسانەوە دەبەستیتەوە؟ کێ دەتوانێت بڵێت چی لە هەستی شاراوەی دادوەرێک دەزانێت؟ بەڵام من وای بۆ دەچم کە تۆ چاوپۆشی لە هەڵەی ئەو کەسانە دەکەیت، دەیانقۆزیتەوە، هاوڕێیەتییان دەکەیت، لە چوارچێوەی ئەو ئەشقەوە خەلاتی خانەدانی و ڕەسەنایەتییان پێ دەبەخشیت. ئەو قەشمەرانە هیچ نین بێجگە لە زیگزاکرۆیشتنی سەگ نەبێت، لە کاتێکدا کە خاوەن سەگ ڕاست بەرەو پێشەوە دەڕوات، نەک وەک سەگ بە پێچوپەنا، بەڵکو بە وردی بەرەو ئامانجێک هەنگاو دەنێت کە لە کۆتایی شەقامەکەدایە، بەڵام مەبەستێک لەم خۆشویستنەی تۆدا هەیە. من زۆر بڕوام پێیەتی (هەرچەندە لەو بارەیەوە ناتوانم پرسیار نەکەم، یان پێم سەیر نەبێت) من تەنیا لەسەر لایەنێک پێداگری دەکەم، ئەم مەسەلەیە دەمباتەوە بۆ قسەیەک کە جارێکیان لە یەکێک لە کارمەندی

---

[١٣] پاریس کوڕی شازادەکانی تەڕوادە بوو، واتا پریام (باوک) و هکوبە (دایک)ی بوو. پێش لەدایکبوونی پاریس دایکی خەونی دی کە دارێکی ئاگرینی بووە. وا خەونەکەیان بۆ لێکدایەوە کە ئەو منداڵەی دەیبێت شاری تەڕوادە تووشی گێچەڵێک دەکات، بۆیە پاریسیان لە چیای Ida دانا و گورگێک شیری دەدایە. شوانێک پاریسی دۆزییەوە و بردی بۆ ناو خێڵەکەی. لەو کاتەدا لە نێوان خواکانی ئەلپا، یانی هەرا، ئافرۆدەیت، ئاتنا لەسەر سێوی ئاڵتوونی ناکۆکییەک دروست بوو، زیوس فەرمانی دەرکرد پاریس کە پیاو بوو، ئەرکی دادوەری لە ئەستۆ بگرێت و خۆی کێ هەڵدەبژێرێ سێوەکەی بداتێ. کافکا لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوە دەکات. خواکانی ئالپ بۆ سەرنجڕاکێشانی پاریس هەریەکە و مێزێکیان پێ بەخشی. هەرا سەروەتوسامانی دایە، ئاتنا ئەقڵ و ئافرۆدەیت جوانترین ژنی پێ بەخشی. پاریس سێوی زێڕینی بە ئافرۆدەیت بەخشی.
لە دیدی کافکاوە هەرچەندە پاریس کە پیاو بوو و داوەرییەکەی لە ئەستۆدا بوو، بەڵام ئەوە ژنان بوون کە داوەریی ئەویان دەستنیشان کرد.

چەند ساڵێک لەمەوبەر زۆر جار لە ڕووباری ئیدارەکەمم بیست. چەند ساڵێک لەمەوبەر زۆر جار لە ڕووباری مولداو[14] سواری بەلەم دەبووم، بەرەوژوور سەوڵم لێ دەدا و پاشان لەسەر پشت ڕادەکشام، خۆم دەدایە دەست تەوژمی ڕووبارەکە و بەژێر پردەکەدا تێدەپەڕیم، لەبەر ئەوەی لە ڕادەبەدەر لەڕولاواز بووم، لەوانەیە دیمەنەکە لەسەر پردەکەوە زۆر پێکەنیناوی دیار بووبێت. ئەو کارمەندە کە جارێکیان منی بەو حاڵەوە لەسەر پردەکەوە دیبوو، لە کاتێکدا تەواو جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا بۆ گاڵتەیە، بەڵام لای خۆیەوە بەم جۆرە کورت و پوختی کردبووەوە. دیمەنەکە لە هاتنی ڕۆژی حساب (قیامەت) دەچێت کە تابووتەکان کرابوونەوە، بەڵام مردووەکان هێشتا بێجووڵە ڕاکشابوون.

من بۆ گەڕانێکی کورت چووم (ئەو گەڕانە دووردرێژە نا کە پێشتر باسم بۆ کردیت و ئیدی هەرگیز نەهاتە دی) نزیکەی سێ ڕۆژە ئەوەندە شەکەتم (ئەم شەکەتییە زۆر مەترسیدار نییە) هێزم نییە و توانای ئەنجامدانی چ کارێکم نەماوە، تەنانەت نووسینیش. من تەنیا نامە و وتارەکانم[15] چەند جارێک خوێندەوە. بە بڕوای من ئەو جۆرە پەخشانە، پەخشانێک نییە لە خۆیەوە بۆ خۆی بێت، بەڵکو تا ڕادەیەک خەسڵەتی کەسێکە لە کاتی بەڕێکەڕۆیشتندا، ڕێگەیەکە کەسەکە بە شادی و خۆشییەکی زۆرەوە دەیبڕێت و بەردەوامە لەسەر ڕۆیشتن، سەرئەنجام لە چرکەساتێکی هۆشیاریدا دەرکی ئەوە دەکات کە هیچ پێشکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، بێجگە لەوەی ئەو بە سادەیی بە ویلگەیەکدا گوزەری کردووە، تەنیا لە جاران بەپەرۆشتر، تەنیا لە جاران حەپەساوتر و سەرلێشێواوتر. بە هەرحاڵ، نووسەری ئەو پەخشانە، نووسەرێکی ئاسایی نییە. کە خوێندمەوە بەو ڕادەیە بڕوام

---

[14] Moldau ڕووبارێکە ۲۷۰ مەتر پانە لە بۆهیمیا کە چیکۆسلۆڤاکیای کۆنە.

[15] مەبەست وتارەکانی میلینایە.



Scanned with CamScanner

به نووسەریت هێنا که بڕوام به شەخسی خۆت بوو. من له زمانی چیکیدا (هەرچەند زانیارییەکی سنووردارم هەیە) تەنیا شارەزای مۆسیقای زمانێکی ترم که لەم پەخشانە دەچێت، ئەویش زمانی بوزنا نیمکوڤایە،[١٦] وا ئێستا ئەم پەخشانە مۆسیقایەکی ترە که له باری مەبەستوروووژاندن، شیرینی و لەوانەیش زیاتر هۆشی ڕووناکبینێکی دەربەست و پەخشانێکی ناوازەیە. تۆ بڵێی ئەم بەرهەمە بەرئەنجامی ئەزموونی سالانی ڕابوردوو بێت؟ ئایا تۆ بەردەوام دەتنووسی؟ بێگومان تۆ دەڵێیت که من به شێوەیەکی گاڵتەئامێز و لایەنگرانە و خۆشەویستیی زۆرمەوە قسە دەکەم و ئەگەر وایش بڵێیت بەڕاستی هەقی خۆتە. هەڵبەتە من تووشی پێشداوەری هاتووم، بەڵام نەک لەبەر ئەو شتەی چی له وتارەکانەوە فێر بووم (که هەندێک جار کاریگەریی خراپی زمانی ڕۆژنامەنووسی تووشی بێئاهەنگی و نەگونجانی دەکات)، بەڵکو بەهۆی ئەو شتە تازانەوە که له وتارەکاندا بۆم دەرکەوتووەتەوە. تۆ دەتوانیت به ئاسانی حوکم لەسەر بابەتە سەیرەکەی من بدەیت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو دوو بڕگە شێواوە منیان به هەڵەدا بردبێت و به هیی تۆیان بزانم.

حەز دەکەم نووسینەکانی تۆ که له ڕۆژنامەکانم کردوونەتەوە، لای خۆم بیانهێڵمەوە. خۆزگە بمتوانیایە پیشانی خوشکمم بدانایە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستت پێیان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی که یاداشتە حیسابییەکانت تیا تۆمار کردوون، لەگەڵ نامەکانمدا زوو بۆتیان ڕەوانە دەکەم.

من لای خۆمەوە وێنەیەکی ترم بۆ مێردەکەت هەبوو، لەناو ئەوانەدا که له قاوەخانەکەدان مێردەکەت ئەمینتر، تێگەیشتووتر، ئارامتر و تا ڕادەیەکی زۆریش هەستێکی باوکانەی هەیە. هەرچەندە وا دیتە بەرچاو که نهێنکار بێت و ڕەخنە قبووڵ نەکات. هەڵبەتە نەک تا ئەو

---

[١٦] خاتوو (Bozena nemcova) 1820-1862 نووسەرێکی چیکییە.



Scanned with CamScanner

ڕادەیەی لەگەڵ ئەو ئاکارانەدا ناکۆک بن کە پێشتر باسم کردن، من بەردەوام ڕێزم لێ گرتووە، بەڵام هیچ کاتێک نە دەرفەت و نە توانای ئەوەم نەبووە چاکتر بیناسم و لەبارەیەوە قووڵ ببمەوە. لێ هاوڕێکان، بەتایبەتی ماکس برود بە ڕێزەوە لە هاوسەرەکەی دەڕوانن، من هەر کاتێک بیرم لەو کردبێتەوە، لە ڕوانگەی ئەو ڕێزلێنانەوە بووە، بەتایبەتی جارێکیان تایبەتمەندییەکی ئەو سەرنجی منی ڕاکێشا، لە قاوەخانەکاندا بەردەوام بۆ تەلەفۆن بانگیان دەکرد. دیاربوو دەستی یەکێک لە ناواندا بوو کە لە باتی نووستن، لەپاڵ تەلەفۆندا دادەنیشێ و وەنەوز دەدات، سەری دەخاتە سەر دەسکی کورسییەکە و زووزوو بۆ تەلەفۆنبۆکردنی لە شوێنەکەی ڕادەپەڕێت. بۆیە ئەم مەسەلەیە باس دەکەم تا بزانیت کە زۆر باش لێی تێگەیشتووم.

فرانتسەکەت

تۆ دەڵێی چی؟ ئایا تا ڕۆژی یەکشەممە نامەیەکم پێ دەگات؟ دەشێت بگات؟ بەڵام ئەم ئارەزووی نامەنووسینە بێجگە لە شێتی، چی تر نییە. ئایا تەنیا نامەیەک بەس نییە؟ ئایا تەنیا جارێک زانین کافی نییە؟ سەد جار دەڵێم یەک جار بەسە، بەڵام مرۆڤ پاڵ دەداتەوە و نامەکان دەخواتەوە، گوێ بە هیچ نادات بێجگە لەوەی نایەوێت دەست لەو چێژوەرگرتنە هەڵبگرێت. میلینا! مامۆستاکەم ئەم خاڵەم بۆ ڕوون بکەرەوە.

## مران، ١٠ی ژونی ١٩٢٠ پێنجشەممە

ئێستا نامەوێت بێجگە لە شتێک باسی هیچی تر بکەم (هێشتا نامەکانتم بە وردی نەخوێندووەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت وەک

پەروانەیەک چۆن بە دەوری مۆمدا گڕ دەخوات، خۆم بە دەوریاندا گێڕاوە و چەند جارێکیش سەری خۆم سووتاندووە (تا ئەو شوێنەی من تێی گەیشتووم ناوەرۆکی ئەم دوو نامەیە دوو شتی جیاوازن. یەکێکیان ئەوەیە تا دوا دڵۆپ سەرمەستی پەیمانەکەی بم و ئەوی تریش پێویست بەوە دەکات کە دووبارە هۆشیار ببمەوە). دەبێت ئەمەی دووەمیان دواتر نووسرابێت).

ئەگەر بە هاوڕێیەک بکەین و بەتاسەوە لێی بپرسین دوو کەڕەت دوو دەکاتە چەند، پرسیارێکی بێئەقڵانە و شێتانەمان لێ کردووە، بەڵام هەمان پرسیار بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی ماقووڵ و دروستە. وا ئێستا، میلینا، پرسیاری من لە تۆ ئەوەیە کە ئەو جۆرە شێتایەتییە لەگەڵ حاڵەتی قوتابخانە سەرەتاییەکەدا تێکەڵ بەیەک بوون. هیچ لەم حاڵەتە تێنەگەیشتم کاتێک کەسێک لەگەڵمدا تێکەڵ دەبێت، (بۆ نموونە ڤایس[17]) کە بە هۆی پێکهاتەی ڕۆحیی خۆمەوە تێکم دا، ئەو مەیلەم هەیە کە کەسی دووەم هەڵەی کردووە، زۆر لەوە کەمتر کە بڕوام بە موعجیزە بێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ خۆمدا، من هەمیشە لە دەرککردنی چۆنایەتی و چەندایەتیی ئەم ڕەوتە دەستەوستان وەستابووم.

نازانم بۆ دەبێت بەم شتانە ناوی ژیان لێڵ بکەین کە خۆی لێڵە. لە بەردەممدا، پانتایی ڕێگەیەک دەبینم و دەزانم چ ڕێگەیەکی سەختە. پێش ئەوەی فریوی چرکەساتی نیگایەک بخۆم (لە خۆمەوە بیگرە تا کەسانی دی، چونکە ئەگەر باشی لێی وردبیتەوە ئەم قسەیەی من لە خاکیەتییەوە نییە، بەڵکو لە خۆناسینەوەیە) دەبێت لەم بارەی کە ئێستا منی تێدام بۆ سەفەرکردن بە ڕێگەیەکدا کە نە دەتوانم بیبڕم و نە دەستگیرم بێت، وازبێنم. وا ئێستا میلینا، نامەکانی تۆم پێ گەیشت، چۆن دەتوانم جیاوازییەکانیان باس بکەم؟ مرۆڤێک کە لەنێو کەناو و

---

[17] Ernst Weiss (١٨٨٢ - ١٩٤٠) شاعیر و نووسەری خەڵکی پراگ. کافکا ساڵی ١٩١٢ هاوڕێی بووە، بەڵام پێش ئەم نامەیە پەیوەندیی خۆی لەگەڵدا بڕیوە.



Scanned with CamScanner

پۆخلیی ناو جێگەی مردندا پاڵکەوتووە، فریشتەی مەرگ، کە لە هەموو فریشتەکانی دی پیرۆزترە دێتە ئێرە و دەیبینێت، ئایا کەسێکی لەم جۆرە دەوێرێ بمرێت؟ کەسێکی وا خۆی لوول دەکات، ئەمدیو و ئەودیو دەکات و تەنانەت زیاتر خۆی لەناو جێگەکەدا دەشارێتەوە، ئەو کەسە توانای مردنی نییە. بەکورتی **میلینا**، من بڕوام بەوە نییە کە تۆ دەیڵێیت، هیچ کەسیش بە هیچ ڕێگەیەک ناتوانێت بڕوای ئەوەم پێ بهێنێت و پێم بسەلمێنێت. (کەسیش نەیتوانی ئەو شەوە ئەمە بۆ **دۆستۆیفسکی** بسەلمێنێت، ژیانی منیش بریتییە لە یەک شەو) بۆیە تەنیا خۆم دەتوانم ئەوە بۆ خۆم بسەلمێنم، چونکە خۆم لە ئاستی ئەو تێگەیشتنەدام (وەک چۆن تۆ جارێک بە خەون مرۆڤێکت لەسەر کورسیی سەفەریەکەیدا بینی) من لای خۆمەوە ناتوانم بڕوا بەوە بکەم، لەبەر ئەوە ئەم پرسیارە پێکەنینهێن بوو. بێگومان تۆ زوو ئەوەت زانی - بە تەواوی لەوە دەچێت کە مامۆستایەک لەبەر نەخۆشی و ماندووبوون بە مەبەست بیەوێت قوتابییەک بیخەڵەتێنێت. واتا باوەڕ بکات کە قوتابییەکە بە چاکی لە مەسەلەکە تێگەیشتووە، لە کاتێکدا قوتابییەکە هیچ لە مەسەلەکە نەگەیشتووە، چونکە بە ناجۆری و نادروستی وەریگرتووە. لەبەر ئەوەی بە چاکی تێگەیاندنی قوتابی تەنیا لە ڕێگەی مامۆستاوە دەبێت، نەک لە ڕێگەی ناڵە و شیوەنکردن، یان بە لاواندن یان پاڕانەوە، یان خەو و خەون (ئایا دوا پێنج شەش نامەی منت پێ گەیشتووە، هەموو ئەم شتانەیان تیایە). -با ئەم مەسەلەیە بە کراوەی بهێڵینەوە- دیسان نامەکەتم بەسەرکردەوە، ئاماژەیەکت (**بەو کچە**[18]) دابوو. بۆ دڵنیایی و نەهێشتنی هیچ گومان و دوودڵییەک (دەبێت بڵێم) ئەوەی تۆ بۆ ئەو کچەت کردووە، جگە لەو

---

[18] بە ڕای ماکس برود لە نامەکانی میلینادا، لە هەر جێگەیەکدا ئاماژە بە (ئەو کچە کرا بێت)، مەبەست دەزگیرانی دووەمی **کافکا** -**ژۆلی ڤۆریزێک**ە، ساڵی ١٩١٨ لە تەمەنی سیوشەش ساڵیدا **کافکا** ئەو کچەی ناسی، چەند سەفەرێکی کورتیان پێکەوە کرد. ساڵی ١٩١٩ دەبێتە دەزگیرانی و ساڵی ١٩٢٠ **کافکا** پەشیمان دەبێتەوە.

ڕەنج و ئازارە کاتییەی کە بۆت داوە، گەورەترین خزمەتت کردووە. بۆ ئەوەی لەدەست من ڕزگاری بێت، هیچ ڕێگەیەکی دی، بێجگە لەمە بەدی ناکەم. لە ڕاستیدا ئەو کچە هەستێکی تایبەتی تێگەڕابوو، پێشبینیی نەگبەتی و ئازاری دەکرد، بەلام بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لەوە بگات کە ئەو گەرمییەی لەپاڵ مندا هەستی پێ دەکرد (گەرمییەکی شووم بوو، بێگومان بۆ ئەو نەبوو) سەرچاوەکەی لە کوێوەیە؟ لە بیرمە لەسەر قەنەفەیەک و لە باڵەخانەیەکی یەک ژووریدا بەپاڵ یەکەوە لە ڤیرشویس[19] دانیشتبووین. (پێدەچێت مانگی نۆڤەمبەر بووبێت، بڕیار بوو تا هەفتەیەکی تر باڵەخانەکە ببێت بە هی خۆمان) ئەو دڵخۆش بوو کە دوای زەحمەتێکی زۆر ئەو باڵەخانەیەمان دەستکەوتبوو. مێردی ئایندەی لەپاڵیا دانیشتبوو (دووبارەی دەکەمەوە کە من بەتایبەتی لەسەر هاوسەرگیرییەکە زۆر سوور بووم، ئەو تەنیا قبووڵی کردبوو، بێزار بوو، پاشان بەرگریی دەکرد، بەلام وردەوردە خۆی بە بیرۆکەکەوە ڕاهێنابوو) کاتێک ئەم دیمەنە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بە چەند جارێکی زیاد لە ژمارەی لێدانی دڵی نەخۆشێکی تالیهاتوو دێتمەوە بەرزەینی خۆم، زیاتر لەوە دەگەم کە من لە ناسینی هەر جۆرە وەهمێکی مرۆڤ، هەر جۆرە وەهمێک کە بتوانرێت وێنای بکرێت، بەهرەمەندم (لەم لایەنە تایبەتییەوە، منیش بە مانگ گیرۆدەی ئەو وەهمە بووم. ئەگەرچی لای منەوە تەنیا وەهم نەبوو، بەڵکو وێنەیەکی تری دڵنەوایی و بایەخپێدان بوو. دووریش نییە کە ئەم هاوسەرگیرییە بە مانای تەواوی وشە هاوسەرگیرییەکی ئاقڵانە دەربچوایە) من لەوە دەترسم کە پەرداخە شیرەکە لە دەمم نزیک بخەمەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەم پەرداخە دەتوانێت (نەک بە ڕێکەوت، بەڵکو هەر بە مەبەست) لە بەرچاومدا بتەقێتەوە و پریشکەکانی بەر سەر و چاوم بکەون.

[19] Wrschowiz.

ئەو تانەوتەشەرانەی بەسەرتدا دەبارێن، دەربارەی چین؟ پرسیارێک:

ڕاستە، منیش هەندێک جار خەڵکیم بێزار کردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوان لەدواییدا لەسەر ئەو بابەتە سەرکۆنەی من ناکەن. تەنها ئەوەیە کە ئەوان بێدەنگن و ڕوو بەولاوە دەکەن و بڕوایشم وایە لە ناوەوەی خۆیاندا تەنانەت سەرزەنشتیشم ناکەن. من لەنێو خەڵکیدا لەم بارە ئاوارتەیە بەهرەمەندم.

وەلێ هەموو ئەمانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە ئەمڕۆ بەیانی لە کاتی لەخەوهەستاندا بەرۆکی گرتم، بایەخی نییە. ئەو بیرۆکەیە سیحرێکی وای لێ کردم کە ئیدی نەمزانی چۆن حەمامم کرد و چۆن خۆم پۆشتەکردەوە، ئەگەر میوانێک نەهاتایە (میوانەکە ئەو پارێزەرە بوو کە گۆشت بە خۆراکێکی پێویست دادەنێت) هەر بەو نەزانکارییەوە ڕیشیشم تاشیبوو. بیرۆکەکەی من بە کورتی بەم جۆرەیە: بۆ ماوەیەک واز لە مێردەکەت بهێنە، ئەمە شتێکی تازە نییە، چونکە پێشتریش ڕووی داوە، لەبەر ئەم هۆیانە: نەخۆشییەکەی تۆ، تووڕەیی ئەو (ئەم کارە سوودی ئەویشی تیایە) پاشانیش ئەو هەلومەرجەی ئێستای ڤیەننا. نازانم تۆ دەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟ دەشێت یەکێک لە گەڕەکەکانی بۆهێمیا بۆ تۆ چاک بێت. وایش چاکترە من شەخسی نە خۆمی تێ هەڵبقورتێنم و نە دەربکەوم. پارەی سەفەرەکەت (لەبارەی دانەوەیەوە دەگەینە ئەنجام) لە من وەربگرە (قسەی خۆمان بێت لەم لایەنەوە من ئیمتیازێکی تریشم بەردەکەوێت.

من بە هۆی ئەوەوە کە کارمەندێکی چالاک و هەڵسووڕاوم، پلەکەم بەرز دەبێتەوە و ئەمەیش مەستم دەکات، کاری من بە گاڵتەجارییەکەیەوە تا ڕادەیەک ناسک و ئاسانە. بیری لێ بکەرەوە، من نازانم بۆ چ کارێک مووچەم دەدەنێ) ئەگەر ڕێکەوت وای کرد ئەم پارەیە بەشی مانگێکی نەکرد، تا ڕادەیەک بۆ ئێوە ئاسانە کە جیاوازییەکەی لەبەر ئەوەی زۆر نییە، دەتوانن فەراهەمی بێنن. بەڕاستی لەمە زیاتر لەسەر چاکی و بەرزڕاگرتنی ئەم بیرۆکەیە



Scanned with CamScanner

ناڕۆم. بە هەرحاڵ ئەمە دەرفەتێکە بۆ تۆ تا لەبارەی بیرۆکەکەی منەوە بڕیار بدەیت و بەو بڕیارەیش بۆ منی دەردەخەیت کە ئایا دەتوانم لەبارەی شتەکانی تری خۆمەوە پشت بە بڕیارەکانت ببەستم یان نا (چونکە من گەیشتوومەتە ئەوەی ئەم بیرۆکەیە بەنرخە).

کافکاکەت

مران سێیەمی ژوون ١٩٢٠

ئێستا کە ئەم نامە ترسناکەی -ئەگەرچی بە هیچ جۆرێک زۆر ترسناک نییە- تۆم خوێندووەتەوە، هەرگیز ئاسان نییە سوپاسی ئەو شادی و خۆشییە بکەم کە لە سەرەتادا و لە کاتی گەیشتنی نامەکەتدا بۆم ڕەخسا. ئەمڕۆ پشووە، ڕەنگە پۆستی ئاسایی ئیتر نەگات. لەوەیش دوودڵم کە بەیانی هەینییە و نازانم نامەی تۆم پێ بگات یان نا. جۆرە بێدەنگییەکی زاڵمانە لەئارادایە، هەرچەندە تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە تووە هەبێت ئەم بێدەنگییە هەرگیز خەمهێن نییە. تۆ لە دوانامەدا هێند بەتوانا بوویت کە من تەماشام دەکردیت، وەک چۆن لەسەر کورسییە سەفەرییەکەمەوە تەماشای شاخەوانەکان دەکەم بۆ ئەوەی بزانم دەتوانم لەوسەرەوە و لەناو بەفردا دەستنیشانیان بکەم یان نا، وا ئێستایش پێشنیوەڕۆ نامەکەت گەیشت. من دەمتوانی نامەکە لەگەڵ خۆمدا بەرم، لە گیرفانم دەری بهێنم، بیخەمە سەر مێزەکەم و دیسانەوە بینێمەوە گیرفانم، هەر بەم جۆرەیە کە دەست پێی خۆشە یاری لەگەڵ نامەدا بکات. تەماشایان دەکەیت و خۆشیت لە منداڵییەتییان دێت، تەواوی ئەو ماوەیە من سەرلەشکر و ئەندازیارم لە بەرانبەری خۆمدا نەدەبینی (ئەگەرچی ئەوانە خەڵکانێکی هێژا و یەکدڵن) تەنانەت بە دەگمەن گوێم لە قسەیان بوو. ئەو خۆراکەی



Scanned with CamScanner

دیسانەوە ئەمڕۆ خواردم، نیگەرانی نەکردم (دوێنێ هیچم نەخوارد) دوای نانخواردن وتوویژ لەسەر فیلە ماتماتیکییەکان بوو کە مەسەلە کورتەکان بۆ من ڕووناکتر بوو لە چارەسەرە دوورودرێژەکان. هەر لەو کاتەدا و لە پەنجەرە کراوەکەوە دیمەنێک بەرانبەرم بوو. دیمەنێک لە دارسنەوبەر، خۆر، چیاکان، گوندەکان و لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر دیمەنی ڤیەننا بوو.

پاشان نامەکەم بە وردی خوێندەوە، مەبەستم ئەوەیە نامەی ڕۆژی یەکشەممەم بە وردی خوێندەوە، خوێندنەوەی نامەی ڕۆژی دووشەممەتم تا گەیشتنی نامەیەکی تری خۆت دواخست. مەسەلەکە ئەوەیە کە من بەرگەی بەوردیخوێندنەوەی ئەو نامەیە ناگرم. هێشتا بە تەواوی چاک نەبوومەتەوە. بێجگە لەوە ئەو نامەیە ئیدی کۆن بووە. بەپێی ئاماری من دەبێت پێنج نامە بە ڕێگەوە بێت، لانی کەم سیان لەو نامانە دەبێت ئێستا بەدەستت گەیشتبن، تەنانەت ئەگەر نامەیەکی تر ون بووبێت، یان بە هۆی ڕاسپاردەوە درەنگ بگات، ئیدی هیچ بۆ من نامێنێتەوە بێجگە لەوەی داوات لێ بکەم هەر ئێستا وەڵامم بدەیتەوە. قسەیەکیش بکەیت هەر باشە، بەڵام دەبێت قسەیەک بێت لە سەرکۆنەکانی نامەی ڕۆژی دووشەممە کەم بکاتەوە و وا بێت قابیلی خۆێندنەوە بێت. لە ڕاستیدا بە درێژایی ئەو دووشەممەیە من تووشی کێشەیەکی سەخت (بەڵام نەک نائومێدانە) لەگەڵ ئەقڵی خۆمدا بووم.

وا ئێستا نامەیەکی تر -وەلێ درەنگە- چونکە ئەمڕۆ دوای چەندجار بەڵێنی بێهوودە، بڕیارم داوە بڕۆم بۆ بینینی ئەندازیارەکە. تەماشای نیگاری منداڵەکانی بکەم کە لەبەر گەورەیی ناهێنرێنە ئێرە. بە زەحمەت دەزانرێت تەمەنی لە من گەورەتر بێت. خەڵکی باڤاریایە. پیشەگەر و زۆری خوێندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕدەماخ و ماقوولە. لە پێنج منداڵ، دوانی بۆ ماوەتەوە (بە هۆی نەزۆکیی هاوسەرەکەیەوە منداڵی تری نابێت) کوڕەکەی ١٣ ساڵ و کچەکەی



Scanned with CamScanner

١١ ساڵە. دنیایەکی سەیرە! ئەو لەم هاوکێشەکەیدا سەرکەوتووە. نا، **میلینا**، نابێت تۆ دژی هاوکێشە قسە بکەیت.

**کافکاکەت**

سبەییش نامەیەک دەنووسم، بەڵام ئەگەر کەوتە دووبەیانی، تکایە دیسانەوە خۆت بێزارمەکە، تکایە.
جارێکی تر نامەی ڕۆژی یەکشەممەم خوێندەوە، ئەمجارەیان تەنانەت لە خوێندنەوەی یەکەم جار ترسناکتر بوو. **میلینا**، پێویستە دەموچاوت بە هەردوو دەست بگیرێت و ڕێک تەماشای ناوچاوت بکرێت، بۆ ئەوەی خۆت لە (ئاوێنە)ی چاوێکی ترەوە بناسیتەوە، تا لەمەودوا بیر لەو شتانە نەکەیتەوە کە لەم نامەیەدا نووسیوتن.

**مران، ژوون ١٩٢٠ هەینی**

ئاخۆ کەی کەسێ دێت و ئەم دنیا ئاوەژووە ڕاست دەکاتەوە؟ بە ڕۆژ مرۆڤ بەپەرۆشەوە بەملا و ئەولادا دەگەڕێت، لێرە و لە هەموو جێگەیەکدا وێرانەیەکی جوان بەسەر چیاکانەوە هەیە و دەتوانێت هەست بەوە بکات کە پێویستە ئەمیش بە هەمان ئەندازە جوان بێت، بەڵام لەناو جێگەدا، مرۆڤ لەباتی خەو، بیر لە زۆر شتی باش دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەمڕۆ بەدەر لە پێشنیازەکانی دوێنێ - ئەوەم بە بیردا هات کە تۆ دەتوانیت هاوین بڕۆیت بۆ لای **ستازا**،[٢٠] وەک خۆت نووسیبووت ئەو لە گوند دەژی. دوێنێ من قسەیەکی گەوجانەم کرد. وتم ڕەنگە هەندێک مانگ پارەکە بەش نەکات، ئەم قسەیە بێمانایە، بەردەوام پارە ڕەش دەکات. نامەی بەیانی و عەسری سێشەممە پێی

---

[٢٠] Stanislava Jilovska ناسراو بە Stasa ژنێکی هاوڕێی کافکایە.

سەلماندم کە پێشنیازەکەم بەنرخە، بێگومان زەحمەتە ئەمە ڕێکەوت بێت، چونکە هەموو شتێک ئەوە دەسەلمێنێت، هەموو شتێک بە شێوەیەکی ڕەها -ئەگەر فێڵبازییەک لەدوای پێشنیارەکەوە هەبێت، کە نییە،- ئایا لە کاری ئەم جانەوەرە گەورەیەدا کە دەتوانێت بەپێی پێویست خۆی تەواو بچووک بکاتەوە، شوێنێک هەر دەست دەکەوێت کە لە پیلان بەدوور بێت. کەواتە من دەتوانم سنوورێکی بۆ دابنێم، تەنانەت مێردەکەیشت لەم بارەیەوە دەتوانێت پشت بە من ببەستێت. ڕەنگە بمەوێت زێدەڕۆیی بکەم، بەلام دەشێت پشتم پێ ببەسترێت. من هەرگیز نامەوێت تۆ ببینم، نە ئێستا و نە لە ئایندەدا، هەر گوندێکت پێ خۆشە دەتوانیت تیای بژیت، (لەم ڕووەوە من و تۆ هاوڕاین) گوندێکی پڕ لە هەوراز و نشێو، لە هەمان کاتدا شاخاوی نەبێت و دارستان و دەریاچەی تیا بێت. من جێگەیەکی لەم جۆرەم لە هەموو شوێنێکی دی پێ چاکترە.

**میلینا:** تۆ لە کاریگەریی نامەکانت کەم دەکەیتەوە، من هێشتا نامەکانی دووشەممەی تۆم[21] (Jen Strachoras) بە تەواوی نەخوێندووەتەوە (تەنیا ترسێکە لە تۆ) (ئەمڕۆ من ئەمەم تاقی کردەوە، نامەکان تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون، بەهۆی پێشنیازەکانی منەوە نزیکبوونەتەوە لە مێژوو)، بەلام هێشتا نەمتوانی تا کۆتایی نامەکانت بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەدا بەرهەمی خوێندنەوەی نامەکەی ڕۆژی دووشەممەت شەوێک بێخەویم بوو، نامەی سێشەممەت (هەروەها کارتە سەیرەکەت - ئایا لە کافتریادا نووسیبووت؟ ئایا دەبێت من وەلامی **فرفل**[22] بدەمەوە لەبارەی ئەو تۆمەتبارکردنانەوە کە تۆ دەیلێیت؟ (ببوورە من وەلامی ئەوە نادەمەوە کە هی تۆیە، تۆ خۆت

---

[21] بە زمانی چیکی واتا (تەنیا نیگەرانی تۆم).

[22] Franz werfel (١٨٩٠- ١٩٤٥) نووسەری خەڵکی پراگ و لە هاوڕێکانی کافکا و ئەرنست پولاگی مێردی میلینا.



Scanned with CamScanner

زۆر باشتر وەڵام دەدەیتەوە، ئەمەیش چاکترە) ئەو نامەیە بە تەواوی دڵنیایی و ئارامیی پێ بەخشیم، بێگومان نامەکەی سێشەممەیشت بێ سەرزەنشت و درک نییە، بەڵام ئیتر ئەوە تۆیت کە وا دەکەیت و (هەڵبەت ئەمە هەقیقەتە، هەقیقەتی تەزوویەکی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی) هەرچییەکیش لە تووە بێت، زۆر زەحمەتە بتوانیت بەرگەی بگریت.

## مران ١١ ژوون ١٩٢٠ هەینی

ئەگەر دەرفەتێک پێش هات و بە چاکت زانی، تکایە لەبەر من چەند وشەیەکی خۆشەویستانە بە **ڤرفل**[٢٣] بڵێ (ئەگەرچی بەداخەوە تۆ وەڵامی هەندێک پرسیار نادەیتەوە، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە کاری نووسەریتەوە هەیە). من دیسانەوە بۆ دواجار خەوم پێوە بینییت، خەوێکی دوورودرێژ، بەڵام بە زەحمەت هەندێکیان وەبیر دێنمەوە: لە **ڤیەننا** بووم، هیچی ئەم بەشەیانم لە بیر نییە، بەڵام پاشان هاتم بۆ **پراگ** و ناونیشانەکەی تۆم لە یاد نەمابوو، نەک تەنیا ناوی شەقامەکە، بەڵکو ناوی شار و هەموو شتێکم لە بیر چووبووەوە، تاقە ناوێک کە بیرم کەوتەوە ناوی **شرایبەر**[٢٤] بوو، بەڵام نەمدەزانی چی لەوە بکەم، بۆیە تۆ بە تەواوی لە من ون بووبوویت، لەو نائومێدییەوە پەنام بۆ چەند هەوڵێکی فێڵبازانە برد، لێ نازانم بۆ هیچیان سەری نەگرت. لە هەموو ئەمانە تەنیا شتێکم لە بیرە، لەسەر زەرفی نامەیەک ناوی **میلینام** نووسی و لەژێریدا نووسیم "تکایە ئەم

---

[٢٣] - (Franz werfel 1890 - 1945) نووسەرێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە و هاوڕێی **کافکا** و ئێرنست پولاکی مێردی میلێنایە، بەرهەمەکانی وێڕفڵ لە هەفتەنامەی چیکی Kmen وەردەگێڕایە سەر زمانی چیکی.

[٢٤] - (Screiber) بە مانای نووسەر.



Scanned with CamScanner

نامەیە بکاتە شوێنی خۆی، ئەگینا وەزارەتی دارایی زیانێکی زۆری لێ دەکەوێت. هیوادار بووم بەم هەڕەشەیە هەموو دەستەودایرەکانی دەوڵەت بۆ دۆزینەوەی تۆ بخەمە گەڕ. فیلبازانە؟ با لەسەر وشەی فیلبازی بڕیاری پێشینە لە دژی من نەدەیت، من تەنیا لە خەودا هێند دەبمە فیلباز.

جارێکی دی نامەکە لە زەرفەکە دەردێنم، لێرەدایە، تکایە تەنیا جارێکی تر بە من بڵێ "تۆ" ئەمەم بۆ هەمیشە ناوێت، تەنیا جارێک و هیچی تر.

## مران – یەکی ژون ١٩٢٠ سێشەممە

من ڕۆژەکان دەژمێرم، ڕۆژی شەممە نووسراوە، لەبەر ئەوەی یەکشەممە پشووە، نیوەڕۆی سێشەممە دەگات، ڕۆژی سێشەممە دەستی کارەکەرێک بە دراوی دەری دێنێت، چ پەیوەندییەکی جوانی پۆستیمان پێکەوە هەیە!

دەبێت ڕۆژی دووشەممە بڕۆم و چاو لەوە بپۆشم. تۆ چ مرۆڤێکی چاکیت کە لە خەمی مندایت، تۆ لە نامەناردن بێبەش کراویت، بەڵێ، هەفتەی پێشوو چەند ڕۆژێک من نامەم نەنووسی، بەڵام لە شەممەوە ڕۆژی نامەیەکم نووسیوە بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئەو ڕۆژانەدا کە نامەم نەنووسیوە. تۆ ستایشی نامەکان دەکەیت و بە یەکجار سێ نامەتان پێ دەگات، تۆ لەوە تێدەگەیت کە هەموو ترسەکانت پاساویان هەیە. کە من بە شێوەیەکی گشتی لەدەست تۆ قەڵسم، بەتایبەتی حەزم لە هەندێ شتی ناو نامەکانت نییە. کە چیرۆکە ڕەشۆکییەکانت ئازارم پێ دەگەیەنێت و هتد... نا، میلینا لە هیچ یەکێک لەمانە مەترسە، بەڵکو ئەگەر دۆخەکە بە پێچەوانەی ئەمانەوە بێت، دەبێت لە ترساندا بلەرزیت.



Scanned with CamScanner

گەیشتنی نامەیەک لە تۆوە، بە سەرێکی بێخەوەوە، ناچارکردنیشم بە وەڵامدانەوەی نامەکانت چەندە پێ خۆشە! من ناتوانم بیر لە شتێک بکەمەوە تا لەسەری بنووسم، من لێرە تەنیا لەنێو دێڕ و وشەدا پیاسە دەکەم، لەژێر چاوە درەوشاوەکانی تۆدا، بەرانبەر بەو هەناسەیەی لە دەمتەوە دێت و لەو ڕۆژە شاد و قەشەنگە دەچێت کە تەنانەت کاتێک بە سەری شەکەت و بیمارەوە، لە دووشەممەدا، ئەو ڕۆژەی بەرەو ڤیەننا دێم، هەر بەو شادی و جوانییەوە دەمێنێتەوە.

**کافکاکەت**

تۆ لەبەر خاتری من هەناسەبڕکێتە و بەرەو ماڵەوە ڕادەکەیت؟ بەڵام ئەی تۆ نەخۆش نییت و نابێت من لە باری تەندروستیت بترسم؟ لە ڕاستیدا ئەمە وایە. من ئیدی نیگەرانی حاڵی تۆ نیم، بەڕاستییش وایە. (نا، من زێدەڕۆیی دەکەم، ئێستایش وەک جاران وایە، بەڵام ئەم نیگەرانیە جۆرێکی ترە، نیگەرانییەکە ئەوەیە ئەگەر تۆ لێرە، لەژێر چاودێریی مندا بیت و ئەو شیرە بخۆیتەوە کە من دەیخۆمەوە، لەو هەوایەیش هەڵمژیت کە لە باخەکەوە دێت و وەک من توانا بدەیتە بەر خۆت) نەک نیگەرانییەکە کەم دەبێتەوە، بەڵکو زۆر لە من خۆت بەهێزتر دەکەیت.

پێدەچێت لەبەر چەند هۆیەک ڕۆژی دووشەممە لێرە نەڕۆم، بەڵکو کەمێک درەنگتر بچم، بەڵام دوای ئەوە ڕاست بۆ **پراگ** دەڕۆم، بۆ دواجار شەمەندەفەرێکی **ئێکس پرێس** یەکسەر بەرەو بولزانو **-مویننخ - پراگ-** هاتووە، ئەگەر تاقەتی نووسینت هەبێت دەتوانیت چەند دێڕێکم بۆ بنووسیت، ئەگەر بە خۆم نەگات دەگاتە ناونیشانەکەی **پراگم**، لە دلۆڤانیی خۆت بێبەشم مەکە.

**ف**



Scanned with CamScanner

لە ڕاستیدا مرۆڤ نموونەی گەوجایەتییە، ئێستا کتێبێک دەربارەی تیبێت دەخوێنمەوە، لە خوێندنەوەی وەسفی گوندێکی دەستبەسەرداگیراوی نزیک بە سنووری تیبت لە چیاکاندا، لەپڕدا دلم گیرا. چۆلی و چەپەکیی ئەم گوندە نائومێدت دەکات و لە ڤیەننا زۆر دوورە. بیرکردنەوە لە دووریی نێوان ڤیەننا و تیبت کارێکی گەمژانەیە، بەڕاستی دوورە؟

## مران، سێی ژوون ١٩٢٠ - پێنجشەممە

دەبینیت میلینا؟ من دوای نزیکەی شەوێک بێخەوی، ئێستا کە بەیانییە، لە کاتێکدا نیوەی جەستەم لە سێبەرو نیوەکەی تری لەبەر هەتاوە، بە ڕووتی لەسەر کورسییە سەفەرییەکەم ڕاکشاوم. لەو کاتەوەی کە من لەگەڵ هەموو ئەو خەوسووکیەدا بە دەوری تۆدا گەڕاوم. لەو کاتەوە کە بەڕاستی (بە تەواوی وەک ئەوەی ئەمڕۆ نووسیبووت) لەو شتەی (کە تووشی هاتووم) ترسم لێ نیشت، ئیدی چۆن دەمتوانی بنووم؟ ئەو کاتەی باس لە ترس و بیم دەکەم، تەواو باسی ئەو ترسە دەکەم کە لەبارەی پەیامبەرانەوە وتراوە، ئەو ساتانەی پەیامبەران گوێیان لە دەنگێک دەبوو و دەترسان، ڕوویان وەردەگێڕا و قاچیان لە زەوی گیردەکرد و ترس و هەراسێکی زۆر دەکەوتە دڵیانەوە، ئەوان منداڵگەلێکی لاواز بوون. (ئێستا و ئەوسا جیاوازی نییە) بێگومان ئەوان پێشتریش گوێیان لەو جۆرە بانگەوازە بووە، بەڵام دەرکی ئەوەیان نەکردووە کە هۆی چییە ئەم دەنگە بەم جۆرە ترسناک و زاڵە (ئایا ئەم حاڵەتە بەرئەنجامی لاوازیی بیستنی ئەمانە، یان تین و توانای خودی دەنگەکەیە؟) هەر بە هۆی ئەو منداڵمەزاجییەی ئەوانەوە بوو کە ئەوەیشیان نەدەزانی دەنگەکە بە هەمان ئاگادارکردنەوەوە، پێشتریش ئەوانی شڵەژاندووە و جێگەی خۆی لە ناخیاندا

کردووەتەوە، بەڵام ترسەکە ئەوەی نەدەسەلماند کە ئەوان بوون بە پەیامبەر. لەبەر ئەوەی کەسانێکی وا زۆرن کە ئەو دەنگە دەبیستن، بەڵام لەوە بەگومانن کە شایانی ئەوە بن بانگێکی وایان لێ بکرێت، بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و خۆیان هەر لە سەرەتاوە ئەوەیان بە چاک زانیوە کە بە توندی نکوولی لەو بانگەشەیە بکەن. کاتێک نامەکانت گەیشتن بەم حاڵەوە لەوێ ڕاکشابووم.

میلینا، من وا بیر دەکەمەوە کە من و تۆ خەسڵەتێکی هاوبەشمان هەبێت، هەردووکمان زۆر شەرمن و شپرزەین، هەر نامەیەک دەینووسین تا ڕادەیەک جیاوازن، هەر یەکێک لە ئێمە ترسمان لە نامەی پێشوومان هەیە و لە وەڵامدانەوە زیاتر. تۆ بە سروشت وا نییت، بە ئاسانی هەست بەمە دەکرێت. تۆ و تەنانەت منیش ڕەنگە بە سروشت وا نەبین، بەڵام ماوەیەکی زۆرە تا ڕادەیەک ئەم حاڵەتە بووە بە سروشتی دووەمی من، ئەم حاڵەتە تەنیا لە کاتی نائومێدی و هەندێک جار لە کاتی تووڕەییدا لەناودەچێت و پێویست ناکات بڵێم: لە کاتی ترسا.

هەندێک جار وا هەست دەکەم من و تۆ لە ژوورێکداین دوو دەرگای هەیە، دەرگاکان بەرامبەر بە یەکترین، هەر یەکێک لە ئێمە دەسکی یەکێک لە دەرگاکانی گرتووە، یەکێکمان چاو دادەگرێ و ئەوی دی ڕاست خۆی لەپشت دەرگاکەوە دەشارێتەوە، لەم کاتەدا یەکەمەکە ناچارە قسەیەک بکات، دووەم خێرا دەرگاکە لەسەرخۆی دادەخات بۆ ئەوەی ئیتر دەرنەکەوێت، بەڵام لەوەیش دڵنیایە کە هەر دەبێت دەرگاکە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ژوورەکە جێگەیەکە لەوانەیە نەتوانرێت لێی بچێتە دەرەوە. خۆزگە یەکەمەکە کتومت وەک دووەمەکە نەبوایە، خۆزگە هێورتر بوایە، خۆزگە ئەو تەنیا وای پیشانبدایە کە تەماشای ئەو ناکات، خۆزگە هێند لەسەرخۆ بکەوتایەتە ڕێکوپێککردنی ژوورەکە، وەک ئەوەی ئەو ژوورەیش ژوورێکە وەک ئەوانی دی، کەچی لەباتی هەموو ئەمانە ئەویش کتومت ئەو کارە

ئەنجام دەدات کە ئەوی دی لەپشت دەرگاکەی خۆیەوە دەیکات، تەنانەت وا ڕێدەکەوێت کە هەردووکیان لەپشت دەرگاکانی خۆیانەوەن و ژوورە جوانەکە کەسی تیا نییە.

لێرەوە خراپتێگەیشتنی پڕ لە ئازار و دڵتەزێن دەست پێ دەکات. میلینا، تۆ گلەیی و گازندەی ئەوەتە کە هەندێک لە نامەکان چەند دەیانهێنی و دەیانبەیت هیچیان تیا نادۆزیتەوە، ئەگەر هەڵە نەبم ئەم نامانە هەر هەمان ئەو نامانەن کە من تیایاندا ئەوەندە هەستم بە نزیکی لە تۆوە کردووە، تا ڕادەی ئاشنابوونی دڵ و گیانم بە دڵ و گیانت، بە ئەندازەی قووڵایی دارستان، یان ئاسوودە لەوپەڕی ئاسوودەییدا کە ئیتر پێویست بە وتنی هیچی تر ناکات بێجگە لەوەی کە لەو بەرزییەوە لەنێو گەڵای درەختەکانەوە لە ئاسمانی شین بڕوانیت، ئەمەندە و بەس، تا ساتێکی دی هەموو شتێک دووبارەبوونەوەی ئەم ڕاستییەیە، ئەمەیش زۆر نابات، ناگاتە ئەو چرکەساتەی شەپوورەکانی شەوی بێخەوی دیسانەوە دەنگیان لێ بەرز دەبێتەوە.

میلینا، دەبێت تۆ ئەوەیشت لە بەرچاو بێت کە لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت دەکەیت، من سەفەری ٣٨ ساڵیم تێپەڕاندووە (لەبەر ئەوەیش کە جوولەکەم، سەفەرەکە زۆر درێژترە) ئەگەر بە ڕێکەوت کەسێکی وەک تۆ کە هەرگیز چاوەڕێی بینینیم نەکردووە، یان لانی کەم زۆر درەنگتر لەو کاتە ناسیومە کە دەبوو بیناسم، ئەگەر تووشی یەکێکی وا هاتبم، ئەوە نە دەبێتە هۆی خرۆشاندنی من، نە لە ناوەوەی منی (دڵ بریندارا‌دا) خرۆشێک هەیە، نە دەبێتە هۆی ئەوەی دووسەد قسەی هیچ و گەوجانە بکەم. ئیتر هیچ شتێکی لەو بابەتانە لای من نییە (بێگومان من باسی ئەو هەموو گەوجایەتییانەی تری خۆم ناکەم کە لە ژمارە نایەن) لە ڕاستیدا کاتێک خۆم دەبینم چۆن لە بەردەم تۆدا بە چۆکدا هاتووم، لەوانەیە تەنیا لەبەر ئەوە بێت کە من

دووربەدوور پێی تۆ هەر تەواو نزیک بە چاوی خۆم دەبینم و دەستی نازیان بەسەردا دێنم.

**میلینا**، تۆ داوای دڵسۆزی لە من مەکە، لە خۆم زیاتر کەس ناتوانێت داوای ئەوەم لێ بکات، لەگەڵ ئەمەیشدا ئای چەند زۆرن ئەو شتانەی دەستخەڕۆم دەکەن. بڕوام بەمە هەیە و ڕەنگە هەموو شتێک بتوانێت دەستخەڕۆم بکات. ئەگەر بۆ ڕاوکردنی ئەم نێچیرە توانا بە دڵم بدەیت، دڵم بەهێز نابێت، بە پێچەوانەوە، لەم حاڵەتەدا ئیتر توانای هەنگاونانێکم نامێنێت، لەپڕێکدا هەموو شتەکان دەبنە درۆ و ڕاوچی دەبێت بە نێچیر، من لەسەر ئەم ڕێگە پڕ لە مەترسییەدام.

**میلینا**، تۆ ڕاستوڕەوان بە بەژنێکی زرافەوە لەپاڵ درەختێکدا وەستاویت، گەنج و جوانیت، تیشکی چاوەکانت دنیای پڕ لە دەرد و ئازار دەستەمۆ دەکات. ئێمە یاریی حەمە گورگە[25] دەکەین، من لە پەناوە لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر دەچم و ڕێ بەرنادەم، تۆ بانگم دەکەیت، مەترسییەکانم وەبیر دێنیتەوە، هەوڵ دەدەیت ورەم بەرز بکەیتەوە، یادەوەری مەترسییەکان و هەوڵی دنەدانم ئاهەنگی سستیی هەنگاوەکانم لە واقوڕمان و سەرسامیدا خامۆش دەکات. من خۆم ناگرم، هەرەس دێنم و پێشتر پلکاوەمەتە ناو خاکوخۆڵەوە، من توانای ئەوەم نییە لە یەک کاتدا گوێ لە تۆ و لە دەنگی ترسناکی دەروونی خۆم بگرم، وەلێ دەتوانم گوێ لەمەی دووەمیان بگرم و بە ئەمانەت ڕادەستی تۆی بکەم، تەنیا تۆ و کەسی تر نا لەم دنیایەدا.

**ف کەت (lhr f)**

[25] یاریی حەمەگورگە یارییەکی منداڵانەیە، یەکێک خۆی دەکات بە گورگ، هەر کەسێکی گرت ئەو دەبێت بە گورگ.



Scanned with CamScanner

**مران ٦ی ژوین ۱۹۲۰ یەکشەممە**

میلینا، پەیامی نامە دوولاپەڕەییەکەت لە دڵێکی لەتوپەتەوە ڕسکاوە (ئەوەی نووسیوتە بەم مانایەیە tomene rozboelo[٢٦] ئەمەیش تاوانی منە (تاوانی من بەرانبەر بە تۆ)، قسەکە هێند ڕوون و سەرکێشانە کراوە، وا دەزانیت نەک بەر دڵ دەکەوێت، بەڵکو قامچییە و لە پۆلا دەدرێت. تۆ دەتەوێت ئەمە زۆر بە ڕوونی دەرببڕیت، لە کاتێکدا ئەمە لێکدانەوەیەکی خراپی دەربڕینێکی منە، چونکە ئەو کەسانەی بە لای منەوە جێی پێکەنینن، لای تۆیش هەروان. بۆیە: من بوومەتە دیوار لە نێوان تۆ و (ئەو کەسانەی باسیان دەکەیت) ئەو ڕستەیەی ئەم مانایەی لەخۆ گرتبێت، کوا؟ من چۆن دەمتوانی بۆچوونێکی وا بێمانا بڵێم؟ من کێم تا داوەری بەسەر خەڵکەوە بکەم؟ منێک لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاوسەرگیری، کار، بوێری، فیداکاری، بێگەردی، ئازادی، خۆبژێوی، ڕاستودروستی، ئەوەندە لە خوار هەردووکتانەوە (تۆ و خەڵکی ڕەمەکی)م، تەنانەت بیرلێکردنەوەی ئازارم دەدات. ئەی من کەی ئەوەندە بوێر بووم پێشنیاری هاوکاریکردنت بۆ بکەم؟ با بڵێین پرکێشم کردبێت، بەڵام کەی من دەرەقەتی ئەو کارە دێم؟ ئیدی پرسیارکردن بەسە پرسیارەکان لە دنیای ژێرزەویی خۆیاندا لە خەوی خۆشدان، بۆچی بە ئەفسوون بیانخەینە بەر هەتاو و ئاشکرایان بکەین؟ پرسیارەکان خۆڵەمێشی و بەپەژارەن و پرسیارکەریش وا لێ دەکەن. مەڵێ دوو سەعات ژیان لە دوو لاپەڕە نووسین زیاترە، نووسین لاوازترە، بەڵام ڕووناکترە، هەر لەبەر ئەوەیە ئەو دڵە لەتلەتکراوەی کە من وتوومە ئەو بە هەڵە دەریبڕیوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم دوو پەیامە ڕووی لە منە و منیش بێتاوان نیم، سەیر ئەوەیە تاوانی من لەو شوێنەدایە کە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو "نا" یان بەردەوامدایە.

---

[٢٦] بە زمانی چیکی واتا: دڵی بریندار کردووم.

پاشان نۆره گەیشته سەر تەلگورافه شیرینەکەت، ئاسوودەییەکی دژی شەو، شەوی دوژمنی دێرین (کە دوژمنەکە وەک پێویست بەهێز نییە، خەتاکە لە تووە نییە، بەڵکو لە شەوەوەیە، ئەم شەوانەی دەگوزەرێن دەتوانن تا ڕادەیەک مرۆڤ لە شەوی ئەبەدی بترسێنن)، هەرچەندە تەلگورافەکەت ئارامی و دڵنیاییەکی زۆری تیایە، بەڵام لە یەکەیەک دەچێت کە ئەو دوو لاپەڕە پەیامەیشی لەخۆ گرتبێت. بەم حاڵەوە تەلگورافەکە سەربەخۆیە و ئاگاداری پەیامەکە نییە، وەلێ **میلینا**، دەتوانم لە بارەی تەلگورافەکەوە بڵێم، ئەگەر من بە چاوپۆشین لە هەر شتێکی دی بهاتمایە بۆ **ڤیەننا** و تۆ ئەو پەیامەت بۆ من بخوێندایەتەوە (کە وەک پێشتر وتم ئەو پەیامە بە تەنیشتمدا تێناپەڕێت، بەڵکو بە ویژدانەوە دەیڵێم ڕاستەوخۆ و بە هەموو توانایەوە بە سەروچاومدا دەکێشێت) تەنانەت ئەگەر بە دەم نەتوتایە و تەنیا بیرت لێ بکردایەتەوە و بە نیگایەک، یان پێچی ماسوولکەیەک دەڕۆشت و هیچ نەبێت دەبوو بە هەستێک، ئەو کاتە من لەپەوڕوو بەسەرزەویدا دەکەوتم، دوای ئەوە تۆ چەند هەوڵت بدایە دڵم بدەیتەوە، دڵدانەوەکەت نەیدەتوانی وەک پێشوو ڕاستم بکاتەوە و ئەگەر وایش نەبوایە، دۆخێکی خراپتر پێش دەهات، تێدەگەیت **میلینا**؟

**(ف) تۆ**

**مران ٣٠ مەی ١٩٢٠**

**میلینا** تۆ چەند لە سروشتی مرۆڤ شارەزایت؟ پێشتر من چەند جارێک هەر گومانم لەو شارەزاییەی تۆ هەبووە، بۆ نموونە ئەوەی دەربارەی **ڤرێل** نووسیبووت. ئەگەرچی ڕوانینی تۆ تەنیا لە دیدی خۆشەویستییەکی ڕووتەوە بوو، بەڵام لە خۆشەویستییەکەتدا هەڵە



Scanned with CamScanner

بوویت. ئەگەر یەکێک لە هەموو شتێکی **ڤرڤل** ببوورێت و تەنیا ڕەخنەی ئەوەی لێ بگرێت کە قەڵەوە، دیسان ئەو کەسەیش ئاگای لەوە نییە کە تەنیا قەڵەوەکان جێگەی متمانەپێکردنن (ڕاستە من **ڤرڤل** هەر ئاوا بە ڕێکەوت دەبینم، بەڵام ئەو ساڵبەساڵ لە بەرچاومدا جوانتر و خۆشەویستتر دەبێت) تەنیا لەم جۆرە مەنجەڵ قەراخئەستوورانەدا شت باش دەکوڵێت. ڕەنگە تەنیا ئەو سەرمایەدارانە لە شێتی و ئاڵۆزی بەدوور بن کە خاوەنی دۆخێکی لەو بابەتەن و کاریان لەسەرخۆیە. وەک دەڵێن تەنیا ئەوانەیشن وەک هەر هاوولاتییەکی دنیا بەرهەمهێن و سوودبەخشن، چونکە گەرمایی بە باکوور دەبەخشن و سێبەریش بە باشوور (دەتوانین پێچەوانەی ئەمەیش بڵێین، بەڵام ئەوە بۆ ئێرە ڕاست نییە).

دەربارەی زایونیزم پرسیوتە کە ئایا من جوولەکەم؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە تەنیا بۆ گاڵتە بێت. ڕەنگە مەبەستت ئەوە بێت کە ئایا من لە جوولەکە ترسنۆکەکانم یان نا؟ بە هەرحاڵ لەبەر ئەوەی تۆ ژنێکی دانیشتووی **پراگ**یت ناتوانیت بە ئەندازەی **ماتیلد**[27]ی هاوسەری **هاینە**[28] بێتاوان بیت، ڕەنگە تۆ چیرۆکەکە نەزانیت. لەوانەیە من قسەی گرنگترم بۆ تۆ پێ بێت. بێجگە لەمە، من نەک لەبەر خودی چیرۆکەکە، بەڵکو بە گێڕانەوەکەی بۆ تۆ زیان بە خۆم دەگەیەنم. هەرچۆنێکە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە تۆ شایانی ئەوەیت قسەی خۆشم لێ ببیستیت (....)[29] **مایسنەر**[30] شاعیری **ئەڵمانی** کە خەڵکی بوهەیمە و جوولەکە نییە، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی کە **ماتیلد** ڕاهاتبوو بە

---

[27] Mathilde Heine

[28] Henrich Heine

[29] لە دەقە ئەڵمانییەکەدا چوار وشە لێرەدا ناخوێندرێنەوە.

[30] Alfred Meisner (١٨٢٢ - ١٨٨٥) ئەو چیرۆکەی ئاماژەی پێ داوە لە کتێبی (بەسەرهاتی ژیانم)ی ئەلفرید مایسنەردا هاتووە. **کافکا** ئەزی حەز بە خوێندنەوەی ژیاننامە و سەفەرنامە و یادەوەرییە تایبەتییەکان کردووە.

هێرش بردنە سەر **ئەڵمانی**یەکان ئازاریان بدات. **ماتیلد** دەیگوت **ئەڵمان**ەکان میللەتێکی بەدڕەفتار، خۆبەزلزان، هەقبەخۆدەر و ڕەخنەگرن، دڕ و خۆسەپێن و بە کورتی میللەتێکن هەرس ناکرێن. لە ئەنجامدا ڕۆژێک **مایسنەر** وتی: "بەڵام تۆ هەر **ئەڵمانی** ناناسیت، ئاخر **هانری** تەنیا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیدا سەروەدەرەی هەیە. هەموو ڕۆژنامەنووسانی **ئەڵمانی** کە لە **پاریس** دەژین، جوولەکەن". **ماتیلد** وتی: "ئا! تۆ زیادەڕۆیی دەکەیت. ڕەنگە یەکێک لەوانەی ڕایکردووە، جوولەکە بێت، بۆ نموونە **سایفەرت** لەنێو ئەوانەدا بێت". **مایسنەر** وتی: "نا، ئەو تاقە کەسێکە جوولەکە نەبێت و لەناویاندا بێت". **ماتیلد** وتی: "چی؟ تۆ دەتەوێت بۆ نموونە بڵێیت جیتل (کە پیاوێکی باڵابەرز و بەتوانا و سپیپێست و مووزەردە) جوولەکەیە؟" **مایسنەر** وتی: "بێگومان" - "باشە ئەی **بامبەرگەر**"[31] چۆن؟" "ئەویش هەر وا" - "بەڵام **ئەرنستاین**"[32]- "ئەویش هەر وا" بەو جۆرە ناوی یەکبەیەکی هاوڕێکانی خۆیانیان هێنا. لەدواییدا **ماتیلد** بە هەڵچوونەوە وتی: "تۆ دەتەوێت ئازارم بدەیت، پاشان بانگەشەی ئەوەیش بکەیت کە تەنانەت **کۆهین**یش[33] ناوێکی جوولەکانەیە. بەڵام خۆ **کۆهین**یش ئامۆزای **هانری**یە و **هانریش لۆتەر**یکە بۆ خۆی"[34]- لێرەوە ئیتر **مایسنەر** قسەی پێ نەما. بە هەرحاڵ وا دەردەکەوێت تۆ بەرانبەر جوولەکە چ ترسێکت لە دڵدا نەبێت. ئەمەیش بە بەراورد لەگەڵ جوولەکەی نەوەی نوێ و نەوەی پێش ئەواندا جۆرێک لە ئازایەتی و قارەمانییە (با واز لە گەمە بێنین) ئەگەر کچێکی سادە بە خزم و کەسوکاری بڵێت: "لێمگەڕێن

---

[31] Herr bambegar
[32] Ludwig Aranstein
[33] Herr Kohn
[34] پەیڕەویکردنی مارتین لۆتەر Martin Luther زاراوەیەکی ئایینی مەسیحییە.



Scanned with CamScanner

بچمە لای جوولەکەکان". ئەوە شتێکی کردووە لەوە مەترسیدارتر کە خانمی ئۆرلیان[35] وازی لە کەسوکار و وڵاتەکەی هێنابێت.

ڕەنگە تۆ لەبەر ترسنۆکییە تایبەتییەکەیان سەرزەنشتی جوولەکە بکەیت، بەڵام ئەم جۆرە سەرزەنشتکردنە زیاد لەوەی بەرئەنجامی ناسینێکی کردەیی سروشتی مرۆڤ بێت، بەرئەنجامی جۆرێک لە ناسینی تیۆری مرۆڤە (سەرزەنشتیی لەو بابەتە) زیاتر تیۆرییە. لەبەر ئەوە پێش هەر شتێک لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەکانی پێشووی خۆت دەربارەی مێردەکەت، دووەمیش بەپێی ئەزموونی خۆم دەربارەی زۆربەی جوولەکە، ئەوە هەرگیز ڕاست نییە. سێیەمیش تەنیا جوولەکە پەراوێزخراوەکانی وەک خۆم، نموونەیەکی دیاری ئەو ترسەین (ترسێکی زۆریش) بەوپەڕی سەرسامییەوە دەتوانین بڵێین ئەم سەرزەنشتکردنە هەرگیز ڕاست نییە. ئەو هەلومەرجە ترسناکەی جوولەکە لەناو خۆی و خەڵکی تردا هەیانە، گومان بۆ ئەوە ناهێڵنەوە کە هەقی ئەوەیان هەبێت خۆیان بە خاوەنی هەموو ئەو شتانە بزانن کە لە بەردەم و دەستیاندایە، هەروەها مافی ئەوەیشیان هەبێت خۆیان بە تاقە خاوەنداری ئەو شتانە بزانن کە تەنیا ئەو خاوەندارییەتییەی بەدەستیانهێناوە مافی ژیانیان پێ دەبەخشێت و ئەوەی جارێک لەدەستیانداوە نابنەوە بە خاوەنی، بەڵکو لەباتی ئەوە (جارێکی تر بەدەستهێنانەوەی مافە خوراوەکانیان) وردەوردە و بۆ هەمیشە لەدەستیان دەردەچێت.

جوولەکە لە شوێنێکەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت و مەترسیی لەسەرە کە هەرگیز چاوەڕێ ناکرێت. با بێپەروا و ڕوونتر پێت بڵێم، جوولەکە بە هۆی هەڕەشەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت. نموونەیەکیان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە تۆوە هەیە. لە ڕاستیدا کاتێک من (هێشتا

---

[35] The maid of Orleans هەمان (جاندارک)ی خانمی فەرەنسییە کە بەهۆی ڕەخنەگرتن لە کڵێسا بە زیندوویی سووتاندیان، ئێستا لە فەرەنسادا وەک قارەمانێکی میللی لەقەڵەم دەدرێت.

زۆر کەم تۆم دەناسی) بڕیارم دا لەو بارەیەوە هیچ نەڵێم، بەڵام ئەنووکە بۆ وەبیرهێنانەوەیت پەشیمان نیم، چونکە ئیتر بۆ تۆ تازە نییە. وەلێ خۆشەویستیی کەسوکار، ئەو نامە و وردەکارییانەی (لەبەر ئەوەی ئیتر نایانناسم، نایەنەوە بیرم) ئەوەت بۆ دەردەخەن. بڕیار بوو خوشکی هەرە بچووکم[٣٦] لەگەڵ مەسیحییەکی چیکیدا زەماوەند بکات. کاتێک ئەو پیاوە قسەی لەگەڵ خزمێکی تۆدا کردووە کە دەیەوێت کچێکی جوولەکە بخوازێت، وەڵامەکەی بەم جۆرە بووە: "نەکەی، هەرچییەک دەکەی، ئەمەیان نا". هەموو کارێکی تر لەوە چاکترە کە تێکەڵ بە جوولەکەدا بیت! ئینجا بیری لێ بکەرەوە میلیناکەم...

دەمەوێت بەم قسانە بەرەو کوێت بەرم؟ کەمێک لە مەبەستەکە دوورکەوتمەوە و ڕێگەکەم ون کرد، وەلێ کێشە نییە، چونکە لەوانەیە تۆیش کەوتبیتە دوام و ئێستا هەردووکمان وێڵ بین.

جوانیی وەرگێڕانەکەت لە وەفادارییەوەیە بۆی (بە هەموو تواناتەوە دەتوانیت لەسەر وشەی ((وەفاداری)) ڕەخنەم لێ بگریت. هەرچی دەکەیت بیکە، بەڵام باشترین کارێک ئەنجامی بدەیت ئەو ڕەخنەگرتنەیە. من پێم خۆشە قوتابیت بم و بەردەوام هەڵە بکەم تەنیا بۆئەوەی ڕەخنەم لێ بگریت. مرۆڤ لەسەر کورسیی قوتابخانە دادەنیشێت و بە زەحمەت دەتوانێت بۆ چاوتروکانێکیش سەر بەرزبکاتەوە. تۆ خۆت بەسەرمدا چەماندووەتەوە و بەردەوام قامکی ناڕازیبوونت بەسەر سەرمەوەیە. ئایا وا نییە؟) خاسە، ئەم وەفادارییەی (تۆ) و سوودوەرگرتنی من لێی کە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ناکۆتا (ئەمە بەڵگەی ڕستەی ناکۆتای منە، ئایا تۆ لای

---

[٣٦] Ottilie یان Ottla خوشکی بچووکی کافکا. تاقە کەسێکی ناو خێزانە کە هەمیشە چاودێریی لە براکەی کردووە. لە ١٥ی ژوڵای ١٩٢٠دا لەگەڵ ئەوەیش کە دایک و باوک و کەسوکار قایل نەبوون لەگەڵ دکتۆر جوزێف دوید (١٨٩١- ١٩٤٢) کە کاسۆلیک بوو، زەماوەندی کرد. تەنیا کافکا بەرگریی لێ کرد.



Scanned with CamScanner

خـۆتەوە تـا ئێسـتا ئەمەت دەستنیشـان کـردووە؟) تـا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ناکۆتا (تۆ دەڵێیت تەنیا دوو مانگ) دەستم گرتوویت و بەرەو دالانەکانی ژێرزەمینە تاریک و ناخۆشەکەی چیرۆکت بەکێش دەکەم. هیـوادارم لە کـاتی چـوونەدەرەوەدا لەبەر خـۆرێکی ڕووناکدا بین.

وەبیرخسـتنەوەیەک بـۆ حەسـانەوەی ئەمـڕۆ. بـۆ ئەوەی ئەمـڕۆ هەر لێرەوە، ئەو دەسـتانەی هـۆی بەخـتەوەریمن، بیـانکەمەوە، سـبەینێ دیسـانەوە نـامە دەنووسـم و ئەوەیـش ڕوون دەکەمەوە کە تـا ئەو شوێنەی خۆم دەتوانم دەستەبەری بکەم، توانـای هـاتنە ڤیەننام نییە. لەم لایەنەوە خۆم پێم خـۆش نییە، مەگەر ئەوە لە خـۆت ببیسـتم کە بڵێی: ئەو لەسەر هەقە.

(ف)کەت.

تکایە ناونیشـانەکە تۆزێک ڕوونتر بنووسـە. هەر ئەوەنـدەی نـامەکەت خستە نـاو زەرفەوە، ئیتر یەکسـەر دەبێت بە هـی مـن، بۆیە پێویستە لەگەڵ ماڵی خەڵکانی تردا باشتر ڕەفتار بکەیت، زیاتر بەرپرسیار بیت. هەروەهـا ئەو کـاریگەرییەم لەسـەرە -بـێ ئەوەی بتـوانم بە چـاکی ڕوونـی بـکەمەوە- وەک ئەوە وایە یەکێـک لە نامەکـانم ون بووبێـت. ترس و دڵەڕاوکەی جوولەکە! لەباتی ئەوەی ترسی ئەوەم هەبێت کە ئایا نامەکان بە سەلامەتی گەیشتوون!

هەنووکە پێم خۆشە هەر لەم بارەیەوە قسـەیەکی دەبەنگانە بکەم. لەو لایەنەوە دەبەنگانەیە کە من دەمەوێت شتێک بڵێم، هەرچەند ئەو شتە بە زیـانی مـن تەواو دەبێـت، بەڵام بە ڕاسـتی دەزانـم، کەچـی هێشـتا میلینا بـاس لە دڵەڕاوکـێ دەکـات، یەخەم دەگرێـت و دەپرسێـت: ئەو شتەی بە زمـانی چیکی، کێش و دەنگی هەر ئەو مانـایە دەبەخشێت

(Jste zid[۳۷]) ئایا سەرنجت داوە کە لە وشەی Jsteدا چۆن مستەکۆڵە دەچێتە دواوە بۆ ئەوەی هێز وەبەر خۆی بێنێتەوە؟ ئەوسا لە وشەی (zid)ەوە مشتە کتوپڕەکە بێ هەڵەکردن دێتە خوارێ. هەموو ئەمانە ئاستەنگییە لاوەکییەکانن کە بەردەوام زمانی **چیک** بەرانبەر بە گوێی **ئەڵمانی** هەیەتی، بۆ نموونە تۆ جارێکیان لێت پرسیم بۆچی لەبەر نامەیەک من لێرە مابوومەوە، خۆیشت خێرا وەڵامت دابووەوە (nechapu[۳۸]) ئەو وشەیە لە زمانی **چیکی**دا وشەیەکی سەیرە و کە لە دەمی تۆیش دێتە دەرێ، تایبەتمەندتر دەبێت. وشەیەکی زۆر تۆکمە و وشک و بێبەزەییە، بە چاوی سارد و خاڵییەوە، نینۆکوشک و لە هەمووی گرنگتر وەک قرچەقرچی چەرەزە لەژێر ددانداا. لە کاتی وتنی ئەم وشەیەدا سێ جار شەویلاگە لە یەکتر دەدەن و چاکتری بڵێین: بەشی یەکەمی وشەکە گرتنی چەرەزەکەیە، بەڵام نایگرێت، پاشان بە تەواوی بەشی دووەمی زار دەکاتەوە بۆ ئەوەی چەرەزەکەی تێبچێت، ئینجا بەشی سێیەمی چەرەزەکە دەشکێنێت. ئایا گوێت لە دەنگی ددانەکانە؟ لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر پێکەوەنووسانی لێوە لەدوای وشەکەوە. بە جۆرێک کە بەرانبەرەکەت ئەگەر ڕەخنەیەکی ڕاستییشی هەبێت، نەتوانێت هیچ بڵێت. نموونەکەی وەک ئەم چەنەبازییەیە کە ئێستا من دەیکەم. بۆیە ئەم چەنەبازە داوای لێبوردن دەکات "بەدەر لە هەر شتێک، کاتێک کەسێک بۆ تەنیا جارێکیش بێت بیەوێت دڵخۆش بێت، دەکەوێتە چەنەبازی".

بەڕاست ئەمڕۆ نامەم لە تۆوە پێ نەگەیشتووە. لە ڕاستیدا ئەوەی دەمویست لە کۆتاییدا بیڵێم، هێشتا نەموتووە، بۆ کاتێکی تر. زۆر زۆر حەز دەکەم سبەی هەواڵێکت بزانم. دوا وشە کە پێش لەدەرگادانەکە

---

۳۷ بە زمانی چیکی یانی (ئایا تۆ جوولەکەیت؟)

۳۸ بە زمانی چیکی واتا تێناگەم.



Scanned with CamScanner

له کـاتی دەرگـاداخرانەکە لە تـۆم بیسـت -هەمـوو لەدەرگادانێـک ترسناکە- زۆر ناخۆش بوو.

**(ف)کەت.**

**مران ۳۱ مەی ۱۹۲۰، دووشەممە**

هەنووکە باسی ئەو ڕوونکردنەوەیەت بۆ دەکەم کە دوێنێ بەڵێنم پێ دایت. من نامەوێت (**میلینا**، یارمەتیم بدە، لەوە زیاتر تێبگە کە من پێتی دەڵـێم) مـن نامەوێـت (ئەمە زمـانگرتن نیـیە) بـێم بـۆ **ڤیەننـا**، چـونکە بەرگەی کێشمەکێشـی ڕۆحـی[39] نـاگرم. نەخۆشـییەکەی مـن ڕۆحییە. نەخۆشیی سییەکانم، بێجگە لە نەخۆشیی ڕۆحی، هیچی تر نییە. ئەو چـوار پێـنج سـاڵەی دوو جـار دەزگیرانـدار بـووم، تووشـی ئەو نەخۆشییە ڕۆحییەی کردم (لە سەرەتادا توانای ئەوەم نەبوو ڕوونی بکەمەوە کە نامەکەت چ خۆشی و شادییەکی تێدایە. تەنیا لەدواییدا لە مەبەسـتەکە گەیشـتم. پاشـان بەردەوام لە بیـری دەکەم. بەدەر لە هەمـوو شتێک، تۆ زۆر گەنجیت. ڕەنگە هێشتا تەمەنت نەگەیشتبێتە (۲۵) ساڵ. لەوانەیە (۲۳) ساڵ بیت. من (۳۷) ساڵم. (نزیکەی ۳۸ ساڵ) بە ئەنـدازەی نەوەیەکـی لاو لە تـۆ پیرتـرم. تـا ڕادەیەک سەرئێشـە و شـەوانی بەسـەرچوو هەمـوو قژیـان سـپی کـردووم. نامەوێـت ڕووداوێکـی درێـژ لەگەڵ تـۆدا بـاس بـکەم کە لەنـاو بێشـەی ڕاستیی وردەکارییەکانـدا تـا ئێسـتایش وەک منـداڵێک دەمترسـێنێت. بێجگە لە تـاقە جیـاوازییەک کە مـن وەک منـداڵ توانـای فەرامۆشـکردنیم نییە. نـوختەی هاوبەشـی هەرسـێ دەزگیرانـدارییەکەی مـن لەوەدایە کە هەموو شتێک تاوانی من بوو. بێ هـیچ گومـان و دوودڵییەک، من لە گشت لاوە تاوانبارم. هەردوو کـچەکەم بەدبەخـت کـرد -لێرەدا تەنیا

---

[39] ئەمە یەکەم پەرچەکرداری کافکایە بەرانبەر پێشنیازی **میلینا** کە لە **ڤیەننا** یەکتر ببینن.



Scanned with CamScanner

دەربارەی کچی یەکەم قسە دەکەم و ناتوانم دەربارەی دووەم هیچ بڵێم، چونکە ئەو گەلێک هەستیارە و هەر قسەیەک، چەندە لە خۆشەویستییشەوە بێت، تووشی ترسناکترین دڵشکانی دەکات- شتێک کە من پێی گەیشتووم و لە ڕاستیدا هەر بە هۆی ئەویشەوە زانیومە (ئەگەر فشارم بخستایەتە سەری لەوانەبوو خۆی بکات بە قوربانی) ئەوەی زانیومە ئەوەیە هەرچەندە من هەمیشە و بە ڕەزامەندییەوە لەوەم دڵنیا کردبوو کە دەیهێنم، ئەگەرچی هەندێک جار خۆشەویستییەکی نائومێدانەم بۆی هەبووە. بەگشتییش هیچ شتێک بەقەدەر هاوسەرگیرییەتی بە پێویست نازانم، کەچی لەگەڵ ئەمانەیشدا نەمتوانی بەردەوام دڵخۆش و شادمان و بڕیاردەر و شیاوی هاوسەرگیرییەتی بم. من نزیکەی پێنج ساڵ ئەوم تێکشکاند. (یان ئەگەر تۆ پێت خۆشە با بڵێم ئەو منی تێکشکاند) خۆشبەختانە ئەو لەو کچانە بوو کە نازانن تێکشکان یانی چی، ئەو پێکهاتەیەک بوو لە جووڵەکە و پرۆسی. تێکەڵەیەکی بەهێزی لەشکستنەهاتوو. من ئەو دەسەڵاتەم نەبوو ئازاری لەگەڵدا بکەم بە دوو کەرتەوە، چونکە خۆم تێکشکابووم و ئازارم دەچەشت.

ئیتر بەسە و ناتوانم بنووسم. توانای ڕوونکردنەوەی زیاترم نییە. هەرچەندە تازە دەستم پێ کردووە، ئەگەرچی دەبوو باس لە نەخۆشییە ڕۆحییەکەی خۆم بکەم. دەبوو بەڵگەی تری نەهاتنەکەی ڤیەننامت بۆ باس بکەم. تەلگورافێک گەیشتووە: "شوێنی بەیەکگەیشتن کارلسباد، هەشتی مانگ" ددانی پێدا دەنێم، ئەو کاتەی کردمەوە دەموچاوێکی ترسناکی هێنایە بەرچاوم. هەرچەندە لەپشت ئەو دەموچاوەوە، خاکیترین و هێورترین و شەرمنترین بوونەوەر خۆی حەشاردابوو. ئەگەرچی هەمووی بە ویستی دڵی خۆم بوو. ئێستا لە توانامدا نییە ئەمە ڕوون بکەمەوە، چونکە ناتوانم بگەڕێمەوە سەر باسی نەخۆشییەکەم. لەم چرکەساتەدا گومانی تیا نییە کە ڕۆژی دووشەممە ئێرە بەجێ دەهێڵم. هەندێک جار تەماشای تەلگورافەکە



Scanned with CamScanner

دەکەم و ناتوانم بە ئاسانی بیخوێنمەوە. دەڵێی کۆدێکی نهێنیی لەژێردا نووسراوە کە نووسینەکەی سەرەوە ڕەش دادەگیرێت و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە: بە ڕێگەی ڤیەننادا سەفەر بکە، فەرمانەکە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بێ ئەوەی ئاسەوارێکی ترسناکی فەرمانی تیابێت. من ئەو کارە ناکەم. تەنانەت لە دیدێکی واقیعبینییەوە، بڕینی ڕێگەیەکی دووورودرێژ بە لینتزدا[40] ئینجا تەنانەت لەویش دوورتر، واتا لە ڤیەنناوە کارێکی بێمانایە. لە کاتێکدا کە دەتوانیت سەفەرێکی کورت لە ڕێی میونیخەوە بکەیت. من بەتەمای ئەزموونێکم: چۆلەکەیەک لە بالکۆنەکەدایە، چاوەڕێی منە لە پشت مێزەکەوە وردەنانێکی بۆ هەڵدەمە بالکۆنەکەوە، کەچی لەباتی ئەوە، نانەکە لە نزیک خۆمەوە، واتا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنێم، چۆلەکەکە لە دەرەوە وەستاوە، لەو شوێنە نیمچەتاریکەدا تەماشای ئەو خواردنە دەکات کە ژیانی پێ دەبەخشێت. بە دوودڵییەوە خۆی ڕادەوەشێنێت. چۆلەکەکە زیاتر لە ژوورەوەیە، نەک لە دەرێ، بەڵام ئێرە تاریکە و لەپاڵ نانەکەیشدا هێزێکی شاراوە هەیە کە منم. لەگەڵ ئەوەیشدا چۆلەکەکە بەرەو بەردەم دەرگاکە بازبازێنیەتی. چەند جارێکی تر دێت و دەچێت، بەڵام ناوێرێت لەوە زیاتر تێپەڕێت و لەپڕێکدا بە ترسێکی زۆرەوە دەڕوات. وەلێ ئەم باڵندە وردیلانەیە چەندە تەژییە بە هێز و توانا! دوای چرکەساتێک، دیسانەوە دێتەوە، بۆ هەڵسەنگاندن ئەملا و ئەولایەک دەکات. بۆ ئەوەی کارئاسانیی بۆ بکەم، وردەنانی زیاتری بۆ دەهاوێژم، ئەگەر بەدەستی ئانقەست یان نائەنقەست (هێزە نهێنییەکان وا کار دەکەن) بە جوولەیەکی کتوپڕ دوورمنەخستایەتەوە، نانەکەی دەستدەکەوت.

لە ڕاستیدا مۆڵەتەکەی من لە کۆتایی مانگی ژوئندا تەواو دەبێت و لەو بەینەدا (لێرە خەریکە هەوا گەلێک گەرم دەبێت، کە بێگومان ئەمە زۆر

---

[40] Linz لینز یان لینتز شارێکە لە باکووری ئەڵمانیا و لە کەناری دانوبدا.

ئازارم نادات) حەز دەکەم لە شوێنێکی دەرەوەی شاردا کات بەسەر بەرم. ئەویش[41] دەیەوێت بڕوات. لە ئێستادا بڕیارمان وایە لەوێ بەیەک بگەین. من چەند ڕۆژێک دەمێنمەوە و لەوانەیە چەند ڕۆژێکیش لە **کنستانتینزباد**[42] لەگەڵ دایک و باوکم بەسەربەرم و دوایی بگەڕێمەوە بۆ **پراگ**. کە بیر لەم سەفەرانە دەکەمەوە و لەگەڵ باری سەرمدا دەکەومە بەراورد، هەستێکی **ناپلیۆنی**م تێدەگەڕێت، ئەو لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆ شەڕی **ڕووسیا**، لە بەراییدا ئەنجامی شەڕەکەی بە چاکی دەزانی.

ماوەیەک لەمەوبەر کە یەکەم نامەی تۆم پێ گەیشت، وا دەزانم کەمێک پێش زەماوەندە بەرنامەبۆداڕێژراوەکە بوو (لە ڕاستیدا بەرنامەکان تەنیا خۆم جێبەجێم دەکردن) دڵم خۆشبوو. نامەکەتم پیشانی ئەو دا. دوای ماوەیەک -نا، شتێکی تر نا، بۆ دووەم جار نامەکە نادڕێنم، لەوە دەچێت کەسایەتیی ئێمە لە یەکەوە نزیک بێت- تەنیا لەوەدا نەبێت کە دەستگەرمکەرەوەیەکم نییە، بۆیە تا ڕادەیەک بە هەندێک بەڵگە ترسی ئەوەم هەیە جارێک لەپشت یەکێک لەو نامە تەواونەکراوانەوە کە بۆتم نەناردووە، نامەیەکم بۆ ئەو کچە ناردبێت.

بەڵام هیچ لەمانە گرنگ نین، تەنانەت ئەگەر تەلگورافیش نەبوایە، من هەر توانای هاتنە **ڤیەننا**م نەبوو. بە پێچەوانەوە، خودی تەلگورافیش تا ڕادەیەک لە قازانجی سەفەرەکەدایە. من هەرگیز نایەم، بەڵام لە لایەکی ترەوە (کە شتی وا نابێت) ئەگەر بە جۆرێکی زۆر سەیر خۆم لە **ڤیەننا** بینییەوە. لەو حاڵەدا نە پێویستم بە نانی بەیانییە، نە ئێوارە، بەڵکو پێویستم بە تەختێکی نووستنە کە بۆ چرکەساتێک لەسەری ڕابکێشم. خوات لەگەڵ. لای من بەسەربردنی هەفتەیەک لەوێ کارێکی ئاسان نییە.

-ف-

---

[41] ڕەنگە مەبەستی دەزگیرانی دووەمی بێت.

[42] Konstantinsbad

ئەگەر پێت خۆشبوو چەند وشەیەکم بۆ بنووسیت، ناونیشانی من کارلسبادە. ناگاتە دەستم، نا مەینووسە تا نەگەمەوە **پراگ**.
ئەو قوتابخانەیەی تۆ وانەی تیا دەڵێیتەوە جێگەی چەند قوتابیی تیا دەبێتەوە؟ ٢٠٠ قوتابی؟ یان ٥٠ قوتابی؟ منیش حەزم دەکرد لە ڕیزی دواوەی ژوورەکە بۆ سەعاتێک لەپاڵ پەنجەرەیەکدا بوومایە. لەو حاڵەتەدا بۆ هەر بڕیارێکی یەکتربینین چاوپۆشیم لێ دەکردیت (هەرچەندە ئەو دیدارە بەدی نایەت) ئیتر بەسە. ئەم کاغەزە سپییە بێکۆتایە چاوی مرۆڤ دەسووتێنێت و هەر لەبەر ئەوەیشە کە مرۆڤ دەنووسێت.
پاشنیوەڕۆ بوو، وا ئێستا سەعات بەرەو یانزە دەچێت. لەم چرکەساتەدا من ئەوەندەی کرابێت کارەکانم ئەنجام داوە. تەلگورافم بۆ **پراگ** کردووە کە ناتوانم بێم بۆ **کارلسباد**. من دەمەوێت ئەم مەسەلەیە بکەمە ناونیشانی بارێکی ناجۆر و ڕوونی بکەمەوە، کە ئەمە لە ڕوویەکەوە ڕاستە و لە لایەکی ترەوە گەلێک نەگونجاوە، چونکە بەڕاستی هەر لەبەر ئەو دۆخە نالەبارە بوو کە پێشتر بڕیارم دا سەفەر بۆ **کارلسباد** بکەم. بەم جۆرە من لەگەڵ مرۆڤێکی زیندوودا یاری دەکەم.[٤٣] هیچی ترم لەدەست نایەت، چونکە لە **کارلسباد** نە دەمتوانی قسە بکەم و نە بێدەنگ بم. ڕاستتری بڵێم تەنانەت لە کاتی بێدەنگییشدا هەر قسەم دەکرد. لەبەر ئەوەی لەم چرکەساتەدا من هیچ نیم بێجگە لە تاقە وشەیەک. لەگەڵ ئەمانەیشدا من هەرگیز سەفەری **ڤیەننا** ناکەم، بەڵام ڕۆژی دووشەممە بەرەو **میونیخ** دەچم. بۆ کوێ؟ نازانم، **کارلسباد**، **مارین باد**، بە هەرحاڵ بە تەنیا. نامەت بۆ دەنووسم (ڕەنگە) تا سێ هەفتەی تر تەنیا لە **پراگ** نامەی تۆم پێ بگات.

---

٤٣ مەبەستی ئۆلی فریزک (یان فریچک)ە، کە دەزگیرانی دووەمی کافکایە.



Scanned with CamScanner

**مران ٥ی ژوون ١٩٢٠ شەممە**

بەردەوام ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم تۆبڵێی تۆ لەوە گەیشتبیت کە بە هۆی چوارچێوەی بیرکردنەوەی منەوە دەبێت بە ناچاری وەڵامەکانم ئەوە بن کە ئێستا هەن. بەڵێ وەڵامێکە لە ڕادەبەدەر لەسەرخۆ، لە ڕادەبەدەر فریودەرانە، لە ڕادەبەدەر تەبا و سەرنجڕاکێشیش (بە ناچاری وا بوو) هەموو کاتێک، شەو و ڕۆژ لە وەڵامدانەوەی تۆدا لەرزم لێ دێت و ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم. نائومێدانە ئەم پرسیارە بە جۆرێک لە خۆم دەکەم کە وا دەزانیت بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو، بێ ئەوەی هیچ شەوێکی لێ ببوێریت، فەرمانم پێ دەکرێت مێخێک بە بەردێکدا دابکوتم، کە لە یەک کاتدا هەم چەکوشوەشێنەکەم و هەم خودی مێخەکە. **میلینا**! ئەوە پروپاگەندەیە، باوەڕ ناکەم ئەمشەو بە هۆی مانگرتنەوە پەیوەندیی ڕێگەی ئاسن لەگەڵ **تیرول**[٤٤]دا ببڕێت.

– ف –

**مران ٥ی ژوون ١٩٢٠**

نامەکەت گەیشت. بۆنە خۆشەکەیم بەسەردا هات. زیاد لە هەر شتێکی تر، ئەم نامەیە (کە تەنیا مەبەستێکی سەرەکیی تیایە) باسی ئەوەیە کە ڕەنگە لەمەودوا کاتێک من لە **پراگ** بم، تۆ نەتوانیت نامەم بۆ بنووسیت.

---

[٤٤] Tyrol شارێکە دەکەوێتە **خۆرهەڵاتی ئەلپ** و بەشێکە لە **ئەڵمانیا**. لە کاتی نووسینی ئەم نامانەدا ڕێگەی ئاسنیی **پراگ** بەهۆی قەیرانی ئابووریی دوای جەنگەوە چەند جارێک مانگرتن تیا ڕووی دا.

پێش هەر شتێک دەمەوێت جەخت لەوە بکەم بۆ ئەوەی هەموو دنیا، لەوانە خۆیشت میلینا، شتەکان لە یەکتری جیابکەنەوە، کەواتە لەوە دەچێت یەکێک هەڕەشە لە یەکێکی تر بکات، هەڕەشەکەرەکە هەر هیچ نەبێت دووراودوور لە هۆکاری هەڕەشەلێکراوەکە ئاگادارە، کەچی وایش خۆی دەربخات کە بەدەربەستیەوەیە.

ڕەنگە تۆ لەسەر هەق بیت کە ئیتر نامەم بۆ نەنووسیت. لە نامەکەتدا چەند شتێک هەیە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. من ناتوانم دژی ئەو شتانە هیچ بڵێم. بەڕاستییش ئەوانە هەمان ئەو مەسەلانەن کە من بە وردی دەیـــــانزانم و زۆر بە جیـــــددی دەستنیشـــــانیان دەکەم. لەو چوارچێوەیەشدا من زۆر بەرزبوومەتەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە هەوا ئەوەندە کەم دەبێتەوە، ناتوانم هەناسە بدەم و دەبێت بحەسێمەوە. سبەی نامەت بۆ دەنووسم.

ـفـی دڵسۆزت

مران ١٣ی ژوون ١٩٢٠ یەکشەممە

دەمەوێت ئەمڕۆ شتێک بڵێم کە لەوانەیە چەند شتێکی تر ڕوون بکاتەوە، میلینا (ئای چ ناوێکی دەوڵەمەند و گرانە! تەنانەت لەوە گرانترە بتوانیت بەرزی بکەیتەوە. لە سەرەتادا زۆر حەزم بەو ناوە نەدەکرد. وەک ناوی ڕۆمییەک، یان یۆنانییەکم دەهاتە بەرچاو کە لە بوهێمیـــادا گیـــری خواردبێـــت و کەوتبێـــتە ژێـــر زۆر و ستەمی چیکەکانەوە. هێزی دەنگەکەی فریودەرە. لە شێوە و ڕەنگیشدا ژنێکە، ژنێک کە دەتوانیت لە دنیا، لە ئاگر، -نازانم لە کامیان- بسەنیت و لە ئامێزی بگریت و ئەویش بە ویست و دڵنیاییەوە خۆی بە ئامێزتەوە

بقرسێنێت. ئەم گوشارە دەنگییەی (ئای[٤٥])ە باش نییە، ئاخۆ ئەم ناوە لە کۆڵتان نابێتەوە؟ یان لەوانەیە خۆت بە خۆشی و شادییەوە بارەکە لەسەر شانت لابدەیت؟

تـۆ دوو جـۆرە نـامە دەنووسـیت، مەبەسـتم ئەوە نیـیە بە قەڵەم دەنووسیت، یـان بە مەرەکەب. هەرچەنـدە بەقەڵەمنووسـین زۆر شت دەگەیەنێت و هۆکارە بۆ ئەوەی خوێنەر بە پەرۆشـەوە دوای بکەوێت، بەڵام بەڕاسـتی ئەم جیـاوازییە یەکلایـیکەرەوە نیـیە، بـۆ نمـوونە دوا نـامەت بە نەخشـەی ئاپارتمـانەکەوە، ئەگەرچی بە قەڵەم نووسیبووت، بەڵام دڵخۆشی کردم. **میلینا** ئەوەی دڵخۆشـم دەکات ئەو نامـانەن کە ئارامی و ئاسوودەییم پێ دەبەخشن. (**میلینا**، ئەوە بزانە کە من تەمەنم چەنـد سـاڵە، دەرکـی بێتوانـاییم بـکە، لە هەمـووی گرنگتـر تـرس و بێزاریی من و گەنجیی خۆتە. هەست بە تەڕوبڕی و بوێریی خۆیشت بـکە. دەزانیـت بێزاریـی مـن ڕوو لە زیـادییە، لەبەر ئەوەی لە دنیـا دواکەوتـووم. لە لایەک گوشـارم زۆر لەسـەرە و لە لایەکـی تـرەوە گەلێـک بێـزارم. لەملایشـەوە بـوێریی تـۆ، واتـا پێشـڕەویکردن، واتـا کەمبوونەوەی گوشار و باڵگرتنی ئازایەتی).

مـن لەپـاڵ نامەکانـدا دادەنیشـم و شـادمانیم لە ڕادەبەدەرە. نامەکـان وەک باران وان بەسەر ئاگردا ببارێن. لێ، **میلینا** کاتێک نامەکانی دی دەگەن، تەنانەت ئەگەر لەوانەی پێشوو چاکتریش بن (هەرچەندە من بە هۆی بێتواناییمەوە دوای چەند ڕۆژێک دەزانم کامەیان چاکە). ئەو نامـانەی بە هـاوار و سەرسووڕمانەوە دەست پێ دەکەن (ئەگەرچی مـن زۆر دوورم) و نـازانم بە چ ترسـێکەوە کۆتاییـان دێت. ئەو کـاتە **میلینا**، دەڵێی لەژێر زەنگێکی سامناکدام و لەرزم لێ دێت، ناتوانم ئەو نامانە بخوێنمەوە و ناچاریشم بیانخوێنمەوە، تەواو وەک گیانداریکی زۆر تینـوو، هەروەهـا بە ترسـێکی زۆر گەورەوە بەدوای قەنەفەیەکدا

---

[٤٥] لە ناوهێنانی میلینادا فشارەکە زیاتر لەسەر بەشی یەکەمی ناوەکەیە.

دەگەڕێم خۆمی لەژێردا بشارمەوە. هەڵدەلەرزم و بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت، لەو سووچەدا دەستی نزا بەرز دەکەمەوە، نەکا تۆ، وەک چۆن بە شێوازی نامەکەت هێرشت هێناوە و هاتوویتە ژوورەوە، هەر ئاوایش لە پەنجەرەکەوە باڵ بەیەکدا بدەیت و بفڕیت. من ئیدی بەرگەی ئەو زریانە ناگرم کە هەموو ژوورەکەمی داگیر کردووە. بۆ ئەم جۆرە نامانە دەبێت تۆ سەرێکی شکۆمەندانەی وەک سەری میدۆزات[٤٦] هەبێت، چونکە مارە ترسناکەکان بە دەوری سەرتدا فیشکەفیشکیانە، لە ڕاستیدا مارە بێزارکەرەکانیش ترسناکتر لەوانەی تۆ بە دەوری سەرمدا فیشکەیان دێت.

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) ئەو نامەیەی چوارشەممە نووسیبووت، ڕۆژی پێنجشەممە پێم گەیشت. هەی منداڵ، هەی منداڵە گچکەکە (ئەوە منم هەر بەم شێوازە لەگەڵ میدۆزادا دەدوێم) پێدەچێت تۆ هەموو گەمە گەوجەکانی من (دەربارەی Zid[٤٧] nechapo) بە جیدی وەربگریت. بە هەرحاڵ من دەمویست کەمێک بتخەمە پێکەنین. بەدحاڵیبوونی نێوان من و تۆ لە ئەنجامی ترسێکی زۆرەوەیە. تکات لێ دەکەم ناچارم مەکە بە زمانی چیکی نامەت بۆ بنووسم. ئەو نامەیەی من سەرکۆنەکردنی تیا نەبوو. دەبوو من سەرزەنشتی ئەوەت بکەم کە دیدێکی گەلێک جوانت بەرانبەر بەو جوولەکانە هەیە کە دەیانناسیت (لەوانە خۆیشم) جوولەکەی تریش هەن! هەندێک جار حەز دەکەم هەموو ئەو جوولەکانە، بە خۆیشمەوە، فڕێ بدەمە ناو

---

[٤٦] Mendosa یەکێکە لە سێ خوشکە خوداوەندەکانی ئەفسانەی یۆنانی (میدۆزا، ئۆریال، ئیستنۆ). جوانیی میدۆزا لە ڕادەبەدەر بوو، ئاتێنای کچی زیوس کە ڕقی لێی هەستا، پرچە هەرەجوانەکەی کرد بە مار، هێزێکی دایە ڕوانینەکەی کە تەماشای هەر کەسێکی بکردایە، دەبوو بە بەرد. پرسەی کوڕی زیوس سەری بڕی، لەگەڵ خۆیدا سەرەکەی دەبرد بۆ شەڕەکان و دوژمنەکانی پێ دەکرد بە بەرد.

[٤٧] Zid ئاماژەیە بەو "jest Zid"انەی کە لە نامەکانی پێشووتردا باسی لێوە کراوە و بە زمانی چیکی واتە (ئایا تۆ جوولەکەیت؟) و nechapo واتا (من تێناگەم).

کەنتۆری جلەکانەوە، ماوەیەک بوەستم و پاشان دەرگای کەنتۆرەکە بکەمەوە، بۆ ئەوەی بزانم هەموویان خنکاون یان نا، ئەگەر خنکابن جارێکی تر دەرگای کەنتۆرەکە دابخەمەوە و تا گەیشتن بە ئامانج لەسەر ئەم کارە هەر بەردەوام بم.

ئەوەی لەبارەی وتاربێژییەکەتەوە وتم زۆر بە ڕاستم بوو. (ئەم جەنابی ئێرنستە[48] زۆر خۆی هەڵدەقورتێنێتە نامەی نێوان من و تۆوە) ڕەنگە منیش نادادپەروەریی لەگەڵدا بکەم (نازانم لەم بارەیەوە چی بڵێم) نادادپەروەرییەکی ترسناکیش، بەڵام ئەو هەستەی من و تۆ بەوەوە دەبەستێتەوە زۆرە و تا بێت پتەوتریش دەبێت. بە کورتی وتم: خۆزگە بمتوانیایە دەربارەی ژیان و مردن قسەم لەگەڵدا بکردایە! لێ من لێی دەترسم، ئەو زۆر لە من چاکترە. دەزانیت میلینا، کە تۆ چوویت بۆ لای ئەو هەنگاوێکی گەورەت نا کە تۆی لە ئاستی خۆت هێنایە خوارێ. لێ ئەگەر بێیت بۆ لای من، ئەوە یەکسەر دەکەویتە ناو چاڵەکەوە. ئاخۆ ئاگات لەمە هەیە؟ نا، لەو نامەیەدا من مەزن نەبووم، بەڵکو تۆ بوویت) دەمویست لەبارەی وتاربێژییەوە بدوێم، بە لای تۆیشەوە هەر جیددی بوو. بڕوام وایە لەو لایەنەوە هەڵە ناکەم.

دیسان بیستوومە کە نەخۆشیت، میلینا، کاتێک ئەم نامەیە دەنووسم، ڕەنگە ناچار بیت بڕۆیتە ناو جێگە، یان بەتەمای چوون بیت، یان ڕاکشابیت. ئایا مانگێک لەمەوبەر من پیاوێکی باشتر نەبووم؟ من دڵم لات بوو (ئەگەرچی ئەمە هەر لای خۆم بوو) دەمزانی تۆ نەخۆشیت. هەنووکە ماوەیەکە من تەنیا بیر لە نەخۆشی و چاکبوونەوەی خۆم دەکەمەوە. ئەگەرچی هیچیان، یەکەم و دووەمیش هەر تۆن.

ئەمڕۆ کەمێک پێش نەخۆشکەوتنم (هەروەها کەمێک دوای خەولێکەوتنم) خەونێکی نەفرەتیی -ئەگەر نەڵێم زۆر ترسناک-م بینی. (باش بوو کاریگەرییەکەی زۆر نەمایەوە) ئەو خەونە قێزەونە، دەبوو

---

[48] Ernest مێردی میلینایە.

بەڕاستی لە باجی خەونێکی کورتدا بیدەم، چونکە مرۆڤ کاتێک لە خەوێکی وا هەڵدەسێت کە خەوەکە سووری خۆی تەواو کردبێت، پێش ئەوە ناتوانێت خۆی لە خەوێکی وا بدزێتەوە. خەو بە مەلاشووی مرۆڤەوە دەنووسێت.

لە **ڤیەننا** بووم. تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆم لە کاتی گەیشتنمدا بۆ ئەوێ وێنام کردبوو (بەپێی خەیاڵ و وێناکردنەکەم **ڤیەننا** تەنیا گۆڕەپانێکی بچووک و ئارامە، لایەکی ماڵەکەی تۆیە و لایەکەی تری ئەو ئوتێلەیە کە بڕیارە من تیا دابەزم. لای چەپی ئوتێلەکە وێستگەی شەمەندەفەری **ویستە**[49] واتا ئەو شوێنەی لێی دادەبەزم. وێستگەی شەمەندەفەری **فرانتز جوزیف**یش[50] ئەو شوێنەیە کە لەوێوە دەڕۆمە دەرێ. بەڵێ، لەپاڵ ساختمانەکەمدا ڕیستۆرانتێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو کەسانەی ڕووەکین و منیش لەوێ نان دەخۆم. نەک بۆ خواردن، بەڵکو بۆ ئەوەی هەندێک لە بارقورسییەکەم بۆ **پراگ** بهێنم. بۆ ئەمە دەڵێم؟ لە ڕاستیدا ئەمە بەشێک نییە لە خەونی من، چونکە من تائێستا شپرزەی ئەو خەونەم) دەی. **ڤیەننا** هەرگیز وا دەرنەچوو کە وتم، بەڵکو شارێکی گەورە و ڕاستی بوو. سەرلەئێوارە بوو، هەوا تاریک و شێدار بوو. هەستم بە هاتوچۆیەکی سەیر دەکرد. باخێکی میللیی چوارگۆشە و درێژ کەوتبووە نێوان ئەو خانووەی من تیا نیشتەجێ بووم و خانووەکەی تووە.

لەپڕێکدا و پێش ئەوەی نامەکانی منت پێ بگات، من گەیشتبوومە **ڤیەننا** (ئەمەیش دوایی زۆر غەمگینی کردم) لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ ئاگادارکرابوویت و وا بڕیار بوو بتبینم. خۆشبەختانە (ئەگەرچی لەو ساتەدا هەستم بە گوناهـ دەکرد) من تەنیا نەبووم. وا بزانم ئەوانەی لەوێ بوون میواندارییەکی گچکەیان سازدابوو، منیش کچێکم لەگەڵدا بوو، بەڵام لەبارەیانەوە چ وردەکارییەکم لە یاد نییە. وا دەزانم بە

[49] West bahnhof
[50] Frans josefs bahnhof

جۆرێک لە جۆرەکان ئەوان شایەتی من بوون. پێم خۆشبوو بێدەنگ بن، بەڵام پێدەچوو بەردەوام باس لە شتی تایبەتی من بکەن. من تەنیا گوێم لە هەراوهوریای تاقەتپڕوکێنی ئەوان دەبوو، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، نەیشمدەویست تێی بگەم. من لای ڕاستی ماڵەکەمەوە لە کەنار شۆستەکە وەستام و تەماشای خانووەکەی تۆم کرد. باڵەخانەیەکی نزم بوو. ژوورێکی میوانی جوان و سادەی لەبەرددروستکراوی لە بەردەمدا بوو کە دەچووەوە سەر قاتی دووەم.

وا ئێستا و لەپڕێکدا کاتی نانخواردنی بەیانییە. مێزەکە لە ژووری میوان بوو. لە دوورەوە مێردەکەتم بینی هاتە ژووری و لە لای ڕاستەوە لەسەر کورسییەک دانیشت. هێشتا خەواڵوو بوو، باڵی کردبووەوە و خۆی دەکێشایەوە. پاشان تۆ هاتیت و بە جۆرێک لەپشت مێزەکەوە دانیشتیت کە ڕێک بەرانبەر بە من بوویت. لێ نەک بەو جۆرەی هەموو لایەکی ڕووت دیاربێت، زۆر دوور بوویت. سیمای مێردەکەت گەلێک باشتر دیاربوو. نازانم بۆ، تۆ وەک شتێکی مەیلەو شین کە بە سپیدا بڕوانێت، وەک ڕۆحێک مابوویتەوە. تۆیش باڵت کردەوە، بەڵام نەک بۆ حەسانەوە و خۆکێشانەوە. ئەمەیان بۆ تۆ زیاتر بزاوتێکی تەشریفاتی بوو.

زۆری بەسەردا تێپەڕنەبوو -لێ هێشتا هەر ئێوارەوەختەکەی دوێنێ بوو- من و تۆ لەسەر شەقامەکە بەیەکەوە بووین. تۆ لەسەر شۆستەکە وەستابوویت. لەو کاتەدا من پێیەکم لەسەر شەقامەکە و دەستی تۆیشم گرتبوو. بە ڕستەی کورت کورت و خێرا قسەمان دەکرد، زیاتر لە ڕاز و گلەیی دەچوو. تا ڕادەیەک ئەم دیمەنە هەتا کۆتایی خەونەکانم بەردەوام بوو.

من ناتوانم هەموو قسەکان بە یاد بێنمەوە. تەنیا دوو ڕستەی سەرەتا و دوو ڕستەی کۆتاییم لە یاد ماوە. ئەوەی لەو بەینەدا وتراوە ئازارێکی هێند بێوێنە بوو کە مەحاڵە باس بکرێت.

حاڵەتێک لە ڕووی تۆدا وا کاری تێکردبووم، لەباتی سلاو، خێرا وتم: ((تۆ بە جۆرێکی تر وێنای منت لای خۆت کردبوو؟)) تۆ وەلامت دایەوە کە: ((ڕاستوڕەوان من وێنای تۆم وا کردبوو کە مۆدتر بێت)) (ئەگەر ڕاستت دەوێت فۆنەتێکی ئەو وشەیەی وتت لەمە ڤیەننانەتر بوو، بەلام من لە بیرم نەماوە).

ئەمە ئەو یەکەم دوو ڕستەیەیە کە وتم (من وام بیر لێ کردووەتەوە. ئایا تۆ دەتوانیت ئەوەم بۆ بەرجەستە بکەیت کە من لە مۆزیکدا تەواو بێبەهرە و توانام، بە جۆرێک کە لە هیچ شوێنێکی تردا ئەو بێبەهرەییە نەبینیت؟) لە ڕاستیدا ئەم دوو ڕستەیە هەموو شتێکی یەکلایی کردەوە. لەمە زیاتر دەبێت چی بێت؟ بەلام لەم بێنەوبەردەیەدا دەمەقاڵێیەک لەبارەی دیدارێکی ترەوە دروست بوو. لای تۆوە وشەگەلێکی هەرە نادیار و لای منەوە پرسیارە سەرکونکەرەکان.

لەم کاتەدا ئەوانەی دەوروبەرمان سەریان کێشایە ناو باسەکەوە. بەپێی بۆچوونەکان من بۆیە هاتبووم بۆ ڤیەننا تا سەردانی قوتابخانەیەکی کشتوکاڵی بکەم کە لە دەوروبەری شاردا بوو. پێدەچوو لەو کاتەدا دەرفەتی ئەو کارەم هەبێت. دیارە ئەوان لە دڵسۆزییەوە هەوڵیان دا لەدەستم ڕزگاریان بێت. ئەگەرچی من دەرکم بەمە کردبوو، بەلام هەر چووم بۆ وێستگەکە. بێگومان بەو هیوایەی ئەم بڕیارە جیددییانە کاریگەریان لەسەر توانای تۆ هەبێت. هەموومان چووین بۆ ئەو وێستگەیەی لەو نزیکانە بوو. لێ لەوەی دەکرد ناوی ئەو شوێنەم لە بیر چووبێتەوە کە قوتابخانەکەی تیایە. ئێمە لە بەردەم تابلۆیەکی گەورەدا وەستابووین کە ڕێنمایی کات و گەیشتن و ڕۆیشتنی شەمەندەفەری لەسەر نووسرابوو. یەکێک کە ئەمووستی بەسەر ناوی وێستگەکاندا دەگێڕا، لێی پرسیم بۆ کوێ دەچم. لێ من نیازی هیچ وێستگەیەکم نەبوو. لەو ساتەدا دەرفەتێک هەڵکەوت تۆزێک چاودێریت بکەم. لە ڕاستیدا تۆ هەر چۆن بویتایە بۆ من جیاوازیی نەبوو. تاقە شتی گرنگ لای من قسەی تۆ بوو. تۆ زۆر لە

خۆت نەدەچوویت. بە هەرحاڵ گەلێک ڕەش داگەڕابوویت. لاواز، کەس نەیدەتوانی بەو کوڵمە گۆشتنانەوە هێند بێبەزەیی بێت (بەڕاست تا ئەو ڕادەیە دەموچاوی تۆ بێبەزەییە؟) سەیر ئەوەبوو جلەکانی بەرت لە هەمان قوماشی جلوبەرگی من و گەلێک پیاوانە بوو کە بەڕاستی من پێم خۆش نەبوو، بەڵام دوایی کۆپلەیەک لە نامەیەکم بیرکەوتەوە (کۆپلەی شیعرێک بوو کە دەڵێت: ((dvoje saty manaprece slusne vgpadam[٥١])) ئەوەندە قسەکانت کاریگەرییان لەسەر دانام کە لەو چرکەساتەوە بووم بە ئاشقی جلەکانت.

ئێستا گەیشتبووە کۆتایی. هاوڕێکانم هێشتا بەسەر تابلۆی ڕێنماییەکەوەبوون و دەگەڕان. ئێمە لەولاترەوە وەستابووین و دوا باسمان شتێکی لەم بابەتە بوو: سبەی یەکشەممەیە. بە بۆچوونی من تۆ لە ڕۆژی یەکشەمموواندا کاتت بۆ من هەیە. تا ڕادەیەک تۆ شتی ناپەسەندت پێ قبووڵ ناکرێت. ئەگەرچی وەک ئەنجام پێ دەچوو خۆت بەدەستەوە دابێت، وتت دەبێت هەوڵ بدەیت چل دەقیقە بۆ من تەرخان بکەیت. (بێگومان ترسناکترین بەشی ئەم گفتوگۆیە خودی وشەکان نەبوون، بەڵکو شێوازی وتنەکە و بێهوودەیی شەڕە بێدەنگ و بەردەوامەکەت بوو. ((من نامەوێت بێم بۆ ڤیەننا، کێشەکەم ئەوەیە ئەگەر بە هەموو ئەو شتانەوە بێم، بۆ تۆ چ سوودێکی هەیە؟)) لێ ئەگەر تۆ چل دەقیقە ئازادیت هەبوایە، ئیتر من لەدەستت ڕزگارم نەدەبوو. تۆ نازانیت. ئەگەرچی تۆ بە ڕووکەش هەموو بیری خۆت لەسەر ئەو مەسەلەیە چڕ کردووەتەوە، بەڵام توانای بڕیاردانت نییە. پاشان من لێم پرسییت: ((دەکرێت من هەموو ڕۆژەکە لە چاوەڕوانیدا بم؟)) تۆ بە بەڵێ وەڵامت دایەوە و ڕووت بە لای ئەو کەسانەدا وەرگێڕا کە چاوەڕێت بوون. وەڵامەکە بەو مانایە بوو کە ئیتر هەرگیز

---

[٥١] بە زمانی چیکی یانی (من تەنیا دوو کراسم هەیە و کەچی جوانیشم)، لەوەدەچێت لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی چیکییەوە وەرگیرابێت (و. ف).



Scanned with CamScanner

نایەیت و تەنیا ڕێگەی ئەوەم پێ دەدەیت کە من لە چاوەڕوانیدا بژیم.
بە دەنگێکی لاوازەوە وتم: ((من چاوەڕێ ناکەم)). کە زانیم گوێت لە دەنگم نەبووە، هیچ چارێکم نەما ئەوە نەبێت نائومێدانە لەپشتەوە هاوارم کرد، بەڵام لای تووە هیچ نەگۆڕا و چ بایەخێکیشت پێ نەدام.
بۆیە بە لارەلارە گەڕامەوە و بەناو شاردا وێڵ وێڵ دەستم بە سووڕانەوە کرد.
بەڵام دوای دوو سەعات نامە و گوڵ و خۆشەویستی و دڵدانەوەکان گەیشتن.

**دڵسۆزت - ف -**

میلینا، دیسان ناونیشانەکان ڕوون نین، کارمەندانی پۆست دووبارە دەیاننووسنەوە و چاکیان دەکەن. دوای ئەوەی یەکەمجار داوام لێ کردبوویت ناونیشانەکان زۆر چاک بووبوون. نموونەیەکی زۆر لەو دەستخەتانەی هەرچەند هەندێک جار ناخوێنرێنەوە، بەڵام جوان و جۆراوجۆرن. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی پۆست چاوی منی ببوایە، تا ڕادەیەک دەیتوانی تەنیا ناونیشانەکانی تۆ بخوێنێتەوە، نەک ناونیشانی تر. بەڵام ئیتر ئەوە بەڕیوەبەرایەتیی پۆستە (....)[٥٢]

**مران ١٥ی ژوئن ١٩٢٠ سێشەممە**

دیسانەوە ئەم بەیانییە زوو خەونم بە تووە بینییەوە. بە جووتە لەپاڵ یەکتردا دانیشتبووین و تۆ ڕووت وەرگێڕابوو. ڕوو وەرگێڕانەکەت نەک لەبەر توورەیی، بەڵکو دڵۆڤان بوویت. من گەلێک خەفەتبار بووم. نەک لەبەر ڕوو وەرگێڕانەکەت، بەڵکو لەدەست خۆم کە بە شێوەیەک

---

[٥٢] پستەکە ناتەواوە.

ڕەفتارم لەگەڵدا کردبوویت، وەک لەگەڵ هەر ژنێکی خامۆشی تردا. لەبەر ئەوەی کە گـوێم لە قسـەیەکی نـاخی تـۆ نەبووبـوو، یـان ڕاشـکاوانەتر ئەو دەنـگەی کە لەگەڵ منـدا دەدوا، یـان لەوانەیە لەبەر ئەوە نەبێت کە گوێم لە دەنگەکە نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەڵامیم نەدابـووەوە. مـن لەوە نائومێـدتر بـووم کە لە خەونەکەی پێشـووتردا بەسەرمدا تێپەڕی، دوورکەوتمەوە.

لە شـوێنێکدا شـتێکم خوێنـدەوە لەگەڵ ئەم باسـەدا دەگونجێت. چەنـد بتـوانم هەوڵ دەدەم بیـرم بکەوێـتەوە. شـتێک بـوو لەم بـابەتە: خۆشەویسـتەکەم ئەسـتوونێکی ئـاگرینە بەسـەر هەمـوو زەویـدا دەگەڕێـت، وا ئێسـتا دەوری منـی داوە، بەڵام ڕێنمـایی ئەو کەسـانە ناکات کە دەوری داون، بەڵکو ڕێنمای کەسانێکە کە دەبینن.

## دڵسۆزەکەت

(مـن تەنـانەت نـاوی خۆیشـم ون کـردووە. تـا بێت کـورت و کـورتتر دەبێتەوە، وا ئێستا ئەمەی لێ ماوەتەوە: دڵسۆزەکەت).

## مران، ٢١ی ژوون ١٩٢٠

تۆ ڕاست دەکەیت، هەر ئێستا سەرکۆنەکەت دەربارەی وشەی "منداڵی کچـکە" دەخـوێنمەوە، بەداخەوە نامەکانـت لە ئێـوارەیەکی درەنگـدا گەیشـتن. مـن دەمەوێـت بەیـانی زوو لەگەڵ ئەنـدازیار بولزانـودا[٥٣] گەڕانێکی کورت بکەم. بەڕاستی بە خـۆم دەڵێم: بەسـە، تۆ ناتوانیت ئەمشـەو ئەم نامـانە بخـوێنیتەوە. ئەگەر بەتەمایت بەیـانی بـۆ گەڕان بچیـتە دەرەوە، دەبێـت کەمێـک بخەوێـت. مـن پـێش ئەوە خەریکـی

[53] Bozen Bolzano



Scanned with CamScanner

خوێندنەوە بووم و تێگەیشتم و بێزاریم نەما. ئەگەر لێرە بوویتایە (مەبەستم تەنیا لە نزیکییەکی فیزیکی نییە) دەمتوانی هەناسەیەکی ئاسوودە بدەم و سەر بخەمە داوێنتەوە. دیارە ئەمە نیشانەی نەخۆشییە. وا نییە؟ هەرچۆنێک بێت من تۆ دەناسم و دەزانم وتەی "منداڵی گچکە" ئەوەندە ترسناک نییە. دەشێت تەنیا گاڵتەیەک بێت، بەڵام هەموو شتێک بۆ من دەبێت بە هەڕەشە. ئەگەر ناچاربوویت نامەم بۆ بنووسیت ((لە نامەکەی دوێنێتدا پیتی (و) زۆر بوون. چۆن ویرات ئەو هەموو (و) بۆ من بنووسیت؟ ئەوسا، ئەگەر تۆ هەر وا بە جیددی بمایتایەتەوە، بڕوام بەخۆم دەهێنا کە سووکایەتیم پێ کردوویت و بەوەیش تەواو دڵتەنگ دەبووم. سەلماندنی ئەمە کارێکی دژوارە.))

نابێت ئەوە لە بیر بکەیت کە هەرچەندە جیاکردنەوەی تراژیدیا لە کۆمیدیا لەخۆیدا ئاسانە، کاتێکیش پەیوەندیی بە کەسانێکەوە هەبێت ئەوەندە گرنگ بن کە ژیانی ئێمەی پێوە بەسترابێت، ئەوسا بەو رادەیە ئاسان نابێت. لە ڕاستیدا ئەوە مەترسیەکی هێند گەورەیە کە چاوی میکرۆسکۆبی و وردبینی بە مرۆڤ دەبەخشێت. تاقە جارێکیش بەسە ئەو چاوەت هەبێت بۆ ئەوەی ئیتر هەر بە تەواوی زیانکار بیت. لەم لایەنەوە من هەرگیز بەهێز نەبووم، تەنانەت لە کاتێکدا کە لەوپەڕی بەتواناییدا بوو بێتم، بۆ نموونە کاتێک لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، چێشتلێنەری ماڵەوەمان پیاوێکی وشک و باریکەلەی لووتدرێژ و گۆنا تێکقوپاو بوو. ڕەنگی زەرد، بەڵام پتەو، زۆریش بەتوانا و چالاک بوو. ئەو هەموو ڕۆژێک ئێمەی دەگەیاندە قوتابخانە. ئێمە لە ماڵێکدا دەژیاین کەوتبووە نێوان **کلاینەرینگ**[54] و **گروسەرینگ**[55]. لە ڕۆیشتندا یەکەمجار بە گۆڕەپانێکدا تێ دەپەڕیین تا

---

[54] Kleine Ring
[55] Grose Ring

دەگەیشتینە **تاین گاسە**[56] ئینجا بەناو گوزەرگایەکدا دەگەیشتینە **مارک گاسە**[57] و لەوێشەوە بۆ **فلایش مارک**[58]. هەموو بەیانییەک ئەمە کارمان بوو. کە لە ماڵ دەهاتینە دەرەوە چێشتلێنەرەکە دەیوت بە مامۆستاکەت دەڵێم ئەو ڕۆژە چەند لاسار بوویت. لە ڕاستیدا ڕەنگە من ئەوەندە لاسار نەبووبێتم، بەڵکو تا ڕادەیەک کەللەڕەق، بێهیوا، خەمبار و بەدخولک بووبم. دەکرا لە هەموو ئەمانە شتێکی جوان بۆ مامۆستا دروست بکرایە. من ئەمەم دەزانی. بۆیە هەڕەشەی چێشتلێنەرەکەم هێند بە گاڵتە وەرنەدەگرت. لەبەر ئەوەیش کە ڕێگەی قوتابخانە گەلێک دووررودرێژ بوو، لە سەرەتاوە وام بە بیردا هات کە دەشێت لە ڕێگەدا هەموو شتێک ڕوو بدات. (ئەم منداڵبازاڕییە وەک ڕێگەکان درێژە ناکێشن. ئەم پەشۆکان و جیددییەتە ڕەنگمردووە وردەوردە گەشە دەکەن) من هەر زۆر بەگومان بووم کە بە مامۆستاکەم بڵێت. بەتایبەتی کە هێشتا لە گۆڕەپانی **ئاڵتشاتررینگ** بووین، لەوە بەگومان بووم کە ئایا چێشتلێنەرەکە، ئەگەرچی تەنیا لە سنووری ماڵەکەی ئێمەدا قسەی دەیخوارد، بەڵام بە مامۆستایەکی بەڕێز کە فەرماندەیەکە و لە هەموو دنیادا قسەی دەخوات، هیچ دەڵێت یان نا؟ لەوانەیە من شتێکی لەو بابەتەم وتبێت و چێشتلێنەرەکە بە لێوە باریک و بێبەزەییەکانی زۆر جار وەڵامی دابێتمەوە. لێ مەرج نەبوو بڕوای پێ بکەم، بەڵام ئەو هەر دەیوت و دەیوتەوە. لە شوێنێکی نزیک بە دەرگای چوونەژوورەوەی **فلایش مارک گاسە** (هێشتا ئەم دوانە بایەخێکی مێژوویی کەمیان لای من هەیە، تۆ کە منداڵ بوویت لە چ کۆڵانێکدا دەژیایت؟) ترسی هەڕەشەکە گەیشتە ئەوپەڕی. بێ لەم قسانە، قوتابخانە هەر بۆخۆی کابووسێک بوو. چێشتلێنەرەکەیش دەیویست لەوە خراپتری بکات. من دەپاڕامەوە و

---

[56] Teingass
[57] Fleischmartgassa
[58] Fleischmarki



Scanned with CamScanner

ئەو سەری ڕادەوەشاند. چەند پاڕانەوەکەم زیاتربوایە، ئەوەی بۆی دەپاڕامەوە و بە لای خۆمەوە بەهادارتر بوو، کەچی مەترسییەکە زیاتر دەبوو. من بێ جووڵە ڕادەوەستام و داوای لێبووردنم دەکرد. بەلام ئەو بەدوای خۆیدا کێشی دەکردم. من هەڕەشەم لێ دەکرد کە بە باوک و دایک دەڵێم. ئەو بە قسەکانم پێدەکەنی. ئەو لەو چرکەساتەدا بەتواناترین کەس بوو. من خۆم بە دوکان و کۆڵەکەکانەوە دەنووساند و هەنگاوم نەدەنا ئەگەر لێم خۆش نەبێت، یان لەدواوە داوێنیم ڕادەکێشا (بۆ ئەویش ئەمە ئاسان نەبوو)، بەلام ئەو هەر منی بەدوای خۆیدا کێش دەکرد و پێی دەگوتم کە ئەوەیش بە مامۆستا دەڵێت. تا دەهات درەنگتر دەبوو، سەعاتی کڵێسەی یاقوب زەنگی هەشتی لێ دەدا. گوێم لە دەنگی سەعاتەکە دەبوو. منداڵەکانی دی دەکەوتنە ڕاکردن. من بەردەوام زۆر لە درەنگ کەوتن دەترسام. ئیدی هەردووکمان ناچاربووین ڕابکەین. بەدەم ڕاکردنەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو قسەکان بە مامۆستا دەڵێت یان نا. چاکە، بەلام ئەو هیچ کاتێک پێی نەدەوت، لێ من هەمیشە چاوەڕێم دەکرد بیکات. تەنانەت شیمانەی (وتنەکەی) زیاتر دەبوو، دەیوت (دوێنێ پێم نەوت، بەلام ئەمڕۆ پێی دەڵێم). هەرگیز لەمە زیاتری نەدەکرد. هەندێک جاریش ڕووی دەدا -بیری لێ بکەرەوە میلینا- لە ڕێگەی قوتابخانە ئەوەندە لەدەستم تووڕە دەبوو، پێی بە زەوییەکەدا دەکوتا. هەندێک جار ژنی بازرگانی بەردی خەڵووزەکە کە لەوێ وەستابوو، تەماشای دەکردین. میلینا! چ شێتییەکە! من لەگەڵ ئەم هەموو چێشتلێنەر و هەڕەشە و تۆز و خۆڵە دێوئاسایەدا کە ٣٨ ساڵ منیان پێشێل کردووە و سییەکانمیان گەستووە، تا چ ڕادەیەک من تۆم خۆش دەوێت.

لێ بەڕاستی من نیازی ئەوەم نەبوو هەموو ئەم شتانەت پێ بڵێم، یان هیچ نەبێت بە جۆرێکی تر پێت بڵێم. ئیتر کات درەنگە. دەبێت تەواوی بکەم و بچمە ناو جێگە. من توانای خەوتنم نییە، چونکە دەستم لە



Scanned with CamScanner

نووسینێک هەڵگرتووە کە بۆ تۆ بوو. بەڵێ ئەگەر دەتەوێت ئاگاداریت لەسەر ژیانی من هەبێت ئەو نامە ترسناکەت لە پراگەوە بۆ دەنێرم کە شەش مانگ لەمەوبەر بۆ باوکم نووسیوە و هێشتا نەمداوەتێ. سبەی، یان ئەگەر کەوتە شەوێکی درەنگ دووسبەی وەڵامی نامەکەت دەدەمەوە. من چەند ڕۆژێک زیاتر لێرە دەمێنمەوە، چونکە بڕیارم داوە واز لە بینینی باوکم و دایکم لە فرانتزباد بهێنم. هەرچەندە ئەم کەوتنەی من لە باڵکۆندا زەحمەتە بە وازهێنان لەقەڵەم بدرێت. جارێکی تریش سوپاسگوزاری نامەکەتم.

-ف-

**مران ٢ی ژون ١٩٢٠ چوارشەممە**

نیوەڕۆ بوو کە هەردوو نامەکەت پێکەوە گەیشتن، وا ئێستا لای منن، نەک بۆ خوێندنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی لەسەر زەوییەکە ڕایان بخەیت و دەموچاویان بخەیتە سەر و ئەقڵت لا نەمێنێت. ڕەنگە هەنووکە لەوەیش بچێت بەشێک لە ئەقڵم لەدەست دابێت، بۆیە دەبێت چەند بکرێت ئەوەی لێی ماوەتەوە دەستی پێوە بگرم. هەر لەبەر ئەمەیە کە ٣٨ ساڵ جوولەکایەتیی من و ٢٨ ساڵ کریستیانیی تۆ، بەرانبەر بە یەک دەوەستن.
چۆن وا دەبێت؟ ئەی یاساکانی سەر زەوی و هێزە سەربازییەکانی ئاسمان لەکوێندەرن؟ تەمەنی تۆ ٣٨ ساڵە، ئەمەندە ماندوویت ڕەنگە کەسێکی لە تۆ بەتەمەنتر پێت نەگات. با چاکتری بڵێم: لە ڕاستیدا تۆ ماندوو نییت، بەڵکو نائارامیت و لەوە تۆقیویت هەنگاوێک بەسەر ئەم زەوییەدا بنێیت کە پڕە لە داوی مرۆڤ و مووی لەشی ڕاست کردوویتەتەوە، لەبەر ئەمەیشە بەردەوام هەردوو قاچت بە حەواوەیە.



Scanned with CamScanner

تۆ شەکەت نییت، بەڵکو لەوە دەترسیت کە ئەم جۆرە شەکەتیە زۆرە بەرئەنجامی نائارامییەکی گەورە بێت (هەرچۆنێک بێت تۆ جوولەکەیت و دەزانیت شپرزەیی و ترس چییە)، ئەگەر ئەم شەکەتییە بێکۆتایە بە چاکی بەرجەستە بکرێت و زۆری لێ وردبیتەوە، پەیکەرێکە لە باخچەی شێتخانەکەی پشت کارز پلاتس‌ەوەیە[59] و وەک شێتێک لە بۆشایی دەڕوانێت.

چاکە، ئەمەیان حاڵی تۆیە. تۆ چەندین کێشمەکێشت تێپەڕاندووە کە بە هۆیەوە دۆست و دوژمنت خەمبار کردووە. (لە ڕاستیدا دوژمنیان تیا نەبووە... بەڵکو هەموو ئەوانە هاوڕێ و کەسانێکی چاک و ئازیز بوون) بەرئەنجامەکەیشی بە بێباوەڕبوون بە خۆت شکاوەتەوە. وایان لێت کردووە لەو کەسانە بچیت کە چەکێکی یاریکردنیان بە دەست منداڵێکەوە دیبێت و لەرزیان لێ هاتبێت. وا ئێستا، لەناکاوێکدا، وەک بڵێی تۆیان بۆ شەڕێکی گەورە سازدابێت تا دنیا ڕزگار بکەیت وایە. شتێکی سەیرە، نا؟

با ئەوەیشت لە بیر نەچێت، ڕەنگە باشترین سەردەمی ژیانت کە لە ڕاستیدا هێشتا لەو بارەیەوە لەگەڵ کەسدا قسەت نەکردووە، ئەو هەشت مانگە بێت کە دوو ساڵ لەمەوبەر، لە گوندێکدا بوویت و وات دەزانی هەموو شتێکت تەواوە. لەوێ تۆ خۆت بێ هیچ دوودڵییەک تەنیا لەگەڵ خۆتدا بوویت. تۆ لەوێ، دوور لە نامە و پەیوەندییە پۆستییەکان، پێنج ساڵ لە بەرلین، لە پەنای نەخۆشییەکەتدا ئازاد بوویت. ئەوە ئەو کاتە بوو کە ناچار نەبوویت بەزۆر خۆت بگۆڕیت. تەنیا ناچاری ئەوە بوویت بە توانایەکی زیاترەوە هەنگاو بەرەو لای قەناعەتی سنوورداری تەسکی کۆنی سروشتی خۆت بنێیت. (بە هەرحاڵ، دەتوانین بڵێین، ڕووت لەژێر قژە خۆڵەمێشییەکەی شەش ساڵەی تەمەنتا بە زەحمەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە).

---

[59] Karlsplatz

بەداخەوە لەم هەژدە مانگی دواییەدا لەوە گەیشتبیت کە ئەم حاڵ و بارەی تۆ بە مانای کۆتایی نییە. بۆ تۆ زەحمەت بوو بتوانیت لەم لایەنەوە قووڵتر ببیتەوە. (من کۆتایی ئەم پاییزەی لێ دەردەکەم کە ڕاستگۆیانە شەڕی هاوسەرگیریم کردبوو)، تۆیش بە زەحمەت توانیبووت بەدوای خۆتدا مرۆڤێکی تر کێش بکەیت. کچێکی چاک و ئازیز، کە ئاگراوییبوونی خۆی لە خۆبەختکردندا دەکوژاندەوە و لەگەڵ تۆدا بەرەو قووڵتر دەکەوتە خوارێ. نا! بەرەو قووڵتر نا، بەڵکو بێ پێچوپەنا، تەنانەت لەو قووڵاییەشدا دەرەتانێکی دەرچوون نەبوو.
زۆرچاکە، وا ئێستا میلینا[٦٠] بە دەنگێک کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دڵ و ئەقڵت هەیە، داوات دەکات. بێگومان میلینا تۆ ناناسێت، چەند چیرۆک و نامەیەک تووشی پەشێوی و سەرسوورمانیان کردووە. ئەو وەکو دەریا وایە، چونکە دەریا بە هۆی ئاوی بێکۆتاییەوە بە گوڕ و توانایە. لەگەڵ ئەوەیشدا بە هەموو ئەو توانا زۆرەوە کە هەیەتی، لە تاسەکردنی مانگێکی مردوودا، لەویش گرنگتر مانگێکی دوورەدەستدا، دادەکشێتە خوارەوە و تووشی هەڵە دێت. ئەو تۆ ناناسێت، بۆیە لەوانەیە بەهۆی هەستێکی ڕاستگۆیانەی شاراوەبێت کە داوای هاتنی تۆی کردبێت. دەشێت تۆ بڕوای تەواوت بەوە هەبێت کە ئیتر بە ئامادەبوونی ڕاستەقینەی تۆ ئەو ناساکێت؟ ئەی ڕۆحی ناسک، ئایا هەر لەبەر ئەمە نییە کە تۆ ناتەوێت بۆ ئەوێ بچیت؟
زیاد لەوە: تۆ بۆ ئەوەی نەچیت بۆ ڤیەننا سەد پاساوی تایبەتیت هەیە (لە ڕاستیدا پاساوت هەیە) بێجگە لەوە تۆ پاساوێکی دەرەکیشت هەیە کە ناتوانیت قسە لەگەڵ مێردەکەی میلینادا بکەیت و تەنانەت ناتوانیت بیشیبینیت. هەر بە هەمان ڕادەیش، کاتێک مێردی میلینا لەوێ نەبێت، تۆ ناتوانیت نە قسە لەگەڵ میلینادا بکەیت و نە بیشی ببینیت. جگە لەمانە، دوو بیرۆکەی تریش هەن کە ڕێگەی چوونت لێ دەگرن.

---

[٦٠] کافکا خۆی لەجێی کەسی دووەم داناوە.

یەکەم کاتێک تۆ دەڵێیت دێم، ڕەنگە میلینا حەز بە چوونت نەکات، نەک لەبەر بێباری، بەڵکو لەبەر شەکەتییەکی ئاشکرا. ئەو حەز دەکات تۆ بە ئارەزووی خۆت و بە خۆشی و دڵنیاییەوە سەفەر بکەیت.
بیرۆکەی دووەم ئەوەیە کە بڕۆ بۆ ڤیەننا و چی دەبێت با ببێت! میلینا تەنیا بیر لە دەرگاکردنەوە دەکاتەوە و لە ڕاستییشدا دەرگاکە دەکرێتەوە. ئەی دوایی چۆن؟ دوایەکەی ئەوەیە کەسێکی درێژ و لاواز لەوێندەر وەستاوە، زەردەخەنەیەکی ئەڤیندارانەی بەسەر لێوەوەیە (ئەو بەردەوام زەردەخەنەی لەسەر لێوە، ئەوەی بە میراتی لە پوورێکی پیرییەوە بۆ ماوەتەوە کە هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێو بووە. هەرچەندە هیچ یەکێک لەوان زەردەخەنەکەی بە دەستی ئانقەست نەکردووە، بەڵکو تەنیا دەرد و ئازار پێی کردوون)، پاشان لەو جێگەیەدا دادەنیشێت کە بۆیان دیاری کردووە. بەم جۆرە ڕێوڕەسمەکە بەڕاستی کۆتایی دێت. لەبەر ئەوەیش کە هێز و توانای ئەو کەسە تەواو داویەتە کزی، ناتوانێت زۆر قسە بکات. دوێنێ هاوسێ تازەکەم لەبارەی ڕژێمی ڕووەکخۆراکیی ئەو پیاوە بێدەنگەوە دەیگوت: ((بە بڕوای من ڕژێمی گۆشتخواردن بۆ کاری فیکری زۆر زۆر پێویستە))، تەنانەت ئەو کەسە شادمانیش نابێت، لەبەر ئەوەی وزەیەکی زۆری بۆ ئەو کارەیش تیا نییە.
میلینا، دەبینیت[٦١] من بە ڕاشکاویی قسان دەکەم، بەڵام تۆ هۆشیاریت، تۆ بەردەوام ئەوە دەزانیت کە من هەرچەندە هەقیقەتەکان دەڵێم (هەقیقەتێکی ڕاستوڕەوان، نەک ساختە، بێ پەردە و بە ئاشکرا) لەگەڵ ئەوەیشدا قسەکانم لە ڕادەبەدەر ڕاشکاوانە دەکەم. لەمەیش گەڕێ من دەمتوانی بێ ڕاگەیاندنی پێشوەخت، بێ هەراوهوریای زۆر بێم و تەلیسمەکەت بۆ بشکێنم. ئەوەی کە تا ئێستا نەهاتووم، بەڵگەیەکی تری ڕاستگۆیی و بێتوانایی خۆمە.

---

٦١ لێرەدا کافکا دیسانەوە بە ڕاناوی کۆ لەگەڵ میلینادا دەدوێت.



Scanned with CamScanner

بەتەمام دوو هەفتەی تریش لێرە بمێنمەوە. بەڕاستی لەبەر ئەوەی ئەو دەرئەنجامەی لە دەرمانەوە دەستمکەوتووە، لە گەڕانەوە بۆ کار وماڵەوە شەرمەندە و ترسناکم. -ئەوەی بەتایبەتی زۆر بێزارم دەکات- لە ئیدارە چاوەڕێی ئەوەن بەرئەنجامی مۆڵەتوەرگرتنەکەم شتێک بێت نزیک لە چاکبوونەوە. داخی پرس و وەڵامی لەم بابەتە: ئەمجارە کێشت چەند زیادی کردووە؟ گوێ بە پارە خەرجکردن مەدە (مەبەستیان ڕژدیی منە)، ئەمانە کێشی مرۆڤ کەم دەکەنەوە. من پارەی پانسیۆنەکە دەدەم، بەڵام ناتوانم ئەوەی دەمدەنێ بیخۆم. ئیتر لەم جۆرە گاڵتانە.

هێشتا قسە زۆرە بۆ وتن، بەڵام لەو حاڵەتەدا هەرگیز نامەکە پۆست ناکرێت. بەڵێ، شتێکی تریش هەبوو دەمویست بیڵێم: ئەگەر لە کۆتایی ئەم دوو هەفتەیەدا، بە هەمان پێداگرییەوە، کە ڕۆژی هەینی بۆ هاتنی من دەتکرد، بەردەوام بێت، ئەوسا دێم.

دڵسۆزت -ف-

**مران ١٢ی ژون دیسانەوە شەممە**

ئەم نامە یەکتربڕانە دەبێت کۆتایی بێت **میلینا**، چونکە خەریکە شێتمان دەکات. مرۆڤ نازانێت چی نووسیوە و چ وەڵامێکیشی داوەتەوە، بۆیە بەردەوام لەرزت لێ دێنێت. من زۆر باش لە زمانە **چیکی**یەکەت تێدەگەم، هەروەها دەتوانم گوێم لە پێکەنینت بێت، بەڵام من لە نامەکانت ڕادەمێنم و تەنانەت لە نێوان قسە و پێکەنیندا چاڵێک هەڵدەکەنم. ئیتر ئەو کاتە تەنیا گوێم لە وشەکان دەبێت. بێجگە لەوە من سروشتێکی ترسنۆکانەم هەیە.



Scanned with CamScanner

لەو بـــارەیەوە کە دەتەوێـــت دوای نامەکـــانی چوارشـــەممە و پێنجشەممەی من هێشتا بمبینیت، ناتوانم چ بڕیارێک بدەم. پەیوەندیی مـن لەگەڵ تـۆدا تـا ئەو شـوێنە دەزانـم کە سـنوورەکەی قـووڵ و ترسـناک نیـیە (تـۆ پەیوەسـتی بە مـنەوە، تەنـانەت ئەگەر هەرگیـز نەتبینمەوە). هیچ لەو پەیوەندییە نازانم کە لە نێوان مـن و تۆدا هەیە. ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە قەڵەمـڕەوی ترسـەوەیە. تـۆیش، **میلینـا**، مـن ناناسیت! جارێکی تر ئەمە دووبارە دەکەمەوە. دەزانیت ئەمە بـۆ مـن بەسـەرهاتێکی سەرسووڕهێنەرە! دنیـای مـن لە وێرانبوونـدایە. دنیـای من بەتەمای خۆنۆژەنکردنەوەیە. بڕوانە تـۆ (مـن وام) چـۆن دەتوانیت لەم جیهانەدا ژیـان بەسـەر بەریت. مـن سکاڵا لەدەسـت وێرانبوونەکە ناکەم. ئەم سکاڵایە پەیوەندیی بە هەمان سەردەمی وێرانبـوونەکەوەیە. من سکاڵا لە بێتوانایی دەکەم. سکاڵای من لە لەدایکبوونە. سکاڵای مـن لە تیشکی خۆرە.

ئێمە چۆن دەتوانین بەردەوامی بە ژیـان بدەین؟ ئەگەر تـۆ بە ((بەڵـێ)) وەڵامی نامەکانی مـن بدەیتەوە، کەواتە نابێت لە **ڤیەننـادا** بژییت. ئەمە مەحاڵە.

**میلینا**، تۆ بـۆ مـن ژنێک نییت. کچێکیت لەوانە کچتریت کە تـا ئێسـتا بینیومن. کچەکە. من لە خۆم ڕانابینم ئەوەندە بوێر بـم دەسـتی خـۆمـت بـدەمێ. ئەم دەسـتە پـۆخڵانە. ئەم دەسـتە لەرزۆکـانە، ئەم چـڕنووکـانە، ئەم دەستە بێئارامانە. ڕاڕا و گەرم و ساردانە.

**مران ٢٣ی ژوون ١٩٢٠ چوارشەممە**

قسـەکردن لەسـەر هەقیقەت کـارێکی دژوارە، چـونکە ئەگەرچـی تەنیـا یەک هەقیقەت هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەیە و زینـدووە، بەردەوام



Scanned with CamScanner

لە گۆڕاندایە (بە هەرحاڵ ئەو هەرگیز جوان نییە، بەڕاستی جوان نییە! ڕەنگە جارجارە سەرنجڕاکێش بێت).

ئەگەر لە شەوی دووشەممە تا بەیانیی سێشەممە وەڵامی نامەکەتم بدایەتەوە، زۆر مەترسیدار بوو. لەسەر تەختەخەوەکەم، وەک لەسەر دەزگایەکی ئازاردان ڕاکشابم، بە درێژایی شەوەکە دەمویست وەڵامت بدەمەوە. سکاڵام لا دەکردیت. دەمویست تۆیش بترسێنم و لە خۆمت دووربخەمەوە و نەفرەتم لە خۆم دەکرد (یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەبوو کە ئێوارە نامەیەکی تۆم پێ گەیشت. هۆیەکی تر ئەوەبوو کە شەو دادێت، ئیتر لە ڕادەبەدەر دەپەشۆکێم و بۆ قسەی جیددی ئامادەگیم تیا دروست دەبێت). بەیانی زوو بەرەو **بولزانو** بەڕێکەوتم و بە شەمەندەفەریی کارەبایی چووم بۆ **کلوبنشتاین**. لە بەرزایی ١٢٠٠ مەترەوە لە هەوای پاک و تا ڕادەیەک سارددا هەناسەم دەدا. هەرچەندە بیرم بە چاکی کاری نەدەکرد. پاشان لە ڕێی گەڕانەوەدا نامەیەکم بۆ نووسییت. وا ئێستا خەریکی پاکنووسکردنیم، تەنانەت ئەم نامەیەیش، لانی کەم ئەمڕۆ، لە بەرچاوما لە ڕادەبەدەر توندە. بەم جۆرە ڕۆژەکان دەگۆڕێن.

سەرئەنجام بە تەنیا مامەوە. ئەندازیارەکە لە **بونزانو** دەمێنێتەوە و من دەگەڕێمەوە. لەوەی کە ئەندازیارەکە و دیمەنەکە خۆیان خستبوە نێوانی من و تۆوە، ئازارم نەدەچەشت، چونکە من تەنانەت بە تەنیایش لەگەڵ خۆمدا نەبووم. دوێشەو، تا سەعات ٥:١٢ بە نامەنووسین و لەوەیش زیاتر بە بیرکردنەوە لەگەڵ تۆدام بەسەربرد. دوایی تا سەعات ٦ لەناو جێگەدا بووم و چەند چرکەساتێک خەوم لێ کەوت. دوایی بە جۆرێک لە جێگەکەم هاتمە دەرەوە، وەک ئەوەی بێگانەیەک بێگانەیەکی تر دەربکاتە دەرەوە. ئەمە کارێکی باشبوو، چونکە ئەگەر وانە بوایە ئەو ڕۆژەم نائومێدانە بە کاتکوشتن و نووسین لە **مران** بەسەردەبرد. زەحمەتی یادکردنەوەی ئەم سەفەرە، یان یادەوەرییەکەی کە لە شێوەی خەونێکی تا ڕادەیەک نادیاردا لام



Scanned with CamScanner

مابێتەوە، بە لامەوە زۆر گرنگ نییە. شەوەکەیشی هەر وا بوو، لەبەر ئەوەی تۆ بە نامەکەت (تۆ ڕوانینێکی گەلێک کارات هەیە. کاراییەکەی هێند گرنگ نییە. چونکە هەرچۆنێک بێت لە شەقام و کۆلانەکاندا سەرنج ڕادەکێشێت، بەڵام تۆ لە ڕوانینەکەتدا بوێریت. لە هەموویش گرنگتر ئەوەیە توانای ئەوەت تیایە لەوە بەرزتر بڕوانیت. ئەم بەرزڕوانینە گرنگترین شتە لە تۆدا). تەواوی ئەو دێوە کۆنانەت لە خەو هەستاند کە بە تاقە چاوێک دەنوون و بە چاوەکەی تریان چاوەڕێی دەرفەتێکن کە هەرچەندە ترسناکە و ئارەقەی سارد دەخاتە نێوچەوان (سوێند دەخۆم: ئەو ئارەقە بێجگە لەوانە، لەو هێزە نادیارانە لە هیچی تر نایەتە خوارێ)، کەواتە باش و تەندروستە. تۆ لەو دێوانە دەڕوانیت و دەزانیت لەوێن، کەچی لە ڕستەکەی من: (نابێت لە **ڤیەننا** بچیتە دەرەوە) هەر تەواو تێنەگەیشتوویت. من دوای بیرکردنەوە، ئەو ڕستەیەم نووسیوە و باکیشم بە بارگرانییەکەی نییە (من داهاتم زۆر نییە، بەڵام وەک بزانم بەشی هەردووکمان دەکات، بێگومان ئەگەر نەخۆشی بهێڵێت) هەروەها من ڕاستگۆم بەرانبەر بە توانای بیرکردنەوە و دەربڕینی خۆم (من هەمیشە وا بووم، هەرچەندە تۆ یەکەم کەسیت لە ڕوانگەیەکی ڕاستودروستەوە دەرکت بەمە کردووە. ئەوەی کە من لێی دەترسم، ئەوەی بە دوو چاوی کراوەوە، بەبێ فریادڕەس نوقمی پەشێویم دەکات (ئەگەر بەو ئەندازەیەی نوقمی پەشێویم، نوقمی خەون بوومایە، ئێستا نەمابووم)، تەنیا پیلانێکی دەروونییە لە دژی خۆم (دەتوانیت لەو نامەیەدا کە بۆ باوکم ناردووە، زیاتر لەمە تێبگەیت، ئەگەرچی لەوەیش زۆر تەواوی تێناگەیت، چونکە نامەکە زۆر بە وردی ئاڕاستەی ئامانجە کۆتاییەکانی خۆی کراوە). ڕەنگە هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە بێت کە من، منێک کە لە یاریی شەترەنجدا لە سەرباز زۆر کەمترم، وا ئێستا بە پێچەوانەی هەموو ڕێسایەکی یارییەکەوە، تەنیا بۆ شێواندن و چەواشەکردن دەمەوێت جێگەی وەزیر بگرمەوە (من لە پیادە پیادەتر



Scanned with CamScanner

و به وتەیەکی دی شتێکم که هەر بوونی نییه و هیچ ڕۆڵێکی له یارییەکەدا نییه)، ڕەنگە لەدواییدا جێگەی خودی شا و تەنانەت تەواوی ڕووبەری شەترەنجەکەیش داگیر بکەم. خۆ ئەگەر له ڕاستیدا من وام ویستبێت، دەبوو ئەم ڕێکەوتە ڕێگەیەکی نامرۆڤانەی تری لەبەر بگرتایه. هەر لەبەر ئەوەیه کە ئەو پێشنیارەی من بۆ تۆم کرد گرنگییەکەی بۆ خۆم زیاترە، وەک له تۆ، چونکە لەم چرکەساتەدا (ئەم پێشنیارە) تاقە شتێکە کە جێگەی دوودڵی نییە، دوورە لە ناخۆشی و بە تەواوی بەختەوەرم دەکات.

دوێنێ بەو جۆرە بوو. ئەمڕۆ وەک نموونە پێت دەڵێم کە هەرگیز بۆ **ڤیەننا** نایەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئەمڕۆیە و سبەینێ سبەینێیە، من خۆم بە ئازادی دەهێڵمەوە. لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا غافڵگیرت ناکەم و دوای پێنجشەممەیش نایەم. ئەگەر هاتم بۆ **ڤیەننا** بە پۆستی خێرا نامەیەکت بۆ دەنێرم. (من بێجگە له تۆ، ناتوانم کەسی تر ببینم، ئەمە دەزانم) بێ سێودووکردن پێش سێشەممە، لە وێزگەکەی باشوور دادەبەزم. تا ئێستا هێشتا نازانم بۆ کوێ دەچم، بۆیە هەر لەو وێزگەیە دەمێنمەوە. بەداخەوە نازانم وانەکانی وێزگەی باشوورت لە کوێ دەڵێیتەوە. دەتوانم سەعات پێنج لەوێ چاوەڕێت بم (ڕەنگە ئەم ڕستەیەم لە جێگەیەکدا، لە چیرۆکێکی فریشتەکاندا خوێندبێتەوە. لە شوێنێکی نزیک بەم ڕستەیە: ئەگەر ئەوان نەمردبن، کەواتە هێشتا زیندوون). ئەمڕۆ سەیری نەخشەی **ڤیەننام** کرد، شتێکم پێ سەیربوو، لە کاتێکدا تۆ پێویستت بە تاقە ژوورێکە، ئەی ئەم شارە بۆ ئەوەندە گەورەیە.

-ف-

ئەو چیرۆکەم خوێندەوە کە لەبارەی چۆلەکە و دانخواردنەوە بوو. بەڵێ بە تەواوی ڕاستە. من کە ئەو ڕۆژە هێند پیاوێکی گرنگ بووم. وا ئێستا دوو نامەی تۆ هەر بەو جۆرە دەخوێنمەوە کە چۆلەکەکە لە



Scanned with CamScanner

ژوورەکەمدا وردەنانەکانی دەخوارد، دەلەرزی، گوێقولاغی زەنگلێدان
بوو. ترسی لە دەوروبەر و پەرپیشی گف کردبووەوە.

**مران ٢٤ی ژوون ١٩٢٠ پێنجشەممە**

مــرۆڤ دوای شــەوخەوێکی نــاخۆش لەو کــاتە وریــاترە کە خەوی خۆشــی لــێ کەوتبێــت. دوێنــێ کەمێــک باشــتر نوســتبووم، بــۆیە ئەو هەڵیتوپڵیتانەم لەبارەی سەفەرەکەی **ڤیەنناوە** نووسی. ئاخر سەفەرەکە هەر وا بابەتێکی بێبایەخ و مایەی گاڵتە نییە. دەبێت تۆ لەوە دڵنیا بیت کە بە هــیچ جۆرێک مــن ســەرزەدە نــایەم بۆ لات. ئەمە شتێکە کاتێک بیری لێ دەکەمەوە لەرز دامدەگرێت. مـن نیـازی هـاتنە ئاپارتمانەکەتم نییە. ئەگەر ڕۆژی پێنجشەممە لەرێی پۆســتی بــاوە[٦٢] نــامەت بەدەست نەگەیشت، ئەوا من لە **پراگ**م. ئەوەنــدەی مــن ئاگادار بــم لە وێستگەی خــــۆراوا دادەبەزم. (وا بــــزانم دوێنێشــــەو وێســــتگەی باشــــوورم نووسیبوو)، بەڵام ئەم مەسـەلەیە ئێستا گرنـگ نییە. مـن بەو مەرجەی کەمێــک خەوتبێــتم، ئێتــر ئەوە نیــیە زیــاد لە ئاســایی خــۆم لە کــار بـدزمەوە، یــان کەمتەرخەمــی بــکەم. لەم ڕووەوە ترســت نەبێت. هەر ئەوەنـدە بەســە ســواری شــەمەندەفەر بــم و بــگەمە شــوێنی مەبەست. تەنیا سواربوونەکە بۆ مـن سەرئێشــەیە، بــۆیە ماڵئاوا (بێگومـان نابێت ئەم ماڵئاواییکردنە لە **ڤیەننا** بێت. دەشێت لە نامەیشدا بکرێت).

ف

دەربــارەی نــاوی **میلینــا** دەبێــت بڵــێم کە هــیچ پەیوەنــدییەکی بە جوولەکایەتی و جەرمانییەتەوە نییە. ئەوانەی زمـانی **چیک** لە هەموو باشــتر دەزانــن (دیــارە بــێجگە لە جوولەکەکــانی **چیــک**) بەرێــزان

---

[٦٢] جۆرە سیستمێکی پۆستییە.



Scanned with CamScanner

naserec[٦٣] کە بە ڕەگەز جەرمەنین و پەیوەندییان بە زمانی ئێمەوە نییە. بە پلەی دووەم خوێنەرانی ئەم بلاڤۆکەیە زمانی **چیکی** باشتر تێدەگەن، بە پلەی سێیەم بەشداربوەکانی ئەم بلاڤۆکەن کە من بە یەکێک لە خۆیان دەزانن، بۆیە من پێت دەڵێم تاقە شتێک کە لە زمانی **چیکی**دا لە **میلیناوە** نزیک بێت بچووککراوەی **میلنکایە**[٦٤]. ئیتر تۆ لات پەسەندە، یان نا، ئەمە ڕای زمانناسانە.

ئەگەر گەیشتمە **ڤیەننا** نامەت بۆ دەنووسم، یان لە پۆستەخانەوە تەلگورافت بۆ دەکەم، سێشەممە یان چوارشەممە. بێگومان من پوول بە هەموو نامەکانەوە دەنێم. ئایا دیار نییە ئەگەر پوولەکانیان لە زەرفەکە کردبێتەوە؟[٦٥]

## مران ٢٥ی ژون ١٩٢٠ عەسری هەینی

ئەمڕۆ گەوجانە شتێکم نووسی. هەنووکە هەردوو نامە ئازیز و پڕ لە سۆزەکەتم پێ گەیشت. من وەڵامی هەردوو نامەکە بە ئامادەبوونی خۆم دەدەمەوە. ئەگەر شتێکی چاوەڕواننەکراو -ناوەکی یان دەرەکی- پێش نەیەت، من ڕۆژی سێشەممە لە **ڤیەننا** دەبم. ئەگەر پێشتر پێت بڵێم لە کوێ چاوەڕێم بکەیت، کارێکی ئاقڵانەترە (وا بزانم ڕۆژی سێشەممە پشووە، لەوانەیە ئەو پۆستخانەیەی دەمەوێت لەوێوە تەلگورافت بۆ بکەم، یان نامەت بۆ بنێرم، ئەو ڕۆژە داخرابێت)، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت هەر ئەمڕۆ، لەم چرکەساتەدا، ناوی شوێنێک

---

٦٣ "زمانی ئێمە" ئاماژەیە بە بلاڤۆکێکی کۆڕی زانیاری و هونەری چیک کە بۆ پاراستنی زمانی چیک دامەزرابوو چەند زانایەک هەڵیان سووڕاندووە.

٦٤ **کافکا** ڕای وایە **میلینا** ناوێکی لاتینییە. بچووککراوەی **میلینکایە** کە وشەیەکی چیکییە بە مانای (دلدار).

٦٥ گوایە **میلینا** حەزی بە پوولکۆکردنەوە هەبووە و پۆستەچییەکەیش هەر وا.

بهێنم و بە ناچاری بەردەوام و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و سێ شەو، ئەو جێگەیە ببینم کە چۆڵوهۆڵ لە چاوەڕوانیی گەیشتنی مندایە، لە سەعاتێکی دیاریکراوی ڕۆژی سێشەممەدا، ئەوە دەخنکێم. **میلینا!** ئایا لە دنیادا جێگەیەکی وا بوونی هەیە ئەوەندەی من پێویستیم پێیەتی بەئارام بێت؟ ڕۆژی سێشەممە وەڵامی ئەمەم بدەرەوە.

**ف**

## نامەی کارتی پۆستی ڤیەننا ۱۹۲۰/٦/۲۹

## سێشەممە سەعات ۱۰

پێناچێت ئەم نامەیە پێش سەعات ۱۲ بگات، یان لەوانەیە هەر نەگات. ئێستا سەعات دەیە، کەواتە دەکەوێتە سبەی بەیانی. ڕەنگە خۆشییەکەی لەوەدا بێت، چونکە هەرچەندە من لە **ڤیەننام** و لە کافەیەکی نزیک بە وێستگەی باشوور دانیشتووم (ئیدی ئەمە چ جۆرە کاکاوێکە. ئەمە چ جۆرە شیرینییەکە؟ ئایا تۆ بەم شتانە دەژییت؟) لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا من بە تەواوی لێرە نیم. دوو شەوە نەخەوتووم. هەرچەندە نازانم لە ئوتێل ڕیڤای نزیک بە وێستگەی باشوور، کە لەپاڵ گەراجێکدام، دەتوانم بنووم یان نا. لەمە چاکتر بۆ من ڕێناکەوێت کە بڵێم: بەیانیی چوارشەممە سەعات ۱۰ لە بەردەم ئوتێلەکەدا چاوەڕێت دەکەم، **میلینا**، تکات لێ دەکەم کە لێم نزیک دەبیتەوە لە پشتەوە یان لە پەناوە غافڵگیرم نەکەیت. منیش بەڵێنت پێ دەدەم ئەو کارە نەکەم. ڕەنگە ئەمڕۆ لە دیمەنەکان بڕوانم: شەقامی **لرشن فلدر**، پۆستەخانە، گۆڕەپانی دەرەوە لە وێستگەی باشوورەوە تا شەقامی **لرشن فلدر**، ژنە خەڵوزفرۆشەکە و شتی تریش. هەرچییەکی تری نەبینراویش.

**خۆشەویستەکەت**



Scanned with CamScanner

**پراگ ٤ی ژولای ١٩٢٠ یەکشەممە**

**میلینا**، **میلینا**، **میلینا**، بێجگە لەم وشەیە ناتوانم هیچی تر بنووسم، بەڵام دەمەوێت بنووسم. **میلینا**! کە ئەمڕۆ بە تەنیا و پەلەپرووزکێ، شەکەتی و خەیاڵڕۆیشتوو دووری دەنووسم، (لە ڕاستیدا سبەینێش هەر وا دەبێت) چۆن ماندوو نابم؟ بەڵێنی سێ مانگ پشوو بە نەخۆش دەدەن و کەچی تەنیا چوار ڕۆژ مۆڵەتی دەدەنێ. کەمێک لە سێشەممە و چوارشەممە و تەنانەت لە بەیانی و عەسرەکانیشی لێ دەردەکرا. ئایا ئیتر ناهەقم نییە بڵێم هێشتا بە تەواوی چاک نەبوومەتەوە؟ ئایا هەقی خۆم نییە؟ **میلینا** (کاتێک کە تۆ لەوێ بە هەر هۆیەکەوە بێت لەناو پێخەفێکی چۆڵ و خاکەڕادا، لە خەونێکی قووڵدا ئارام بیت، کاتێکیش ئارام و ناهۆشیار لە ڕاستەوە بۆ چەپ سووربخۆیت و رووی دەمت لە لێوی من بێت، ئەم قسەیە بە گوێی چەپتدا دەچرپێنم). سەفەر؟ لە سەرەتادا شتێکی زۆر سادە بوو. مەحاڵبوو بتوانیت لە ڕێگە ڕۆژنامە بکڕیت. بەڵگەیەک بوو بۆ هەڵاتن. تۆ ئیدی لەوێ نەبوویت. هەموو شتەکان باش بەڕێوەدەچوون. من سواربوومەوە. شەمەندەفەرەکە کەوتە جووڵە. من دەستم بە ڕۆژنامەخوێندنەوە کرد. هێشتا هەر شتەکان باش دەڕۆیشتن. دوای چرکەساتێک وازم لە خوێندنەوە هێنا، ئەوە ئەو کاتە بوو کە تۆ لەپڕێکدا لەوێ نەمابوویت، یان باشتری بڵێم تۆ لەوێ بوویت. بە هەموو بوونی خۆمەوە هەستم بە بوونت دەکرد، بەڵام ئەم جۆرە ئامادەگیە لەگەڵ چوار ڕۆژەکەی تردا زۆر جیاواز بوو. یەکەم جارم بوو خووی پێوە بگرم. دیسان کەوتمەوە خوێندنەوە، بەڵام یاداشتەکانی **هیرمان بار** لە باسی **باد کروزن**دا، نزیک بە **گراین** دەستی پێ کرد. لەوێدا دەستم لە خوێندنەوە هەڵگرت. لێ کە تەماشای دەرەوەم کرد، شەمەندەفەرێک تێپەڕی وشەی "**گراین**"ی پێوەبوو. تەماشای ناو واگۆنەکەم دەکەم. بەڕێزێک بەرامبەرمە و بڵاڤۆکی "**ناروودنی لیستی**" ڕۆژی یەکشەممە



Scanned with CamScanner

دەخـوێنێتەوە. دووربەدوور چـاوم بە نووسـینی پەراوێزێکـی **ڕوزینـا یزنسکا**[٦٦] دەکەوێت. بڵاوکراوەکەی لێ وەردەگرم و هەر ئاوا دەست بە خوێنـدنەوەی دەکەم. لەو کـاتەدا بەرانـبەر بە ڕوخسـارت، تەواو وەک ئەو کاتەی لە وێستگەکە ماڵئاواییت لێ کردم، دانیشتووم. ئەوەی وێستگەکە هێند سروشتی بوو کە هەرگیز پێشتر شتی وام نەدیبوو. خۆر بەرەو تاریکی دەچێت، بەڵام نەک بە هـۆی هەورەوە، بەڵکو هەر خـۆی تاریـک دەبێـت. چیـی تـر بڵـێم؟ نە هەناسـە بـوار دەدات و نە دەستیش فەرمان قبووڵ دەکات.

**خۆشەویستەکەت**

سبەینێ چیرۆکێکی تری ئەم سەفەرە سەیرە دەست پێ دەکاتەوە.

**پراگ ٤ی ژولای ١٩٢٠ یەکشەممە، دوای کەمێک لە نامەی پێشوو**

پۆستەچی ئەم نامە داخراوەت بۆ دێنێت (تکایە خێرا بیدرێنە، نـامەکەی **مـاکس**یـش هەر وا لـێ بـکە) ئەو وەڵامێکـی خێـرای گەرەکە، مـن دەنووسـم سـەعات ٩ لەوێ دەبم، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم زۆر ڕوونە، بەڵام بەڕاسـتی نـازانم چـۆنی بڵـێم. جـا ئەگەر ژنـم بهێنـایە[٦٧] کە دەگەیشـتمە مـاڵەوە لەبـاتی پۆسـتەچی، پـێخەفم دەبینـی، پێخەفێکـی بوارئاسـا کە بـواری ڕۆیشـتنت هەرگیـز پـێ نەدات، مەگەر لەڕێـی خۆشاردنەوە لە ڕاڕەوێکی ژێرزەمینیی میترۆدا بۆ **ڤیەننا**.
ئەمە بە خـۆم دەڵـێم، تـا خـۆم بەوە قایـل بـکەم کە ئەو کێشـانەی لەپێشمدان چەندە ئاسانن.

**خۆشەویستەکەت**

---

[٦٦] Ruzena Jesenaka ناوی خوازراوی **میلینا** لە چیرۆکە خۆماڵییەکانیدا.

[٦٧] پێدەچێت مەبەستی لە هێنانی (**ژولی ڤۆریزێک**)ی دووەم دەزگیرانی **کافکا** بێت.



Scanned with CamScanner

ئەم نـامەیەت بـۆ دەنێـرم. دەڵێیت بەم کـارە، کاتێـک سـەر و خـواری شـەقامەکە دەکەم بەرامـبەر ئەو مـاڵە، دەتـوانم تـۆ لە خـۆم نزیـک بکەمەوە.

## پراگ ٤ تا ٥ی ژولای ١٩٢٠ - یەکشەممە سەعات ١١:٣٠ (٣)[٦٨]

من لانی کەم ژمارە لەسەر نامەکان دادەنێم، تا بەو جۆرەی ئەو ڕۆژە کە من لە باخچە بچووکەکەدا تۆم لێ ون نەدەبوویت، هیچ یەکێک لەم نامانەیش نەتوانن لە تۆ ون بن، دەبێت هەموویان پێت بگەن.
هەرچۆنێک بێت، ئەگەرچی بەگشتی هەموو شتێک ئاشکرایە و ئەوەی پەیوەنـدیی بە مـنەوە بێـت، بە ڕوونـی دەرمبڕیـوە، نامەوێـت بچـمە وردەکـارییەوە، تەنیـا ئەوە نەبێـت کە ئەو[٦٩] لەبـارەی مـن و تـۆوە، تەنـانەت دووربەدووریـش بێـت تـووڕەییم لـێ نەدیـوە. ئەمەنـدە زێـدەڕۆییم لە ڕوونیـدا هەبـوو کە هەسـتی هـاوەدردی و سـۆزداریم نەمابوو. هەر ئەوەندەم توانی ڕاستگۆیانە بڵێم کە لە نێوان من و تۆدا هـیچ نەگـۆڕاوە و لەوانەیشـە نەگۆڕێـت. مەگەر -ئێتـر بەسـە- ڕووداوێکـی تەواو بەدفەڕە. ئەمە کـاری خـوێنڕێژە، نەک مـن. تەنیـا شـتێک هەیە پێـت بڵـێم میلینـا. ئەگەر بەڕاسـتی ئەو نەخـۆش بێـت (تەندروسـتیی هەرگیـز بـاش نەدەهـاتە بەرچـاوم و بێئەنـدازە نائومێد بـوو. سبەی بەیـانی ناچـارم بچـمەوە بـۆ بینینـی) بەڵـێ، ئەگەر ئەو نەخۆش بکەوێت، یان شتێکی تری لێ ڕوو بدات، ئیدی من هیچم بۆ ناکرێـت، چـونکە تـاقە کارێـک کە مـن دەتـوانم بـیکەم ئەوەیە، هەقیقەتەکەی پێ بڵێم و بەردەوامیش بم لەسەری. هەقیقەت نەک تەنیا

---

[٦٨] ژمارەدانان لەسەر نامەکان لە لایەن خودی **کافکاوە** کراوە، لەم دەقانەدا ژمارە ١ و ٢ نییە.
[٦٩] پێدەچێت ئاماژە بێت بە **ژولی فریزکی** دەزگیرانی **کافکا**.

هەقیقەت، بەڵکو شتێک لەو زیاتر (هەقیقەت) ئەوەیە ئەو کاتەی لەگەڵ ئەودا پیاسە دەکەم، نوقمی تۆم. بۆیە، جارێکی تریش دەیڵێمە، ئەگەر شتێک ڕووی دا، ئەو کاتە **میلینا**، پێویستە بۆ بێیت.

ف.

قسەی بێمانا، بێگومان تۆ هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە نایەیت. سبەی (**نامە بۆ باوکم**)ت بە ناونیشانی ئاپارتمانەکەت بۆ دەنێرم. تکایە باش ئاگاداریی بکە. لەوانەیە ڕۆژێک بڕیار بدەم بیدەمە باوکم. ئەگەر کرا مەهێڵە کەسی تر بیخوێنێتەوە. لە کاتی خوێندنەوەیدا هەوڵ بدە هەموو فێڵبازییەکانی پارێزەرێکی بەرگریکەری تیا بدۆزیتەوە. ئەمە نامەی پارێزەرێکی بەرگریکارە. کاتێک ئەوە دەکەیت، هەرگیز ئەمە و "شت"ە گەورەکانی تریشت لە بیر نەچێت.

## پراگ ٥ی ژولای ١٩٢٠ - بەیانیی دووشەممە
## (٤)

ئەمڕۆ بەیانی زوو نامەی ڕۆژی هەینیتم بەدەست گەیشت و پاشان نامەی شەوی هەینییش. ئای کە دەموچاوت لە وێستگەی ڕێگەی ئاسندا چەند ئازیز و خەمبار بوو. یەکەم نامەت زۆر خەمگین بوو. خەمگینییەکەی لەبەر ئەوە نا کە ناوەڕۆکەکەی چی بوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە کاتەکەی تێپەڕیبوو. نامەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕابوردووەوە هەبوو. پێکەوە لە دارستاندا، پێکەوە لە دەرەوەی شار، پێکەوە سواربوون. چۆن کۆتایی هەموو ئەمانە وێنا دەکرێت. بە پاڵ یەکەوە سواربوون لە ناوەڕاستی شەقامە بەردینەکاندا و گەڕانەوە بە

کۆلانەکانـدا کۆتاییـان نیـیە. لەگەڵ ئەوەیشـدا ئەم قسـەیە کە ئەمـانە بێکۆتـا بـن، گـاڵتەیەکی گەوجـانەیە. بەڵگەکـانی ئێسـتا لە بەرانـبەری منـدان. چەنـد نـامەیەک کە هەر ئێسـتا خوێنـدمنەوە. بەخێرهـاتن و سـڵاوکردن لە سـەرۆک (لەبـاتی ئەوەی فەرمـانی دەرکـردنم بـدات) و چەند نـامەیەکی تـر کە لەمـلا و لەولاوە بڵاوبووەتەوە. لە هەمـوو ئەم ماوەیەدا زەنگێکی بچووک لە گوێمدا لێ دەدات کە زمانحاڵەکەی بەم جۆرەیە: ((ئیدی **میلینا** لەگەڵ تۆدا نییە))، هەرچەندە زەنگێکی بەتوانای تـر لە جێگـەیەکـی ئاسمانەوە بە زمـانی حـاڵ دەڵێت: ((ئەو واز لە تـۆ ناهێنێت))، بەڵام زەنـگە بچووکەکە بەڕاسـتی لە گوێمدایە و نـامەیەکی تـریش کە پەیوەنـدیی بە شـەوەوە هەیە، نازانیـت بـۆ ناتوانیـت بیخوێنیتەوە. نازانم بۆ ناتوانم سـنگم بکەمەوە و بەپێی پێویست هەوا هەڵمژم. نازانم بۆ ناتوانم ئەوەندە لە تۆ دوور بم.

لەگەڵ ئەمانەیشدا سکاڵا ناکەم. ئەمانە گلەیی نین و من بەڵێنی تۆم لایە.

ف.

**دووشەممە - بەرەبەیان**

من چیرۆکی (**ژەنیارە هەژارەکە**[70])ت بۆ دەنێرم. لەبەر ئەوە نییە کە چیرۆکەکەم زۆر لا گرنگ بێت (هەرچەندە چەند ساڵێک لەمەوبەر وا بوو)، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر **ڤیەننایی**یە. گەلێک سادەیە و مرۆڤ دەخـاتە گریـان. لەبەر ئەوەی ئەو لە بـاخچەی میللیـیەوە بە چـاوی سـووکەوە لە ئـێمەی دەڕوانـی (مـن و تـۆ! چـونکە تـۆ بەپـاڵ منەوە پیاسـەت دەکـرد **میلینـا**. بیـری لـێ بکەوە. تـۆ بەپـاڵ منەوە پیاسـەت

---

[70] چیرۆکێکی کورتی فرانتس گریل پارزێرسە. زۆر سەرنجی کافکای ڕاکێشاوە.



Scanned with CamScanner

دەكـرد) لەبەر ئەوەیـش كە ئەو زۆر بیرۆكراسـییە و لەبەر ئەوەیـش ئاشقی كچێك بوو كە لە كارەكەیدا سەركەوتوو بوو.

ئێستا گوێ لە دەنگوباسی سـەفەرەكەم بگرە، پاشـان پێم بڵێ كە تۆ فریشتە نییت. پێشتر دەمزانی ڤیزەكەی نەمسام لەپێش دوو مانگەوە بەڕاستی تەواو بووە، بەڵام لە مران پێیان وتبووم پێویستم بە ڤیزە نییە. لە ڕاستیدا بۆ هاتنە نەمسا من هیچ كێشـەیەكم نەهاتە ڕێ، بۆیە ئەو كاتەی لە ڤیەننا بووم بە تەواوی ئاگاداری ئەم هەڵەیە نەبووم. لێ لە گموند، یەكێك لە كارمەندەكانی ئۆفیسـی ڤیزە، كە لاوێكی دڵڕەق بـوو زوو، هەسـتی بە هەڵەكە كـرد. ڤیزەكەمـی خسـتە لاوە. مـۆڵەتی ڕۆیشـتنی بە هەمـوان دا، مـن نەبـم. بـارم لە پێشـوو خراپتـر بـوو (بەردەوام بێـزارم دەكەن. هەرچۆنێـك بێـت دوای سـەفەرەكە ئەمە یەكەم ڕۆژە هـاتبمەوە بـۆ ئۆفیسـەكە، بـۆیە ناچـار نـیم گـوێ لە چەنەبازییەكەی بگرم. بەردەوامیش یەكێك دێت بۆ ئەوەی من لە تۆ دووربخـاتەوە. لە ڕاسـتیدا تۆ لە مـن دوور بخـاتەوە، بەڵام میلینا ئەو جۆرە كەسانە سەركەوتوو نابن، وا نییە؟ هیچ كەسێك، هەرگیز) بەڵێ، دۆخەكە بەو جۆرە بوو، بەڵام لەدواییـدا كـاریگەریی تـۆ هـاتە ئاراوە. یەكێك لە پاسـەوانەكانی سـنوور پەیـدادەبێت (كەسـێكی میهرەبـان، ڕاستگۆ، نەمساوی، گەلێک بە بەزەیی) بەرەو ڤاتی سـەرەوە ڕێنماییم دەكات. لەوەبەدواوە پاش ئەوەی بە ڕاڕەوەكاندا تێدەپەڕین، دەگەین بە چـاودێریكەری سـەر سـنوور. لەوێ ژنێكـی جـوولەكەی ڕۆمـانی وەستاوە و ڤیزەكەی ئەویش وەک ئەوەی من كەموكورتیی تیایە. ئەی فریشـتەی پاسـەوانی جوولەكە، سـەیر ئەوەیە یەكێك لەوانەی تـۆ بە نهێنـی لەوێـت دانـاوە، دەردەكەوێـت، بەڵام هێـزە دژەكـان هێشـتا دەسـەڵاتیان هەیە و بەتوانـان. چـاودێرە گەورەكە و یارمەتیـدەرە بچووكەكەی (هەردووكیان لاواز و ڕەنگزەرد و لانی كەم لەو ساتەدا دەموچاوترشـاون) گوزەرنـامەكە وەردەگـرنەوە. چـاودێرەكە خێـرا مەبەسـتەكەیان پـێ دەڵێـت: (بگەڕێـنەوە بـۆ ڤیەننـا، بـڕۆن بـۆ

بەڕێوبەرایەتیی پۆلیس ڤیزەیەکی تازە بۆ گەڕانەوە وەربگرن). من لەوە زیاترم پێ ناکرێت کە چەند جارێک بڵێم: ((ئەم کارە بۆ من ترسناکە)). چاودێرەکە بە قین و ڕقەوە چەند جارێک وەڵام دەداتەوە: ((ئەوە بە تەنیا لای تۆ وایە)). ((ئەی ناکرێت بەهۆی تەلگورافەوە ڤیزە ئامادە بکرێت؟))

- نەخێر! نابێت.
- ئەی ئەگەر هەرچییەکی تێدەچێت هەمووی بدەم؟
- نا، نابێت.
- ئەی لێرە دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە؟
- نا، نییە.

ژنەکە من بەو ناڕەحەتی و ئازارەوە دەبینێت و خۆیشی شکۆمەندانە بێدەنگ وەستاوە، داوا لە چاودێرەکە دەکات هیچ نەبێت ڕێگەی ڕۆیشتن بە من بدات. هەوڵێکی بێسوودە **میلینا**! بەم ڕێگەیە لەو شەڕە ڕزگارم بێت. دەبێت تا بەڕێوەبەرایەتیی گوزەرنامە بە پێ بگەڕێمەوە و شتەکانم بێنم. بۆیە ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێک ناتوانم سەفەرەکەم بکەم. هەنووکە ئێمە پێکەوە لە ژووری چاودێریکەری سنوور دانیشتبووین، تەنانەت پاسەوانەکەیش ناتوانێت کارێکمان بۆ بکات. تەنیا ئەوە نەبێت بڵێت بلیتەکان لە کار ناکەون و درێژ دەکرێنەوە و هتد... ئیتر لەم جۆرە قسانە. چاودێرەکە دوا قسەی خۆی کردووە و چووەتە نووسینگە تایبەتییەکەیەوە. تەنیا هاوکارە بچووکەکە هێشتا ماوەتەوە. من خەریکی لێکدانەوەی خۆمم: شەمەندەفەری دوایی کە بۆ **ڤیەننا** دێت، سەعات دەی پاشنیوەڕۆ دەجوولێت (سەعات دوو و نیوی بەیانی دەگات، هێشتا جێگازی چنگنەکانی ئوتێل ڕیڤام پێوەیە. باری ژوورەکەم لە وێستگەی **فرانز جوزف باهنهوف** چۆن دەبێت؟ بەڵام بە هەرحاڵ ژوورێکم دەستناکەوێت. پاشان من (بەڵێ، سەعات ٢:٥) دەڕۆم بۆ **لرشن فلدر** و داوای ژوورێک دەکەم (بەڵێ، سەعات پێنجی بەیانی) چی دەبێت با



Scanned with CamScanner

بیێت. مـن هەر دەبێت بچـم، بـۆ ئەوەی بەیـانیی ڕۆژی دووشـەممە ڤیزەکەم وەربگرم (بەلام تۆ بلێی یەکسـەر ڤیزەکەم بدەنێ و نەمخەنە ڕۆژی سێشەممە؟)، پاشـان دێم بۆ لات، لە بەردەم دەرگایەکدا کە تۆ دەیکەیـتەوە، غـافلگیر و سەرسـامت دەکەم. ئـای وای، لەو شـوێنەدا هەموو بیرۆکەکان دەوەستن و پاشان دووبارە زیندوو دەبنەوە: دوای شەوێکی ناو شەمەندەفەر، دەبێت حالم چۆن بێت؟ دیسانەوە دەبێت عەسر بە پەلە سەفەرێکی شانزە سـەعاتیی تر بکەمەوە. کە دەگەمەوە **پراگ** دەبێت چیم بەسـەر هاتبێت؟ سـەرۆکی ئۆفیسـەکەیش کە دەبێت ئێستا بە هـۆی تەلگورافەوە داوای درێژکـردنەوەی مـۆلەتەکەم بکەم، چیم پـێ دەلێت؟ تـۆ هەرگیـز ناتەوێت ئەم پێشـهاتە ڕوو بـدات، بەلام ئەی چیت دەوێت؟ هـیچ کـارێکی تـر نییە. مـن وای بـۆ دەچـم تـاقە ڕێگـەیەک کە کەمێک کـارەکە ئاسـانتر بکـات ئەوەیە شـەو لە **گموند** بەسەربەرم و بەیانی زوو بەرەو **ڤیەننا** بێم. بەم جۆرەیـان، لەو کاتەدا کە زۆر شـەکەتم، دەتـوانم بە هێـوری داوای شـەمەندەفەری بەیـانی بەرەو **ڤیەنـنـا** لە بەردەسـتەکە بـکەم. تـاقە شـەمەندەفەرێک هەیە لە سەعات ٥:٣٠ بەیانی دەکەوێتە ڕێ و سـەعات ١١ دەگـات. زۆر باشـە، مـن و ئەو ژنە **ڕۆمـانیی**ە بەو شـەمەندەفەرە دێـین، بەلام لێـرەدا و لەپڕێکدا قسـەکان بەرەو لایەکـی تـر دەچـن. نـازانم چـۆن. بە هەرحال پێدەچێت بەردەستە بچووکەکە بیەوێت یارمەتیمان بدات. ئەگەر ئێمە شـەو لە **گمونـد** بەسـەربەرین، ئەو کە بە تەنیـا لە نووسـینگەکە دانیشتووە، دەهێلێت ئێمە هەر ئاوا بە بێدەنگی بەرەو **پراگ** سواری شەمەندەفەری ئاسایی ببین. ئەو کـاتە ئێمە سـەعات ٤ی دوانیوەڕۆ دەگەیـنە **پـراگ**. زۆر چـاکە، تـا ڕادەیەک زۆر باشـە، چـونکە مـن هەر دەبێت تەلگورافێک بۆ **پراگ** بکەم. بە هەرحال چاودێرەکە دەگات. ئێمە لەنـاو شـەمەندەفەرەکەی بەیـانیی **ڤیەنـنـا**دا کۆمیـدیایەکی چکۆلە ساز دەکەین. پاشان بەردەسـتەکە دەرمانـدەکات. پێویسـتە لە عەسردا ئێمە بۆ گفتوگۆکردنی زیاتر بە دزییەوە ئەو ببینین. مـن کوێرانە ڕام وایە

هەمـوو ئەم شـتانە کـاری تـۆن، لە کاتێکـدا کە بەڕاسـتی بـێجگە لە هێرشـی هێـزە نەیارەکـان، چیـی تـر نییـە. بەم جـۆرە، مـن و ژنە ڕۆمـانییەکە هێـدی هێـدی لە وێسـتگەکە دووردەکەوینـەوە. (ئەو شەمەندەفەرە ئێکس پریسـەی دەبوا ئێمەی بگەیاندایەتە **پراگ** هێشتا لێرە وەسـتاوە، گومرگی شتەکان زۆر دەخایەنێت)، تا شار ماوەکە چەندە؟ سەعاتێک. ئاوا! بەڵام دەڵێن دوو ئوتێل لە نزیکی وێستگەکەیە. دەچینە یەکێکیان. لە نزیک ئوتێلەکانەوە هێڵێکی ئاسن تێدەپەڕێت. بۆ ئەوەی بگەیـتە ئوتێلەکـان دەبێـت بەسـەر ئەو هـێڵەدا تێپەڕین، بەڵام لەوکاتەدا شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر نزیک دەبێتەوە. کە من دەمەوێت خێـرا بـپەڕمەوە، ژنەکە بـۆ دواوە ڕامدەکێشـێت. لەو کـاتەدا شـەمەندەفەری بـارەکە دەوەستێت و ڕێگەکەمـان دەگیرێت. ناچارین چاوەڕێ بکەین. ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە هەر ئەم بەدبەختییەمان کەم بـوو، بەڵام کارەسـاتەکە لێـرەدایە. ئەگەر ئەم دواکەوتـنە ڕووی نەدایە مـن ڕۆژی یەکشـەممە نەدەگەیشـتمە **پـراگ**، ئەمە خـاڵی وەرچەرخان بوو. تۆ دەزانیت (هەر بەو جۆرەی کە تۆ لە وێزگەکەی خۆراوا لەم ئوتێلەوە بە ڕاکردن دەچوویت بۆ ئوتێلێکی تر)، وا ئێستا لەم دەرگـای بەهەشـتەوە بۆ ئەو دەرگـای بەهەشـت ڕاتکردبـوو بـۆ ئەوەی کارئاسـانیم بـۆ بکەیـت، چـونکە لەو سـاتەدا کە فریشـتە پاسـەوانەکەی تۆ لە کاتێکدا لە وێستگەکەوە تا ئێرە بە هەناسـەبڕکێ دوامانکەوتووە و هاوار دەکات: ((زوو بگەڕێنەوە. چاودێرەکە مۆڵەتی پەڕینەوەتـان پـێ دەدات))، ئایا ئەمە دەکرێت؟ ئایا دەکرێت؟ شتی وا گەروو وشک دەکات. دەبێت دە جار لە پاسەوان بپاڕێیتەوە بۆ ئەوەی پارەمـان لـێ وەربگرێـت. هەنـووکە دەبێـت بە ڕاکـردن بگەڕێینـەوە. شتەکانمان لە نووسینگەکەی چاودێرەوە بێنین بۆ ئەولای ئۆفیسی گوزەرنامەکە و پاشان بەرەو گومرگ ڕاکەین، بەڵام پێویستە لەدوای ئەمەوە تۆ هەموو شتێکت ئەنجام دابێت: کاتێک کە ئیتر من ناتوانم بـکەومە دوای بـارکردنی شـتومەکەکانم، بارهەڵگرێـک لە پەنامـدا

دەردەکەویت. کاتێک لە ئۆفیسی گوزەرنامە ئاپوورەی خەڵکەکە بەرەو دواوەم دەبات، پاسەوانێک ڕێگەم بۆ دەکاتەوە. کاتێک لە ئۆفیسی گومرگ بێ ئەوەی خۆم ئاگام لێ بێت، قوتووی دوگمەی سەر کراسەکەم کە لە زێڕ دروست کراوە، لێم ون دەبێت، کارمەندێک دەیدۆزێتەوە و بۆم دەهێنێتەوە. ئێمە سواری شەمەندەفەر دەبین و زوو بەڕێ دەکەوین. سەرئەنجام ئارەقەی سەروورووم پاک دەکەمەوە. تکایە هەمیشە لەگەڵمدا بە.

ف.

**پراگ ٥ی ژولای ١٩٢٠ – دووشەممە**

٥) وا بزانم پێویستە بڕۆم بخەوم. سەعات یەکی دوای نیوەشەوە. دەبوو ئێوارە نامەم بۆ بنووسییتایە، بەڵام **ماکس** لێرە بوو کە زۆر ئارەزووی بینینیم دەکرد. لێ نیگەرانییەکانی من بەرانبەر بەو کچە[٧١] نەیهێشتبوو تا ئێستا ئەو کارە بکەم. تا سەعات ٨،٣٠ لەگەڵ ئەو کچەدا بووم. **ماکس** سەعات (٩)ی بۆ بینینەکە دانابوو. پاشان تا سەعات ١٢،٣٠ پێکەوە بووین و لەو ناوە پیاسەمان دەکرد. حەز دەکەم بزانیت چیم لەدڵدایە بە ڕوونی لە نامەکانمدا نووسیومە. لەوانەی ئەوەی تۆ تۆ تۆ (دیسانەوە تووشی تورتەتورتی قەڵەمەکەم بووم) تەنیا کەسیت لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا کردبێت. ئەو ئەمەی نەدەزانی، تازەیش ناوی تۆی زانیوە (دیارە من ئەوەم نەنووسیبوو، چونکە لەوانەبوو هاوسەرەکەی نامەکان بخوێنێتەوە)، لەبارەی ئەو کچەیشەوە: ئێستا دۆخەکە لەبارترە. لێ لەسەر ئەوەی من ڕێگەم پێ دابێت نامە بۆ تۆ بنووسێت و شتی لەو بابەتە، زۆر پەشیمانم. یەکێک

[٧١] مەبەست لەو کچە ژولی فریزکی دووەم دەزگیرانی کافکایە. ماکس برود ڕای وایە لە هەموو (نامە بۆ میلینا)دا کە دەڵێت (ئەو کچە)، مەبەستی ژولییە.

له نیشانەی دڵنیگەرانیم بەرانبەر بە تۆ ئەو تەلگورافەیە کە ئەمڕۆ ناردم (ئەو کچە بە میهرەبانی و ڕاستگۆییەوە نامەت بۆ دەنووسێت - لێرەدا من دەم ویست وشەی (زۆر)یشی بۆ زیاد بکەم- تۆیش بە جیددی و کۆکی وەڵامی بدەرەوە و لایەنم بگرە) ئەمڕۆ دۆخەکە بەگشتی لەبارتر بوو. وام دانابوو بە شادییەوە دەربارەی **مران** بدوێم. دۆخی ئەمڕۆ هەڕەشەی کەمتر تیابوو، بەڵام هەر کە هاتنەوە سەر باسەکە -ئەو کچە لەپاڵمدا، لە **کارلزپلاتس** ماوەیەک هەموو گیانی کەوتە لەرزین- من تەنیا ئەوەندەم پێ کرا بڵێم کە بەرانبەر بە تۆ[٧٢] هەموو شتێکی تر -هەرچەندە پێدەچێت ئاڵوگۆڕیان بەسەر نەیەت- نامێنن و تەواودەبن. ئەو لەدواییدا دواپرسیاری کرد کە من بەرانبەری تەواو دەستەوسانم. پرسیارەکەی ئەوەبوو کە: ((من ناتوانم واز لە تۆ بێنم، لێ ئەگەر دەرم بکەیت دەڕۆم، ئایا تۆ دەرمدەکەیت؟)) ئەم دەربڕینە بەرانبەر بە تۆ، جگە لە خۆپەرستی، شتێکی زۆر نەفرەتهێنی لەخۆ گرتووە. من بۆتی باس دەکەم، چونکە خەمی تۆمە. لەسەر ئەم هەموو پیلانەی دژی تۆ دەکرێت، ئایا دەتوانم کارێک هەبێت، نەیکەم؟ بڕوانە ئەمە چ ترس و ساکانێکی تازەیە!)) من وەڵامم دایەوە: ((بەڵێ)) ئەویش لە وەڵامدا وتی: ((بەڵام بە هەرحاڵ من ناتوانم وازت لێ بهێنم)). لەو کاتەدا ئەو مرۆ چاک و ئازیزە دەستی بە قسەی زۆر کرد کە لە سەرووی توانای خۆیەوە بوو. لەم جۆرە قسانە: ئەو لەو شتانە ناگات کە ڕوویانداوە، وەک ئەوەی کە تۆ مێردەکەت خۆش دەوێت و بەدزییەوە قسە لەگەڵ مندا دەکەیت و بابەتی تریش. لە ڕاستیدا چەند قسەیەکی ناپەسەندیشی بەرانبەر بە تۆ کرد، کە دەبوو لەسەر ئەو قسانە لێی بدەم، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەی نەدەبوو دەرفەتی ئەوەی بدەمێ کە دەردەدڵی خۆیم بۆ بکات؟

---

[٧٢] مەبەست لە وشەی (تۆ) میلینایە. **کافکا** دەیەوێت دەربارەی **میلینا** لەگەڵ دەزگیرانی دووەمیدا -ئۆلی فریزک- قسە بکات و. ف.

هەر هیچ نەبێت تاقە دەرفەتێک؟ وتی دەیەوێت نامەت بۆ بنووسێت. لەبەر ئەو دوودڵییەی بەرانبەر بەو هەمە و ئەو بڕوا بێئەندازەیەیش کە بە تۆم هەیە، ڕێگەم پێ دا. ئەگەرچی باجەکەی چەند شەوێک نەنووستنە. ئەوەندە بەسە کە ئەو ڕێگەپێدانە ئاسوودەییەک بەو دەبەخشێت و نائارامییەکیش بە من. تۆ دلۆڤان و خۆگر بە، بەڵام با خۆگرییەکەت زیاتر بێت. من دەمەوێت بڵێم چی؟ بۆ نازانم تۆ ئەو شتە دەنووسیت کە دەشێت باشتر بێت. ترسەکەم لەم بارەیەوە ڕەنگە لەو نائومێدییەوە بێت کە شتێکی پیلانگێڕانە بۆ تۆ بنووسێت و بەرانبەر بە من کارت تێبکات. ئایا بەهای من لای تۆ زۆر ناهێنێتە خواریّ؟ ترسەکەم بێزێزم دەکات، بەڵام چی بکەم لەباتی دڵ، ئەم ترسە دەڕواتە ناو جەستەمەوە! لە ڕاستیدا هەق نەبوو ڕێگەم پێ بدایە، دەی، من بەیانی دەیبینمەوە. بەیانی پشووی **هاسە**[٧٣] زۆر داوای لێ کردم پاشنیوەڕۆ پیاسەی لەگەڵدا بکەم. دەڵێت لە ڕۆژانی تری هەفتەدا ئیدی من ناچار نابم بچم بۆ ئەوەی ببینم. ئەگەر هێشتا نامەکەی نەنووسیبێت، بەڵکو بتوانم پەشیمانی بکەمەوە، بەڵام لەو حاڵەتەدا بە خۆم دەڵێم: لەوانەیە ئەو تەنیا ڕوونکردنەوەیەکی بوێت. لەوانەیە قسەی تۆ کە بە شێوازێکی ڕاست و ڕاسا پێی بڵێیت، ئارامی بکاتەوە. ڕەنگە (ئەم ڕۆژانە من بیرم بەم شتانەوە ئالاوە) تەنانەت بەرانبەر بە نامەکەت بکەوێتە سەر چۆک.

**فرانتس**

هۆکارێکی تر لەبارەی ڕێپێدانەکەی منەوە. ئەو دەیویست ئەو نامانە ببینێت کە تۆ بۆت نووسیوم، لێ من ناتوانم نامەکانی پیشان بدەم.

---

[٧٣] یادی جان هاس Jan hus لە سەردەمی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیادا پشووی فەرمی بووە.

(لە پەراوێزی لای ڕاستەوە ئەمە زیادکراوە): جگە لە هەموو ئەمانە، هەندێک جار دەڵێم: ئەگەر بڕیار بێت یەکێک لە خۆشیدا بمرێت، بێگومان ئەوە منم. ئەگەر کەسێکیش کە قەرارە بمرێت، بڕیار بێت لە خۆشیاندا بژی، ئەوسا من بە زیندوویی دەمێنمەوە.

**پراگ ٦ ژولای ١٩٢٠ بەیانی سێشەممە**

٦) زەبرێکی بچووک لە من: تەلگورافێکم لە **پاریس**ەوە بۆ هاتووە. یەکێک لە مامە پیرەکانم کە زۆرم خۆشدەوێت، لە **مەدرید** دەژی و ساڵانێکە لێرە نەماوە، سبەیشەو دەگاتە لامان. ئەمە بۆ من شۆکێکە، چونکە بەشێکی کاتم داگیر دەکات. منیش دەمەوێت هەموو کاتم، بەڵکو هەزار جار زیاتر لە هەموو کاتی خۆم و ئەگەر بکرایە پێویستیم بە هەرچی کات هەیە بۆ تۆ بێت. بۆ ئەوەی بیر لە تۆ بکەمەوە و هەناسە لە تۆدا بدەم. لێرە ئاپارتمانەکە نائارام دەبێت و شەوانیش هەر وا. بۆیە حەز دەکەم لە شوێنێکی تر بم. پێم خۆشە گەلێک لە شتەکان بە جۆرێکی تر بن. حەز دەکەم ئۆفیس هەر بە تەواوی نەمێنێت، بەڵام لەم حاڵەیشدا هەر بیر دەکەمەوە. لەبەر ئەوەی ئارەزووی تری دوای ئەم چرکەساتەم هەیە، ئەم چرکەساتەی تۆ. کەواتە شایانی ئەوەم زەبرێکم لێ بدرێت.

لە لایەکەوە من ئیدی توانای نووسینی هیچم نییە جگە لە نووسین لەسەر ئەو دەسیسە و ئاژاوەیەی لە دنیادا هەیە و تەنیا پەیوەندیی بە خۆمانەوەیە. هەرچییەکی تر هەیە، نەیارە. ئەمە تاوانە! تاوانە! بەڵام چی لە لێوم بکەم کە بە زمانی بێزمانیی لەبەرخۆوە دەدوێت، چی لەم دەموچاوەی خۆم بکەم کە لە ئامێزی تۆدا ئارام دەگرێت (چی بکەم!).

یادەوەرییەکی تاڵی مران. ئایا ڕێگەم دەدەیت بیڵێم؟ وا بزانم ڕۆژی دووەم بوو لە دارستانەکەدا شتێکی وات وت: ((شەڕی ناو ژووری



Scanned with CamScanner

چاوەڕوانی زۆر ناخایەنێت))، وا ئێستا لە نامەی پێش کۆتاییدا لە مران، تۆ لەبارەی نەخۆشییەکەتەوە دەنووسیت، من چۆن بتوانم لە نێوان ئەم دوو شتەدا ڕێگەی ڕزگاری بدۆزمەوە؟ من ئەمە لەپای ئیرەییپێبردنەوە نالێم **میلینا**. من حەسوود نیم. چ دنیا زۆر بچووک بێت و چ ئێمە زۆر گەورە بین، هەرچۆنێک بێت ئێمە هەر پڕی دەکەینەوە. دەبێت ئیرەیی بە کێ بەرم؟

**پراگ ٦ی ژولای شەوی سێشەممە**

٧) بڕوانە **میلینا**، من ئێستا خۆم ئەو نامەیەت بۆ دەنێرم و تەنانەت نایشزانم ناوەڕۆکەکەی چییە. مەسەلەکە ئەوەیە کە من بەڵێنم پێ دابوو ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ سەعات ٣/٣٠ لە بەردەم ماڵەکەیدا بم[٧٤] دەمانویست بە کەشتییەکی هەڵمی پیاسەیەک بکەین، بەڵام من دوێنێشەو درەنگ چوومە ناو جێگە و بە زەحمەت خەو چووە چاوم. بۆیە ئەمڕۆ بەیانی زوو بە پەلە نامەیەکم بۆ نووسی کە دەبوو پاشنیوەڕۆ بنووم و تەنیا دەتوانم لە سەعات شەشدا لەوێ ئامادە بم. لە حاڵەتێکی نائارامیدا کە نە نامە و نە تەلگوراف بۆیان چار نەدەکرا من ئەمەم بۆ نووسی: ((تا ئەو کاتەی پێکەوە قسە دەربارەی ئەم نامەیە نەکەین، مەینێرە بۆ **ڤیەننا**))، بەڵام ئەو پێشتر، بەیانی زوو لە حاڵەتێکی نیوە هۆشیاریدا: (کە تەنانەت خۆیشی نازانێت چیی نووسیوە) نامەکەی نووسیوە و پۆستی کردووە. کچە داماوەکە نامە خێراکەی منی پێ دەگات، زۆر بە پەلە و شپرزە خۆی دەگەیەنێتە پۆستەخانە. هەرچۆنێک بووە نامەکەی خۆی دەستدەکەوێتەوە. ئەمەندەیش خۆشحاڵ دەبێت کە هەر پارەیەکی پێ بووە داویەتی بەو کەسەی بەرپرسی کارەکەیە. (دوای ئەوەی

---

[٧٤] مەبەست لە ماڵ و نامەی ژولی ڤریزکە.



Scanned with CamScanner

پارەکەی داوە، پاشان گەلێک سەری لە برە زۆرەکەی سوورماوە) عەسر نامەکەم بۆ دێنێت. هەنووکە من چی بکەم؟ هەموو ئومێدی من بۆ چارەسەرکردنێکی خێرا و زۆر باش وابەستەی ئەو نامەیە و کاریگەریی وەڵامی تۆیە. من ددانی پیا دەنێم کە ئەم ئومێدە بەڕاستی ئومێدێکی ناهۆشیارانەیە، بەڵام تاقە ئومێدی منە. ئەگەر ئێستا نامەکە بکەمەوە و بیخوێنمەوە، یەکەم ئەو زویر دەبێت و دووەم بێگومانم کە ئیتر من نامەکە نانێرم. بۆیە بێ ئەوەی دەستکاریی بکەم، یان بیکەمەوە، دەینێرم بۆ خۆت. هەر بەو جۆرەی کە پێشتر بێ ئەوەی دەستکاری کرابم، خۆمم ڕادەستی تۆ کردووە.

ئاووهەوای **پراگ** تا ڕادەیەک تاڵ و خەمگینە، هێشتا نامەم پێ نەگەیشتووە. کەمێک دڵتەنگم. بەڕاستی مەحاڵە تا ئێستا نامەیەکی تۆم پێ نەگەیشتبێت. هەوڵ بدە ئەمە بۆ دڵم ڕوون بکەیتەوە.

**-ف-**

ناونیشانەکەی: **ژولی ڤریزک**

**پراگ LL**

Smeckach na[٧٥]

**پراگ ٦ی ژولای ١٩٢٠ سێشەممە درەنگانێکی شەو**

٨) من چۆن توانیومە چاوەڕێی شتێکی وا لە تۆ بکەم؟ ئەگەر بیرۆکەیەکی وام تێبگەڕایە دووربوو نامەکەت بۆ پۆست بکەم. هەرچەندە لەم بارەیەوە بڕیاری ڕاست و پێویست تەنیا لە ئەستۆی منە، ڕەنگە نووسینی نامە و متمانەکردن بە وەڵامێکی لەو جۆرە بۆ

---

[٧٥] ئەم ناونیشانە تەنیا لە دەقە ئەڵمانییەکەدایە. بە هەرحاڵ هەرچەندە ماکس برود لەبارەی مەبەستەکەی کافکاوە "ئەو کچە" ڕوونکردنەوەیەکی داوە، بەڵام ناونیشانەکە ناوی ئەو کچە ئاشکرا دەکات.



Scanned with CamScanner

کەسێکی بێگانە، بۆ تۆ مەحاڵ بێت. کەواتە **میلینا**، داواکارم بە چاوی لێبوردنەوە تەماشای ئەم نامە و تەلگورافانە بکەیت و بە کەمئەقڵیی منیان بزانیت. کەمئەقڵییەک هۆکارەکەی جیابوونەوەیە لە تۆ. ئەگەر وەڵامی نامەکەی نەدەیتەوە، گرنگ نییە. ناچار ڕێگەچارەیەکی تر پەیدا دەبێت. لەم لایەنەوە ترست نەبێت. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە ئەم پیاسانە (ئەمڕۆ لە نشێویی ڤیشرادەر) زۆری شەکەت کردووم. سبەی مامم دەگات. دەرفەتی پێکەوەدانیشتنمان لەگەڵ تۆدا دوورە. با لەسەر شتێکی باشتر بدوێین. ئایا دەزانیت تۆ لە **ڤیەننا** جوانتر بەرگت پۆشیبوو؟ هیچ ئەملاولای ناوێت: ڕۆژی یەکشەممە بوو.

**پراگ ٧ی ژولای ١٩٢٠ شەوی چوارشەممە**

٩) چەند قسەیەکی بەپەلە لەبارەی ئاپارتمانە تازەکەمەوە، هەروەها بە پەلە، چونکە سەعات دە باوکم و دایکم لە **فرانتزباد** و مامم سەعات ١٢ لە **پاریس**ەوە دەگەن. بڕیاریشە هەردوولایان یەکتر ببینن: دەڵێم ئاپارتمانە تازەکە، چونکە لەبەر هاتنی مامم گوێزاومەتەوە بۆ ئاپارتمانە چۆڵەکەی خوشکم لە **مارین باد**. ئاپارتمانەکە گەورە و چۆڵە. لە ڕاستیدا زۆر جوانە، بەڵام شەقامێکی پڕ لە هەراوزەنای هەیە. لە هەمان کاتدا بۆ دۆخگۆڕین زۆر خراپ نییە. دەبێت بۆت بنووسم **میلینا**، چونکە لە نامە پڕ لە سکاڵاکانی ئەم دواییەم (لە هەموویان خراپتر ئەمڕۆ بەیانی نووسیم و لە زۆر خەجاڵەتیدا دراندم. بیری لێ بکەوە: هێشتا چ هەواڵێکی تۆ نازانم، بەڵام سکاڵاکردن لەدەست پۆست کارێکی گەوجانەیە. دەمتوانی چی لەگەڵ ئیدارەی پۆستا بکەم؟) تۆ بەو بەرئەنجامە گەیشتوویت کە من ئێستا لە تۆ دڵنیا نیم و دەترسام لەدەستت بدەم. نا، من بێبڕوا نیم، چونکە ئەگەر لە تۆ دڵنیا نەبوومایە، ئایا دەتتوانی بۆ من ئەوەبێت کە ئێستا



Scanned with CamScanner

هەیت؟ ئەوەی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئەم هەستە لای من ئەوەیە کە پێکگەیشتنی ڕاستەقینەی من و تۆ کورت و لێکترازانی ڕاستەقینەیشمان لەپڕێکدا بوو. (بۆ هەر یەکشەممە؟ بۆ هەر سەعات ٤٧؟ ئاخر بۆ؟)

هەرچۆنێک بێت ڕەنگە ئەمە کەمێک هەستت ئاڵۆز و بەراژوو بکات، بمبوورە، هەنووکە لەم شەوەدا، شەوباشی من، هەموو بوونم، هەرچیەکم هەیە، هەرچیەکیش تۆ بەختەوەر دەکات، لە منی قبووڵ بکە.

## پراگ ٨ی ژولای ١٩٢٠ پێنجشەممە، بەیانی

١٠) شەقام جەنجاڵە، کڵێسە ڕووسی‌یەکەی بەرانبەرمان نەماوە،[٧٦] بووە بە کۆمەڵێک ئاپارتمان. ئاپارتمانەکان پڕپڕن لە مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە بەتەنیابوون لە ژوورێکدا جۆرێک بێت لە مەرجی ژیانبەسەربردن. تەنیایی لە ئاپارتمانێکدا (بە مانایەکی وردتر تەنیاییەکی کاتیی من لە ئاپارتمانەکەدا) جۆرێک بێت لە خۆشبەختی (دەڵێم جۆرێک بێت، چونکە ئەگەر من نەژیم، ئاپارتمان بە کەڵکی چی دەخوات. ئەگەر ماڵێک بۆ ئاسوودەیی، وەک نموونە دووچاوی شین و درەوشاوە و پڕ لە خۆشەویستی و میهرەبانییەکی زۆرم نەبوایە، ئاپارتمان چ سوودێکی بۆ من دەبوو؟). دەڵێیت ئەم ئاپارتمانە بۆ خۆشبەختیی من دروست کراوە. هەموو شتێک ئارامە. گەرماو، چێشتخانە، هۆڵ، سێ ژووری زیادە. نەک وەک ئەو ژوورانەی ئاپارتمانەکەی تر کە سیخناخی خەڵکین. پڕن لە خزمی زیناکار و بەرەڵایی، بیر و هەوەسبازییە سەرەڕۆکان، لە هەر شوێنێکدا کاری

---

[٧٦] کافکا کە لە ماڵی باوکی بوو، کڵێسایەکی ڕووسی بەرانبەر ماڵەکەیان بوو بە ناوی (نیکولا)، دوای ئەوەیساڵی ١٩١٣ لەو ماڵە نەما، لە نامەیەکیدا بۆ فلیس باوەڕ یاد لەو دیمەنە دەکاتەوە.

ژێربەژێر، بێڕەوشتی، ڕووداوی کتوپڕ دەکرێت. لە هەر سووچێکیدا منداڵی زۆڵ دەخرێتەوە.

ژیان هەر بەردەوامە، بەڵام نەک وەک ڕۆژانی یەکشەممەی ئارام و لەسەرخۆی دەوروبەری (شارەکەی تۆ)، بەڵکو وەک شوێنێکی سەرەتایی زۆر ئاپوورەی بێسەرەوبەرە لە شەوانی شەممەدا.

وا خوشکم ئەم هەموو ڕێگەیەی بڕیوە تا بەرچاییم بۆ بێنێت. (کە هەر پێویستی نەدەکرد، چونکە دەبوو من بچمەوە بۆ ماڵەوە). پێش ئەوەی من لە خەونی ئەم نامەیە و شەکەتیم لەم دنیایە بەئاگابێنێتەوە، چەند جارێک لە زەنگی دەرگاکەی داوە.

بێگومان ئەم ئاپارتمانە پەیوەندیی بە منەوە نییە: لە هاویندا مێردی خوشکم جارجارە لێرە دەژی.

**پراگ ٨ی ژولای ١٩٢٠ بەیانیی پێنجشەممە**

١١) سەرئەنجام نامەکەت گەیشت. هەرچەندە لەوانەیە پەلەکردن قسەی نادروستی لێ بکەوێتەوە کە پەشیمانبوونەوەی بەدوادا بێت، بەڵام تەنیا چەند وشەیەکی بە پەلە دەربارەی ئەسڵی مەسەلەکە.

ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی پەیوەندییە تایبەتییەکەی هەرسێکمانەوە، کێشەگەلێکن ناتوانم بەراوردیان بە مەسەلەکەی ترەوە بکەم، بۆیە ناکرێت وەک ئەزموونێتر تەماشای بکەیت. (جەستەکان، ئازاری سێ لایەنە، ئازاری دوو لایەنە، ئازار بۆ لەناوچوون[٧٧]). من هاوڕێی ئەونیم. من ناپاکیم لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆمدا نەکردووە. لە ئاشناکانی ئەویش نیم، بەڵکو لەبەر چەند هۆیەک زیاد لە هاوڕێیەک پەیوەندییەکی نزیکم لەگەڵیدا هەیە. لە لایەکی ترەوە تۆیش ناپاکیت

---

[٧٧] ئاماژەیە بە پولاکی مێردی میلینا. وشەی ناو دوو کەوانەکە پێدەچێت لە نامەی میلیناوە وەرگیرابێت، چونکە لە دەستنووسەکەدا هەر ئەم وشانە لەناو کەوانەکەدا نووسراون.

لەگەڵیدا نەکردووە، چونکە هەرچییەک بڵێیت تۆ هەر خۆشت دەوێت، ئەگەر مـن و تـۆ پەیوەنـدییەکمان هەبێـت (سوپاسـی تـۆ دەکەم شانەکانم!) لە سنووری ئەودا نییە و لە زەمینەیەکی تردایە. بە کورتی ئەم سەرقاڵییە ڕەنگە هەر بە تەنیا سەرقاڵی نەبێت. بەینی خۆمان بێت ئەم سەرقاڵییە هەر ئەشکەنجە، ئازار و ڕاڕای نییە. - (نامەکەت منی لەو ئارامییە ڕێـژەییە کـرد کە هێشـتا لە یـادەوەریی پێکەوەبوونمـان مـابووەوە و ڕەنـگە ئێسـتا جـارێکی تـر بگۆڕێـت بە وەیشـوومەکەی **مران**. ئەگەرچی چەند ڕێگرییەکی بەهێز هەیە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە بـۆ هەمـان دۆخەکەی **مـران**. هەرچەنـد تـۆ بـۆ مـاوەیەک بێـدەنگی هەڵبژێریـت. ئەم سـەرقاڵییە بە ئاشـکرا ترسـێک لای هەرسـێکمان دروست دەکات کە ئەمەیش تەواو ئاشکرا و ڕوونە. منیش تەواو دژ بە گریمانەکـانم. (لەبەر ئەوە دژم، چـونکە تـۆم هەیە، ئەگەر تەنیـا بوومـایە نەمـدەتوانی بیـر لە شـتی وا نەکەمەوە)، ئەگەر لە ئێسـتاوە یەکێک خـۆی بتبـاتە نـاو شـەڕی داهـاتووەوە، لەم سـەرزەمینەدا کە وێران و سەروبنە چۆن دەتوانیت ماڵی ئایندەتی تیا هەڵبگریت؟).

لە ئێستادا من لەمە زیاتر هیچ نـازانم. سێیەم ڕۆژە دەچمە ئۆفیس و تا ئێستا دێـڕێکم نەنووسـیوە. لەوانەیە ئێسـتا باشتر بێت. لە ڕاسـتیدا کاتی نووسینی ئەم نامەیە، **ماکس** سەری لێ دام. دەکرێت لە بێدەنگی و نهێنپـارێزیی ئەو دڵنیابیـت. هەمـوو کەسـێک دەزانێـت بـێجگە لە خوشکەکانم، لە دایک و بـاوکم و ئەو کچە[78] و ئەو،[79] کە من لە ڕێی **لینتزەوە** گەڕاومەتەوە.

-ف-

---

[78] مەبەست ئۆلی فریزکی دووەم دەزگیرانی کافکایە

[79] مەبەست ماکس برۆدە.



Scanned with CamScanner

ئایا دەتوانم هەندێک پارەت بۆ بنێرم؟ لەوانەیە بتوانم لە ڕێگەی **لاورین**ەوە[80] ئەم کارە بکەم. بە جۆرێک کە پێی بڵێم لە **ڤیەننا** هەندێک پارەم لێ قەرز کردوویت، ئەویش لەگەڵ پاداشتی نووسینەکانتدا بۆت بنێرێت.

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) منیش دەربارەی بڕیارەکەت کە دەتەوێت لەسەر ترس و دوودڵی شتم بۆ بنووسیت، کەمێک بێزار بووم.

**پراگ ٩ی ژولای ١٩٢٠ – هەینی**

١٢) بە ڕای من نووسین هەرچۆنێک بێت، هەر بێهودەییە. بەڕاستییش وایە. لەوانەیە باشترین کار بۆ من ئەوەبێت بێم بۆ **ڤیەننا** و تۆیش لەگەڵ خۆمدا بەرم، ڕەنگە بەم کارە قایل نەبیت، بەڵام من دەیکەم. لە ڕاستیدا لێرەدا دوو گریمانە هەیە کە هەریەکەیان لەوی تریان جوانترە. تۆ یان دێیت بۆ **پراگ** یان دەچیت بۆ **لیبسیک**[81] لە کاتێکدا کە بڕوام بە ئایینی کۆنی جوولەکە نییە، دوێنێ بە دزییەوە چووم بۆ لای **ژیولسکی**.[82] کەمێک پێش ئەوەی بڕوات بۆ **لیبسیک** بەگیرم هێنا. نامەکەی تۆی لابوو بۆ **ئوستازا**. پیاوێکی بێوێنەیە. چالاک و ڕاستگۆ و هۆشیارە. قسە دەکا و لە هەموو شتێک دەگات و تەنانەت کەمێک زیاتر (تێدەگات). دەیویست لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بڕوات بۆ لای **فلورین**[83] کە لە نزیک برنەو دەژی. لەوێوە بێت بۆ **ڤیەننا** بۆ لای تۆ. بڕیارە پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بگەڕێتەوە بۆ **پراگ** و وەڵامەکەی **ئوستازا**

---

[80] **نارنە لاورین** لە کارمەندانی بڵاوکراوەی (**تریبونا**) و سکرتێری (**بدریش هلاواک**) بوو.

[81] Libesic

[82] **پەولفا ژیولسکی** مێردی **ئوستازای** هاوڕێی **میلینا**.

[83] Josef Florian (١٨٧٣ – ١٩٤١) نووسەر و خاوەن چاپخانەی دیاری کاسۆلیک، کە یەکەم وەرگێڕ و بڵاوکەری شیعری کاسۆلیک بوو. ساڵی ١٩٢٩ یەکەم وەرگێڕانی ڕۆمانی (مەسخ)ی کافکای بە زمانی چیکی کرد.



Scanned with CamScanner

لەگەڵ خۆیدا بێنێت. سەعات سێی دواینیوەڕۆ من وادەم لەگەڵیدا هەیە و دوای ئەوەیش تەلگورافت بۆ دەکەم. لەو قسە بێسەرەوبەرانەی لە یانزە نامەی پێشوودا نووسیومن، داوای لێبوردنت لێ دەکەم. نامەکان فرێــدە. هەنــووکە نــۆرەی ڕاســتییە کە گەورەتــر و چــاکترە. لەم چرکەساتەدا مـن وای بیـر لـێ دەکەمەوە کە خۆشەویسـتیی تـۆ بـۆ مێردەکەت تاقە شتێکە دەبێت لێی بترسیت. تا ئەو شوێنەی باسەکە پەیوەنــدیی بە شــتێکی تــازەی تــرەوە هەیە و تــۆ لەو بــارەیەوە نووسیوتە، بێگومان کارێکی دژوارە، بەڵام ئەو هێزە بە کەم مەگرە کە مـن بە تـۆوە دەبەسـتێت. هەرچەنـدە هەر خەوم لـێ ناکەوێـت، بەڵام دوای ئەوەی دوێنێشــەو دوو نــامەی تــۆم پــێ گەیشــت، ئێســتا زۆر لەوەی جاران بیرم لێ دەکردەوە، ئارامترم. (بە ڕێکەوت ئەو کاتەی نامەکانت گەیشتن **ماکس** لێرە بوو. بێگومـان دۆخەکە لەبار نەبـوو، چـونکە هەرچۆنێک بێـت، ئەم کـارە زیـاتر تـایبەتییە و پەیوەنـدیی بە شەخسی منەوە هەیە. ئاهـ **میلینای** دامـاو، دیسانەوە ئیرەیی کەسێک دەســتی پــێ کــرد کە خــۆی حەزی بە ئیرەیــی نیــیە)، هەروەهــا تەلگورافەکەی ئەمرۆت کەمێک دڵنەوایـی و هێوریم پـێ دەبەخشێت. هیچ نەبێت لەم چرکەساتەدا، بەرانبەر بە مێردەکەت ئەوەندە دوودڵ نـیم کە نەتـوانم خـۆم بگـرم. ئەرکـی گەورە لە ئەسـتۆی ئەودا بـوو، ڕەنگە تـا ڕادەیەک شـەرافەتمەندانە ئەو ئەرکەی بە ئەنجام گەیاندبێت. لەوە دڵنیا نیم بتوانێت تا سەر ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت. نەک لەبەر ئەوەی نەتوانێـت (توانــای مــن بەرانــبەر بە توانــای ئەو چیــی پــێ دەکرێــت؟)، بەڵکــو بەپێــی ئەوەی تــا ئێســتا ڕووی داوە بــاری بەرپرســیاریەتیی ئەو لە ڕادەبەدەر قورســە و گوشــارەکەی ســەری گەلێک زۆرە، هەروەها لەو لایەنەیشەوە کە ئەو حەوسەڵەیەی بۆ ئەم



Scanned with CamScanner

کاره پێویسته زۆر لەوەوە دووره. جگە لەوە دەکرێت ئەم مەسەلەیە کارەکەی ئەو ئاسانتر بکات؟[٨٤] بۆ نابێت من نامەی بۆ بنووسم؟

-ف-

## پراگ ٩ی ژولای ١٩٢٠ - هەینی

تەنیا چەند وشەیەک لەبارەی نامەکەی **ئوستازاوە** (مامم ١٣) چاوەڕێمە، ئەو شتەی بۆ کاتی تر دلگیر و بۆ ئێستا و لەم چرکەساتەدا بەڕاستی بێزارکەرە) دەی، نامەکەی **ئوستازا** گەلێک هاوڕێیانە و پڕ لە خۆشەویستییە، بەڵام تاقە کەمایەسییەکی تیایە، لەوانەیە کەموکورپییەکی کەم یان ڕەنگە هەر ڕواڵەتی و تەشریفاتی بێت. (مەبەستم لەم قسەیە ئەوە نییە ئەو نامانەی ئەم کەمایەسییەیان تیا نییە دلۆڤانتر بن، ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێت). بە هەرحاڵ شتێک هەیە کە ئەم نامەیە کەموکورتیی تیابێت یان زۆریشی تیابێت، ڕەنگە ئەو شتە توانای بیرکردنەوەیەک بێت، ڕەنگە کاریگەرییەکەی لە مێردەکەی **ئوستازاوە** هاتبێت، چونکە دوێنێ ئەویش بەڕاستی هەر بەو جۆرە لەگەڵ مندا دەدوا، بەڵام بۆ دەبێت من لەبارەی مرۆڤگەلێکەوە کە بەڕاستی چاکن، بەو جۆرە بدوێم؟ ئیرەییپێبردن. لە ڕاستیدا هۆکارەکەی ئیرەییە، بەڵام **میلینا**، بەڵین دەدەم هەرگیز بە ئیرەیی خۆم ئازار بە تۆ نەگەیەنم، بەڵکو خۆم و تەنیا خۆم ئازار بدەم. لەگەڵ ئەوەیشدا وا دەردەکەوێت کە لە نامەکەدا بەدحاڵیبوونێک پێشهاتبێت. ئاخر تۆ نە داوای ئامۆژگاریت لە **ئوستازا** کردووە و نە داوات لێ کردووە بچێتە لای مێردەکەت و قسەی لەگەڵدا بکات. ئەوەی لەو کاتەدا داوات لەو کردووە شتێکە هیچ شتێکی دی جێگەی

---

[٨٤] لە دەقە ئەسڵییەکەدا ڕستەکە خەبەرییە، بەڵام بە نیشانەی پرسیار کۆتایی هاتووە.



Scanned with CamScanner

ناگرێتەوە: تەنیا ئامادەبوونی خودی ئەوە و بەس. لانی کەم من وای دەبینم. هیوادارم ئەمڕۆیش هەواڵێکی تری تۆم پێ بگات. من سەرمایەدارێکم بێئاگام لە هەموو ئەو شتانەی کە هەمە. ئەم دوانیوەڕۆیە لە ئۆفیسەکە بێهوودە چاوەڕێی هەواڵێکی تۆ بووم، نامەیەکیان دامێ کە کەمێک دوای دەرچوونی من لە مەرانەوە گەیشتبوو. خوێندنەوەی نامەکە شتێکی سەیروسەمەرە بوو.

**کافکاکەت**

## پراگ ١٠ی ژولای ١٩٢٠ – شەممە

١٤) ئەمە خراپە. پێرێ دوو نامەی ناخۆشتم پێگەیشت و دوێنێیش تاقە تەلگورافێک (ئەگەرچی دڵنیاکەر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک جار تەلگورافەکان لەوەدەچێت کەمێک پینەوپەڕۆکرابێتن وایە) ئەمڕۆ هەر هیچ نامەم پێ نەگەیشتووە. تێکڕا نامەکان لە هەموو لایەنێکەوە بۆ من دڵخۆشکەر نەبوون. لەو نامانەدا باست لەوە کردبوو کە نامەی تر دەنووسیت و تا ئێستا هیچ. دوو شەو لەمەوبەر تەلگورافێکی خێرام بۆ ناردیت و پێشەکی پارەی وەڵامەکەیشم دا. دەبوو وەڵامەکە دەمێکبوایە بە من بگەیشتایە. وا جارێکی تر دەقەکەیت بۆ دووبارە دەکەمەوە: ((ئەوە تاقە کارێک بوو دەبوو بکرایە. لەسەرخۆ بە. ماڵەکەی تۆ ئێرەیە. لەوانەیە هەفتەیەکی تر **ژیلوسکی** و هاوسەرەکەی بێن بۆ **ڤیەننا**. من چۆن بتوانم پارە بنێرم؟)). هیچ وەڵامێکی ئەم تەلگورافەم نەدراوەتەوە. بە خۆمم وت: ((بڕۆ بۆ **ڤیەننا**، بەڵام **میلینا** حەزی بەم کارە نییە. تەواو دڵنیام کە حەزی لەم کارە نییە. دەبێت تۆ بڕیارێک بدەیت. ئەو تۆی ناوێت. لە گومان و دوودڵیدایە. هەر لەبەر ئەوەیشە داوای **ئوستازای** کردووە)) لەگەڵ ئەوەیشدا من دەمەوێت

بجوولێم، بەڵام حاڵم باش نییە. هەرچەندە ئارامم، ئارامییەکی ڕێژەیی کە لەم ساڵانەی دواییدا ئومێدی ئەوەم نەبووە وا بم، بەڵام بە درێژایی ڕۆژ و هەندێک جار شەوانیش، بۆ ماوەی چارەکەسەعاتێک خراپ دەکۆکم. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە تازە لەسەر هەوای **پراگ** ڕادێمەوە، دوای کۆتایی ئەو ڕۆژانەی لە **مران** جڵەوم لەدەست دابوو، هێشتا تۆم نەناسیبوو. چاویشم نەبڕیبووە قووڵایی چاوە شینەکانت. **ڤیەننا** چەند تاریک بووە و بەڵام بۆ ماوەی چوار ڕۆژ چەند ڕووناک بوو. کاتێک من لێرە دانیشتووم، کاتێک دەست لە نووسین هەڵدەگرم بۆ ئەوەی سەر بخەمە سەر دەستم. لەوێ، لە **ڤیەننا** چۆن بیرم لێ دەکەنەوە؟

-ف-

من هەر بەو جۆرەی لەسەر کورسییەکەم دانیشتووم و لەپشت پەنجەرە کراوەکەوە تەماشای باران دەکەم، گریمانەی جۆربەجۆرم بە بیردا دێت. ڕەنگە تۆ نەخۆش یان ماندوو بیت، یان لەناو جێگەدا کەوتبیت، یان **خاتوو کوهلەر**[85] ناوەندگیری بکات و ئەوسا، ئای کە سەیر دەبوو، زۆر ئاسایی و بە شێوەیەکی سروشتی، دەرگا بکرێتەوە و تۆ لە بەردەرگا وەستابیت.

**پراگ ١٢ی ژولای ١٩٢٠ دووشەممە**

١٥) بە کورتی، دوو ڕۆژی ڕابوردوو ترسناک بوون. لێ ئێستا لەوە تێدەگەم کە تۆ بە تەواوی بێتاوان بوویت. لە ڕۆژی پێنجشەممەوە شەیتانێکی بەدفەڕ نامەکانی تۆی ڕاگرتووە. ڕۆژی هەینی تەلگورافەکەتم بە دەست گەیشت. شەممە هیچ، یەکشەممە هیچ و

---

[85] Frau Kohler لە هاوڕێ نزیکەکانی میلینایە کە لە پانسیونێکی **ڤیەننا** لای ژنومێردێک دەژیا.



Scanned with CamScanner

ئەمرۆ چوار نامە گەیشت کە مێژووی پێنجشەممە و هەینی و شەممەیان پێوەبوو. من لەوە شەکەتترم بە چاکی بنووسم. لەوە شەکەتتر کە ئەم چوار نامەیە، ئەم کێوی نائومێدییە، ئەم ئازار و ئەشقە لێک بدەمەوە. کاتێک کەسێک شەکەت بێت و دوو شەو و دوو ڕۆژ لە ترسناکترین بیرکردنەوەدا بێت، هیچی بۆ من نامێنێتەوە، گەلێک خۆپەرست دەردەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا -ئەمە ئەو شتەیە کە پەیوەندیی بە توانای ژیانبەخشینی تووە هەیە دایکە میلینا- لەگەڵ ئەوەیشدا من، لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابوردودا، جگە لەو ساڵەی لە گوند بووم، کەمتر لە هەر کاتێکی دی، هەست بە تێکشکان دەکەم.

تا ئێستا لەوە ناگەم بۆ وەڵامی تەلگورافە گرنگەکەی شەوی پێنجشەممەی منت نەداوەتەوە. دوای ئەوە تەلگورافێکیشم بۆ خاتوو **کوهلەر** نارد و ئەویش وەڵامی نەبوو. لەوە مەترسە نامە بۆ هاوسەرەکەت بنێرم. لە ڕاستیدا من حەزم لەو کارە نییە. تاقە ئارەزووم ئەوەیە بێم بۆ **ڤیەننا**. تەنانەت ئەگەر بەربەستێک بۆ ئەوەیش هەبێت، بۆ نموونە تۆ حەزت بەو سەفەرە نەبێت، یان کێشەی گوزەرنامە، ئۆفیسەکە، کۆکین. شەکەتی و زەماوەندی خوشکم (ڕۆژی پێنجشەممە) ئەمانەیش نەبوایە، ئەو کارەم هەر نەدەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، گەشت و گەڕان لە دوانیوەڕۆکانی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی ڕابردوو چاکترە. ڕۆژی شەممە، ماوەیەک لەگەڵ مامم و ماوەیەکیش لەگەڵ **ماکس**دا پیاسەمان کرد. هەر دوو سەعات جارێک سەرم لە بەڕێوەبەریەتیی پۆست دەدا، بەڵکو نامەیەکم بۆ هاتبێت. عەسرەکەی باشتر بوو. چووم بۆ لای **لاورین** و هەواڵی خراپی تۆی لا نەبوو. ئاماژەی بە نامەکەی تۆ کرد و من



Scanned with CamScanner

پێخۆشحاڵ بووم. تەلەفۆنی بۆ **کیش**[٨٦] کرد لە بڵاوکراوەی (**ئازادیی نوێ**) ئەویش هەواڵی لانەبوو، بەڵام نەیدەویست لەبارەی تۆوە هیچ پرسیارێک لە هاوسەرەکەت بکات. بڕیار بوو ئەمشەو تەلەفۆن بکاتەوە، لەوێ لەپاڵ **لاورین**دا دانیشتم. چەند جارێک ناوی تۆی هێنا و منی سوپاسگوزار کرد.

لە لایەکی ترەوە قسەکردن لەگەڵ ئەودا نە لەبەردڵانە و نە ئاسانیشە. ئەو لە منداڵێک دەچێت، بەڵام نەک منداڵێکی زۆر وریا. ئەو لاف لێ دەدات، درۆ دەکات و وەک منداڵگەپچاڕە. بە کورتی کاتێک لە پاڵیدا دانیشتوویت و گوێ لە قسەی دەگریت، لە ڕادەبەدەر هەست بە شتی پەنامەکیی دەکەیت، بە شێوازێکی قێزەون هەست بە ڕواڵەتبازی و تەمسیل دەکەیت. بەتایبەتی کە ئەو نەک هەر منداڵ نییە، بەڵکو دەربارەی هەر شتێکی باش، بۆ هاوکاری و نیازپاکی، ئامادەیی بۆ هەر هاوکارییەکی پێویست، گەورەیییەکی بەخشندە و زۆریش جیددییە. ئەم دوو هەستە جیاوازە هەرگیز پێکەوە ناگونجێن. ئەگەر لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە دڵی خۆمدا نەموتایە: (جارێکی تر، تەنیا جارێکی تر دەمەوێت گوێم لە ناوەکەت[٨٧] بێت)، دەمێک بوو لەوێ نەمابووم. دەربارەی ڕۆژی سێشەممەی زەماوەندەکەی، هەر بەو زمانلووسییەی خۆیەوە دەدوا.

بەڵام ڕۆژی یەکشەممە زۆر خراپتر بوو. لە ڕاستیدا من نیازی چوونە سەر گۆڕستانم هەبوو.[٨٨] ئەمەیش کارێکی باش بوو کە دەبوو بیکەم، بەڵام هەموو ئەو پێشنیوەڕۆیەم لەناو جێگەدا بەسەربرد و دەبوو پاشنیوەڕۆیش بچم بۆ ماڵی باوکی شووی خوشکەکەم کە پێشتر هەرگیز نەچووبووم: بوو بە سەعات ٦، گەڕامەوە بۆ ئۆفیسەکەم تا

---

[٨٦] Paul Kisch هاوقوتابییەتی کۆنی **کافکا** و ئەندامی دەستەی نووسینی بڵاوکراوەی (**ئازادیی نوێ**) بوو. Neue Freie Prees

[٨٧] مەبەست ناوی (**میلینا**)یە لە زمانی **لاورین**ەوە.

[٨٨] **میلینا** داوای لە **کافکا** کردبوو بچێتە سەر گۆڕی براکەی.

بپرسم ئایا تەلگورافێک هاتووە یان نا؟ هیچ نەبوو. ئەی ئێستا؟ بە خۆم وت برۆ[٨٩] و تەماشایەکی شانۆییەکان بکە، چونکە **ژیلوسکی** بە پەلە و زۆر بە ڕێکەوت یاداشتی ئەوەی کردبوو کە **ئوستازا** دەیویست ڕۆژی دووشەممە بڕوات بۆ بینینی ئۆپێرایەکی **ڤاگنەر**. من دەزانم ئۆپێراکە سەعات شەش دەست پێ دەکات و بڕیارە سەعات شەشیش من و تۆ یەکتر ببینین. چ بەدبەختییەکە؟ ئەی ئێستا چی؟ بڕۆ و تەماشای خانووەکەی **ئوبستاگاسە** بکە. ماڵێکی هێور و بێدەنگ. هاتوچۆی لەسەر نییە. کەمێک لە سووچێکدا دەوەستیت، پاشان دەچیتە سووچێکی تر، هیچ. ئەم جۆرە ماڵانە لەو کەسانە ئاقڵترن کە تەماشایان دەکەن. ئەی ئێستا؟ سەرێک لە **تەلاری لوسرنا** بدە کە زۆربەی کارە هونەرییەکان لەوێ نمایش دەکرێن. نمایش لە ئارادا نییە، کەواتە سەرێک لە ماڵی **ئوستازا** بدە. ئەمە بڕیارێکی ئاسان نییە، چونکە بێگومان ئەو لەوێ نییە. ماڵەکەی بێدەنگ و جوان و باخچەیەکی لەپشتەوەیە. قفڵێک بە دەرگاکەوەیەتی، بۆیە دەتوانیت بە دڵنیایی و بێ هیچ ترسێک زەنگ لێ بدەیت. لە قاتی خوارەوە کەمێک قسەم لەگەڵ سەرپەرشتیاری تەلارەکە کرد، تەنیا بۆ دەربڕینی وشەکانی **لیبسیک** و **ژیلوفسکی**یە. بەداخەوە دەرفەتی ئەوە نییە ناوی "**میلینا**" بێتە بەر گوێ. ئەی ئێستا؟ ئێستا کارێک دێتەپێش کە لە هەموو ئەوانی دی گەمژانەترە. دەڕۆم بۆ کافەی (**ئارکۆ**) کە ساڵەهایە پێم تێی نەکەوتووە. دەڕۆم، بەڵکو یەکێک بدۆزمەوە تۆ بناسێت. خۆشبەختانە کەسی لێ نەبوو، بۆیە خێرا ئەوێم بەجێ هێشت. لەم جۆرە یەکشەمموانە زۆر دەستناکەون، **میلینا**؟

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) دوێنێ نەمتوانی بنووسم. لە **ڤیەننا** هەموو شتێک بۆ من تاریکونووتەک بوو.

---

[٨٩] لێرەدا **کافکا** لەگەڵ خۆیدا دەدوێت.

## پراگ ۱۳ی ژولای ۱۹۲۰ سێشەمە و تۆزێک دوای ئەوە

۱۷) لە نامەی شەوی شەممەتدا چەند ماندوو دیاربوویت. گەلێک قسەم هەیە، حەز دەکەم لە وەڵامی ئەو نامەیەدا بیاننووسم، بەڵام لەگەڵ کچێکی وا ماندوودا ئەمڕۆ ئەو قسەیە ناکەم. خۆیشم شەکەتم، لە ڕاستیدا یەکەمین جارە دوای گەڕانەوەم لە **ڤیەننا** سەرێکی زۆر نائارام و بەئازارم هەبێت. نامەوێت جگە لەمە هیچی ترت پێ بڵێم کە بە هێوری لەسەر کورسییەکەت دابنیشە (تۆ دەڵێیت وەک پێویست لەگەڵمدا میهرەبان نەبوویت، بەڵام چی لەو خۆشەویستی و شانازییە مەزنترە کە تۆ بە منت بەخشی، تۆ لەوێدا دابنیشیت و بهێڵیت من بەرانبەرت دابنیشم و لەگەڵتا بم). هەر لەو ڕوانگەیەوە وا ئێستا منیش تۆ لەسەر کورسییەکەت دادەنیشێنم، نازانم بە چی ئەم خۆشبەختییە دەرببڕم، بە وشە، بە چاو، بە دەست یان بەم دڵە بێتوانایەمەوە؟ خۆشبەختیی ئەوەی تۆ لێرەیت و هی منیت. لەوانەیە ئەوە هەر تۆ نەبێت کە من بەڕاستی خۆشم دەوێت، بەڵکو من ئاشقی ئەو بوونەم کە لە لایەن تۆوە پێم خەڵات کراوە.

دەربارەی لاڤرین ئەمڕۆ هیچ نالێم، هەروەها لەبارەی ئەو کچەیشەوە، هەموو ئەمانە بە ڕێگەی خۆیان، هەموو ئەم شتانە - چەند دوورەدەستن!

ف

لەبارەی (ژەنیارە هەژارەکە)وە هەرچییەک بڵێیت ڕاستە. لەوێ، کە وتم بە لای منەوە بێمانایە، قسەکەم هەر بۆ خۆپارێزی کرد. یەکەم لەبەر ئەوەی کە نەمدەزانی تۆ ڕات بەرانبەری چییە، دووەم لەو لایەنەوە کە من هێند لەو چیرۆکە شەرمەزاربووم وەک ئەوە وا بوو خۆم نووسیبێتم. لە ڕاستیدا چیرۆکەکە لە بنەما و دەستپێکەوە بە

هەڵە هاتووە و بابەتەکەیشی ڕاست نییە. مایەی پێکەنین و بێزەوقی و ناپوختەیی و هەروەها خۆنمایشکردنێکی نادروستە (بەتایبەتی ئەگەر چیرۆکەکە بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، ئەمانە بەرجەستەتر دەبینرێن. من دەتوانم لە خودی چیرۆکەکەدا ئەو بەشانەت نیشان بدەم). سازدانی ئەم جۆرە ئاوازە موزیکییە داهێنانێکی بەڕاستی پێکەنینهێنە، ئەوەندە بەسە کە کچەکە (لەوپەڕی تووڕەبوونیدا کە هەموو جیهان -لە هەموویش گرنگتر منی خوێنەریش- دەبێت بەشداریی تیا بکەین) وا بجووڵێنێت تا هەرچییەک لە دوکانەکەدایە فڕێی بداتە ناو چیرۆکەکەوە، بۆ ئەوەی چیرۆکەکە کە شایانی شتێکی لەوە باشتر نییە، بەهۆی ڕەگەزەکانی خۆیەوە لەناوبچێت. ئەگەرچی دەبێت ئەوە قبووڵ بکرێت کە بۆ چیرۆک چارەنووسێکی لەوە باشتر نییە کە هەر بەو شێوەیە نەمێنێت و لەناوبچێت. گێڕەرەوە سایکۆلۆجستە قەشمەرەکەیش لە دڵەوە ئەمەی لا پەسەندە، چونکە لەوەدەچێت ژەنیارە داماوەکە هەر خۆی بێت کە ئاوازی ئەم چیرۆکە بە ناکۆکترین شێواز سازدەکات و فرمێسکی چاوەکانت زێدەڕۆیانە سوپاسگوزاری لێ بکات.

## پراگ ١٤ی ژولای ١٩٢٠ – چوارشەممە

تۆ دەنووسیت ano, mas produ, mam horada. Alef, i tebe mam rada[90]

من ئەم ڕستەیە بە وردی دەخوێنمەوە، وشە بە وشە، بەتایبەتی لەسەر وشەی "i"[91] دەوەستم. بە تەواوی ڕاستە، ئەگەر ڕاست نەبێت، تۆ **میلینا** نییت. ئەگەر تۆ نەبیت، من چیم؟ نووسینی ئەم ڕستەیە لە

[90] بە زمانی چیکی واتا: "بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت، من ئەوم خۆش دەوێت، بەڵام فرانتس، هەروەها تۆیشم خۆش دەوێت"، مەبەستی **میلینا** لە "ئەو"، مێردەکەیەتی.

[91] بە زمانی چیکی واتا "هەروەها".



Scanned with CamScanner

نامەیەکدا و لە **ڤیەنناوە**، لەوە چاکترە کە لە **پراگ** ئەمە بڵێیت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم بێتواناییە زۆرەی من دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕستەکەم پێ قبووڵ نەکرێت. خوێندنەوەی من بۆ ئەو ڕستەیە کۆتایی نایەت، جارێکی تر دەینووسمەوە بۆ ئەوەی تۆیش تەماشای بکەیت و بتوانین پێکەوە ڕوومەتمان بەر یەکدی بکەوێت بیخوێنینەوە (قژت بەر ڕوومەتم بکەوێت).

دوێنێ چووم بۆ لای پزیشک. باری ئێستامی لەگەڵ پێش هاتنم بۆ **مران** بەیەک چواند. نزیکەی سێ مانگ تێپەڕیوە و چ کاریگەرییەکی لەسەر سییەکانم نەبووە. تازەبەتازە نەخۆشییەکە لە سەرەوەی سیی چەپم سەریهەڵداوە. پزیشکەکەم ئەم بەرئەنجامەی پێ ناخۆش بوو. ئەگەر ئەم ماوەیەم لە **پراگ** بەسەر ببردایە، دەزانیت چی دەقەوما! بە بڕوای پزیشکەکە کێشی من هیچ زیادی نەکردووە، بەڵام بە حسابی خۆم ٣ کیلۆم زیادکردووە. ئەو دەیەوێت لە پاییزدا دەرزیم پێ تاقی بکاتەوە، بەڵام بڕوا ناکەم بەرگەی بگرم. کاتێک ئەم ئەنجامە لەگەڵ باری تەندروستیی تۆدا بەراورد دەکەم (هەڵبەتە لەبەر چەند هۆکارێک پێویستە من ئەوەیش نەڵێم) وام دێتە بەرچاو لەباتی پێکەوەژیان، تەنیا ئەوە دەتوانین لەپاڵ یەکدا ڕابکشێین و بە مردن قایل بین. ئیتر چی دەبێت با ببێت، من لەپاڵ تۆدا دەبم.

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ڕای پزیشکەوە، من دەزانم بۆ چاکبوونەوە تەنیا پێویستم بە حەسانەوەیە. هەرچەندە حەسانەوەیەک لە جۆرێکی تایبەتی. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، من پێویستم بە نائارامییەکی تایبەتی هەیە.

ئەمڕۆ جەژنی میللیی **فەرەنسی**یەکانە[٩٢]. سەربازەکان لە خوار پەنجەرەکەمەوە دەبینم چۆن نمایش دەکەن و پاشان بەرەو ماڵ دەبنەوە. لەم ڕۆژەدا، ئەگەر شکۆمەندی و گەورەییەک هەبێت من

---

[٩٢] ڕۆژی چواردەی ژولای، ڕۆژی میللیی **فەرەنسی**یەکانە کە لە **پراگ**یش ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا.

ئەوکاتە هەستی پێ دەکەم کە نامەی تۆم لا بێت. نە شکۆمەندی و گەورەیی، نە موزیک، نە مارشی سەربازی و مەشقکردن، نە ئەو فەڕەنسییە کۆنەپەرستەی کە دەڵێیت هەر ئێستا لەدەست مۆمیاکراوێکی (**ئەڵمان**) هەڵاتووە، بە پانتۆڵێکی سوور و فراکێکی شینەوە لەپێشی دەستە سەربازییەکەی خۆیەوە مەشق دەکات، بەڵکو ئەمە تواناداەرخستنێکی تایبەتییە کە خۆی هاوار دەکات و دەڵێت: "هەرچۆنێکە، ئەی ڕێپێوەرە گەمژە وەبەردراوەکان، ئێوە تا ڕادەی کۆیلایەتی جێی متمانەی ئێمەن. بە هەرحاڵ تەنانەت لەوپەڕی گەوجایەتیتانەوە، بەتایبەتی بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستاتان، پشتتان تێناکەین و دەستبەردارتان نابین".

وا ئاخری کێوێک دۆسیەیان بۆ هێنامەوە. ماوەیەکە بۆیان کۆکردوومەتەوە. تۆ بیری لێ بکەرەوە: لەوساوە کە گەڕاومەتەوە بۆ ئۆفیسەکە، تا ئێستا بە هەمووی شەش نامەی کارم نووسیوە و دۆسیەکان بێ دەستکاریکردن ماونەتەوە. من نەمدەتوانی بە بیانووی ئاسانکاریی بەڕێوەبەرایەتیی مافەوە هەموو ئەو کارانەی ماونەتەوە بە ئارەزووی خۆم کاریان تیا بکەم و بچمەوە سەریان، بەڵام وا ئێستا ئەم هەموو دۆسیەیە لێرەیە. هەرچەندە ئەگەر وەک پێویست بنووستمایە هیچ لەمانە گرنگ نەبوون. ئەمڕۆیشم خراپ لێ گوزەرا.

ـفـ

**پراگ ١٥ی ژولای ١٩٢٠ پێنجشەممە**

پێش ئەوەی بچم بۆ ئۆفیسەکە، تەنیا دێڕێک دەنووسم. نەمدەویست لەبارەیەوە قسەیەک بکەم (سێ ڕۆژە دەیەوێت بمخنکێنێت) بەتایبەتی لە کاتێکدا تۆ لەوێ تووشی ئەو شەڕە نەگریسە هاتوویت و منیش دەمویست لێی بێدەنگ بم، لێ ئەمە مەحاڵە. ئەمەیش لەخۆیدا بەشێکە



Scanned with CamScanner

لەو (شەڕە)، ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەمە شەڕی منە. ڕەنگە ئاگاداری ئەوە بیت کە چەند شەوە من خەو نەچووەتە چاوم. زۆر بە سادەیی پێت بڵێم هۆکارەکەی ترسە. لە ڕاستیدا ترسەکە ئیرادەی پێ نەهێشتووم. ئەو چۆنی بوێت بە هەموو لایەکدا تەراتێنم پێ دەکات. نە لە ڕاست و چەپ دەگەم و نە لە سەر و خوار. ئەمجارەیان لە ئوستازاوە دەستی پێ کرد. لە ڕاستیدا هۆکارەکە نامەکەی ئەوبوو کە "هەموو ئومێدێکی خۆت بەوەوە ببەستە کە ئەو بێتە ئێرە"، جگە لەمە لە دوا نامەکانتدا دوو سێ شتیان تیابوو بە خوێندنەوەیان شادمان بووم. هەرچەندە شادمانییەکە نائومێدییشی لەگەڵدا بوو، چونکە ئەوەی تۆ لەو بارەیەوە وتووتە ئەقڵ و دڵ و جەستە پێکەوە قایل دەکات. لێ لەگەڵ ئەوەیشدا قایلبوونی قووڵتریش بوونی هەیە. من نازانم ئەو جێگەیە کوێیە کە نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک بێ مشتومڕکردن خۆی بەدەستەوە بدات و قایل بێت. وەک ئەنجام ئەوە زۆر کاریگەریی لەسەر بێتواناکردنی من هەیە -واتا کاریگەرییەکی سەرسووڕهێنەری جەستەیی ئارامبەخش کە ئارامییەکەی لەسەرخۆ ڕەنگی کاڵ دەبێتەوە- خۆزگە لێرە بوویتایە. بەڕاستی من لێرە کەسم نییە. هیچ کەسێک جگە لە ترس و دوودڵی. ئێمە پێکەوە شەتەک دەدرێین و لە شەودا باوەش بە یەکتردا دەکەین و تل دەخۆین.[٩٣] لەبارەی ئەم ترس و شپرزەییەوە، لە ڕاستیدا شتێکی زۆر جیددی لە ئارادایە (سەیر ئەوەیە هەمیشە ئاڕاستەکەی بەرەو ئایندەیە، نا، ئەمە ڕاست نییە) بە مانایەکی تایبەتی و بۆ ڕوونکردنەوە دەتوانین بڵێین ئەم (شپرزەییە) بەردەوام فشار دەخاتە سەرم تا ددان بەوەدا بنێم (ددانپیانانێکی زۆر گەورەیە) کە **میلینایش** مرۆڤە. تەنیا مرۆڤێکە. لەم لایەنەوە قسەکانی تۆ بەڕاستی هێند باش و جوانن کاتێک مرۆڤ

---

٩٣ وەرگێڕە فارسەکە ئەم ڕستەیەی وا نووسیوە: (ئێمە پێکەوە فڕێدەدرێینە ناو شەوەوە)، بەڵام لە ئینگلیزییەکەیدا بەو جۆرەیە کە ئێمە وەرمانگێڕاوە و بە لایشمانەوە ڕاستترە (و).



Scanned with CamScanner

دەيانبيستىٚ حەز دەكات دواى ئەوە گوىٚ لە هيچ شتێكى تر نەگرێت، بەڵام ئەمەيش پرسيار دروست دەكات كە گوايە بارەكە زۆر شلۆق نييە. ئەم ترسە، ترسێكى تايبەتيى من نييە، بەڵكو ترسێكە بە هەمان ڕێژە پەيوەنديى بە ئيمانەوە هەيە لە سەرەتاى دروستبوونەوە تا ئێستا. بە بەردەوام نووسينى ئەم مەبەستە بۆ تۆ سەرم ئاسوودەتر دەبێت.

كافكاكەت

**پراگ ١٥ى ژوولاى ١٩٢٠ - پێنجشەممە، درەنگتر**

ئەو نامەيەى شەو لە **وايس هان**[٩٤] نووسيبوت و هەروەها نامەى ڕۆژى دووشەممەم پىٚ گەيشت. ديارە نامەى دووەمت لەپێش يەكەمدا نووسيوە، بەڵام دڵنيايش نيم. تەنيا جارێك بە پەلە تەماشام كردن و دەبێت هەر ئێستا وەڵاميان بدەمەوە، داواى لێبوردنيشت لىٚ بكەم كە لەبارەى منەوە خراپ بير نەكەيتەوە. ئەوەى (**ئوستازا**) نووسيبووى، بێناوەرۆك و بێمانا و وەڕزكەرە. تۆ چۆن بڕوا دەكەيت من بڵێم ئەو لەسەر هەقە. بۆ نێوان **ڤيەننا** و **پراگ** چەند دوورە كە تۆ وا بير بكەيتەوە؟ چەندە دانيشتنى ناو دارستانەكە نزيكە و لەوێوە تا ئێرە چەند دوورە؟ مەسەلەكە ئێرەييپێبردن نييە، مەسەلەكە ئەوەيە كە تەواوى بيرى من لە دەورى تۆدايە و دەمەوێت هەرچۆنێكە لەو ئێرەييەت ڕزگار بكەم، بەڵام ئەم (كار)ە گەمژەييە. خەونێكى نيمچەنەخۆشانەيە و سەرچاوەكەى تەنياييە. لەبارەى **ماكس**يشەوە تۆ هەڵەيت. دوێنىٚ سەرئەنجام بە زۆرلەخۆكردن (ڕوونكردنەوەكە لە سەرەوەدايە)[٩٥] سڵاوى تۆم پىٚ گەياند، بەڵام لەبەرئەوەى كە ئەو زۆر

---

[٩٤] Weisse Hann ڕێستورانتێكە لە ڤيەننا، ميلينا هەندێك جار لەوىٚ شامى دەكرد (ف).

[٩٥] كەوانەكە لە كافكاوەيە.

جار بۆ هەر شتێک ڕوونکردنەوەیەکی دەوێت، وتی: کە تۆ (**میلینا**) لەوەدەچێت تەنیا لەبەر ئەوە بەردەوام سلاوت بۆ ناردووە، چونکە من هەرگیز بە گەرمی سلاوی ئەوم پێ نەگەیاندوویت، بۆیە بە ناچاری من ئەم کارەم کرد. کارێک کە تۆ لەمەودوا واز لە سلاوبۆناردنی دەهێنیت و منیش نایگەیەنم. بە هەرحاڵ ئەوە تاقی دەکەمەوە.

پاشان، بە هیچ جۆرێک تۆ لەبەر من خۆت دڵنیگەران مەکە. ئیتر ئەوە بۆ من ئەوپەڕی شکستە کە خۆت لەبەر من شپرزە بکەیت. ئەگەر ئەم ترسە نەبوایە کە چەند ڕۆژێکە داوێنی گرتووم و ئەم بەیانییە لەبارەیەوە سکالام لا کردیت، تا ڕادەیەک من تەواو تەندروست بووم.

بەڕاست، مەبەستت چی بوو، ئەوسا کە لە دارستانەکەدا بووین، وتت تۆیش بە جۆرێکی دی بیرت لێ کردووەتەوە؟ ئەمە پەیوەندیی بە دووەم ڕۆژی ناو دارستانەکەمانەوە هەیە. من ئەو ڕۆژانەم بە ڕوونی دابەش کردووە. ڕۆژی یەکەم دڵەڕاوکێ، ڕۆژی دووەم لە ڕادەبەدەر دڵنیایی، ڕۆژی سێیەم پەشیمانی، ڕۆژی چوارەم ڕۆژێکی باشبوو.

ئیدی هەنووکە دەبێت بچم بۆ زەماوەندی خوشکم. بەڕاست، بۆ دەبێت من کەسێک بم هەموو ئازارەکانی ئەم دۆخە پڕ لە بەرپرسیارێتی و گەلێک نادیارە لە ئەستۆ بگرم؟ بۆ نموونە بۆ نابێت من کۆمیدەیەک بم لە ژوورەکەتدا، کاتێک تۆ لەسەر موبیل، یان لەپشت مێزەکەوە دادەنیشیت، یان ڕادەکشێیت و دەنووسیت (دنیایەک دوعای خێر بۆ خەوەکەت) ڕێک من چاودێریت بکەم؟ بۆ من ئەو کۆمیدەیە نەبم؟ چونکە ئەگەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاگام لە ناڵە و هاواری تۆ بوایە، یان لەوە زیاتر ئەگەر بمبینیایە دەبێت تۆ لە **ڤیەننا** نەمێنیت، ئەوکاتە لە داخ و خەفەتا یەکسەر دەڕووخام.

-ف-

زۆر بەوە ئاسوودە بووم کە بەم زوانە گوزەرنامە وەردەگریت.



Scanned with CamScanner

**پراگ ١٩ی ژوڵای ١٩٢٠ – دووشەمە**

**میلینا**، چەند بەدحاڵیبوونێکت هاتووەتە ڕێ.

یەکەمیان ئەوەیە کە من بەو ڕادەیەیش نەخۆش نیم. ئەوەندەم بەسە کەمێک خەوتبم تا هەست بە لەشساغی بکەم. کە لە مەران بووم بەدەگمەن ئەم هەستەم دەکرد. نەخۆشیی سیل، بەتایبەتی لە هاوینێکی گەرمدا، میهرەبانترین نەخۆشییە. لەبارەی پاییزی ئایندەوە چۆن دەبم لەگەڵ نەخۆشییەکەدا، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە. لە ڕاستیدا چەند کێشەیەکی بچووکم هەیە، لەوانە ناتوانم لە ئۆفیسەکەمدا کارێک بکەم. ئەگەر کاتێک پێش بێت خەریکی نامەنووسین نەبم بۆ تۆ، لەسەر کورسی دادەنیشم و لە پەنجەرەکەوە ڕادەمێنمە دەرەوە. تا ڕادەیەکی باش دنیام لێ دیارە، چونکە ماڵەکەی بەرامبەرم یەک قاتە. ناتوانم بڵێم تەماشاکردنەکەم بەتایبەتی خەمۆکییە، هەرگیز وا نییە. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە ناتوانم واز لەو کارە بێنم.

دووەمیان ئەوەیە من هەرگیز پێویستم بە پارە نییە. زیاد لە پێویست پارەم هەیە، بەشێک لەو پارەیە -لەوانە ئەو بەشەی پێویستە بۆ پشووەکانی تۆ خەرج بکرێت- بە ناچاری و بێبەزەییانە بەملا و ئەولادا تەخشانوپەخشانی دەکەم.

سێیەمیان ئەوەیە کە تۆ وەک ئەنجام جارێک و بۆ هەمیشە هاوکارییەکی کاریگەرت بۆ چارەسەرکردنی من کردووە. جگە لەوەیش تۆ منت لە یادەوەریی خۆتدا هێشتووەتەوە و هەموو چرکەساتێک بیر لەوە دەکەمەوە.

چوارەم هەموو ئەو شتانەی تا ڕادەیەک بە گومانەوە دەربارەی سەفەری **پراگ** وتت، هەمووی ڕاست دەرچوون. هەروەها ئەو تەلگورافەی بۆم کردیت و هەرچەندە پەیوەندیی بە قسەی نێوان تۆ و مێردەکەتەوە هەبوو، ڕاست بوو. لە ڕاستیدا چاکترین کارێک بوو کە دەبوا بمکردایە، بۆ نموونە ئەمڕۆ بەیانی زوو لەپڕا هەراسم لێ



Scanned with CamScanner

هەڵگیرا. هەراسەکە پەیوەندیی بە خۆشەویستییەوە هەبوو. هەراسەکە وابەستەی ئەوە بوو نەکا تۆ لەپڕا بێیت بۆ **پراگ**، بەڵام تۆ بەم هەموو دڵکاری و وردبینیکردنی ژیانتەوە دەشێیت بۆ حەزێکی ساتی ئەو بڕیارە بدەیت؟ تەنانەت نابێت فریوی ئەو ڕۆژانە بخۆیت کە لە **ڤیەننا** بووین. ئایا تەنانەت لەوێیش، ڕەنگە زۆر شت هەبووبن ئێمە قەرزاری نەبووبێتین کە تۆ هەر ئاوا لە نەزانینەوە ئومێدی ئەوەت بووبێت دیسان شەو ئەو ببینیت.[96] ئیدی ئەم بابەتە بەسە، یان تەنیا ئەمە: ئاخری من لە نامەکەتدا دوو ڕاستیم بۆ دەرکەوتووە. یەکەم بەرنامەی **هایدلبیرگ**، دووەم بەرنامەی **پاریس** و **بیری بانک**.[97] بەرنامەی یەکەم نیشانەی ئەوەیە منیش لەنێو ئەڵقەیەکدام لە پەیوەندیی نێوان فریادڕەس و ستەمکاراندایە، بەڵام لە لایەکی ترەوە من لەو ئەڵقەیەدا نیم. بەرنامەی دووەم ئەوە دەردەخات کە هەرچۆنێک بێت ژیان بۆ ئایندە بوونی هەیە. بەرنامەکان، توانا، ئامانجەکان، هەروەها ئامانجەکانی تۆ.

پێنجەم ئەوەیە بەشێک لە خۆئازاردانە ترسناکەکەت -ئەمە تاقە ئازارێکە کە تۆ لەسەر منی باردەکەیت- پەیوەندیی بەو نامانەوە هەیە کە هەموو ڕۆژێک بۆ منیان دەنووسیت. بە دەگمەن نامە بنووسە. ئەگەر پێت خۆش بێت من هەموو ڕۆژێک چەند دێڕێکت بۆ دەنووسم. لەم حاڵەتەدا بۆ کارێکیش کە چێژت پێ بگەیەنێت زیاتر ئارام و هێورتر دەبیت.

بابەت ڕۆمانی **دنادیو**[98] سوپاست دەکەم. ڕەنگە لە ئێستادا توانای خوێندنەوەیم نەبێت. ئەمە دووەم سکاڵای بچووکی منە. من ناتوانم

---

[96] مەبەستی لە (ئەو)، مێردی **میلینایە**.

[97] ڕەنگە ئاماژە بێت بە بەرنامەی سەفەری **میلینا** لەگەڵ مێردەکەیدا. لەوەدەچێت سەفەر بۆ **هایدلبیرگ** پێشنیاری میلینا و سەفەری **پاریس** پێشنیاری مێردەکەی بێت، چونکە بەشێکی لە بانکا هەبووە کە پێی قایل نەبووە.

[98] Marie doaadieu ڕۆمانێکی **چارلز لویس فیلیپە**.



Scanned with CamScanner

بخوێنمەوە و ئەمەیش بە شێوەیەکی تایبەتیی خەمبارم ناکات، بەڵام بۆ من مەحاڵە. دەستنووسە گەورەکەی **ماکس** (زایۆنیزم، مەسیحییەت، بتپەرستی کتێبێکی مەزنە[99]) دەبێت بخوێنرێتەوە. ئەو خۆی زۆر بە پێداگرییەوە داوای لێ کردووم. بە زەحمەتەوە دەستم پێ کردووە. ئەمرۆ شاعیرێکی لاو[100] ٧٥ شیعری بۆ هێنام کە هەندێکیان زۆر درێژن. بێگومان وەک پێشتر جارێکی دی بەرێکەوت رووی دا، نامەوێت دیسانەوە ئەو بکەمەوە بە دوژمنی خۆم. من لە پاشکۆی نامەیەکدا وەڵامی ئەو کچە دەنێرم. تۆ لەو رێگەیەوە دەتوانیت بە نامەکەمدا بچیتەوە. ئەوسا تێدەگەیت من چەندە لە لای خەڵکەوە پەراوێز خراوم، ئەمەیش نەک لە ناتێگەیشتنەوە بێت.
پاشنیوەڕۆی دوێنێ هێند چاکتر نەبوو لە دوانیوەڕۆی یەکشەممەی پێشتر. لە ڕاستیدا دەستپێکەکەی باش بوو. ماڵەوەم بەرەو گۆڕستان[101] بەجێ هێشت. پلەی گەرما ٣٦ بوو لە سێبەردا. کارمەندانی میترو مانیان گرتبوو، بەڵام من بەتایبەتی خۆشم پێ هات، چونکە تا ئەندازەیەک بە هەمان ئەو ڕادەیەی کە لەو شەممەیەدا حەزم دەکرد تا باخچەکەی نزیک بە بازاڕ پیاسە بکەم، ئێستایش حەزم لێیە، بەڵام کە گەیشتمە گۆڕستانەکە، گۆڕەکەم نەدۆزییەوە. نووسینگەی زانیارییەکان پشووی هەبوو. هیچ کارمەند و هیچ ژنێک لێی نەدەزانی، تەنانەت بە دەفتەرێکی ڕێنماییدا گەڕام، بەڵام دەفتەرەکە هەڵە بوو. چەند سەعاتێک هەر لەو ناوە پیاسەم کرد. لە خوێندنەوەی نووسینی سەر گۆڕەکان تەواو گێژ و وڕ بووم. بەو حاڵەوە گۆڕستانەکەم بەجێ هێشت.

-ف-

---

[99] کتێبێکی ماکس برودە کە بۆ یەکەمجار لە لایەن کورت و لفی بڵاوکەری بەرهەمەکانی **کافکاوە** ساڵی ١٩٢٢ لە دوو بەرگدا لە میونیخ بڵاوکرایەوە.

[100] بڵاوکەرە ئەڵمانییەکە پێی وایە کە ڕەنگە ئەو شاعیرە **هانس کلاوس** بێت.

[101] پێشتر **میلینا** داوای لە **کافکا** کردبوو بچێتە سەر گۆڕی **تیپسکی** برای لە گۆڕستانی **ئۆلشانیر**.

پراگ ۱۳ ژولای ۱۹۲۰ - سێشەممە.

هەردوو تەلگورافەکەتم لە بەردەستایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، من دوای شەوێک کە تا ڕادەیەک بێ ئەوەی بخەوم، لە بەردەم ئەم نامەیەی تۆدا کە بۆ من زۆر گرنگە، دانیشتووم، وا ئێستا گەیشتوومەتە دوا دێڕی. ئەو نامانەی من لە **پراگ**ەوە بۆم ناردوویت، بەتایبەتی نامەکانی دوایی هیچ پێویستیان نەدەکرد. تەنیا ئەم نامەیە پێویستە، یان ئەو نامانە هەر لە شوێنی خۆیاندا کەڵەکە بکرێن، بەڵام دەبێت ئەم نامەیە لە سەروو هەموو ئەوانەوە بێت. بەداخەوە ئەوەی دوێنێ دوای ئەوەی لە **ئوستازا** جیابوومەوە، یان لە شەودا یان ئەمڕۆ بەیانی بە تۆم وت، ناتوانم جارێکی تر بە هیچ جۆرێک بە تۆی بڵێمەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مەسەلە سەرەکییەکە ئەمەیە: ئەوانەی لە ئەڵقەیەکی فراواندا گەمارۆی تۆیان داوە، ڕەنگە بتوانن بە دانایییەکی شکۆمەندانە، یان نەزانینێکی درندانەوە (لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە درندە ئەوە نەکات) بە سۆزێکی دێوئاسا، یان ئەشقێکی مرۆڤکوژ شتگەلێک لەبارەی تۆوە بڵێن. لێگەڕێ چ دەڵێن با بیڵێن. **میلینا** من، من بە تەواوی تانوپۆی بوونمەوە دەزانم هەر کارێک تۆ دەیکەیت، ڕاستە. ئیتر لە **ڤیەننا** بمێنیتەوە، یان بێیت بۆ ئێرە، یان لە نێوان **پراگ** و **ڤیەننا**دا بەگیر هاتبیت، یان ئێستا کارێک و سبەی کارێکی تر بکەیت. جگە لەوە ئەگەر من ئەمەم نەزانیایە دەمتوانی چی لەگەڵ تۆدا بکەم؟ لە دەریای هەرە قووڵدا بچووکترین نوختە نییە کە بەردەوام لەژێر گوشاردا نەبێت. حاڵوباڵی تۆیش ئێستا وایە، بەڵام هەر جۆرە ژیانێکی دی پۆخڵییە و بیرکردنەوە لێی تووشی دەرد و ئازارمان دەکات. تا ئەم دوایییە من وام بیر دەکردەوە کە ناتوانم بژیم. هەنووکە تۆ دڵنیام دەکەیت کە ئەوەی وام دەزانی ناتوانم خۆمی لەبەردا بگرم، هەرگیز ژیان نەبووە.

-ف-



Scanned with CamScanner

**پاشنیوەڕۆ (٢٠ی ژولای ١٩٢٠)**

تا ئەو کاتەی لە ئۆفیسەکە بووم توانیم دەست لەم نامەیەوە نەدەم، بەڵام زەحمەتی ئەم کارە بۆ من هێند ئاسان نەبوو. تا ڕادەیەک بەم کارە هەموو توانای خۆم بەکار هێنا کە ئیدی هێزی ئەوەم تیا نەما کاری ئۆفیسەکە بکەم.

نامەکەت بۆ **ئوستازا**: دوێنێ بەیانی **ژیلوسکی** بۆ دیدەنیم هاتە ماڵەوە و وتی نامەیەک لە تۆوە گەیشتووە. لە کاتی چوونەدەرەوەی بەیانیدا نامەکەی لەسەر مێزەکە دیبوو، بەڵام هێشتا نەیدەزانی چیی تیایە. بڕیار بوو عەسر **ئوستازا** لەو بارەیەوە ئاگادارم بکاتەوە. لە کاتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە کە نامەکەی تۆ چیی تیا بێت و ڕەنگە پەیوەندیی بە منەوە هەبێت، بەرانبەر بە هاوڕێییەتییەکەی، هەستم بە نائارامی دەکرد، بەڵام ئەو ئێوارەیە زوو دەرکەوت کە نامەکەی تۆ بەجێ بووە، لانی کەم بە لای هەردووکیانەوە وا بوو کە شێوازی نامەکە خۆشەویستانە بووە (من نامەکەم نەخوێندەوە) لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە سوپاسگوزارییەکی کورت بوو بۆ مێردەکەت، کە پەیوەندیی بە ڕوونکردنەوەکانی منەوە هەبێت. لەم لایەنەوە بەڕاستی **ئوستازا** شادمان و چاویشی زیاد لە ئاسایی دەدرەوشایەوە. تێکڕا دەبێت بڵێم کە ئەمانە کەسانێکی شەریفن. **ئوستازایش** کە تا ڕادەیەک بۆ ماوەیەکی درێژ زۆر بە وردی و بێدەنگی و جیددییەوە تەماشای وێنەکەی تۆی دەکرد، بۆ چرکەساتێک لە ڕادەبەدەر ئەزموونی جوانیی دەکرد. ڕەنگە لەبارەی ئەو عەسرەوە کاتێکی تر قسەی زیاترت بۆ بکەم. من شەکەت، خاڵی، مەلوول، شکستخواردوو، لەهەر شەوقوزەوقێک خاڵی بووم. هەر لە بەرایییەوە تەنیا حەزم لەوە بوو بچمە ناو جێگەوە (ئەوان داوایان لێ کردم پاشکۆی نامەکەت بۆ بنێرم. لەم نامەیەدا وێنەیەکی تیایە **ئوستازا** کێشاویەتی، لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی ڕیلومسکی. باسی ژووری ئاپارتمانەکەتمان کرد.



Scanned with CamScanner

دوێنــێ داوام لــێ کردیــت هەمــوو ڕۆژێــک نــامەم بــۆ نەنووســیت، ئەمڕۆیش هەر هەمان ڕام هەیە. ئەوە لە قازانجی هەردووکماندایە، من ئەمــڕۆیش جــارێکی دی ئەو پێشــنیارە دووبــارە دەکەمەوە، تەنــانەت زیــاتر پێی لەســەر دادەگرم. **میلینــا**! داوات لــێ دەکەم بە قســەم مەکە، بەڵکو هەرچۆنێک بووە هەمــوو ڕۆژێــک نــامەم بۆ بنووســە. دەتوانیت زۆر بە کــورتی بنووســیت، کــورتتر لە نامەکــانی ئەمــڕۆت. ئەگەر دەکرێــت دوو دێــڕ، ئەگەر دەکرێــت دێڕێــک، ئەگەر دەکرێــت تەنیــا وشەیەک، بەڵام بێبەشکردنم لەو تەنیا وشەیە بۆ من واتای مردنە.

-ف-

**پراگ ٢١ی ژوڵای ١٩٢٠ چوارشەممە**

بوێرانە دەتوانرێت ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت کە:
یەکەم: تا ئەو شوێنەی من دەرکی تێزەکانی **گروس** دەکەم[١٠٢] و ڕەنگە ڕاســتییش بکــات. هەرچەنــدە بەپێــی دابەشــکردنی تــایبەتی توانــای ڕاستەقینەی دەروونیم، دەبێت دەمێکبوایە من مردبم. کە تا ئێستا هەر ماوم، لانی کەم بەڵگەی ئەوەیە کە **گروس** ڕاست دەکات.
دووەم: ئەوەی دەشــێت لەمەودوا ڕوو بــدات مــایەی پرســیار نیــیە. ئەوەی لێــی بێگومــانم ئەوەیە کە دوور بــم لە تــۆ، نــاتوانم بــێ هــیچ پاســاوێک خــۆم ڕادەســتی تــرس و ناخۆشــیی ژیــان نەکەم. ئەم خۆبەدەســتەوەدان و سەرســپاردنە لەوە زیــاترە کە تــرس داوام لــێ دەکات و من بێ زۆر لێ کردن بە تاسەوە بەرەوڕووی دەچم. من لەو ترسەدا خۆم دەتوێنمەوە.

---

١٠٢ Otto gross زنێکی سایکۆلۆجیست و فەیلەسووفی خەڵکی فیەننایە.

تۆ ڕاست دەکەیت کە دەربارەی هەڵسوکەوتم لە **ڤیەننا** بە هۆی ترسەوە سەرزەنشتم بکەیت، بەڵام لەو لایەنەوە ترس بەڕاستی غەریب و سەرسووڕمێنە. من شارەزای یاسا نهێنیەکانی ترس نیم. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە ئەو دەستی لە بینەقاقامدایە. لە ڕاستیدا ئەمەیش ترسناکترین ئەزموونە کە تا ئێستا پیایدا تێپەڕیوم و دەتوانم پیایدا تێبپەڕم.

ڕەنگە ئەمە بەرئەنجامی ئەوە بێت کە ئێستا ئێمە هەردووکمان هاوسەرمان هەیە. تۆ لە **ڤیەننا** و من لەگەڵ ترسەکەمدا لە **پراگ**. لەبەر ئەوەیشە کە نەک تەنیا تۆ، بەڵکو منیش، بێهوودانە لە کێشمەکێشی ئەم هاوسەریەتییەدا خەریکم لێک دەبمەوە، کەواتە **میلینا** ئەوە بزانە، ئەگەر قسەکانی **ڤیەننای** من بە تەواوی تۆی قایل کردبێت (تەنانەت ئەگەر بە گومانیشەوە قایل بووبیت)، لەگەڵ هەموو شتێکدا، تۆ ئیدی لە **ڤیەننا** نەدەبوویت، یان ئیتر ئەم وشەی "لەگەڵ هەموو شتێکدا" هەرگیز ڕووی نەدەدا، بەڵکو زۆر بە سادەیی تۆ لە **پراگ** بوویت، بە هەرحاڵ هەموو ئەو شتانەی لە دوا نامەتدا دڵی خۆتی پێ خۆش دەکەیت، تەنیا دڵدانەوەیە. ئاخر هیچ ماوەتەوە بێجگە لە دڵدانەوەی خود؟ ئایا تۆیش وا بیر ناکەیتەوە؟

ئەگەر خێرا بهاتیتایە بۆ **پراگ** یان هیچ نەبێت زوو ڕات لەسەر بڕیارەکە بدایە (لەو حاڵەتەدا) بەڕاستی هیچ شایەت و بەڵگەیەک لە سوودی تۆ نەدەبوو. من پێویستم بە هیچ بەڵگەیەکی تۆ نییە، تۆ بە لای منەوە لە سەرووی هەر بەڵگەیەکی ڕاستودروستەوەیت، بەڵام (ئەگەر تۆ ئەوەت بکردایە) بۆ من دەبوو بە بەڵگەیەکی گەورە کە ئێستا ئەوەم لە دەستدا نییە، هەندێک جار ترسیش لەوێوە خۆراک بەدەست دێنێت. لە ڕاستیدا، ڕەنگە تەنانەت لەوەیش خراپتر بێت و تەنیا من (منی فریادڕەس) تۆی بەو جۆرە لە **ڤیەننا** گیرداوە کە هەرگیز کەسی تر وای لەگەڵتدا نەکردووە.



Scanned with CamScanner

کەواتە ئەمە ئەو زریانە بوو کە ئەو ڕۆژە، لە دارستانەکەدا بەردەوام هەڕەشەی لێ دەکردین، بەڵام ئێمە هەر شاد بووین، کەواتە لێگەڕێ با ژیان لەژێر ئەو هەڕەشە و گوشارەدا بەردەوام بێت، چونکە ڕێی هەڵاتنی دی نییە.

نازانم بەرانبەر بە نامەی ئەو کچە تۆ دەڵێی چی. ئامانجەکەی کە بزواندنی کەمێک ئیرەیی تۆ بوو، هەرچۆنێک بێت سەری گرت. چاکە. من هەندێک جار نامەی لەو جۆرە، یان ڕەنگە لەوە باشتریش (بەبێ ئەوەیش وەک ئەنجام مەبەستەکە ڕەت بکەمەوە) لە خۆمەوە دادەهێنم. تکات لێ دەکەم چەند وشەیەک دەربارەی کارەکەت بڵێ:
**سستا؟ لیپا؟ کیمن؟ پولیتیکا؟**[١٠٣]

دەمویست شتێکی تریش بڵێم، بەڵام دیسان شاعیرێکی لاو[١٠٤] لێرە بوو. نازانم بۆ، بەڵام هەر کە یەکێک دێتە ئێرە من دەکەومە بیری دۆسیەکانمەوە. بە درێژایی مانەوەی ئەو کەسە، ناتوانم بیر لە هیچی تر بکەمەوە. من شەکەتم، ناتوانم بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، تەنیا ئەوەم لا خۆشە سەر بنێمە داوێنت، هەست بکەم دەستت بەسەر تەوێڵمەوەیە و تاهەتایە هەر وا بمێنمەوە.

### کافکاکەت

بەڵێ، ئەوەی دەمویست بیڵێم ئەمە بوو کە: لە نامەکەتدا هەقیقەتێکی گەورە هەیە (لەنێو هەقیقەتەکانی تردا).

"Ze vastne ty si colveknema tusenio tom"[١٠٥]

---

١٠٣ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسای **چیک** .cests, lipa, kmen, politika

١٠٤ بڵاوکەرە **ئەڵمانی**یەکە ئەو شاعیرە بە **گۆستاف یانوش** دەزانێت کە لەو کاتەدا تەمەنی ١٧ساڵ و باوکی لە هەمان ئۆفیسی **کافکا**دا کاری کردووە.

١٠٥ ڕستەیەکە بە زمانی **چیکی**، **کافکا** لە نامەیەکی **میلینا**وە وەری گرتووە، بە مانای: "تۆ بەڕاستی کەسێکیت ڕاوبۆچوونت لەبارەی ئەم شتانەوە نییە".

وشه به وشەی ئەم ڕستەیە ڕاستە. هەموو شتەکان هیچ نەبوون جگە لە چەپەڵی، جگە لە داخ و بێزاری و جگە لە کەوتنە ناو دۆزەخەوە و شتی تریش. من وەک منداڵێک کارێکی زۆر خراپی کردبێت بەرامبەرت دەوەستم، وا ئێستا ئەو منداڵە بەرامبەر بە دایکی خۆی وەستاوە، دەگری و دەگری و بەڵێن دەدات کە ئیتر هەرگیز ئەو کارە نەکات، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ترس لێرەوە هێز پەیدا دەکات. ترس دەڵێت: "بێگومان، بێگومان. Tuseni nema[١٠٦]. هێشتا هیچ ڕووی نەداوە! کەواتە -ئەو- هێشتا دەتوانرێت ڕزگار بکرێت".

ڕادەپەڕم، تەلەفۆنە، سەرۆک داوای کردووم. لەوساوە کە گەڕاومەتەوە بۆ **پراگ**، ئەمە یەکەم جارە بۆ کارێکی ئیداری بانگم دەکات. وا ئاخری فرتوفێڵەکانم ئاشکرا دەبێت. هەژدە ڕۆژە هیچ کارێکم نەکردووە، جگە لە نامەنووسین و نامەخوێندنەوە. لە هەمووی گرنگتر لە پەنجەرەوە تەماشاکردنی دەرەوە، بەدەستەوەگرتنی نامەکان، دانانیان لەسەر مێز، دیسانەوە هەڵگرتنەوەیان، هەروەها پێشوازیکردنی میوان و هیچی تر. لەگەڵ ئەمانەیشدا کاتێک بۆ بینینی سەرۆک دەڕۆمە خوارەوە، ڕەفتاری دۆستانەیە و پێکەنینی لەسەر لێوە. لەگەڵمدا باسی فەرمانێکی ئیداری دەکات کە سەری لێ دەرناکەم، پاشان خواحافیزیم لێ دەکات، چونکە مۆڵەتی وەرگرتووە. باوەڕ ناکەیت چەند پیاوێکی شەریفە (لە ڕاستیدا من لەژێر لێوەوە وتم هەموو کارەکانم تەواو کردووە و بەیانی دەست بە جێبەجێکردنیان دەکەم) وا ئێستا خەریکم بە پەلە هەموو ئەوانە بە پاسەوانە فریشتەکەم دەسپێرم.

---

[١٠٦] ئەو هەستی پێ ناکات.



Scanned with CamScanner

مران ۱۲ ژوئن ۱۹۲۰ شەممە

**میلینا**، کەمێک خراپ لە قسەکەم تێگەیشتوویت: من تا ڕادەیەک تەواو لەگەڵ تۆدا کۆکم، ناچمە ناو وردەکارییەکانەوە. ناتوانم بڵێم دێم بۆ **ڤیەننا**، یان نا، بەڵام لەوەناچێت بێم. جاران بەڵگەی زۆرم بۆ نەهاتن هەبوو، لێ ئێستا تاقە بەڵگەیەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کارە لە دەرەوەی توانای ڕۆحیی مندایە، ڕەنگە بۆ بەڵگەکە باشتر بێت بڵێم ئەمەیان بۆ هەردوولامان چاکترە. لێ دەبێت ئەوەیش بڵێم ئەگەر تۆ بەپێی ئەو هەلومەرجانەی خۆت باست کردوون، بێیت بۆ **پراگ** باشتر و تەنانەت شتێک لە سەرووی توانای منەوەیە [107]( hechal cloveka cekat) ئەو شتەی تۆ دەتەوێت لەبارەی ئەو شەش مانگەوە بۆ منی ڕوون بکەیتەوە، پێویست بە زانینی من ناکات. من لەو لایەنەوە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە کارێکی ترسناکە. دەزانم تۆ شتی سەیرت بە خەیاڵدا هاتووە و تەنانەت کاری ترسناکت کردووە. بەو ئەنجامە گەیشتووم کە وەک هاوبەشێکت لە داهاتوودا بەرگەی ئەوەم نەدەگرت (هەرچەندە حەوت ساڵ لەمەوبەر تا ڕادەیەک توانای بەرگەگرتنی هەموو شتێکم هەبوو)، بەڵام بەو ئەنجامە گەیشتووم کە تەنانەت لە ئایندەیشدا وەک شەریکێک توانای ئەو کارەم نەبێت. چاکە، ئەم شتانە مانای چییە؟ ئایا کار و ئەزموونی تۆ زیاد لە خۆت بایەخی بۆ من هەیە؟ بەڵام من تەنانەت بێ باسکردنیش تۆ لە خۆم باشتر دەناسم. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ئاگام لە دەستی خۆم نەبێت. نامەی تۆ لەگەڵ پێشنیاری مندا دژواز نییە. بە پێچەوانەوە کاتێک دەڵێیت: "ئەوەی من پێم خۆشە ڕێگەچارەی سێیەمە کە نە بە تۆ و نە بەو کۆتایی بێت، بەڵکو سەر لە تەنیاییەکەوە دەربێنێت"، ڕەنگە بە جۆرێکی تر هەر دووبارەکردنەوەی پێشنیارەکەی من بێت.

---

[107] بە زمانی **چیکی** واتا (هێشتنەوەی کەسێک لە چاوەڕوانیدا).



Scanned with CamScanner

بێ دوودڵی ئەگەر نەخۆشییەکە بەو قۆناغە گەیشتبێت، تەنانەت تۆ ناتوانیت بە شێوەیەکی کاتییش واز لە مێردەکەت بهێنیت، بەڵام بەو جۆرەی کە تۆ نووسیوتە ئەوە نەخۆشییەکی هەمیشەیی نییە. تۆ چەند مانگێک لەمەوبەر باست لەوە کرد کە نەخۆشییەکە مانگێک، یان زیاترە سەری هەڵداوە. مانگێکی تر چاک دەبیتەوە. تا ئەو کاتەیش مانگی ئۆگەست دێت و زۆر بڕبکات تا سێپتەمبەرە.

لە ڕاستیدا دەمەوێت ددان بەوەدا بنێم، کە نامەکەت لەو نامانەیە ناتوانم بە یەکجاری بخوێنمەوە. ئەگەر بە پێچەوانەوە، چوار جاریش لەسەر یەک بمخوێندایەتەوە، هەر نەمدەتوانی ئێستا ڕای خۆمی لەسەر بدەم. بە هەرحاڵ من بڕوام وایە ئەو مەبەستەی ئێستا بۆم باس کردیت، بە هەند وەری بگریت.

**کافکاکەت**

**پراگ ١٨ی ژولای ١٩٢٠ یەکشەممە**

هەر بە بۆنەی نامەکەی دوێنێتەوە، من هەوڵ ئەدەم لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە هەموو شتەکان بڕوانم کە تا ئێستا خۆم لە زۆربەیان دوورەپەرێز گرتووە. ئەمە لەم ڕوانگەیەوە سەیر دێتە بەرچاو: مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە من لەسەر تۆ شەڕم لەگەڵ مێردەکەتدا کردووە. ئەم شەڕە تەنیا لە دەروونی تۆدا بوو. ئەگەر شەڕەکە تەنیا لە نێوان من و مێردەکەتدا بوایە، دەمێک بوو هەموو شتێک بەلادا کەوتبوو. من هەرگیز مێردەکەت بە باڵادەست نازانم، تەنانەت ڕەنگە بە دەستنزمیشی بزانم. بەڵام شتێک دەزانم: ئەگەر ئەو ئێمەی خۆش بویستایە، ئەوە خۆشەویستیی کابرایەکی دەوڵەمەند بوو بۆ کەسێکی هەژار (کە شتێک لەو خۆشەویستییە لە پەیوەندیی نێوان من و تۆدا هەیە) لەنێو ژیانی هاوبەشی تۆ و ئەودا، لە ڕاستیدا من تەنیا مشکێکم



Scanned with CamScanner

له مـاڵێکی گەورەدا کە ئەوپەڕی دەتوانێـت سـاڵی جارێـک ئـازادانە بەسەر فەرشەکاندا بڕوات.

ئەمە ڕاسـتییە و شـتێکی سـەیریش نیـیە. مـن بە لامەوە سـەیر نیـیە. ئەوەی مـن پێـی سەرسـامم و لەوانەیە هەرگیـز دەرکـی پـێ نەکرێـت ئەوەیە، تـۆ (کە لەو مـاڵە گەورەیەدا دەژیـی و بە تەواوی بـوونتەوە پێـوەی بەسـتراویت و سـەرچاوەی ژیـانە جـوامێرانەکەتە و تیایـدا شاژنیت). بەڵێ، تۆ دەتوانیت (من لەم لایەنەوە تەواو دڵنیام) کە نەک تەنیا منت خۆش بوێت، بەڵکو ببیت بە هـی خـۆم و لە هەمـان کاتدا بەسەر فەرشی ماڵەکەتدا ڕابکەیت.

بەڵام هێشـتا نەگەیشـتوومەتە لـوتکەی سەرسـووڕمانەکە. ئەو لـوتکەیە لەوەدایە کە ئەگەر تـۆ بتەوێـت بەرەو لای مـن بێیـت و ئەگەر لە ئەنجامدا لەژێر کاریگەریی داوەرییەکی مۆسیقاییدا تۆ بگەیتە ئەوەی کە بۆ هەنگاونان بەرەو لای من چاو لە هەموو دنیا بپۆشیت، تا ئەو شـوێنە قووڵە ڕۆیشـتوویت کـە لە شـوێنە دەگمەنەکەی خۆتـدا، نەک تەنیا کەم بینیت، بەڵکو هەر هـیچ نابینیت (خاڵەکە) لەوێدایە کە تۆ بۆ بەدەسـتهێنانی ئەو مەبەسـتە (سـەیر، سـەیر)ە تەنیـا لە بەرزاییـیەوە نایەیتە خوارێ، بەڵکو ناچاریت بە شـێوازێکی سـۆپەرمانیانە لە خۆت زیاتر بڕۆیت. دەکرێت بەو هێز و توانـایەتەوە لەم کـارەدا تێکبشـکێیت. بکەویـت و لەناوبچیـت (بێگومـان منـیش وەک تـۆم) ئەم هەمـووەیش تەنیـا بـۆ هـاتنە جێگـەیەک کە هـیچ شـتێکی دڵڕفێنـی تیـا نییە. ئەو جێگـەیەی مـن تیـا دانیشـتووم، بـێ خۆشـی و بـێ ناخۆشـی، بـێ شایستەگی یان گوناهباری، لەوێدا دانیشـتووم تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەوێدا دانراوم. جێی من لە پلە پێشکەوتووەکانی مرۆڤایەتیدا کەم تا زۆر لە پێگەی ئەو بەقاڵە وردەفرۆشـەی پێش جەنـگ دەچێت کە لە دەوروبەری شـارەکەتدا دەمـایەوە. (تەنـانەت نەک ڤلیـون ژنەکەیـش، تەنانەت ئەویش نا) تەنانەت ئەگەر من پێش جەنگەکەیش ئەو جێگەیەم



Scanned with CamScanner

بەدەست هێنابێت -بەڵام من شەرم بۆ ئەوە نەکردووە- هێشتایش هەر ناتوانیت ئەوە بە شانازی بزانیت.

ئەوەی لەبارەی ڕەگوڕیشەکانەوە نووسیووتە زۆر ڕوونە. بەڕاستی وایە. بێگومان لە **تورنا**[١٠٨] و گرنگترین کار لەپێش شتی تردا دۆزینەوەی لقوپۆپی تر و هەڵکەندنیان بوو. بە دۆزینەوەی ڕیشەی سەرەکی ئیتر بەوە کارە سەرەکییەکە تەواو دەبوو، چونکە تاقە کارێک کە دەبوو بکرایە، بێڵکاری دەوری ڕیشەکە و دەرهێنانی بوو بەتەواوی و بێ زیانپێگەیاندن. هەنووکەیش دەنگی شکانی ئەو ڕەگوڕیشانەم لە گوێدا دەزرنگێتەوە. دیارە بۆ ئەو کاتە هەڵکەندنی ڕەگوڕیشە کارێکی ئاسان بوو، چونکە پەیوەندیی بە درەختێکەوە هەبوو کە دەتزانی دەتوانێت لە هەر زەوییەکی تردا بژی و پێ بگات. هەرچۆن بێت ئەو هێشتا نەبووبوو بە درەخت، بەڵکو هەر خەڵفێک بوو.

دیسانەوە دوێنێ لەگەڵ **لاورین**دا قسەم کرد. تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە، هاوڕامە. چەند بەڵگەیەک لە سوودی ئەون. لەوانە کاتێک باسەکانمان دێتە سەر تۆ، ئەو خۆی ئامادە دەکات. تێکڕا کەسێکی چاکە. چی بە من وت؟ زۆر باشە، ئەو دوو جار منی بینی. لە هەردوو جارەکەدا بە دووروودرێژی چیرۆکێکی بۆ باس کردم. کچێک بۆ دیدەنیکردن دێت بۆ لای کە دەزگیرانی یەکێکی ترە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە **لاورین** بەرانبەر بەو زۆر زۆر بێزار و بێزراوە. ئەو کچە ٨ تا ١٠ سەعات لای دەمێنێتەوە. (کچێک بەیانی لە ئاپارتمانە تایبەتییەکە ئەو و کچێکی تر شەو لە ئۆفیسی ڕۆژنامەکە بەم جۆرە ئەو کاتانەی دابەش دەکات کە بەئاگایە- کچە باسی ئەوە دەکات تەنیا ئەوی گەرەکە و

---

[١٠٨] Turaau ئاماژەیە بۆ سەردەمانێک کە **کافکا** بۆ حەسانەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لەو شوێنە بووە (نیوەی سێپتامبەری ١٩١٨) لەوێ خۆی بە باخەوانییەوە سەرقاڵ کردووە. هەر لەو ماوەیەدا چووە ناو دنیای میتافیزیکی ئایینی و ڕووی لە بەرهەمەکانی **تۆلستۆی** و **کیرکەگورد** و ئەفسانە و تەفسیرەکانی عەهدی کۆن کرد. لەوەدەچێت کتێبی (**ڕامانەکان**) کاریگەریی ئەوەیان لەسەر بێت. و. ف.



Scanned with CamScanner

ئەگەر **لاوریــن** ئەوی نەویــت، خــۆی لە پەنــجەرەکەوە فــڕێ دەداتە خوارەوە: بێگومـان ئەو کـچەکەی ناوێت و ڕێگەی پەنـجەرەکەی پیشان دەدات. هەرچەندە کچان خۆیان لە پەنجەرەوە فڕێ نادەنە خوارێ).
بەڵام شتێکی ترسناک ڕوو دەدات، کچەکە تووشی دەمارگرژی دەبێت و دەکەوێتە قیژە و هاوارکردن. ئەی کچەکەی تر چی دەکات؟ نازانم.
ئێسـتا مـن نکـوولی لەوە نـاکەم کە ڕەنـگە هەمـوو ئەو کارەسـاتە و لەویـش خراپتـر بەڕاسـتی ڕووی دابێـت. تـاقە شـتێک کە تێـی نـاگەم ئەوەیە کە بۆ ئەم چیرۆکە هێندە وەڕزکەرە.
هەر لەو بـارەیەوە، لەو چیرۆکـانەی کە ئەو دەربـارەی دەزگیـرانەکەی دەیگێڕایەوە شتێکی سەرنجڕاکێشی تیا هەبوو. بـاوکی دەزگیـرانەکەی دوو ســاڵ نەخۆشــیی مالیخولیــای هەبــووە، هەمــوو ئەو مــاوەیە دەزگیـرانەکەی پەرستیاری کـردووە. پەنـجەرەی ژووری نەخۆشـەکە دەبـوو هەمیشــە کـراوە بێـت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخۆشــەکە توانـای ئەوەی نەبــووە گــوێی لە دەنــگ و ژاوەژاو بێــت، هەر کە ماشــینێک بەوێدا تێپەڕیوە، دەزگیـرانەکەی **لاورین** ناچـاربووە بـۆ چرکەسـاتێک پەنجەرەکە دابخات و پاشان بیکاتەوە.
**لاورین** لە کاتی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا زیاتر لەسـەری ڕۆیشت و وتـی: "بیری لێ بکەرەوە، نووسـەرێکی مێژووی هونەر!" (لە ڕاستیدا دەزگیرانەکەی مێژووی هونەر دەنووسێت).
**لاورا** وێـنەی دەزگیــرانەکەی پیشــان دام، دەموچــاوێکی جوولەکـانە، خەمــاوییەکی تــا ڕادەیەک جــوان، لــووتی پــان و نیگــایەکی هێــور، دەستێکی ناسک و زراف و بەرگی گرانبەها.
لەبارەی ئەو کچەوە[١٠٩] پرسیبووت. هەواڵی تازەیم لا نییە. لەو کاتەوە کە نـامەکەی بـۆ تـۆی نووسـیبوو، بە منـی دا، ئیتـر نەمـدیوەتەوە. لە ڕاسـتیدا بەڵێنێکی یەکتربینینمـان لە نێوانـدا هەبـوو، بەڵام بڕیـارەکە لە

---

[١٠٩] مەبەست **ژولی فریزکی** دووەم دەزگیرانی **کافکا**یە.

کاتێکدا بوو کە تۆ یەکەم نامەت دەربارەی قسەکردنت لەگەڵ مێردەکەتدا بۆ نووسیبووم، بۆیە هەستم دەکرد حەزم بەوە نییە قسەی لەگەڵدا بکەم، بۆیە بە هەندێک پاساو و تا ڕادەیەکیش وەک هاوڕێیەک بڕیارەکەم دواخست. پاشان نامەیەکی ترم بۆ نووسی، بەڵام ئەو خراپ تێی گەیشتبوو، چونکە کاردانەوەکەی یاداشتنامەیەکی شێوازدایکانە و پەندئامێز بوو کە بۆی نووسیبووم (لەو نامەیەدا لە ناواخنی شتگەلێکدا ناونیشانی مێردەکەتی لێ داوا کردبووم). منیش هەر بەو ئاڕاستەیە وەڵامیم دایەوە و بە پۆستی خێرا بۆم نارد. ئیدی هەفتەیەک زیاترە ئاگام لە هیچ نییە. بۆیە نە ئاگام لە ناوەڕۆکی نامەکەی تۆیە کە بۆت نووسیوە، نە ئەوەی نامەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر داناوە.

نووسیوتە ڕەنگە مانگی داهاتوو بێیت بۆ **پراگ**، کەم تا زۆر حەز دەکەم پێت بڵێم مەیە. ئەم ئومێدە بۆ من بەجێ مەهێڵە کە ئەگەر کاتێک من بە پێویستم زانی داوات لێ بکەم خێرا وەرە، بەڵام لە ئێستادا وا چاکترە نەیەیت. ئەگەر بێیت، ناچار دەبێت دووبارە بگەڕێیتەوە.

(لە پەراوێزی لای چەپدا) دەزانم وەڵامەکەت چییە، بەڵام پێم خۆشە بە نووسین وەڵامم بدەیتەوە.

ئەوەش کە پەیوەندیی بەو ژنە دەرۆزەکەرەوە[110] بێت، بێگومان ئەو کارە نە شتێکی خراپی تیابوو، نە چاک. تەنیا بیرم پەرت و یان بە زمانێکی دی گەلێک سەرقاڵ بووم. سەرقاڵبوون بە بیرەوەرییەکی ئاڵۆز و ناڕوونی ڕووداوێکی کۆنەوە کە دەمویست دووبارەی

[110] ئاماژەیە بۆ ڕووداوێک کە لە سەفەری **کافکا** و **میلینا** لە **ڤیەننا** ڕووی داوە. **میلینا** لە سێ نامەیدا کە بۆ (**ماکس برود**)ی ناردووە وا دەگێڕێتەوە: **کافکا** لە نزیک هۆڵی ئۆپێرا پارەیەکی دوو کرۆنی دەدات بە دەرۆزەکەرێک، بەڵام داوای لێ دەکات کرۆنێکی بۆ بگێڕێتەوە. دەرۆزەکەرەکە دەڵێت پارەی هیچ پێ نییە و ناتوانێت کرۆنەکەی بداتەوە. ڕەنگە **میلینا** لە نامەکەیدا ئەم ڕووداوەی بە حسابی ڕژدیی **کافکا** نووسیبێت. و. ف

نەکەمەوە و پەنـدێکی دابـوومێ و پـوختەکەی ئەمەیە کە "هەرگیـز پارەی زۆر بە سوالکەر مەدەن، چونکە پەشیمانیی لەدوایە"، کە منال بووم ڕۆژێک پارەیان دامێ و زۆرم پێ خۆشبوو بیدەم بە ژنێکی سوالکەر کە لە بەینی **گروسە** و **کلاینەر ڕینگ** دادەنیشت، بەلام پێم وا بوو پارەکە بۆ سوالکەرێک گەلێک زۆرە. پێشبینیی ئەوەم کرد کە هەرگیز کەسێک پارەیەکی وای بە بەلاش نەداوە بە دەرۆزەکەر، بۆیە شەرمم پێ هات لە بەردەم دەرۆزەکەرەکەدا کارێک بکەم کە هەرگیز کەس نەیکـردووە، لە هەمـان کاتیشـدا سـوور بـووم لەسـەر ئەوەی پارەکەی بدەمێ. لەبەر ئەوە پارەکەم وردکردەوە بە دە کروپتەر[111] و یەکێکیـانم دایە دەرۆزەکەرەکە. پاشـان گەڕانـێکم بە دەوری تەلاری ئەنجوومەن و قەیسەرییەکەی نزیک بە **کلاین ڕینگ**دا کرد.
لە لای چەپەوە گەڕامەوە لای ژنە دەرۆزەکەرەکە، وایش گەڕامەوە کە وا بزانێت خێرەومەندێکی تازە دێت بۆ لای. پاشان کروپتەرێکی ترم دایە و دیسـان ڕۆیشـتمەوە و کەوتـمەوە گەڕان. ئەم کـارەم دە جار دووبـارەکردەوە (ڕەنگە بە تەواوی دە جار نەبێت، چونکە وا دەزانم دوایـی دەرۆزەکەرەکە خـۆی پـێ نەگیـرا و ڕۆیشـت) بە هەرحـال لەدواییدا من لە لایەنی جەستەیی و ئاکارەوە ئەوەندە شەکەت بووم کە ڕاسـت چـوومەوە بـۆ مـالەوە و لەوێ ئەمەنـدە گریـام تـا دایکم سکرلێکی[112] دامێ.
دەزانیت **میلینا**، دەربارەی دەرۆزەکەران من کەسێکی بەدبەختم، بەلام هەر لێرەوە بە ڕاشکاوانە دەلێم ئامـادەم تەواوی ئەو سامانەی ئێستا هەمە و لە ئاینـدەدا دەمبێـت، بـدەم بە سـوالکەرێکی بەردەم هـۆلی ئۆپێرا، بە مەرجێک تۆ لە نزیکمەوە بیت.

**فرانتس**

---

[111] پارەیەکی هەنگارییە.

[112] Sechserl پارەیەکە بەرانبەر بە ١٠ کوریستەرە.

**پراگ ٢٠ی ژولای ١٩٢٠ سێشەممە**

لەنێو ئەو ڕەشنووسانەوە کە ئەمڕۆ لەدەستیان ڕزگاربووم، چەند نامەیەکی وەک ئەم دوو نامەیەی ئەمڕۆ کە کورتن، بە شادی و بەپێی ئارەزوو نووسراون، (دەگات) ئەمە تا ڕادەیەک (تا ڕادەیەک، تا ڕادەیەک، تا ڕادەیەک، تا ڕادەیەک) هەمان ئەو دارستانەیە. ئەو شەماڵەیە کە پێش ئەمە لە قۆڵەکانی تۆوە هەڵیان دەکرد و لە چاوتروکانێکدا نیگایەکە بە **ڤیەننا**. **میلینا** ژیان لەگەڵ تۆدا چەند خۆشە. ئەمڕۆ ئەو کچە نامەکەی تۆی بۆ ناردووم بەبێ ئەوەی خۆی وشەیەکی نووسیبێت. تەنیا لە چەند شوێنێکدا هێڵی بەژێر هەندێک وشەدا هێناوە. دیارە لە نامەکە ڕازی نییە. باشە، وەک هەموو ئەو نامانەی لەو هێڵانەی بەژێر ڕستەکاندا هاتوون. ئەم نامەیەیش کەموکورتیی خۆی هەیە. کاتێک چاوم پیاخشاند، ئەوەم بە بیردا هات کە من تۆم هەڵپێچا بۆ نووسینی نامەکە و نەدەبوو ئەو کارە مەحاڵەیشت پێ بکەم، بۆیە سەد جار داوای لێبوردنت لێ دەکەم. لە ڕاستیدا دەبێت من داوای لێبوردن لەویش بکەم، چونکە نامەکە هەرچۆنێک بنووسرایە، ئەوی ئازار دەدا، بۆ نموونە کاتێک تۆ بە دووربینی خۆت و بۆ دڵدانەوەی تەواوی حاڵی ئەو دەنووسیت، کە: "چونکە ئەو هەرگیز نە لەبارەی تۆوە شتی نووسیوە و نە لەبارەتەوە دواوە"، ئەمە هەرئەوەندە ئازاری پێ دەگەیەنێت کە پێچەوانەی ئەوەیش بنووسێت. جارێکی دی داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

هەر لەم بارەیەوە تۆ بە نووسینی نامەیەکی تر، واتا نامەیەک بۆ **ئوستازا** هاوکارییەکی باشم دەکەیت.



Scanned with CamScanner

## پراگ ۲۹ ژولای ۱۹۲۰ پێنجشەممە

نامەکەی **ئۆستازا** زۆر جوان بوو. لەم نامەیەی ئەوەوە تێدەگەیت کە ئەو وەک ڕابردوو ماوەتەوە و فەرقی نەکردووە. لە نامەکەدا ئەو هیچ ئامادەگییەکی نییە، لە زمانی تۆوە قسە دەکات. لە نێوان تۆ و ئەودا هاوڕاییەک هەیە کە مرۆڤ بڕوا ناکات وا بێت. حاڵەتێکی تا ڕادەیەک ڕۆحی، وەک یەکێک خۆی لە کاریگەرییەکەی بپارێزێت (چونکە ناوێرێت جگە لە ناوەندگیرییەک، شتی تر بێت) بۆ ئەوەی چیی بیستووە، ئەوە بڵێت. کە بێگومان (ئەم زانینە گرنگە، چونکە بەگشتی لە دەرکەوتنی جەلال و جەمال گرنگ و کاریگەرترە) هیچ کەس جگە لە ئەو، ناتوانێت بیبیستێت و تێی بگات، بەڵام من وا بیر ناکەمەوە کە ئەو لەگەڵ جاراندا فەرقی کردبێت. لە هەلومەرجێکی وادا ئەو دەتوانێت نامەیەکی وا بنووسێت.

ئەوەی پەیوەندیی بە چیرۆکەکانەوە هەبێت، کاریگەرییان لەسەر من لەو ڕووەوە نییە کە پەیوەندییان بە چیرۆکەکانی قەومی جوووەوە هەیە و لەوەیشەوە نییە کە وەک دەفری خۆراک دەخرێنە سەر سفرە و لەسەر هەر جووڵەیەک پێویستە بەشەکەی خۆی لەو خواردنە نەفرەتی و ژەهراوی و لە هەمان کاتدا کۆنە هەڵبگرێت، بۆیە ئەو چیرۆکانە کار لە من ناکەن. ئایا تۆ دەستی خۆت، لە سەروو هەموو ئەمانەوە تۆ دەستی خۆت بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ من درێژ دەکەیت. ماوەیەکی زۆر درێژ؟

دوێنێ گۆڕەکەم دۆزییەوە. ئەگەر بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆڕە لە خۆتدا ڕێ بە ترس و شەرم بدەیت، مەحاڵە بیدۆزیتەوە بەڕاستی تا ڕادەیەک مەحاڵە. من نەمتوانی بزانم ئەوە گۆڕی یەکێک لە خزمەکانی دایکتە، ئەوەیش کە لەسەری نووسرابوو نەدەخوێنرایەوە. (تا ڕادەیەک ڕەنگی زەردی گۆڕەکە کاڵبووبووەوە) مەگەر یەکێک دانەوێتەوە و بە وردی تەماشای بکات. زۆر لەوێ مامەوە. گۆڕێکی



Scanned with CamScanner

جوانە. بەردەکانی پتەون و هەڵناکەنرێن. لە لایەکی ترەوە هیچ گوڵی لەسەر نییە. مەگەر بڵێی جا بوونی ئەو هەموو گوڵە بەسەر گۆڕەوە چ کەڵکێکی هەیە؟ من هەرگیز هۆکاری ئەمە نازانم.

چەند مێخەکێکی ڕەنگاڵەییم لەمەلا و ئەولای گۆڕەکە دانا. حاڵم لە گۆڕستانەکە باشتر بوو وەک لە شار! ئەمە تا ماوەیەک بەردەوام بوو. کە بەناو شاردا دەگەڕام تا ماوەیەکی زۆر وام هەست دەکرد بەناو گۆڕستاندا دەگەڕێم.

**ینی سک**، ئەمە ناوی برا بچووکەکەت بوو؟ ئایا تۆ سەلامەتیت؟ لەو وێنەیەدا کە لە Neu- waldegg گرتووتە، بەڕاستی لە نەخۆش دەچیت. ڕەنگە من زێدەڕۆ بم و شت گەورە بکەم، بەڵام بە هەرحاڵ، شتی چکۆڵەیش هەن بە گەورەیان ببینم. من تا ئێستایش وێنەیەکی باشی تۆم لا نییە. لە یەکێک لە وێنەکانتدا کچێکی گەنج و جوان و ڕێکپۆشیت، بەم زووانە، واتا یەک دوو ساڵی تر لە دێر وەدەری دەنێن (لە ڕاستیدا ئەمەلا و ئەولای دەمی تا ڕادەیەک هاتووەتە خوارەوە، بەڵام تەنیا نیشانەی جیاوازی و خەڵوەتگیریی ئایینییە) وێنەی دووەمت وێنەیەکی پڕوپاگەندەیی پڕ لە زێدەڕۆییە (لە **ڤیەننا** ئێمە وا دەژیین) لەم وێنەیەی دووەمیشتدا هەروەکو وێنەی یەکەم بە ڕازونیازەکەی یەکەم هاوڕێ دێیتەوە بەرچاو. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەت بۆ باس دەکەم.

نا، من بۆ **ڤیەننا** نایەم. دەبێت درۆی بۆ بکەم. لە ئۆفیس خۆم بکەم بە نەخۆش، یان بەسەریەکەوە سوود لە دوو ڕۆژی پشوو وەربگرم، بەڵام کورژیلکەی داماو ئەمانە هەموو هۆکارە دەرەکیانن (ئەمە مەنەلۆژێکە لە پەراوێزدا).

من هەموو ڕۆژێک نامە دەنووسم، ڕەنگە چەند نامەیەکی تریشت پێ بگات.

دەربارەی ئەم تەلگورافە، سوپاسگوزارم، سوپاسگوزارم، سوپاسگوزارم. لە هەموو سەرکۆنەکانم پەشیمانم، هەروەها ئەوانە



Scanned with CamScanner

سەرکۆنە نەبوون. تەنیا پلتۆکێک بوون لە ئێرەییەکی کۆنەوە سەریان هەڵدابوو. هەنووکە شاعیر و گرافیست[١١٣] (لە ڕاستیدا ئەو ئاوازدانەرە) لای من بوو. ئەو وەخت و ناوەختی نییە و هەر کاتێک بیەوێت، دێتە لام. ئەمڕۆ نموونەی دوو پەیکەری سەر داری بۆ هێنام (تروتسکی[١١٤] و ڕاگەیاندراوێک). دەبینیت کە دنیای ئەو گچکە نییە. هەر لەبەر ئەوەیش هەوڵم دا خۆم وا دەربخەم کە پەیوەندیم بە کاری ئەوەوە هەیە، کارەکەیش لەڕێی پەیوەندییەکی کتوپڕەوە لەگەڵ تۆدا سازم دا. بەم جۆرە کە پێم وت کارەکەی بۆ هاوڕێیەکم دەنێرم کە لە فیەننایە، ئیتر ئەو نەیزانیوە بووم بە هۆی ئەوەی لەباتی یەکێک، دوو دانە لەو کارەم بەربکەوێت.

(ئایا ئەوەی تۆ هەر لێرە دابنێم، یان خێرا بۆت بنێرم؟) پاشان تەلوگرافەکەی تۆ گەیشت. لەو کاتەدا تەلگورافەکەی تۆم دەخوێندەوە و خۆشی و سوپاسم بێکۆتا بوو، ئەو هەر قسەی دەکرد (لە هەمان کاتدا ئەو مەبەستی بێزارکردن نییە). نا، هەرگیز مەبەستێکی وای نییە. هەر کە پێی دەڵێم کارم هەیە و بەتایبەتییش قسەکە هێندە بە دەنگی بەرز دەڵێم، تا ئاگاداری بکەمەوە. ئەو قسەکانی بە نیوەناچڵی دەردەبڕێت و بێ ئەوەی پێی ناخۆش بێت، هەڵدەستێ و هەڵدێت) ئەو هەواڵانەی گەیاندبووتن، هەموویان گرنگن، لەگەڵ ئەویشدا باسکردنیان گرنگترە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر: کەی دەکرێت بۆ وزەبەخۆبەخشین بحەسێیتەوە؟ بێگومان مەحاڵە، لانی کەم لەبارەی منەوە پزیشک ناتوانێت قسەیەکی لەوە بێماناتر بکات. ئاه... بێگومان خراپە، بەڵام هەرچۆنێک بێت سوپاسگوزارم، سوپاسگوزارم.

---

[١١٣] مەبەستی گۆستا و یانوشە

[١١٤] Leo trotski

## پراگ ٢٤ ژولای ١٩٢٠ – شەممە

نزیکەی نیو سەعاتە سەرقاڵی خوێندنەوەی دوو نامە و کارتێکی تۆم (واز لە باسکردنی زەرفەکەیش ناهێنم، چونکە بۆ هەموو کارمەند و ئەندامانی بەشی بەڕێوەبەرایەتیی پۆست بۆ داوای لێبوردنکردن نایەنە لات؟ پێم سەیرە!) وا ئێستا لەوە تێدەگەم هەموو ئەم نیو سەعاتە هەر پێکەنیوم. ئایا تا ئێستا لە هەموو مێژووی جیهاندا شایەکی لە من چاکتر هەبووە؟ شایەک دەچێتە ژوورەکەیەوە، لەوێ سێ نامە لەسەر مێزەکەی دانراوە، هەموو ئەو کارەی پێویستە بیکات ئەوەیە نامەکان بکاتەوە.

(پەنجەکـان لەسـەرخۆتر) پشـت بە کورسـییەکەوە بـدات –ئەوەی بەسەریدا دێت– ئەو شادمانییە– ناتوانێت بڕوا بە خۆی بکات.

نـا! مـن هەمـوو ئەو مـاوەیە پێنەدەکەنـیم، مـن قسە لەسـەر بـاری سـەفەرکەران نـاکەم، چـونکە بـاوەڕ نـاکەم، ئەگەریش بـاوەڕ بـکەم، ناتوانم وێنای بکەم، ئەگەر وێناشی بکەم، ئەوسا تۆ ئەوەندە جوانیت کە ڕۆژی یەکشـەممە وا بوویـت، نـا، ئەوە هەر تەنیا جوانی نەبـوو. خەتـای بەهەشت بـوو. ئەو بەڕێزە، مـن دەرکـی ژیـانی ئەو (بەڕێزە) دەکەم کە (پێـدەچێت بیسـت کرۆنـی بە تـۆ دابێـت و سـێ کرۆنـی وەرگرتبێتەوە).[١١٥]

لەگەڵ ئەمانەیشـدا دیسـان هەر نـاتوانم بـڕوا بـکەم، تەنـانەت ئەگەر ڕوویشـی دابێـت. لەو بـڕوایەدام ئەم ڕووداوە دەبێـت زۆر سـامناک بووبێت کە ئەم هەراسـانییەی لـێ کەوتـووەتەوە. دەربـارەی ئەوە کە

---

[١١٥] لە کاتی هەڵئاوسانی ئابووریی دوای جەنگدا، لە وێستگەکانی ڤیەننادا زۆر لە ژنان بۆ بژێویی ڕۆژانە بارهەڵگرییان دەکرد. دیارە میلینا لە بێپارەیی و برسیەتی و بارهەڵگرتن سکاڵای کردووە. دەڵێن شانسی کاریگەریی ئەم هەواڵە بە گیانە هەستیارەکەی کافکاوە لە نامەکەیدا دەردەکەوێت. ئەوە بوو ئەما تا هەبوو کە زوو مرد و تووشی ژووری گازەکانی نازییەکان نەبوو، لەوەیش گرنگتر ئەوە بوو ئەما تا دەستگیرکردن و ڕەنج و ئازاری میلینا لە ئۆردوگا هەرە ناخۆشەکاندا ببینێت. مەبەستی کافکا لەو (بەڕێز)ە کەسێکە میلینای بۆ بارهەڵگری بە کرێ گرتووە.

برسیتە و هیچ ناخۆیت (لە کاتێکدا کە من لێرە بێ ئەوەی ئیشتیهام هەبێت، تەواو تێر دەخۆم) لەو بارەیەشەوە کە بەرچاوت چرچیی تێکەوتووە، لای منەوە قابیلی بەخشین نییە.
من ناتوانم لەوە ببوورم و هەرگیزیش لێی نابوورم، تەنانەت دوای سەد ساڵیش کاتێک لەبەر کۆختەکەمان دادەنیشین، ئەم سەرزەنشتانەت بە گوێدا دەچرپێنم، نا، من گاڵتە ناکەم. ئەمە چ دژوارییەکە، تۆ بە من دەڵێی خۆشم دەوێیت و بە تۆوە بەستراوم، کەچی بەرانبەرم برسییەتی دەچێژیت و لێرەیش من پارە بۆ هیچ خەرج ناکەم، لەوێیش (ڕستورانی وایزەرهان هەیە).
ئەوەی لەبارەی ئەو کچەوە دەیڵێیت بە ئاوارتە دەتبەخشم، چونکە تۆ (وەک ئەنجام) منت بە سکرتێر داناوە (بە من دەڵێن Tajemnik[١١٦] چونکە سێ هەفتەیە هەرچییەک کە لێرە کردوومە Tajemne بووە) جگە لەمەیش هەر تۆ ڕاست دەکەیت، لە هەموویشی گرنگتر: من لەسەر هەق نیم، بۆیە دەکرێت بە چاوپۆشین لە نامە بێبایەخەکەی ئەو کچە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڵەیەیش کە من لەو نامەیەدا کردوومە و بە گڕ و کەفەوە نووسراوە، بەقەدەر گەردیلەیەکی ناچیز لە گوناهم ببووریت؟ من دەزانم دەکرێت. مەسەلەکە تەنیا داواکاری و توانینە. جگە لەم داوایە، من تەنیا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە ئیدی لەبارەی ئەو نامەنووسینانەی خۆم کە لە نەزانینەوە کردوومن، هیچ نەبیستم. من نامەکەی تۆم بە زیادکرنی چەند وشەیەکی دۆستانە بۆ نارد. لەو کاتەیشەوە کە هەواڵی نازانم بۆ بینینی هیچ هەنگاوێکم نەناوە، هیوادارم هەموو شتەکان بە بێدەنگی و ئاشتییانە کۆتایی بێت.
تۆ بەرگری لە نامەکەی **ئۆستازا** دەکەیت و منیش لای خۆمەوە بۆ ئەوە سوپاست دەکەم. ئایا تۆ چوویت بۆ neu- Waldegg؟ من زۆر جار بۆ ئەوێ دەچم. سەیرە هەرگیز من و تۆ لەوێ یەکترمان نەدیوە.

---

[١١٦] هەرسێ وشەی Sekreter، Tajmnik، Tajemne بە مانای ڕازگر و ڕازدار و نهێنیپارێزە.



Scanned with CamScanner

بەلام تۆ ئەوەندە خێرا دەڕۆیت و هێندە توند سەردەکەویت، ڕەنگە وەک ئەوەی لە **ڤیەننا** ڕووی دا، بە بەردەممدا تێپەڕیبیت و نەم دیبیت، دەبێت ئەم چوار ڕۆژە چ ڕۆژانێکی سەیر بووبێتن! خودایەک لە دەرگای سینەماوە دێتە دەرەوە و ژنێکی بچووکی بارهەڵگر لە بەردەرگا دەوەستێت. دەبێت ئەو چوار ڕۆژە بەو جۆرە بووبێت!.

ئەمڕۆ نامەکەت دەگاتە دەستی **کاکس**. ئەوەندەی بکرێت بە دزی بخوێنرێتەوە، خوێندمەوە.

بەڵێ، بەڕاستی تۆ لەبارەی **لاندورەوە**،[117] بێبەخت بوویت. بۆ تۆ تا ئێستایش هەر بە زمانی **ئەڵمانی** ئەوەت لا پەسەندە؟ هەی زارۆکە داماوەکە (نا، خوا نەکات) بەم شێوەیە کە نامەکانی من تۆیان تووشی سەرئێشە و ناخۆشی کردووە، چی دەکەیت؟ ئایا من هەقی ئەوەم نییە بیر لەوە بکەمەوە کە نامەکانم دەبنە هۆی دەردیسەری و بێزاری بۆ تۆ؟ ئەگەر نامەیەکم پێ بگات، من لەسەر هەقم و شتێکی تریشم، خۆ ئەگەر نامەم پێ نەگات، نە لەسەر هەقم و نە زیندووم و نە شتی تریش. بەڵێ، هاتن بۆ **ڤیەننا**.

تکایە وەرگێڕانەکەم بۆ بنێرە. تەنیا ئەوەی تۆم بەسە، لەوە زیاتر ناتوانم لای خۆم بیهێڵمەوە.

## پراگ ۳۰ی ژولای ۱۹۲۰ – هەینی

**میلینا** تۆ هەمیشە دەتەوێت بزانیت ئایا من تۆم خۆش دەوێت یان نا، بەلام ئەم پرسیارە هێندە دژوارە ناتوانیت لە نامەیەکدا وەلامی

---

[117] Gostav landauer وتارنووسێکی بەناوبانگ و ئەندامی پەرلەمانی کۆماری میونخ کە ساڵی ۱۹۱۹ کوژرا. پێدەچێت ئاماژە بێت بە وەرگێڕانی وتارێکی **میلینا** لە هەفتەنامەیەکدا کە نووسەرەکە لاندور و بابەتەکەی (شیعری فردریک هولدرن بێت) و. ف.



Scanned with CamScanner

بدەیتەوە (تەنانەت لەم دوا نامەیەی ڕۆژی یەکشەممەدا) کە جارێکی دی یەکترمان بینی حەتمەن پێی دەڵێم (بە مەرجێک دەنگم هاوکارم بێت).

بەڵام نابێت تۆ لە نامەدا قسە دەربارەی هاتنی من بۆ **ڤیەننا** بکەیت. من نایەم، بەڵام هەموو جارێک ئەو یادەوەرییە وەک بڵێسەی ئاگرێک وایە لە جەستە ڕووتەکەی منی نزیک دەخەیتەوە. لە سەرەتادا کەمێک چلوچێوی بێخۆڵەمێشە، بەڵام یەکسەر و لە ڕاستیدا بە هێزێکی زۆرەوە- دەست بە سووتان و دووکەڵکردن دەکات. تۆ ناتوانیت داوای ئەو شتەم لێ بکەیت.

دەربارەی ئەو گوڵانەی بە دەستت گەیشتوون زۆر بەداخەوەم. ئەم داخخواردنە، تەنانەت ڕێگریی ئەوەم لێ دەکات کە سەر لە جۆری گوڵەکان دەرنەکەم. وا ئێستا گوڵەکان لە ژوورەکەتدان. ئەگەر بەڕاستی من ئەو کۆمەدییە بوومایە کە لە ژوورەکەتدایە خۆم لە دیوارەکە هەڵدەکەند بۆ ئەوەی خۆرەتاو لە گوڵەکان بدات، هیچ نەبێت تا ئەو کاتەی گوڵەکان نەدەژاکان لە ژوورێکی تردا دەمامەوە. نا ئەمەیان جێی سەرنج نییە، ئەمە بەدەست نایەت. بە هەرحاڵ دەستگیری دەرگای ژوورەکەت وەک ئەم شووشەی مەرەکەبە نزیک و لەپێش چاوی مندایە.

زۆر چاکە. تەلگورافەکەی دوێنێت -نەک ئەوەی پێرێت- لە لامە. لێ تەنانەت بەو حاڵەیشەوە گوڵەکان نەژاکابوون. ئەو گوڵانە بۆ ئەوەندە لای تۆ پەسەندن؟ ئەگەر ئەو گوڵانە بەو ڕادەیە تۆ وابەستەیانیت، کەواتە پێویستە تۆ هەموو ئەو گوڵانەی دنیات خۆش بوێن کە لەو گوڵانە دەچن، بۆ هەر ئەمانە؟

ڕەنگە ئەم پرسیارە زۆر دژوار بێت و تەنیا لێوەکان بتوانن وەڵامی بدەنەوە، بەڵام تۆ لە کوێیت؟ لە **ڤیەننا**؟ ئەی **ڤیەننا** لە کوێیە؟



Scanned with CamScanner

نا، ئەم گولانە دەستبەردارم نابن، شەقامی **کارنتنەرستراز** چاکە، ئەمەیان چیرۆکی ڕۆحەکانە، یان خەونی ڕۆژێکی لەشەوچووە.[118] لێ گوڵەکان ڕاستن. گوڵدانەکان پڕ دەکەن. بەرانبەر بە خۆت دایاندەنێیت و تەنانەت کەس ناتوانێت بۆ دیاری بیانبات.

ئاخر بۆ ئەوانە گوڵە خۆشەویستەکانی تۆ نین؟ تەنیا ئارام بگرە تا **میلینا** ژوورەکەی بەجێ دێڵێت... هەمووتان هەڵدەکێشم و فرێتان دەدەمە حەوشەکە.

بۆ ئەوەندە خەمباریت؟ هیچ ڕووی داوە تا لە منی بشاریتەوە؟ نا، ئەوە مەحاڵە.

(لە پەڕاوێزی لای چەپەوە) ئەی بۆ ئەوەندە خەمباریت؟

هەواڵی **ماکس**ت لێ پرسیبووم، بەڵام دەمێکە ئەو وەڵامی نامەکەی تۆی داوەتەوە. هەرچەندە نازانم وەڵامەکەی چیی تیا بووە، لێ ئەو ڕۆژی یەکشەممە لە بەردەمی خۆمدا نامەکەی پۆست کرد. بە ڕاست ئایا نامەی ڕۆژی یەکشەممەی منت پێ گەیشتووە؟

دوێنێ نائارامترین ڕۆژ بوو، هەڵبەت نائارامییەکی بەئازار نەبوو، تەنیا نائارام بوو. ڕەنگە بە کورتی لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکت بۆ بدەم. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە تەلگورافەکەی تۆم لە گیرفاندا بوو. بەدەم پیاسەوە هەستێکی تایبەتیی پێ بەخشیبووم. جۆرە خۆشەویستییەکی تایبەتی ئینسانی هەیە کە زۆر جار مرۆڤ لێی بێئاگاییە، بۆ نموونە تۆ پیاسە بەرەو پردی **چیک** دەکەیت، تەلگورافەکە لە گیرفانت دەردێنیت و دەیخوێنیتەوە، (هەمیشە تازەیە، مەبەستەکانی ناو تەلگورافەکە هێندە بە تاسەوە دەخوێنیتەوە، وەک ئەوە وایە هەڵیبمژیت و کاغەزەکە بە سپییەتی بهێڵیتەوە و هیچی تیا نەمابێت. بەڵام بە دەگمەن دەتوانیت دووبارە بیخەیتەوە گیرفانت، چونکە هەر کە بتەوێت بیخەیتەوە گیرفانت، دووبارە و خێرا

[118] لێرەدا چەند وشەیەک لە دەقە ئەڵمانییەکە نەخوێندراوەتەوە.

تەلگورافەکە دەنووسرێتەوە) وەک ئەوە وایە تۆ لە دەوروبەری خۆت بڕوانیت و چاوەڕێی کۆمەڵێک دەموچاوی تووڕە بیت، نا هەرگیز، نەک لە ئیرەییپێبردنەوە، بەڵکو زمانحاڵی ڕوانینەکان دەڵێن: "چۆن؟ لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا تۆ ئەم تەلگورافەت دەستکەوتووە؟! ئێمە هەر ئێستا ئەمە ڕادەگەیەنین! لانی کەم گوڵەکان (باوەشێک لەو گوڵانە) خێرا بۆ **ڤیەننا** دەنێردرێت. کەسیش نیازی ئەوەی نییە شتێک لەسەر تەلگورافەکە زیاد بکات، لێ لەباتی ئەوە، تا چاو دەبینێت هەموو شتێک هێورە. ئەوەندەی چاو بڕ بکات ماسیگرەکان سەرقاڵی ماسیگرتنی خۆیانن، تەماشاکەران خەریکی تەماشا و منداڵان یاریی فوتبۆڵ دەکەن، ئەو پیاوەیش کە لەسەر پردەکە وەستاوە، خەریکی کۆکردنەوەی پارەیە. کە وردتر بڕوانیت دەرکی تووڕەییەکی تایبەتی دەکەیت. خەڵکەکە بەزۆر بە کارەکانیانەوە نووساون، نەکا ناپاکی لەگەڵ هزری خۆیاندا بکەن.[119] لێ خۆناچارکردنی ئەوانە لەسەر (ئەو کارە) شایانی خۆشەویستییە. بەرئەنجامی داوای ئەوان ئەوەیە کە: "ڕاستە، تەلگورافەکە هیی تۆیە، ئێمە لاریمان لەوە نییە، کێشەی ئەوەمان نییە کە ئایا تۆ مافی وەرگرتنیت هەیە. بەرانبەر بەم مەسەلەیە ئێمە چاو دادەخەین، تۆ دەتوانیت ئەو تەلگورافە لای خۆت بهێڵیتەوە" کاتێک کە من جارێکی دی تەلگورافەکە دەردێنم، ڕەنگە وا وێنا بکرێت ئەوان لەوە زوویر بن کە من بێدەنگ نابم و خۆم ناشارمەوە. نا، ئەوان زوویر نابن، ئەوان هەر ئەوەن کە پێشتر بوون.

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) ئەی تۆ بۆ خەمباریت؟

ئەم عەسرە دیسان لەگەڵ جوولەکەیەکی **فەلەستین**یدا قسەم کرد.

وا ئەزانم مەحاڵە بتوانم لە نامەیەکدا لە تۆی بگەیەنم کە ئەو کەسە بۆ من چ بایەخێکی هەیە. پیاوێکی یەکچاو، ڕیشن، چکۆڵە، لاواز و ورد،

---

[119] Verraten بە مانای ناپاکی و بە مانای دۆزینەوە و دەرکپێکردنیش دێت، هەروەها دەتوانیت بڵێیت: "نەوەک هیچ یەکێک لە هزرەکانیان ئاشکرا بێت". و. ف



Scanned with CamScanner

بەلام بەهای ئەو بە نیوەشەویکی من تەواو بوو. دوایی زیاتر لەبارەی ئەمەوە قسەت بۆ دەکەم.
تۆ گوزەرنامەت نییە و نایشتەویت هەتبیت؟

**پراگ ٢٢ی ژولای ١٩٢٠ – پێنجشەممە**

**میلینا، میلینای** زەحمەتکێش، وێنەی ژوورەکەت لە خەیاڵمدا سەروبن دەبێت. پێشتر وا دەردەکەوت کە مێزی نووسین و هەموو شتەکانی تری ژوورەکەت کارکردنی زۆریان پێوە دیار نییە، بەلام دیارە گەلێک کاری تیا کراوە. من ناتوانم هەست بە هەموو ئەو کارانە بکەم و بەڵگەیشم بۆ ئەمە هەیە. دەبێت ژوورەکەت شکۆمەندانە، گەرم و فێنک و شادیهێن بێت. تەنیا کۆمیدەی جلەکانت وەک جاران نەزانکارانە ماوەتەوە. دەشێت هەندێجار قفڵەکەی کار نەکات و شتێک بەدەستەوە نەدات. بە هەولێکی زۆر هەر بە داخراوی خۆی دەهێڵێتەوە و بەتایبەتی سەرکێشی لەوە دەکات کە ئەو جلەی ڕۆژی یەکشەممە لە بەرت کردبوو، بیدات بەدەستەوە. ئیدی ئەو کۆمیدەی جلوبەرگ نییە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرت لەوە کردەوە جارێکی دی ماڵێک دروست بکەیت. من ئەوە فرێ دەدەم. من لە زۆرنووسینی ئەم دواییەی خۆم پەشیمانم، لێم مەگرە، داوات لێ دەکەم خۆت بەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئازار نەدەیت.
هەموو کەموکوڕییەکانی من، چ تایبەت و چ گشتی بە هیی خۆت مەزانە. خۆت بەوەوە ئازار مەدە کە ناتوانیت هیچ بکەیت. بە بەراورد خەمی من لە تۆ زیاتر بووە. ڕۆژێک باسی ئەم کێشەیەت بۆ ئەکەم.

**پراگ ٢٩ی ژولای ١٩٢٠ پێنجشەممە، نامەی دوایی**



Scanned with CamScanner

**میلینا** بۆ ئەوەی جێگەی هیچ دوودڵییەک نەمێنێتەوە: ڕەنگە ئەمە شیاوترینی ئەو دۆخە نەبێت کە دەکرا ببێت. ڕەنگە من توانای خۆشبەختی و دڵنیایی و پڕبوونی لەمە زیاتریشم هەبێت (هەرچەندە بەتایبەتی لەم لایەنەوە "لە **پراگ** ناتوانیت دڵنیا ببیت") بە هەرحاڵ بەگشتی من باشم، بێ ئەوەی شایانی بم، شادمان و ئازادم، ئەگەر هەلومەرجە هەنووکەییەکان هەورازونشێوی کتوپڕی تێنەکەوێت و ماوەیەک بەردەوام بێت و هەموو ڕۆژێک وشەیەکم لە تووە پێ بگات، بەو مەرجەی لە ڕێگەی ئەو وشەیەوە هەست بەوە نەکەم کە ئازارێکی زۆرت پێ دەگات، لەو حاڵەتەدا ڕەنگە ئەوەندەم بەس بێت بۆ ئەوەی تەندروستیم باش بێتەوە، ئێستایش داوات لێ دەکەم لەوە زیاتر خۆت ئازار مەدە **میلینا** و من هیچ لە فیزیک سەرم دەرناچێت. (ئەوەی بە زۆریی من لە فیزیک فێربووم، ستوونە ئاگرینەکەیە، هەرچییەک بێت ئەویش فیزیکە، وا نییە؟[120]) هەروەها من شتێک لەم "sveta vaha" تێناگەم و "vahs sveta"یش شتێک لە من تێناگات (ئەم تەرازووە دێوئاسایە لەگەڵ مرۆیەکی ڕووتی ٥٥ کیلۆیی دەتوانێت چی بکات. ئەسڵەن هەر بە هیچی نازانێت و خۆی لەوە کەمتر دەخاتە زەحمەت و هەوڵەوە. من لێرەم وەک چۆن لە **ڤیەننا** بووم، دەستم لەناو دەستی تۆدایە، ئەگەر تۆ دەستت بخەیتە دەستمەوە.

---

[120] ئاماژەیە بەو خەونەی لە نامەوکانی پێشووتردا باسکراون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ لە نامەکانی **میلینا** نازانین، (نامەکانی هەر بڵاونەبوونەتەوە)، بۆیە مەبەست لە گەلێک وشە و ڕستە لەوانە وشەی "فیزیک" لەم نامەیەدا بۆ ئێمە ئاشکرا نییە irdischer schmuiziphysical dirt وەرگێرانە ئینگلیزییەکەی بە مەرجێک ڕاستە لە مانای Physical بە لەبەرچاوگرتنی ڕیشە یۆنانییەکەی وشەکە، واتا (فوزیس) بە مانای سروشت و بەدیهێنان وەریگیرێت، چونکە irdischer لە ئەڵمانیدا irden وەرگیراوە و لەگەڵ earth (خاک، زەوی)ی ئینگلیزی هاوواتان.



Scanned with CamScanner

**فرانتس** هەڵەیە **ف** هەڵەیە، هەڵە لەناو هەڵەدا و ئیدی هیچ، بێدەنگی دارستانێکی قووڵ.

شیعری **فرفل** وەک پۆرترێت وایە کە لە هەموو کەسێک ورد دەبێتەوە. لە منیش ورد دەبێتەوە و لەوەیش گرنگتر لەو شەیتانەیش ورد دەبێتەوە کە نووسیویەتی.

من لە قسەکانت دەربارەی پشووەکان سەر دەرناکەم، بۆ کوێ دەچیت؟

## پراگ ۲۳ی ژولای ۱۹۲۰ هەینی

نا، لە ڕاستیدا ئەوەندەیش خراپ نەبوو، جگە لەوەیش، ئایا ڕۆحی مرۆڤ بۆ ڕزگاربوونی لەباری قورس، هیچ ڕێگەیەکی تری هەیە، جگە لە کەمێک خۆدزینەوە؟ بێجگە لەوە تەنانەت تا ئەمڕۆیش هەرچییەکم نووسیوە بە ڕاستی دەزانم. لە هەندێک مەسەلەدا و بۆ تۆ چەند بەدحاڵیبوونێک پێش هاتوە، یەکێک لەوانە پەیوەندیی بە دەستەواژەی (تەنیاشەکەتی[121])یەوە هەیە، چونکە ئەمە تەنیا ئازاردانی شەخسیی خۆتە کە (تەنیاشەکەتی)ە، نەک نامەکانت کە هەموو بەیانییەک هێزێکم وەبەردێنێت تا بەرگەی ئەو ڕۆژە بگرم، ئەوەندەیش بە چاکی بەرگەی ئەو ڕۆژانە بگرم کە تەنانەت نەتوانم چاوپۆشیی تاقە ڕۆژێکت لێ بکەم (پێویست بە وتن ناکات کە تەنانەت یەک دانەیش لە نامەکانت) من هەرگیز ئیرەییم نییە، بڕوام پێ بکە، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە ئیرەییپێبردن بێمانا و زیادە، شتێکە زەحمەتە بە من قبووڵ بکرێت. من هەمیشە لەوەدا سەرکەوتوو بووم کە

---

[121] تەنیاشەکەتی ئاماژەیە بە ڕستەیەکی کافکا کە لە کۆتایی نامەی ۱۹ی ژولای ۱۹۲۰ (دووشەممەی پراگ)دا باسی کردووە.



Scanned with CamScanner

ئیرەیی نەبەم، بەڵام تەنیا هەندێک جار نەمتوانیوە دەرکی ئەوە بکەم کە ئیرەیی بێمانا و نەزۆکە.

سەرئەنجام هەنووکە دەمەوێت قسەیەک دەربارەی **ماکس** بکەم، دەربارەی "ڕەخنە کورتەکەی تۆ لە کتێبە گەورەکەی ئەو" ئەو بەردەوام هەواڵت دەپرسێت، چۆنیت و چی دەکەیت و ئەوەی تۆ نیگەران دەکات، ئەویش خەمبار دەکات. بەڵام من تا ڕادەیەک هیچم لا نییە بەوی بڵێم. خۆشبەختانە تەنیا زمانەکە ڕێگرە. من ناتوانم لەبارەی هەر **میلینا**یەکەوە قسە بکەم کە لە **ڤیەننا** دەژی، پاشان بڵێم کە "ئەو" وا و وا دەکات، یان فلان شت و فیسار شت دەڵێت. هەرچۆنێکە تۆ نە "**میلینا**"یت نە "ئەو"، ئەمە قسەیەکی تەواو بێمانایە. وەک ئەنجام من ناتوانم هیچ بڵێم. ئەمە گەلێک سروشتییە کە تەنانەت ناتوانم لەم بارەیەوە داخی لێ بخۆم. بەڵێ، قسەکردن لەگەڵ نەیاردا لەبارەی تۆوە (کە بێگومان من ناتوانم ئەو کارە بکەم) تەنانەت چێژێکی خۆش و بێوێنەی هەیە، ئەگەر ڕێگە بە خۆم بدەم کەمێک حاڵەتێکی کۆمیدییشی پێ ببەخشم (کە زۆریش هاندەرە) تەنانەت چێژەکە گەورەتریش دەبێت. ماوەیەک لەمەوبەر **ڕودلف فوخس**م[١٢٢] بینی، من ئەوم خۆش دەوێت، بەڵام ئاساییبینینەکەی چێژێکی وای بە من نەبەخشیوە و ئەوەندەیش توند دەستیم نەگوشیوە. دەیشمزانی بەرئەنجامی دیدارەکە هێند گەورە نابێت (لای خۆمەوە بیرم کردەوە کە ڕەنگە بەرئەنجامەکە سادە بێت). لەپڕا قسە هاتە سەر **ڤیەننا** و ئەنجوومەنێک کە ئەو زۆر جار هاتوچۆی بۆ دەکات. پێش هەر شتێک ئەمویست لە زمانی ئەوەوە گوێم لە "ناوەکان" بێت و ئەو دەستی بە ژماردنیان کرد. ئاها مەبەستی من ئەو ناوانە نەبوو. دەمویست

---

[١٢٢] Rudolf Fuchs (١٨٩٠- ١٩٤٢) بە پەیوەندیی کاری نێوان ئەدەبیاتی **ئەڵمان و چیک** دادەنرێت. یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەدەبیی بەناوبانگ کە لە Acro کۆدەبوونەوە. **ویلی هاس، فرانتس ورڤل، هانس یانوڤیتس، پاول کرنفلد** لە ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەن.

لەبارەی ژنەوە گوێ لە قسەیەک بگرم "بەڵێ، لەوانە **میلینا** پولاکیشیی تیابوو کە وا بزانم دەیناسیت! من دووبارەم کردەوە "بەڵێ **میلینا**" چاویشم لە شەقامی **فردیناند** بڕی تا بزانم ئەو چی دەڵێت. قسە هاتە سەر ناوی تر و کۆکینە کۆنەکەی منیش دووبارە دەستی پێ کردەوە و گفتوگۆکەیش بڕا. چۆن بتوانم قسەکانی بگێڕمەوە سەر ڕەوتی خۆیان؟ "ئایا دەتوانیت پێم بڵێیت ساڵی چەندەمی جەنگ بوو کە من لە **ڤیەننا** بووم؟" -"١٩١٧" "ئەو کاتە E.P[١٢٣] لە **ڤیەننا** نەبوو؟"- "من لەو کاتەدا ئەوم نەدی" -"ئایا ئەوسا هێشتا ژنی نەهێنابوو؟"- "نا، کۆتایی قسەیش. من دەمتوانی ئەو کاتە ڕەوتی قسەکانی ئەو بەرەو لایەک بەرم کە زیاتر لەسەر تۆ بێت، بەڵام ئیدی توانای زیاترم نەبوو.
ئەم ڕۆژانە لەگەڵ حەبەکاندا چی دەکەیت؟ یەکەمجارتە کە دیسانەوە دەتەوێت لەبارەی سەرئێشەوە بنووسیت.
ئایا لەبارەی بەرنامەی سەفەرەکەی **پاریس**تەوە دەتوانیت چەند وشەیەک بنووسیت؟ ئێستا دەتەوێت بەرەو کوێ بچیت؟ (جێگەیەک هەیە دەزگایەکی باشی پۆستی هەبێت؟ کەی؟ چەند، شەش مانگ؟ تکات لێ دەکەم هەمیشە و خێرا ئاگاداری ئەو گۆڤارانەم بکەیت کە تۆ شتیان تیا بڵاودەکەیتەوە.
بەڕاست چۆن بڕیارت دا سەفەرێکی دوو ڕۆژە بۆ **پراگ** بکەیت؟ (ئەمە تەنیا لە کونپشکنییەوە دەپرسم).
سوپاسگوزاری "لەگەڵ ئەوەیشدا"کەتم. ئەم وشەیە، وشەیەکی ئەفسوناوییە کە ڕاستەوخۆ کار لە هاتوچۆی خوێن دەکات.

**پراگ ٢٣ی ژولای ١٩٢٠ - دوانیوەڕۆی هەینی**

---

[١٢٣] مەبەست لە E.P ئیرنست پۆلاکی مێردی میلینایە.



Scanned with CamScanner

ئەم نامەیەم لە ماڵەوە دۆزییەوە. ماوەیەکی زۆرە ئەو کچە دەناسم، ڕەنگە خزمایەتییەکی دوورمان هەبێت، یان لانی کەم بنەماڵەیەکی هاوبەشمان هەبێت. ئامۆزایەکی ئەو کە باست کردووە ماوەیەکی زۆر لە **پراگ** نەخۆشییەکی سەختی هەبوو. ئەو کچە و خوشکەکەی پەرستارییان دەکرد. لەوە دەچێت "تا ڕادەیەک لە بەرچاوی من نامەقبووڵە" زۆر زلە. لێوی سوور و دەموچاوێکی خڕ، کەمێک خڕپلە و قسەکانیشی بە ئەسپایی و بێزارکەرە. جگە لەمانە من لەبارەیەوە قسەی باشیشم بیستووە، لەوانە کە خزمەکانی لە پاشملە قسەی پێ دەڵێن.

ئەگەر دوو مانگ لەمەوبەر بوایە من ڕێک بە "نا" وەڵامی ئەم نامەیەم دەدایەوە، بەڵام هەنووکە هەست دەکەم هەقی ئەوەم نییە. نا، بێگومان من دەتوانم وەک ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە بە هەر ڕێگەیەک بێت یارمەتیی بدەم. **بیسمارک** پێشتر ئەرکی خۆی لەگەڵ ئەم جۆرە نامانە ڕوون کردووەتەوە. لەو شوێنەدا کە دەڵێت: ژیان میوانداربییەکە خراپ ئامادەکراوە. میوانداربییەک کە مرۆڤ بێسەبرانە لە چاوەڕێی hors d'oeuvre[١٢٤] دادەنیشێت. ئاگای لەوە نییە ئەو بەرخەی بریانییە سەرەکییەکەیە، پێشتر بە بێدەنگی بەپاڵ ئەودا براوە، مرۆڤیش ناچارە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. ئاها! ئەمە چ زیرەکییەکی گەوجانەیە! گەوجایەتییەکی سەرسوورهێن! ئەو کچەی دەمەوێت نامەی بۆ بنووسم و ئامادەگیی خۆم پێشان بدەم بۆ بینینی، لەبەر خاتری خودی خۆمە، نەک ئەو. **میلینا**، تۆ شتێکت خستووەتە ناو دەستی منەوە و من ناتوانم هەر وا بە نووقاوی بیهێڵمەوە.

سبەی مامم دەڕوات، من جارێکی دی دەتوانم بگەڕێمەوە ناو هەوا و ئاو و دەرەوەی شار. من گەلێک پێویستم بەوانەیە.

---

١٢٤ بە فەڕەنسی واتا چێژ، زەوق، مەزە، چەشە، تام، تامی خواردن.



Scanned with CamScanner

ئەو کچە دەنووسێت کە تەنیا من دەتوانم نامەکەی بخوێنمەوە. بە مەرجێک ئەو داوایەم قبووڵە کە نامەکە بۆ تۆیش بنێرم. داواکارم بیدڕێنیت. هەر بەم بۆنەیەوە ئەم ڕستە جوانە zeny nepotre boji mnoho[125]

**پراگ ٣١ی ژولای ١٩٢٠ - شەممە**

نامەکەی ئەمڕۆ، ئەو نامە پڕ لە خۆشەویستی و وەفادارییە، شادمان و پیرۆزە، هەرچۆنێک لێکی بدەیتەوە زیاد لە هەموو ئەمانە، نامەیەکی فریادڕەسە، **میلینا** لە گرووپی فریادڕەسەکانە! (ئەگەر منیش لە گرووپی فریادڕەسەکان بم، ئایا لە حاڵەتێکی وادا ئەویشم لەگەڵدا دەبێت؟ نا، بێگومان لەگەڵم نابێت). **میلینا** خۆی وابەستەی گرووپی فریادڕەسەکان کردووە! ئەو لە هەموو کاتێکدا، وەک خۆی ئەزموونی ئەوە دەکات کە مرۆڤ، تەنیا بە بەهای بوونی خۆی و هیچی تر دەتوانێت کەسانی دی ڕزگار بکات. لەمەوبەریش ئەو هەر بە بەهای بوونی خۆیەوە فریای من کەوت، وا ئێستا سەرەڕای ئەوەیش، هەوڵی ئەوەیەتی بە یارمەتیی دەرمانگەلێکی دی کە لە ڕادەبەدەر بچووکن، ئەو کارە بکات. ئەگەر کەسێک یەکێکی تر لە خنکان ڕزگار بکات، بێگومان کارێکی زۆر گەورەی کردووە، بەڵام ئەگەر لەدواییدا ئەو فریادڕەسە وانەی مەلەکردن فێری ئەو کەسە بکات کە ڕزگاری کردووە، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ بۆ فریادڕەسەکە دەیەوێت تا ئەو ڕادەیە کارەکەی خۆی ئاسان بکات؟ بۆ نایەوێت تاهەتایە بۆ ڕزگارکردنی کەسانی دی، لە بوونی خۆی، لە بوونە هەمیشەییەکەی خۆی سوود وەربگرێت؟ بۆ دەیەوێت ئەرکەکەی خۆی بە فێرکردنی مەلە، یان بە خاوەنی ئوتێلەکەی (**داڤوس**) بگۆڕێت؟ جگە لەمە، کێشی

---

[125] بە زمانی چیکی واتا: "ژنان پێویستیان بە شتی تر نییە".

من ٤٠ – ٥٥ کیلوگرامە! کاتێک من و ئەو دەستمان لە دەستی یەکدا بێت، من چۆن دەتوانم بفڕم؟ خۆ ئەگەر بەیەکەوە بەرەو شوێنێکی دوور بفڕین، ئەوسا چی ڕوو دەدات؟ بە هەرحال لەو دێڕانەی پێشەوەدا ئەم بیرە پەنهانە –ئیدی هەرگیز لە تۆ دوور ناکەومەوە- جگە لەوەیش من تازە لە کانەکانی قورقوشمی شاری مرانەوە گەیشتوومەتەوە ئێرە.

### عەسری شەممە

دەمویست ئەمڕۆ دوای ئەو نووسینانەی سەرەوە، دەربارەی شتی تریش بۆت بنووسم، بەڵام ئیدی گرنگ نییە. گەیشتمە ماڵەوە. بە تاریکی لەسەر مێزەکەم نامەیەکم بینی کە چاوەڕواننەکراو بوو. لە کاتێکدا پەیتاپەیتا بۆ نانی شێو بانگیان دەکردم، چاوێکی خێرام پێدا گێڕا. پاشان چووم و شتێکم خوارد کە بۆ نەگبەتی بە قووتدان نەبێت، لەسەر دەفرەکە ون نەدەبوو. پاشان نامەکەم بە تەواوی خوێندەوە، لەسەرخۆ، خێرا، شێتگیرانە، بە خۆشی و لەپڕێکدا بە سەرسامییەوە. بڕوا ناکەیت. لێ وایە و دیسانەوە بڕوا ناکەیت، بەڵام مرۆ بەسەریەوە لە هۆش خۆی دەچێت و ئەمەیش جۆرێکە لە باوەڕکردن، سەرئەنجامیش دڵساردانە، دڵساردانە، دڵساردییەکی بەدڵەکوتێوە "ناتوانم بێم" هەر لە سەرەتای نامەکەوە ئەمەم دەزانی و دوا دێڕەکەیش هەر وا دەرچوو، بەڵام لە نێوان دێڕی یەکەم و دوا دێڕدا، وەک ئەوەی یەکێک لە شەوێکی بێخەویدا کە بەردەوام بەئاگابێت و لە ماوەی نیوچرکەدا دە خەون ببینێت، بەردەوام لە ڤیەننا بووم. ئیتر چووم بۆ پۆستەخانە، تەلگورافێکم بۆ ناردیت و کەمێک هێور بوومەوە و وا ئێستا لێرە دانیشتووم. بە بارێکی قورسەوە لێرە دانیشتووم کە جێی بەزەییپیاهاتنەوەیە، بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم کە ناتوانم بێم بۆ



Scanned with CamScanner

ئەوێ. باشە، تۆ پێم دەڵێیت من بێتوانا نیم و ڕەنگە سەرکەوتوو بم. لەوەیش زیاتر ڕەنگە بتوانم چەند هەفتەیەکی ئاینده بەردەوام بم. چەند هەفتەیەک کە هەر لە ئێستاوە بە تەوسەوە لێم دەپرسێت: "کەواتە تۆ نەچوویت بۆ ڤیەننا؟ ئەم نامەیەیشت خوێندەوە و کەچی هەر نەچوویت؟ نەڕۆیشتیت بۆ ڤیەننا؟ نەڕۆیشتیت بۆ ڤیەننا؟" من هیچ لە موزیک نازانم، بەڵام بۆ نەگبەتی لە هەموو موزیکزانەکان باشتر لەم موزیکە تێدەگەم.

من ناتوانم بێم بۆ ڤیەننا، چونکە ناتوانم درۆ لەگەڵ ئۆفیسەکەمدا بکەم. تەنیا دوو پاساوم هەیە بۆ درۆکردن، یان لە ترسا (کە بەڕاستی ئەمەیان پەیوەندیی بە تایبەتمەندییەتی نووسینگەکەوە هەیە، لێرەدا من بەبێ ئامادەگییەکی پێشینە، تەنها بە ئیلهامی دڵم درۆکە دەکەم) یان لە ناچاریدا (بۆ نموونە "وای دابنێین ئەلزا[١٢٦] نەخۆشە ئەلزا، ئەلزا، نەک تۆ میلینا! تۆ نەخۆش ناکەویت. ئەگەر ڕوو بدات، ئەوسا بێچارەترین چارە، ناچارییە، من لەم بارەیەوە قسە ناکەم) بەم جۆرە ئەگەر پێویستیەک هاتە بەرەوە، دەتوانم بێ سێ و دوو لێ کردن درۆ بکەم. لەو حاڵەتەدا ئیدی پێویست بە تەلگوراف ناکات. پێویستی مافی ئەوەی داوە نووسینگە بەجێ بهێڵێت. لەم حاڵەتەدا من بە مۆڵەتوەرگرتن بێت، یان بێ مۆڵەت، نووسینگەکە بەجێ دێڵم، بەڵام لەنێو هەموو ئەو پاساوانەدا کە دەتوانیت بۆ درۆکردن بیکەیتە بیانوو. بەختەوەرییە، پێویستیی بە بەختەوەریی گەورەترین بەڵگەیە کە ناتوانم بیانوی درۆی بۆ بهێنمەوە. لێرەدا هێند بێتوانام بە ئەندازەی بەرزکردنەوەی شتێکی بیست کیلۆیی. ئەگەر بە تەلگورافی ئەلزاوە بڕۆمە لای بەڕێوەبەرەکەمان، بێگومان تەلگورافەکەم لە دەست

---

[١٢٦] "ئەلزای نەخۆش" لەوەدەچێت ڕەمزێکی تەلگرافی بێت بە مانای "وەرە"، مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر تەلگرافێک بەو مانایە بگات ئەوسا دەتوانێت ئۆفیسەکە بەجێ بهێڵێت. ئەلزا ناوێکی گریمانەییە.

دەکەوێـتە خـوارەوە. کە تەلگـورافەکەیش کەوت، بێگومـان پـێ بە درۆکەدا دەنێم، کاتێکیش کارێکی وا لە من ڕوو بدات، بێگومان پێش ئەوەی هـیچ بە بەڕێـوبەرەکە بڵـێم، هەڵـدێم. میلینـا، دەبێـت تـۆ ئەوە بزانیت کە نووسینگە ناوەندێکی هێند گەوج نییە کە تۆ بە ئارەزووی خـۆت ڕەفتـار بکەیـت (ئەگەرچـی گەوجایەتیی تیـایە و سـەد جـاریش تیایەتی، بەڵام مەسەلەکە ئەمەیان نییە، لە ڕاستیدا ئەم ناوەندە زیاد لە گەوجـایەتی، دەزگـایەکی خەیـاڵکردە)، بەڵام تـا هەنـووکە نووسـینگە ژیانی من بووە. من ناتوانم لێی دابـبڕێم، ئەگەرچـی ڕەنگە ئەو دابڕانە زۆر خـراپیش نەبێـت، بەڵام تـا ئێسـتا نووسـینگە ژیـانی مـن بـووە. دەتـوانم فێڵـی لـێ بکەم، لە هەمـوان کـارم کەمتـر بێـت (هەر وایشـە). دەتوانم تێکڕا هەموو کارەکان بەسـەر یەکەوە ئەنجام بدەم (ئەمەیش هەروایە) دەتوانم لەگەڵ هەموو ئەمـانەدا خـۆم بە گرنـگ بـدەمە قەڵەم، (ئەمەیش هەر وایە). دەتـوانم بە هێـوری و بە میهرەبـانترین کـردار کە لە سـنووری نووسـینگەیەکدا فەراهەم بێـت، سـەرنج بە لای خـۆمـدا ڕابکێشـم، بەڵام درۆکـردن بـۆ مەبەسـتی سـەفەرێکی کتـوپڕ، وەک مرۆیەکـی ئـازاد کە هەرچۆنێـک بێـت مـن تـا هەنـووکە کارمەنـدی نووسـینگەیەکم. لەبەر ئەوەیـش کە هـیچ شـتێک، جگە لە دڵەتەپە مـن بەرەو ئەوێ نابات، بەڵێ، درۆیەکی لەو جۆرە لە توانای مندا نییە. لێ تەنـانەت پـێش ئەوەی نـامەکەتم پـێ بگـات دەمویسـت مەبەسـتێکت لا بـدرکێنم، ئەوەیـش ئەوەیە کە لەم هەفـتەیەدا بە پەلە، بـۆ تـازەکردنەوە یان درێژکردنەوەی گوزەرنامەکەم دەستبەکار دەبم، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی کرد، خێرا بێم بۆ ئەوێ.

مـن ئەم نـامەیە بەسـەردەکەمەوە و دەیشـزانم بەڕاسـتی مەبەسـتە سـەرەکییەکەی خـۆمم نەگەیانـدووە، لەبەر ئەوەی بە چـاکی مەبەسـتەکەم نەگەیاندووە، هەست بە لاوازی دەکەم: (شتێکی تریش! ڕەنگە درۆکردن لە نووسینگەکەمدا لای من دژوارتر بێت لە درۆکردنی کەسێکی تر (زۆربەی کارمەنـدەکانیش هەر وان) کەسـێک کە شـانی داوەتە بەر نـاعەدالەتی،



Scanned with CamScanner

کەسێک زیاد لە توانای خۆی کار دەکات. ئەگەر منیش وەک کەسێکی وا بیرم بکردایەتەوە تا ڕادەیەک مانای ئەوەبوو شەمەندەفەرێکی ئێکس پرێس بەرەو فیەننا بکەوێتە ڕێ. (مەبەستم کەسێکە کە وا دەزانێت نووسینگە ماشینێکی چاوبەستراوە و گەمژانە بەڕێوە دەبرێت، ماشینێک لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گەمژەی هەیە، ئەوی لە شوێنی خۆیدا دانەناوە، دەبێت ئەو لەسەری هەرە سەرەوە بێت، لە کاتێکدا کە دەبێت لە خوارترینی خوارترینەکاندا کار بکات، ئیتر لەم جۆرە قسانە). بەڵام بە لای منەوە نووسینگە مرۆڤێکی زیندووە و لە هەر جێگەیەک بم، بە چاوە پاکیزەکانییەوە لێم دەڕوانێت. مرۆڤێکی زیندوو کە هەرچەندە بەرخوردم لەگەڵیدا تەماوییە و باش نایناسم، بەڵام وابەستەیم. ئەگەرچی بۆ من لەو کەسانە نەناسترە کە گوێم لە دەنگی تێپەڕینی ماشینەکانیانە. لە دیدی منەوە قوتابخانەی سەرەتایی و زانکۆ و خێزان و هەموو شتێک (وەک مرۆڤێکی زیندوو) وا بوون، بۆ من تا ڕادەیەکی زۆر نامۆ و بێمانان، بەڵام پێویستە لێی ڕابمێنێت. من بە دژواری هەوڵی ئەوەمە نامۆیی خۆم بشارمەوە -تا ئەو کاتەی بێگوناهییەکەم دێتە دی- بەکورتی: من ناتوانم درۆ بکەم) نا، من هەست بە بێتوانایی دەکەم و ناتوانم بنووسم، ناتوانم هیچ بکەم، تەنانەت ئێستا تۆیش ڕووم لێ وەردەگێڕیت **میلینا**. دەزانم ئەم ڕوولێوەرگێڕانە زۆر ناخایەنێت، بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت ئەگەر مرۆڤێک دڵی لێ نەدات، زۆر ناژی، تا ئەو کاتەی تۆ لە من دووریت، چۆن ئەم دڵە توانای لێدانی دەبێت؟

دوای ئەم نامەیە خۆزگە بتتوانایە تەلگورافیکم بۆ بنێریت! ئەمە ئارەزوویەکە، نەک داواکاری. ئەگەر بتوانیت ئازادانە ئەم کارە ئەنجام بدەیت، ئەوسا دەبینیت من تەنانەت خەت بەژێر ئەم وشانەدا ناهێنم.

لە بیرم چوو بڵێم، بۆنەی سێیەمیش هەیە کە دەشێت من درۆی تیا بکەم: ئەگەر تۆ لە پاڵمدا بیت، لەو کاتەدا درۆکەی من پاکیزەترین درۆی دنیا دەبێت، چونکە ئەوسا جگە لە تۆ، کەسی تر لە نووسینگەکەدا نابێت.

لە وەڵامی نامەکەی شەوی شەممەدا دەتەوێت چی بڵێیت؟ نایزانم و تا ماوەیەکی زۆریش هەر نایزانم. هەرچۆنێکە لەم چرکەساتەدا بۆ ئێشکگرتنی ڕۆژی یەکشەممە لە نووسینگە دانیشتووم (ئۆفیسێکی سەیرە، بۆ ڕاژەی ڕۆژی یەکشەممە، من و ژمارەیەکی زۆر لەو کارمەندانەی لە هەموو کات زیاتر بێکارن، دانیشتووم و وەک هەمیشە بێکارم). ڕۆژێکی تەماوی و ناخۆشە، هەندێک جار دەیەوێت ببارێت. هەندێک جاریش بروسکەی هەورەکان لە نووسینم دەکات. باشە، دۆخەکە ئەوەیە کە هەیە. خەمگین و قورس، هەرچەندە تۆ پێم دەڵێیت لە مندا ئارەزوویەک بۆ ژیان هەیە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەندەم لەو ئارەزووی ژیانە تیا نەماوە. ئەمشەو و ئەمڕۆ بۆ من چین؟ لە بنەمادا من ئەوەم هەیە[۱۲۷] لەگەڵ ئەو هەمووەشدا (هەمیشە دەگەڕێتەوە، ئەو وشە ئازیزە) هەرچەندە بە دەگمەن (لە قووڵاییەوە) دەگاتە سەرەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا من زۆر کەم خۆم خۆش دەوێت. لێرە بەرانبەر بە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتووم. بەڕێوەبەرەکە لێرە نییە. بەڵام من پێم سەیر نییە، ئەگەر لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە و بڵێت: "منیش حەزم بە تۆ نییە، بۆیە ڕووی دەمم لە تۆ دەکەم". من دەڵێم: "سوپاست دەکەم، منیش بۆ ئەوەی سەفەری ڤیەننا بکەم پێویستم بەم قسەیە بوو". ئەو پێم دەڵێت: "ئاوا؟ کەواتە من دیسانەوە تۆم خۆش دەوێت و پەشیمانم لەوەی کە وتم". من پێی دەڵێم: "ئاهـ ئێستا من ناتوانم سەفەرەکە بکەم". ئەو دەڵێت: "ئاهـ بەڵێ چونکە من دیسانەوە تۆم خۆش ناوێت، بۆیە دووبارە سەرنجت بۆ ئەوە ڕادەکێشم". ئیتر بەم جۆرە ئەم چیرۆکە هەر کۆتایی نایەت.

دوێنێشەو، وا بزانم بۆ یەکەمین جار لەدوای گەڕانەوەمەوە بۆ پراگ، خەونم پێتەوە بینی، خەونێکی کورت و ئاڵۆز لە بەرەبەیاندا. دوای

---

[۱۲۷] مەبەست هەوڵ و چێژلێوەرگرتنی ژیانە.

شەوێکی ناخۆش کە تازە خەو چووبووە چاوم. شتێکی وام لەو خەونە لە یاد نەماوە. تۆ لە **پراگ** بوویت. پێکەوە بە شەقامی **فردینان**دا، بەرەو **ڤیلیمیک** پیاسەمان دەکرد. کۆمەڵێک لە کەسوکارەکانت بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆیشتن. ئێمە تەماشامان کردن. تۆ لەبارەیانەوە قسەت کرد. قسەیەکیش دەربارەی **کراسا**[128] کرا (ئەو لە **پراگ** نییە، من ئەمە دەزانم و بەدوایدا دەگەڕێم)، جۆری قسەکردنەکەت ئاسایی بوو، بەڵام لە شێوەی قسەکردنەکەتدا بە تەواوی هەستت بە ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەیەکی شاراوە دەکرد. من ئەمە ناڵێم، بەڵام نەفرەتم لە خۆم دەکرد، تەنیا ئەو نەفرەت و ناسزایانەی خۆمیان دەگرتەوە. پاشان لە قاوەخانەیەکدا دانیشتبووین. گوایە کافەیەک بوو (لەسەر ڕێگەکەماندا) لەپشت مێزەکەمانەوە پیاوێک و کچێک دانیشتبوون، من کە هەرگیز ئەو کچەم بیر ناکەوێتەوە. جگە لەوان، پیاوێکی تریش هەر لەوێ دانیشتبوو کە تەواو لە **دۆستۆیڤسکی** دەچوو. بەتایبەتی برۆ و ئێسکەکانی سەر چاوی زۆر بەرجەستە بوون. من و تۆیش هەر لەوێ بووین، دیسان جۆری قسەکردنەکەت هیچ شتێکی لەو بەرپەرچدانەوە نهێنییەی تیا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ئەو حاڵەتەی تیا هەست پێ دەکرا. تۆ پۆدرەت لە دەموچاوت دابوو (من نەمدەتوانی چاو لەو کونپشکنیە ئازاردەرە بپۆشم)، تەنانەت پۆدرەکە تا ڕادەیەکی زۆر قەڵب و ناشیرین و سوتێنەریش بوو. شێوازی ئارایشتکردنەکەت بە زۆری بەسەر کوڵمەکانتەوە دەردەکەوت. ئێستایش دەتوانم شێوەی کوڵمەکانت لە بەرچاومدا بەرجەستە بکەم. چەند جارێک دانەویمەوە تا لێت بپرسم بۆ بەو جۆرە پۆدرەت لە سەروچاوت داوە. کاتێک زانیت من بەتەمای پرسیارێکی وام، وەک فریاکەوتنێکی ناچاری (وەک وتم کەس بە ڕەتکردنەوە و بەرپەرچەکەی تۆی نەزانی)، دەتپرسی: "تۆ

---

[128] هانس کراسا Hans Krasa مۆسیقارێکە، پاشان لە ئۆردووگای قڕکردنەکاندا مرد.



Scanned with CamScanner

چیت دەوێت؟" بەڵام من نەمدەتوانی پرسیار بکەم. نەمدەوێرا و لە هەمان کاتدا ختووورەی ئەوەم دەکرد کە تۆ بەو شێوە پۆدرەلێدانە دەتویست من تاقی بکەیتەوە. تاقیکردنەوەیەکی زۆر قورس، بەو مەبەستەی من پرسیار بکەم یان تەنانەت نیازم بێت پرسیار بکەم، بەڵام نەوێرم. بەو جۆرە خەونە خەمناکەکەم تیاچوو. هەر لەو کاتەیشدا ئەو پیاوەی لە دۆستۆیفسکی دەچوو، ئازاری دام. وەک تۆ ڕەفتاری لەگەڵدا کردم، بەڵام هەندێک جیاوازیی هەبوو. کە پرسیارێکم لێ دەکرد، زۆر میهرەبان بوو، فریادڕەس و بێپێچوپەنا دادەنەویەوە، بەڵام کە هیچم بۆ وتن و پرسیارکردن پێ نەدەما (بێگومان ئەمە بۆ من زوو ڕووی دەدا) ئەو بە ئامازەیەکی کتوپڕ خۆی دەکێشایەوە، نوقمی خوێندنەوەی کتێبێک دەبوو. ئیدی ئاگای لە دنیا نەدەما، لە هەموان زیاتر لە من. لەنێو ڕیش و قژە پڕەکەیدا دیار نەدەما. نازانم بۆ خۆم پێ نەدەگیرا، نەمدەتوانی بە جۆرێکی تر بم. بە ناچاری دەمویست بە پرسیارێک سەرنجی بۆ لای خۆم ڕابکێشم، بەڵام بەردەوام بە هۆی بێتوانایی خۆمەوە دەرفەتی قسەکردنم لەدەست دەدا.
شتێک هەیە کەمێک ئارامیم دەداتێ. نابێت تۆ ئەمڕۆ پێم ڕەوا نەبینیت. گۆڤاری تریبونا[١٢٩] ئێستا لە بەردەستمایە. لەبەر ئەوەی قەدەغەت کردبوو بیکڕم، دەبوو هەر وا بکەم. لە مێردی خوشکەکەمم خواست. نا، مێردی خوشکەکەم بە قەرز دایمێ. تکات لێ دەکەم ئەم چێژەم پێ ڕەوا ببینیت. لەو چرکەساتەدا من تەنانەت بە لامەوە گرنگ نەبوو چیی تیایە، بەڵام من دەنگێک، گوێم لە دەنگی خۆم دەبێت تیایدا لەنێو هەراوزەنای دنیادا، لەو چێژەم بێبەش مەکە، هەروەها وتارەکە زۆر جوانە. من نازانم ئەوە چۆن بوو، من تەنیا بە چاوم دەمخوێندەوە. چۆن هەر لەو ساتەدا خوێنم شتێکی لێوە فێر دەبێت و لەوەیش زیاتر بە ئاگرە هەڵگیرساوەکەی دەروونییەوە هەڵی دەگرێت؟ هەروەها

---

[١٢٩] هەفتانەیەکی گرنگی چیکییە کە میلینا تیای دەنووسی.

وتارێکی خۆش بوو. بێگومان من لە گرووپی دووەمم. کەم و زۆر قورسایی سەرپێم هی خۆمە. من هەرگیز بەوە دڵخۆش نیم کە کاروبارە هەرە تایبەتییەکانم بڵاودەبێتەوە. جارێک یەکێک پێی وتم کە من وەک قوو مەلە دەکەم، بەڵام ئەم قسەیە پیاهەڵدان نەبوو، بەڵکو هەستبزوێنە. من خۆم بە دێوێک دەزانم کە بە دەستە هەراوەکانی دەیەوێت خەڵکیت لێ دووربخاتەوە، زەمان ناحەزیی لەگەڵدا دەکات. ئەو دەیەوێت هەموان لە تۆ دووربخاتەوە، هاوکات نایەوێت تەنانەت وشەیەک، یان تەنانەت چرکەیەک بوونی تۆ لەدەست بدات. لەوانەیە ئەمە شێتیەتی بێت، یان گەوجایەتییەکی ڕووت. جگە لەوانە دەشێ چیتر بێت، ئەوە جەماوەری ژنانە کە بێ دوودڵی هاوار دەکات: "کوا مۆد؟ مۆد لە کوێیە؟ ئەوەی تا ئێستا ئێمە دیومانە تەنیا **میلینا** بووە" تەنیا و تەنیا بە پشتیوانیی ئەم "تەنیا"ییە کە من دەژیم، باقییەکەی تری ئەم جیهانە وەک **مونکاوزن**[١٣٠] دەبینم کە ئەرەبانە تۆپهاوێژەکانی جەبەل تاریقی بەدەست دەهێنا و فڕێیدەدانە نێو دەریاوە. چی؟ چی دەمێنێتەوە؟ دیسانەوە درۆ؟ تۆ ناتوانیت لە ئۆفیسەکەت درۆ بکەیت؟ چاکە، من لێرە دانیشتووم، دۆخەکە وەک جاران خەمگینە، سبەی نامەم نابێت، خەون دوا هەواڵە کە لە تووە پێم دەگات.

## پراگ ١ی ئۆگەست ١٩٢٠ شەوی یەکشەممە

باشە، پەلە بکە، ئەمەیش ئەگەڕێکە، هەموو هەفتەیەک ئەمە ڕێ دەکەوێت. بزانە کە پێشتر من بیرم لێ نەکردووەتەوە! بێگومان پێویستە من لەپێش هەر شتێکدا گوزەرنامەم هەبێت. ئەمە بەو

[١٣٠] Munchhausen لە ئەسڵدا ناوی بارۆن کارل فرێدریک هیرونیموسە، سەرباز و ڕاوچییەکی ئەڵمانی بووە (١٧٢٠- ١٧٩٧) لە پەندا بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە چیرۆکی بە فرەوفیشاڵ دەگێڕنەوە کە جێی بڕواپێکردن نییە.

ئەندازەیە ئاسان نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. تا ڕادەیەکیش بەبێ (**ئۆتیلا**[١٣١]) مەحاڵە.

من دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە بە شەمەندەفەری خێرا لێرە دەردەچم، نزیک سەعات دووی بەیانی دەگەمە **ڤیەننا** (سبەینێ لەبارەی کاتەکەوە بە وردی دەپرسم) لە حاڵێکی وادا تۆ بلیتی شەمەندەفەری خێرای یەکشەممە بۆ **پراگ** لە ڕۆژی هەینی دەبڕیت و بە تەلگوراف هەواڵەکەم لێ دەگێڕیتەوە. بەبێ ئەو تەلگورافە من ناتوانم لە **پراگ** بجوڵێم. من و تۆ لە وێستگە یەکتر دەبینین، لە چوار سەعات زیاتر دەتوانین پێکەوە بین، لە سەعات ٧ بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەدا من دووبارە دەکەومەوە ڕێ.

بەم جۆرە، هەرچەندە زۆر شەکەتین و تەنیا چوار سەعاتی شەو پێکەوەین (لە کوێیشدا؟ لە ئوتێلێکی نزیک بە وێستگەی **فرانتس جۆزیف**)، ئیتر ئەمەیش ئەگەرێکە، هەرچەندە کەمێک خەمهێنە، بەڵام بە هەرحاڵ، بە هاتنی تۆ (ئایا ئەم ئەگەرە بوونی هەیە؟) بۆ لای من و بینینی یەکتری لە **گموند** دەکرێت زۆر زۆر دڵۆڤان بێت. شەو لە **گموند** دەمێنینەوە. **گموند** بەشێکە لە **نەمسا**. وا نییە؟ بۆیە تۆ پێویست بە گوزەرنامە نییە. من نزیک سەعات دەی شەو، یان ڕەنگە زووتر بگەمە ئەوێ، ڕۆژی یەکشەممە نزیک بە سەعات ١١ی بەیانی بە شەمەندەفەری خێرا بگەڕێمەوە. (وا بزانم بەدەستهێنانی بلیتی یەکشەمموان ئاسان بێت)، ڕەنگیشە ئەگەر شەمەندەفەری نەفەربەری دوایی ڕەحەتنشین هەبێت، تەنانەت لەوە درەنگتر بگەڕێمەوە. لە لایەکی ترەوە نازانم تۆ چۆن دەگەیتە ئەوێ و چۆن دەگەڕێیتەوە. باشە، باشە، ئێستا چ دەڵێیت؟ سەیرە من بە درێژایی ڕۆژ قسەت لەگەڵدا دەکەم و کەچی تازەبەتازە ئەم پرسیارە دەکەم.

ناونیشانی کراسا: **مارین باد، ئوتێلی ستێرن**.

---

[١٣١] Ottila **خوشکی کافکایە، ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی کافکادا دیوە.**



Scanned with CamScanner

## پراگ ٢٦ی ژوِلای ١٩٢٠ دووشەممە

دەیسا، ئەم تەلگورافە وەلام نەبوو، بەلکو نامەی شەوی پێنجشەممە وەلام بوو، کەواتە بێخەوییەکەم شایستە و خەمەهەراسانەکەی ئەم بەیانییەیشم شایستەتر بوو. ئایا مێردەکەت هیچ لەبارەی خوێنەوە دەزانێت؟ پێویست ناکات ئەوە زۆر گەورە بکرێت. ڕەنگە هەر هیچیش نەبێت. خوێنبەربوون چەند هۆکارێکی هەیە، لێ بە هەرحاڵ خوێن خوێنە و ناکرێت گوێی پێ نەدرێت.[١٣٢] هەڵبەت تۆ چەلەنگانە بەبێ ئەوەی ترست لە خوێن هەبێت، بەردەوامی بە خۆشیی ژیانی خۆت دەدەیت. تۆ وا دەژییت وەک ئەوەی خۆت ورە بدەیتە بەر خوێن بۆ ئەوەی بێت "زۆر چاکە! وەرە! ئاخر وەرە!" ئەوسا ئەویش دێت. وایش دەردەکەوێت کە تۆ هەرگیز نیگەرانی ئەوە نەبێت کە من لێرە دەبێت چی بکەم، هەڵبەت تۆ "منداڵ" نییت و دەزانیت چی دەکەیت، بەلام داوا لە من دەکەیت کە لێرە، لەسەر کەناراوی **پراگ** بوەستم و بە ئانقەست تەماشای نقومبوونی تۆ بکەم لە دەریای **ڤیەننادا**. ئەگەر شتێکت نەبێت بیخۆیت، ئایا ئەمە لە خۆیدا پێویستییەک نییە؟ یان تۆ وا دەزانیت کە (ئەم برسیەتییەی تۆ) پێش ئەوەی نیازی تۆ بێت، نیازی منە؟ چاکە، دیسانەوە تۆ لەسەر هەقیت. منیش بۆ بەدبەختی، ئیتر ناتوانم پارەت بۆ بنێرم، چونکە لە نیوەڕۆدا دەچمەوە ماڵەوە و پارە بێسوودەکەم لە چێشتخانەکەدا بەهەدەر دەدەم.

لەبەر ئەمە، **میلینا**، وا دەردەکەوێت کە من و تۆ تەواو لە یەکتر دوورکەوتبینەوە. تاقە شتێک کە لە نێوان من و تۆدا مابێتەوە، سۆزی یەکتربینینەوە. سۆزی ئەوەی کە تۆ لێرە بیت و ڕووت لە شوێنێکی زۆر نزیک لە ڕووی منەوە بێت، بەلام بێگومان من و تۆ لە ئارەزووکردنی مەرگدا (ئارەزووی مەرگێکی ئاسان)یشدا هاوبەشین. لێ ئەمە ئارەزوویەکی منداڵانەیشە، وەک خۆم کە لە منداڵیدا وا بووم، بۆ نموونە کاتێک لەوانەی ماتماتیکدا مامۆستاکەم لەولاوە دەبینی گوایە

---

[١٣٢] **کافکا** باس لە نەخۆشیی سیل-ی **میلینا** دەکات، نەک هی خۆی.

بۆ دۆزینەوەی ناوی من دەفتەرەکەی پەڕپەڕ دەکرد و بەراوردی نەزانینی خۆم کە ئەقڵ وێنای بۆ ناکرێت، لەگەڵ ئەو شکۆ و توانا و دەسەڵات و ترسەدا بەراورد دەکرد، لە حاڵەتێکی نیمچەخەون و ترسدا حەزم دەکرد خۆزگە بمتوانیایە وەک تارماییەک لە جێگەکەم هەستم، وەک تارماییەک بەناو کورسییەکاندا بڕۆم و بچم. بە ئەندازەی سووکەڵەیی زانستە ماتماتیکییەکەم لەپاڵ مامۆستاکەدا بفڕم. بە هەر شێوەیەک بێت لە دەرودیوارەکە بچمە دەرەوە، لە دەرەوە خۆم کۆبکەمەوە و لەنێو هەوا قەشەنگەکەدا ئازاد بم. ئەو هەوایەی هەموو دنیا دەناسێت و دوورە لە کێشمەکێشی قوتابخانە. بەڵێ، ئەو حەزە چەند ئاسوودەبوو! بەڵام شتێکی وا ڕووی نەدەدا. بانگیان دەکردم، ئەرکێکیان بەسەرمدا دەدا کە پێویستیم بە کتێبی **لوگاریتمات** بوو. من کتێبەکەم لە بیر چووبوو، بەڵام بە درۆ دەموت کتێبەکە لە مێزەکەمدایە (چونکە بەهیوا بووم مامۆستا کتێبەکەی خۆیم بە قەرز بداتێ)، مامۆستاکە دەینارد کتێبەکە بێنم، تەنانەت بەبێ ئەوەی خۆم وا دەربخەم کە دەترسم، تەماشای مێزە خاڵییەکەم دەکرد (من هیچ کاتێک لە قوتابخانە وەک ترسنۆک دەرنەکەوتووم)، مامۆستاکەیشم (بە ڕێکەوت پێری بینیم) پێی وتم "ئەی بزنمژە" زۆر زوو ئەو وتەیەم وەرگرت و لە ڕاستیدا زۆرم پێ خۆشبوو، چونکە وتەکە یەکەم تەشریفاتی و دووەم ناڕەوا بوو (ئەگەرچی درۆم کردبوو، بەڵام کەس نەیدەتوانی ئەوە بسەلمێنێت. ئایا ئەمە ناڕەوایە؟" بەڵام لەوانە زیاتر من نەدەبوو نەزانینە خەجاڵەتهێنەکەی خۆم دەربخەم، بۆیە تێکڕا ئەمەیش ئاسان بوو، ئەوەی دەردەخست کە تۆ لە هەلومەرجی شیاودا تەنانەت دەتوانیت لە خودی ژوورەکەدا ون بیت، ئەگەری (ئەم کارە) لە ژماردن نایەت و تۆ دەتوانیت لە کاتێکدا زیندوویت، بمریت.

(لە پەراوێزی ئەم نامەیەدا بە قەڵەمی شین نووسراوە): من کە ئەم زۆربڵێیە دەکەم، تەنیا لەبەر ئەوەیە لەگەڵ هەموو شتێکدا، تەنیا کە لە تووە نزیکم هەست بە چاکی دەکەم.

تاقە ئەگەرێک کە بوونی نییە (لەدوای هەموو زۆربڵێیەوە، ئەمە تەواو ڕاستە) تۆ لەم چرکەساتەدا خۆت بکەیت بە ژووردا و لێرە بیت و پێکەوە بە درێژی قسە لەسەر دەرمانەکانت بکەین، تاقە ئەگەرێک کە بەدیهێنانی لە هەموو ئەگەرەکانی دی پێویستترە.

ئەمڕۆ پێش ئەوەی نامەکانت بخوێنمەوە، زۆر قسەم لەگەڵتدا هەبوو، بەڵام کە یەکێک ڕووبەڕووی خوێن دەبێتەوە، دەتوانێت چی بڵێت؟ تکات لێ دەکەم زۆر زوو ئاگادارم بکەرەوە کە پزیشک چی دەڵێت... چ جۆرە کەسایەتییەکیشە؟

تۆ بە باشی باسی دیمەنی وێستگەی ڕێگەی ئاسن ناکەیت. من بۆ چرکەساتێکیش لەوە دوودڵ نەبووم. هەموو شتەکان بە شێوەیەکی سروشتی و خەمگین و جوان بوون. من و تۆیش تەواو تەنیا (دوور لەوانی دی) بووین. کاتێک خەڵکەکە (کە بە هەرحاڵ کەس لەوێ نەبوو) پێکەوە هەستان و داوای لابردنی تەختەبەندی بەرانبەر سەکۆکەیان کرد، هەستانەکەیان ناماقووڵ و پێکەنینهێن بوو.

بەڵام بەرانبەر ئوتێلەکە، بەڕاستی وەک ئەوە بوو کە تۆ دەیڵێیت. تۆ لەوێدا چەندە جوان بوویت! لەوانەیە هەر تۆ نەبوویت؟ ئەگەر زوو هەستایتایە، بەڕاستی زۆر سەیر و نائاسایی دەکەوتەوە. لێ ئەگەر ئەوە تۆ نەبوویبیت، ئەی چۆن هەموو ئەو شتانە لەبارەی ئەو (دیمەنەوە) دەزانیت؟

**پراگ ٢٦ی ژولای ١٩٢٠ - دووشەممە، کەمێک دواتر**

ئاه ڕێک هەر ئێستا دۆسیەیەکی زۆر گەیشت، پاشان من بۆچی بەم سەرە بێخەوەوە کار دەکەم؟ لەپای چی؟ بۆ چرای چێشتلێنانی ناو چێشتخانە.



Scanned with CamScanner

وا ئێستایش دیسانەوە ئەو گەنجە شاعیرە لەپێش هەموانەوە گەیشتووەتە سەرم! ئەو جگە لە شاعیری گرافیک و پەیکەرتاشیشە و بە ئاسانییش لێرە ناڕوات، ئەمەندەیش لێوانلێوە لە ژیان کە هەرچیەکی لە دڵدایە، بۆ منی هەڵدەڕێژێت. دەیشمبینێت چۆن لە بێئارامیدا دەلەرزم. دەبینێت چۆن دەستم بەسەر ئەم نامەیەوە دەلەرزێت. دەبینێت چۆن سەرم خستووەتە سەر سنگم و بە ئاسانی ئێرە بەجێ ناهێڵێت. ئەم کوڕە بەختەوەر و بەدبەختە نائاساییە لەم چرکەساتەدا بەڵایەکە و تووشی من هاتووە و... تۆیش خوێن هەڵدێنیتەوە.

لە ڕاستییشدا ئێمە بەردەوام یەک شت دەنووسین. هەنووکە من لە تۆ دەپرسم، ئایا نەخۆشیت؟ دوایی تۆ ئەمەم بۆ ڕوون دەکەیتەوە. پاشان بۆت دەنووسم من حەز دەکەم بمرم و پاشان تۆ. ئێستا من حەز دەکەم وەک منداڵێک لە بەردەمی تۆدا بگریم، پاشان تۆ دەتەوێت وەک کچۆڵەیەک لە بەردەمی مندا بگرییت. جارێک و دوان و هەزار جار و من بەردەوام دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بم و تۆیش هەر وا دەڵێیت. ئیدی بەسە... بەسە.

تا ئێستا بۆت نەنووسیوم پزیشک چیی پێ وتوویت. ئەی بەدنامەنووس، هەی تەمەڵ، هەی شەیتان، ئەی ئازیزم، ئەی - ئیدی چیی تر؟ هیچی تر نا، جگە لە ئاسوودەیی لە ئامێزتدا.

## پراگ ٩ی ئۆگەست ١٩٢٠ - پاشنیوەڕۆی دووشەممە، یان شەممە (وەک لە بیرم مابێت شەممە)

ئەگەر لە نامەی بەیانیی ئەمڕۆدا شتێکی کەمترم لەوە نووسیبێت کە نووسیومە، درۆ دەکەم. بەتایبەتی بۆ تۆ، واتا بۆ کەسێک کە من دەتوانم لەگەڵ ئەودا ئازادانەتر لە هەر کەسێکی دی قسە بکەم، چونکە

هەرگیــز کەس بە ئەنــدازەی تــۆ، ســەرەڕای هەمــوو شــتێک، ئارەزوومەنـدانە و زیرەکـانە لایەنـی منـی نەگرتـووە (ئایـا جیـاوازی دەکەیت لە نێوان ئەو دوو وشـە گەورەیەدا، واتـا "سـەرەڕای هەمـوو شتێک" و "لەگەڵ ئەوەیشدا؟").

جـوانترین نـامەی تـۆ (یـانی زۆربەیـان و بەگشـتی هەر دێڕێـک لە نامەکانت جـوانترین شـتن کە مـن لە ژیانمـدا ڕێکەوتـم کردبێـت)، ئەو نامانەن کە تیایاندا تۆ هاودەنگیت لەگەڵ (ترس)ی مندا. هەوڵ دەدەیت قەنـاعەتم پـێ بکەیـت کە مـن نابێـت بترسـم. لەبەر ئەوەی کە مـن هەرچەندە هەندێک جار وەک بەرگریکارێکی بەرتیلخۆری ترساو دێمە بەرچاو، بەڵام لە ناخەوە ڕاکەتـم قبووڵە. لە ڕاستیدا ترس بەشێکە لە مـن و لەوانەیە باشـترین بەشـی بـوونی مـن بێت، لەبەر ئەوەیـش کە چـاکترین بەشــە لە بـوونی منـدا، کەواتە ڕەنـگە ئەوەی تـۆ خۆشـت دەوێـت تەنیـا ئەو (تـرس)ە بێـت، چـونکە چ شـتێکی تـر لە منـدا هەیە شایستەی خۆشویستن بێت؟ بەڵام ئەم ترسە شایانی خۆشویستنە.

کە جارێکیـان لێـت پرسـیم لەگەڵ ئەم ترسـەی کە لە دڵمـایە چـۆن توانیـومە ئەو ڕۆژی شـەممەیە بە چـاک نـاوبەرم، ڕوونکـردنەوەی لە لای مـنەوە گـران نەبـوو، چـونکە تـۆم خـۆش دەوێـت (لاسـار خۆشـم دەوێت، وەک چۆن دەریا وردەبەردی ناو قووڵاییەکانی خـۆی خـۆش دەوێت، هەر بەو جـۆرەیش خۆشەویسـتییەکەی مـن دەورت دەگرێت. خـۆ ئەگەر فریشـتەکانی ئاسـمان لێبگەڕێن، ئایـا منـیش دەتـوانم وەک خۆم وردەبەردێکی تۆ بم؟) هەموو دنیام خـۆش دەوێت... ئەمە شـانی چەپیشـت دەگـرێتەوە. نـا، لەبەراییـدا ئەوە شـانی ڕاسـتت بـوو. کە ئـارەزووم هەبێـت مـاچی دەکەم (باشـتر ئەگەر دڵـت نەرم بێـت و بلـووزەکەت لادەیـت) ئەمە پشتیشـت دەگـرێتەوە و دەموچاویشـت بە سـەرمەوە لە دارسـتانەکەدا، کـاتێکیش سـەرم نـابوو بە سـنگە نیمچەڕووتەکەتەوە. هەر ئەمەیش هۆکارە بۆ ئەوەی تۆ لەسەر هەقیت کاتێک دەڵێیت بەڕاستی بووبووین بە یەک کەس. من لەوە ناترسم کە



Scanned with CamScanner

یەک کەس بین، بەڵکو ئەوە تاقە بەختەوەریمە، تاقە گەشانەوەمە، لە سنووری ئەو دارستانەدا هەرگیز کەسی تر وەک من نەبووە.[١٣٣]

بەڵام بە لای منەوە لە نێوان ئەو (دنیای ڕۆژە) و ئەو "نیو سەعاتەی ناو جێگە" کە تۆ جارێکیان بە سووکایەتییەوە بە (کاروباری پیاوانت) ناوزەد کرد، دۆڵیانێک دەمی کردووەتەوە کە من ناتوانم پردی لەسەر هەڵبەستم، ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بێت کە ئارەزووی ئەو کارەم نییە. لەوێ پەشێوییەکی شەو هەیە، پەشێوییەک بە تەواوی مانای وشە. لێرە دنیایەک هەیە کە هیی خۆمە و بڕیارە بچمە داوێنی شەوەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی بەدەستی بهێنمەوە. ئایا لە توانای مرۆڤدایە دوو جار خاوەنداریەتیی شتێک بکات؟ ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە لەدەستی دەدات؟ ئێرە دنیایەکە کە هیی خۆمە، منیش دەتوانم بە هۆی ئەفسوونێکی ڕەش و شوومەوە، بە هۆی فێڵوفەرەج و کیمیاگەری و ئەنگوستیلەکەی سلێمانەوە، لەناو پێخەفی ڕۆژەوە بکەومە داوێنی شەو و ئیتر قیر بە قەرەس، من زۆر زۆر لەوە دەترسم.

شەوێک بە پەلە و بە هەناسەبڕکێوە، بێ یاوەر، دەستبەسەر و بە ئەفسوونێکی ڕەشەوە بۆ دەستبەسەرییەکە، بە ئەفسوونێکی ڕەشەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەوەی لە ڕۆژدا بۆ چاوە کراوەکان دەیخەنە ڕوو، هەوڵ درا! (ڕەنگە نەتوانرێت بە شێوازێکی دی منداڵ لەدایک ببێت، ڕەنگە خودی منداڵان ئەو ئەفسوونە ڕەشە بن، لێرەدا لەم پرسیارانە گەڕێ) هەر لەبەر ئەمەیشە کە من ئەوەندە (لە تۆ و لە هەموو شتێک سوپاسگوزارم) سروشتییە کە من لە پەنای تۆدا زۆر ئاسوودە زۆر نائاسوودە، زۆر ناچار و زۆریش ئازاد بم. هەر لەبەر ئەوەیشە کە دوای دەرککردنی ئەم (مانا)یە چاوم لە هەر ژیانێکی دی پۆشیوە. لە چاوم بڕوانە.

---

[١٣٣] بەشێک لەم پەرەگرافە لە دەقە فارسییەکەدا نییە، دیارە سانسۆر لایبردووە، چونکە دیمەنەکە تا ڕادەیەکی کەم سێکسییە (و.ک).



Scanned with CamScanner

دەبوو خاتوو کوهلەر پێی بوتمایە کە کتێبی سەر مێزی کەنار تەختە خەوەکە گوێزراونەتەوە بۆ سەر مێزی نووسینەکە. دەبوو یەکەم جار ئەو پرسیارە لە من بکات کە ئایا من بەوە قایلم یان نا؟ منیش دەمگوت: نەخێر!

هەنووکە سوپاسگوزاریم لێ بکە، چونکە توانیم سەرکەوتوو بم بەسەر ئارەزووی نووسینی چەند شتێکدا کە دەچووە سەر سەرشێتییە گەمژەییەکەم (چەند شتێکی شەیدایانەی ئیرەییئامێز).

لەم بارەیەوە ئیتر بەسە. ئێستا لەبارەی **ئەمیلی**یەوە شتێکم پێ بڵێ.

**پراگ ۲ تا ۳ی ئۆگەست ۱۹۲۰ شەوی دووشەممە**

ئێستا درەنگە، دوای ڕۆژێک کە سەرباری هەموو شتێک، ڕۆژێکی تا ڕادەیەک بە پەژارە بوو. پێدەچێت سبەی لە تۆوە نامەم پێ نەگات. نامەکەی ڕۆژی شەممەت گەیشت. ئەگەر ڕۆژی یەکشەممە نامە بنووسیت تا دووسبەی بەدەستم ناگات. لەبەر ئەوە ئەم ماوەیە لە کاریگەریی ڕاستەوخۆی نامەت بێبەش دەبم. **میلینا**، سیحری نامەی تۆ تەواو دەمهەژێنێت. ماوەی هەفتەیەکە یان زیاتر وا هەست دەکەم شتێکت بەسەرهاتووە. شتێکی کتوپڕ یان بەرەبەرە. شتێک بە بەرنامە یان هەر لەخۆوە. شتێک ڕوون یان نادیار. ئەوەی گومانم لێی نییە، تۆ شتێکت بەسەرهاتووە. من ناتوانم وردەکارییەکانی ئەو شتە لە نامەکانتدا بدۆزمەوە. هەرچەندە لەو وردەکارییانە هەن، لەوانەیش نامەکانت پڕن لە یادەوەری (پڕن لە یادەوەرییە زۆر تایبەتییەکانت) لەوانە، هەرچەند ئاسایی، هیچ شتێک بێوەڵام ناهێڵیتەوە، لە هەمان کاتدا بە تەواوی وەڵامی هەموو شتێک نادەیتەوە. تۆ بێ هیچ

هۆکارێـک خەمباریـت. دەتەوێـت بمنێریـت بـۆ لای (دافـوس[١٣٤]) و دەیشـتەوێت دیـدارەکە زۆر زوو سـەربگرێت (تـۆ زۆر زوو ڕاسپێرییەکەی منت قبوول کرد کە نەیەیت بۆ ئێرە، هەر خۆیشت دیداری ڤیەننات بە شیاو نەزانی، تۆ نووسیبووت پێش سەفەرەکەت ناکرێت یەکتر ببینین، کەچی وا ئێستا لە دوو سێ نامەتدا ئەم هەموو پەلەکـردنە) دەبێـت مـن لەم پەلەکـردنەت زۆر خۆشـحاڵ بـم، بەڵام ناتوانم، چونکە لە گۆشەیەکی نامەکانتدا ترسولەرزێکی نهێنی هەیە. نازانم لە قازانجمە یـان زەرەر، ئەم ئیسـتەرەم و پەلەپەلییە بـۆ ئەو دیـدارە، خـاڵی نییە لە تـرس و شـپرزەیی. بە هەرحـاڵ مـن یەکجـار خۆشحاڵم ئەگەرێکم دەستکەوتووە کە لە ڕاستیدا ئەگەرێکە. ئەگەر تۆ نەتوانیـت شـەوێک لە دەرەوەی **ڤیەننـا** بەسـەربەریت، دەتوانیـت بە کوشتنی چەند سەعاتێک پێکەوە دیدارەکە ئەنجام بدەین. تۆ نزیکەی سـەعات حەوتـی بەیـانی بە شـەمەندەفەری خێـرا دەچیت بۆ **گمونـد**. سەعات دەی بەیانی دەگەیت. من تۆ دەبینم، چونکە تا پێش سـەعات ٤،٣٠ دواینیوەڕۆ ناگەڕێمەوە، بۆیە دەتوانین ٦ سـەعات پێکەوە بین. پاشان تۆ بە شەمەندەفەری عەسر دەگەڕێیتەوە بۆ **ڤیەننا** و سـەعات ١١،٣٠ دەگەیتە ئەوێ. کورتەگەشتێکی ڕۆژی یەکشەممووانە.

کەواتە لەبەر ئەمەیە من ئاسوودە نیم، یان باشتری بڵێم ئەوە من نیم کە ئاسـوودە نـیم، بەڵکـو توانـا گەورەکەی تـۆیە. لەبەر ئەوە کە تـۆ بێـدەنگیت و شـتێک لە مـن دەشـاریتەوە، یـان بێـدەنگییەکەت لە نەزانینـەوەیە، بـۆیە مـن لەبـاتی ئەوەی لەبەر ئەم هۆیـانە هەمیشـە نائاسوودەتر بم، ئارام و بێدەنگم. لەگەڵ هەموو ئەو ڕوانینەی تۆدا، دەبینیت من چ بڕوایەکی گەورەم بە تۆ هەیە. ئەگەر لەبارەی شتێکەوە بێدەنگ بیت، من وا دەزانم کە بێدەنگییەکەت ڕاستودروستە. لەگەڵ

---

١٣٤ کافکا ئاماژە بە بەرنامەیەک دەکات کە ماکس برود و میلینا دایانڕشتووە بۆ ئەوەی کافکا بنێرن بۆ نەخۆشخانەی سیلگرتووانی دوکتۆر دافوس.

هەموو ئەمانەیشدا، لەبەر هۆیەکی ڕاست و نائاسایی تر من بەرانبەر بەو بێدەنگییە بێ سیودووکردن بێدەنگ دەبم. لەبەر ئەوەی تۆ خاوەنی خەسڵەتێکیت (بە ڕای من ئەوە خەسڵەتێکی ڕیشەییە لە تۆدا و ئەگەر جارێک لە جاران بە پێچەوانەی ئەو خەسڵەتەوە کارت کرد، ئەوە تاوانی تۆی تیا نییە و سووچی خەڵکانی ترە). من تا هەنووکە ئەو خەسڵەتەم لە کەسی تردا نەدیوە، بەڕاستییش ئەگەرچی من ئەوەم لە تۆدا دیوە، بەڵام ناتوانم بە چاکی وێنای بکەم. خەسڵەتەکە ئەوەیە تۆ ناتوانیت ئازاری کەس بدەیت، ئەمەیش بە هیچ جۆرێک لە بەزەییەوە نییە کە ناتوانیت ئازاری کەس بدەیت، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناتوانیت بیکەیت. نا، ئەمە خەیاڵە: تا ڕادەیەک تەواوی پاشنیوەڕۆ بیرم لەمە کردەوە، بەڵام هەنووکە ناتوانم ئەوە بنووسم، ڕەنگە هەموو ئەمانە کەم تا زۆر پاساو بن بۆ شکستی ئارەزووکردنی لەئامێزگرتنت.

ئێستایش بەرەو نووستن. نازانم هەنووکە، واتا سەعات ١١ شەوی دووشەممە تۆ چی دەکەیت؟

**سێشەممە**[١٣٥]

تێگەیشتنت لە سروشتی مرۆڤ چەند لاوازە **میلینا**. زۆر جار ئەمەم وتووە. زۆر باشە، **ئەلزا** نەخۆشە. ئەگەری ئەوە هەیە و ڕەنگە مرۆ توانای هاتنە **ڤیەننای** هەبێت، بەڵام **میمکە کلارای** پیر گەلێک نەخۆشە؟ ئایا سەرەڕای هەموو شتێک تۆ لەو باوەڕەدایت من بتوانم بڕۆم بۆ ژووری بەڕێوەبەر و بێ ئەوەی پێکەنین بمگرێت لەبارەی نەخۆشیی **پوورە کلاراوە** قسەی لەگەڵدا بکەم؟ (دیارە لەم لایەنەوە تۆ شتێک لە

[١٣٥] لە هیچ یەک لە دەقە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکەدا ڕۆژ و ساڵی ئەم نامەیە نەنووسراوە. لێ پێدەچێت لە پراگەوە بێت. و.

سروشتی مرۆڤ دەزانێت. جوولەکەکان هەر کەسە و بۆ خۆی **پوورە کلارا**یەکی هەیە، بەڵام **پوورە کلارا**کەی من زۆر دەمێکە مردووە) لەبەر ئەوە ئەم (درۆیە) تەواو مەحـــاڵە. بەخــــتەوەرین کە ئیــدی پێویستمان بەم **پوورە کلارا**یە نییە. وێڵیکە با بمرێت. وەک ئەنجامیش ئەو بە تەنیا نییە. **ئۆسکار**ی لایە. لە لایەکی دیـیەوە ئەم **ئۆسکار**ە کێیە؟ ئەوە وتمان **پوورە کلارا**، **پوورە کلارا**یە، ئەی ئەم ئۆسکارە کێیە؟ بە هەرحاڵ ئەو لای **پوورە کلارا**یە*. خوا بکا ئەم میراتگرەیش نەخۆش نەکەوێت.

وا ئـاخری نامەیەکت گەیشت و چ نـامەیەکیش! ئەوەی لە سـەرەتادا لەبارەی نامەکانتەوە وتم بۆ نامەکانی شـەوت ڕاست نین، بەڵام ئەم نائـارامییە (وەک وتــم بێــدەنگی) هەر کە جارێــک دەرکەوت، ئیتـر ناتوانێت تەنانەت بەم (نامانەیش) دابمرکێت. چەند خۆشە کە بڕیارە یەکتری ببینین! ڕەنگە سبەی یان دووسبەی بروسکەیەکت بۆ ڕەوانە بکەم (ئەم بەیـانییە **ئـاتیلا** چـوو بە لای گوزەرنـامەکەوە) هەواڵت لێ بگێڕمەوە کە ئـاخۆ دەتـوانم ئەم شـەممەیە بێم بـۆ **گموند** (ئیتر ئەم هەفتەیە بۆ هـاتنی **ڤیەننا** دێرە، چونکە دەبوا ڕۆژی یەکشـەممە بلیتی شەمەندەفەری **ئێکس پرێس**مان ببڕیایە، بە بروسکە ئاگادارم بکەرەوە کە ئایا تۆیش دەتوانیت بێیت)، تکایە عەسر بڕۆ بۆ پۆستەخانە بۆ ئەوەی تـا زووە تەلگـورافەکەت بەدەسـت بگـات. ڕەوتـی کـارەکە بەم جۆرە دەبێت: مـن تەلگورافێکت بـۆ دەنێرم و دەڵێم: "مەحاڵە" مانـای وایە کە من ئەم هەفتەیە ناتوانم بێم. لەم حـاڵەتەدا مـن چاوەڕێی ئەوە نـابم تـۆ بە تەلگـوراف وەڵامـم بدەیتەوە. لەبـارەی شـتگەلی تـرەوە بە نـامە لەگەڵ یەک دەدوێـین (لە چـوار هەفـتەی داهـاتوودا بێگومـان دیـدارەکەمان وابەسـتەی ئەوەیە کە تـۆ بـۆ کـوێی دەرەوەی شـار

---

* لەوەدەچێت میلینا بروسکەیەکی بۆ **کافکا** کردبێت کە گوایە **پوورە کلارا** نەخۆشە و نوێ وەرە **ئۆسکار**. ناوەکان دروستکراون و تەنیا بۆ ئەوەیە مۆڵەت بدرێت بە **کافکا**.

دەچیت، لەوانەیە بۆ جێگەیەک بچیت لە من دوورتر بکەویتەوە. لەم حاڵەتەدا من تەلگورافێک: "بەم دەقە" دەنووسم: "دەتوانیت شەممە لە **گموند** بیت" من لە چاوەڕوانیکردنی وەڵامدا چاوەڕێی ئەوەم کە بنووسیت "مەحاڵە" یان "شەممە لە **گموند**" یان "یەکشەممە لە **گموند**".
ئەگەر وەڵامەکە دوانەکەی دوایی بێت، ئەوە ئاسانە و ئیتر پێویست بە ناردنی تەلگوراف ناکات. هەردووکمان بەرەو **گموند** بەڕێ دەکەوین، شەممە یان یەکشەممە پێک دەگەین. هەموو ئەم شتانە زۆر ئاسان دێنە بەرچاو.
نا، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە تەلگورافەکەت گەیشتووە، من ئاگادارت دەکەمەوە. نزیکەی دوو سەعات بەفیڕۆ چوو، ناچار بووم نامەکە بخەمە لاوە. چۆن دەبێت سەعات و نیوێک بەسەربچێت و سێ جار ناوی تۆ نەکەوێتە سەر زمان؟ تۆ لە کوێیت؟ ئایا لەڕێی ئەو گوندەیت کە کۆختێکی تیایە؟ منیش هەر بۆ ئەوێ دەچم. سەفەرێکی دوورودرێژە، بەڵام تکات لێ دەکەم خۆتی بۆ ماندوو نەکەیت. چی دەبێت با ببێت. ئێمە بەرەو ئەوێ دەچین. جگە لەم کارە هیچی تر ناکرێت.

## پراگ ٢٧ی ژوڵای ١٩٢٠ – سێشەممە

پزیشک لە کوێیە؟ بەبێ ئەوەی نامەکە بخوێنمەوە بەدوای وشەی (پزیشک)دا دەگەڕێم. لە کوێیە؟ خەوم زڕاوە. ئەوانەی زەوقی مۆسیقایان نییە بە دڵەڕاوکێیەکی ڕاستەقینە کەمتر خەویان دەزڕێت تا شتەکانی تر. لەگەڵ ئەوەیشدا من خەوم لێ ناکەوێت. ئایا ماوەیەکی زۆر بەسەر سەفەرەکەی **ڤیەننا**دا تێپەڕیوە؟ ئایا من لە ستایشکردنی خۆشبەختیی خۆمدا زۆر دەستم داگرتووە؟ ئایا شیر و کەرە و زەڵاتە ئیدی بێسوودن و من پێویستم بە خۆراکێکە کە بوونی تۆیە؟ ڕەنگە هیچ یەکێک لەمانە پاساو نەبێت، بەڵام ڕۆژەکان خۆش نایەنە بەرچاو.



Scanned with CamScanner

جگە لەوەیش، بۆ بەدبەختی، سێ ڕۆژە ئاپارتمانەکە چۆڵ نییە. لە ماڵەوە دەژیم (هەر لەبەر ئەمەیشە کە زۆر زوو تەلگورافەکەم پێ گەیشت)، ڕەنگە چۆڵیی ئاپارتمانەکە تاقە هۆکار نەبێت بۆ ئەم ئاسوودەییەی من، یان بە لایەنی کەمەوە یەکەم هۆکار نەبێت، بەڵکو هۆی ئاسوودەییەکە لەوەدایە کە دوو ئاپارتمانم هەیە. یەکێکیان بۆ ڕۆژ و ئەویدیان کە لە یەکەمیان دوورترە، بۆ عەسر و شەوانە. ئایا لەمە دەگەیت؟ من تێی ناگەم، بەڵام وایشە.

بەڵێ، دۆلابی جل، ڕەنگە ئەم مەسەلەیە شەڕی یەکەم و کۆتاییمان بێت. من دەڵێم: "وەرە با ئەم دۆلابە لابەرین"، تۆ دەڵێیت: "دەبێت هەر هەبێت" من دەڵێم: "لە بەینی من و ئەودا یەکێکمان هەڵبژێرە". تۆ یەکسەر دەڵێیت: هەر ئێستا "**فرانک و شرانک**[136] چونکە هاوقافیەن، من دۆلاب هەڵدەبژێرم". من دەڵێم: "زۆر باشە" و لەسەرخۆ بە پلیکانەکاندا (کام پلیکانە؟) دێمە خوارێ. ئەگەر ئەمڕۆ بە زیندوویی بمێنمەوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ڕووباری **دانوب**م پەیدا نەکردووە.

لە ڕاستیدا من خۆیشم بە تەواوی لەگەڵ بوونی دۆلابەکەدام، بەڵام نابێت تۆ ئەو بەرگە لە بەر بکەیت. ئەگەر ئەوەندەی لە بەر بکەیت کە بدڕێت، ئیتر چی بۆ من دەمێنێتەوە؟

سەیرە. ئەو گۆڕە. بەڕاستی من لەوێ بەدوای ئەو گۆڕەدا گەڕام، بەڵام بە ترسولەرزەوە. لەباتی ئەوە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە چەند جارێک سووڕانەوەیەکی فراوان و فراوانترم بە دەوریدا کرد، تا لەدواییدا لەباتی ئەو نوێژخانەیەی مەبەست بوو، تووشی نوێژخانەیەک هاتم کە تەواو جیاواز بوو.

---

[136] ئاماژەیە بە نامەی ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٢ی ژولای ١٩٢٠ کە ڕستەی Frank and Shrank تیا هاتووە بە مانای (فرانک- یان دۆلابی جل)، ڕەنگە مەبەستی **کافکا** لە فرانک خۆی بێت، واتا فرانتس کە کردوویەتی بە فرانک تا لەگەڵ شرانک (دۆلابی جل)دا هاوقافیە بێت. و.ف.



Scanned with CamScanner

کەواتە تۆ دەتەوێت بڕۆیت و ڤیزەیشت وەرنەگرتووە، بەمەیش من تەواو دڵنیا دەبم کە لە کاتی پێویستدا زوو دەگەیت. هەنووکەیش چاوەڕێی ئەوە لە من دەکەیت بخەوم؟

ئەی پزیشک؟ لە کوێیە؟ لەوێیش نییە؟

پوولی تایبەت بە کۆنگرە نەبوو. منیش وام بیر لێ دەکردەوە کە دەبوو ببێت. ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە بە تەواوی نائومێد بووبووم، لەو پوولانەیان بۆ هێنام. پوولی پۆستەی ئاساییە و ئارمی کۆنگرەی پێوەیە. هەرچەندە ئارمەکە تا ڕادەیەک بەهایەکی بە پوولەکان داوە، بەڵام پێدەچێت پۆستەچی لەمە نەگات. من لەگەڵ هەر نامەیەکدا پوولێک پۆست دەکەم. یەکەم لەبەر نرخەکەی، دووەم لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک سوپاسنامەیەکم بۆ بێت.

دەزانیت تۆ پێویستت بە سەر هەیە. بۆ کە لە ڤیەننا بووین زیاتر سوودمان لە کات وەرنەگرت؟ بۆ نموونە بۆ هەموو کاتەکەمان لە پێشانگەی ناو وێستگەکە بەسەر نەبرد؟ شوێنێکی زۆر جوان و دەمانتوانی لەوێ گەلێک لە یەکتر نزیک بین؟ هیوادارم قسە قۆڕەکانی منت بە دەنگی بەرز بۆ دۆلابەکە نەخوێندبێتەوە. بە هەرحاڵ من هەموو شتەکانی ژوورەکەتم خۆش دەوێن، خۆشەویستییەکی شێتانە.

ئەی پزیشکەکە؟

کەواتە تۆ زیاتر ئەو کەسە دەبینیت کە پوولی پۆستە کۆدەکاتەوە؟

ئەم پرسیارە بۆنی پیلانی لێ نایەت، هەرچەندە لەوانەیە وا دەربکەوێت. ئەو کەسەی خراپ نووستبێت پرسیار دەکات بەبێ ئەوەی بزانێت چی دەپرسێت. ئەو گەرەکیە بۆ هەمیشە پرسیار بکات. ئەسڵەن مانای بێخەوی، بێجگە لە پرسیارکردن، هیچی تر نییە. ئەو کاتەی وەڵام پەیدا دەبێت، مرۆڤیش خەوی لێ دەکەوێت.

ئەم ڕاگەیاندنە نابەرپرسیارییە ئەخلاقییە بەڕاستی گەلێک خراپە.

هیوادارم گوزەرنامەکەت وەرگرتبێت؟



Scanned with CamScanner

## پراگ ۳۱ی ئۆگەست ۱۹۲۰ سێشەممە

نامەی ڕۆژی هەینی، ئەگەر پێنجشەممە هیچ نەنووسرابێت، تا ئەو جێگەیەی هیچ لەدەست نەچووە، باشە. ئەوەی لەبارەی منەوە نووسیوتە، ئەوپەڕی زیرەکییە، نامەوێت هیچی لێ زیاد بکەم. لێگەڕێ با وەک خۆی بێت و دەستکاریی نەکرێت. تەنیا یەک شت ماوە (ئەوەیش لە نووسینەکەتدا هەیە و هیچی ناخاتە سەر) دەمەوێت بێ پەناوپەسێو دەری ببڕم. نەگبەتییەکەی من لەوەدایە کە هەموو مرۆڤ (بێگومان لە هەموان زیادتر ئەوانەن کە بە لای منەوە زۆر شکۆدارترن) بە چاک دەزانم. بە ئاوەز و بە دڵم هەموویان بە چاک دەزانم (وا هەر ئێستا پیاوێک هاتە ژوورەوە، ترسا، چونکە من بێهوودە لە هەوڵی ئەوەدا بووم لە دەموچاویدا ئەو حاڵەتە بەدی بکەم)، تەنیا جەستەم تا ڕادەیەک ناتوانێت بێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە لە کاتی پێویستدا بەڕاستی هەموو ئەوانە چاک بن. جەستەی من بێزارە، لەباتی ئەوەی چاوەڕێ بێت و ببینێت کە دنیا بۆ گەیشتن بەو هەقە چ تاقیکردنەوەیەکی بۆ ئامادە کردووە، ئەوەی پێ باشترە بە هێوری بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێت.

وا من جارێکی تر کەوتمەوە دڕاندنی نامەکان. تۆ لەبەر من گەلێک بەدبەخت و ناشادیت (لەوانەیە شتی تریش هەبن بەشدار بن لەم بەدبەختییەدا، هەموو شتەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە)، وردەوردە ئەم شتانە ڕاشکاوانەتر بڵێ، بێگومان هەمووی پێکەوە ناوترێت.

دوێنێ چووم بۆ لای پزیشک، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی منەوە، نە خۆی و نە تەرازووەکانی ئەوەیان دەرنەخست کە تەندروستیی من باشتر بێت. لە لایەکی ترەوە ئەوەیشیان پیشان نەدا کە خراپتر بووبم؛ بەڵام ئەو پێی وایە من پێویستم بە سەفەر هەیە. پزیشکەکە دوای ئەوەی پێشنیازی سویسرای بۆ کردم، پاش ڕوونکردنەوەکانی من کە



Scanned with CamScanner

ئەوەم بە مەحاڵ زانی، زۆر زوو، بەبێ ئەوەی من هیچ بڵێم، پێشنیازی دوو ئاسایشگەی[137] **باشووری نەمسای** بۆ کردم کە چاکترین ئاسایشگەن. ئاسایشگەی **گریمنشتاین (دکتۆر فرانکفورتەر)** و ئاسایشگەی (**ڤاینەرڤاڵد**) هەرچەندە لە ئێستادا ناونیشانی پۆستی جیهانی لا نییە. ڕەنگە ئەگەر دەرفەتت هەبێت تۆ بتوانیت لە دەرمانخانەیەک، پزیشکێک، ڕێنمایی تەلەفۆن یان تەلگورافێکەوە سووسەیەکم بۆ بکەیت. پەلەت نەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە من بچم بۆ ئەو ئاسایشگەیانە. ئەوانە بەتایبەتیی شوێنی حەسانەوەی نەخۆشە سیلاوییەکانن. تەواوی ڕۆژ و شەو جێگەی کۆکین و لەرزوتایە. لەوێدا ناچاریت گۆشت بخۆیت. ئەگەر بەرەنگاری دەرزیلێدان بکەیت، پیاوکوژێک دەستت لە لەشت دەکاتەوە. شوێنێکە پزیشکە جووەکان چەند بەرانبەر بە جوولەکەکان دڵڕەقن، ئەوەندەیش بەرانبەر بە مەسیحییەکان وان، دەست بە ڕیشیاندا دەهێنن و تەماشات دەکەن. دە فەرمووا!

لە نامەیەکی ئەم دواییەتدا شتێکت نووسیوە (من ناوێرم شتێک لەو نامانە وەربگرم، لەوانەیە لە دووبارە خوێندنەوەیاندا بەدحاڵیبوونێکم بۆ دروست بێت. زۆر ئەگەری ئەمە هەیە) مەبەست لەو شتەی نووسیوتە ئەوەیە کە هەڵوێستی تۆ لەوێ خەریکە بە کۆتایی دەگات. ئەمە چەندی (خەمێکی کاتی)یە و چەندی ڕاستە؟

جارێکی دی نامەکەتم خوێندەوە و وشەی (ترسناک) وەردەگرم، جارێکی تر بیرم کردەوە کە (لە نامەکەتدا هەندێک شت نەوتراون و هەندێکی تریش زێدەڕۆیی تیا کراوە، بۆیە نامەکەت زیرەکانەیە. بەڕاستی گەلێک سەختە مرۆڤ لەگەڵ تارماییەکاندا یاریی حەمە گورگێ بکات.

---

[137] شوێنی حەسانەوە، ئەو جێگەیەی کە نەخۆش تیایاندا دەحەسێنەوە و چارەسەر دەکرێن، بەتایبەتی ئەو نەخۆشانەی سیلیانە (ساناتۆریۆم) فەرهەنگی عەمید.



Scanned with CamScanner

تۆ لەگەڵ (بلای)[١٣٨]دا بوویت؟ ئەو چی دەکات؟ بڕوای تەواوم هەیە کە مەسەلەیەکی زۆر گەوجانەیە، هەروەها لەو باوەڕەدام مرۆڤ بەرانبەر بە حاڵەتێکی وا دوودڵ دەبێت. گومانی تیا نییە شتێکی جوانی تێدایە. جگە لەوەی کە نزیکەی پەنجا هەزار میل دوورە و نایەوێت نزیکتر بێتەوە. ئەگەر تەواوی زەنگەکانی **سالزبورگ** دەست بە لێدان بکەن، هەر بۆ ئیحتیات چەند هەزار میلێکی تریش دەچێتە دواوە.

**پراگ ٢٨ی ژولای ١٩٢٠ – چوارشەممە**

ئایا لە چیرۆکی هەڵاتنەکەی **کازانوڤا**[١٣٩] لە زیندانە سەیرەکەی ئاگاداریت هەیە؟ بەڵێ، ئاگاداریت. لەو چیرۆکەدا ترسناکترین شێوەی زیندان بە کورتی باس کراوە -ژێرزەمینێکی تاریک و شێدار و لە ئاستی زونگاوەکاندا- زیندانێک لە ترس کە زیندانییەکە لەسەر تەختەیەکی باریکی دووقەدکراو دادەنرێت. ئاو تا ڕادەیەک لە کاتی ئاساییدا دەیگرێتەوە، بەڵام لە کاتی هەڵکشان و داکشاندا بە تەواوی ئاو دەگاتە تەختەکە. لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە کە مشکەئاوییە وەحشییەکان بە شەو زریکوهۆڕیانە. تەختەکە بەکێش دەکەن، لێیدەکەنەوە و دەیجوون (من بڕوام وایە کە زیندانی ناچارە بۆ بژێویی خۆی شەڕیان لەگەڵدا بکات) لە هەموویشی خراوتر ئەوەیە کە بێسەبرانە چاوەڕێی ئەو چرکەساتەن زیندانییەکە تەواو توانای نەمێنێت و لەسەر تەختە بچووکەکەی بکەوێتە خوارەوە. دەزانیت، ئەمە بە تەواوی لەو چیرۆکانە دەچێت کە تۆ لە نامەکەتدا باست

---

[١٣٨] فرانتس بلای نووسەری هاوسەردەمی کافکا.

[١٣٩] Giovanni Jacapo Casanova (١٧٢٥- ١٧٩٨) ئاژاوەگێڕێکی ئەشقبیشەی بەناوبانگە، ناوەکەی ئاماژەیە بە ئاشقە پیشەییە فێڵبازەکان. و.ف.



Scanned with CamScanner

کـردووە. ترسـناکێکە ناتوانیـت بیـری لـێ بکەیـتەوە. لە هەموویشـی گرنگتـر نزیـک و دووریـیەکەی لە ڕابـوردووی مـرۆڤەوە. لێـرەدا بە جۆرێک لە ترسا دەچەمێیتەوە کە بۆ هەمیشـە پشـتت نـاجۆر و نـاقۆڵا دەبێـت و قاچیشـت ڕەق و گـرژ، دووچـاری ترسـولەرز دێیـت و نایشـتوانیت هـیچ بکەیـت. جـگە لەوەی تەماشـای ئەو مشـکە ڕەش و زلانە بکەیـت کە لە قـووڵایی تـاریکیی شـەودا چاویـان تێبڕیویـت. لە ئەنجامیشـدا دەگەیـتە ئەوەی کە ئیـدی نازانیـت ئایـا هێشـتا لەسـەر تەخـتەکە بەسـەریانەوە دانیشـتوویت یـان لە خـوارەوە لەنـاو مشکەکاندایت. ئەوانیش بە لمۆزە داچەقاو و ددانە دەرپۆقیوەکانیانەوە بەرانبەر بە تۆ دەقیژێنن، دەی ئیتر لەو چیرۆکانە مەڵێ. ئاخر ئەوانە چ سوودێکیان هەیە؟ دەست هەڵبگرە. من ئەو گیانـدارە چکۆلانە بە تۆ دەبەخشم، بەو مەرجەی لە ماڵەکەتیان بکەیتە دەرەوە.

هێشـتا هـیچ لەبـارەی پزیشـکەوە نەوتـراوە؟ تۆ بەڵێنی تەواوت دابـوو بچیت بۆ لای پزیشـک، هەرچەنـدە هەمیشـە سـووریت لەسـەر بەڵێنی خۆت. ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئیتر خوێن نابینیت نەچوویت بۆ لای پزیشـک؟ مـن نامەوێـت نەخۆشـییەکەی خـۆم بە نەخۆشـییەکەی تـۆ بەراورد بـکەم. تـۆ زۆر لە مـن باشـتریت. مـن هەمیشـە ئاغـایەکم جانتـاکەی ڕادەسـتی کەسـانی تـر دەکـات تـا بـۆی هەڵبگـرن. (لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە هیچ گۆڕان و تایبەتمەندییەک بە باری چینـایەتیی ئەو نـادات، چـونکە یەکەم ئەو ئاغـایەیە کە خۆشـهاتن لە بـارهەڵگرەکە دەکات و پاشـان بـارەکە دەخـاتە بەردەمـی، ئیتـر ئەوە ئەو کـاتەیە کە ئاغا تکا لە بارهەڵگرەکە دەکات جانتاکەی بۆ هەڵبگرێت، چونکە ئەگەر هەڵـی نەگرێـت، ئاغـا هەرەس دەهێنێـت. تەنـانەت بەم دوایـیە - بەم دواییە، ڕۆژێک لە وێستگەوە دەگەڕامەوە بۆ مـاڵەوە. ئەو بـارهەڵگرەی جانتاکەی هەڵگرتبووم، بە ویستی خۆی و بەبێ ئەوەی لەو بارەیەوە هیچی پێ وترابێت، کەوتە دڵدانەوەی من. وتی ئەو دڵنیایە من دەتوانم ئەو کارانە بکەم کە ئەو ناتوانێت بیانکات. هەروەها وتی هەر کەسـە و



Scanned with CamScanner

بۆخۆی کارێکی هەیە و ئەویش هەرگیز گوێ بەوە نادات کە کارەکەی هەڵگرتنی جانتای خەڵکییە و لەم قسانە. ڕاستە ئەوەی لەو چرکەساتەدا بە بیری مندا دەهات، لەگەڵ ئەو قسانە کە ئەو دەیکردن، پەیوەندییان پێکەوە نەبوو، بەڵام من چیرۆکەکانی خۆمم لا ئاشکرا نەکرد. هەر لەبەر ئەوەیشە من لەو لایەنەوە بەراوردی خۆم لەگەڵ تۆدا ناکەم، بەڵام ناتوانم بیر لەوە نەکەمەوە کە بەسەر تۆ هاتووە. ئەم بیرکردنەوەیەیش تووشی دڵەڕاوکێم دەکات. پێویستە خۆت پیشانی پزیشک بدەیت. وا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. پێشتر من بە هیچ جۆرێک تووشی سیل نەبووم. هیچ کارێک منی ماندوو نەدەکرد. دەمتوانی تاهەتایە بە پێ بڕۆم. ئەوسا بەپێڕۆیشتن هەرگیز شەکەتی نەدەکردم (لە کاتێکدا کە بەردەوام بیرم دەکردەوە) تا لەپڕێکدا و لە مانگی ئۆگەستدا، دنیا گەرم، ڕۆژێکی خۆش و هەموو شتێک لە دنیای دەرەوەی زەینمدا ڕێکوپێک بوو، کاتێک لە مەلەوانگەیەکدا بووم، شتێکی سوورم تف کردەوە. شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. وا نییە؟ ماوەیەک تەماشام کرد و پاشان خێرا لە بیر خۆمم بردەوە. ئیتر دوای ئەوە چەند جارێکی تر دووبارە بووەوە. هەر کاتێک بمویستایە تف بکەمەوە، تەواو وەک خۆم بمویستایە، ئەو شتە سوورە دەردەکەوتەوە. دوای ماوەیەک ئیدی گوێم پێ نەدەدا، بەڵام بێزارکەر بوو، پاشان دیسان لە بیری خۆمم بردەوە. ئەگەر لەو کاتەدا زوو بچوومایەتە لای پزیشک، باشە، لەوانە بوو هەموو شتێک ڕوو لە چاکی بوایە، وەک ئەو بێپزیشکییەی تا ئێستا هەیە. جگە لەوەی کە ئەوسا کەس هیچی لەبارەی خوێنەکەوە نەدەزانی، تەنانەت بەڕاستی خۆیشم هیچم لێ نەدەزانی و کەسیش لەو لایەنەوە تووشی دووڵی نەدەهات. لێ هەنووکە یەکێک هەیە کە لەو لایەنەوە دڵنیگەرانە. بۆیە تکات لێ دەکەم بچیتە لای پزیشک.

بۆ مێردەکەت سەیرە بڵێت ئەوە و ئەوە بۆ من بنووسێت. ئایا نایەوێت لێم بدات، یان بمخنکێنێت؟ ها؟ بەڕاستی من لەمە تێناگەم. من



Scanned with CamScanner

تەواو بڕوام بە قسەی تۆ هەیە، بەڵام هەرچەندم دەکرد ئەوەیانم لا مەحاڵ بوو. وەک ئەنجام بەرانبەر بەوە هەست بە هیچ ناکەم. وەک ئەوەی ئەو قسانە بۆ من چیرۆکێکی سەیروسەمەرە بێت، وەک ئەوەی تۆ ئێستا لێرە بیت و بڵێیت "هەنووکە من لە ڤیەننام و گوێم لە هەراوزەنایە و شتی لەو بابەتە". ئێمەیش هەردووکمان لە پەنجەرەوە سەیری لای ڤیەننا بکەین و هەڵبەت کەمترین بەڵگەیش بۆ بوونی هەراوزەنا نەبێت.

شتێکی تریش هەیە: تۆ کە لەبارەی ئایندەوە دەدوێیت، ئایا ئەوە لە یاد ناکەیت کە من جوولەکەم؟ ڕوون و ئاشکرا، تەنانەت لەبەر پێتدا، جوولەکایەتی جێی مەترسییە.

## پراگ ٤ی ئۆگەست ١٩٢٠

ئەوەی ڕۆژی چوارشەممە لەبارەی سەفەرەکەی منەوە نووسیوتە و دەڵێیت (تۆ چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیت کە هاتنەکەت بۆ خۆت پێویست بێت)، من گوێی پێ نادەم. یەکەم لەبەر ئەوەی کاتەکەی بەسەرچووە و دووەمیش لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی ناخۆشە. لەگەڵ ئەمانەیشدا بەڕاستی دەتوانرێت پاساو بدرێت. بۆ نامەکانی شەوی شەممە و بەیانیی یەکشەممە تا ئەو ڕادەیە نائومێدکەر بوون؟ سێیەم لەوانەیە بتوانین ڕۆژی شەممە یەکتر ببینین (لەوە ناچێت یەکەم تەلگوراف لە سێ تەلگورافەکەی بەیانیی ڕۆژی دووشەممەت بەدەست گەیشتبێت. هیوادارم لە کاتی خۆیدا سێیەمت پێ بگات).

لەبارەی نامەکەی باوکتەوە کە نائومێدی و دڵەڕاوکەی تیا دروست کردوویت، من دەتوانم ئەوەندە تێبگەم کە پێداگرتنێکی ترە لەسەر ئەو نائومێدییەی ماوەیەکی زۆرە بەردەوامە. دەبێت لەبارەی خوێنەکەوە ئەو نائومێدییە لەنوێ زیندوو بکرێتەوە. تۆ لە نامەکەی باوکتدا هیچ

شتێکی تازە بەدی ناکەیت، تەنانەت منیش کە هەرگیز نامەی باوکتم نەخوێندووەتەوە، هیچ شتێکی تازە لەم نامەیەدا نابینم. ئەم (نامەیە) لە دڵەوە هاتووە و ستەمکارانەیە. ئەو ڕاستییە دەردەخات کە بۆ داسەکان و دڵدانەوە پێویستە دڵڕەق بێت. لە ڕاستیدا تەنیا واژۆکردن بایەخی نییە. ئەم واژۆکردنە تەنیا جێگری وشەی (ستەمکار)ە، بەڵام هەرچییەک بێت لەسەر واژۆکردنەکەوە وشەی Lito (بەداخەوە) و Stransne (خەمێکی زۆر) هەموو شتەکانی تر دەسڕێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە ئەو جیاوازییەی لە نێوان نامەکەی تۆ و نامەکەی باوکتدا هەیە، تۆی تۆقاندبێت. باشە، من نامەکەی تۆم نەدیوە، بەڵام تکات لێ دەکەم بیر لەوە بکەرەوە کە شەوق و ئامادەگییە ڕاستەقینەکەی ئەو لەگەڵ سەرپێچی و ڕقئەستوورییە بێماناکەی تۆ چەند لەگەڵ یەکتردا نەگونجاو و جیاوازن.

ئەی ئێستا چ دوودڵییەکت لە وەڵامدانەوە هەیە؟ یان باشترە بڵێم دوودڵ بوویت، چونکە وەک خۆت نووسیوتە ئێستا دەزانیت چ وەڵامێکی بدەیتەوە. شتێکی سەیرە! ئەگەر پێشتر کە وەڵامت دابووەوە پرسیارت لە من بکردایە کە "من چی بنووسم!" بێ سێودووکردن وەڵامم دەدایەوە کە منیش لەگەڵ ئەو وەڵامەدام کە خۆت دەیدەیتەوە.

بێگومان پەیوەندیی من لەگەڵ مێردەکەتدا هەرچۆنێک بێت بە لای باوکتەوە گرنگ نییە، چونکە لە دیدی ئەورووپاییەکانەوە ئێمە هەردووکمان دەموچاوێکی زنجی و بەربەریمان هەیە،[140] بەڵام بە چاوپۆشین لەوەی کە لە ئێستادا لەو بارەیەوە هیچ شتێکی بنەبڕ ناوترێت، بۆ دەبێت ئەم مەسەلەیە بەشێک بێت لە وەڵام؟ (وەڵامی تۆ بۆ باوکت) پاشان بۆ دەبێت درۆ بکەیت؟

---

[140] مەبەستی کافکا ئەوەیە کە ئەرنست پۆلاکی مێردی میلینا، وەک کافکا جوولەکەیە و وەک باوکی میلینا ناسیونالیستێکی دەمارگیری چیک بووە.



Scanned with CamScanner

به بڕوای من وەڵامەکەت دەکرێت وەڵامی ئەو کەسە بێت (ئەو کەسەی سەرسەختانە و بە دڵەتەپێوە، ڤیروسیا لە هەر شتێکی تر، چاودێریی ژیانی تۆ دەکات) کە ئەگەر بکرێت لەبارەی تۆوە لەگەڵ باوکتدا قسە بکات و بڵێت: "هەموو بڕیار و پێشنیارەکان پووچ و بێمانان. **میلینا** وەک خۆی دەژی و ناتوانێت بە جۆرێکی تر بژی. ئەگەرچی ژیانی **میلینا** پڕ پەژارەیە، بەڵام وەک ئەوەی ژیان لە ئاسایشگەیەکدا بەسەر بەرێت ئاسوودە و تەندروستە. تاقە شتێک کە **میلینا** لە تۆی داوا دەکات ئەوەیە ئەم داواکارییەی قبوول بکەیت. ئەگەر وا نەبێت هیچ تەگبیرێکی ترت لێ قبووڵ ناکات. تاقە شتێک کە لە تۆی دەوێت ئەوە نییە بە ئانقەست دەرگای دڵی خۆتی لێ دابخەیت، بەڵکو ئەوەیە کە گوێ لە ناڵەی دڵی خۆت بگریت، وەک چۆن مرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکی تردا و لە دۆخێکی یەکساندا قسە دەکەن، تۆیش ئاوا لەگەڵیدا بدوێیت. یەکجار بەسە کارێکی وا بکەیت بۆ ئەوەی بەشدارییەکی گەورە لەسەر لابردنی ئەو خەمە زۆرە بکەیت کە بەسەر ژیانی **میلینا**دا هاتووە، بۆ ئەوەی دوایی داخی بۆ نەخۆیت.[١٤١]

مەبەستت لەو قسەیەت چییە کە دەڵێیت وەڵامی نامەکەی باوکت ڕێکەوتی ڕۆژی لەدایکبوونت دەکات؟[١٤٢] ڕاستت پێ بڵێم من لە ڕۆژی لەدایکبوون دەترسم، ئەگەر ڕۆژی شەممە یەکتر ببینین یان نا، بە هەرحاڵ تکایە عەسر دەی ئۆگەست تەلگورافێکم بۆ بکە.

خۆزگە بتتوانیایە دەرفەتێکی وا بڕەخسێنیت کە ڕۆژی شەممە یان هیچ نەبێت ڕۆژی یەکشەممە لە **گموند** بیت، بەڕاستی گەلێک پێویستە.

---

[١٤١] ئەم نامەیەی **کافکا** زۆر لەو نامەیە دەچێت کە **کافکا** بۆ باوکی خۆی ناردووە و داویەتی بە دایکی بیداتێ و هەر بەدەستی نەگەیشتووە.

[١٤٢] مێژووی وەڵامەکەی **میلینا** بۆ باوکی ڕێکەوتی ١٠ی ئۆگەستە. **میلینا** لە ١٠ی ئۆگەستی ١٨٩٦دا لەدایک بووە. هۆی ناکۆکیی نێوان **میلینا** و باوکی لەوەوەیە کە **میلینا** هاتوچۆی ئەڵقەی ئەدیبانی جوولەکەی کردووە و شووی بە ئەرنست پولاک کردووە کە جوولەکە بووە.



Scanned with CamScanner

لەم حاڵەتەدا، ئەمە دوا نامەی منە کە پێش ئەوەی لە نزیکەوە یەکتر ببینین بگاتە دەستت. چاویشم، کە یەک مانگە هیچ ناکەن (بێگومان جگە لە خوێندنەوەی نامەکان و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەکردن) تۆ دەبینن.

وتارەکە[١٤٢] **ئەڵمانی**یەکەی زۆر چاکترە. هەرچەندە هەر بێ نییە، یان بە وتەیەکی چاکتر وەک ئەوە وایە هەنگاو بەناو زونگاوێکدا بنێیت کە هاتنەدەرەوە لێی زۆر دژوار بێت. یەکێک لە خوێنەرەکانی "**تریبونا**" بەم دواییە پێی وتم ئەو وا دەزانێت پێویستە من لە شێتخانەیەکدا خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان بم. وەڵامم دایەوە: "بەڵێ، لە شێتخانەکەی خۆمدا" لەدواییدا ویستی مەدحی "شێتخانەکەم" بکات. (دوو یان سێ جار بەدحاڵیبوونێکی بچووک لە وەرگێڕانەکەدا بوونی هەیە).

## پراگ ٤ تا ٥ی ئۆگەست ١٩٢٠ شەوی چوارشەممە

هەر ئێستا لە دەوروبەری سەعات دەی شەودا لە ئۆفیس بووم. تەلگورافەکەت لەوێ بوو. هێند خێرا گەیشتبوو، من تا ڕادەیەک گومانم کرد کە وەڵامی نامەکەی دوێنێی من بێت. لەگەڵ ئەوەدا ئەم ڕستەیەی تیابوو: "ناردن، چوارەم، هەشت، ١١ی بەیانی" لە ڕاستیدا تەلگورافەکە لە سەعات ٧ی دوانیوەڕۆوە لە ئۆفیس بووە، کەواتە ٨ سەعاتە گەیشتووە. یەکێک لەو دڵدانەوانەی خودی ئەم تەلگورافە پێم دەبەخشێت ئەوەیە کە لانی کەم من و تۆ لە ڕووی جوگرافییەوە زۆر لە یەکترەوە نزیکین. لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ سەعات من دەتوانم

---

[١٤٢] مەبەست وەرگێڕانی وتارێکی **گۆستاف لنداورە** دەربارەی هوڵدەرلین کە **میلینا** لەسەر داوای **کافکا** بۆی ناردووە.



Scanned with CamScanner

وەلامی تۆم پێ بگات. بە دڵنیاییەوە هەمیشە وەلامەکە ئەوە نییە کە: "نەجووڵێیت".

هەنووکەیش ئەگەرێکی زۆر کەم لەئارادایە. نامەیەکم بۆ ناردوویت، تیایدا ڕوونم کردووەتەوە کە تۆ ناچار نییت شەوێک دوور لە **ڤیەننا** بەسەربەریت، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت بێیت بۆ گموند. ڕەنگە هێشتا ئەم نامەیەت بەدەست نەگەیشتبێت، بەلام پێویستە خۆت بەم بەرئەنجامە گەیشتبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا من هێشتا نازانم کە ئایا بەم ئەگەرە لاوازەوە دەتوانم دەستەبەری بلیتی شەمەندەفەرێکی **ئێکس پرێس** و ڤیزەی ٣٠ ڕۆژ بکەم (سەفەری پشووەکەت) یان نا.

هەرچەندە لەوە ناچێت من ئەو کارە بکەم. بروسکەکەی تۆ تەواو بنەبڕ و ئاشکرایە. وا دەردەکەوێت تۆ نەتوانیت لەبارەی سەفەرەکەوە بەسەر دید و دوودڵییەکەی خۆتدا زاڵ بیت. بڕوانە **میلینا**، ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگ نییە. من پێشتریش لە لای خۆمەوە تەنانەت خەونیشم پێوە نەدیوە (بەڕاستی تەنیا لەبەر ئەوەی کە من لە لای خۆمەوە هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد کە سازدانی دیدارێکی وا چەند دەبێت ئاسان بێت) کە من بتوانم دوای چوار هەفتە دووبارە تۆ ببینمەوە.[١٤٤] سازدانی دیدارێکی وا بە بڕوای من بە تەواوی قەرزاری گەورەیی تۆیە، بۆیە (بە نادیدەگرتنی ئەوەی کاتێک دەڵێی نایەم، بێگومان جگە لەوە چ چارەیەکی ترت نییە، منیش ئەوە دەزانم) هەر بەو هۆیەیشەوە تۆ هەقی ئەوەت هەیە ئەو ئەگەرەی خۆت دروستت کردووە، هەڵی بوەشێنیتەوە، بۆیە مەسەلەکە زۆر پێویست بە نووسین ناکات. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە وەک مرۆڤێکی پەرۆش بەو جۆرە لە ڕۆچنەیەکی تاریکەوە لوغمێکی لێ دابێت کە یەکسەر لە لای تۆ کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەیش هەموو بوونی خۆی، هەموو

---

[١٤٤] تا ئەو کاتە **میلینا** و **کافکا** دوو جار یەکتریان دیبوو. جاری یەکەم لە **ڤیەننا** و دارستانەکانی دەوروبەری لە ٢٩ی ژوئەنەوە تا چواری ژولای. جاری دووەم ١٤، ١٥ی ئۆگەست لە گموند.

گەردیلەکانی لەشی لەو لوغمەدا کە بە لایەوە (بێگومان شێتانە دەڵێت: بێگومان! بێگومان! بێگومان!) لە تۆدا کۆتایی دێت، بەرەو لای تۆی کردووەتەوە. لە پڕێکدا دەبینێت ئەو لوغمەی لەباتی ئەوەی لە تۆدا کۆتایی بێت، بەر بەردێک دەکەوێت کە توانای بڕینی نییە. تکات لێ دەکەم مەیە. بۆ ئەوەی مرۆڤەکە جارێکی دی چەند بتوانێت لەو لوغمە (کە زۆر خێرا هەڵکەنراوە) وردەوردە بگەڕێتەوە و دووبارە پڕی بکاتەوە. باشە، ئەمە کەمێک ئازاراوییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤێک توانای ئەوەی هەبێت بە دووروودرێژی لەبارەیەوە بنووسێت، ڕەنگە ئەوەندەیش زەحمەت نەبێت. سەرئەنجام مرۆ تونێلی تازە لێ دەدات. مشکەکوێرەیەکی سەیرە ئەم مرۆیە.

لە هەموو خراپتر ئەوە بوو لەبەر چەند هۆیەک کە وا بزانم دوێنێ ئاماژەم پێ دا، دیدارەکە زۆر گرنگ دەبێت، بۆیە لەو لایەنەوە هیچ شتێک جێی ناگرێتەوە. لە ڕاستیدا هەر لەبەر ئەمەیشە کە من لەبارەی تەلگورافەکەوە خەمگینم، بەڵکو لە نامەی دووبەیانیتدا کەمێک ئاسوودەیی هەبێت.

تاقە داواکارییەکم هەیە: لە نامەکەی ئەمڕۆتدا دوو ڕستە هەن گەلێک توند و سەختن، ڕستەی یەکەم: (تۆ نایەیت، چونکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیت کە هاتنەکەت بۆ خۆت پێویست بێت). ئەم ڕستەیە پاساوێکی خۆی هەیە، بەڵام ڕستەی دووەم، واتا: (**ماڵئاوا فرانتس**) ئاراستەکەی سەختە. لەدوای ئەو ڕستەوەیە کە دەنگدانەوەیەک دەبیستێت، (لەبەرئەوەی بروسکەی ساختە بێسوودە، بۆیە من بروسکە نانێرم). ئەی کەواتە بۆ ناردت؟ ئەمەیان بە هیچ جۆرێک پاساو نادرێت. ڕستەگەلی تریشی تیا هەیە. **میلینا**، ئایا دەتوانیت هەرچۆنێک بووە لێیان پەشیمان بیتەوە؟ دەتوانیت بە فەرمی لێیان پەشیمان بیتەوە؟ لە بەراییدا ئەگەر پێت خۆشبوو هەندێک لەو ڕستانە، بەڵام دەتوانیت لەدواییدا لە هەموویان پاشگەز بیتەوە؟



Scanned with CamScanner

ئەم بەیانییە لە بیرم چوو نامەکەی باوکتی پێوە پەیوەست بکەم. لێم ببوورە. لەو بارەیەوە ئەوە سەرنجی ڕاکێشام کە دوای سێ ساڵ ئەمە یەکەم نامەی باوکتە بۆی ناردوویت. ئێستا تێدەگەم چ کاریگەرییەکی لەسەر تۆ هەبووە. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە نامەکەی تۆی لە دیدی باوکتەوە گرنگتر کردووە. دەبێت لە بنەمادا شتێکی تازەی لەخۆ گرتبێت.

بەڵێ، لە نامەکەتدا ڕستەی سێیەمیش هەیە کە بە دەرگای دەڵێیت و مەبەستت دیوارە. ڕستەکەت لە دژی منە، نەک ئەوانەی ناوت بردوون. مەبەستم لەو ڕستەیە باسکردنی ئەو شیرینیانەیە کە زیان بە گەدە دەگەیەنن.

## پێنجشەممە

کەواتە دیارە ئەمڕۆ، جگە لەوەی بە پێچەوانەی چاوەڕوانیشەوەیە، لەو ڕۆژە درێژ و بێزراوانەیە کە نامەیان تیا نییە. بەم جۆرە، بەڕاستی مەبەست لە ناردنی نامەی ڕۆژی دووشەممەت ئەوە بووە کە ڕۆژی سێشەممە نامە نەنووسیت. خاسە، تەلگورافەکەت ئومێدم پێ دەبەخشێت.

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) من هەرگیز دژی سەفەرکەت نیم لە مۆڵەتەکەتدا. چۆن دەتوانم دژی بم و چ هۆکارێک هەیە کە تۆ وا بیر بکەیتەوە؟



Scanned with CamScanner

دەمویست لە بەرچاوی تۆدا بەهای خۆم زیاتر بکەم، ویستی خۆم پیشان بدەم. بۆ گەیشتنی نامە چاوەڕوانیت پێ بکەم، یەکەم دۆسیەی گەیشتوویش تەواو بکەم، بەڵام ژوورەکە چۆڵە، کەس گوێم پێ نادات. وەک ئەوە وایە یەکێک وتبێتی: وازی لێ بێنن با تەنیا بێت، نابینن چۆن نوقمی ناو کاروبارەکانی خۆی بووە. لەوە دەچێت گۆچانی قووتدابێت. وەک ئەنجام من تەنیا نیو لاپەڕە نامەم نووسیوە و وا دیسانەوە لەگەڵ تۆدام. هەنووکە بەسەر ئەم نامەیەوە هەڵکورماوم، هەر بەو جۆرەی ئەوسا، کاتێک لە دارستانەکەدا لەپاڵ تۆدا هەڵکورمابووم.

ئەمڕۆ نامەم نەبوو، بەڵام ترس و دوودڵیشم نییە. **میلینا**، تکات لێ دەکەم قسەکانم بە چاکی وەربگرە. من هەرگیز شپرزە و دڵپەشێو نیم، ئەگەر هەندێک جار وا هاتبێتمە بەرچاو، کە زۆر جار هەر وایش دێمە بەرچاو، هۆکارەکە تەنیا لاوازی و ئەڵهای دڵێکە کە لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا بە چاکی دەزانێت بۆ لێدەدات. دێوەکانیش لاوازییان تێدایە. من وا دەزانم کە سەردەمانێک تەنانەت **هیرقەڵ**یش لاواز بووبێت، بەڵام من بە ددانە قفڵکراوەکانمەوە، بەرانبەر چاوەکانت، کە تەنانەت بە ڕوونی دەیانبینم، دەتوانم بەرگەی هەموو شتێک بگرم. دووری، پەشێوی، دوودڵی و بێنامەییش.

چەند شادمانم، چەندە شادمانم دەکەیت! بریگرتەیەک (موکل) هاتە لام. بیری لێ بکەرەوە، من بریگرتەیەکیشم هەیە، بوو بە هۆی ئەوەی واز لە نووسینی نامەکە بهێنم. کاتم لێ تاڵ بوو، بەڵام ئەم پیاوە دەموچاوێکی دڵگیر و کۆک و گۆشتنی هەبوو. لە هەمان کاتدا ئەمەندە پیاوێکی چاک بوو، کە گاڵتە و قسەی خۆش تێکەڵ بە ئیدارە بکات، لەگەڵ ئەمانەیشدا لە کاتی گرتم. من نەمدەتوانی لەسەر ئەمە بیبەخشم، پاشان ناچار بووم لە شوێنەکەم هەستم و لەگەڵیدا بڕۆم بۆ دایرەیەکی تر، بەڵام ئازیزەکەم. ئەو ڕێزیشی لای تۆ زۆر بوو -

چـونکە ڕێـک لەو کـاتەدا کە دەمویسـت لە جێگـەکەم هەسـتم، کارگوزارێـک دێـتە ژووری و نـامەیەکی تـۆ دەهێنێـت، مـن لەڕێـی پلیکانەکانـدا نـامەکە دەکەمەوە. خـوا گیـان! وێنەیەک لە زەرفەکەدایە. شتێکی تەواو مەحاڵ. نامەیەکی سالانە. نامەیەکی هەتاهەتایی و هێند دلۆڤان کە هیچ لەوە چاکتر نییە. وێنەیەکی بێنەوا و خەمبار. تەنیا لەگەڵ فرمێسک و ترپەی دڵدا دەتوانیت تەماشای بکەیت و هیچی دی.
وا دیسان غەریبەیەکی تر لەپشت مێزەکەم دانیشتووە.
شـتێکی تـریش: کاتێـک تـۆ لە دڵمـدایت مـن دەتـوانم بەرگەی هەمـوو شـتێک بگـرم. ئەوەی کە جارێـک بـۆم نووسـیبوویت، ئەو ڕۆژانەی نـامەی تۆیـان تیـا نییە، ڕۆژانێکی هەراسـانکەرن، ڕاسـت نەبـوو. ئەو ڕۆژانە تەنیا بە شێوەیەکی ترسناک قورس بوون. کەشتییەکی قورس کە ئاوگێڕەکەی زۆر لە قووڵیدا بوو، لەگەڵ ئەوەیشـدا شـەماڵی یـادی تۆ بەرەو پێشەوەی دەبرد. **میلینا**، تاقە شتێک هەیە بەبێ هاوکاریی تۆ نـاتوانم بەرگەی بگـرم "تـرس و شـپرزەیی". بەرانـبەر بەمە گەلێـک بێتوانـام، تەنـانەت نـاتوانم تـاقە جارێـک لە سـەرتاپای ئەم هەیـولایە بڕوانم، دەمخاتە دەریایەکی بێپایانەوە.
ئەوەی دەربارەی **یارمیلا** دەیڵێیت تەنیا لاوازییەکە لە لاوازییەکانی دڵ، تۆ دڵت بۆ چرکەساتێک بڕوا بە مـن ناکات، تۆ بیرێکی وات بەسـەردا دێت. ئایا بەم مانـایە مـن و تۆ هەر دوو کەسین؟ ئایا ترسـەکەی من لەگەڵ ترسی خۆپەرستیدا جیاوازیی هەیە؟
وا جارێکی دی وەستانێک، من ئیدی ناتوانم لە ئۆفیسەکەدا نامە بۆ تۆ بنووسم.
ئەگەر ئەم نامەیە زۆر دڵنیاکەر نەبوو، ئەو نـامە درێژەی کە منت لـێ ئاگـادار کـردووە و تـا ڕادەیەک هەراسـانی کـردووم، چیـی تیـا بـاس دەکەیت؟
خێرا ئاگادارم بکەرەوە کە ئایا پارەکەت بەدەست گەیشتووە. ئەگەر ون بوویێت، جارێکی تریش بۆت دەنێرم، ئەگەر ئەویش ون بوویێت،



Scanned with CamScanner

دیسـان دەینێـرم و هەر بەو شـێوەیە تـا کۆتـایی. تـا ئەو کـاتەی هەردووکمان دەستمان لە هەمانەکە دێتە دەرەوە. تەنیا ئەو کاتەیشە کە هەموو شتێک ڕێکوڕەوان دەبێت.

-ف-

گوڵەکەم بەدەست نەگەیشت. پێدەچێت لە دواچرکەدا ئەوەت زانیبێت کە گوڵەکە لەوە جوانترە بە من بدرێت.

**پراگ ٦ی ئۆگەست ١٩٢٠ هەینی**

کەواتـە تۆ نەخۆشیت و لـەو کاتـەوەی دەتناسـم بـەم ڕادەیـە نـەخۆش نـەبوویت؟ کەواتـە مەودایەک لە نێوان مـن و تـۆ و ئـەم نەخۆشـییەدا هەیە کە برینی زەحمەتە. دەردێکە دەبێت بە هۆی ئەوەی هەست بکەم لە ژوورەکەتدام و تۆ بـە زەحمـەت دەمناسیتەوە. مـن بێ یارویـاوەر، لـەنێو تـەختی نووسـتن و پەنجـەرەدا سـەرگەردان بێم و بچـم و بڕوا بەکەس نەکەم. نە بە پزشیک و نە بە دەرمان، نایشزانم چی بکەم چاو لـە ئاسمانە تارومارەکـە دەبڕم کـە دوای ئـەم هـەموو سـاڵە خۆشـە بەسـەرچوانە، یەکـەمین جـارە ڕووە ڕاسـتەقینەکەی دەبیـنم، کـە لـە ڕاسـتیدا نائومێـدە، پـەردەی فریـوی لاداوە و وەک خـودی مـن بـێ فریادڕەسە. تۆ لەناو پێخەفی نەخۆشیدایت؟ کێ خواردنت بۆ دێنێت؟ چ جۆرە خۆراکێک دەخۆیت؟ ئەم سەرئێشـەیە چییـە؟ ئەگـەر دەرفـەتت دەستکەوت شتێکم لـەو بارەیـەوە بۆ بنووسـە. جارێکیـان هاوڕێیـەکم هـەبوو، جوولەکەیەکی خۆرهـەڵاتی و ئەکتـەری شانۆ بـوو. هـەر سـێ مانگ جارێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تووشی سەرئێشـەیەکی سـەیر دەهـات، کـەچی لـە کـاتی تـردا تەندروسـتیی بـاش و هیچـی نـەبوو. لەوڕۆژانەدا کە تووشی سەرئێشەکە دەهات، ناچار بوو لە ناوەڕاستی



Scanned with CamScanner

شەقامدا بوەستێت و پاڵ بە دیواری ماڵەکانەوە بدات. لەو کاتەدا کەس نەیدەتوانی هیچی بۆ بکات، جگە لەوەی بۆ ماوەی نیو سەعات سەروخواری شەقامەکە بکات و چاوەڕێی بێت.

کەسی نەخۆش کەسی تەندروست بەجێی دێلێت، بەڵام کەسی تەندروستیش کەسی نەخۆش هەر بەجێی دێلێت. ئایا ئەم ئازارانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە؟ ئەی پزیشک؟ ئەی تۆ لە کەیەوە تووشی ئەو ئازارانە بوویت؟ پێدەچێت ئێستایش حەب بخۆیت؟ خراپە! خراپ؟ من تەنانەت ڕێگە بە خۆم نادەم بە "منداڵ" ناوت بەرم.

بەداخەوە سەفەرەکەت جارێکی تر دواکەوت. هەنووکە تەنیا ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی ئاییندە سەفەر دەکەیت. پێم خۆشە لەنێو دەریاچە و دارستان و چیاکاندا تەندروست بتبینم. من ئەو شانسەم نییە، بەڵام لەمە زیاتر چەند خۆشبەختیم بوێت؟ من چاوچنۆکم، چاوچنۆک! بەداخەوە تۆ ناچاریت هەموو ئەم ماوەیە بەدەم ئازاردانی خۆتەوە لە **ڤیەننا** بەسەربەریت.

قسەکردن لەسەر **داڤوس** ئەخەینە کاتێکی تر. من ناچم بۆ ئەوێ، چونکە تا بڵێی دوور، گران و پێویستیش ناکات. ئەگەر بڕیار بێت لە **پراگ** دەربچم -ئەگەری ئەوەیش هەیە- باشترین کار ئەوەیە بچم بۆ گوند، لە لایەکی تریشەوە کێ لەوێ پێشوازیم لێ دەکات؟ دەبێت بیر لەوەیش بکەمەوە. لێ بە هەرحاڵ لەپێش ئۆکتوبەردا لە **پراگ** دەرناچم.

دوێنێشەو (**شتاین**)[١٤٥] ناوێکم بینی، ڕەنگە تۆ ئەوت لە چایخانە و بیناسێت. هەمیشە بە **شا ئەلفونس**[١٤٦] بەراورد کراوە. ئەو لە ئێستادا بریکاری داواکاری گشتییە. پێی وتم زۆر خۆشحاڵە بە دیدارەکەم و دەیەوێت پرسیارێکم لێ بکات کە پەیوەندیی بە کاری پارێزەرییەوە

---

[١٤٥] لە سەردەمی کافکادا دوکتور پاول شتاین پارێزەرێکی بەناوبانگ بووە لە پراگ.

[١٤٦] مەبەست ئەلفونسی دوانزەهەمی شای ئیسپانیایە (١٨٨٦ – ١٩٣١).



Scanned with CamScanner

هەیە کە پیشەی هەردووکمانە، پێشتریش ویستوویەتی تەلەفۆنم بۆ بکات. "چاکە! پرسیارەکەی لەبارەی چییەوە بێت باشە؟" لەبارەی "تەلاقەوە کە پەیوەندییەکی بە تۆیشەوە هەیە". مەبەستم ئەوەیە کە داوای لێ کردم منیش دەست لە کارەکە وەربدەم، بەڕاستی لەتاوا پەشۆکام و دەستم خستە سەر دڵم، پاشان دەرکەوت کە پەیوەندیی بە تەلاقی یەکێک لە باوک و دایکی شاعیرەوە هەیە.[١٤٧] واتا دایکی شاعیرەکە کە من نایناسم داوای لە **دوکتۆر شتاین** کردووە کە ئەویش داوا لە من بکات، بۆ ئەوەی توانای خۆم بەسەر شاعیرەکەوە بەکار بهێنم تا مامەڵەی باشتر لەگەڵ دایکیدا بکات و بە قسەی ناخۆش و دڵڕەقانە لەگەڵیدا نەجووڵێتەوە.

بەم بۆنەیەوە با پێت بڵێم کە چ هاوسەرگیرییەکی سەیروسەمەرەیە. بیری لێ بکەرەوە: ژنێک[١٤٨] پێشتر هاوسەرگیریی کردووە. لە هاوسەرگیریی پێشووی منداڵێکی هەیە (ئەو شاعیرەیە کە باسمان کرد)، بەڵام ئەم منداڵە لە مێردی دووەمیەتی کە ئێستایش هەر مێردیەتی، بۆیە شاعیرەکە ناوی مێردەکەی پێشووی دایکی هەڵگرتووە، نەک باوکە ڕاستەقینەکەی کە ئەمەی ئێستایە، پاشان ئەم دوانە دەبنە ژنومێرد، وا ئێستایش دوای چەندین ساڵ ژنومێردی لەسەر داوای پیاوەکە کە باوکی شاعیرەکەیە، جیادەبنەوە، (تەلاقەکە پێشتر ڕێگەی پێ دراوە)، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەکە کێشەی نیشتەجێبوونی هەیە و ناتوانێت ئاپارتمانێک پەیدا بکات، هێشتا وەک ژنومێرد پێکەوە دەژین، بەڵام پیاوەکە، لەگەڵ ئەو ژیانی ژنومێردایەتییەیشدا (کە هۆیەکەی نەبوونی ئاپارتمانە) لەگەڵ ژنەکەدا ئاشت نابێتەوە، تەنانەت ئامادە نییە واز لە کاروباری تەلاقەکە بهێنێت.

---

[١٤٧] لەوە دەچێت ئاماژەبێت بۆ شاعیرێکی لاو کە لەنامەکانی پێشتردا باسی کراوە و هەمان گوستاف یانوشە.

[١٤٨] مەبەست دایکی شاعیرەکەیە.



Scanned with CamScanner

ئایا سۆزی ئێمەی مرۆڤ نەبووە بە گاڵتەجاڕی؟ من ئەو پیاوە دەناسم. پیاوێکی چاک و شەریف، ژیر، زۆر لایەق و بەتوانا و دڵسۆزە.
زۆر بەتاسەوە چاوەڕێی لیستی ئەو شتانەم کە دەتەوێت. هەرچۆنێکە بینێرە. چەند زیاتر بێت، باشتر، بەناو هەر کتێب و هەر شتێکدا کە لەو لیستەدا بێت دەگەڕێم تا لە ڕێگەیانەوە سەفەر بۆ ڤیەننا بکەم. (بەڕێوەبەر هیچ ڕێگرییەک بۆ سەفەرەکە ناکات)، چەند دەکرێت بۆ ئەو سەفەرە دەرفەتی زیاترم بدەرێ. دەیشتوانیت ئەو وتارانەی پێشتر لە تریبونادا بڵاوت کردوونەتەوە بە ئەمانەت بمدەیتێ، هەروەها من تا ڕادەیەک حەز دەکەم سەفەرەکەت بکەیت. بێگومان دەبێت خۆت لەو جێگەیانە ببوێریت کە پەیوەندییە پۆستییەکانیان خراپە. بە کورتی نامەم بۆ بنووسە و پێم بڵێ دنیای تۆ لە چ دایە. باشە؟ ژیانت، ئاپارتمانەکەت، پیاسەکانت، ئەو دیمەنەی لە پەنجەرەوە دەیبینیت، خواردنیش (هەموویم بۆ بنووسە) بۆ ئەوەی منیش کەمەکێک بەشداریی ژیانەکەت بکەم.

## پراگ ٣١ی ژولای ١٩٢٠ شەممە

من لەم چرکەساتەدا شپرزە و خەمگینم. بروسکەکەتم ون کردووە. لە ڕاستیدا نابێت بروسکە ون بێت، بەڵام هەر بەدوادا گەڕانەکەی تا ڕادەیەکی زۆر خراپە. لە ڕاستیدا خەتای تۆیە. ئەگەر بروسکەکەت هێند جوان نەبوایە کە ئەو هەموو ماوەیە بە دەستییەوە بگرم (ئێستا ئاوا ون نەدەبوو).
تاقە شتێک ئاسوودەیی تێگەڕاندم ئەوەبوو کە دەربارەی پزیشک نووسیبووت، کەواتە خوێنەکە شتێکی گرنگ نەبوو. باشە. من خۆیشم هەر وام هەست پێ دەکرد. وەک ئەوەی منیش لای خۆمەوە



Scanned with CamScanner

پزیشکێکی تەواو بم. ئەو ئێستا لەبارەی نەخۆشیی سیپەلکەوە چی دەڵێت؟ دڵنیام دەربارەی شتهەلگرتن یان برسیەتیکێشان هیچی پێ نەوتوویت. ئایا لەو بارەیەوە کە دەبێت لەگەڵ مندا میهرەبان بێت، هیچی پێ نەوتوویت؟ ئایا بەوە قایلیت؟ یان هەر ناوم نەهاتووە؟ بەڵێ! بەلام ئەگەر پزیشک لە منەوە هیچی لە بەردەستدا نەبێت، من بە چی دڵخۆش بم؟

بەڕاست نەخۆشییەکەت هێند ترسناک نییە؟ ئایا لەوە زیاتر کە چوار هەفتە بتنێرێت بۆ گوند، قسەی تری نییە؟ بەڕاستی ئەمە زۆر کەمە.

نا، من بە سەفەرەکەت ناڕازی نیم، زیاتر ناڕازیبوونەکەم لەسەر ژیانی تۆیە لە **ڤیەننا**. بڕۆ! تکات لێ دەکەم بڕۆ. لە نووسینێکتدا بۆ من باست لە ئومێدێک کردبوو کە لەو سەفەرەدا دەیبینیت. ئەوە بەسە بۆ من کە پێم خۆش بێت سەفەرەکە بکەیت.

دیسانەوە لەبارەی سەفەرەکەی **ڤیەنناوە**، لەوسا خراپترە. کە تۆ بە جیددی لەبارەی ئەو سەفەرەوە قسە دەکەیت، ئەوسا لێرە بەڕاستی زەوی دەکەوێتە لەرزین، من لە چاوەڕوانیی ئەوەدام فڕێم بداتە دەرەوە. لێ هیچ ڕوو نادات، بەلام ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێگرییەکانی دەرەوە هەبێت (من لەبارەی ڕێگرییە ناوەکییەکانەوە هیچ نالێم، چونکە هەرچەندە ئەو ڕێگرییانە بەهێزترن، بەلام ناتوانن بەرم لێ بگرن. نەک لەبەر ئەوەی کە من بەهێزم، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لەوە بێتواناترم بهێڵم بەرەو دواوەم بەرن) من پێشتر نووسیومە. دەشێت ئەم سەفەرە لە تاقە ڕێگەیەکەوە ئەنجام بدرێت کە ئەویش درۆکردنە. بەداخەوە من دەترسم درۆ بکەم. نەک ترسی پیاوێکی شەریف، بەڵکو ترسی قوتابییەک. با لەمەیان گەڕێین. من وا هەست دەکەم، یان بە لایەنی کەمەوە وای دادەنێم کە ئەگەرێک بۆ سەفەرەکە هەبێت. ئەویش ئەو کاتەی کە من بێ هیچ هەلومەرجێک و بە ناچاری و لەسەر ئارەزووی تۆ، یان خۆم بێم بۆ **ڤیەننا**. لەم حاڵەدا، بۆ جاری دووەم، تەنانەت وەک قوتابییەکی سەرەڕۆیش ناتوانم درۆ بکەم، بۆیە ئەم ئەگەری درۆکردنە

بۆ خۆم دابین دەکەم. من لەو ئەگەرەدا دەژیم، وەک تۆ چۆن لەسەر قسەی خۆت ژیایت کە زۆر زوو دێیت! هەر لەبەر ئەمەیە کە من ئێستا نایەم. لەباتی ئەو بڕیارە بنەبڕەی ئەم دوو ڕۆژە (تکات لێ دەکەم لەبارەی ئەم دوو ڕۆژەوە بۆم مەنووسە، بەم کارە ئازارم دەدەیت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم کارە پێویست نییە، بەڵکو نیازێکی بێسنوورە) من هەمیشە توانای ئەگەری ئەو دوو ڕۆژەم هەیە.

ئەوەی پەیوەندیی بە گوڵەکانەوە هەبێت بێگومان ئێستا پەژمووردە بوون. ئایا تا ئێستا وەک ئەوەی بە منت ڕەوا دیوە، ڕەوتی ڕاستەقینەی گوڵەکانیشت هەر بەو دەردە بردووە؟ دەبێت پێت بڵێم کە ئەم کارە گەلێک ناخۆشە.

من خۆم ناخەمە ناو شەڕی تۆ و **ماکس**ەوە. من لە دەرەوەی چاڵەکە دەوەستم، داوەری لەسەر بۆچوونەکانتان دەکەم و خۆم دەپارێزم. بێگومان تۆ هەرچییەک دەڵێیت ڕاست دەکەیت، لێ ئێستا ئێمە دەمانەوێت جێگەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین. تۆ زێدی خۆت هەیە و دەیشتوانیت گوێی پێ نەدەیت و ڕەنگە ئەمە باشترین کات بێت کەسێک بتوانێت لەگەڵ زێدی خۆیدا بیکات، بەتایبەتی لەو لایەنەوە کە ئەوەی لە زێدەکەتدا هەیە، نەتوانیت گوێی پێ نەدەیت، بەڵام ئەو زێدی نییە تا گوێی پێ نەدات، بۆیە ناچارە بەردەوام بەدوایدا بگەڕێت، یان دروستی بکات. ئیتر ئەو کاتە بێت کە کڵاوەکەی بە گوڵمێخەکەدا هەڵدەواسێت، یان ئەو کاتەی دوای مەلە لەبەر خۆر ڕاکشاوە، یان ئەو کاتەی دەیەوێت کتێبێک بنووسێت و دەبێت تۆیش وەری بگێڕیت (ڕەنگە تا ئێرە بەشە بێزارییەکەی ئەو کەمتر بێت، بەڵام ئەی تۆی ئازیز و نەگبەت. لەبەر هەستبەگوناهکردن چەند باری گران لە ئەستۆ دەگریت. دەتبینم بەسەر کارەکەتدا چەماویتەوە، گەردنت ڕووتە، من لە پشتتەوە دەوەستم، تۆ ئاگات لێ نییە. تکایە ئەگەر لەدواوە هەستت بە لێوم کرد بەسەر گەردنتەوە، بێزار مەبە. مەبەستم ماچ نەبووە.



Scanned with CamScanner

تەنیا ئەشقێکی بێ فریادڕەسە). بەڵێ، **ماکس** ناچارە هەمیشە بیر لەمە بکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەیش کە نامە بۆ تۆ دەنووسێت.

سەیرە کە تۆ بە شێوەیەکی گشتی بەرانبەر بەو زۆر چاک بەرگریت لە خۆت کرد، بەڵام لە وردەکارییەکاندا سەرنەکەوتیت.[١٤٩] دیارە لەبارەی ژیانی من لەگەڵ باوک و دایکمدا و هەروەها دەربارەی **داڤوس**یش شتی بۆ نووسیویت. لە هەردووکیاندا هەڵە بووە. بێگومان ژیانی من لەگەڵ باوک و دایکمدا زۆر خراپە، بەڵام نەک تەنیا ژیانی ڕۆژانەم، بەڵکو هەروەها ژیان لەو ئەڵقەی سۆز و خۆشەویستییەدا. (بەڵێ، تۆ هیچ لەو نامەیە نازانیت کە بۆ باوکمم ناردووە) گیزەگیزی مێشێک بەسەر لقی درەختێکی چەسپاکەوە. هەرچەندە ئەم ژیانەیش بەشی خۆی لایەنی چاکەی هەیە، بەڵام ڕێک لەوە دەچێت یەکێک لە ماراسۆندا شەڕ دەکات و یەکێکی تر لە ژووری نانخواردندا. خوای شەڕ و سەرکەوتن لە هەموو جێگەیەکدا هەن، بەڵام جێگۆڕکێیەکی میکانیکی چ سوودێکی هەیە؟ بەتایبەتی کە من لە ماڵەوە نان دەخۆم کە لە ئێستادا بۆ من لە هەموو جێگەیەک باشترە. قسەکردن لەسەر **داڤوس** با بمێنێت بۆ ڕۆژێکی تر. تاقە شتێک کە پەیوەندیی بە **داڤوس**ەوە هەبێت و من پشتگیریی لێ بکەم، ماچی کاتی سەفەرەکەمە.

## پراگ ٧ی ئۆگەست ١٩٢٠ شەممە

دلۆڤان و هێور. ئایا من وام؟ بەڕاستی نایزانم. شتێک دەیزانم ئەوەیە تاقە تەلگورافێکی وا دەتوانێت سوود بە هەموو ئەندامەکانی لەش بگەیەنێت، هەرچۆنێک بێت ئەمە تەنیا تەلگورافێکە، نەک دەستێک بۆ کەسێک درێژ کرابێت.

---

[١٤٩] لەوە دەچێت ماکس برود زایۆنیستێکی چالاک بووبێت کە کافکا ئەوەی بە لاوە گرنگ نەبووە. ڕەنگە چەندوچوونەکەی نێوان میلینا و ماکس برود لەو بارەیەوە بووبێت.

لێ ئەم تەلگورافە زەنگێکی خەمناکیشە، لەدوایەوە گوێت لە دەنگی نەخۆشێکە لەناو پێخەفی نەخۆشیدا هەڵدەستێت. ئەمڕۆیش ڕۆژێکی ناخۆشە و نامەت نەگەیشتووە. دیسانەوە ڕۆژێکی بێنامە. چۆن دەتوانم دڵنیا بم کە تۆ خۆت تەلگورافەکەت ناردووە و لەو ژوورەی سەرەوەدا کە من زیاتر لە ژوورەکەی خۆم لەوێ دەژیم. هەموو ڕۆژەکە لە جێگەدا نەکەوتوویت؟
ئەمشەو لەبەر لایەنگیریی تۆ تووشی کوشتنێک هاتم. خەونێکی ترسناک و شەوێکی خراو. وردەکارییەکانیم بیر ناکەوێتەوە.
وا ئاخری نامەیەکت گەیشت. بەڕاستی زۆر ڕوونە. نامەکانی تر کەم تا زۆرێک بە هەمان ڕادە ڕوون بوون، بەڵام مرۆ پرکێشی ئەوەی نەدەکرد بڕواتە نێو ڕوونیی نامەکانەوە. بەڕاست تۆ چۆن دەتوانیت درۆ بکەیت؟ بە ناوچاوتا دیارە ناتوانیت درۆبکەیت.
من لۆمەی ماکس ناکەم. من بڕوام وایە هەرچییەکی نووسیوە ڕاست نییە. هیچ شتێک، هیچ کەسێک، تەنانەت ئەگەر چاکترین کەسیش بێت نابێت دەست بخاتە کارمانەوە. هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە دوێنێشەو تاوانی کوشتنێکم ئەنجام دا. لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا کە گوایە خزممە، شتێکی وت کە بە تەواوی لە بیرم نییە، بەڵام کەم تا زۆر بەو مانایە بوو کە فڵان کەس یان فیسار کەس بەکەڵکی کار نایەن. لەدواییدا خزمەکەم بە لاقرتێوە وتی: "چاکە، ڕەنگە میلینا بتوانێت بیکات". منیش هەر لەبەر ئەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان کوشتم و بە شپرزەیی گەڕامەوە ماڵەوە. لە ماڵەوە یەکسەر دایکم کەوتە دوام. لەوێیش دیسانەوە قسەیەکی لەو بابەتە هاتەوە گۆڕێ، لەدواییدا زۆر بە تووڕەییەوە هاوارم کرد: "هەر کەسێک شتێکی خراپ دەربارەی میلینا بڵێت، ئەگەر باوکیشم بێت، یان ئەو دەکوژم، یان خۆم". پاشان لە خەوەکەم هەستام، بەڵام نە خەو بوو نە بێداری.
دیسانەوە دەگەڕێمەوە بۆ نامەکانی پێشوو. لە ڕاستیدا ئەم نامەیە زۆر لەو نامانە دەچێت کە بۆ ئەو کچە نووسراوە. نامەکانی شەو



Scanned with CamScanner

جگه له خەموخەفەتی نامەکانی بەیانی، چیی تر نەبوون (شەوێک نووسیوتە کە هەموو شتێک دەشێت جگە لە لەدەستدانی تۆ) لە ڕاستیدا تەنیا پەلەپیتکەیەکی دەویست تا ئەوەی مەحاڵە بێتە دی. لەوانەیە پەلەپیتکەکە ئامادەبوو بێت و ڕەنگە ڕوویشی دابێت.

بە هەرحاڵ: ئەم نامەیە دڵدانەوەیە. نامەکانی پێشتر لە شتێک دەچێت کە مرۆڤ لەناویاندا زیندەبەگۆڕ دەبێت، لە هەمان کاتیشدا بیردەکاتەوە کە دەبێت جووڵە نەکات، چونکە لەوانەیە بەڕاستی مردبێت.

کەواتە بەڕاستی هەموو ئەمانە بۆ من مایەی سەرسووڕمان نەبوو. من چاوەڕێی بووم. تا ئەو شوێنەی دەمتوانی خۆم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادە کردبوو. بۆ ئەوەی کاتێک کە ڕووی دا خۆم بگرم. کە ئێستا گەیشتووە بێگومان من ناتوانم بەرەنگاری ببمەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو نامدات بە زەویدا. لەلایەکی ترەوە، ئەوەی لەبارەی تەندروستیی خۆت و هەڵوێستت بەرانبەر بە شتەکانی تر نووسیوە، زۆر بێزراو و لە من خراپترە. چاکە، کە لە سەفەرەکەت گەڕایتەوە، لەو بارەیەوە دەدوێین، بەڵکو هیچ نەبێت ئەو موجیزەیەی باست کردووە ڕوو بدات، ئەوەی کە پەیوەندیی بە جەستەتەوە هەیە. جگە لەمە، لەو لایەنەوە من ئەوەندە لە تۆ دڵنیام کە چاوەڕێی موجیزە نەکەم. ئەوەندەی کە تۆ وەک سروشتێکی موجیزاوی، ئازارکێش، بێوەی، بە ئاسوودەیی بەرەو دارستان و دەریاچە و نانخواردنت دەسپێرم. خۆزگە ڕێگرییەک بۆ ئەو شتانە نەبوایە.

کاتێک بە نامەکەتدا دەچمەوە: (تا ئێستا جارێکم خوێندووەتەوە) ئەوەی دەربارەی ئێستا و ئایندەت دەینووسیت، دەربارەی باوکت و منیش نووسیوتە، بیر دەکەمەوە. تەنیا بەو ئەنجامە دەگەم (جارێکی تر ئەمەم بە تەواوی بۆ ڕوون کردوویتەتەوە) کە بەڕاستی جگە لە من، کەس هۆکاری بەدبەختییەکەی تۆ نییە، لەم لایەنەوە کاتێک زۆر بە وردی تەماشای حاڵەتەکەت دەکەم، بەتایبەتی من پێ لەسەر بەدبەختییە



Scanned with CamScanner

دەرەکییەکەی تۆ دادەگرم، چونکە ئەگەر من نەبوومایە تۆ لەپێش سێ مانگەوە، یان لانی کەم ئێستا لە **ڤیەننا** نەمابوویت. تۆ ناتەوێت **ڤیەننا** بەجێ بهێڵیت، دەزانم ئەگەر من نەبوومایە، تۆیش نەتدەویست **ڤیەننا** بەجێ بهێڵیت، بەڵام ڕێک هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەشێت بوترێت هەڵبەتە لە نێوان هەموو شتەکاندا، مانا و بایەخی هەستی من بۆ تۆ لەمەدایە کە من مانەوەی تۆ لە **ڤیەننادا** مومکین بکەم.
بەڵام پێویست بەم هەموو دوورودرێژی و جوانە فێڵانە ناکات. ئەوەندە بەسە ئەو ڕاستیە لە بەرچاو بگرین کە تۆ پێشتر جارێک لە مێردەکەت جیابوویتەتەوە. تۆ پێشتر دەتتوانی لەژێر گوشارێکی لەئێستازیاتردا بە ئاسانی لێی جیابیتەوە، بەڵام لە ئێستادا تۆ تەنیا لەبەر خاتری جیابوونەوەی ڕووت، جیادەبیتەوە، نەک لەبەر کەسێکی تر.
لێ هەموو ئەم سەرنجانە جگە لە ڕاشکاوی، چیی تر نین. بێگومان ئەو شتانە بەوپەڕی خۆشییەوە دەکرم، بەڵام وا بزانم بلوزکڕین لە **ڤیەننا** چاکترە، چونکە پێدەچێت بۆ ناردنی مۆڵەتی بوێت (لەدواییشدا، لە یەکێک لە هۆبەکانی پۆست، تەنانەت بەبێ مۆڵەتی ناردن کتێبیش نانێرن، کەچی لە هۆبەیەکی تردا بێ هیچ کێشەیەک قبووڵی دەکەن) باشە! بەڵکو لە پیشانگەکە ڕێنماییم بکەن (من هەمیشە هەندێک پارە دەخەمە زەرفی نامەوە، هەر کاتێک تۆ بڵێی -بەسە- ئیتر من خێرا وازی لێ دێنم).
سوپاسگوزارم کە ڕێگەت دام (**تریبونا**) بخوێنمەوە. بەم دواییە لە **ڤینستل پلانس** کچێکم بینی تریبونای دەکڕی. دیار بوو لەبەر وتاری (مۆد) دەیکڕێت. ڕێکپۆشیی پێوە دیار نەبوو. بەداخەوە زۆر لێی ڕانەمام، بۆیە نەمتوانی بە چاکی ئەوە ببینم کە وتارەکە چەند کاریگەریی لەسەر ڕێنماییکردنی ئەو هەبوو. نەخێر، تۆ هەڵەیت کە وتارە خەڵکپەسەندەکانت بە سووک تەماشا دەکەیت. من بەڕاستی قەرزاری چاکەی تۆم کە دەتوانم بە ئاشکرا وتارەکان بخوێنمەوە (شەرمم لێ دێت بڵێم زۆر جار بە دزییەوە دەمخوێندەوە).



Scanned with CamScanner

## پراگ ۱۷ی ژولای ۱۹۲۰ شەممە

من بە چاکی لە ناوەرۆکی نامەکەت گەیشتووم،[١٥٠] ئەویش تا رادەیەک لە هەمان زەمینەی نامەکانی ترتدایە، ئەویش لە قوولایی چاوەکانتدا شاراوەتەوە (چی هەیە لە قوولاییە درەوشاوەکانی چاوی تۆدا دەرکی پێ نەکرێت؟) ئەویش لە چینەکانی ناو چاوانتدا نووسراوە. من وەک یەکێک کە بە درێژایی ڕۆژ لەپشت کرکرەی پەنجەرەی داخراوەوە، لە کاتێکدا لە پرخەی خەودایە و خەونی ترسناک دەبینێت، دەرکم بەوە کردووە. وەک ئەوەی لە کاتی کردنەوەی پەنجەرەکەدا سەری لە تاریکییەکە سوورنەمێنێت، چونکە لەگەڵ شەودا ڕاهاتووە. تاریکاییەکی قووڵ و سەرسووڕهێنەر. من تۆ دەبینم، چۆن ئازاری خۆت دەدەیت. چۆن لەبەر ئازار پێچ دەخۆیت و توانای ڕزگاربوونت نییە. لێگەڕێ چی دەبێت با ببێت. من دەیڵێمەوە، هەرگیز ڕزگار نابیت. ئەمە دەبینم و لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانم پێت بڵێم لە کوێدایت، هەر لەوێ بمێنەرەوە. لێ ئەوەیش ناڵێم کە پێچەوانەی بێت. بەرانبەرت ڕادەوەستم و لە قوولایی چاوە ئازیز و بەلەنگازەکانت دەڕوانم (بەڵێ، لەگەڵ ئەمانەیشدا، ئەو وێنەیەی بۆت ناردم مایەی بەزەییە. تەماشاکردنی ئازاراوییە. ئازارێک ڕۆژانە سەد جار مرۆڤ خۆی تیا دەبینێتەوە. بەمەیشەوە، بەداخەوە بە جۆرێک هەستی پێ دەکەم کە توانای بەرەنگاریکردنی دە پیاوی بەهێزم هەیە). هەر بەو جۆرەیش کە تۆ دەیڵێیت، بەڕاستی من بەتوانام. توانایەکی تایبەتیی وام هەیە ئەگەر یەکێک بیەوێت بە کورتی و لێڵی باسی بکات، هەمان ئەو

---

[١٥٠] گەلێک لەم جۆرە ڕستانە لای کافکا دووبارەدەبنەوە کە لای وەرگێڕیش هەر بە نادیاری دەمێننەوە، چونکە ئێمە ئاگامان لە نامەکانی میلینا نییە تا بزانین چییان تیا نووسراوە. نامەکان هەر بڵاونەبوونەتەوە. و.

نەگونجانەیە کە لە مندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم توانایە هێند گەورە نییە کە هیچ نەبێت لەم چرکەساتەدا وا لە من بکات بەردەوام بم لەسەر نووسین. لافاوێک لە خۆشەویستی و ئازار من لە نووسین دەکات. من لەگەڵ خۆیدا بەرەو جێگەیەک تووڕ دەدا کە دوور بێت لە قەڵەم و کاغەز.

**پراگ ٨ تا ٩ی ئۆگەست ١٩٢٠ - شەوی یەکشەممە**

شتێک لە ئەنجامگیرییەکانی تۆدا هەیە ماوەیەکی زۆرە بیری منی سەرقاڵ و شپرزە کردووە، بەتایبەتی لە دوا نامەتدا ئەو شتە بە ئاشکرا دیارە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە ناتوانیت نکووڵیی لێ بکەیت، کاتێک دەڵێیت هێند مێردەکەتت خۆش دەوێت (بەڕاستییش وایە) کە ناتوانیت دەستبەرداری بیت. (مەبەستم ئەوەیە کە تەنیا لەبەر خاتری من بێت، ئەگەر بەو خۆشەویستییەوە ئەو کارە بکەیت بۆ من گەلێک ناخۆش و مەترسیدارە) منیش هەر لەسەر ئەو ڕایەم. کە دەڵێیت ئەگەر بشتوانیت وازی لێ بێنیت، ئەو لەبەر ئەوەی لە ناخەوە پێویستی بە تۆیە، ناتوانێت بەبێ تۆ بژی، بۆیە ناتوانیت وازی لێ بهێنێت، ئەمەیش جێی بڕواپێکردنە. بەڵام کە دەڵێیت ئەو لەبەر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی بەبێ تۆ دەرەقەتی ژیان نایەت و تۆیش لەبەر ئەمە (واتا ئەمە بە هۆکاری سەرەکی دادەنێیت) ناتوانیت لێی جیابیتەوە، ئەوسا من بەو ئەنجامە دەگەم کە تۆ ئەم قسەیە یان بۆ تەواوکردنی بەڵگەکانی سەرەوە دەکەیت (بۆ تەواوکردن، نەک بۆ پاڵپشتی، چونکە بەڵگەکان پێویستیان بە پاڵپشت نییە) یان ئەم قسەیەیشت یەکێکە لە گەمە ئاوەزییەکان (کە لە دوا نامەتدا ئاماژەت پێ کردووە) ئەو گەمانەی جەستە لەژێریدا پێچ دەخوات، تەنیا هەر جەستەیش نا.

هەر ئێستا دەمویست شتی زیاتر لەبارەی هەمان بیروراکانی پێشەوە بنووسم کە چوار نامەم لە تووە پێ گەیشت. دیارە پێکەوە نەگەیشتن. یەکەم نامەیان ئەوەیە دەربارەی حاڵەتی بێهۆشکەوتنت نووسیوتە و داخـی پـێ دەخۆیـت. دوای کەمێـک نـامەیەکە یەکسـەر دوای بێهۆشکەوتنەکەت نووسیوتە و لەگەڵ نامەیەکی تردا کە بێگومان زۆر جـوانە. دوای ئەوە نـامەیەکە پەیوەنـدیی بە **ئەمیلـی**یەوە هەیە. مـن ناتوانم بە وردی ڕیزبەندیی نامەکان بکەم، تۆیش ڕۆژی نووسینیان دیاری ناکەیت.

باشـە، هەوڵ ئەدەم وەڵامـی پرسـیاری (تـرس و ئـارەزوو) بـدەمەوە. سـەختە لە سـەرەتادا بتـوانم هەمـوو شـتەکان ڕوون بـکەمەوە. لـێ لەوانەیە بە دووبـارەکردنەوەی لە چەنـد نامەیەکـدا بتـوانم ئەو کـارە بکەم. ئەگەر (**نامەیەک بۆ باوکم**)ی منت بخوێندایەتەوە (کە نـامەیەکی خـراپ و بێبـایەخە) بـۆ تێگەیشـتنی ئەم مەسـەلەیە زۆر یـارمەتیی دەدایت. ڕەنگە نامەکە لەگەڵ خۆمدا بێنم بۆ **گموند**.

ئەگەر کەسێک بیەوێت (ترس) و (ئارەزوو) (وەک تۆ لە دوانامەکەتدا باست کردووە) لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەوسا نەک خودی پرسیارەکە ئاسان دەبێت، بەڵکو وەڵامدانەوەیشی زۆر ئاسان دەبێت. لەم ڕووەوە من تەنیا (ترس)م هەیە و باسەکەی بەم جۆرەیە:

یەکەم شـەو وەبیردێنمەوە. ئەوسـا ئێمە لە "**تسلتنرگاسـە**" دەژیاین کە بەرانـبەر بە فرۆشـگەیەکـی پۆشاکفرۆشـی بـوو. کـچە فرۆشـیارەکە خووی پێوە گرتبوو لە بەردەم دەرگای فرۆشگەکەدا بوەستێت. من کە تـازە تەمەنـم بووبـوو بە بیسـت سـاڵ، لە قـاتی سـەرەوەدا، بەدەست ئامادەکردنی وانەکانەوە بۆ یەکەم تـاقیکردنەوەی گشتی، کە بە لامەوە پووچ و بێمانا بوون، لەسەر ئەعساب دەژیام. هـاوین بوو، هەوا گەرم و تـاقەتپڕوکێن بـوو. هەر بەو جۆرەی کە یاسا قێزەونەکەی ڕۆمانیم

لەژێر ددانـدا بـوو، جارجارە لەبەر پەنجەرەکە دەوەستام تا لەدواییدا بە زمـانی ئامـاژە لە یەکتـر گەیشـتین. وا بڕیـار بـوو سـەعات ٨ی دواینیـوەڕۆ بـڕۆم بەدوایـدا، بەڵام کە لە عەسـردا چـوومە خـوارەوە یەکێکی ترم لەگەڵیدا بینی. باشە! ئەمە هیچی لە من نەگۆڕی، چونکە من لە هەمـوو دنیا دەترسام و دیارە لەو پیاوەیش ترسـام. تەنانەت ئەگەر ئەویش لەوێ نەبوایە، دیسانەوە من هەر لێی دەترسام. کچەکە لەگەڵ ئەوەیشـدا کە دەسـتی پیـاوەکەی گرتبـوو، بەڵام بە ئامـاژە تێیگەیاندم بکەومە دوایـان. بەو جۆرە گەیشتینە (**شوتسـن ئیلینـد**) و لەوێ بیرەمـان خـواردەوە. مـن لەسـەر مێزێکـی نزیـک بەوانەوە دانیشـتبووم. پاشـان دیسـانەوە کەوتینـەوە ڕێ. مـن هێـدی هێـدی لەدوایانەوە دەڕۆیشـتم، تـا گەیشـتینە ئاپارتمـانی کچەکە کە نزیک بە بازاڕی گۆشت بوو. لەوێ پیاوەکە ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت، کچەکە خێرا چووە ژوورێ. من ماوەیەک هەر لەوێدا چاوەڕێم کرد تا کچەکە دیسان گەڕایەوە. ئینجا هەردووکمان چووین بۆ ئوتێلێک کە دەکەوێتە (**کلاین سایتە**) هەمـوو ئەم بەسـەرهاتە تەنـانەت پێش ئەوەی بگەینە ئوتێلەکە، ئەفسووناوی، ورووژێنەر و ترسناک بوو. لە ئوتێلەکەیشدا هەر وا بـوو. کاتێک لە بەرەبەیانـدا (هێشـتا هەوا گەرم و خۆش بـوو) بەسەر پردی **کارلزبروک**ەدا بەرەو ماڵەوە دەگەڕاینەوە، بەڕاستی من دڵخـۆش بـووم. لـێ دڵخۆشـییەکەم لەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو کە سەرئەنجام جەستە هەمیشـە ماندووەکەم ئاسـوودەییەکی تێکەوتبوو. لەوەیش گرنگتر، دڵخۆشییەکە لەوەوە هـاتبوو کە ڕووداوەکە ئەوەندە ترسـناک و دزێـو نەبـوو. جـارێکی تـریش (وا بـزانم دوو شـەو دوای ئەوە) من لەگەڵ کچەکەدا ڕۆیشتم، هەموو شتێک وەک جاری پێشـوو بە چـاکی بەڕێـوە چـوو، بەڵام دوای ئەوە کە یەکسـەر لە پشـووی هاویندا سەفەرم کرد و کچێکی ترم ناسی و ماوەیەک ڕامبوارد، ئیدی نەمدەتوانی لە پراگ تەماشای کچە فرۆشیارەکە بکەم و تەنـانەت تاقە قسەیەکیشـم لەگەڵـدا نەکـرد. ئەو (لە دیـدی مـنەوە) بووبـوو بە هەرە

دوژمنم. لەگەڵ ئەوەیشدا کە کچێکی دڵپاک و میهرەبان بوو. ئەو بەردەوام بە نیگاکانی هەستی ئەوەیان دەدامێ کە نازانێت بۆ ناچمەوە بە لایدا. من نامەوێت بڵێم تاقە بیانووی دوژمنایەتیی من بۆ ئەو (بڕوایشم وایە کە وا نەبوو) لەبەر ئەوە بوو بێت کە کچەکە لە ئوتێلەکەدا، بەوپەڕی بەرائەتەوە شتێکی کردبێت کەمێک ناخۆش بووبێت (کە شیاوی وتن نییە) یان وشەیەکی کەمێک ناخۆشی بە زماندا هاتبێت (کە شیاوی وتن نییە)، بەڵام ئاسەواری ئەو شتەم لا مایەوە. لەو چرکەساتەدا دەمزانی کە هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێتەوە، هەروەها دەمزانی یان وام دەزانی کە دەیزانم، کە ئەو ڕەفتارە ناشیرین و قسە ناخۆشە، هەرچەندە لە ڕووکەشدا پێویست نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە ناوەوەدا، بەپێی ئەو هەلومەرجەی پەیوەندیی بە ڕووداوەکەوە هەیە، پێویستییەکی دروست کردبوو. بەڕاستییش ئەو ڕەفتارە ناشیرین و قسە ناخۆشە (کە لە جووڵەیەکی بچووک و وشەیەکی بێبایەخی کچەکەوە دەرکەوت) هەر ئەوەیش بە توانایەکی شێتانەوە بەرەو ناو ئوتێلەکەی بردبووم. ئەگەر وا نەبوایە من بە هەموو ئەو توانایەمەوە کە هەمبوو خۆم دەگرت و نەدەچوومە ناو ئوتێلەکەوە.

ئەو هەستەی ئەوسا بۆ هەمیشە لای من مایەوە، هەندێک جار ڕێدەکەوێت، جەستەم کە بۆ ساڵانێکی درێژ هێور و ئارامە، جارێکی دی ئەو ئارەزووە وای دەخاتەوە لەرزین کە توانای بەرگەگرتنیم نییە. ئارەزووی شتێکی دزێوی زۆر تایبەت. ئارەزووی شتێکی هەندێک ناشیرین. بەئازار و قێزەون. تەنانەت لە قووڵایی ئەو کەمەیشدا کە لە مندا ماوەتەوە، پاشماوەی بۆنێکی ناخۆشە، لە گۆگرد، لە دۆزەخ، لەو پاشماوە زایونییە شاراوەیەی کە بەبێ ویست چووەتە ناو پیسییەکی بێمانای دنیایەکی دزێوی نەستەوە، بەڵام دوای چەند سەعاتێک، دیسانەوە جەستە لەسەر هێورییەکەی نامێنێت. ئەو ساتانەی کە هیچ شتێک هێوری و ئارامیی نامێنێت، لێ لەگەڵ ئەوەیشدا، من لەو

ساتانەدا لەژێر هیچ فشارێکدا نەبووم. ژیانێکی خۆش و ئارام کە تەنیا تاسە و ئارەزووەکان نائارامیان دەکرد (ئایا نائارامییەکی لەمە چاکترت بۆ سۆراخ دەکرێت؟) من لە هەموو ئەو کاتانەدا کە بارەکە بەم جۆرە بوو، هەمیشە تەنیا بووم. ئێستایش بۆ یەکەمین جارە لە ژیانمدا کە ئەو جۆرە کاتانە بەسەردەبەم، بەڵام بە تەنیا نیم. هەر لەبەر ئەوەیە کە نەک تەنیا ئامادەگییەکی جەستەیی تۆ، بەڵکو هەر تەنیا بوونت مایەی ئارامی و بێئارامییە. لەبەر ئەوەیشە کە من حەزم بە دزێوی نییە (لە نیوەی یەکەمی ئەو ماوەیەدا کە لە مران بەسەرم برد، بە پێچەوانەی ویستە ئازادەکەی خۆمەوە، شەو و ڕۆژ نەخشەم بۆ فریودانی کچە کارەکەرە دەکێشا. لەوە گرنگتر، لە دوا ماوەی گوزەرانمدا لە مران، کچێک بە ویست و ئارەزووی خۆی ڕێی پێ گرتم. من وەک بڵێی ناچار بووم پێش ئەوەی هەر بتوانم لە قسەکانی بگەم، وشەکانی وەربگێڕمە سەر زمانەکەی خۆم). بە ڕواڵەت من لەمەدا هیچ کارێکی ناشیرین نابینم. لە قسەکانیدا هیچ شتێکم نەبینی مایەی وروژاندنی دەرەوە بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە شتێکە لە ناوەوەی خۆیدا ژیان دروست دەکات. بە کورتی شتێکی تازەی تیابوو لە بابەتی ئەو هەوایەی کە مرۆڤ پێش ئەوەی لە بەهەشت بکەوێتە خوارەوە، بۆنی دەکات، چونکە تەنیا شتێک لەو هەوایەدا کە بوونی هەیە بۆت دەردەخات ئارەزوو وابەستەی کەمایەسییە. لەبەر ئەوەیش کە هەوا بە تەواوی بوونی نییە، کەواتە ترسیش بوونی هەیە. لەبەر ئەوە ئێستایش تۆ دەزانیت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە من شەوێک لە گموند دووچاری ترس هاتم، بەڵام ئەوە تەنیا ترسێکی ئاسایی بوو. (ئاه... ئەو ترسە ئاساییەشم بەسە) کە لە پراگیش تووشی هاتووم. نەک ئەو ترس و شپرزەییەی کە لە گموند دووچاری بووبووم.

ئێستایش دەربارەی ئەمیلی بۆم بدوێ. من هەنووکەیش دەتوانم لە پراگ نامە بەدەست بێنم.

ئەمڕۆ هیچ ناخەمە ناو زەرفی نامەکەوە. سبەی لە یەکەمین دەرفەتدا، ئاخر ئەم نامەیە زۆر گرنگە و دەمەوێت بە سەلامەتی بەدەستت بگات.

بوورانەوە یەکێکە لە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە. تکات لێ دەکەم سووربیت لەسەر هاتن بۆ **گموند**. ئەگەر ڕۆژی یەکشەممە باران ببارێت، ناتوانیت بێیت؟ (...)[151] چاکە. بە هەرحاڵ من بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە لە وێستگەی **گموند** دەبم. ئایا دڵنیایت کە پێویستت بە گوزەرنامە نییە؟ ئایا پێشتر لەم بارەیەوە پرسیارت کردووە؟ ئایا پێویستت بە شتێک هەیە بتوانم لەگەڵ خۆمدا بیهێنم؟ ئایا مەبەستت لە ناوهێنانی **ئوستازا** ئەوەیە بچم بیبینم؟ لێ ئەو کەم دێت بۆ **پراگ** (کە لە **پراگ**یش بێت دۆزینەوەی بەڕاستی زەحمەتە) لەم بارەیەوە هیچ ناکەم، مەگەر خۆت دووبارە قسە بکەیتەوە، یان با بمێنێت بۆ **گموند**.

لەبـــارەی ئەو مەســـــەلەیەوە کە پەیوەنـــدیی بە ل[152]وە هەیە، بەدحاڵیبوونێک هاتووەتە گۆڕێ (چ یادەوەرییەکە! ئەمە کینایە نییە، ئیرەییە، ئیرەییش نییە، بەڵکو گەمەیەکی گەلۆرانەیە) ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا تەنیا ئەوەبوو کە ئەو ناوی هەر کەسێکی دەهێنا یان گەمژە بوو یان فێڵباز، یان ئەو کچانەن کە هەمیشە دەیانەوێت خۆیان لە پەنجەرەوە فڕێ بدەنە دەرەوە. لە کاتێکدا کە تۆ تەنیا **میلینا**یت و لەوەیش زیاتر **میلینا**یەکیت گەلێک شایانی ڕێزیت. ئەمە منی خۆشحاڵ کرد، هەر لەبەر ئەوەیش لەو بارەیەوە لەگەڵ تۆدا قسەم کرد. بە هیچ جۆرێک بەرگریکردن نەبوو لە ئابڕووی تۆ، بەڵکو بەرگریکردن بوو لە ئابڕووی ئەو. وردتر بڵێم هەڵاوێردکردنیش لەئارادایە. خەزووری

---

[151] لە دەستنووسەکەدا چەند وشەیەک لەم بەشەدا هەیە ناخوێنـدرێنەوە، (یورگن بورن و میشیل مولەر) ویراستاری دەقە ئەڵمانییەکە.

[152] وای بۆ دەچن ڕەنگە مەبەستی (ئارتەلاورین یان ئارنوست لەسێنگ) بێت.

ئاینـــدەی، خوشـــکی ژنەکەی، بـــرای ژنەکەی و زاوای پێشـــووی، هەموویان کەسانێکی بەڕاستی پایەبەرزبوون.
نامەکەی ئەمڕۆت گەلێک خەمناک بوو، لەمەیش گرنگتر ئەوەیە کە لەم نامەیەدا نەخۆشییەکەت هێند بە داخراوی نیشان دەدەیت، کە منیش بەتەواوی هەســت بە دامــاوی دەکەم. جارجــارە کە ناچــار دەبــم لە ژوورەکەم بچـــمە دەرەوە، تەنیـــا بە ئومێـــدی ئەوەی کە گەڕامەوە تەلگورافێکی تۆ لەسـەر مێزەکەم ببینم، بە پلیکانەکاندا سـەردەکەوم و دێمە خوارێ. تەلگورافێک بەم جۆرە نووسرابێت: "من ڕۆژی شـەممە لە گموند دەبم"، بەڵام هێشتا ئەو تەلگورافە نەگەیشتووە.
(لە پەراوێزێکـی ئەم نـامەیەدا) تـۆ کەمێـک دوای سـەعات ٩ دەگەیـتە "گمونـد"، لەبەر ئەوەی نەمسـاوییت مەهـێڵە لە گومرگ ڕاتبگرن. مـن نـاتوانم لەسـەر ئەو ڕسـتەیە بەردەوام بـم کە دەمەوێـت لە گمونـد لە کاتی یەکتربینیندا پێشکەشی بکەم.

## پراگ ٨ی ئۆگەست ١٩٢٠ – یەکشەممە

تەلگورافەکە گەیشت. بەڵێ، ڕەنگە چاکترین کار یەکتربینینی مـن و تۆ بێت، ئەگینا کێ حەزی دەکرد ئەم کێشـەیە چار نەکرێت! هەمـوو ئەم گرفتـانەی بەزۆر خـراونەتە بەردەم مــن و تــۆ لە کوێـوە هــاتوون؟ ناتوانیـت هەنگاوێـک بـۆ پێشـــەوە بنێیت. تـۆ چـۆن توانیـوتە لەنێـو کێشـــەکانی تـــردا بەرگەی ئەمەیـش بگریـت. مــن زۆر دەمێـک بــوو دەمتوانی کۆتاییان پێ بهێنم. چاو ئەوەندەی پێویست بێت، دەیبینی، بەڵام دڵ لەوە ترسـنۆکتر بـوو. ئایـا مـن بە وەڵامـدانەوە (وەک ئەوەی ئەو نامـانە تـایبەت بن بە منـەوە) بەو نامـانەی کە بە ئاشکرا دەمزانی پەیوەندییان بە منەوە نییە، درۆم نەدەکرد؟ هیوادارم ئەو تەلگورافەی



Scanned with CamScanner

هەواڵی گەیشتنی تۆی تیایە بۆ گموند (بەم مانایە) بەشێک نەبن لەو وەڵامە درۆیانە کە بە ناوی تۆوە دروست دەکرێن.[153]

مـن بە هـیچ شـێوەیەک ئەوەنـدە خەمگـین نـیم وەک لەم نـامەیەدا دەردەکەوێت. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە ئیتر لەم چرکەساتەدا شتێک نییە بۆ وتن. هێوری ئەوەندە زاڵە، ناتوانیت لەم بێدەنگییەدا وشەیەک بڵێیت. بە هەرحاڵ شەممە پێکەوە دەبین. ٥ تا ٦ سەعات. ئەو ماوەیە بۆ قسەکردن کەم و بۆ بێدەنگی بەسە. بەسە بۆ دەستگرتنی یەکتر و چاوبڕینە چاوی یەکدی.

**پراگ دووی ئۆگەست ١٩٢٠ – دووشەممە**

باشـە، بەپێـی خشـتەی ئەو سـەعاتانەی شـەمەندەفەری تیـا بەڕێ دەکەوێت، وا دیارە وەزعەکە لەوە چاکترە کە من بیرم لێ دەکردەوە. هیوادارم خشتەکە ڕاست بێت. بەم جۆرەی خوارەوە:

١ - ڕەخساندنێکی تا ڕادەیەک شیاو.

من سەعات ٤ و ١٢ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ لێرەوە بەڕێدەکەوم. سەعات ١١ و ١٠ دەقـیقەی دوانیـوەڕۆ دەگەمە **ڤیەننـا**. ٧ سـەعاتێک پـێکەوە دەبـین، پاشـان، واتـا سـەعات ٧ی بەیـانیی یەکشـەممە دەگەڕێمەوە. هەڵبەت دەبێت ئەو حەوت سـەعاتە بە جۆرێک بێت کە مـن شـەوی پێشـووتر کەمێـک نووسـتبم (داوایەکـی زۆر ئاسـان نیـیە)، ئەگەر وا نەبێت مانـای وایە تـۆ تەنیـا بەرانـبەر بە ئـاژەڵێکی نەخـۆش و دامـاو دانیشتوویت.

---

[153] ئەم نامەیە ئاماژەیە بە دیاردەیەکی سەیر کە لە **پراگ** دروست بووە. چەند کەسێک نامەی بێ واژوویان پێ گەیشتبوو، ئەگەرچی بە دەستخەتی **میلینا** نووسرابوون، بەڵام **میلینا** نەینووسیبوون. (ڕوونکردنەوەی وەرگێڕە ئینگلیزەکان).

٢ - ڕەخساندنێک کە بەپێی بەرنامەی بەڕێکەوتنی شەمەندەفەرەکە زۆر ناوازەیە.

من سەعات ٤ و ١٢ دەقیقە لێرە بەڕێدەکەوم، بەڵام لەپێش (لەپێش! لەپێش!) سەعات حەوت و بیستوهەشت دەقیقە دەگەمە **گموند**. تەنانەت ئەگەر بمەوێت بە شەمەندەفەری ئێکسپرێسی بەیانیی بگەڕێمەوە، ناتوانم پێش سەعات ١٠ و ٤٦ دەقیقە ئەوە بکەم، بۆیە دەتوانین زیاد لە ١٥ سەعات لەگەڵ یەکتردا بین، تەنانەت ڕێگەی لەمە چاکتریش هەیە. من ناچار نیم سواری ئەم شەمەندەفەرە ببم. شەمەندەفەرێکی سەرنشینییش لە سەعات ٤ و ٣٨ دەقیقەدا دەچێت بۆ **پراگ** و من دەتوانم بەوە بێم. بەم جۆرە دەتوانین ٢١ سەعات لەگەڵ یەکتر بین. ئەگەر بە قسەیش بێت دەتوانین هەموو هەفتەیەک ئەمە بکەین (بیری لێ بکەرەوە).

لەم ڕووەوە تەنیا کێشەیەک هەیە کە وا بزانم کێشەیەکی جیددییش نییە، بە هەرحاڵ دەبێت تۆ لێی بکۆڵیتەوە... وێستگەی **گموند** سەر بە **چیکوسلۆڤاکیا**یە، بەڵام شارەکەی سەر بە **نەمسا**یە. ئایا دەکرێت فلتەفلت لەسەر گوزەرنامە بەو ئەندازەیە بێت کە دانیشتوویەکی **ڤیەننا**، بۆ تێپەڕبوون لە وێستگەیەکی **چیکی**یەوە پێویستی بە گوزەرنامە بێت؟ لەم حاڵەتەدا ئەوانەی دانیشتووی **گموند**ن، بۆ ئەوەی بچن بۆ **ڤیەننا**، پێویستیان بە ڤیزەی **چیکی**یە. من بڕوا ناکەم وا بێت، چونکە ئەمە زەرەرە لە هەردووکمان. لە خۆیدا ئەوە بۆ من کارەساتە کە دەبێت سەعاتێک لە گومرگی **گموند** بمێنمەوە، پێش ئەوەی مۆڵەتی ڕۆیشتنم بدەن، لەم حاڵەتەدا ٢١ سەعاتەکە کەمتر دەبێتەوە.

دوای ئەم شتە گرنگانەی باسم کردن، لە ڕاستیدا هیچی زیاترم پێ نییە بیڵێم. بە هەرحاڵ زۆر سوپاسگوزاری تۆم کە تەنانەت ڕۆژێک ناهێڵیت بێنامە بم، ئەی بەیانی؟ من تەلەفۆنت بۆ ناکەم، چونکە یەکەم زۆرم شپرزە دەکات، دووەمیش لەبەر ئەوەی مەحاڵە (پێشتر جارێکی دی سووسەی ئەوەم کردووە)، سێیەمیش لەبەر ئەوەی بەم زوانە



Scanned with CamScanner

یەکتر دەبینن. بەداخەوە ئەمڕۆ **ئۆتیلا**[154] کاتی نەبوو بۆ گوزەرنامەکە سەر لە بارەگای پۆلیس بدات. سبەینێ، بەڵێ، کاری کۆکردنەوەی پوولەکانت ناوازە بوو (بەداخەوە من پوولەکانی ئێکسپرێسم لێ بەجێ ماوە، کە بۆ پیاوەکەم باس کرد خەریکبوو دەست بکات بە گریان). تۆ بەو هەموو سوپاسانەی لەبارەی پوولەکانەوە لە منی دەکەیت کاری خۆتت ئاسان کردووە، منیش بەو سوپاسانە قایلم. بەڕاستی چەند بتوانم پوولت بۆ دەنێرم. پوولەکانی لژیون،[155] بیری لێ بکەرەوە! ئەمڕۆ میزاجم بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی پەرییان باش نییە. سەرم لە وێستگەی ڕێگەی ئاسن دەچێت. شەمەندەفەرەکان پیایدا دێن و دەچن. پشکنەری گومرگ و پشکنەری سنووریش لە چاوەڕوانیی ڤیزەکەمدا خۆیان مات داوە، بەڵام ئەمجارەیان ڤیزەکە ڕاستە. فەرموو: "بەڵێ، کێشەی نییە، ڕێگەی دەرچوون لە وێستگە، لێرەوەیە" - "جەنابی گەورەپشکێنەرانی سنوور، دەکرێت بە یارمەتی دەرگاکەم بۆ بکەیتەوە. من خۆم ناتوانم بیکەمەوە. توانای تەواوم بۆ ئەم کارە نییە، چونکە **میلینا** لە دەرەوە چاوەڕوانە. تکایە دەکرێت؟ ئەو دەڵێت: "ئا... بێگومان، من ئەمەم نەدەزانی"، دەرگاکە دەکەوێتە سەر پشت.

**پراگ، ئۆگەست ١٩٢٠ - سێشەممە**

من بە چاکی خۆم بۆ ڕۆژی لەدایکبوونت ئامادە نەکردووە، تەنانەت خەویشم لە حاڵەتی ئاسایی خراپترە، سەرم داخە، چاوم دەسووتێتەوە، لاجانگم دێشێتین و دەیشکۆکم. ئەگەر بمەوێت پیرۆزباییەکی دووردرێژت لێ بکەم، کۆکین ناهێڵێت. خۆشبەختانە پێویست بە پیرۆزبایی ناکات. تەنیا سوپاسگوزاری تۆم کە لەم

---

[154] خوشکە بچکۆلەی کافکا.

[155] لژیون (فەرەنسی) پەل، هەنگ، فەیلەق. یەکەیەکی هێزی سوپاییە.



Scanned with CamScanner

دنیایەدایت. ئەو دنیایەی بۆ یەکەمجار چاوم تیا هەڵهێنا، نەدەبوو گومان لەوە بکەم کە دەشێت بوونی تۆیشی تیابێت (دەبینیت کە منیش ئەوەندە لە دنیا نازانم، بەلام من بە پێچەوانەی تۆوە ددانی پێدا دەنێم)، من لەم بارەیەوە سوپاسگوزاریی خۆم (ئایا ئەمە بە سوپاسگوزاری دادەنرێت؟) بە ماچێک پێشکەش دەکەم ڕێک وەک ئەو ماچەی لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە پێشکەشم کردیت، هەرچەندە تۆ پێت خۆش نەبوو (من ئەمڕۆ تا ڕادەیەک لاسارم).

هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئەم دواییە حاڵم خراو نەبووە، تەنانەت هەندێک جاریش وام هەست دەکرد حاڵم زۆر باشە، بەلام شانازیترین ڕۆژی من نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەر بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەناسەم لێ بڕابوو، بە دەوری حەوزێکی مەلەفێرکردندا، بەبێ ئەوەی بوەستم، دەسووڕامەوە. نزیکی ئێوارە بوو، ئیدی خەڵکی زۆری تیا نەمابووەوە، بەلام هێشتا چەند کەسێکی لێ بوو. لەو کاتەدا یاریدەدەری مامۆستای مەلە (منی نەدەناسی) هاتە لامەوە. وەک بەدوای یەکێکدا بگەڕێت، هەر چاوەچاوی بوو، پاشان زانیی من لەوێم، لەوە دەچوو منی هەڵبژاردبێت. لێی پرسیم: "پێت خۆشە کەمێک بەلەمئاژوو بکەیت؟"، لەوە دەچوو پیاوێک لەوێ بێت -وا بزانم قۆنتەراتچییەکی گرنگ بێت- کە لە دوورگەی سۆفیاوە هاتبێت و بیەوێت بیبەن بۆ دوورگەی یودن. گوایە لەو دوورگەیەدا ساختمانێکی زۆر گەورە دروست دەکرێت. چاکە، با شتەکە زۆر گەورە نەکەین: مامۆستای مەلە منی بینیبوو، بڕیاری دابوو ئەم کوڕە نەگبەتە (کە منم) دەرفەتێکم بۆ فەراهەم بێنێت کە بە خۆڕایی چێژ لە گەڕانێکی نێو بەلەمەکە ببینم. لە هەمان کاتدا بۆ ڕێزگرتن لەو قۆنتەراتچییە گرنگە، دەبوو کوڕێک دەستنیشان بکرێت کە نەک تەنیا لە ڕووی توانا و لێزانییەوە پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو ئەرکەکەی بە چاکی ئەنجام بدات، کە لێیووەوە زوو بگەڕێتەوە و بە دزییەوە دەست نەکات بە بەلەمئاژووتن. ئەو وای دەزانی من ئەم مەرجانەم تیایە. لەو کاتەدا

ترنکـای گەورە (خـاوەن فێـرگە مەلەوانیـیەکە کە دەبێـت ڕۆژێـک لەبارەیەوە زیاتر باسیت بۆ بکەم) بە ئێمە گەیشت و پرسیی ئایا ئەم کوڕە توانای مەلەوانیی هەیە؟ مامۆستای مەلەوانییەکە کە دیار بوو تەنیـا بە نیگـایەک دەیتـوانی هەمـوو شـتێک لە ڕوومـدا بخـوێنێتەوە، خاوەنی فێرگەکەی دڵنیا کرد. من تـا ئەو کـاتە هـیچم نەوتبوو، ئیتر موسـافیرەکە سـواربوو، کەوتیـنە ڕێ. مـن وەک کـوڕێکی بەئەدەب کەمتر قسەم دەکرد. ئەو وتی ئێوارەیەکی خۆشـە، من وەڵامیم دایەوە (بەڵـێ)، پاشـان لەسـەری ڕۆیشـت کە لەگەڵ ئەوەیشـدا خەریکە هەوا سـارد دەکات، مـن وەڵامیـم دایەوە (بەڵـێ). دوایـی وتـی مـن زۆر خێرا سەوڵ لێ دەدەم. بۆ ڕێزلێگرتنی نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. دیارە من بە باشـــترین شـــێوە بەلەمەکەم گەیانـــدە دوورگەکە. ئەو دابەزی و سوپاسـی کـردم، بەڵام مـن تووشـی نائومێدی بـووم کە ئەو لە بیری چوو پاداشتم بکات (بەڵێ، لەبەر ئەوەی کچ نەبووم و کوڕ بووم). من وەک تیـر کەوتـمە سـەوڵلێدان و زوو گەڕامەوە. ترنکـای گەورە لە زووگەڕانەوەکەم سـەری سـووڕ مـا. باشـە، مـاوەیەکی زۆرە وەک ئەو ڕۆژە خـۆم بەو شـانازیکردنە نـاوازەیەوە نەدیـوە. زیـاتر خـۆم بە شایسـتەی تـۆ زانـی، تەنیـا کەمێـک زیـاتر. کەمێکیش زیـاد لە ئاسـایی خـۆم بە شایسـتەی ئەو شـانازییەوە بینـی. لەو ڕۆژەوە تـا ئێسـتا، هەمـوو ئێـوارەیەک لە فێـرگەی مەلەوانیـیەکە چـاوەڕێم، بـۆ ئەوەی گەشتیارێک بێت، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک نەهاتووە.

دوێنێشـــەو، لە خەوەنوچکەیەکـدا، وام بە بیـردا هـات لە ڕێگـەی بەسـەرکردنەوەی ئەو شـوێنانەی لە ژیـانی تـۆدا گـرنگن، ئـاهەنگی جەژنـی لەدایکبوونـت بگێـڕم. پاشـان یەکسـەر و بـێ هـیچ هەوڵێک لە بەردەم وێستگەی خۆراوادا بـووم. بینـایەکی زۆر بچووکە، لەنـاوەوە تەنـگەبەرە. شـەمەندەفەرێکی خێـرا و واگـۆنێکی تازەهـاتوو لە نـاوەوە جێگـەیـان نەبـوو. لە دەرەوە وەسـتابوون و نووسـابوون بە یەکەوە. سێ کچی زۆر شیکپۆش، بەڵام زۆر لاواز (یەکێکیان پرچە درێژەکەی



Scanned with CamScanner

بە پشتی سەریدا هاتبووە خوارێ) لە بەردەم وێستگەکە وەستابوون و بە بینینیان شاد بووم. سێ ئافرەتی بارهەڵگربوون، ئەوسا زانیم ئەو کارەی تۆ کردبووت بەڕاستی هێند نائاسایی نەبووە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرم پێ خۆشبوو کە تۆم لەناویاندا نەدی. هەرچەندە خەمم خوارد کە تۆ لەوێ نەبوویت، لێ بۆ دڵدانەوەی خۆم، بێ گوێدانە ئەو ڕێبوارانەی بە سەرسامییەوە بە دەورمدا هاتوچۆیان بوو، لە جانتایەکی بچووکدا کە یەکێک لە ڕێبوارەکان لە بیری چووبوو، هەندێک بەرگی گەورەم دەرهێنا.

بەتایبەتی نیوەی دووەمی تیپوس[156] ناوازەیە. توند، تووڕە، دژی سامی و شکۆمەندە. تا ئەم دواییە من هێشتا لەوە نەگەیشتبووم کە بڵاوکردنەوەی ئەوەی دەینووسین چەند بایەخدارە. تۆ هێند ئارام، هێند پڕبڕوا، هێند دڵکارانە لەگەڵ خوێنەردا دەدوێیت، لە هەموو شتێکی تری دنیا دادەبڕێیت و تەنیا بایەخ بە خوێنەر دەدەیت، بەڵام لە کۆتاییدا لەپڕا دەپرسیت: "ئایا ئەوەی نووسیومە جوانە؟ بەڵێ، جوانە؟ باشە، من ڕازیم و دڵخۆشم، لێ لە لایەکی دیکەوە من لە تۆ دوورم و وەک پاداشتکردن ماچی تۆم پێ ناگات". ئەمەیش بەڕاستی کۆتایی کارە و تۆ ئیدی لە من دووریت. بەڕاست ئایا دەزانیت کە تۆ بۆ من وەک دیارییەکی ئایینی **کونفەر ماتسیون وایت** (ئاخر جوولەکەکانیش جۆرە ئایینێکی **کونفەرماتسون**یان هەیە)؟ من ساڵی ٨٣ لەدایک بووم، بۆیە لە کاتی لەدایکبوونی تۆدا تەمەنی من سیانزە ساڵان بووە. سیانزەهەمین ساڵی لەدایکبوون بۆنەیەکی تایبەتییە. دەبوو من لە میحرابی کڵێسەدا ئەو بڕگەیەی زۆر بە زەحمەت لەبەرم کردبوو، بخوێنمەوە. دەبوو پاشانیش لە ماڵەوە وتەیەکی کورت (کە ئەویشم لەبەر کردبوو) پێشکەش بکەم. دیارییەکی زۆرم درایە، بەڵام وا

---

[156] Typus هەمان Type، کە بە مانای جۆر و وێنە و نموونەیە، لەوە دەچێت لێرەدا بە مانای نووسینێکی میلینا بێت-و.

دەزانــم ئەو ڕۆژە زۆر دڵخـۆش نەبـووم. دیـارییەکی تـایبەتیم پـێ نەدرابوو. داوای ئەو دیارییەم لە ئاسمان کرد، بەڵام دواخرا تا ۱۰ی ئۆگەست.

هەرچەندە بە چاکیی ئاگام لە دە نامەکەی دوایی هەیە، بەڵام جارێکی دی بە حەزێکی زۆرەوە دەیانخوێنمەوە، لێ دەبێت تۆیش نامەکانی مـن بخـوێنیتەوە. تـۆ لەوێـدا بە ئەنـدازەی پرسـیاری قوتابخـانەیەکی کچانە پرسیار دەدۆزیتەوە.

قسەکردن لەبارەی باوکەوە دەهێڵینەوە بۆ **گموند**.

"**گـریتە**"م بینـی، کە ڕووبەڕووی کچـان دەبـمەوە ئاسـایی ئەژنـۆم دەشـکێ. ئایـا بیـرم لە تـۆیش دەکـردەوە؟ بیـرم نـایەت. حەز دەکەم دەسـتت بـخەمە نـاو دەسـتمەوە. پـێم خۆشـە چـاو لە چـاوت ببڕم. ئەوەندە و بەس. **گریتە** بخە لاوە. تا ئەو جێگـەیەی پەیوەندیی بە "لێ نەوەشـانەوە"[157] "nechpu jak takoy clovek" هەبێت. مـن خۆیشم لەگەڵ ئەم مەتەڵەدا تێگیراوم! بڕوا ناکەم تەنانەت پێکیشـەوە بتوانین ئەم مەتەڵە هەڵبێنـین، جـگە لەوە، ئەم مەتەڵە کفرئـامێزە. بە هەرحـاڵ، نامەوێت لە **گمونـد** یەک دەقیقەی خـۆم لەوبـارەیەوە بەهەدەر بدەم. ئێسـتا لەوە دەگەم دەبێـت تـۆ زیـاد لە درۆکـانی مـن درۆ بکەیـت، ئەمەیـش بە سـتەمکاری لەسـەر مـن دەشـکێتەوە. ئەگەر بەڕاسـتی ڕێگـرییەک لەئـارادا هەیە، هەر لە **ڤیەنـادا** بمێـنەرەوە، تەنـانەت بێ ئەوەی مـن ئاگـادار بکەیـتەوە. هـیچ نەبێـت مـن سـەفەرێکی **گمونـدم** کـردووە و سـێ سـەعاتێک لە تـۆوە نزیکتـرم. ڤیـزەکەم ئامـادەیە. بەداخەوەم کە ئەمـڕۆ بەهـۆی مـانگرتنەوە ناتوانیـت تەلگـورافم بـۆ بکەیت.

---

[157] بە زمانی چیکی واتا "من تێناگەم چۆن کەسێکی وا..." ڕستەکە ناتەواوە و پەنگە بۆ تەواو تێگەیشتنی پێویست بە ناوەڕۆکی نامەکەی میلینا بێت، هەروەها نەشیاویی وەرگێڕانی nicht verdinen کە دەتوانرێت بە مانای بەدەستنەهێنانی ڕۆژانە بێت.

تێناگەم بۆ داوای لێبوردن دەکەیت. ئەگەر مەسەلەکە تەواو بووبێت، ئیدی پێویست بە لێبوردنی من ناکات. تەنیا تا ئەو کاتەی مەسەلەکە کۆتایی نەهاتبوو من نەرم نەبووم و تۆیش لەو کاتەدا لەو لایەنەوە دڵت نەڕەنجابوو. من چۆن دەتوانم لەبەر شتێک کە کۆتایی پێ هاتووە لێت نەبورم؟ چ بیرۆکەیەکی شپرزە و ئاڵۆز لەسەرتدایە کە دەتوانیت باوەڕ بەم جۆرە شتانە بکەیت!

لانی کەم لەم چرکەساتەدا ناتوانم بەراوردی خۆم بە باوکت بکەم. ئایا منیش تۆ لەدەست دەدەم؟ (بەبێ دوودڵی من لەمەیاندا وەک باوکت خۆگری و توانای تەواوم نییە)، بەڵام ئەگەر سووری لەسەر ئەم بەراوردە، کەواتە وا چاکترە کراسە خورییەکەم بۆ بنێریتەوە.

بە ڕێکەوت کڕین و ناردنی ئەم کراسە چیرۆکێکە سێ سەعاتی خایاند (من لەوێدا زۆرم پێویست بەو سێ سەعاتە بوو) منی هێنایەوە سەرخۆ و لەم لایەنەوە سوپاسگوزاری تۆم. ئەمڕۆ زۆر شەکەتم و ناتوانم بۆتی بگێڕمەوە. دووەم شەوە کە زۆر کەم نوستووم. بۆ ئەوەی لە **گموند** کەمێک جێی ڕەزامەندیی تۆ بم. ئایا دەتوانم هەندێک خۆم کۆوەکەم؟

سەیرە! چۆن ئیرەیی بەو خانمە دەبەیت کە هاتووە بۆ ئەمستردام؟ بێگومان هەر کارێک کە ئەو دەیکات، ڕاستە، بەو مەرجەی قەناعەتی پێی هەبێت، بەڵام تۆ تووشی هەڵەیەکی لۆژیکی دێیت. بۆ ئەو کەسانەی بەم جۆرە دەژین، ژیان زۆرلەخۆکردنە. بۆ ئەوانەیش کە ناتوانن بەو جۆرە بژین، ژیان ئازادییە. لە هەموو جێگەیەکدا هەر وایە. لە دوا لێکدانەوەیشدا ئیرەیی بەو جۆرە، جگە لە داخوازیی مەرگ، چیی تر نییە.



Scanned with CamScanner

جگە لەوە .Tiha, nevolnost, hnos[158] لە کوێوە هاتووە؟ چۆن بووەتە وابەستەی ئیرەیی؟ ئەوەندەیش وابەستەی نییە. تەنیا مەرگ وابەستەیە بە ئارەزووی ژیانەوە.

لەبارەی مانەوە لە ڤیەننادا من قسەی فیڵبازانەم کردووە، وەک ئەو قسانەی تۆ دەتکردن، بە جیاوازیی ئەوەی کە تۆ هەقی خۆت بوو. تاقە شتێکی سەیر ئەوەیە من وا هەست دەکەم بە پێچەوانەی سالانی پێشترەوە باوکت توانای زیاتر بووە (بۆیە واز لە کراسەکە بهێنە).

ئەوەی پەیوەندیی بە ماکسەوە هەیە چۆنت گەرەکە وا بکە، بەلام لەبەر ئەوەی کە ئێستا من لەو ڕاسپێرییانە ئاگادارم کە بۆت ناردووە، هەرچۆنێک بێت لە دوا چرکەساتدا دەگەمە لای، لە گەڕانێکی چەندرۆژەدا قسەی لەگەڵ دەکەم (لەبەر ئەوەی بە جۆرێکی تایبەتی هەست بە بەهێزی دەکەم)، پاشانیش خۆم بەرەو ماڵەوە بەکێش دەکەم بۆ ئەوەی بۆ دواجار ڕابکشێم.

بێگومان هەر لەبەر ئەمەیە من زۆر دەڵێم و کۆتایی نایەت. لێ هەر ئەوەندەی پلەی گەرمای لەشم بگاتە ٣٧،٥ پلە (٣٨ پلە لە باراندا) پۆستەچییەکان یەک بەسەر یەکدا دەکەون و بەسەر پێپلیکە درێژەکانی ماڵەکەتدا سەردەکەون. هیوادارم لەو کاتەدا ئەوانیش لە مانگرتنەکە بەشدار بن، نەک لە کاتێکی نەگونجاوی وەک ئێستا کە ڕۆژی لەدایکبوونتە.

پۆستەچییەکە، هەڕەشەکەی منی زۆر بە هەند گرتووە کە پوولەکان بە کەس نەدات. پوولی نامە ئێکسپرێسەکە پێش ئەوەی بگاتە دەستم، لێکرابووەوە. تۆ دەبێت لەو لایەنەوە تێبگەیت کە ئەو پیاوە دوای چی کەوتووە؟ وا مەزانە کە ئەو لەو زنجیرە پوولانەی لە یەکتر دەچن تەنیا یەکێکیان دەخاتە ناو کۆمەڵەکەیەوە. ئەو بۆ هەر زنجیرەیەک پوول لاپەڕەی گەورەی تەرخان کردووە، بۆ لاپەڕەکانیش کتێبی

---

[158] بە زمانی چیکی واتا "بارەهەڵگری، بەدڕەوشتی، ناخۆشی" لەوە دەچێت پەندێک بێت.

گەورە، هەر کاتێـک یەکێـک لەو لاپەڕانە لە پـوولە هاوشـێوەکان پـڕ دەبـن، لاپەڕەیەکـی تـری دەخـاتە سـەر... هتـد... ئەو هەمـوو دوانیوەڕوانێک بەرانبەر لاپەڕەکان دادەنیشێت، چاخ و خۆشحاڵ و بەختەوەرە. لەگەڵ کۆکردنەوەی هەر زنجیرەیەکدا، بۆ نموونە ئەمڕۆ بە کـۆکردنەوەی زنجیـرەیەک لە پـوولی ٥٠ دینـاری، بەڵـگەی شادمانییەکی تازەی تێدەگەڕێت. وا بڕیارە نرخی پوول زیاد بکات (میلینـای نەگبەت) پـوولە ٥٠ دیناریـیەکانی نرخیان زیاتر دەبێت و کەمتر دەستدەکەون.

ئەوەی لەبـارەی کرویـزن‌ەوە[159] دەیڵێـت، مـن ئەوم لە **ئەفلیـور** پـێ چـاکترە (**ئەفلیـور** سـیلخانەیەکی ڕاسـتەقینەیە، ئـاخ، لەوێ دەرزی لە نەخـۆش دەدەن! یەکێـک لە کارمەنـدەکانی ئـێمە ئەوێ بـوو بە دوا وێستگەی و بە نەخۆشیی سیل مرد) من شوێنی وام پێ چاکە. لەوێ بینـای مێـژینەیش هەیە، بەڵام ئـاخۆ لە کۆتـایی پـاییزدا ئەوێ هەر کراوەیە، ئایا بیانییەکان قبوول دەکەن و بۆ ئەوان گرانتر نییە. ئایا جگە لە من کەس دەزانێت لۆ دەبێت بۆ گۆشتگرتن بۆ شوێنێک بچم کە خۆی خەریکە لە برسانا دەمرێت؟ لێ من نامەیان بۆ دەنێرم.

دوێنێ دیسان لەگەڵ هەمان (**شتاین**) ناودا قسـەم کرد. لەو کەسـانەیە تووشـی نـادادپەروەریی گشـتی بـووە. مـن نـازانم بـۆ خەڵکـی پێـی پێدەکەنن. ئەو هەمـوان دەناسـێت. وردەکاریی هەمـوو کەسـایەتییەک دەزانێت، لە هەمان کاتدا خـاکی و شـەرمنە. داوەرییەکانی زۆر وردن. هەڵسەنگاندنێکی زیرەکانەیان بۆ کراوە و گەلێک بەڕێزن. لەو لایەنەوە کە داوەرییەکانی لە ڕادەبەدەر ڕوون و لە پاکییەتی خۆیەوە نـاڕەوان، ئەوەندەی تر بەهایان زیاد دەکات. بەو مەرجەی کە مرۆڤ هەقیقەتی ئەو کەسـە بە نهێنـی و شـەهوانی و تاوانبـارانە بناسـێت کە داوەرییەکانیان لەبارەوە دراوە. سەرەتای قسەکانم لە هاسەوە دەست

---

[159] Kreuzen و Afleur ناوی دوو ئاسایشگەی نەخۆشییەکانی سیلن.

پێ کرد. دەوروخولی **یارمیلام** دا و بۆ چرکەساتێکیش قسە هاتە سەر مێردەکەت (وەک ئەنجام ئەوە ڕاست نییە من چێژ لەو قسانە وەردەگرم کە دەربارەی تۆ دەکرێن. من تەنیا دەمەوێت جار لەدوای جار و بەردەوام گوێم لە ناوی تۆ بێت. ئەگەر دەربارەی تۆ لێم بپرسیایە، گەلێک شتی پێ دەوتم، بەڵام کە من پرسیاری هیچم لێ نەکرد، ئەویش هەر ئەوەندەی وت کە تۆ ئیدی بەزۆر دەژییت (لە دڵەوە ئەمەی پێ ناخۆشبوو) کۆکاینیش[160] تۆی وردوخاش کردووە (لەو کاتەدا چەند سوپاسگوزار بووم کە زیندوویت) ئەو بە هەمان خۆپارێزی و شەرم و خاکییەکەیەوە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت کە هەڵبەتە ئەو شتێکی وای بە چاوی خۆی نەدیوە و تەنیا هەواڵەکەی لە خەڵکی ترەوە بیستووە. لەبارەی مێردەکەتەوە بە جۆرێک دەدوا وەک باسی جادووکارێکی بەتوانا بکات وا بوو. ناوێکی تری هێنا، بۆ من تازەبوو، پەیوەندیی بەو ڕۆژانەوە هەبوو کە تۆ لە **پراگ** بوویت. وا بزانم (**کرایدلوڤا**)[161] بوو. ئەگەر خواحافیزیم نەکردایە هەر دەمایەوە و قسەی دەکرد. کەمێک ڕشانەوەم دەهات، زیاد لە هەر کەس لە خۆم کە تا دەهات، خراپتر دەبووم، چونکە ئەوە من بووم کە بە بێدەنگی لەگەڵیدا دەڕۆیشتم و بەبێ ئەوەی حەز بە قسەکانی بکەم، یان پەیوەندیی بە منەوە هەبێت، گوێم لێ گرتبوو.

دیسان دووبارەی دەکەمەوە: ئەگەر هاتنت بۆ **گموند** کێشەیەکت بۆ دروست دەکات کە مایەی سەرئێشە بێت لە **ڤیەننا** بمێنەرەوە (ئەگەر چارەیەک نەبوو، تەنانەت پێویست بە ئاگادارکردنەوەی منیش ناکات)، بەڵام ئەگەر هاتیت خێرا هێڵە سنوورییەکە ببڕە. ئەگەر ڕێکەوتێکی ناجۆر ڕووی دا -لەم ساتەدا ئەوە گریمانەیەکی مەحاڵە- و من

---

[160] لەوە دەچێت میلینا لەتاو سەرئێشە زۆرەکەی پەنای بۆ کۆکاین بردبێت.

[161] هاوڕێی کۆنی قوتابیەتیی میلینا بوو.

نەمتوانی بێم و لە **ڤیەننا** بتبینم (لەم حاڵەدا تەلگوراف بۆ **خانم کوهلەر** دەکەم)، بۆیە لە **گموند**، لە ئوتێلی وێستگەکە تەلگورافێکت پێ دەگات.
ئایا هەر شەش کتێبەکەت پێ گەیشت؟
کاتی خوێندنەوەی "**کاڤارنا**"[١٦٢] هەمان هەستم تێگەڕا کە لە کاتی گوێگرتن لە **شتاین** هەمبوو. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە تۆ زۆر لەو باشتر چیرۆک دەگێڕیتەوە. کێ دەتوانێت بەو جوانییە چیرۆک بگێڕیتەوە؟ بەڵام بۆ ئەم چیرۆکە تەنیا بۆ ئەوانە دەگێڕیتەوە کە تریبونا دەکڕن؟ لە کاتی خوێندنەوەیدا هەستم دەکرد ساڵانێکە شەو و ڕۆژ بە بەردەم ئەو قاوەخانەیەدا پیاسە دەکەم، کاتێک لە هاتنەژوورەوە یان چوونەدەرەوەی مشتەرییەکدا دەرگاکە دەکرێتەوە، چاوەڕێم تۆ لە دەرگاکەوە وەدەرکەویت. دەرگاکە دادەخرێت و دیسانەوە من بەردەوامی بە چاوەڕوانی و سەرگەردانی خۆم دەدەم. ئەم چاوەڕوانییە نە خەفەتهێن و نە شەکەتکەرە. چ دەڵێم! چۆن دەکرێت چاوەڕوانیکردن لەپشت دەرگای قاوەخانەیەکەوە کە تۆی تیایت، خەمهێن، یان شەکەتکەر بێت؟

**پراگ ١٢ی ئۆگەست ١٩٢٠ – پێنجشەممە**

خۆشحاڵم بەوەی **مونکاوزن** کارەکەی زۆر بە چاکی کردووە. لە ڕاستیدا ئەو تا هەنووکەیش کارگەلێکی زۆر لەمانە گرانتری ئەنجام داوە. ئایا ئەم گوڵەباخانەیش وەک گوڵەکانی تر پێویستیان بە چاودێری هەیە؟ چ جۆرە گوڵێکن؟ هی کێن؟
لەبارەی **گموند**ەوە پرسیارت کردبوو، من پێشتر وەڵامم دابوویتەوە. تا دەتوانیت هەوڵ بدە لە ئازارەکانت کەم بکەیتەوە، چونکە ئەوە لە

[١٦٢] **کاڤارنا** مانای قاوەخانەیە. ناوی چیرۆکێکی میلینایە کە لە گۆڤاری (**تریبونا**)دا بڵاوی کردووەتەوە (ژمارە ١٨٧ ساڵی ١٩٢٠).



Scanned with CamScanner

ئازاری منیش کەم دەکاتەوە. نەمدەزانی دەبێت تۆ ئاوا درۆ بکەیت، بەلام چۆن دەبێت مێردەکەت نەزانێت کە من نامەت بۆ دەنووسم. نامەوێت بتبینمەوە وەک ئەو جارەی بۆم لوا بتبینم.
نووسینەکەت دەربارەی ئەوەی کە حەز دەکەیت بمخەیتە بۆتەی تاقیکردنەوەوە، بێگومان بە گاڵتەت بووە. وا نییە؟ تکایە ئەم کارە مەکە. بۆ ناسین توانایەکی زۆر پێویستە. بیری لێ بکەرەوە دەبێت بۆ نەناسین چەند زیاتر توانا بەکار بهێنرێت؟
پێم خۆشە کە ڕیکلامەکانت[١٦٣] لا پەسەندە. بیر لە خواردن بکەرەوە، هەرچۆنێکە بخۆ. ئەگەر من لەم ڕووەوە خەریکی پاشەکەوتکردن بم، تۆیش تا بیست ساڵی تر ددان بە خۆتدا بگریت، ئەوسا بەرگی خوری هەرزانتر بێت (چونکە ڕەنگە ئەوسا ئەورووپا وێران بووبێت و ئاژەڵە کەوڵگرانەکان بە کووچە و کۆڵانەکاندا بسووڕێنەوە) لەوانەیە ئەو کاتە پارەی تەواوی ئەوە هەبێت بەرگی خوریی پێ بکڕیت.
ئایا هەر بەم بۆنەیەوە، دەزانیت کەی بڕێک خەوم دەستگیر دەبێت؟ شەوی شەممە یان شەوی یەکشەممە، ڕەنگە؟
بۆ ئاگاداریی خۆت، ئەم پووله گرانانە لە حەزە تایبەتییەکانی ئەوە (ئەو جگە لە حەزە تایبەتییەکان، هیچی تری نییە) ئەو دەڵێت: "زۆر جوانە، زۆر جوانە" بەڕاست چ جوانییەک لەم پوولانەدا دەبینیت!
من ئێستا شتێک دەخۆم و پاشان دەچم بۆ ئۆفیسی پارەگۆڕینەوە، بەیانیان کار دەکات.

## پراگ ١٣ی ئۆگەست ١٩٢٠ – هەینی

بەڕاستی من نازانم بۆ دەنووسم. ڕەنگە بەهۆی تووڕەبوونەوە بێت. وەک ئەو تەلگورافە ناشیانەیەی ئەم بەیانییە لە وەڵامی نامە ئێکس

---

[١٦٣] دیارە مەبەست ئەو ڕیکلامانەن کە پەیوەندییان بە بەرگی خورییەوە هەیە.

پرێسەکەی دوێنێشەوی تۆدا بە تووڕەیی نووسیم. ئەم دوانیوەڕۆیە پاش ئەوەی لە (شێنکەر)[١٦٤] پرسوجویەک دەکەم، خێرا وەڵامت دەدەمەوە.

نامەی بەردەوامی نێوان من و تۆ لەم بارەیەوە مرۆڤ بەو ئەنجامە دەگەیەنێت کە تۆ لەگەڵ مێردەکەتدا بە هاوسەرگیرییەکی پیرۆز و توندوتۆڵەوە بەستراویتەوە. (چەندە تووڕەم، دەشێت لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا تا ڕادەیەک جڵەوی خۆمم لەدەست دابێت) منیش لەڕێی هاوسەرگیرییەکی هاوشێوەوە بە - نازانم لەگەڵ کێ، بەڵام زۆر جار هەست دەکەم لەژێر چاودێریی ئەو هاوسەرە هەراسانکارەدام. سەیریش لەوەدایە هەرچەندە هەریەکێک لەو هاوسەرگیرییانە بەبێ هیچ بێنەوبەردەیەک لە لایەنی خۆیەوە توندوتۆڵە، کەچی لەگەڵ هەموو توندوتۆڵییەکەیدا، توندوتۆڵییەکە پەیوەندیی بە یەکێک لە دوانەکەوە هەیە و بە پێچەوانەیشەوە، بەڵام لەدوایییدا هیچ شتێک بۆ وتن نامێنێتەوە جگە لە داوەرییەک کە لە دەستی تۆدایە. هەرگیز ئەوەیش ڕوو نادات. کەواتە با ئیتر لەبارەی ئایندەوە هیچ نەڵێین، تەنیا باسی ئێستە بکەین.

ئەمە هەقیقەتێکی ڕەهایە، توندوتۆڵە، ستوونێکە دنیای لەسەر وەستاوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا من ددانی پێدا دەنێم کە ئەوەی هەستی پێ دەکەم (تەنیا لەڕێی هەستی خۆمەوە، ئەگینا هەقیقەت وەک خۆی وایە و ڕەهایە. دەزانیت، کاتێک دەمەوێت شتێکی وەک ئەمەی خوارەوە بنووسم، شمشێرە نووکتیژەکان کە دەوریان داوم بە هێوری لە جەستەم نزیک دەبنەوە، ئەمە ئەوپەڕی جۆری ئازاردانە کاتێک شمشێرەکان دەست بە رووشاندنی جەستەم دەکەن. مەبەستم کونکردن نییە، بەڵکو ئەو کاتەی شمشێرەکان تەنیا دەکەونە رووشاندنی لەشم. ئەو ئازارە لەخۆیدا ئەوەندە ترسناکە کە لەگەڵ

---

[١٦٤] Schenker ناوی کۆمپانیایەکی پۆستییە لە پراگ.

یەکەم هاوارمدا ناپاکی لەگەڵ تۆ و لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکەم) بەم جۆرە و تەنیا بەم گریمانەیە، ددانی پێدا دەنێم کە نامەگۆڕینەوە دەربارەی ئەم بابەتانە، بەپێی ئەوەی هەستی پێ دەکەم (بەسەری خۆم، وەک وتم تەنیا بەپێی هەستی خۆم) وام بۆ دەردەکەوێت دەڵێی هەموو تەمەنم لە شوێنێکی وەک ناوجەرگەی ئەفریقادا ژیابم، هەوڵیش بدەم بیروباوەڕە تەواو جێگیرەکەم دەربارەی گۆڕانە سیاسییەکانی ئایندە بە تۆ بڵێم کە لە ئەورووپا دەژییت، لە ناوجەرگەی ئەورووپادا، بەڵام ئەمە تەنیا لێکچواندنێکە، لێکچواندنێکی گەمژانە، نادروست، ساختە، سۆزدارانە، دڵتەزێن، بەئانقەست کوێرانە. باوەڕ بە شمشێرەکانم بکە! جگە لەوە چیتر نییە.

تۆ لەسەر هەقیت کاتێک شتی ناو نامەی مێردەکەتم بۆ دەنێریت، هەرچەندە من سەر لە هەمووشتەکان دەرناکەم (نامەم بۆ مەنێرە) من بەو جۆرە تەماشای مەسەلەکە دەکەم کە ئەمە نامەی کابرایەکی زگورتییە و لە سەروبەندی ژنهێناندایە. هەندێک بێوەفایی ئەو کە بێوەفاییش نییە چ بایەخێکی هەیە، چونکە ئێوە هەردووکتان لەسەر یەک ڕێگەن و تەنیا ئەوە هەیە کە ئەو هەندێک جار کەمێک بە لای چەپی ڕێگەکەدا لادەدات. ئەم بێوەفاییە چ بایەخێکی هەیە، جگە لە ڕشتنی هەستی قووڵترین بەختەوەری، تەنانەت بۆ ناو قووڵاییترین خەمەکانی تۆ؟ بێوەفایی ئەو بە بەراورد لەگەڵ پابەندبوونە هەمیشەییەکەی مندا چ گرنگییەکی هەیە؟

دەربارەی مێردەکەت لای منەوە چ بەدحاڵیبوونێک ڕووی نەداوە. نیگەرانیی تۆ لە پۆتینەکانی مێردەکەت، بیانوویەکە کە تۆ، (تۆ و مێردەکەت) تەواوی ڕازی شاراوەی هاوبەشییە توندوتۆڵەکەتان، ئەو ڕازە دەوڵەمەندەی قابیلی هەڵوەشان نییە، بەردەوام لە سەری ئەودا خاڵی بکەیت. ئەمە شتێکە ئازارم دەدات. شتێکە نازانم بە تەواوی چییە. هەرچییەک بێت مەسەلەکە زۆر سادەیە. ئەگەر دەستی لێ هەڵبگرێت دەڕوات و لەگەڵ ژنێکی تردا دەژی، یان دەڕوات بۆ



Scanned with CamScanner

پانسیونێکی تر. ئەوسا لە ئێستا باشتر پۆتینەکانی پاک دەکاتەوە، ئەمەیش هەم گەوجایەتییە و هەم نا. نازانم چی لەم قسانەدایە کە ئەوەندە ئازاری من دەدات؟ ڕەنگە تۆ بیزانیت.

ئەگەر پێشتر لەبارەی پارەوە شتێکت بۆ بنووسیمایە، ڕۆژی لەدایکبوونەکەت وا خراپ دەرنەدەچوو. پارەکە لەگەڵ خۆمدا دێنم، بەڵام لەگەڵ ئەو نالەبارییەی کە دەشێت پێش بێت، بە هەرحاڵ ڕەنگە یەکتر نەبینین.

لێ شتێکی دی. لەبارەی ئەو کەسانەوە نووسیوتە کە شەو و ڕۆژ بەیەکەوەن و ئەوانەیش کە وا نین. من دووهەمەکەیانم لا پەسەندترە. ئەوانە[165] بە تەواوی یان لەوانەیە کارێکی خراپیان کردبێت، وەک تۆیش بەڕاستی دەیڵێیت، ڤیزەونیی دیمەنەکە لە بنەڕەتدا لە نامۆیی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە (نامۆیی بەرانبەر بە یەکتر) ئەم ڤیزەونییە، ڤیزەونییەکی ماتەریالییە. لە ڤیزەونی ئاپارتمانێک دەچێت هەرگیز کەسی تیا نەژیابێت، کەچی لەپڕێکدا و خێرا دەرگاکەی بکەوێتە سەرپشت. بەڕاستی ئەمە خراپە، بەڵام هیچ شتێک ڕووی نەداوە کە تەواو بنەبڕ بێت و کۆتایی هاتبێت. نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسمان شتێکی بنەبڕ نییە. لە ڕاستیدا وەک تۆ دەڵێیت هەموو شتێک "یاریکردنە بە تۆپ" دەڵێی بەڕاستی حەوا سێوی لە داری مەعریفەت کردووەتەوە (هەندێک جار بیر دەکەمەوە کە هیچ کەسێک وەک من لە داکەوتنی مرۆڤ تێنەگەیشتووە) لەگەڵ ئەمەیشدا، حەوا ئەم کارەی تەنیا لەبەر ئەوە ئەنجام داوە کە سێوەکە پیشانی ئادەم بدات، چونکە ئادەم ئەوی خستبووە خوارەوە، بەڵام تاقە شتێکی بڕاوە کە سێ و دووی لەسەر نەکرێت، گازی سەر سێوەکە بوو. بۆیە نەدەبوو یاری بە سێوەکە بکرێت، ئەگەرچی قەدەغەیش نەبوو.

---

[165] ڕەنگە مەبەستی ئەوانەی دووەم بێت.

کەواتە تا دە یان چواردە ڕۆژی تر وەڵامی ئەم نامەیەم پێ ناگات. ئەگەر باس لە چەند ڕۆژی پێشووتریش بکەین، وەک ئەوە وایە لە یاد کرابێت. وا نییە؟[١٦٦] بۆیە ئێستا هەست دەکەم پێویست بەوەبکات هەندێک شتت بۆ باس بکەم کە نە بۆ دەربڕین دەشێن نە بۆ نووسین. نەک بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو شتەی لە گموند خراپم کردبوو، یان بە مەبەستی ڕزگارکردنی شتێکی لە ئاودا نوقمبوو، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە یارمەتیت بدەم تا بە قووڵی لە دڵەڕاوکێیەکانی من تێبگەیت بۆ ئەوەی ئیدی بە ترسەوە خۆتم لێ دوور نەخەیتەوە - ئەمە شتێکە هەر چۆن بێت لەنێو مرۆڤەکاندا ڕوو دەدات. هەندێک جار وا هەست دەکەم وەک ئەوەی هێند باری گرانی قورقوشمم هەڵگرتبێت کە لەوەدا بێت هەموو ساتێک بەرەو قووڵاییترین شوێنی دەریا ببرێم. ئەو کەسەیش کە دەیەوێت بمگرێت، یان تەنانەت ڕزگارم بکات، دەستبەردارم بێت. دەست بەرداربوونەکەیشی لەبەر ئەوە نییە کە لاوازە یان نائومێدە، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بەتەنگهاتووە و ناتوانێت ئەو کارە بکات. دیارە من ئەم قسەیەم لەگەڵ تۆ نییە، بەڵکو تەنیا لەو تیشکە لاوازەدایە کە لە تۆدا هەیە و سەرێکی شەکەت و خاڵی دەیتوانی بەدیی بهێنێت. (ناڵێم سەرێکی داما و یان دنەدراو، چونکە ئەگەر وا بوایە هێشتا دەشیا جێی دڵنیایی بێت).

چاکە. دوێنێ چووم بۆ بینینی یارمیلا. لەبەر ئەوەی دیدەنییەکە بە لای تووە گرنگ بوو، نەمویست تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش دواى بخەم. ئەگەر ڕاستت دەوێت بیرۆکەی زووبینینی یارمیلا تووشی دڵەڕاوکەی کردبووم. بۆیە ویستم، هەرچەندە هێشتا ڕێشیشم نەتاشیبوو، هەرچۆنێکە زوو کۆتایی بەو دیدارە بهێنم و ڕزگارم بێت. سەعات ٦،٥ لەوێ بووم. زەنگی دەرگاکە خراپ بوو، لەدەرگادان بێسوود بوو.

---

[١٦٦] لەو کاتەدا میلینا لە st. Gilgen بووە. (وەرگێڕە ئینگلیزەکان).

چەنـد دانەیەک لە ڕۆژنـامەی (**نـاردونی لیسـتی**)[١٦٧] لە سـندووقی نامەکانـدا بـوو. دیـاربوو کەس لە مـاڵەوە نیـیە. مـاوەیەک لەو نـاوە وەستام، پاشان دوو ژن لە حەوشەکەوە لێم نزیککەوتنەوە. یەکێکیان **یارمیلا** و ڕەنگە ئەوی تریان دایکی بووبێت. هەرچەندە **یارمیلا** نە لە وێـنە فۆتـۆگرافەکەی و نە هەرگیـز لە تۆیشـی نەدەکـرد، بەڵام زوو ناسیمەوە. خێرا ئەوێمـان بەجێ هێشت، نزیکەی ١٠ دەقیقە لەپشت ئاکادیمیـای سـەربازیی کـۆنەوە کەوتیـنە پیاسـەکردن. تەواو بە پێچەوانەی پێشـگۆییەکانی تـۆوە، ئەوە گەلێـک سەرسـامی کـردم کە زۆری دەوت. ڕەنگە هەر لەو دە دەقیقەیەدا ئەمەندە زۆربڵێ بووبێت. ئەو تا ڕادەیەک بەردەوام قسەی دەکرد. ئەو نـامەیەیم بیرکەوتەوە کە تۆ جارێکیان بۆت ناردم و زۆربڵێی تیا کردبوو. جۆرە زۆربڵێییەک کە تا ڕادەیەک جیاواز بوو لە خودی قسەکەرەکە. لەوە سەیرتر ئەوەبوو کە زۆروتـنەکەی هـیچ پەیوەنـدییەکی بەو وردەکـارییە دیـار و واقیعییانەوە نەبوو کە لە نامەکەیدا نووسیبووی. دەتوانم تا ڕادەیەک تـووڕەیی و شـپرزەییەکەی وا لێک بـدەمەوە کە وەک خـۆی دەیگـوت ڕۆژانە بەدوای مەسـەلەکەی تـۆوە بـووە[١٦٨] لەبـارەی **ڤیرفـل**ەوە تەلگورافی بۆ **هاس** کردووە (بێ ئەوەی تـا ئێستا وەڵامـی درابێتەوە) تەلگوراف و نامەی خێرای بۆ تۆ ناردووە. بە پێشنیاری تۆ یەکسەر نامەکـانی سـووتاندووە. ئیدی نەیتوانیوە جگە لە ڕێگەیەک بـۆ خێرا دڵنیـاکردنەوەی تـۆ، بیـر لە هـیچ شـتێکی تـر بکـاتەوە. بە کـورتی و بە هەموو ئەم بەڵگانەوە ویستوویەتی ئەم دوانیوەڕۆیە بێت بۆ لای مـن بۆ ئەوەی هەر هـیچ نەبێـت لەگەڵ یەکێکدا قسـە بکـات کە ئاگـاداری هەمـوو ڕووداوەکـانە (ئەو لەوە دڵنیـایە کە دەزانێـت مـن نیشـتەجێی

---

[١٦٧] ڕۆژنامەی بەیانییانی پـراگ کە مانـای (ڕۆژنـامەی میللی)یە و میلینـا وتـاری تیـا دەنووسی، هەروەها ئەو چیرۆکانەیشی کە بە لای خەڵکی ئاساییەوە پەسەند بوون.

[١٦٨] لەوەدەچێت مەبەستی ئەو نامانەبێت کە واژوویان لەسەر نەبووە.

کوێم. هۆکارەکەیشی ئەمەیە: جارێکیان – وا بزانم پاییز یان لەوانەیە بەهـار بووبێـت، بە چـاکی لە بیـرم نەمـاوە. مـن لەگەڵ **ئـوتیلا** و **ڕوزینکای چکۆلەدا**، ئەو کچەی لە **شونبرن پالاس** پێشبینیی کردبوو کە من خەریکە کۆتاییم دێت، **چووین** بۆ بەلەمسواری. بەرانبەر بە ـ ڕودولفینوم- **هاس**مان بینی، **هاس** ژنێکی لەگەڵدا بوو کە لەو کاتەدا من هیچ سەرنجیم نەدا: ئەو ژنە **یارمیلا** بوو. **هاس** بە ناو منی پێ ناسـاند، **یـارمیلا** بیـری کەوتەوە کە چەنـد ســاڵێک لەوەوبەر لە مەلەوانگەیەکی شاریدا قسەی لەگەڵ خوشکمدا کردووە، ئەوسا لەبەر ئەوەی دەوروبەری مەلەوانگە شارییەکە گەلێک لە مەسیحییەکانی لێ بووە، **ماتیلایش** جوولەکە بووە، **یارمیلا** لە یادەوەرییدا ماوەتەوە. ئەوکـاتە مـاڵی ئـێمە بەرانـبەر بەو مەلەوانــگەیە بـوو. **ئـوتیلا** ئاپارتمانەکەمانی پیشـانی **یـارمیلا** دابوو، ئەمە تەواوی چیرۆکەکەی لای من بوو) هەر لەبەر ئەمەیش لە دڵەوە چوونەکەی منی زۆر پێ خۆش و بەلەز بوو. لە هەمان کاتدا، لەبارەی کێشـەکانی ئەم دواییەوە کە سـەد جـار بە دڵنیـاییەوە، سـەد جـار بە دڵنیـاییەوە گەیشـتبووە کۆتایی، بێتاقەت بوو. ئەو کێشـانەی ئەو بە جۆشوخرۆشـەوە منی لێ دڵنیا دەکردەوە کە سەد جار بە دڵنیاییەوە، سەد جار بە دڵنیاییەوە بۆ ئایندە هیچی تریـان لـێ نـاکەوێتەوە.[١٦٩] لەگەڵ ئەمانەیشدا من شتی زیاترم دەویست. من دەمویست (لە ڕاستیدا من بە چاکی لە گرنگیی مەسـەلەکە تێنەگەیشـتبووم، بەڵام بنـاغەی ژیـانم لەسـەر تەواوی ئەو ئەرکە بنیـاد نـابوو کە پێم سـپێردرابوو) خـۆم نامەکـان بسـووتێنم و خۆڵەمێشەکەی لە کڵاوڕۆژنەوە بدەم بەدەم باوە.

لەبـارەی خـۆیەوە زۆری نەوت. ئەو بە درێژایـی کـات لە مـاڵەوەیە - دەموچـــاوی ئەو شـــایەتییە دەدات- لەگەڵ کەســـدا قســـە ناکـــات، چـوونەدەرەوەی تەنیـا بـۆ ئەوەیە کە جارجـار سـەر لە کتێبخانەکـان

١٦٩ دیارە هەر کێشەی نامە ساختەکانە.



Scanned with CamScanner

بدات، هەندێک جاریش بۆ نامەناردن بچێت بۆ پۆستەخانە، جگە لەمانە ئەو تەنیا لەبارەی تۆوە قسەی دەکرد (یا من بووم لەبارەی تۆوە قسەم دەکرد، دیاریکردنی ئەمەیان زەحمەتە) من پێم وت کە تۆ دوای ئەوەی لە بەرلینەوە نامەیەکت پێ گەیشت کە ڕەنگە یارمیلا ببینیت زۆر خۆشحاڵ بوویت، ئەو وتی ئیتر زەحمەتە بتوانێت لە شتێکی وەک خۆشحاڵبوون تێبگات، لەوەیش زەحمەتتر ئەوەیە کە بتوانێت خەڵکی تر خۆشحاڵ بکات. قسەکانی سادە و قەناعەتپێکەر دەهاتنە بەرچاو. من وتم سەردەمانی کۆن هەرچۆنێک بووبێت زەحمەتە بە ئاسانی لە بیر بکرێت، ئەمەیش بەردەوام بەرەوڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە دەیانەوێت بژین. ئەو وتی وایە، دەشێت، بەو مەرجەی مرۆڤەکان بەیەکەوە بن، هەروەها وتی کە لەم دواییەدا لە ڕادەبەدەر تاسەی دیداری کردوویت. زۆریشی بە لاوە ئاسایی و پێویست بوو کە تۆ لەوێ بیت (چەند جارێک سەیری زەوییەکەی بەردەمی خۆی کرد و ئاماژەی بۆ کرد، دەستیشی بە گوڕوتین بوو) لێرە، لێرە، لێرە.

لە بەردەمماڵەکەداماڵئاواییەکی کورتمان لە یەکدی کرد. پێش ئەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئاڵۆز دەربارەی وێنەیەکی تۆ کە بە لایەوە جوانییەکی تایبەتی هەبوو، دەیویست پیشانم بدات، بەتەنگی هێنام. پاشان دەرکەوت کە هەر دوای سەفەرەکەی بۆ بەرلین، کاتێک هەموو کاغەز و نامەکانی خۆی سووتاندووە، ئەو وێنەیەی بە دیوارەوە هەڵواسیوە، وا ئەم دوانیوەڕۆیە هەر لەخۆیەوە ئەو هەموو کاتەی بۆ دۆزینەوەی بەهەدەر دا.

دوایی تەلگورافێکم بۆ ناردیت زێدەڕۆیی تیابوو، لەبارەی ئەوەوە بوو کە چۆن پێشنیارەکانتم ئەنجامداوە. بەڵام ئایا دەمتوانی کارێکی تر بکەم؟ ئایا تۆ لە من ڕازییت؟

لەبەر ئەوەی نامەکە دوو هەفتەی تر دەگاتە دەستت، تکالێکردنت بێمانایە. لێ ڕەنگە تێکرا ئەم داوایەم شتێک بخاتە سەر ئەو بێمانایییە: ئەگەر لەم دنیا نائەمینەدا هەرچۆنێک بێت (لەم دنیایەدا کە کاتێک



Scanned with CamScanner

مرۆڤ دەخرێتە لاوە، ئیتر بە ئاسانی دەخرێتە لاوە و ناتوانێت هیچ بکات) مەهێڵە ترس لە منت دووربخاتەوە. تەنانەت ئەگەر جارێک یان هەزار جار یان هەر ئەم چرکەساتە یان بۆ هەمیشە و هەر ئەم چرکەساتەیش نائومێدم کردیت، مەهێڵە ترس لە منت دووربخاتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە تکایەک نییە و تەنیا بە تویشی نالێم، نازانم بۆ کێیشە، ئەمە تەنیا هەناسەی ستەمدیدەیەکە کە لە سنگێکی ستەمدیدەوە دێتە دەرەوە.

## چوارشەممە

نامەکەی بەیانیی دووشەممەت، لەو بەیانیی دووشەممەیەوە، یان کەم تا زۆر لە نیوەڕۆی دووشەممەوە، کە کاریگەرییە خێرخواهانەکەی سەفەر وردەوردە کاڵ دەبووەوە (دوور لە هەر شتێکی دی، سەفەر لە خۆیدا ئاسوودەبەخشە، جۆرێکە لە قەرزدانەوە، جۆرێک لە ڕاچڵەکان بە تەواوی مانا) لەوساوە تا هەنووکە من بەبێ وەستان تاقە گۆرانییەکت بۆ دەچڕم، گۆرانییەکە بەردەوام دەگۆڕێت و لە هەمان کاتیشدا هەر خۆیەتی. دەوڵەمەندە وەک خەوی بێخەوێن، بێزارکەر و ماندووبەخشێکە، هەندێک جار لە کاتی خوێندنەوەدا خەوم لێ دەکەوێت. دڵخۆش بە کە ناچار نییت گوێ بگریت. دڵخۆش بە کە بەدرێژایی ئەم ماوەیە لە نامەی من پارێزراویت.
ئاهـ ناسینی سروشتی مرۆڤ! کە تۆ پۆتینەکانت هێند بە جوانی بۆیاخ دەکەیت، بۆ دەبێت من لە دژی ئەوە قسە بکەم! چەند دەتوانیت جوانتر بۆیاخی بکە. پاشان بیخەرە سووچێکەوە و لێگەڕێ کارەکە تەواو بێت. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە تۆ بە درێژایی ڕۆژ لە بیری پێڵاوبۆیاخکردندایت. ئەمە ئازارم دەدات (پۆتینەکانیش پاک نابنەوە).



Scanned with CamScanner

منیش هەمیشە دەمەوێت گوێم لە ڕستەیەکی جیاوازی وەک ئەم ڕستەیە بێت: (تۆ هی منیت) بۆ هەر ئەم ڕستەیە؟ ئەم وتەیە زیاد لەوەی مانای خۆشەویستی بگەیەنێت، بە مانای شەو و نزیکییە.
بەڵێ ئەوە درۆیەکی گەورە بوو کە من بەشداریم تیا کرد، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە من لە گۆشەی تەنیایی خۆمدا ڕۆڵی پاکیزەیی دەبینم.
بۆ نەگبەتیی تۆ بەردەوام بەرەورووی داخوازیگەلێکم دەکەیتەوە کە دەگەمە ئەوێ پێشتر ئەنجام دراون. ئایا تا ئەم ڕادەیە بڕوات بە من نییە، یان ڕەنگە بتەوێت کەمێک بڕوا بە خۆم پەیدا بکەم؟ ئەگەر ئەمەیانت دەوێت، ئەم بڕوابەخۆکردنە زۆر سەرپێیە.
من تێناگەم تەلگورافەکەی **یارمیلا** (کە بە هەرحاڵ پێش دیدارەکەم لەگەڵیدا ناردبووی) چ پەیوەندییەکی بە من، یان تەنانەت بە ئیرەییەوە هەیە؟ لە ڕاستیدا وا دەردەکەوت کە ئەو لە بینینی من (لەبەر خاتری تۆ) بەختەوەر بوو. لە ماڵئاوایی لێ کردن و ڕۆیشتنی من (لەبەر من یان تا ڕادەیەک لەبەر خۆیشی) بەختەوەرتر بوو.
بەڕاستی دەتتوانی لەبارەی سەرمابوونەکەتەوە چەند وشەیەکی زیاتر بنووسیت. ئایا لە **گموند** تووشبوویت یان کە لە قاوەخانەکەوە گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە؟ هەر بەو بۆنەیەوە، لێرە هێشتا ئاووهەواکەی هاوینەیەکی خۆشە. تەنانەت ڕۆژی یەکشەممە تەنیا لە باشووری **بوهیمیا** باران باری. من شانازیم بە خۆمەوە دەکرد. بە جلە خیس و تەڕەکانمەوە هەموو خەڵکەکە دەیانتوانی لەوە تێبگەن کە من لە گموندەوە گەڕاومەتەوە.
**هەینی**
ئەگەر لە نزیکەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەم دەرد و ئازارەی کە تۆ لەگەڵیدا دەژییت، هەرگیز لێی تێناگەیت. پێویستە کەمێک لە دوورەوە لە مەسەلەکە بڕوانیت، بەڵام لەو کاتەیشدا بە زەحمەت لە کێشەکە تێدەگەیت.

Scanned with CamScanner

ئەوەی لەبارەی چرنووکەوە نووسیبووم تۆ تووشی بەدحاڵیبوون هاتوویت. لە ڕاستیدا خودی مەسەلەکە نادیار بوو. ئەوەی لەبارەی گموندەوە دەیڵێیت هەمووی ڕاستە. ئەمە بە تەواوی مانای وشە، بۆ نموونە لە بیرمە لە پراگ کە لێت پرسیم ئایا من بەرانبەر بە تۆ بێوەفا نەبووم؟ ئەم پرسیارە نیوەی گاڵتە، نیوەی جیددی و نیوەکەی تری بێدەربەستی بوو (سێ نیوە کە لە ڕاستیدا بە هەمان بەڵگە مەحاڵ بوو) تۆ نامەکانی منت لا بوو، کەچی ئەو پرسیارانەیشت لێ دەکردم. ئایا ئەم پرسە، پرسێکی مومکین بوو؟ بەڵام وەک خۆت دەڵێیت، تەنیا ئەمە بەس نییە. من تەنانەت ئەمە بە مەحاڵتر دەزانم. من وتم، بەڵێ، بەرانبەر بە تۆ وەفادار بووم. چۆن کەسێک دەتوانێت بەم جۆرە قسە بکات؟ ئەو ڕۆژە من و تۆ ماوەیەکی زۆر وەک بێگانە قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد و گوێمان بۆ یەکدی ڕادێرا.

دوێنێ نزیک ئێوارە یارمیلا هات بۆ لام (نازانم چۆن ناونیشانی تازەی منی دەزانی) من لە ماڵەوە نەبووم، نامەیەکی بۆ تۆ بەجێ هێشتبوو، بە قەڵەمی ڕەساسیش نووسیبووی، داوای لە من کردبوو کە نامەکەی بە تۆ بگەیەنم، چونکە هەرچەندە ئەو ناونیشانی ئێستای تۆ دەزانێت، بەڵام بە تەواوی دڵنیا نییە.

**دووشەممە**

چاکە، هەرچۆنێک بێت کاتی زۆری نەبردووە. من دوو نامەم لە سالزبۆرگەوە پێ گەیشتووە. لە گیلگن گەلێک شت بەرەو باشی دەچن. پاییز لێرە تەواو گەیشتووە، نکووڵی لەمە ناکرێت. حاڵی من هەم باش و هەم خراپە. ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە چ ڕوانگەیەکەوە تۆ سەیری شتەکان دەکەیت. هیوادارم لە پاییزدا بۆ ماوەیەک تەندروستیم بەردەوام بێت. دەبێت دیسانەوە لەبارەی



Scanned with CamScanner

گموندەوە قسە بکەین و بنووسین. لەم لایەنەوە تەندروستیی من باش نییە. نامەکەی یارمیلات لەگەڵ ئەمەی خۆمدا بۆ دەنێرم. بۆ ئەوەی دەربارەی سەردانی بۆ ماڵی ئێوە وەڵامێکی بدەمەوە، نامەیەکی خێرام بۆ پۆست کرد، لە نامەکەدا ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە هەڵبەتە بە خۆشییەوە من نامەکەی دەنێرم بەو مەرجەی داواکاریی بە پەلە و گرنگی تیا نەبێت، چونکە منیش وای بۆ ناچم کە پێش یەک هەفتە بتوانم ناونیشانی تۆم دەست بکەوێت. ئەویش هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە.

(لە پەراوێزی لای ڕاستەوە): تکایە ئەگەر دەکرێت وێنەی ڕووکاری دەرەوەی ئاپارتمانەکەتم بۆ بنێرە.

## پراگ ٢٦ی ئۆگەست ١٩٢٠ – پێنجشەممە

ئەو نامەیەی بە قەڵەمڕەساس نووسرابوو، خوێندمەوە، لە نامەی ڕۆژی دووشەممەدا، چاوم بەو بەشەدا گێڕا کە خەتی بەژێردا هاتبوو. پاشان پێم باشبوو کەمێک وازی لێ بهێنم، چەندە دڵنیگەران و چەندیش مایەی داخە کە ناتوانم خۆم و تەواوی وجوودم بخەمە ناو هەر وشەیەکەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر وشەکە تووشی پەلاماردان هات، بە هەموو وجوودمەوە بەرگریی لێ بکەم، یان تەواو تیابچم. تەنانەت پێش ئەوەی لە خوێندنەوەی نامەکە ببمەوە (لە کۆتایی نامەکەدا تۆ ئاماژەت بە شتێکی لەم بابەتە داوە) وام بە بیردا هات کە ئایا ناکرێت تا ئەو شوێنەی هەوای پاییز ڕێگە دەدات ماوەیەکی تر لەوێ بمێنیتەوە. ئایا دەکرێت؟

ئەو نامانەی لە سالزبۆرگەوە ناردبووتن زوو بەدەستم گەیشت. نامەکانی گیلگن درەنگ گەیشتن، بەڵام من لێرەولەوێش هەواڵی ترم

پێ دەگات. لە ڕۆژنامەدا هێلکارییەکی پۆلگارم[١٧٠] بینی. باسی دەریاچەکە بێئەندازە خەمگین و لە هەمان کاتدا سەرسووڕهێنەرە، چونکە لەگەڵ ئەوەیشدا شادیهێنە (چاکە، ئەمە زۆر شایانی باس نییە، جگە لەوە لە سالزبۆرگەوە چەند هەواڵێکم پێ دەگات، لەبارەی ئاهەنگ، ئاووهەوایەکی ناجێگیر) خەمگینیشە. تۆ لەدواییدا زۆر درەنگ سەفەرت کرد، بەڵام پاشان من هانی ماکس دەدەم تا دەربارەی ولفگانگ و گیلگن هەندێک شتم بۆ باس بکات. ئەو لەوێ سەردەمی منداڵیەتیی خۆی زۆر بە شادی تێپەڕاندووە. دەبێت کۆن لە ئێستا باشتر بووبێت، بەڵام ئەگەر بڵاوکراوەی تریبونا نەبوایە، هەموو ئەم شتانە هیچ نەبوون. هەموو ڕۆژێک ئەگەری ئەوە هەیە شتێک لە نووسینەکانتم لە (تریبونا) بەرچاو بکەوێت، پاشان لێرەولەوێ بەدوایدا بگەڕێم، ئایا حەز ناکەیت لەبارەی ڕۆژنامەکەوە قسە بکەم؟ بەڵام من زۆر بە تاسوقەوە دەیخوێنمەوە. جا ئەگەر من کە چاکترین خوێنەری تۆم لەو بارەیەوە قسە نەکەم، ئەی دەبێت کێ قسە بکات؟ تەنانەت پێش ئەوەی خۆت بیڵێی کە هەندێک جار لە کاتی نووسیندا بیر لە من دەکەیتەوە، من لە نووسینەکانتدا هەست بە ئامادەگیی خۆم دەکەم. بەو مانایەی کە بە خۆمیەوە دەقرسێنم. لێ ئێستا، کە بە ڕاشکاوی ئەم قسەیەت کرد، لەوانەیە لەو لایەنەوە زیاتر بترسم، بۆ نموونە کاتێک لەبارەی کەروێشکێکی ناو بەفرەوە دەخوێنمەوە، تا ڕادەیەک وا هەست دەکەم کە دەمەوێت بەناو بەفردا ڕابکەم.

(لە پەراوێزی نامەکەدا) بەڵێ، دەمزانی شتێکم لە نامەکەتدا پەڕاندووە، بەبێ ئەوەی بتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە، بیرم ناکەوێتەوە. پلەی گەرمی؟ پلەی گەرمیی ڕاستەقینە؟ ئایا لێم تێدەگەیت؟

لەدواییدا نامەیەکی ترم خوێندەوە، بەڵام بەڕاستی هەر لە ڕستەی یەکەمەوە کە دەڵێت: "نامەوێت وەڵامی بدەیتەوە" نازانم لەپشت ئەم

---

[١٧٠] Alfred Polgar نووسەرێکی بەناوبانگی خەڵکی ڤیەننایە.

ڕســـتەیەوە چـــی هەیە، بەڵام ئەمـــڕۆ دوای ئەوەی بە نامەکانتـــدا چوومەوە (ئەو نامانەی بێ چەندوچوون ئامادەگیی تۆ دەسەلمێنن، لە کاتێکدا کە من بە خۆمەوە بەستوون و ئەملا و ئەولایان پێ دەکەم) وا ئێستا ئامادەم بە چاوی بەستراوەوە و بەبێ ئەوەی نامەکەم خوێندبێتەوە، واژۆ لەسەر ڕاستیی نامەکەت بکەم، تەنانەت ئەگەر ئەو نامەیە لە بەردەم دادگای بالادا شایەتی لە دژی من بدات. **میلینا**، من ڕسوام، تا ئەوپەڕی ڕسوایی، هەر لەبەر ئەوەیشە کە ئەوەندە لەسەر پاکی کەوتوومەتە هاتوهاوار. هیچ کەسێک ناتوانێت وەک ئەوانەی لە بنی بنی دۆزەخدا دەژین، ئاوا بە دەنگی پاک گۆرانی بڵێت. ئێمە لە خوێندنی فریشتەکاندا تەنیا گۆرانییەکانمان بەسە.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر گەیشتمە ئەوەی کە ژیانی سەربازی -یان باشتری بڵێم نمایشی سەربازی- کە ساڵانێکە دەستم پێ کردووە، لە هەندێک بواردا باشترین ژیانە کە بۆ خۆمم ڕەخساندبێت. دوانیوەڕوان تا ئەگەری درێژترین ماوە، نووستن، پاشان بۆ ماوەی دوو سەعات بە پێ ڕۆیشتن، دوای ئەوە چەند بکرێت بەئاگابوون. بەڵام لەم "چەند بکرێت"ەدا تەڵەیەک شاراوەتەوە. ئەم "چەند بکرێت"ە زۆر ناخایەنێت. نە لە دوانیوەڕۆ و نە لە شەودا، لەگەڵ ئەمانەیشدا بەیانیان بە پووکاوەیی دەچم بۆ ئۆفیسەکەم. خەڵاتی ڕاستەقینەی من لە قووڵایی شەودا شاراوەتەوە. لە سەعات دوو، سێ و چواری دوای نیوەشەو، بەڵام ئەم ڕۆژانە ئەگەر درەنگتر لە نیوەی شەو بچمە ناو جێگەوە، شەو و ڕۆژ و خۆیشم هەموو سەرگەردان دەبین. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هیچیان گرنگ نین. ئەم خزمەتە سەربازییە تەنانەت ئەگەر بێئەنجامیش بێت، هەر خۆشە، بەڵام بێئەنجام دەبێت. من نیازمە نیوساڵ بەم جۆرە بژیم، تاوەکو پێش هەر شتێک زمانم بکرێتەوە، پاشان دڵنیا بم کارەکە تەواو بووە و کە ڕێگەی خزمەتی سەربازم پێ درا، بەڵام وەک وتم ئەم جۆرە ژیانە خۆی لە خۆیدا چاکە، تەنانەت ئەگەر دوای ماوەیەکی کەم یان زۆریش کۆکە



Scanned with CamScanner

ستەمکارەکان بە سەریشماندا بکێشن. بێگومـان نامەکان تا ڕادەیەک خراپ نەبوون، بەڵام شایانی ئەو نامەیە نیم کە بە قەڵەمی ڕەساس نووسـرابوو. ئایـا لە ئاسـمان و سـەرزەویدا یەکێـک دەسـتدەکەوێت شایانی ئەوە بێت.

## پراگ ٢٦ تا ٢٧ی ئۆگەست ١٩٢٠ - شەوی پێنجشەممە

ئەمڕۆ چ کارێکی وام ئەنجام نەداوە جگە لەوەی پیاسـەی ئەمـلاولام کردووە و لێرەولەوێ شتێکم خوێندووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا جگە لەوەی گوێ بۆ لێدانی ئازارێکی زۆر کەمـی لاجانگم ڕادێرم، هیچی تـرم نەکـردووە. بە درێژایـی ڕۆژەکە نامەکانـت بیـری منیـان بە خۆیـانەوە مـژوول کردبـوو، ئـازار، ئەشـق، دڵەڕاوکـێ، بە ترسـێکی نەناسراوەوە لە شتێکی نەناسراو کە نەناسینەکەی تـا ڕادەیەکی زۆر بەڕاسـتی لەوەدا شـاراوەتەوە کە لە سـنووری وزە و توانـای مـن زیاترە. لە هەمان کاتدا نەموێرا بۆ جاری دووەم نامەکان بخوێنمەوە. ئاسانە، جاری یەکەمیش نەمتوانی لە نیو لاپەڕە زیاتر تەواو بکەم. بۆ مـرۆڤ ناتوانێـت خـۆی ڕادەسـتی ئەو ڕاسـتییە بکـات کە ژیـان لەم گوشـــارە ڕۆحـــی و کێشمەکێشـــە زۆر تـــایبەتی و لەم دڵەڕاوکە کوشـندەیەدا، ڕەوا و دروسـتە (هەنـدێک جـار تـۆیش بیـروڕای لەم بابەتەت دەخستە ڕوو کە گوێم لێ دەبوو پێکەنینم پێ دەهـات)، بۆ لەباتی ئەمە، بوێرانە، نەتوانین دەستبەرداری ژیان بین و سەرلەنوێ وەک ئـاژەڵێکی لە ئـاوەز خـاڵی (تەنـانەت وەک ئـاژەڵ ئەشـقی ئەو بێئاوەزییەی خۆی بێت)، دەست پێ نەکەینەوە، هەر بەو جۆرەیش بۆ هەمـــوو کارەبـــا پچـــڕاو و سەرکێشـــەکان بە جۆرێـــک نەخەیـــنە جەستەمانەوە کە تا ڕادەیەک یەکسەر بیسووتێنێت.



Scanned with CamScanner

بەڕاستی خۆیشم نازانم مەبەستم لەم دەربڕینە چییە؟ تەنیا دەمەوێت بە هەر ڕێگەیەک بێت خۆم بە گلەییەکانتدا هەڵبواسم. ئەو گلەییانە نا کە بە زمان وتروان، بەڵکو ئەو گازندە خامۆشانەی لە نامەکانتەوە دێنە دەرەوە. من لەم لایەنەوە ئەو گازندانە بەدەست دێنم کە لە ڕاستیدا بە هیی خۆمیان دەزانم، ئەوە کە تەنانەت لێرەیش، لەم تاریکییەدا دەتوانین بەیەکەوە بین، لە هەمووی سەیرترە. بەڕاستی من، دەشێت بۆ چرکەساتێک باوەڕم پێی هەبێت، دوای ئەو چرکەساتە باوەڕم پێی نامێنێت.

**هەینی**

لەباتی خەوتن، شەوم بە نامەکانتەوە بەسەربرد (هەرچەندە تا ڕادەیەک بە نابەدڵیش) لەگەڵ ئەوەیشدا کاروبارەکان لەم چرکەساتەدا زۆر خراپ نین. لە ڕاستیدا نامەیەک نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە لەخۆیدا بایەخێکی نییە. لە ئێستادا ڕەنگە زۆر چاکتر بێت ڕۆژانە شت نەنووسم. تۆ بە نهێنی ئەمەت لەپێش مندا زانیوە. نامەی ڕۆژانە لەباتی توانابەخشین لاوازت دەکات. جاران تا دوا دڵۆپی نامەکەت دەنۆشی و لە هەمان کاتدا دە ئەوەندە بەهێزتر و تینووتر دەبوویت. (من باسی **پراگ** دەکەم نەک **مران**) لێ هەنووکە مەسەلەکە گەلێک جیددییە. ئێستا لە خوێندنەوەی نامەیەکدا مرۆڤ لێوی دەگەزێت و هیچ شتێک تەواو براوە نییە، جگە لە ئازارە سووکەکەی لاجانگ، بەڵام تەنانەت ئەوەیش گرنگ نییە. تەنیا شتێک گرنگە. **میلینا** نەخۆش مەبە! نەخۆش مەبە. نە نووسین کارێکی باشە (چەند ڕۆژی گەرەکە بۆ ئەوەی من خۆم لەژێر کاریگەریی ئەو دوو نامەیە ڕزگار بکەم کە دوێنێ نووسیبووتن؟ چ پرسیارێکی گەوجانەیە؟ ئایا دەکرێت بە تێپەڕینی کات بەسەر ئەو کاریگەرییەدا زاڵ بیت؟)، بەڵام مەرج نییە نەخۆشی هۆکاری ئەوە بێت. بێگومان من تەنیا بیر لە خۆم



Scanned with CamScanner

دەکەمەوە. دەتوانم چی بکەم؟ بە ئەگەرێکی نزیک لە یەقینەوە ئەو کارە دەکەم کە ئێستا خەریکی کردنیم، بەڵام چۆن؟ نا، من نامەوێت بیر لەوە بکەمەوە. لە هەمان کاتدا هەر کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە، بە ڕووناکترین شێوە تۆ دەبینم کە هەمیشە لەناو جێگەدا کەوتوویت، وەک ئەو ئێوارەیەی لە گموند لەناو چیمەنەکەدا ڕاکشابوویت (ئەو شوێنەی لەبارەی هاوڕێکەمەوە قسەم بۆ دەکردیت و تۆیش زۆر گوێت لای من نەبوو) هەرگیز ئەم بینینە بە ژان نییە، بەڵکو بەڕاستی چاکترین بینینە کە لە ئێستادا دەتوانم لە خزمەتیدا بم: ئەوەی کە تۆ لەناو جێگەدا کەوتوویت و منیش پەرستاریت دەکەم. جارجارە سەرت لێ دەدەم، دەستم دەخەمە سەر تەوێڵت. کە لە سەرەوە تەماشات دەکەم، نوقمی ناو چاوەکانت دەبم. کە بە ژوورەکەدا دێم و دەچم، هەست دەکەم لێم ورد دەبیتەوە، بۆیە لە هەر چرکەساتێکدا غرورێکم تێدەگەڕێت کە ناتوانم جڵەوی بگرم. دەزانم دەمەوێت بۆ تۆ بژیم، دەزانم مۆڵەتی ئەم کارانەم پێ دراوە، دەیشزانم دەبێت سوپاسگوزار بم کە دیسان لەپاڵمدا وەستایت و دەستت خستە ناو دەستم. تەنیا نەخۆشییە کە زوو تێدەپەڕێت و تەندروستیت لە جاران چاکتر دەبێت. لە کاتێکدا من دەبێت خێرا و لەپڕا (هیوادارم بێ ئازار و نالە بێت) بڕۆمە ژێر زەوییەوە. باشە، ئەمانە زۆر بەئازار نین، بەڵام داخ لەو کاتەی کە تۆ لە جێگەیەکی وا دووردا نەخۆش بیت.

کەواتە تۆیش لکوموتیورەکانت[171] خۆش دەوێت، وا نییە! بەڵێ! ئەو لکوموتیورە ڕووخۆش و لە هەمان کاتدا لاواز و برسییەی لە لکوموتیورەکانی **ڤیەننا** دەچێت! بەڵام لکوموتیورەکانی ئێرەیش کەسانێکی چاکن. منداڵان حەز دەکەن ئەوانیش ببن بە لکوموتیور بۆ ئەوەی بەهێز و لە هەمان کاتدا خەڵکی ڕێزیان لێ بگرێت، سواری شەمەندەفەر بن و لەسەر پارکەکانەوە خۆیان بەسەر منداڵەکانی تردا

[171] لکوموتیور: شۆفێری ترام.

شــۆڕ بــکەنەوە. منــداڵەکان بلیتکــونکەر و کەلێــک بلیتــی شەمەندەفەریشــیان پێــیە، بەلام مــن (لە کاتێکــدا کە کەم تــا زۆر ئەم ئەگەرە دەمترسێنێت) حەز دەکەم ببم بە لکوموتیور تا ئەوەندە بەهێز و توانا بم، بتوانم بەشداریی هەموو کارێک بکەم. جارێکیان بەدوای ترامواپەکدا دەچووم کە بە خاوی دەڕۆیشت. لکوموتیورەکە (شاعیرە لاوەکە گەیشت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا لە ئۆفیسـەکە بمباتە دەرەوە. جارێ لەوەگەڕێ تا چیرۆکی لکوموتیورەکە کۆتایی دێت)، لە کاتێکدا کە لە ســەکۆی پشــتەوە بــۆ دەرەوە چەمــابووەوە، لەســەر شــتێک هاواری بەسەردا دەکردم (لەبەر هەراوزەنای زۆری ژوزن پلانسـەکە نەمتوانی بزانم چی دەڵێت)، هەردوو دەستی بە شپرزەیی دەجووڵاند کە دیار بوو دەیویست شتێک بە من بڵێت، بەلام مـن تێی نەدەگەیشتم و ترامــواکەیش تــا دەهــات زیــاتر دوور دەکەوتەوە و هەوڵــی لکوموتیــورەکەیش بێئەنجـام بــوو. ســەرئەنجام تێگەیشــتم: دوگـمە زێڕینەکەی کراسەکەم کرابووەوە و هەوڵی دەدا ئەوەم پێ بڵێت. ئەم بەیانییە ئەو ڕووداوەم بیرکەوتەوە، ئەو کاتە بوو کە شـەوی پێشوو بە شــەکەتی و وەک تارمــایی نەخۆشــێک ســواری ترامــوا بــووم، شــۆفێرەکە لەکاتێکــدا (٥) کــرۆن بــاقیی پــارەکەی دەدامەوە، بــۆ شادکردنی من (لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین بۆ شـادکردنی مـن، چونکە ئەو تەنانەت تەماشای منی نەکردبوو، بەڵکو بۆ شـادکردنی بارودۆخە گشـتییەکە) لەبـارەی ئەو پـارە وردانەوە کە پێـی دەدام بە شـێوازێکی خۆمـانە شـتێکی پێ وتـم (کە بیـرم چـووەتەوە) ئەو بەرێزەی لەپشت سـەری منەوە وەسـتابوو، لەبەر ئەوەی جیاوازیی لەگەڵ مندا هەبوو، بە قسەی شۆفێرەکە زەردەخەنەیەکی کەوتە سـەر لێو، کە منیش هەر ئەوەنـدەم دەتـوانی بە زەردەخەنەیەک وەلامـی بـدەمەوە، بەم جـۆرە دۆخەکە کەمێک چاکتر بوو، ئایا ئومێدێک هەیە ئاسمانە باراناوییەکەی سانت گیلگنیش دڵخۆش بێت؟



Scanned with CamScanner

چ جوانییەک، چ جوانییەک، میلینا؟ جوانتر لەم بێدەنگییە، لەم متمانە و ئەم پاکی و بێگەردییەی کە نامەکەت (مەبەستم نامەکەی سێشەممەیە) دروستی کردووە، هیچی تر نییە.

بەیانییەکەی نامە نەبوو، ئەمە ڕاستییەکە کە ئیتر من خۆم بە ئاسانی لەگەڵیدا گونجاندووە. ئێستا من سەبارەت بە گەیشتنی نامەکان بە تەواوی فەرقم کردووە، بەڵام دەربارەی نووسینی نامە کەم تا زۆر نەگۆڕام. ئەو خۆشی و چێژەی مرۆڤ هەڵدەنێت بۆ نامەنووسین بە تواناکەی خۆیەوە ماوەتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا خۆم دەگونجێنم. من چ پێویستییەکم بە نامە هەیە لە کاتێکدا بۆ نموونە، دوێنێ هەموو بەیانی و عەسر و تا نیوەی شەوم بە قسەکردن لەگەڵ تۆدا بەسەربردووە. لەو قسانەدا کە من وەک منداڵێک دڵسۆز و نامەزرۆ بووم و تۆیش وەک دایک بە تاسە و حەوسەڵە بوویت (لە دنیای ڕاستەقینەدا هەرگیز نە دایکێکی وا و نە منداڵێکی لەو جۆرەم نەدیوە)، بۆیە هەموو شتەکان وەک پێویست بەڕێوەچوون. تەنیا دەبێت پاساوی نامەنەنووسینت بزانم! نابێت تۆ هەمیشە هەر نەخۆش بیت و لەناو جێگەدا کەوتبیت، لەو ژوورە بچووکەدا، پایزەبارانیش لە دەرەوە، تۆیش تاق و تەنیا و تا لێ هاتوو (خۆت لەم بارەیەوە نووسیوتە) هەڵامەتیش (خۆت لەم بارەیەوە نووسیوتە) شەکەتی و ئارەقە و شەوانی سارد. (تۆ خۆت هەموو ئەمانەت نووسیوە، ئەگەر ئیتر ئەمانە نەماون، باشە و منیش لە ئێستادا هیچ لەوە چاکترم ناوێت).

من وەڵامی بڕگەی سەرەتای نامەکەت نادەمەوە، تەنانەت هەنووکەیش سەرەتای نامەکەی پێشووترم لە بیر نییە. ئەوانە شتگەلێکن هێند سەختن و بە قووڵی تێکئالاون، دەشێت تەنیا لە گفتوگۆی نێوان دایک و منداڵدا لێک بکرێنەوە. ڕەنگە هەر بۆ بیستن باش بن، چونکە زەحمەتە ئەو گرێوگۆڵانە ڕوو بدەن. من باسی ئەو بڕگەیە ناکەم،



Scanned with CamScanner

چونکە ئازاری لاجانگەکانم لە پارێزدایە. ئایا تیری ئەشق لەباتی دڵ نیشانەی لە لاجانگم گرتووە؟ بۆ لەمەودوایش دەربارەی **گموند** هیچ - بە مەبەستەوە- نانووسم. قسەی زۆر لەم بارەیەوە بۆ وتن هەیە، بەڵام هەموو ئەم قسانە سەرئەنجام بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە ئەگەر یەکەم ڕۆژ دۆخەکە لە **ڤیەننا** کەمێک لەوە باشتر بوایە، من ئێوارە سەفەرەکەم دەکرد. هەرچەندە **ڤیەننام** پێ لە **گموند** باشترە کە من بە ترس و شەکەتی و نیوەگیانەوە بۆی هاتم، بەڵام من بە دڵنیاییەکی گەورەوە هاتم بۆ **گموند** (بەبێ ئەوەی ئاگاداری هیچ بم، چەندە گەوج بووم) وەک ئەوەی هەرگیز هیچم بەسەر نەیەت. من وەک خاوەن ماڵ گەیشتمە ئەوێ. سەیرەکە لەوەدایە لەگەڵ ئەو هەموو دوودڵییەدا کە بەردەوام بێحەوسەڵە و نائارامم دەکات، توانیم وەک خاوەنماڵێکی تەواو بگەمە ئەوێ، ڕەنگە ئەمە هەڵە ڕاستەقینەکەی من بووبێت. لەم دۆخە و هەموو دۆخەکانی تریشدا سەعات لە دوو و چلوپێنج دەقیقە تێپەڕیوە. نامەکەی تۆم لەپێش سەعات دوودا بە دەست گەیشت. وا چاکە ئێستا دەست هەڵگرم و بڕۆم شتێک بخۆم.

وەرگێڕانی دوا ڕستە زۆر چاکە، لەم چیرۆکەدا هەر ڕستەیەک، لە هەر وشەیەکدا، لە هەر یەکێکیاندا (ئەگەر بتوانم بیڵێم) مۆسیقایەک هەیە وابەستەی ترسە. لەم چرکەساتەدا، بۆ یەکەمین جار و لە شەوێکی درێژدا، زامەکە خۆی دەکاتەوە، بە بڕوای من وەرگێڕان بەو دەستە سیحراوییانەوە کە هی تۆن ئەم پەیوەندییە تەواو دەکات.

دەبینیت چ شتێک ئەوەندەی نامەبەدەستگەیشتن دەبێتە مایەی ئەشکەنجە و ئازار. هەنووکە تۆ خۆت دەیزانیت و پێویست ناکات پێت بڵێم. ئەگەر بەپێی توانا ئەم نادڵنیایی و بێیەقینییە گەورەیە لە بەرچاو بگرین، ئەوسا لە نێوان نامەکانی من و تۆدا هەست بە نزیکییەکی دڵگیر و هەناسەی قووڵ و خۆش دەکەیت. ئێستا دەبێت چاوەڕێی وەڵامی نامەکانی پێشووم بم، ئەمەیش ئەو شتەیە کە لێی دەترسم.



Scanned with CamScanner

بەڕاست چۆن چاوەڕێی ئەوەیت ڕۆژی سێشەممە نامەی منت پێ بگات، لە کاتێکدا ڕۆژی دووشەممە ناونیشانەکەتم پەیداکردووە؟

## پراگ ٢٩ تا ٣٠ی ئاب ١٩٢٠ – یەکشەممە

دوێنێ هەڵەیەکی سەیر ڕووی دا. نامەکەت (نامەی سێشەممەت) زۆر خۆشحاڵی کردم. کە ئێوارە جارێکی تر خوێندمەوە بینیم نامەکە لە ئەسڵدا چ جیاوازییەکی وای لەگەڵ نامەکانی ئەم دواییەتدا نییە. ئەم نامەیە زۆر زیاتر لەوەی ناوەڕۆکەکەی بیڵێت، ناشادە. ئەم هەڵەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە من تا چ ڕادەیەک تەنیا بیر لە خۆم دەکەمەوە. تا چەند چوومەتە ناو خۆمەوە، تا چەند تەنیا بەو بەشەتەوە نووساوم کە دەتوانم بۆ خۆمی بهێڵمەوە، تا چ ئەندازەیەکیش تاسەی ئەوەمە بەو بەشەی وجوودی تۆوە ڕێی بیابان بگرمە بەر بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت لێم بسێنێت. لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەریی وتەوتدا بە پەلە گەڕابـــوومەوە ژوورەکەم. لەبەر ئەوەی بەوپەڕی سەرســامییەوە نامەیەکی تۆی لێ بوو، لەبەر ئەوەی بەوپەڕی چڵێسی و شادمانییەوە خێرا چاوێکم پیا گێڕا، لەبەر ئەوەی لە نامەکەتدا شتێک بە پیتی گەورە لە دژی من نەنووسرابوو. لەبەر ئەوەی کە بە ڕێکەوت لێدانی لاجانگم هێورتر بووبوو، لەبەر ئەوەی دڵم زۆر ناسکە تۆم لە بەرچاوی خۆم وا بەرجەستە کردبوو کە هێور و ئاسوودە لەناو دارستانێکدا، لە کەنار دەریاچە و چیاکاندا شوێنێکت بۆ خۆت هەڵبژاردووە و تێی خزاویت. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە و تەنانەت هۆکاری تریش کە بە هەرحاڵ پەیوەندییان بە نامە و وەزعی تۆوە نییە، نامەکەت لە چاوی مندا شادمانییەکی دەنواند، بۆیە منیش وەڵامێکی گەوجانەم دایەوە.



Scanned with CamScanner

پێویسته ڕێوشوێنێکی تازه بۆ ژیانی خۆی فەراهەم بکات. بەم جۆرەیان هەموو شتێک سادەتر و لانی کەم ئاسانتر دەبێت. ئەگەر ئەمه نەکرێت، هەموو شتێک مایەی خەفەته.

بەڵام لەم دنیا پانوبەرینەدا، یەکێک له بێبایەخترین و بێمانا‌ترین شتەکان، کردەوه و مامەڵەی جیددیی مرۆڤه لەگەڵ گوناهدا، لانی کەم من وای دەبینم. ئەوەی به لای منەوه بێمانایه وتنی سەرزەنشتییەکان نییه، بێگومان هەر کاتێک مرۆڤ دەکەوێته تەنگانەوە، ئیتر به هەموو لایەکدا دەکەوێته لۆمه و سەرزەنشتکردن (هەڵبەته نەک لەوپەڕی تەنگانەدا، چونکه لەم حاڵەتەیاندا زمان له سەرزەنشتکردن دەوەستێت)، هەروەها ئەمەیان قابیلی تێگەیشتنه که مرۆڤ له کاتی ناخۆشی و شپرزەییدا دەکەوێته لۆمه و سەرزەنشت، بەڵام من به هیچ جۆرێک لەوه تێناگەم که مرۆ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیه به هەمان ئەندازەی قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی ماتماتیکی به ئاسایی بزانێت که زۆر ڕوون و ئاشکرایه و دەتوانێت له هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا دەرئەنجامی لێ بگرێت. بێگومان تۆ، شایانی سەرزەنشتکردنیت، دوای تۆیش مێردەکەت، دوای ئەو دیسانەوه تۆ پاشان جارێکی دی مێردەکەت و هەر بەو جۆره سەرزەنشتەکان ئەمەنده بەردەوام دەبن که ئیتر له ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکاندا شتێک نامێنێتەوە، جگه له کێوێک له سەرزەنشتی کەڵەکەبوو، که بێکۆتایی یەک بەدوای یەکدا دێن تا له ئەنجامدا دەگەنه گوناهه خۆڵەمێشییه ئەسڵییەکە، بەڵام بنکۆڵیکردن له گوناهی نەمری بۆ ئەمڕۆی من، یانی بۆ بەڵێنێک که له (ئیشیل) لەگەڵ پزیشکدا هەمه، چ کەڵکێکی بۆ من هەیه؟

له دەرەوه باران به لێزمه دەبارێ و پێناچێت خۆش بکاتەوە، بەڵام هیچ له من ناگۆڕێت، لەژێر بنمیچێکدا دانیشتووم، ئەوەی ئازارم دەداتێ و شەرمەندەم دەکات، تەنیا ئەوەیه که لەبەردەم مشتومڕی



Scanned with CamScanner

**دووشەممە**

**میلینای** ئازیز، مرۆ تا چەند دەتوانێت جڵەوی خۆی لەدەست نەدات. تا چەند لە دەریایەکدا، کە تەنیا لەبەر ڕق مرۆڤ قووت نادات و بە ئەملا و ئەولادا دەیکێشێت، پاشانیش من داوام لێ کردیت هەموو ڕۆژێک نامەم بۆ نەنووسیت. ئەمە داوایەکی دڵسۆزانە بوو. من لە نامەکان دەترسام. کە هەندێک جار نامەم پێ نەدەگەیشت ئارامتر بووم. کاتێک نامەیەکم لەسەر مێزەکەم دەبینی، ناچار دەبووم هەرچی هێزم هەیە بیدەمە خۆم، بەڵام هیچ هەواڵێک لە هێزیکی تەواو نەبوو. وا ئەمڕۆیش ئەگەر ئەو کارتە پۆستییانە (هەردووکیان پەسەندبوون) نەگەیشتنایە، پەژموردە و داماو دەبووم، سوپاسگوزارم.

**پراگ ٢ی سیپتامبەر ١٩٢٠ – پێنجشەممە**

نامەکانی یەکشەممە و دووشەممە و هەروەها کارتەکەت گەیشت. **میلینا**، تکایە لەبارەی چۆنیەتیی منەوە داوەریەکی ڕاستودروست بکە. من لێرە کەنارەگیر و دوور و لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەک ئارام دانیشتووم و گەلێک شت بە سەرمدا دێت -شپرزەیی، نائارامی، منیش هەمووی دەنووسم، تەنانەت ئەگەر بێمانایش بن، کاتێکیش قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، هەموو شتێک، تەنانەت تۆیش لە بیر دەکەم، تەنیا ئەو کاتەی نامەیەکی وەک ئەم دوو نامەیەم پێ دەگات، دێمەوە سەرخۆم، ئاگاداری هەموو شتێک دەبمەوە.
لەبارەی واهیمەکانتەوە دەربارەی زستان تێکڕا لە هیچی تێنەگەیشتم، ئەگەر مێردەکەت ئەوەندە نەخۆشە، ئەگەر تەنانەت بەدەست دوو نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، ئەگەر ئەمە ڕاستە، کەواتە گومان لەوەدا نییە کە ناتوانێت بچێت بۆ شوێنی کارەکەی، لەبەر ئەوەیش کە کارمەندی ڕەسمییە، ناتوانێت وازی لێ بێنێت. جگە لەمە، لەبەر ئەوەی نەخۆشە،



Scanned with CamScanner

ماڵەوەدا قاوەڵتیی دووەم[١٧٢] دەکەم. ئەو لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا لەسەر دارێک وەستاوە، لە کاتێکدا لە شلوکوتکردنەکەی باران و هەروەها لەو کەرەیەی کە من بە نانەکەمیدا دەساوم، زۆر تووڕەیە، بەردەوام ڕەنگ بەسەر پەنجەرەکەدا دەڕێژێت (ڕەنگە ئەمەیش تەنیا لە خەیاڵی مندا وا بێت، چونکە سەد جار لەو زیاتر من بە دەربەستی ئەوەوەم) نا، ئەو بەڕاستی لەژێر شەستە و ڕەهێڵەی باراندا سەرقاڵی کارەکەیەتی.

بەم دواییە هەواڵی تازەم لەبارەی (**ڤایس**)[١٧٣]ەوە بیست. لەوانە ڕەنگە نەخۆش نەبێت بەڵکو بێپارە بێت. هەرچۆنێکە ئەو لە هاویندا پارەی پێ نەبووە، گوایە لە **فرانتزنباد** پارەیان بۆ کۆکردووەتەوە. سێ هەفتە لەمەوبەر بە ناونیشانی (دارستانی ڕەش)ەوە نامەی تایبەتیم بۆ نارد و وەڵامی نەبوو. ئێستا ئەو لە نزیک دەریاچەی (**شتارن بیرگەر**) لەگەڵ کچێکی هاوڕێیدا بەسەردەبات. کچەکە کارتی پۆستیی **بوباوم**[١٧٤] دەنێرێت ئەو شتانەی لە کارتەکەدا دەیاننووسێت زۆر خەمناکن (ئەمە سروشتی ئەوە)، بەڵام لە ڕاستیدا ناشاد نییە. (ئەمەیش هەر بەشێکە لە سروشتی ئەو)، نزیکەی مانگێک لەمەوبەر، پێش ئەوەی لە **پراگ** بڕوات (کە سەرکەوتنێکی زۆر باشی لە نمایشکردنی سەر شانۆکەی بەدەست هێنا)، کەمێک قسەم لەگەڵدا

---

[١٧٢] Gadfrah Stuck لە ئەمسای کۆندا ئەوە باو بووە دوای قاوەڵتیی یەکەم، کە ژەمێکی تەواو نەبووە قاوەڵتی دووەم خوراوە.

[١٧٣] ئەرنست ڤایس (١٨٨٤- ١٩٤٠) ڕۆماننووس و درامانووس و شاعیری جوولەکەی ئەڵمان.

[١٧٤] Oskar Baum (١٨٨٣- ١٩٤١) نووسەرێکی خەڵکی پراگە و لە هاوڕێ کۆنەکانی کافکایە. هەر بە منداڵی کوێر بووە. بە فێرکردنی مۆسیقا ژیانی بەسەردەبرد، بەرهەمەکانی بەشێکن لە ژیانە تایبەتییەکەی: "ژیان لە پەراوێزدا" لەبارەی ژیانی نابیناکانی دنیاوەیە، "ژیان لە تاریکیدا، دەرگایەک بەرەو مەحاڵ" نمایشنامەی "موجیزە" لە بەرهەمەکانی ئەون، جوولەکە بوو، بە زمانی ئەڵمانی دەینووسی. بە منداڵی کە شەڕی لەگەڵ قوتابییەکاندا کردووە، قەڵەم چووە بە چاویدا و کوێری کردووە.

کرد. داماو و بەدبەخت دەهاتە بەرچاو. دەیگوت لە نواندنی سەر شانۆ شەکەت بووە و تێکڕا لاواز و ناسک بوو. وایش نەدەهاتە بەرچاو کەوتبێت. قسەکردن لەبارەی **ڤایس**ەوە کەم و زۆر بەم جۆرە بوو: "لە ئێستادا لە دارستانی ڕەشە، لەوێ زۆر خۆشی لێ ناگوزەرێت، بەڵام بڕیارە هەنووکە لە **شتارن بەرگەر** پێکەوە بین، کاروبار چاکتر دەبێت."

## پراگ، پێنجی سیپتامبەر ١٩٢٠ – یەکشەممە

**میلینا**، ئەوەی دەتویست پێم بڵێیت بابەتی سەرەکیی ئەم نامەیەیە، یان تێکڕا شتێکە لە دڵنیایی؟ پێشتریش لە دوا نامەکانتدا کە لە **مران** بۆت ناردم، لەم بارەیەوە شتت نووسیبوو، من ئیدی نەمتوانی وەڵامیان بدەمەوە.
دەزانیت کە **ڕۆبنسن**[١٧٥] ناچار بوو بێتە ژێر بار، ڕێگەی سەفەرێکی پڕ لە مەترسیی لەبەربگرێت، گوێ بە شکانی کەشتی و گەلێک شتی تر نەدات. ئەگەر من تەنیا تۆم لەدەست بچێت دەبم بە **ڕۆبنسن**، تەنانەت لە ڕۆبنسن ڕۆبنسن‌تر دەبم. هەرچۆنێک بێت ئەو هێشتا شتی بۆ ماوەتەوە: دوورگەکەی، هەینی[١٧٦] و گەلێک شتی تریش. لەداوییشدا ئەو کەشتییەی دۆزییەوە و تا ڕادەیەک هەموو ڕووداوەکە بوو بە خەون. من هیچ شتێکم نابێت، تەنانەت ناوەکەیشم، چونکە ناوەکەی خۆیشمم هەر بە تۆ داوە، ئەمەیش بە مانایەک بەڵگەی ئەوەیە کە من سەربەخۆم لە تۆ، تەنیا لەو لایەنەوە کە سەربەخۆیی هیچ سنوورێک ناناسێت -ئەم یان ئەو- ئەم هەڵبژاردنە لە ڕادەبەدەر گەورەیە، یان

[١٧٥] ئاماژەیە بە ڕۆبنسن کرۆزۆی کارەکتەری ڕۆمانێک بە هەمان ناوەوە کە دانیال دیفۆ نووسیویەتی.
[١٧٦] هەینی ناوی نۆکەرەکەی ڕۆبنسن کرۆزۆیە. ڕەشپێستە و ڕۆبنسن لەدەست مرۆڤخۆرەکان ڕزگاری کردووە، بۆیە بوو بە نۆکەرێکی دڵسۆز بۆی.

تۆ هی منیت، که ئەگەر وا بێت زۆر چاکە، یان تۆم لەدەست دەچێت، که ئەمەیان نەک هەر خراپ نییە، بەڵکو بە زمانی سادە بریتییە لە هیچ. لەم حاڵەتەدا ئیتر ئیرەیی لەئارادا نییە. نە ئازار هەیە و نە دڵەڕاوکە. هیچ نییە. بێگومان لە دروستکردنی ئەم هەمووەدا لە لایەن یەک کەسەوە شتێکی نەفرەتی خۆی مات داوە، لەبەر ئەوەیشە کە ترس لە دەوروبەری بناغەکانی ئەم ساختمانەدایە، بەڵام ترسەکە زیاد لەوەی ترس بێت لە تۆ، بەڕاستیی ترسە لە مەترسیی دروستکردنی ساختمانەکە. هەر لەبەر ئەوەیشە لە کاتی بەرگریکردندا، لە دەموچاوە خۆشەویستەکەی تۆدا، ئەم هەموو خەسڵەتە یەزدانی و حاڵەتە ئینسانییانە تێکەڵ بە یەکتر دەبن.

کەواتە کە سامسۆن نهێنییەکەی بۆ دەلیلە دەرخستووە، دەلیلە دەتوانێت قژی سامسۆن کە هەمیشە لە دواوە گرێی دەدا، ببڕێت، لێگەڕێ با ئەوە بکات! لەبەر ئەوەی کە ئەویش وەک سامسۆن نهێنییەکی نییە، ئیتر هیچ شتێک گرنگ نییە.

بەبێ هیچ بەڵگەیەکی دیار سێ شەوە زۆر خراپ دەخەوم، هیوادارم تۆ لە من باشتربیت.

ئەگەر ئەمە وەڵام بێت وەڵامێکی خێرایە. هەر ئێستا بروسکەکە گەیشت. گەیشتن و کردنەوەی هێند چاوەڕواننەکراو بوو، کاتی خۆئامادەکردنم بۆ نەمابووەوە. بەڕاستی ئەمە تاقە شتێک بوو کە من ئەمڕۆ پێویستیم پێی هەبوو. تۆ ئەمەت لە کوێ دەزانی؟ چۆن بەو شێوە سروشتییە هەمیشە دەرک بە پێویستی دەکەیت؟

**پراگ ٧ی سیپتامبەر ١٩٢٠ – سێشەممە**

بەدحاڵیبوون، نا، شتێکی خراپتر لە تەنیا بەدحاڵیبوون. بە تەواوی مانا، میلینا –هەرچەندە بێگومان ڕووی دەرەوەی مەسەلەکە باش

تێگەیشتوویت- بەڵام چی هەیە بۆ ئەوەی تێی بگەیت، یان تێی نەگەیت؟ ئەمە بەدحاڵیبوونێکە کە دیسانەوە دووبارە دەبێتەوە، پێشتریش جارێک دووبارەبووەوە، دوو جار لە مران. ئاخر من داوای ئامۆژگاری لە تۆ ناکەم. دەمویست لەگەڵ ئەو پیاوەدا کە لەپشت مێزەکەوە دانیشتووە ڕاوێژ بکەم. من لەگەڵ خۆمدا دەدوام. خەواڵوو بووم و لەگەڵ خۆمدا دەدوام و تۆ بەئاگات هێنامەوە.

نازانم لەو وتارەدا کە دەربارەی **بەلشەفی**یەکانە بە چاکیی لە باری سەرنجەکانم تێگەیشتوویت یان نا؟ بەڕای من ئەو شتەی نووسەر جیادەکاتەوە مەزنترین دەستخۆشییە لە دنیادا. ئەگەر دوێنێشەو سەرپشک بکرامایە کە (سەعات هەشتی دوایینیوەڕۆ بوو کە من لە شەقامەکەوە تەماشای ژووری میوانداریی تەلاری شارم دەکرد کە تایبەتە بە جوولەکەکانەوە. لە ژوورەکەدا زیاد لە سەد جوولەکەی کۆچکردووی **ڕووسی** کە چاوەڕێی ڤیزەی **ئەمریکا** دەکەن، نیشتەجێ کراون. ژوورەکە، وەک ئەوەی کۆبوونەوەیەکی گشتیی تیا بکرێت، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. دوای ماوەیەک لە سەعات دوانزە و نیودا جوولەکەکانم بینی هەموو لەپاڵ یەکدا خەوتبوون. تەنانەت هەندێکیان هەر بەو جۆرەی لەسەر کورسییەکانیان نیمچەڕاکشانێک ڕاکشابوون خەویان لێ کەوتبوو. هەندێک جار لێرەولەوێ یەکێک دەکۆکی، یان تلی دەخوارد، یان بە پارێزەوە بە بەینی ڕیزەکاندا بە پەلەکوتێ ڕێگەی بۆ خۆی دەکردەوە. بە درێژایی شەوەکە گلۆپی کارەبا داگیرسابوو)، ئەگەر منیان سەرپشک بکردایە کە خۆم چیم دەوێت ئەوە بم، ئەوەم هەڵدەبژارد ئەو منداڵە جوولەکە بچکۆلەیە بم، کە لە سووچێکی ژوورەکەدایە و هیچ ئاسەوارێکی دڵەڕاوکەی پێوە دیار نییە. لە ناوەڕاستدا باوکی لەگەڵ ئەوانی تردا سەرگەرمی قسەکردن بوو، دایکیشی زۆر سەرقاڵی هاتوچۆ و سەروبنکردنی کەرەسەکانی سەفەر بوو. خوشکەکەیشی لە کاتێکدا پەنجەکانی کردبوو بەناو قژە پڕ و جوانەکەیدا، لەگەڵ کچانی تردا

کەوتبـووە چەنەبـازی و چەنـد هەفتەیەکـی دی دەگەیشـتە ئەمریکـا. بێگومـان کـارەکە ئەوەنـدەیش ئاسـان نیـیە. هەنـدێک جـار تووشـی سکچوون دەبێت. لەسەر شەقامەکەیش خەڵکانێک وەستابوون، هـاوار و هەڕەشـەیان لە جوولەکەکـان دەکـرد. تەنـانەت لە نێـوان خـودی جوولەکەکانیشـدا شـەڕ و ئاژاوە دروست بووبـوو. دوانیـان بە چەقۆ پەلاماری یەکیان دابوو، بەڵام چی دەبێت ئەگەر مرۆ بچووک بێت و خێرا هەموو شتێک ببینێت و داوەری بکات؟ لەو جۆرە منداڵانە کەم نەبــوون کە بەمـــلا و ئەولادا ڕایـــان دەکـــرد. بە دۆشـــەکەکاندا سـەردەکەوتن، بەژێر کورسـییەکاندا دەهـاتن و دەچوون و چـاوەڕێی تیکەنانێـک یـان هەر شـتێک بـوون بخورێـت و یەکێـک بەسـەریاندا دابەشی بکات -ئەوان لە یەک نەتەوە بوون-.

## پراگ ١٤ی سیپتامبەر ١٩٢٠ – سێشەممە

ئەمڕۆ دوو نامە و کارتێکت گەیشت. بە دوودڵییەوە کردمنەوە، یان تۆ ئەوەندە چاکیت کە وێنا ناکرێت، یان دەتوانیت هێند بە چاکی خۆت کۆنترۆڵ بکەیت کە دەرکی پێ ناکرێـت. هەمـوو شـتەکان شـایەتی لەســـەر ئەگەری یەکەم دەدەن، بەڵام شـــتگەلێکیش هەیە دووەم بە ڕاست دەزانێت.

من دووبارەی دەکەمەوە: تۆ زۆر لەسـەر هەق بوویت. خۆ ئەگەر تۆ -بە گریمـانەیەکی مەحـاڵ- ئەوەنـدە بـێ بەرچـاوڕوونی، ئەوەنـدە بە پێداگرییەکی ئازاربەخشـەوە، ئەوەنـدە بە خۆپەسـەندییەکی منـداڵانەی گەوجـانەوە، تەنـانەت ئەوەنـدە بـێ بیرکـردنەوە کە مـن بە قسـەکردن لەگەڵ ڤلاسـتادا[177] لەگەڵ تـۆدا ڕەفتـارم کـردووە و تـۆیش هەر وا

---

[177] ڤلاستا پرۆفیسۆری یاریدەدەر و هاوڕێی باوکی میلینا.



Scanned with CamScanner

مامەڵەت لەگەڵ مندا کردبوو. ئەوا من هەستی خۆمم لەدەست داوە، نەک تەنیا لە چرکەساتی ناردنی بروسکەکەدا.[178]

من دوو جار بروسکەکەم خوێندەوە، یەکەم جار لە کاتی گەیشتنیدا چاوێکم پیا خشاند، دووەم جار چەند ڕۆژێک پێش دڕاندنی.

ناتوانم بە ڕوونی دەربارەی یەکەم خوێندنەوەی بروسکەکە قسە بکەم. لە یەک کاتدا بیرۆکەیەکی زۆر بەسەرمدا هاتن. لە هەموویان کاریگەرتر و ئاشکراتر ئەوە بوو کە تۆ دەتویست لێم بدەیت. وا بزانم دەستپێکردنەکەی لەگەڵ وشەی 'خێرا'دا بوو. ئەمە لێدانێک بوو.

نا، ناتوانم ئەمڕۆ بە وردی باس لەوە بکەم، نەک لەبەر ئەوەی کە بەتایبەتی شەکەتم، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەشم قورسە. ئەم 'هیچە' کە جارێکیان لەبارەیەوە بۆم نووسییت لە ناوەوەمدا هەناسە دەدات.

ئەگەر من وام بیربکردایەتەوە کە من ئەو مەسەلەیەم بێ دەربەستانە و بە دەستی ئانقەست کردووە، بێگومان هەموو شتەکە لە نهێنیدا دەمایەوە. لەم حاڵەتەدا دەبوو من بەڕاستی لێدان بخۆم. نا، من و تۆ هەردووکمان تاوانبارین، هیچیشمان تاوانبار نیین.

ڕەنگە، دوای زاڵبوون بەسەر ئەو بەرگریکردنەدا کە پاساوی خۆی هەیە، تۆ بتوانیت لەگەڵ ئەو نامەیەی **ڤلاستادا** کە لە **ڤیەننا** بەدەستت گەیشت ئاشتەوایی بکەیت. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی بروسکەکە گەیشت هەواڵیم لە ماڵی باوکت پرسی. لە خوارەوەی نووسرابوو ئەشکوبا. من هەمیشە ئەوەم بە قاتی یەکەم دەزانی و وا ئێستا لەسەری سەرەوە بینیم. کچۆڵەیەکی کارەکەری جوان و ڕووخۆش دەرگاکەی کردەوە. هەر وەک چاوەڕوان دەکرا **ڤلاستا** لەوێ نەبوو، بەڵام من لەبەر ئەوە چووبووم بۆ ئەوێ تا کارێک بۆ خۆم ئەنجام

---

[178] **کافکا** لەبری **میلینا** و بەدزییەوە مامەڵەیەکی چاکی پارەی ئەنجام دابوو کە زۆر زیرەکانە بوو، بەڵام **میلینا** پێی ناخۆش بوو. پەشیمانی و هەستبەگوناهکردنەکەی تەنیا لەسەر خودی مامەڵەکە نەبووە.

بدەم و هەروەها بزانم ئەو بەیانی لەکەیدا دەگات. بەیانیی ڕۆژی دوایی لە بەردەم ماڵەکەیاندا چاوەڕێم کرد. کە بینیم لە دوادیداریم باشتر هاتە پێش چاو: زیرەک، واقیعبین و ڕاشکاو. من لەوە زیاتر کە لە نامەکەدا بۆ تۆم نووسیبوو، هیچم نەوت.

(لە پەراوێزی لای چەپەوە) تا ڕادەیەک من دەتوانم ئەو دوودڵییەی بەرانبەر بە باوکت هەیە، بیرەوێنمەوە. با بمێنێ بۆ دوایی.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر **یارمیلا** بۆ دیدەنیم هاتە ئۆفیسەکەم. دەیوت ماوەیەکی زۆرە هەواڵم لێی نییە. لەبارەی لافاوەوە هیچ نازانێت و هاتووە بۆ هەواڵپرسینی تۆ. خۆشبەختانە زۆر نەمایەوە. لە بیرم چوو داواکەی تۆی لەبارەی نووسینەکانییەوە پێ بگەیەنم، پاشان لەو بارەیەوە چەند دێڕێکم بۆ نووسی.

من هێشتا بە وردی نامەکانم نەخوێندووەتەوە. کە خوێندمنەوە دووبارە نامە دەنووسمەوە.

بروسکەکەیش ئێستا گەیشت، ڕاستە؟ ڕاستە؟ تۆ ئیدی خەنجەرەکەت لە کێلان ناوە؟

نا، تۆ ناتوانیت بەمە بەختەوەر بیت. مەحاڵە. ئەم بروسکەیە وەک بروسکەیەکی پێشوو شتێکی ڕاگوزەر و ساتەوەختییە، هەقیقەت نە لێرەیە و نە لەوێ. هەندێک جار کە بەیانیان لە خەو ڕادەبین باوەڕمان وایە هەقیقەت لەپاڵ تەختی نووستنەکەمانە - وردەکارانەتری بڵێم گۆڕێک لەگەڵ چەند گوڵێکی پەژموردەدا دەمی کردووەتەوە و ئامادەیە لە خۆیمان بگرێت.

من بە سەختی دەتوانم نامەکان بخوێنمەوە. تەنیا دەتوانم کوتەکوتە بیانخوێنمەوە. من بەرگەی ئازارێک ناگرم کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی نامەکانەوە پێم دەگات.

**میلینا** - جارێکی تر من قژی تۆ بڵاودەکەمەوە و بە لایەکیا دەخەم. ئایا من ئەوەندە بوونەوەرێکی شەڕئەنگێزم، شەڕئەنگێزیم بەرانبەر بە خۆم بە هەمان ڕادەی شەڕئەنگێزیمە بەرانبەر بە تۆ، یان ئاخۆ باشتر

نییه بڵێم ئەهریمەنێکی نەگریس لە دوامەوەیە و بەرەو پێش ڕامدەدات؟ لێ تەنانەت ئەوەندە بوێر نیم بڵێم کە ئەم ئەهریمەنە کاتێک وا خۆیم بۆ دەردەخات کە نامە بۆ تۆ دەنووسم. من ئەمە بە تۆ دەڵێم، ئەگینا بەڕاستیی ئەو بەو جۆرەیە کە من بۆم نووسیویت. کاتێک نامە بۆ تۆ دەنووسم، نە لەپێش نووسین و نە لەدوایەوە چ هەواڵێک لە خەو نییە. کە نامە نانووسم بە زۆری هەندێک جار یەک دوو سەعات هەر ئاوا بە ڕواڵەت چاوم دەچێتە خەو. کە نانووسم تەنیا شەکەت، خەمگین و قورسم. کە دەیشنووسم ترس و بێئارامی پرزۆڵ پرزۆڵم دەکات. وەک ئەوە وایە داوای هاودەردی و بەزەیی لە یەکتر بکەین. من لە تۆ - بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بشارمەوە، تۆیش لە من، بەڵام ئەگەری بەدیهاتنی شتێکی وا ترسناکترین پارادۆکسە.

بەڵام چۆن بەدی دێت؟ تۆ دەپرسیت. من چیم دەوێت؟ من چی دەکەم؟

کەم و زۆر مەسەلەکە بەم جۆرەیە. من، یانی ئاژەڵێکی دارستان، ئەوسا لە دارستانیشدا نەبووم، بەڵکو لە شوێنێکدا بووم، لە چاڵێکی پیسدا کەوتبووم (پیسیەتیی چاڵەکە، بێگومان لەبەر ئەوە بوو کە منی تێدا بووم) وەک ئەوە وا بوو تۆم لە دەرەوەی چاڵەکە دیبێت. سەرسامترین شتێک کە لە تەواوی تەمەنمدا دیبێتم. بە تەواوی هەموو شتێکم لە بیر چوو. خۆیشم لە بیر چوو. هەستام و نزیکتر بوومەوە. هەرچەندە لەم ڕێگە تازە و لە هەمان کاتدا ئاشنایە هەراسان بووم، نزیکتر بوومەوە و پێت گەیشتم. تۆ ئەوەندە دلۆڤان بوویت کە من بە ترسولەرزەوە لەپاڵتدا چۆکم دادا و سەرم خستە بان دەستت. وەک هەقی خۆم بێت وا بوو. زۆر شادمان، زۆر بە دەماخ، زۆر ئازاد، زۆر بەتوانا، زۆر هۆگر و دڵنیا لە ژوورەکەمدا، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا هەر هەمان ئاژەڵ بووم. هێستا پابەندی دارستان بووم، تەنیا بە هۆی بەهرە و میهرەبانیی تۆوە بوو کە من لەم کەشە کراوەیەدا دەژیام. لە چاوەکانتدا چارەنووسی خۆم

دەخوێندەوە، بێ ئەوەی دەرکی بکەم. (مەگەر من هەموو شتێکم لە بیر نەکردبوو) هەرچەندە تۆ بە دەستێکی گەلێک میهرەبانەوە لە منت دا، بەلام دەبــوو ئەوەت بزانیــایە کە چ نــامۆییەک لە دارســتانەوە هەلدەستێت. بتزانیایە من لە کوێ لەدایک بووم و لە کوێ گەشەم کـردووە و بە کوێـوە وابەسـتەم. دوای ئەوە بـوو کە گفتوگـۆیەکی ناچـاری لەبـارەی تـرس (لە نێـوان مـن و تـۆدا) دەسـتی پـێ کـرد، دووبـارەکردنەوە ناچاریەکەیشـی بـووە هـۆی ئەوە کە مـن (هەروەها تـۆیش، بەلام تـۆ بە بەرائەتەوە) تـا ئەوپەڕی ئەشـکەنجە و ئـازار بچێـژین. ڕۆژبەڕۆژ بـۆ مـن زیـاتر ڕوون دەبـووەوە کە چ ئـاژەلێکی ناپـاکم. چەنـد ڕێگریـت لـێ دەکەم. ئەوەیـش کە تـا چەنـد لە هەمـوو جێگەیەکدا، ڕێت پێ دەگرم. لەوانە ئەو بەدحالیبوونەی لە نێوان تۆ و مـاکسدا ڕووی دا کە پێشتر لە گموند دیـار بـوو. پاشـان نۆرە هـاتە سەر حالیبوون و ناحالیبوونی یارمیلا و سەرئەنجام ئەو مامەلە گەوج و گەمـژانەیە، هەروەهـا ئەو بـارگرژییە لەگەل ڤلاسـتادا و گەلێـک لە بەدحـالیبوونی تـری بێبـایەخ کە لەو نێوەنـدەدا ڕوویـان دا. مـن بیرم کەوتەوە کێم، ئیدی چ فێلێکم لە چاوتدا نەبینی. من ئەزموونی ترسێکی خەیالاویم کرد (ترس لەو ڕەفتارەی کە ئەو جێگەیەی هی ئێمە نییە وا بزانین هـی ئێمەیە). مـن ئەم ترسـەم لە دنیای واقیعدا ئەزمـوون کـرد. ناچار بووم بگەڕێمەوە بۆ تـاریکی. بەرگەی خـۆرم نەدەگرت. نائومێد بـووم. لە ڕاسـتیدا لە ئـاژەلێکی سەرلێشـێواو دەچـووم. ئەوەنـدەی لە توانامـدا بـوو بە پەلە کەوتـمە ڕاکـردن. هەمیشـە هەمـان بیرکـردنەوە: "خۆزگـــە بمتوانیـــایە ئەوم لەگەل خـۆمـــدا ببـــردایە" دژی ئەو بیرکـردنەوەیەش: "ئایـا لەو شوێنەیشـدا کە ئەوی لـێ دەژی، تـاریکی هەیە؟".

پرسیبووت چۆن دەژیم: ئەمە ژیانی منە.

پراگ ١٤ی سیپتامبەر ١٩٢٠

کاتێک نامەکەت گەیشت کە نامەی یەکەمت ناردبوو. گوزەشت لە هەر شتێک کە لەپشت شتگەلێکی وەک ترسەوە شاراوەتەوە، گوزەشت لە هەر شتێک کە نەک لەبەر هۆکاری ڕشانەوە، بەڵکو لەبەر گەدە لاوازەکەم تووشی ڕشانەوەم دەکات، گوزەشت لە هەموو شتێک، ڕەنگە کێشەکە لەوە ئاسانتر بێت کە تۆ باسی دەکەیت. لەوانە بۆ نموونە: لە کاتی تەنیاییدا پێویستە لە هەموو چرکەساتێکدا بەرگەی کەموکورتی بگریت، بەڵام کەموکورتییەک کە دوو کەس تیایدا بەشدارن ناچاری بەرگەگرتنی نین. ئایا مرۆڤ چاوی بۆ دەرهێنان و دڵیشی بۆ هەمان مەبەست نییە؟ لەگەڵ ئەوەدا مەسەلەکە ئەوەندەیش خراپ نییە. تەنیا درۆ و زێدەڕۆییە. هەموو شتێک زێدەڕۆییە. تەنیا تاسە و ئارەزوو و هەقیقەتە. تەنیا لەمەیاندا ناتوانیت زێدەڕۆیی بکەیت. لێ تەنانەت هەقیقەتی تاسەیش لە هەقیقەتبوونی خۆیدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە شتە درۆیینەکانی تر دەردەخات.

ڕەنگە ئەم قسەیە شێتانە بێتە بەرچاو، بەڵام ڕاستییشی تیایە. ڕەنگە ئەمەیش بەڕاستی خۆشەویستی نەبێت کاتێک من بڵێم تۆ لای من لە هەموو شتێک خۆشەویستتریت. خۆشەویستی لای من ئەوەیە کە تۆ چەقۆیەکیت و من لەناو دەروونی خۆمدا دەیچەرخێنم. جگە لەمە تۆ خۆت دەڵێیت "ئەوانەی توانای خۆشویستنیان نییە"، ئایا ئەم مانایە بەس نییە بۆ جیاکاری لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا؟

پراگ، ١٨ی سیپتامبەر ١٩٢٠

میلینا، تۆ ناتوانیت بە چاکی لەمە تێبگەیت، ناتوانیت لەوە بگەیت کە هەقیقەتی تەواوی شتەکە چییە یان تێبگەیت کە هەندێکی چۆن بووە؟ تەنانەت خۆیشم تێی ناگەم. من تەنیا لە کێشمەکێشی پەلاماردانی

شتێکدا لەرزم لێ دێت، تا سنووری شێتبوون خۆم ئازار دەدەم، بەڵام ئەمە چییە و لەدواییدا چی لە من دەوێت، ئەوە لە سنووری تێگەیشتنی من دەرواتە دەرێ. تاقە شتێک کە لەم چرکەساتەدا لە منی داوا دەکات ئەمەیە: بێدەنگی، تاریکی، خۆشاردنەوە لە پەنایەکدا. من تەنیا ئەمە دەزانم و پێویستە گوێڕایەڵی بم. جگە لەمە توانای کاری ترم نییە.

ئەمە جۆرە هەڵچوونێکە تێدەپەڕێت و تا ڕادەیەکیش تێپەڕیوە، بەڵام ئەو وزەیەی دەینێرێت لە پێش و دوای هەڵچوونەکەوە، بەردەوام لە ناوەوەی مندا لە ترپە و لەرزیندایە.. لە ڕاستیدا، ژیانی من، بوونی من، ڕێک هەموو ئەو هەڕەشە ژێرزەمینییەیە. ئەگەر بێت و بوەستێت، منیش دەوەستم (ئەم هەڕەشەیە) شێوازی هاوبەشیکردنی منە لە گوڕەپانی ژیاندا. ئەگەر ئەو بوەستێت، منیش واز لە ژیان دێنم. ئەمەندەیش بە ئاسانی و سروشتی وەک چاولێکنانی کەسێک. ئایا لەو کاتەوە کە من و تۆ یەکترمان ناسیوە (ئەم هەڕەشەیە) بوونی نەبووە، تەنانەت ئەگەر تۆ بە دزییەوە سەیرێکی منت بکردایە، دیسان ئەم هەڕەشەیەت نەدەبینی؟

بێگومان ناکرێت بەم جۆرە ئەمە دەرببڕیت و بڵێیت: لە ئێستادا هەڕەشەکە نەماوە و من ئیدی هیچ نیم جگە لە ئاسوودەیی، بەختەوەری و سوپاس لەم کۆمۆنە تازەیەتان. هەرچەندە ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستی تیایە (سوپاس بە تەواوی ڕاستە، بەختەوەری تەنیا لە مانایەکدا ڕاستی تیایە، ئاسوودەیی هەر ڕاستیی تیا نییە)، بەڵام لە خۆت ڕانابینیت ئەمە بڵێیت، چونکە من هەمیشە و زیاد لە هەر شتێک لە خۆم دەترسم.

تۆ باس لە خوازبێنی و شتی تر دەکەیت. دیارە ئەوە یەکجار ئاسانە، ئازارچەشتن ئاسان نییە، بەڵام کاریگەرییەکەی ئاسانە. وەک ئەوە وایە کەسێک هەموو تەمەنی لە بێهودەییدا بە هەدەر دابێت و هەنووکە دەستگیر کرابێت، وەک تۆڵەکردنەوە لە هەموو هەرزەییەکانی، سەریان خستبێتە ناو جەڕ و مەنگەنەیەکەوە کە لە هەردوو لای لاجانگی چاپ و ڕاستییەوە فشاری بچێتە سەر، وردەوردە جەڕ و



Scanned with CamScanner

مەنگەنەکە زیاتر بجەڕێنن و ئەویش یان ناچار دەبێت بڵێت: "بەڵێ، من بەردەوام دەبم لەسەر ژیانە هەرزەییەکەی خۆم" یان: "نا، دەست لەو ژیانە هەڵدەگرم". هەڵبەتە کەسێکی وا ئەوەندە هاوار دەکات و دەڵێت "نا" تا سییەکانی دەتەقن.
تۆیش هەقی خۆتە کە ئەم داواکارییەی من لەگەڵ هەموو کارەکانی رابوردوودا لە ڕیزێکدا دابنێیت. جا ئیتر هەرچۆنێک بێت من هەمیشە چۆن بووم هەر وا دەبم و ئەزموونەکان دەکەم. تاقە جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە پێشتر هەندێک ئەزموونم کردووە کە لە ئێستادا چاوەڕێی ئەوە ناکەم گیرەکانی ددان پیانان بکەونە کار و منیش بکەومە هاوارکردن، بەڵکو پێش ئەوەی گیرەکان بێنن، من دەست بە هاواری خۆم دەکەم. لە ڕاستیدا کە شتێک لە دوورەوە دەست بە جووڵە دەکات، من دەکەومە هاوارکردن. ویژدانی من تا ئەو ڕادەیە بەئاگا و گوێقوڵاغە. نا، بەئاگا نا، بەڕاستی ئەوەندە بەئاگا نا... بەڵام هێشتا جیاوازییەکی تریش هەیە، تەنیا تۆ، نەک هیچ کەسێکی تر، دەتوانیت هەقیقەتی خۆت و کەسێکی تر بڵێیت. بەڕاستی مرۆڤ دەتوانێت هەقیقەتی خۆی لە تۆ و لەناو تۆدا بدۆزێتەوە.
بەڵام، میلینا، کاتێک بە پەژارەیەکی زۆرەوە قسە لەسەر پێداگریی من دەکەیت کە تۆ دەستبەردارم نەبیت، ڕاست ناکەیت. من لەم لایەنەوە نە ئەوسا و نە ئێستایش فەرقم نەکردووە. من بە نیگای تۆ دەژیام (لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ئەمە مانای وا نییە کە کەسایەتیی تۆم گەیاندبێتە پلەی خودایی، بە دیدێکی وا هەرکەسە و بۆ خۆی خوایەکی لێ دەردەچێت)، من پێم لەسەر زەمینەیەکی ڕاستەقینە نەبوو. ئەمە ئەو شتە بوو کە من بەبێ ئەوەی بە ڕوونی لێی تێگەیشتبم لێی دەترسام. تەنانەت لەوەیش بێئاگابووم کە مەودای بەرزبوونەوەم لە ئاستی سەر زەمینەکە چەند بوو، ئەمەیش نە بە باوەڕی من و نە بە بۆچوونی تۆ شتێکی باش نەبوو. وتەیەک کە ڕاستیی تیابێت، وتەیەک بە ناچاری هەقیقەت بڵێت، بەس بوو بۆ ئەوەی پلەیەک بمباتە



Scanned with CamScanner

خوارەوە. وتەیەکی دی پلەیەکی ترم بباتە خوارەوە. تا لەدواییدا ئیتر وەستانێک لەئارادا نامێنێت و مرۆ بکەوێتە ژێرەوە. لە هەمان کاتدا هەست بەوە بکات کە کەوتنەکە وەک پێویست خێرا نییە. من بە ئانقەست نامەوێت چەند نموونەیەک لەم "ڕاستیوتنانە" بلێمەوە. ئەم کارە دەبێت بە هۆی پەرێشانی و ئەمەیش ڕاست نییە.

میلینا، تکایە بۆ نامەنووسینی من بۆ تۆ ئەگەرێکی دی دابهێنە. ناردنی کارتی پڕ لە درۆ لە ڕادەبەدەر کارێکی گەلۆرانەیە، هەروەها من هەمیشە نازانم چ جۆرە کتێبێکت بۆ بنێرم، پاشانیش بیرۆکەی ئەوە کە تۆ بێهوودە جارێک بڕۆیتە پۆستەخانە، بیرۆکەیەکی تاقەتپڕوکێنە. تکایە ئەگەرێکی دی دابهێنە.

## پراگ ٢٠ی سیپتامبەر ١٩٢٠ - شەوی دووشەممە

کەواتە تۆ ڕۆژی چوارشەممە دەچیت بۆ پۆستەخانە و چ نامەیەکیش لەئارادا نییە. ئاهـ بەڵێ، نامەی ڕۆژی شەممە، من نەمدەویست لە شوێنی کارەکەم نامە بنووسم، چونکە نیازی کارم هەبوو، نەیشم توانی بیکەم، چونکە بیرم لە خۆمان دەکردەوە. دواینیوەڕۆ نەمتوانی لەناو پێخەفەکەم بێمە دەرەوە. نەک لەبەر ئەوەی ماندوو بووم، بەڵکو لەبەر ئەوەی قورس بووم - دیسانەوە هەمان وشە، ئەمە تاقە وشەیە کە لەگەڵ حاڵی مندا دەگونجێت. بەڕاست تۆ لەمە دەگەیت؟ ئەم قورسییە لە قورسیی کەشتییەکی بێسوکان دەچێت کە ڕووبەڕووی شەپۆلەکان دەڵێت: "بۆ خۆم لە ڕادەبەدەر قورس و بۆ ئێوە زۆر سووکەڵەم"، لێ ئەمەیش لێکچوونێکی تەواو گونجاو نییە. بەراورد دەرەقەتی دەربڕینێکی وا نایەت.

بەڵام هۆی سەرەکیی نامەنەنووسینەکەم ئەو هەستە نادیارەیە کە من قسەی زۆر و گەلێک گرنگم لەگەڵ تۆدا هەیە، ئەوەندەیش کاتی ئازادم



Scanned with CamScanner

هەموو توانای خۆم کۆبکەمەوە بۆ دەربڕینی ئەو قسانەی کە نیە بتوانم لەو سنوورە ئازادەدا بیانڵێم. ئەمەیش هۆی نامەنەنووسینمە.
پێویستن لەو لایەنەیشەوە کە لە ئێستادا ناتوانم هیچ بڵێم، چ جای ئایندە!
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەر ئێستا لەناو پێخەفی نەخۆشی هەستاوم (پێخەفی نەخۆشی لە دیدی ئەوانەی دەرەوە) من هێشتا بەو پێخەفەوە نووساوم و زیاد لە هەر شتێکی دی حەز دەکەم بگەڕێمەوە لای.
هەرچەندە دەزانم کە ئەم پێخەفی نەخۆشییە یانی چی.
ئەوەی لەبارەی خەڵکەوە نووسیوتە "ئەوانەی توانای میلینا، خۆشەویستییان نییە" هەرچەندە لە کاتی نووسینیدا پێت ڕاست نەبووە، ڕاستودروستە. ڕەنگە لێهاتوویی خۆشویستنیان تەنیا لەبەر ئەوە بێت کە توانای خۆشویستنیان هەیە، تەنانەت ئەمەیش جیاوازییە ناشایستەییەکەی نێوان ئەوان دەردەخات. ئەگەر یەکێک لەو کەسانە بە دلبەرەکەی بڵێت: "من وا ئەزانم تۆ منت خۆش دەوێت"، ئەمە تەواو جیاواز و لەوەیش کەمبایەخترە کە بڵێت: "من بە هۆی تۆوە خۆشەویستم"، دیارە ئەمانە ئاشق نین، بەڵکو مامۆستای ڕێزمانن.
بەداخەوە دەربارەی "ناتەواویی هەردوو لا" کە من وتبووم تۆ باش تێی نەگەیشتوویت. بەو قسەیە تەنیا ویستوومە ئەوە بڵێم کە من لە پۆخلیی خۆمدا دەژیم. ئەمە پیشەی منە. بەڵام تۆیش ڕابکێشمە ناو ئەو پۆخلییەوە تەواو شتێکی ترە. نەک وەک دەستدرێژی بۆ سەر تۆ کە ئەمەیان شتێکی لاوەکییە (من بڕوا ناکەم دەستدرێژی و ڕەنجاندنی یەکێکی تر تا ئەو شوێنەی کە تەنیا پەیوەندیی بەو کەسەوە هەبێت، بتوانێت خەوم لێ بشێوێنێت)، کەواتە مەسەلەکە ئەمەیان نییە. ئەو مەسەلەیەی لەم قسانە ترسناکترن ئەوەیە کە من بە هۆی تۆوە زیاتر لە پۆخلیی خۆم گەیشتم، لەمەیش گرنگتر ئەوەیە کە تێگەیشتنەکەم ڕێگەی ڕزگارکردنی منی دژوارتر، نا، زۆر مەحاڵتر کردووە. (بە هەرحاڵ مەحاڵە، بەڵام لەم دۆخە تایبەتییەدا مەحاڵییەکە زیاد دەکات) ئەم مەسەلەیە ئارەقەی ساردی ترس و شپرزەیی

لەسەر تەوێڵ دانا. میلینا! هەرگیز قسەکە لەسەر ئەوە نییە کە تۆ لەم ڕووەوە کەموکورتیت هەبێت.
لێ ئەمە ڕاست نەبوو، من زۆر پەشیمانم کە لە دوا نامەمدا چەند بەراوردێکم لەگەڵ چەند شتێکی ڕابوردوودا کردبوو. وەرە با پێکەوە لە یادیان بکەین.
بەڕاست تۆ نەخۆش نییت؟
بە دڵنیاییەوە تۆ لێرە، لە پراگ، خانوویەکت هەیە و کەسیش نییە چەندوچوونی لەسەر بکات. مەگەر شەو شەڕی لەسەر بکات. جا شتێک هەیە شەو شەڕی لەسەر نەکات؟ بەڵام ئەمە چ خانوویەکە! هەرچییەک بێت من لێی کەم ناکەمەوە. لە ڕاستیدا ئەم خانووە هێند گەورەیە دەتوانێت مانگەشەوی چواردە کە لەو بانەوە لە ژوورەکەتدایە، تاریک بکات. ئەی ئەم هەموو تاریکییە تۆ ناترسێنێت؟ تاریکی بەبێ گەرمای تاریکی؟
تەنیا تۆ ئاگاداریت لە هەندێک لەو شتانەی کە سەری خۆمم پێوە خەریک کردوون. وێنەیەک کە کێشاومە لەگەڵ نامەکەدا بۆت دەنێرم.



له وێنەکەدا چوار دارتەل دەبینیت کە کوڵەکەیان پیا تێپەڕیوە. دەستی تاوانبارەکە بە کـوڵەکەی دارتەلەکـانی ناوەڕاسـت و قاچیشـی بە کـوڵەکەی دارتەلەکـانی دەرەوەوە بەسـتراوەتەوە. دوای ئەوەی بەم جۆرە تاوانبارەکە توند دەبەستنەوە، وردەوردە کوڵەکەکان لە دەرەوە رادەکێشن تـا کـابرا دەبێت بە دوو کەرتەوە. ئەو پیاوەی بەرانبەری وەستاوە و دەستی لەسـەر سنگی و قـاچی خستووەتە سـەر قـاچ و پـاڵی بە دارتەلـێکەوە داوە، داهێـنەری ئەم دەزگـایەیە. ئەو بە فیـز و خـۆبەزلزانینێکی دەسـتکردی واوە وەسـتاوە، وەک بڵێـت داهێـنەری راسـتەقینەی دەزگـاکە بێـت. لە کاتێکـدا ئەو لاسـایی قەسـابێکی کـردووەتەوە کە ورگ و ڕیخـۆڵەی بەرازێکـی لەتـوپەتکراوی لەپێشـی دوکانەکەیدا پان کردبێتەوە.

بـۆیە ئەم پرسـیارە دەکەم کە ئایـا تـۆ ناترسـیت ئەو کەسـەی تـۆ لەبـارەیەوە دەنووسـیت نەبووبێـت و بـۆ لەمەودوایـش هەر بـوونی نەبێت. ئەو نە لە **ڤیەننـا** بووبێـت و نە لە **گمونـد**. هەرچەنـدە ئەوەی **گمونـد** بـوونی کەمتـر و نەفرەتلێکـراو دەبێـت، بـۆیە زانیـنی ئەم شـتە گـرنگە، چـونکە ئەگەر مـن و تـۆ بە یەکتـر بگەیـن هەمـان ئەو کەسـەی **ڤیەننا** یان تەنانەت ئەوەی لە **گموند** بوو، دووبارە بە هەمـان پـاکژی و بێگوناهییەوە خۆی دەردەخاتەوە، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. لە کاتێکـدا لەپشـت ڕواڵەتەکەیەوە، کەسـە راسـتەقینەکەی - کە لای هەمـوان و لای خۆیشـی نەناسـراوە و کەمتـر لە کەسـانی تـر بـوونی هەیە، بەڵام لە توانـا نواندنـدا واقیعیتـرە لە کەسـەکانی دی (بـۆچی لەدواییدا دەرنەکەوێت و خۆی پیشان نەدات؟)، دەستی هەڕەشەکردنی بەرز دەکاتەوە و جارێکی دی هەموو شتەکان دەشکێنێت.



Scanned with CamScanner

## پراگ، سیپتامبەر ١٩٢٠

بەڵێ (میزی ک) لێرە بوو. بە خێر و خۆشی تەواوبوو، بەڵام ئەگەر بکرێت من لەبارەی کەسانی ترەوە هیچ نانووسم. گوناهی هەموو دەردەسەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان هەڵقورتاندووەتەوە ناو نامەکانی من و تۆوە، بەڵام ئەمە هۆی ڕاستەقینەی ئەوە نییە کە من ئیتر نەمەوێت لەبارەیانەوە بنووسم (ئاخر زیانی ئەوان لەوە زیاتر نەبووە کە ڕێگەیان بۆ هەقیقەت و پاشکەوتەکەی خۆش کردووە) مەبەستی ئەوەم نییە سزایان بدەم (ئەگەر ئەگەری سزادانیان هەبێت) تەنیا وا دێتە بەرچاو کە ئیدی ئەوان لێرە جێگەیان نییە. ئێرە تاریکە، ئاپارتمانێکی تاریک کە تەنیا دانیشتوانەکەی دەتوانن ڕێگەی خۆیان بەملا و ئەولایدا بدۆزنەوە، ئەوەیش بە سەختی.

---

ئایا من دەمزانی کە ئەوەیش تێدەپەڕێت؟ ئەوەی من دەمزانی ئەوەبوو کە تێناپەڕێت.

لە سەردەمی منداڵیمدا کارێکی گەلێک خراپم کردبوو. نەک لە دیدی هەموانەوە زۆر خراپ بێت، بەڵکو کارێک بوو کە لە دیدی تایبەتیی خۆمەوە زۆر خراو بوو (ئەو کارە کە لە دیدی گشتییەوە خراپ نەبوو، گەورەیی نەبوو بۆ من، بەڵکو نیشانەی کوێری و خەو لێکەوتوویی دنیا بوو) ئەوکات بە لای منەوە زۆر سەیر بوو کە هەموو شتێک وەک پێشتر بێ هیچ گۆڕانێک ڕوولەپێش بوو. گەورەکان هەرچەند کەمێک دڕدۆنگ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەوام بە دەورمدا دەهاتن و دەچوون و زمانیان، کە من هەر لە منداڵییەوە بێدەنگ و ڕازداریانم لە شوێنی باڵادەستییانەوە ستایش دەکرد، هەر ئاوا بێدەنگ و داخراو بوون. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک کەوتمە سەرنجدان، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە تێکڕا کارەکانی من بە



Scanned with CamScanner

جۆرێک ناکرێت خراپ بووبێتن، ترسیشم لەوە جگە لە هەڵەیەکی هیچ جۆرێک نەبووە. بۆیە دەمتوانی لەو شوێنەوە کە بەر یەکەم منداڵانە، چیی تر نەبووە. بۆیە دەمتوانی لەو شوێنەوە کە بەر یەکەم شۆک کەوتبووم و کارەکەم وەستاند بوو، دەست پێ بکەمەوە.

لەدواییدا بیرکردنەوەم لە دنیاکەی دەوروبەرم وردەوردە گۆڕانی بەسەردا هات. پێش هەر شتێک گەیشتمە ئەو باوەڕە کە ئەوانی تر زۆر چاک ئاگایان لە هەموو شتەکان بووە، لە ڕاستییشدا ڕوون و ئاشکرا ڕای خۆیان دەربڕیوە. تەنیا من بووم کە وەک پێویست تا ئێستا چاوێکی تیژم نەبووە بۆ بینینی ئەو شتانەی کە ئێستا وا خێرا دەستمکەتوون. بەڵام هەڵەقبووڵنەکردنی ئەوانی تر، تەنانەت ئەگەر پێویستی بەوەیش بکردایە کە دەبوو وا بێت، بە لای منەوە، هەرچەندە جێی سەرسووڕمان بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەدەبووە بەڵگەی بێگوناهیی من. باشە، کەواتە ئەوان گوێیان بە هیچ نەدەدا، شتێک لە بوونی مندا نەدەچووە دنیای ئەوانەوە. لە دیدی ئەوانەوە من پاک و بێخەوش بووم. بەم جۆرە ڕێبازی ژیانم، ڕێگەم، بە دەرەوەی دنیاکەی ئەواندا تێپەڕی دەکرد. ئەگەر ئەم ژیانە ڕووبارێک بوایە، ئەوسا هەر هیچ نەبێت لقێکی بەهێزی ئەم ڕووبارە بە دەرەوەی دنیاکەی ئەواندا تێدەپەڕی.

نا، میلینا، جارێکی تر تکات لێ دەکەم ئەگەرێکی تر بۆ نامەنووسینی من بۆ تۆ دابهێنیت. ناکرێت تۆ بێهوودە بڕۆیت بۆ پۆستەخانە، تەنانەت پۆستەچییە چکۆڵەکەت (کێیە؟) نابێت ئەوە بکات. تەنانەت پرس و جواو لەگەڵ بەرپرسی پۆستدا مەکە. ئەگەر ناتوانیت ئەگەرێکی تر پەیدا بکەیت، کەواتە پێویستە شانی بدەیتە بەر و لەسەر ئەمە بڕۆیت، بەڵام هیچ نەبێت بۆ پەیداکردنی ئەگەرێکی تریش هەر هەوڵ بدە.

دوێنێشەو خەونم پێوە دیت. زەحمەتە بتوانم بە وردی ڕووداوی خەونەکەم بێنمە دی. ئەوەی لە بیرم ماوە ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان لە یەکدا تواببووینەوە. من تۆ بووم و تۆ من بوویت.



Scanned with CamScanner

سەرئەنجام تۆ -نازانم چۆن- ئاگرت گرت. من یەکێکم بیرکەوتووەتەوە کە جارێکیان بە جل ئاگری دەکوژاندەوە، منیش چاکەتێکی کۆنەم هەلگرت و دەستم بە لێدانی سەروپۆتەلاکی تۆ کرد، بەلام دیسانەوە بەدگۆڕان[179] دەستی پێ کردەوە، تا وای لێ هات کە ئیدی تۆ لەوێ نەبوویت، لەبری تۆ من بووم کە لە ئاگردا دەسووتام و لە هەمان کاتیشدا من بووم کە بە چاکەتی کۆن بە ئاگرەکەمدا دەکێشا، بەلام پیاکێشانەکە کاریگەریی نەبوو. تەنیا ترس و شپرزەییە دێرینەکەی منی دەسەلماند کە ئەم شتانە ئاگر ناکوژێنێتەوە. لەو کاتەدا کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوە گەیشتن و نازانم تۆ چۆن ڕزگارت بوو، بەلام تۆ لەگەڵ پێشووتدا جیاوازیت هەبوو، وەک وێنەیەک بە تەباشیر لە تاریکیدا دروست کرابێت، تۆیش تارماییئاسا بوویت. بێ گیان و ڕەنگە لەبەر ئەو شادمانییە زۆرەی لە ئەنجامی ڕزگاربوونتەوە بوو، بە بێهۆشی کەوتیتە ئامێزمەوە، بەلام لێرەیشدا گومان و دوودڵییەک دەربارەی بەدگۆڕان دروست بوو، لەوانەیە ئەوە من بووبم کەوتبێتمە ئامێزی یەکێکی ترەوە.

هەرئێستا پول ئەدلەر[180] لێرە بوو. دەیناسیت؟ خۆزیا ئەم دیدارانە نەدەمان. هەموو کەسێک نەمر و بەتینە، لە ڕاستیدا نەمرە لە واقیعدا، ڕەنگە نەک لە ڕەوتی نەمریدا، بەڵکو بەرەو قووڵایی ژیانێکی ڕاستەوخۆی هەریەکێکیان. من زۆر زۆریان لێ دەترسم، بە هۆی ئەو ترسەوە پێم خۆشە پێشەکیی ئەوە بزانم کە ئەو چیی دەوێت، ئەگەر بێ ئەوەی داوای تازەکردنەوەی دیدار بکات، بڕوات، من بۆ دانانان بەو چاکەیەدا پێی ماچ دەکەم. من تەنیا لەنێو تەنیایی خۆمدا دەژیم، بەلام هەر ئەوەندەی میوانێک بێت تا ئەندازەیەک دەمکوژێت. بۆ

---

[179] بەدگۆڕان (مەسخ) چیرۆکێکی درێژی کافکایە. بە مانای گۆڕانی شێوەی شتێک، یان یەکێکە بۆ شێوەیەکی تر، بۆ نموونە گریگۆر سامسای کارەکتەری چیرۆکەکە لە مرۆڤەوە دەبێت بە قالۆنچە.

[180] Paul Adler (١٨٧٨- ١٩٤٦) چیرۆکنووسێکی چیکییە.

ئەوەی بتوانێت بەو وزەیەوە کە هەیەتی زیندووم بکاتەوە، بەڵام ئەو لەو وزیە بێبەهرەیە. بڕیارە ڕۆژی دووشەممە بڕۆم بۆ بینینی، لە بیری ئەوەدا سەرم دەزرنگێتەوە.

میلینا، بۆ قسە لەسەر ئایندەیەکی هاوبەش دەکەیت کە هەرگیز نایەتە دی و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێت کە لەم بارەیەوە دەنووسیت؟ پێشتر سەر لە ئێوارەیەک لە ڤیەننا کە لەبارەی ئەو ئایندە هاوبەشەوە قسەمان دەکرد، من وام هەست دەکرد بەدوای یەکێکدا دەگەڕێین کە زۆر چاک دەیناسین و گەلێکیش بۆی دڵتەنگین، چونکە لەدەستمان داوە، بۆیە بە دڵۆڤانترین ناو بانگمان لێ دەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو. کاتێک ئەو نە لێرە و نە بە درێژایی چەند فەرسەخێک دوور لە ئێمە بوونی نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانێت وەڵام بداتەوە؟

چەند شتێک هەیە هیچ گومانێک هەڵناگرێت، ئەمە یەکێکیانە: من و تۆ هەرگیز ناتوانین پێکەوە بژیین. لە هەمان ئاپارتماندا، لەپشت هەمان مێزەوە، هەرگیز، تەنانەت لە هەمان شاریشدا (هەرگیز پێکەوە نابین) هەنووکە دەمویست بە خۆم بڵێم کە ئەم مەسەلەیە بە لای منەوە ئەمەندە حەتمییە وەک ئەوەی کە سبەینێ بەیانی لە خەو هەڵناسم (بێ یارمەتیی کەس خۆم بەرزدەکەمەوە، لەو چرکەساتانەدا وەک بڵێی لەژێر فشاری خاچێکی قورسدا لەوەدابێت گرمۆڵە بم، لە خوارەوە تەماشای خۆم دەکەم. کاتێک جەستەیەک کە قورسایی لەسەر من داناوە، دەیەوێت کەمێک بەرزبێتەوە، پێش ئەوەی تەنانەت بتوانم بچەمێمەوە دەبێت زەحمەتێکی زۆر بکێشم) بۆ ئۆفیسیش ناچم. ئەمە تەواو ڕاستودروستە. بێگومان لەناو جێگەکە هەڵناسم، بەڵام ئەگەر بۆ هەستان تاقە هێزێک کەمێک لە هێزی مرۆڤ زیاتر پێویست بکات، ئەو هێزە بەکار دەهێنم. بەو هێزەی کە لە توانای مرۆڤ زیاترە خۆم بەرز دەکەمەوە، بەڵام ئەم مەسەلەی لەناوجێگەهەستانە زۆر بەهەند مەگرە. دۆخەکە ئەوەندەیش خراپ نییە. بە هەرحاڵ هەستانی بەیانیی من لەناو جێگە زۆر حەتمیترە لە ئەگەری دووریی ژیانی هاوبەشیی



Scanned with CamScanner

من و تۆ. تۆیش، **میلینا**، کاتێک بیر لە خۆت و من و ئەو دەریایەی لەنێو **ڤیەننا** و **پراگ**دایە و ئەو شەپۆلە هەڵچوانەی هەرگیز بەریان لێ ناگیرێت دەکەیتەوە، ناتوانیت پێچەوانەی ئەمە بڵێیت. لەبارەی پیسییەکەیشەوە، ئەو پیسییەی کە تاقە دارایی منە (تاقە دارایی هەموو کەسێکە، بەڵام من بەوە جیاوازم کە زۆر لێی نازانم) بۆ نابێت پەردەی لەسەر لادەم؟ ڕەنگە لەبەر خاکەڕایی بێت؟ باشە، ئەمە تەنیا ڕەخنەیەکە کە پاساوی ناوێت.

کەواتە بیرۆکەی مەرگ دەتترسێنێت؟ من بە شێوەیەکی ترسناک لە ئازار تۆقیوم، ئەمە ئاماژەیەکی خراپە. خۆزگە بە مەرگخواستن بەبێ قبووڵکردنی ئازارەکانی ئاماژەیەکی خراپە. ئەگەر وا نەبوایە مرۆڤ زاتی مردنی دەکرد. مرۆڤ دەبێت بە کۆترەکەی کتێبی پیرۆز کە لە کەشتییەکەی نوحەوە بۆ دەرەوەیان ڕەوانە کرد. کە هیچ ئاسەوارێکی ئاوەدانیی نەبینی، گەڕایەوە ناو تاریکایی کەشتییەکە.

تازە چەند دەفتەرۆکەیەکی ڕێنمایی دوو ئاسایشگەم پێ گەیشت. دەمزانی ئەم دەفتەرۆکانە هیچی تازەم پێ ناڵێن جگە لە نرخ و دووریی جێگەکە لە **ڤیەنناوە**. تا ڕادەیەک هەردوو ئاسایشگەکە وەک یەک وان، نرخیان سەرسامکەرە. ڕۆژی ٤٠٠ یان ٥٠٠ تایە، تەنانەت ئەو نرخەیش قابیلی گۆڕانە. بە شەمەندەفەر نزیکەی سێ سەعات لە **ڤیەنناوە** دوورە، نیو سەعاتیش دوای ئەوە بە گالیسکە، بۆیە ڕێگەیەکی درێژە بە ئەندازەی دووریی **گموند** (هەرچەندە بە شەمەندەفەری خاو) وایە. لەگەڵ ئەمانەیشدا ئاسایشگەی **گریمن شتاین** نرخەکەی کەمێک کەمترە. ئەگەر هەر ناچار بم، ڕەنگە ئەمەیان هەڵبژێرم، بەڵام لە حاڵەتی ناچاریدا.

دەبینیت، **میلینا**، من چۆن هەموو کاتێک تەنیا بیر لە خۆم دەکەمەوە (یان باشتری بڵێم بەو باریکە ڕێگە هاوبەشەماندا کە لە دیدی هەست و ویستی منەوە بۆ هەردووکمان ڕێگەیەکی کۆتاییە) دەیشبینیت چۆن جگە لە شتەکانی دەوروبەرم لە شتەکانی دی بێئاگام، تەنانەت هێشتا

لەبـارەی "کمـن" و "تریبونـا"وە جـاریکیش سوپاسـم نەکردوویـت. هەرچەندە تۆ چەند جاریک ئەو کارەت بە جوانی ئەنجام داوە. مـن نوسخەکەی خۆم کە لیرە لە چەکمەجەی میزەکەمدایە بۆت دەنیرم. لێ لەوانەیە تـۆ پیـت خـۆش بیـت کەمیـک ڕاڤەیـان بـکەم، ئەگەر وا بیـت ناچارم دووبارە بیخوینمەوە، ئەمەیش کاریکی ئاسان نییە. چەند چیژ لە خویندنەوەی نووسینە وەرگیراوەکانی بیانیت دەکەم! ئایا گفتوگۆی تۆلستۆیت لە زمانی ڕووسییەوە وەرگیراوە؟

**پراگ سیپتامبەر ۱۹۲۰**

کەواتە تووشـی ئەنفلـونزا بوویـت؟ باشـە، لانـی کەم مـن نـاتوانم سـەرکۆنەی خـۆم لەسـەر ئەوە بکەم کە لیرە چەند چرکەساتیکم بە شـادمانی گوزەرانـدووە (مـن زۆر جـار نـاتوانم لەوە تیـبگەم کە مرۆڤەکان بیرۆکەی شادمانییان لە کوێوە هیناوە. لەوانەیە هەر شـتیک دژەخەم بیت، ئەوان بە شادمانیی بزانن).
من بڕوام بەوە هینابوو کە ئیتر تۆ نامە بۆ من نانووسیت، بەڵام وا ئیستا لەو بارەیەوە نە سـەیرم پیٚ دیت و نە خەمیشـی پیٚ دەخـۆم. خەمی پیٚ ناخۆم، چونکە بە چاوپۆشیکردن لە هەموو خەمەکانی دنیا مـن بە پیویسـتی دەزانـم، هەروەهـا لەبەر ئەوەیـش کە پیـدەچیت لە هەمـوو دنیـادا ئەوەنـدە توانـا نەبیـت بتوانیـت بەرگەی کیشـە لاواز و نـاچیزەکەی مـن بگریـت. سەیریشـم پـیٚ نـایەت، چـونکە تەنـانەت لە ڕابوردوویشـدا کە دەتـوت: "تـا ئیسـتا لەگەڵتـدا میهرەبـان بـووم و هەنووکە دەمەویت واز بهینم و ڕیگەی خـۆم لەبەربگرم" نەدەبوو پیم سەیر بیت. لە دنیادا جگە لە شتە سەرسامکەرەکان، هیچ شتیکی تر نییە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەو شتانە بوو کە کەمتر جیگەی سەرسامی بـوو. بـۆ نمـوونە لەخەوهەسـتانی هەمـوو بەیانیـانیکی مـرۆڤ چەنـد

سەرسامکەرترە، بەڵام سەرسامییەکە، سەرسامییەکی دڵنیاکەر نییە، بەڵکو زیاتر جۆرە کونپشکنییەکە کە هەندێک جار مایەی ڕشانەوەیە.
ئایا تۆ شایانی وشەیەکی جوان نییت، **میلینا**؟ دیارە من شایستەی وتنی ئەو وشەیە نیم کە بە تۆی بڵێم، ئەگینا دەمتوانی پێتی بڵێم.
یەکتربینینی من و تۆ لەوە زووتر دەبێت کە بیرم لێ دەکردەوە (من باسی بینین دەکەم و تۆیش باسی ژیانی هاوبەش)، بەڵام من بڕوام وایە (هەموو شتێک و لە هەموو جێگەیەکدا، تەنانەت ئەو شتانەیش کە هێند پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە نییە، پشتگیری لەم بۆچوونەی من دەکەن و هەموو شتێک دەیسەلمێنێت) کە من و تۆ هەرگیز بۆ یەکتر نابین و هەرگیز ناتوانین پێکەوە بژیین. لە "هەرگیز"یش زیاتر جگە لە خودی "هەرگیز" شتی تر نییە.
تێکڕا (**گریمن شتاین**) چاکترە. جیاوازیی نرخیان ڕەنگە هەر لە سنووری ٥٠ تادا بێت. جگە لەوە، لە ئاسایشگەکانی تر دەبێت نەخۆش بۆ چارەسەری حەسانەوەکەی هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا بەرێت (سەرین، کەوڵ بۆ داپۆشینی قاچ، پەتو و شتی تریش، من هیچیانم نییە)، لە کاتێکدا لە **گریمن شتاین** دەتوانیت هەموو ئەو شتانە بە قەرز وەربگریت. لە ئاسایشگەی (**ڤینرڤالد**) دەبێت نەخۆش پارەیەک وەک بارمتە دابنێت، بەڵام لە **گریمن شتاین** پێویست ناکات. جگە لەمە **گریمن شتاین** شوێنەکەی بەرزترە. بە هەرحاڵ لە ئێستادا نیازی چوونم نییە. هەرچەندە هەفتەیەکە حاڵم هێند باش نییە (کەمێک تا و کێشەی هەناسەدان، تەنانەت دەترسام لەپشت مێزەکەم ڕاست ببمەوە. هەروەها کۆکەی زۆر)، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەمە تاقە بەرئەنجامی ئەو ڕێپێوانە دووردرێژە بێت کە تا ڕادەیەک زۆرم قسە تیا کردووە (ئەگەر وا بێت) زۆر چاکترە، چونکە دیسانەوە لە پێویستییە ناچارییەکەی ئاسایشگە کەم دەکاتەوە.
هەنووکە دەفتەرۆکەکەی ڕێنمایی لە بەردەممایە، لە **ڤیترڤالد** نرخی ژوورێکی ڕوو لە باشووری هەیواندار ٢٨٠ تایە. لە **گریمن شتاین**



Scanned with CamScanner

گرانترین ژوور ٣٦٠ تـایە. جیاوازییەکە زۆرە. لە هەمـان کاتدا نرخی هەردووکیان بەرز و سەرسامکەرە. دەبێت حساب بۆ دەرزیلێدانیش بکەیت. خەرجیی لێدانی دەرزی بەجیـایە. مـن حەز دەکەم بچم بۆ گموند. تەنانەت پێم چاکترە لە **پراگ** بمێنمەوە و کارێکی دەستی فێر بم، بەڵام هەرگیز حەز بە چوونی ئاسایشگە ناکەم. لەوێ چی بکەم؟ ئایا گەورەترین پزیشک دەمخاتە نێوان ئەژنۆکانیەوە، پارچە گۆشتێک بەو دەستانەی کە بۆنی کاربولێکی لێ دێت، دەخاتە ناو گەروومەوە؟

## پراگ، سیپتامبەر ١٩٢٠

ئێستا دوو سەعاتی تەواوە لەسـەر قەنەفە پاڵکەوتووم و نـاتوانم جگە لە تۆ، بیر لە هیچی تر بکەمەوە.

**میلینا**، لەوە ناچێت بە چاکی دەرکی ئەوەت کردبێت کە هەردووکمان لەپاڵ یەکدا وەستابێتین و تەماشای ئەو بوونەوەرە بکەین کە لەسەر زەوی کەوتـووە و ئەویـش مـنم، بەڵام مـن وەک بینەرێـک، ئیـدی لە بوونی ئەو بوونەوەرەدا کە کەوتووە، بوونم نییە.

سـەرەڕای ئەوە پـاییزیش کردوومـی بە گاڵتەجـاڕ، هەنـدێک جار بە شێوەیەکی گوماناوی سەرمامە، جاری تریش بە شێوەیەکی گوماناوی گەرمـامە. بەڵام زۆر گـوێی پـێ نـادەم، ئەوەنـدەیش گەرم نیـیە. ڕاستییەکەی تەنـانەت وام دانـابوو گەشـتێک بە **ڤیەننـادا** بکەم، بەڵام نـاتوانم، چـونکە بەڕاسـتی سـییەکانم لەوەی هـاوین خراپتـرن (هەرچۆنێک بێت دۆخەکە تەواو سروشتییە) قسـەکردنیش لە شـەقامدا بۆ مـن زەحـمەتە و بەرئەنجـامەکەی ناخۆشـە. ئەگەر ناچـار بـم لەم ژوورە بچـمە دەرەوە، وەک ئەوە وایە بە دەسـتی خـۆم، هەرچـی زووتـرە خـۆم فرێدابێتە سـەر تەختەخەوێکی **گـریمن شـتاین**ەوە. لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە سـەفەرکردن هەر لە خۆیدا بۆ مـن سـوودبەخش



Scanned with CamScanner

بێـت. وەک ئەو تاقەجــارەی کە هەوای **ڤیەننــا** وەک هەوایەکــی ڕاستەقینەی ژیان کاری تێکردم.

ڕەنگە **"ڤینرڤالد"** نزکیتر بێت، بەڵام دووری و نزیکی ئەوەندە تەوفیر ناکــات. ئاسایشــگە لە **(لبــزردورف)** نیــیە، بەڵکــو دوورتــرە، لە ئاسایشگەوە تـا ئەوێ هێشتا بە سواری گالیسکە نیوسەعاتە، بۆیە ئەگەر من بتوانم بەبێ کێشە لەم ئاسایشگەیەوە تا **بادن** سەفەر بکەم (کە ئەمە پێچەوانەی ڕێنماییەکانە) کەواتە دەتوانم لە **گریمن شتاین**ەوە یـا **ڤینـر - نویشـتایـش** سـەفەر بـکەم. ئەمە نە بـۆ تـۆ و نە بـۆ مـن جیاوازییەکی زۆر ناکات.

**میلینا**، چۆنە تۆ تا ئێستا لە من نەترساویت، یان تەرە نەبوویت، یان هەستێکی لەم بابەتـانەت لا دروست نەبووە؟ ئەم قووڵایی جیددییەت و توانایەت تا کوێ بڕ دەکات؟

من کتێبێکی چینی دەخوێنمەوە بە ناوی **(چیرۆکی تارماییەکان)**، بۆیە باسی ئەم کتێبە دەکەم، چـونکە بـابەتەکەی زۆر تـایبەتە بە مـردنەوە. پیاوێــک لەســەر جێگــەی مەرگەکەی ڕاکشــاوە، لە حــاڵەتێکی سـەربەخۆییدا کە لە نزیکبـوونەوەی مەرگەوە سـەرچاوەی گرتـووە، دەڵێت: "مـن هەمـوو تەمەنـم لەپێنـاوی شـەڕکردن لەگەڵ شـەهوەت و کۆتـایی پـێ هێنانیـدا بەخـت کـردووە". پاشـان قوتـابیەکی گـاڵتە بە مامۆسـتاکەی دەکـات کە بەردەوام جـگە لە مەرگ، قسـە دەربـارەی هیچی تـر ناکـات و پێـی دەڵێت: "تـۆ هەمیشـە قسـە دەربـارەی مەرگ دەکەیت، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا نامریت". مامۆستاکە دەڵێت: "بێگومـان من دەمرم... بەڵام من تەنیا دوا گۆرانیی خۆم دەڵێم، گۆرانیی یەکێک درێژە و هـی یەکێکی تـر کورتترە لەو، بەڵام جیاوازییەکەیان هەرگیز لە چەند وشەیەک زیاتر تێناپەڕێت".

ئەمە قسـەیەکی ڕاسـتە، نـاڕەوایە بە پاڵەوانێـک پێبکەنیـت کە زامـی مەرگـی بە جەسـتەوەیە و لەسـەر شـانۆ کەوتـووە، لە هەمـان کاتـدا گۆرانییەکانی خۆی دەڵێت. ئێمە سالانێکە کەوتووین و گۆرانی دەڵێین.



Scanned with CamScanner

نمایشنامەی **پیاوی ئاوێنەیی**[181] یشم خوێندەوە. چەند لێوانلێوە بە وزەی ژیان! تەنیا لە شوێنێکدا کەمێک نەخۆشئاسایە، بەڵام لەوە بترازێت سەرشارە لە وزەی ژیان. تەنانەت نەخۆشییەکەیشی پڕ لە توانایە. لە دوانیوەڕۆیەکدا ژەمبردانە کۆتاییم بە خوێندنەوەی هێنا.

ئێستا لەویێ چ شتێک ئازارت دەدات؟ هەمیشە وا بیر دەکەمەوە کە من لەم لایەنەوە لە ڕابوردوودا بێتوانا بووم، لێ لە ڕاستیدا تەنیا لە ئێستادا بێتوانام. سەرەڕای ئەوەیش تۆ بەردەوام نەخۆش بوویت.

هەر ئێستا لای بەڕێوەبەر بووم. بەڕێوەبەر خۆی داوای کردبووم. بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆمەوە هەفتەی ڕابوردوو **ئەتلا** بەڕیوەبەری دیبوو، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆمەوە، پزیشکی ئۆفیس تێڕوانینی بۆ کردم، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆمەوە بڕیارە مۆڵەتم پێ بدەن.

## پراگ ناوەڕاستی نۆڤەمبەر ١٩٢٠

بمبوورە **میلینا**، ڕەنگە لەم ماوەیەی دواییدا زۆر بە کورتی شتم بۆ نووسیبێت. هۆیەکەی ئەوەبوو کە دابینکردنی ژوور لە ئاسایشگەدا (کە تا ئێستایش دابین نەکراوە) منی جاڕز کردووە، لەگەڵ ئەمانەیشدا بڕیارم داوە بچم بۆ **گریمن شتاین**. لێ هێشتا چەند گرفتێکی بچووک هەیە کارەکە دوادەخات، دەکرا یەکێک بە هێزێکی ئاساییەوە (هەڵبەتە کەسێکی وا ناڕوات بۆ **گریمن شتاین**) تا ئێستا دەمێک بوایە ئەو گرفتانەی چارەسەر بکردایە، بەڵام من هێشتا نەمتوانیوە، هەروەها بەم دواییە زانیومە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئاسایشگەکان وتوویانە، من پێویستم بە مۆڵەتێکی نیشتەجێی هەیە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگیری کرابێت، بەڵام نەک پێش ناردنی داواکارییەکەم.

---

[181] **پیاوی ئاوێنەیی** شانۆگەرییەکی فرانتس ڤێرڤلە.

هەموو پاشنیوەڕۆم بە پیاسەکردنی کۆلانەکان بەسەربرد. لەداوی شەڕی جوولەکەدا گینگلم دەدا. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بیستم یەکێک نازناوی (نەژادی سووک و ڕسوا)ی بە جوولەکە داوە. ئایا کارێکی سروشتی نییە شوێنێک کە تا ئەم ڕادەیە تۆ قێزەون بێت تیایدا، بەجێی بهێڵیت؟ (بۆیە ئیدی پێویستمان بە زایۆنیزم و هەستی نەتەوایەتی نییە) لەگەڵ ئەم هەموو بەقێزەونکردنەدا، ئەوەی وات لێ دەکات لە جێی خۆتدا بمێنیتەوە و نەجوولێیت، پاڵەوانیەتییەکە وەک پاڵەوانیەتیی ئەو سیسرکانەی لە حەمامدان و ڕیشەکێش ناکرێن.

هەر ئێستا لە پەنجەرەوە تەماشایەکی دەرەوەم کرد. پۆلیس بە سەری نێزەوە ئامادەی پەلاماردانە، کۆمەڵێک بەدەم هاوارکردنەوە خەریکی بڵاوە لێ کردنن، لێرەیش، لەم سەرەوە، سووکایەتیپێکردنێکی نەفرەتباری ژیان کە دەبێت هەمیشە پارێزگاریی لێ بکەن.[182]

ماوەیەکە ئەم نامەیە لێرە کەوتووە، بەڵام من دەستم بۆ نەبردووە تا هەڵی بگرم و بینێرم. من تا ئەم ڕادەیە لەناوەوەی خۆمدا داخراوم، هەروەها هەمیشە بیر دەکەمەوە کە نامەنەنووسینی تۆ بۆ من تەنیا یەک هۆکاری هەیە.

من داواکارییەکەم بۆ کاربەدەستان ناردووە. ئەگەر ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت، کارەکانی دی (گرتنی ژوور و پاسپۆرت) بە زوویی ئەنجام دەدرێت و دوای ئەوە من دێم. خوشکم دەیەوێت بڕوات بۆ ڤیەننا، لەوانەیە لەگەڵ مندا بێت. دەیەوێت یەک دوو ڕۆژێک لە ڤیەننا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی سەفەرێکی کورت بە کورپەکەی بکات کە تەمەنی چوار مانگە.

---

[182] ڕەنگە ئاماژە بێت بە شۆڕشی دژی ڕەگەزی سامی لە دژی سەرمایەدارە جوولەکە شارییەکانی پراگ کە لە ١٦ تا ١٩ای نۆڤەمبەری ١٩٢٠ لە پراگ بەردەوام بوو.

لەبارەی ئیرنشتاینەوە[١٨٣]، باشە، لەوەدا کە بۆ تۆی نووسیوە دەردەکەوێت دیدێکی لەوە چاکتری هەیە کە من بیرم لێ دەکردەوە، بۆیە حەز دەکەم جارێکی دی ئەو کاریگەرییەی لەسەر منی داناوە، تاقی بکەمەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئیتر ئەو نابینم، ئەم تاقیکردنەوەیەیش سەرناگرێت. ئەگەرچی دیدارەکەمان زیاد لە چارەکێکی نەخایاند، کەچی زۆر لەگەڵیدا ئاسوودە بووم. ئەسڵەن هەستت بە نامۆیی نەدەکرد. هەرچەندە جیاوازییەکی ڕواڵەتیشمان لە نێواندا نەبوو، لەگەڵیدا ئەوەندە ئاسوودە بووم و هەستم بە نامۆیی نەدەکرد کە لە سەردەمی قوتابخانەدا، کاتێک کە ئەو قوتابییەک بوو لەپاڵمدا دادەنیشت ئەو منداڵەم خۆش دەویست و نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، هاوکار بووین لە بڕینی هەموو مەترسییەکانی قوتابخانەدا. زیاد لە هەر کەسێکی تر لەگەڵ ئەودا یەکڕەنگ بووم و دەمتوانی بێ ڕواڵەتبازی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەم. بنەمای پەیوەندیمان چەندە دڵگیر بوو! هەنووکەیش لەگەڵ ئیرنشتایندا بە تەواوی وا بووم. لە نێوان من و خۆیدا هەستم بە هیچ گێرمەوکێشەیەک نەدەکرد کە پەیوەندیی بە توانا دەروونییەکانەوە هەبێت. ئەو بە چاکی مەبەستی خۆی دەگەیاند. باش قسەی دەکرد و هەوڵی زۆری دەدا، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت لەسەری هەر کۆلانێکدا قسەکەرێکی وا بوەستێت، ڕۆژی حساب نزیکتر ناکەنەوە، بەڵکو ڕۆژەکانی ئەمڕۆیش وا لێ دەکەن کە نەتوانرێت بەرگەیان بگیرێت. ئایا "تانیا"[١٨٤]ت خوێندووەتەوە. گفتوگۆی نێوان کەشیشی ڕووسی و تانیات لە بیر ماوە؟ هەرچەندە تێکڕا ئەم گفتوگۆیە مەبەستێکی تایبەتی ناگەیەنێت، بەڵام نموونەیەکە لە جۆرە فریادڕەسێکی

---

[١٨٣] ئەلبێرت ئیرنشتاین شاعیری لیریک و چیرۆکنووسی خەڵکی ڤیەننا (١٨٨٦- ١٩٥٠) هاوقوتابیی کافکا بووە.

[١٨٤] نمایشنامەیەکی شاعیری پراگی (ئیرنست ڤایس)ە.



Scanned with CamScanner

بێفریادرەس. بە ئاشکرا تانیا لەژێر فشاری ئەو بارە قورسەی دڵخۆشیدا دەمرێت.

بێگومان ئیرنشتاین لە خۆیدا زۆر بەهێزە. ئەوەی دوێنێشەو خوێندییەوە زۆر زۆر جوان بوو (ئەگەرچی دەبێت هەندێک لەو بڕگانەی لە کتێبەکەی کراوسەوە[185] هێناویەتی، لێی دەرهاوێژێت) وەک پێشتریش وتوومە، ئیرنشتاین خاوەنی ڕوانینێکی باشە.

تا ڕادەیەک ئیرنشتاین قەڵەو بووە. بە هەرحاڵ لەشێکی جوان و پڕی هەیە (هەروەها بە گشتی جوانە، چۆن ئەمەت نەزانیوە!) لەبارەی کەسانی لەڕ و لاوازەوە کەمێک لەوە زیاتر کە ئەوانە ناوی لاوازیان لێ بنرێت، ئەو دەزانێت بۆ ئەو کەسانەی لاوازن شوناسێکی وا بەسە، بۆ نموونە بەنیسبەت منیشەوە هەر وایە. گۆڤارەکان دواکەوتوون، کاتێکی تر هۆکارەکەیت پێ دەڵێم، بەڵام بەڕێکەوەن.

نا، میلینا، ئەگەری ئەو ژیانە هاوبەشەی لە ڤیەننا بیرمان لێ دەکردەوە بە هیچ جۆرێک ناکرێت، تەنانەت ئەوسایش هەر نەدەکرا. من لەسەر دیوارەکەمەوە تەماشای ئەولام دەکرد. دەستم بۆ سەرەوە ڕاکێشابوو، پاشان بە دەستی بریندارەوە کەوتبووم. بێگومان ئەگەرێکی تر بۆ پێکەوەژیان هەیە، دنیا پڕە لەو ئەگەرانە، بەڵام من هێشتا نەمدۆزیوەتەوە.

## پراگ ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠

بە خشتەی هاتوچۆی شەمەندەفەرەکان دڵخۆشت کردم، هیچ نەبێت شتێک هەیە کە تەواو بڕاوەتەوە، بەڵام دڵنیا نیم تا دوو هەفتەی تر بتوانم بێم. ڕەنگە لەدواییدا، لەبەر چەند هۆکارێک هەر لە ئۆفیس ماومەتەوە. ئاسایشگەیەک کە زۆر خێرا وەڵامی دەدایەوە، وا ئێستا

---

[185] مەبەست وتارێکی ئیرنشتاینە دەربارەی گاڵتەجارنووسی ڤیەننایی (کارل کراوس).

بەرانبەر بە پرسیارێک دەربارەی خواردنی ڕووەکی بێوەلامە. جگە لەوە، سەفەری من تا ڕادەیەک وەک ڕاپەڕینی نەتەوە وایە. بەردەوام لێرەولەوێ بەڵگەیەک هەیە بۆ سستکردنی ئیرادە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ورە بدەیتە بەر ئەموئەو، لەدواییدا هەموان ئامادە دەبن، بەلام ناتوانن بجوولێن، چونکە منداڵێک دەگری. منیش تا ڕادەیەک لە سەفەر بێزارم، چونکە بۆ نموونە کێ دەتوانێت لە ئوتێلێکدا بەرگەی ئەوە بگرێت کۆکەی من، کە هەندێک جار، وەک دوێنێشەو، لە سەعات نۆ و چلوپێنج دەقیقەوە (سالانێکە من لەو سەعاتەدا دەچمە ناو جێگە) تا نزیکەی سەعات ١١ بەبێ وەستان بەردەوام بووە؟ دوای ئەوە خەوم لێ دەکەوێت. لە سەعات ١٢ کە لە لای ڕاستمەوە دەکەومە سەر لای چەپ، دیسانەوە تا سەعات یەکی دوای نیوەشەو کۆکین بێوچان بەردەوامە. بەم حاڵەوە کێ دەتوانێت لەگەڵ مندا هەڵبکات؟ پار لە واگۆنێکدا کە تەختی نووستنی تیابوو، بێ کێشە سەفەرم کرد، بەلام ئیدی هەرگیز ناوێرم سەفەرێکی وا بکەم.

**میلینا**، هەرگیز ئەمە وا نییە. تۆ ئەو کەسەی کە ئێستا لە **مران**ەوە نامەت بۆ دەنووسێت، دەیناسیت. ئەوسا من و تۆ یەکێک بووین. ئیدی یەکترناسین کێشەیەک نەبوو. دوای ئەوە دیسانەوە لە یەکتر جیابووینەوە.

لەم لایەنەوە قسەی زۆرم بۆ وتن پێیە، بەلام بە هۆی هەناسەتەنگیمەوە هیچم بۆ ناوترێت.

## پراگ ناوەڕاستی نۆڤەمبەر ١٩٢٠

منیش هەر وام، زۆر جار بیر دەکەمەوە کە دەبێت ئەمەت پێ بڵێم، لێ دوایی ناتوانم هەرگیز پێتی بڵێم. ڕەنگە **پرکینزی**[١٨٦] بارچاوەش

---

[١٨٦] یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (جیمی میگینز)، نووسینی ئۆپتۆن سینگلەر، میلینا هەندێک لەو ڕۆمانەی لە ژونی ١٩٢٠ لە هەفتەنامەی کمندا وەرگێڕاوە.



Scanned with CamScanner

دەستی منی گرتبێت، تەنیا ئەو کاتە دەتوانم بە دزییەوە و بە پەلە بۆتی بنووسم کە ئەو دەڕواتە دەرەوە.

وەرگێڕانی تەنیا ئەو بڕگەیەت نیشانەی جۆرێکە لە هاومیزاجی، بەڵێ، ئازار و ئەشکەنجە بە لای منەوە گەلێک گرنگە. ئەوەی بیری ئێمەی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، جگە لە ئازارچەشتن و ئازاردانی خەڵکی تر، هیچی تر نییە، بۆ؟ ڕاست لەبەر هەمان هۆ کە **پرکینزی** وا بوو بارچاوەش. بە هەمان ئەندازە نەگونجاو و بێبیر، بە هەمان ئەندازە هەر لەخۆوە و بە هەمان ئەندازە ڕۆیشتن لەگەڵ ڕەوتی دابونەریتدا.

مەبەستم لە هەموو ئەمانە، فێربوونی وتەیەکی نەفرەتییە لە زارێکی نەفرەتلێکراوەوە. جارێکیان من ئەو گەوجایەتییە زاتییەی لەم مانا شاراوەیەدایە (بەرجەستەکردن و زانینی ئەو گەوجایەتییە کۆمەکمان پێ ناکات) بەم شێوازەی خوارەوە دەرمبڕیبوو:

"ئاژەڵ، قامچی لە دەستی سەرۆکەکەی دەستێنێت و خۆی بەر قامچی دەدات بۆ ئەوەی خۆیشی ببێت بە سەرۆکەکەی. ئەو لەوە بێئاگایە کە ئەمە هیچ نییە، جگە لە وەهمێک کە دروستبوونی گرێیەکی تازەیە لە پێچ و خەمی قامچیی سەرۆکەکەیدا".

هەڵبەتە، ئازاردانیش سۆزجووڵێنە. ئەگەر گرێی **گوردویس**[187] خۆی نەکرێتەوە، **ئەسکەندەر** لێی نادات.

جگە لەمە، لەوە دەچێت لێرەدا نەریتێکی جوولەکە هەبێت. "**فنکوف**[188]" کە لەم ڕۆژانەدا زۆر لەسەر جوولەکە دەنووسێت. بەم دواییە لە یەکێک لە سەروتارەکانیدا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە جوولەکە هەموو شتێک گەندەڵ دەکات و لەناوی دەبات. بە بڕوای ئەو، ئەوە

---

[187] **گرێی گوردویس** یان **گرێی گوردیەن**، ئاماژەیە بۆ گرێیەک کە گوردویس شای فیرجیا دەیدات و مەرج دەکات کە تەنیا حوکمڕانی ئایندەی ئاسیا ئەو گرێیە دەکاتەوە. ئەسکەندەری گەورەیش گرێکە بە لێدانی شمشێر دەکاتەوە.

[188] **فنکوف** بڵاوکراوەیەکە، ساڵی ١٩٢٠ وتارێکی لە دژی جوولەکە بڵاوکردووەتەوە.



Scanned with CamScanner

جووله‌كه بوو كه ته‌نانه‌ت بزووتنه‌وه‌ی **فلاجلانتزم‌ی**[١٨٩] سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستی گه‌نده‌ڵ كرد و له‌ناوی برد. به‌داخه‌وه ورده‌كاریی زیاتری -جگه له چه‌ند قسه‌ی ناو كتێبێكی ئینگلیزی- باس نه‌كردووه. من له‌وه قورسترم بتوانم بچم بۆ كتێبخانه‌ی زانكۆ، به‌ڵام زۆرم پێ خۆشه بزانم جووله‌كه‌كان چۆن توانیویانه په‌یوه‌ندییان به‌م بزووتنه‌وه‌یه‌وه هه‌بێت كه له سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا سه‌ری هه‌ڵداوه و ئه‌وان زۆر لێیه‌وه دوور بوون. ڕه‌نگه له‌ناو هاوڕێكانی تۆدا توێژه‌رێك هه‌بێت له‌و باره‌یه‌وه شتێك بزانێت.

كتێبه‌كانم ناردووه، به‌ڕاستیی ده‌ڵێم ئه‌و مه‌سه‌له‌یه من ناڕه‌حه‌ت ناكات، به پێچه‌وانه‌وه ئه‌مه تا ڕاده‌یه‌ك تاقه كارێكی ماقووڵه كه ماوه‌یه‌كی زۆره ئه‌نجامی ده‌ده‌م. كتێبی "**ئه‌لیس**"[١٩٠] له بازاڕدا ته‌واو بووه. ته‌نیا له كریسمسدا جارێكی تر بڵاوده‌بێته‌وه. له‌باتی ئه‌وه كتێبێكی **چیخۆف**م كڕیوه. به‌داخه‌وه ڕۆمانی **(بابیكا)** چاپه‌كه‌ی خراپه و به‌كه‌ڵكی خوێندنه‌وه نایه‌ت. ئه‌گه‌ر ته‌ماشات بكردایه له‌وانه‌بوو نه‌تكڕیایه. لێ باشه، من خۆم داوام كردبوو. جارێ نامیلكه‌یه‌كی تایبه‌ت به ڕێنووست هه‌ر ئاوا بۆ ده‌نێرم. هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی كتێبێكی چاكم له‌باره‌ی ڕێنووسه‌وه ده‌ستكه‌وت، بۆتی ده‌نێرم. ئایا ئه‌و نامه‌یه‌ی له‌باره‌ی دواكه‌وتنی ڕاگه‌یاندنه‌وه بۆم ناردوویت، گه‌یشته ده‌ستت؟

ئایا ورده‌كارییه‌كانی ئاگركه‌وتنه‌وه له ئاسایشگه‌یه‌كت خوێندووه‌ته‌وه؟ به هه‌رحاڵ له ئێستادا **گریمن شتاین** جه‌نجاڵتر ده‌بێت و به‌ر من ناكه‌وێت. له‌وێ H[١٩١] چۆن ده‌توانێت ببینێت؟ وا بزانم تۆ وات

---

[١٨٩] فلاجانتیزم به مانای قامچی و هه‌روه‌ها چه‌كه‌ره دێت، دیدێكه بۆ خۆئازاردانی ئایینی یان سێكسی. كه‌سێك بیه‌وێت بۆ خۆپاككردنه‌وه له گوناه، یان له‌باری سێكسییه‌وه دابین بێت، خۆی بخاته به‌رده‌م لێدانی قامچی و ئازاركێشانه‌وه.

[١٩٠] شێوه‌كار و گرافیكی چیكی. لێره‌دا مه‌به‌ست كتێبی ئه‌وه.

[١٩١] وه‌رگێڕه ئه‌ڵمانییه‌كه هیچ ڕوونكردنه‌وه‌یه‌كی ده‌ستنه‌كه‌وتووه تا بزانێت مه‌به‌ست له H كێیه.



Scanned with CamScanner

نووسیبوو که ئێستا ئەو لە مرانە، ڕەنگە ئارەزووی من بۆ نەبینینی مێردەکەت لە ئارەزووی تۆ کەمتر نەبێت، بەڵام بەڕاستی ئەگەر ئەو نەیەت بۆ بینینم (بڕوایش ناکەم ئەو کارە بکات)، کەواتە تا ڕادەیەک دیداری من و ئەو مەحاڵە.

بە هـۆی هەنـدێک کاروبـاری ئیـدارییەوە، دیسـانەوە سـەفەرەکەم دواکەوت. دەبینیت؟ مـن شـەرم لەوە نـاکەم کە بـۆت بنووسـم کـارم هەیە و دەبێـت ئەنجـامی بـدەم. بێگومـان ئەمەیـش کـارێکە وەک کارەکـانی تـر، بە لای مـنەوە ئەم کـارە نیـوەخەوێکە کە زیـاتر لە مردنەوە نزیکە تـا خەو. **ڤنکوڤ** ڕاست دەکات کە دەڵێت. کۆچ بکە **میلینا**، کۆچ بکە...

## پراگ، نۆڤەمبەری ١٩٢٠

**میلینا**، تۆ دەڵێیت لە شتی وا تێناگەیت. ناوی نەخۆشیی لێ بنێ و هەوڵ بـدە لەوێـوە تێـی بگەیـت. ئەمە یەکـێکە لە نیشـانە لەئەژمارنەهاتووەکـانی نەخۆشـی کە شـیکارە دەروونییەکـان دۆزیویانەتەوە و ڕوونیان کردووەتەوە. من ناوی نانێم نەخۆشی و لەگەڵ ئەوەدام لایەنی چارەسەرکردنی شیکاریی دەروونی هەڵەیەکە، ئومێـدی چـاکەی لـێ ناکرێـت. هەمـوو ئەو حاڵەتـانەی شـیکارە دەروونییەکان بە نەخۆشـی ناویـان بـردووە و هێنـد نائومێدانە دێنە بەرچاو، هەموویان پەیوەندییان بە بیروباوەڕەوە هەیە. هەوڵی ڕۆحە مرۆڤایەتییەکـانە کە بە ناچـاری لە خـاکی سـەرزەمینی دایکایەتیـدا بەدوای بەندەرێکدا دەگەڕێن. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەروونشیکاران، سـەرچاوەی ئایینەکـان (بە ڕای ئەوان) بە تـاقە هـۆی نەخۆشـییەکانی تـاک دادەنێن، بێگومـان ئەمڕۆ ئێمە هەرگیـز هەسـت بە کۆمەڵگـەی ئایینی نـاکەین. دەسـتە و مەزهەبەکان لە ژمـارە نایەن و بە ئەندازەی



Scanned with CamScanner

یەکەیەکەی تاکەکانن، هەرچەندە ڕەنگە ئەمە لە دیدی ئەو کەسانەوە وا بێت کە چاویان ڕەنگی ئەم سەردەمەی گرتووە.

بەڵام ئەم جۆرە بەندەرانە کە بەڕاستی چنگیان لە زەوییە ڕەقەنەکە گیر کردووە، وەک موڵکی تایبەتیی مرۆڤەکان نین کە قابیلی دانوستان بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێشتر لە سروشتی مرۆڤدا هەن و بەو ئاراستەیەدا وەک بەخشینێک بە سروشتی مرۆڤ (هەروەها بە جەستەیشی) بەردەوامیی هەیە. ئایا ئەمە ئەوەیە کە دەروونشیکاران دڵیان بە چارەسەرەکەی بەستووە؟

ئەگەر ڕاستینەی ئەم مانایەت لە من دەوێت، پێویستە وێنای سێ بازنەی ناوەکی بکەیت. یەکەم بازنەی A کە ناوەکیترین بازنەیە، پاشان بازنەی B و دوای ئەویش بازنەی C. بازنەی ناوەندی A ڕوونکردنەوە بە بازنەی B دەدات کە بۆچی دەبێت مرۆڤ بڕوای بە خۆی نەبێت؟ بۆ دەبێت مرۆڤ ئازاری خۆی بدات و بۆ دەبێت جۆرێک لە چاوپۆشی نەکات بە پیشە (چاوپۆشی وشەیەکی ڕاست نییە، کارێکی وا گەلێک دژوارە، چاکترە بڵێم ناچارکردن بە چاوپۆشی) بۆ نابێت بژی؟ (بۆ نموونە ئایا بەم مانایە **دیۆژین**[192] نەخۆش نەبوو؟ کام لە ئێمە شادمان نابێت ئەگەر تیشکی چاوی میهرەبانانەی ئەسکەندەری لێ هەڵبێت؟ بەڵام **دیۆژین** نائومێدانە داوای لە **ئەسکەندەر** کرد بڕوات، بۆئەوەی خۆر، خۆری یۆنانی، ئەو خۆرەی سووتاندنەکەی تا سنووری شێتبوونە، جارێکی تر بەسەریەوە هەڵبێت. کووپەکەی **دیۆژین** پڕبوو لە تارمایی)، بەڵام بۆ بازنەی C کە کەسێکی پڕکار و پیشە بێت، تا ئێستا چ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ نادرێت. ئەو هەر لە بازنەی B فەرمان وەردەگرێت. C لەژێر

192 دیۆژین فەیلەسووفێکی یۆنانی دێرینە، بەختەوەریی خۆی لە نەبوونی و نەدارییدا دەبینی. ڕۆژێک ئەسکەندەری مەکدۆنی چوو بۆ لای و پێی وت چیی پێویستە بۆی بکات؟ ئەویش وتی دەمەوێت بڕۆیت بۆ ئەوەی خۆر لێم بدات.



Scanned with CamScanner

ئەوپەڕی تەنگژە و فشاردا، لە کاتێکدا ئارەقەی ساردی ترسی لێ دەچۆڕێت، کار دەکات (ئایا ئەو ئارەقەی لە ناوچەوان، ڕوومەت، لاجانگ، پێست و سەر، بە کورتی لە هەموو شوێنێکی کاژەڵاکی سەریەوە دێتە خوارێ، ئارەقەی ساردی ترسە؟ ئەمەیە حاڵی C. بۆیە کاری C زیاد لەوەی لە تێگەیشتنەوە بێت، بەرئەنجامی ترسە. ئەو بڕوای هەیە و دڵنیایشە کە A هەموو شتێکی بۆ B ڕوون کردووەتەوە، Bیش لە هەموو ڕوونکردنەوەکان گەیشتووە و بە چاکی بە Cی گەیاندووە.

## پراگ نۆڤەمبەر ١٩٢٠

**میلینا**، من فێڵ و دووڕوویی نازانم (هەرچەندە ئەو کاریگەرییەم لەسەر تۆ هەبووە کە بیر بکەیتەوە دەستخەتی من پێشتر ڕوونتر و خوێندنەوەی چاکتربووە. ئایا ئەمە وایە؟) تا ئەو شوێنەی (ڕێنماییەکانی زیندان) ڕێگە بدات یەکڕەنگ و دڵسۆزم، ئەمەیش بۆخۆی زۆرە. جگە لەمە پەیتاپەیتا لە سەختی و توندی (ڕێنماییەکانی زیندان) کەم دەبێتەوە، بەڵام من ناتوانم لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەدا هاوڕا بم، "هاوڕایی" مەحاڵە. خەسڵەتێک لە مندا هەیە کە زۆر لە کەسوکارەکەمم جیاناکاتەوە، بەڵام خەسڵەتەکە لە مندا زۆر زیاترە. هەرچۆنێک بێت هەردووکمان شارەزایی زۆرمان لەسەر نموونەترین جوولەکەکانی خۆراوا هەیە. ئەوەی بیزانم، من لەناویاندا نموونەترین جوولەکەی خۆراوام. ئەمە بە شتێک لە زێدەڕۆییەوە، مانای وایە من تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش ئاسوودەییم پێ نەبەخشراوە. هیچ شتێک بە من نەدراوە. دەبێت خۆم هەموو شتێک بەدەست بێنم. نەک تەنیا ئێستا و ئاییندە، بەڵکو ڕابوردوویش -سەرئەنجام تەنانەت هەر شتێک کە مرۆڤ بە میراتی دەستی دەکەوێت، پێویستە من بە دەستی خۆم



Scanned with CamScanner

فەراهەمی بێنم. ڕەنگە ئەمە ناخۆشترین کار بێت. کاتێک زەوی بەرەو لای ڕاست دەسووڕێت -من بڕوام وا نییە بە لای ڕاستدا بسووڕێت- دەبێت من بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی پێشتر لەدەستم داوە بە لای چەپدا بسووڕێم. لێ ڕاستییەکە ئەوەیە کە من لە خۆمدا بە ئەندازەی گەردیلەیەکی ناچیز کە پێویست بێت بۆ ئەمە توانا لە خۆمدا بەدی ناکەم. من کە بە زەحمەت دەتوانم باری پاڵتاوە زستانییەکەم لە کۆڵ بگرم، ئیتر چۆن دەتوانم دنیا بخەمە سەر شانم؟ ئەم بێبەهرەییە لە توانادا شتێک نییە خەموخەفەتی پێ بخۆم. کام توانا بەسە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە؟ هەر هەوڵێک بۆ هەڵگرتنی ئەم بارە، تەنیا لەڕێی توانای خۆتەوە، شێتییە و ئایندەیشی هەر شێتبوونە. لەو لایەنەوە کە دەڵێیت (هاوڕا) بە، مەحاڵە. من ناتوانم ئەو ڕێگەیەی لەبەرم گرتووە بیبڕم. لە ڕاستیدا تەنانەت ناتوانم ویستی ئەوەم هەبێت کە ڕێگەکە ببڕم. من هەر ئەوەندە دەتوانم کە بێدەنگ بم. ناتوانم جگە لەمە شتێک داوا بکەم، جگە لەمەیش شتی ترم ناوێت.

کەم تا زۆر لەوە دەچێت کەسێک، هەر جارێک پێش ئەوەی بچێت بۆ گەڕان، نەک تەنیا خۆی بشوات و قژی دابهێنێت (کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڕاستی ماندووکەرە)، بەڵکو (لەو ڕووەوە کە هەموو جارێک پێویست بەم کارە ناکات) ناچارە جلەکانی خۆیشی بدروێت. پێڵاو و کڵاو و داردەست و شتی تریش بۆ خۆی دروست بکات. بێگومان ئەو دەرەقەتی هەموو ئەم کارانە بە چاکی نایەت. ڕەنگە هەموو ئەم پێویستییانە ئەوەندە بەردەوام نەبن تا بتوانێت چەند شەقامێک بڕوات، بۆ نموونە تا دەگاتە **بلواری گراین**[193] هەموو ئەو شتانە لە یەکدی جیابنەوە و ئەویش ڕووتوقووت لە ناوەڕاستی ئەو پەڕۆپیتاڵەدا وەستابێت، هەر لەو کاتەیشدا خەم و ڕاکردن بەرەو گۆڕەپانی (ئالشتاتر) دەست پێ بکات و لەوانەیە لە گەڕەکی **(ئایزن گاسە)**وە،

---

[193] شەقامێکی گشتییە لە پراگ.

دییەوە لەوانەیە ئەم ترسە تەنیا ترس نەبێت، بەڵکو هەر لە هەمان کاتدا تاسەی شتێک بێت، گەورەتر لە هەموو ئەو شتانەی هۆکاری ترسن.

'O Mne Rozbil'[١٩٤] ئەم قسەیە بە تەواوی بێمانایە. تاوانەکە تەنیا لە ئەستۆی مندایە، بۆ من زۆر کەم ڕاستیی تیایە. ئەسڵەن هەر ڕاستیی تیا نییە. ئەسڵەن هەمووی درۆیە. ئەو درۆیانەی سەرچاوەکەیان ترسە لە خۆم و لە خەڵکی تر. دەمێکە ئەم گۆزەیە پێش ئەوەی بگاتە کانی، شکاوە.[١٩٥]

وا ئێستا من زمانی خۆم دەگرم بۆ ئەوەی کەمێک لایەنی ڕاستی بگرم. درۆ ترسناکە، ئازاردانێکی ڕۆحیی بێوێنەیە. هەر لەبەر ئەوەیە تکات لێ دەکەم وازم لێ بێنە با بێدەنگ بم. بێدەنگ لە نامەکانی ئێرە و لە قسەکانی ڤیەننا.

تۆ نووسیوتە 'O Mne Rozbil'، بەڵام من دەزانم تۆ بە تەنیا خۆت ئازار دەدەیت. تۆ، وەک خۆت دەیڵێیت، تەنیا لە شەقامەکاندا ئاسوودە دەبیت. لە کاتێکدا کە من لێرە، لە ژوورێکی گەرمدا، بە پاپووچ و بیجامەوە، تا ئەوەندەی فەنەری سەعاتەکەم ڕێگەم پێ بدات (چونکە بەداخەوە دەبێت ئاگام لە کات بێت) دانیشتووم.

تا مۆڵەتی نیشتەجێبوونەکەم دەستنەکەوێت ناتوانم پێت بڵێم کەی دەکەومە ڕێ. بۆ نیشیەجێبوون مۆڵەتێکی فەرمی، سێ ڕۆژی دەوێت. لە هەفتەیەک لەمەوبەرەوە داوام کردووە.

'O Mne Rozbil' دیسان دەمەوێت بیر لەم ڕستەیە بکەمەوە، بۆ نموونە، ئەم قسەیە ئەوەندە هەڵەیە کە بیر لە پێچەوانەکەی بکەیتەوە.

---

[١٩٤] بە زمانی چیکی واتا "تۆ دژی منیت".

[١٩٥] پەندێکی ئەڵمانییە: "گۆزە ئەوەندە دەچێت بۆ سەر کانی، تا لەدواییدا بە شکاوی دەگەڕێتەوە"، ئەمە زۆر نزیکە لەو پەندە کوردییەوە کە دەڵێت: "گۆزە هەموو کاتێک بە سەلامەتی لە کانی ناگەڕێتەوە".

لەنێو ئاپوورەیەکی خەڵکدا کە سەرقاڵی ڕاوکردنی جوولەکەن، سەربێنێتە دەرێ.

**میلینا**، بە هەڵە لێم تێمەگە. من ناڵێم ئەو کەسە وێڵ و لەدەستچووە، نا، هەرگیز، بەڵام ئەگەر بچێت بۆ **گرابن**، ئەوا وێڵ بووە و بێحورمەتیی بەرانبەر بە خۆی و دنیا کردووە.

ڕۆژی دووشەممە دوا نامەتم پێ گەیشت، هەر هەمان ڕۆژ خێرا وەڵامم دایەوە. گوایە مێردەکەت وتوویەتی دەیەوێت بڕوات بۆ **پاریس**. ئایا ئەمە هەنگاوێکی تازەیە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کۆندا؟

**پراگ، نۆڤەمبەر ١٩٢٠**

ئەمڕۆ دوو نامەم پێ گەیشت. بێگومان تۆ ڕاست دەکەیت، **میلینا**، من توانای کردنەوەی وەڵامەکانی تۆم نییە، چونکە لە نامەکانی خۆم شەرمەزارم. لە ڕاستیدا نامەکانی من ڕاستییەکان دەڵێنەوە، یان هیچ نەبێت ڕێگەیەک بەرەو ڕاستی دەکەنەوە. وێنای بکە من چی دەکەم ئەگەر نامەکانی من بەرانبەر بە وەڵامەکانت درۆبوونایە! وەڵامەکەی ئاسانە، شێت دەبووم، بۆیە وتنی ڕاستی ئەوەندە شتێکی گەورە و شایستە نییە، ئاسانە، یەکجار بێبەهایشە. بەردەوام دەمەوێت هەڵگری پەیامێک بم، هەڵگرتنی مەحاڵ بێت، شتێک ڕوون بکەمەوە، ڕوونکردنەوەی مەحاڵ بێت. باسی شتێکت بۆ بکەم تا سەر ئێسک هەستی پێ دەکەم و تەنیا دەتوانم لە ئێسکەکانمدا ئەزموونی بکەم – ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەم شتانە جگە لە ترس، چی تر نەبن. ئەو ترسەی چەندین جار قسەمان لەسەر کردووە، بەڵام ترس درێژی و فراوانی بە هەموو شتێک دەبەخشێت. ترس لە گەورەترین و هەروەها ترس لە بچووکترین –ترس– ترسێک لە وتنی وشەیەک بتشڵەژێنێت. لە لایەکی



Scanned with CamScanner

ئەمە نە هەڵەی منە و نە هی کەسی تر. مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە ماڵەکەی من تەواو ئاسوودەیە، ئەمەیش لای منەوە ڕاستییەکە.
ئەم بڕگە ڕۆژنامەییەم بۆ هەڵگرتوویت. هەواڵەکە بەم جۆرەیە:
لە **میونیخ** تەقەی لێ کرا و کوژرا، وا نییە؟

## پراگ نۆڤەمبەر ١٩٢٠

ئەمڕۆ پێنجشەممەیە. من تا ڕۆژی سێشەممە بەڕاستی دەمویست بچم بۆ **گریمن شتاین**. هەرچەندە کە بیر لەوە دەکەمەوە، هەندێک جار هەست بە هەڕەشەیەک لە ناوەوەی خۆمدا دەکەم. تا ڕادەیەک دواخستنی ڕۆیشتنەکەم بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕاندەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بڕوام وا بوو ئەگەری سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەمانەدا ئاسانە. دوانیوەڕۆی سێشەممە لە یەکێکم بیست بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون پێویست ناکات لە **پراگ** چاوەڕێ بکەم، زۆر ڕێی تێدەچێت بتوانم لە **ڤیەننا** مۆڵەتەکە وەربگرم، بۆیە دۆخەکە لەبارە. پاشنیوەڕۆم بەدەم ئازاردانی خۆمەوە لەسەر قەنەفەیەک بەڕێ کرد. عەسرنامەیەکم بۆ نووسیت، بەڵام بۆم نەناردیت، هەروەها وام دەزانی دەتوانم بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بم، بەڵام تەواوی شەوەکەم بە خەوزڕاوی و ئازار و ئەشکەنجە و بە نووسینەوە بەسەربرد. دوو کەس لە ناوەوەی مندان. یەکێکیان دەیەوێت بڕوات و ئەویتر لە ڕۆیشتن دەترسێت. ئەم دوانە، کە هەردووکیان بەشێکن لە من و بەبێ دوودڵییش هەردووکیان کەڵەکبازن، لەناوەوەی مندا لە ململانێدان. بەیانی وەک خراپترین کاتەکانی ژیانم لە خەو هەستام.

---

[١٩٦] ئۆگن لڤین Eugen Levine (١٨٨٣ - ١٩١٩). مارتی ١٩١٩ "ئالای سووری میونیخ"ی دەرئەکرد. لە یەکی ژوئنی ١٩١٩دا فەرمانی مردنی بەسەردا درا، لە ٥ی ژوئندا کوژرا. لە کاتی کۆماری میونیخی ڕاوێژکاریدا نوێنەری گەل بوو.

مـن توانـای تەواوی ڕۆیشـتنی ئەوێـم نیـیە. مـن ڕووبەڕوو بەرگەی تەماشاکردنی تۆ ناگرم. توانای ئەوەم نییە فشار بخەمە سەر مێشکم. نامەکەت ئەوە دەردەخات کە تۆ بەرانبەر بە من تووشی نائومێدییەکی هێند سەخت بوویت کە توانـای بەرگەگرتنیت نییە و ئێستایش هەر وایە. نووسـیوتە هـیچ ئومێـدێکت نیـیە، بەڵام ئومێـدی ئەوەت هەیە بتوانیت بە یەکجاری دەستبەرداری من بیت.
من بۆ تۆ یان بۆ هەر کەسێکی دی توانای ڕوونکردنەوەی ئەوەم نییە کە چی لەناوەوەی مندایە. چۆن دەتوانم ئەمە بۆ کەسێکی تر ڕوون بکەمەوە، لە کاتێکدا ناتوانم تەنانەت بۆ خۆمی ڕوون بکەمەوە؟ بەڵام ئەمە شـتی سـەرەکی نیـیە. شـتی سـەرەکی ڕوون و ئاشـکرایە: لەم دۆخەی کە منی تێدام، مەحاڵە کەس بتوانێت ژیانێکی مرۆییانە بژی، تۆ ئەمە دەزانیت، بەڵام ناتەوێت بڕوا بە خۆت بکەیت.

**پراگ، نۆڤەمبەر ١٩٢٠ شەوی شەممە**

هێشـتا نـامە زەردەکەم پـێ نەگەیشـتووە، بـێ ئەوەی بـیکەمەوە، بۆت دەنێـرمەوە. مـن خـۆم تەواو بە هەڵە دەزانـم ئەگەر بیـرۆکەی کۆتاییهێنان بە نامەی نێوان من و تۆ لە ئێستادا باش نەبێت، بەڵام من هەڵە نیم **میلینا**.
من نامەوێت لەبارەی تۆوە قسـە بکەم، نەک لەبەر ئەوەی لە بیرمدا نییت، لە بیرمدایت، بەڵام نامەوێت لە بارەتەوە قسە بکەم.
بۆیە تەنیا لەبارەی خۆمەوە دەدوێم. تۆ بۆ من چییت **میلینا**، تۆ بۆ من لە دەرەوەی ئەو دنیایەیـت کە ئـێمەی تیـا دەژیـین، تـۆ لەنێـو ئەو تیکەتیکە کاغەزانەدانیت کە مـن تـا ئێسـتا بۆم دەنووسیت. لە ڕاستیدا ئەو نامـانە بەکەڵکی هیچ نـایەن، جگە لە ئـازار، کـاتێکیش کە ئازاریان نامێنێت، ئیتر ئەوە خراپتر. هیچیان پـێ ناکرێت جگە لە ڕەخساندنی



Scanned with CamScanner

ڕۆژێک لە گموند، جگە لە بەرهەمهێنانی بەدحاڵیبوون، جگە لە سووکایەتی و تا ڕادەیەک سووکایەتییەکی بەردەوامیش. من دەمەوێت تۆ بەو ڕوونییە ببینم کە یەکەمجار لە شەقامدا بینیمیت، بەڵام وردەوردە ئەم نامانە زیاد لە شەقامی **لرشن فلدر** -بەو هەموو جەنجاڵییەوە- ڕێگەمان لێ دەگرن.

لێ تەنانەت ئەمەش (کاریگەریی نامەکان لەسەر دەستلێکبەردانی من و تۆ C هۆکاری سەرەکیی ئەم بڕیارە نییە. هۆکاری سەرەکیی بێتوانایی منە کە نامەکان ئەوەندەی تر لە بێتواناییم زیاددەکەن. تا ئەو شوێنەی کە بێتواناییەکە لە سنووری نامەکانیش تێدەپەڕێت - بێتوانایی نیسبەت بە تۆ و خۆیشم- هەزار نامە لە لایەن تۆوە و هەزار ئارەزوو لە لایەن منەوە ناتوانن من ناچاری پاشگەزبوونەوە لەم هەقیقەتە بکەن. ئەو هۆکارەی لەمەیش بنەبڕترە (ڕەنگە بەرئەنجامی هەمان ئەو بێتواناییە بێت، بەڵام لێرەدا هەموو هۆکارەکان لە تاریکی و لێڵیدا شاراونەتەوە)، دەنگێکی بەهێزە کە بەرەنگاری ناکرێت -لە دەنگی تۆ دەچێت- کە داوای بێدەنگیم لێ دەکات.

هێشتا ئەوەی پەیوەندیی بە تۆوە هەبێت، نەوتراوە، هەرچەندە لە زۆربەی نامەکانتدا (ڕەنگە لە نامە زەردەکەیشتدا، لەویش باشتر لەو بروسکەیەتدا کە هەقی خۆتە و تیایدا داوات کردووە نامەکەت بۆ بنێرمەوە) باس لەوە دەکرێت، هەروەها لەو بڕگانەیشدا کە من دەترسێنن و خۆمیان لێ دووردەخەمەوە، وەک چۆن شەیتان خۆی لە شوێنی پیرۆز دووردەخاتەوە.

سەیرە، منیش دەمویست بروسکەیەکت بۆ بنێرم، ماوەیەک ئەم بیرۆکەیەم هێنا و برد. دواینیوەڕۆ لەناو جێگەدا، عەسر لە باڵکۆنەکەوە، بەڵام هیچ نەبوو جگە لە تاقە دێڕێک "داوای وەڵامێکی ڕوون و دڵنیاکەر بەو بڕگانەدا کە لە کۆتایی نامەکەدا هێڵیان بەژێردا



Scanned with CamScanner

کێشراوە"، بەڵام لەدواییدا و لە پڕێکدا گەیشتمە ئەوە کە ئەم کارە بەدگومانییەکی ناشیرین و بێبنەمای تیایە، بۆیە نەمنارد.
من ماوەیەکە بە دیار ئەم نامەیەوە دانیشتووم (تا سەعات یەک و نیوی شەو چ کارێکی ترم نەکردووە)، لێی ڕاماوم و لەویشەوە لە تۆ دەڕوانم. ئەمە خەونێکە هەندێک جار لە دنیای بێداریدا دەیبینم: قژت دەموچاوتی داپۆشیوە، من دەتوانم لایان بدەم و ڕووت دەربکەوێت، دەستم بەرەو تەوێڵ و لاجانگتدا ڕادەدەم، وا ئێستا ڕوخسارت لە نێوان هەردوو دەستمدایە.
(لە پەراوێزی لای ڕاستی نامەکەوە): ئەگەر بچم بۆ ئاسایشگە، بێگومان ئاگادارت دەکەمەوە.
ویستم ئەم نامەیە بدڕێنم، ویستم نەینێرم و وەڵامی بروسکەکەیشت نەدەمەوە. بروسکەکان لە ڕادەبەدەر لێڵوپێڵن، بەڵام وا ئێستا نامە و کارتەکەت گەیشت. ئەم کارتە، ئەم نامەیە، بەڵام **میلینا** تەنانەت ئەگەر لەبارەی ئەم دوانەوە زمان لە تاسەی قسەکردندا بسووتێت، دەبێت ئەو زمانە گازی لێ بگیرێت و پارچەپارچە بکرێت. کاتێک کە تۆ چەندین جار بەدەستی ئانقەست بووبێت، یان نا وتووتە جگە لە ئاسوودەیی پێویستت بە هیچی تر نییە، ئیتر من چۆن بتوانم بزانم تۆ پێویستت بەم نامانەیە، نامەکانیش وەک ئەنجام هیچ نین جگە لە دەرد و ئازار، بەرهەمی دەرد و ئازارن، دەردێکی بێدەرمان. ئەم نامانە تەنیا لەدایکبووی ئازارن، ئازارێکی بێهەتوان. لەم زستانەدا جگە لەمانە، چیتر؟ (تەنانەت لەمەیش خراپتر دەبێت) لێرەولەوێ و لە هەموو جێگەیەک تاقە ڕێگەی ژیان بێدەنگییە، لە خەم و خەفەتدا، باشە، جا چی ڕوو دەدات؟ خەوەکان قووڵتر و منداڵانەتر دەکات، بەڵام ئازار واتا هەوجارێک کە بە شەو و بە ڕۆژ پاڵی پێوە دەنێت - ئەمەیش تاقەتپڕوکێنە.



Scanned with CamScanner

**پراگ، ١٥ی سێپتامبەر ١٩٢٠ – چوارشەممە**

هیچ یاسایەک ناتوانێت ڕێگەی ئەوەم لێ بگرێت کە من دووبارە نامەت بۆ بنووسم، سوپاسی ئەوەیشت بکەم کە ئەم نامەیەت بۆ ناردووم، چونکە ڕستەیەکی تیایە لەوانەیە جوانترین ڕستە بێت کە تۆ تا ئێستا نووسیوتە: "من دەزانم کە تۆ..."

لە لایەکی ترەوە تۆیش ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ مندا هاوڕایت کە ئیتر نابێت نامە بۆ یەکتر بنووسین. تەنیا ڕێکەوتە کە پشکی ئەو بیرۆکەیە بەر من کەوتووە. ئەگینا تۆیش ئەو ڕایەت دەربڕیوە. لەبەر ئەوەی کە ئێمە هاوڕاین لە سەری، ئیتر پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات کە بۆچی کۆتاییهێنان بەم نامانە کارێکی باشە.

ئەوەی خراپە ئەوەیە (لەمەودوا تۆ ئیدی ناچار نییت بچیتە پۆستەخانە و پیایدا بگەڕێیت)، کە من تا ڕادەیەکی زۆر یان ناتوانم نامە بۆ تۆ بنووسم، یان ڕەنگە کارتت بۆ بنێرم بێ ئەوەی هیچی تیا نووسرابێت، کە ئەمە مانای وایە نامەیەکی من لە پۆستەخانە چاوەڕێتە. تۆ لە کاتی هەرە پێویستدا دەبێت نامەم بۆ نووسیت، ئیتر ئەمە زۆر ڕوونە و پێویست بە وتن ناکات.

لەگەڵ ڤلاستادا مامەڵەیەکی باشم نەکرد، گومان لەمەدا نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئەو ڕادەیە خراپ نەبوو کە لە بەرابیدا تۆ وات دەبینی. پێش هەر شتێک با ئەوە بڵێم کە من بۆ پاڕانەوە نەچوومەتە لای ئەو ج جای ئەوەی بە ناوی تۆوە چوو بم. من وەک غەوارەیەک چوومەتە لای کە تۆ باش دەناسێت و هەندێک ئاگاداری دۆخی ڤیەننایە، . ئێستایش دوو نامەی خەمگینی لە تۆوە پێ گەیشتووە.

من ماڵئاواییت لێ ناکەم، ماڵئاوایکردن تەنیا لەو کاتەدایە کە ئەو گۆڕەی سەنگەری لێ گرتووم، رامبکێشێتە ناو خۆیەوە. بەڵام تا تۆ لە ژیاندا ماویت، چۆن دەتوانێت ئەوە بکات؟



Scanned with CamScanner

میلینا خانمی ئازیز، من وا دەزانم لەبارەی پاڵپشتیی خۆتەوە و هەرچییەک کە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، زۆری لەسەر نەڕۆین چاکترە، لەم بارەیەوە وا باشترە کەم قسە بکرێت، هەر بە ئەندازەی قسەکردن دەربارەی ناپاکیکردن لەگەڵ نیشتمان لە کاتی جەنگدا. ئاخر ئەمانە شتگەلێکن ناتوانیت بە تەواوی لێیان تێبگەیت. ئەوپەڕی هەر دەتوانرێت شتگەلێک تەخمین بکرێت کە تەنیا پەیوەندیی بە (نەتەوە)وە هەیە. مرۆ کاریگەریی لەسەر ڕووداو هەیە، چونکە بێ بوونی نەتەوە، هیچ جەنگێک ناتوانێت بێ ڕابەر و سەرکردە بێت. لێرەوەیە کە مرۆ بە مافی خۆی دەزانێت بڕواتە ناو گفتوگۆوە، بەڵام لە پراکتیزەکردندا، ئەوە پلەوپایەدارە لەژمارەنەهاتووەکان و دەسەڵاتدارەکانن واقیعەکە هەڵدەسەنگێنن و بڕیاری لەسەر دەدەن. خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت کەسێک بەراستی و هەر بە قسە کاریگەری لەسەر واقیعەکە دابنێت، لەو حاڵەتەدا بەرئەنجامەکەی جگە لە زیان هیچی تر نابێت، چونکە قسەکان هەرچییەک بن لە ئەزموون کردن و پسپۆڕییەوە نەهاتوون، وەک لە خەودا وترابن وایە، دنیایش پڕە لەو سیخوڕانەی گوێیان تەکاندووە. لەم ڕوانگەیەوە چاکترین ڕەوش ئەوەیە ویقار و خۆڕاگرییەکی هێورمان هەبێت کە شپرزەیی و دنەدان کاریان تێنەکردبێت. لە ڕاستیدا، لێرە هەموو شتێک دنەدان و شپرزەییە، تەنانەت ئەو چیمەنەی تۆ لەسەری دانیشتوویت و لەپاڵ ئاوڕێژگەکەدایە (لە کاتێکدا من بە تەواوی دوور لە بەرپرسیاریەتی لەپاڵ زۆپا و لەژێر بەتانیی گەرم و لەسەر دۆشەکی پەڕی قوو، دەترسم سەرمام نەبێت) لەدواییشدا مرۆ دەتوانێت لەوە بگات کە دیمەنی دەرەوە چەند کاریگەریی بەسەر جیهانەوە هەیە. لەم دیدگایەوە من بە نەخۆشییەکەمەوە بەرانبەر ڕێپێوانە ترسناکەکانی تۆ دۆخێکی چاکترم هەیە. لەبەر ئەوەی ئەگەر بەم مانایە قسە لەسەر



Scanned with CamScanner

نەخۆشییەکەم بکەم، بەڕاستی هیچ کەس بڕوا بە قسەکانم ناکات. لە ڕاستییشدا قسەکانم هەر بۆ گاڵتەن.

ئەگەرچی دەبوو تا ئێستا (**دنادیو**)م بۆ بناردیتایە، بەڵام زۆر زوو دەست بە خوێندنەوەی دەکەم. دەزانم ئەو ئارەزووە زۆرە بۆ خوێندنەوەی چ مانایەکی هەیە و ڕقهەستانیش بەرانبەر بە کەسێک کە دەستی بەسەر کتێبەکەدا گرتبێت چ مانایەکی هەیە، بۆ نموونە من لە دژی چەند کەسێک تووشی پێشینە بڕیار بووبووم، چونکە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکم بەدەستەوە بێت، گومانم لە هەموویان دەکرد کە یەکی دانەیەک لە "**هاوینی هیند**"[197] یان هەبێت. کوڕی ئۆسکار باوم[198] بە پەلە لە قوتابخانەکەیەوە کە نزیک بە **فرانکفۆرتە** گەڕابووەوە بۆ ماڵەوە، چونکە کتێبەکانی لەگەڵ خۆیدا نەبردبوو، بەتایبەتی کتێبی (**ستووکلی و هاوبەشەکانی**)ی کیپلینگی لە بیر چووبوو کە وا بزانم ٧٥ جار ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە، بۆیە ئەگەر مەسەلەکەی (**دنادیو**)یش وا بکەوێتەوە، ئەوا بۆت دەنێرم، بەڵام حەز دەکەم بیخوێنمەوە.

ئەگەر لاپەڕەکانی خەڵکپەسەندی[199] گۆڤارەکەم هەبوایە، لەوانەبوو وتارەکانی (**مۆدە**)م نەخوێندایەتەوە. (بۆ یەکشەممەی ڕابوردوو ئەو وتارانەی تیا نەبوو؟) گەلێکم پێ خۆشە ئەگەر هەمیشە مێژووەکەیان لەسەر بنووسیت. هەر کاتێک توانیم بڕۆمە دەرەوە، بەدوای "**شەیتان**"[200]دا دەگەڕێم. لە ئێستادا هەندێک ئازارم هەیە.

---

[197] ڕۆمانێکی ئادالبرت ستیفتەرە.

[198] نووسەر و شاعیری نابینای پراگ، یەکێکە لە هاوڕێ کۆنەکانی کافکا.

[199] ئەو لاپەڕانەی لای هەموان پەسەندە و دەخوێندرێتەوە، بۆ کاتبەسەربردنیش دەشێت.

[200] پێدەچێت ئاماژە بێت بە چیرۆکێکی خەڵکپەسەندەوە بە ناوی "شەیتان" کە میلینا لە ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٢٣دا پەخشنامەی (ناروەدنی لیستی) وەریگێڕاوە.



Scanned with CamScanner

بەڵام لەبـــارەی **جـــۆرج کایســـــیرەوە**[۲۰۱] شـــتێکی وا لەبـــارەی بەرهەمەکانییەوە نازانم. هەرچەند تا ئێستا کارێکی ئەوم لەسەر شانۆ نەدیوە، بەڵام هەستیش ناکەم حەز بکەم لەوە زیاتر بزانم. دوو ساڵ لەمەوبەر بەرگرییەکـانی دادگـای زۆرزۆر کاریـان تێکـردم (چەنـد گوزارشتێکم لە ڕۆژنامەی **(تاتزا)**دا لەو بارەیەوە خوێندەوە، بەتایبەتی ئەو بەرگــرییە نــاوازەیەی کە تیایــدا ڕایگەیانــدبوو کە وەرگرتنــی سەرپەرشــتکردنی مۆڵکـــایەتیی بێگــانە مــافی خــۆیەتی و قــابیلی ڕەخنەلێگرتن نییە. ئەم حاڵەتەی خۆی لە مێژووی **ئەڵمانیادا** بەراورد کـرد بە حـاڵەتەکەی **لـۆتەر**. داوایشــی کـرد ئەگەر بڕیـار لەسـەر تاوانبارکردنی بدرێت، دەبێت ئاڵای **ئەڵمانیا** تا نیوە بهێنرێتە خوارەوە. ئەو لەپاڵ تەختەخەوەکەمدا قسەی لەسەر کوڕە گەورەکەی کرد (سێ کوڕی هەیە) تەمەنی دە ساڵ دەبێت، تا ئێستا نە وانەیەکی پێ وتووە، نە ناردوویەتییە قوتابخانە، وەک ئەنجامیش، نە دەتوانێت بنووسێت و نە بخـــــوێنێتەوە، بەڵام وێنەکێشـــــێکی زۆر چـــــاکە، ڕۆژانە بە گەشتوگوزاری ناو دارستان و کەناری دەریاچە بەسەردەبات (ئەوان لە ماڵێکی تەریکی گونددا لە **گرونهایدی** نزیک بە **بەرلین** دەژین). لە کـــاتی ماڵئاواییکردنـــــدا کە بە **کایســــــە**رم وت (بەهەرحـــاڵ ئەمە هەڵوێستێکی گەورەیە) وتی (لەڕاستیدا تاقە کارێکی گرنگە، شتەکانی دی تـــا ڕادەیەک شـــتێکی بێبـــایەخن. بینینـــی ئەو لەو بـــارودۆخەدا سـەیرەدا و بەگشتی خۆش نییە. بازرگـانێکی نیوەبەرلینی، دڵخۆشـی بێخەم، نیوەشێت، لەگەڵ ئەو بەردەڵ بەردەی بەسەری هاتووە، کەچی هیچـی پێـوە دیـار نییە. دەڵـێن تەنیـا ئـاووهەوای ئێسـتوایی وای لـێ کردووە، نەک شتی تر (لە تەمەنی لاویدا لە **ئەمریکای باشوور** کاری

[۲۰۱] George Kaiser (۱۸۷۸ - ۱۹٤٥) درامانووسێکە، میلینا لە پەخشـنامەی **تریبونا** لەبارەی ئەو حوکمەی بەسەریدا دراوە، وتارێکی بە نـاوی (کەوتنـی قەیسـەر)ەوە نووسـیوە. هـاوڕێی **کافکا** بووە و لە کاتی نەخۆشییەکەیدا لە ماڵەوە سەری لێ داوە.



Scanned with CamScanner

کردووە، کە گەڕاوەتەوە نەخۆشکەوتووە، ٨ ساڵ بە لەشبەباری لەناو جێگەدا کەوتووە. ئێستایش لە ئاسایشگەدا ژیان بەسەردەبات) ئەم حاڵەتە وەک بانێک و دوو هەوا بە دەموچاوییەوە دیارە. ڕوویەکی پان، چاوی خاڵی و نائاسایی و شین کە لە هەمان کاتدا وەک چەند ئەندامێکی تری دەموچاوی، لە کاتێکدا هەموو بەشەکانی تری بێجووڵەن و وەک ئیفلیج بن، وان، خێراخێرا دادەخرێن و دەکرێنەوە. لە ڕاستیدا **کایسەر** کاریگەرییەکی تەواو جیاواز لەمەی لەسەر **ماکس** داناوە. ئەو **کایسەر** بە کەسێکی ڕەق و حەساس دەزانێت، ڕەنگە ئەمە هۆکار بێت کە **ماکس** لەڕێی سۆز و میهرەبانیی خۆیەوە هانی دابێت بێت بۆ لام و بمبینێت. وا ئێستایش **کایسەر** زۆربەی ئەم نامەیەی بۆ خۆی داگیر کرد. مەبەستم ئەوەیە چەند شتێکی تر هەبوو دەمویست بۆت بنووسم، با بمێنێت بۆ دوایی.

**پراگ، سێپتامبەر ١٩٢٢**

**میلینا** خانمی ئازیز، دەبێت دداں بەوەدا بنێم کە من جارێکیان ئیرەییەکی زۆرزۆرم بە کەسێک برد، چونکە خۆشەویست بوو، بە چاکی چارەسەر دەکرا و ئاوەز و توانا پارێزگارییان لێ دەکرد. ئەو لەناو گوڵەکاندا بە ئاسوودەیی ئارامی گرتبوو. من هەمیشە زۆر خێرا تووشی ئیرەیی دێم.
ئەنجامگیریی من لە گۆڤاری "**تریبونا**"وە ئەوەیە کە وا دەزانم هاوینێکی خۆشت بەسەربردبێت (دیارە من بەردەوام **تریبونا** ناخوێنمەوە، بەڵکو جارناجارێک) جارێکیان لە وێستگەی **پلانا** ژمارەیەکی **تریبونام** دەستکەوت. خانمێک کە لە سەفەرکەری هاوینە دەچوو، لەگەڵ خانمێکی تردا قسەیان دەکرد، گۆڤارەکەی لەپشت سەریەوە بەرانبەرم ڕاگرتبوو، پاشان خوشکم گۆڤارەکەی لێ

خواست. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لەو ژمارەیەدا تۆ وتارێکی زۆر دڵخۆشکەرت لەبارەی ئاوە کانزاییەکانی **ئەڵمانیا**وە نووسیبوو. جارێکی تریش لەبارەی خۆشیی ژیانی هاوینە لەو ناوچە دوورانەدا کە بە شەمەندەفەر بۆی دەچیت، نووسیبوو. ئەو وتارەیش جوان بوو. ئایا هەر هەمان وتار بوو؟ وا نازانم. ئاساییە کە لە پەخشنامەی "Narodiilisty" شتێک بڵاو دەکەیتەوە و پشت لە ئایین و دابونەریتی جوولەکە دەکەیت. وتارەکەت دەربارەی جامی پێشەوەی پێشانگەکان زۆر سەرکەوتوو بوو. دوای ئەوە، تۆ وتارێکت لەبارەی چێشتلێنانەوە وەرگێڕا، بۆ؟ "**میمکە**"[202] مرۆڤێکی سەیرە، جارێک دەنووسێت دەبێت وردەکاری بکرێت لە پێدانیی خەرجیی پۆستکردنی نامەدا. پاشان دەڵێت نابێت کەس لە پەنجەرەوە شت فڕێبداتە دەرەوە. ئەمانە ڕاستییەکی نکوولێلێنەکراون و لە هەمان کاتدا هەوڵێکی نائومێدانەیشن. بەڵام جارجارەیش ئەگەر شایستانە لە بابەتەکانی بڕوانیت، شتێکی چاک، شیرین، کاریگەر و ناسکیان تیا هەست پێ دەکەیت، بەڵام نابێت ئەو تا ئەو ڕادەیە لە **ئەڵمانی**یەکان بێزار بێت، **ئەڵمانی**یەکان سەرسامکەرن و هەر وایش دەمێننەوە. ئایا شیعرەکەی (**ئایفن دۆرف**)ت خوێندووەتەوە؟ "ئەی دەربەندە بەرفراوانەکان، ئەی بەرزاییەکان!" یان شیعری (**بوستینوس کیرنەر**) دەربارەی "شاری **داربڕین**". ئەگەر نەتخوێندووەتەوە ڕۆژێک بۆت دەنێرم.

چەند شتێکی ترم لەبارەی **پلانا**وە هەیە، بەڵام با بمێنێت بۆ دوایی. **ئەتیلا** زۆر دلۆڤان بوو لەگەڵمدا. هەرچەندە جگە لە من، کوڕێکی تری بووە. لانی کەم سییەکانم لەوێ چاکترە. لێرەیش دوو هەفتەیە سەرم

---

[202] مەبەست Rozena Jesenka میمکی میلینایە کە دژی ئەڵمانییەکان زۆر شتی نووسیوە، لەوانە لە گۆڤارێکی ساڵی ١٩٢١دا لیستێک وتاری لەسەر ڕق و کینەی ئەڵمانەکان دژی فەڕەنسی و سلاڤییەکان نووسیوە، ئەو وای دادەنێت کە ئەمە ئیرەییپێبردن و تەماعی ئەڵمانییەکانە بۆ سەروەری و خۆبەگەورەزانی. ڕەخنە لەوە دەگرێت کە ئەڵمانییەکان شەڕەنگێزن و منداڵەکانیان بە گیانی خوێنڕشتن بە ناوی نیشتمانەوە پەروەردە دەکەن.



Scanned with CamScanner

له پزیشک نەداوە، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە بۆ نموونە، بۆ ماوەی سەعاتێک و تۆ بڵێ زیاتریش، بەبێ هەستکردن بە ماندووبوون (لە شتە سەیرەکانی ڕۆژگار!) توانیم دار ورد بکەم و تەنانەت بۆ چەند چرکەساتێک هەستم بە خۆشی کرد، دەبێت حاڵم خراپ نەبێت. شتی تری لە بابەت خەو و بێداری لەگەڵیدا هەندێک جار حاڵیان خراپ دەکردم، بەڵام ئەی سییەکانی تۆ لە چیدان؟ ئەو بوونەوەرە مەغروور و بەهێزە، ئازارچێژ و لەسەرخۆیە؟

**پراگ، کۆتایی مارسی ١٩٢٢**

**میلینا** خانم، ماوەیەکی زۆر بەسەر دوا نامەمدا تێدەپەڕێت کە بۆم نووسیبوویت. تەنانەت ئەمڕۆیش تەنیا لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە نامە دەنووسم. لە ڕاستیدا، من ناچار نیم پۆزش بۆ نامەنووسینی خۆم بهێنمەوە. هەرچۆنێک بێت تۆ خۆت دەیزانیت من چەند لە نامە بێزارم، نامەوێت بلاڵێمەوە، بەڵام وەک بنەمای فێرکردنێکی گشتی دەتوانیت بڵێیت کە تەواوی بەدبەختییەکانی ژیانی من یان لە نامە یان لە ئەگەری نامەنووسینەوە سەرچاوەی گرتووە. خەڵکی مەگەر بەدەگمەن، ئەگینا فێڵیان لێ نەکردووم، بەڵام نامەکان هەمیشە کردوویانە -لە ڕاستیدا نەک تەنیا نامەی خەڵکی تر، بەڵکو نامەکانی خۆیشم ئەوەیان لەگەڵدا کردووم- لەبارەی شەخسی خۆمەوە بەرئەنجامی نامەنووسین بەدبەختییەکی تایبەتیی بۆ دروست کردووم، بەڵام لە هەمان کاتدا بەدبەختییەکی گشتییشە. ئەگەر تەنیا لە دیدێکی تیۆرییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەگەری ئاسانیی نامەنووسین لە هەموو دنیادا لەیەکترترازان و جیاوازییەکی ترسناکی لە گیانی مرۆڤەکاندا دروست کردووە. لە ڕاستیدا نامەگۆڕینەوە قسەکردنە لەگەڵ تارماییدا. نەک تەنیا لەگەڵ ئەو تارماییەدا کە نامەکەی



Scanned with CamScanner

وەرگرتووە، بەڵکو لەگەڵ تارماییەکدا کە نووسەر لەپشت دێڕ و وشەکانەوە بۆ خۆی دروستی کردووە. لەوەیش زیاتر لەو زنجیرە نامانەوە کە بەردەوام بەدوای یەکدا دێن، پاڵپشتی یەکتر دەکەن و وەک شایەتێک یەکدی بۆ شایەتیدان بانگ دەکەن. ئاخر چ جۆرە کەسێک بڕوا بەوە دەکات کە مرۆڤەکان دەتوانن بەهۆی نامەوە پەیوەندی و دۆستایەتی پەیدا بکەن! دەتوانیت بیر لەو کەسە بکەیتەوە کە دوورە و ئەو کەسەیش کە نزیکە بەدەست بیگریت. جگە لەمە هەرچییەک هەیە لە سەرووی توانای مرۆڤەوەیە، بەڵام نامەنووسین واتا خۆڕووتکردنەوە لە بەردەم تارماییدا، ئەمەیش ئەو شتەیە کە تارمایی تامەزرۆیەتی و چاوەڕێی دەکات. ماچە نووسراوەکان بە ئامانجەکانیان ناگەن، چونکە لە ڕێگەدا تارماییەکان دەیانخۆنەوە. زۆربوونی لەژمارەنەهاتووی تارمایی بەرئەنجامی ئەم خۆراکەیە. مرۆڤایەتی هەست بەم مانایە دەکات و لەگەڵیدا بەشەڕدێت. ڕێگەی ئاسن، ماشین و فڕۆکەی داهێناوە بۆ ئەوەی چەند بکرێت ئەم میکرۆبە خەیاڵکردە لەناو مرۆڤەکاندا نەهێڵێت و نەتەوەیەکی سروشتی -واتا گیانە هاوڕازەکان- بەدی بهێنێت. لێ ئیدی درەنگە و هیچی لێ سەوز نابێت. ئاشکرایە کە ئەم هەموو کەرەسانە لە کاتی تێکشکاندا داهێنراون. دۆخی بەربەرەکانیکەرەکە تا ڕادەیەک ئارامتر و بەتواناترە. مرۆڤایەتی، تەلگوراف، تەلەفۆن و ڕادیوگرافی دوای خزمەتگوزارییەکانی پۆست داهێنا. تارمایی لەبرسانا نامرن، بەڵام ئێمە لەژێر خاکدا دەنێژرێین.

سەرسامم کە بۆ تا ئێستا لەم بارەیەوە شتێکت نەنووسیوە. نەک لەبەر ئەوەی بەو درکاندنە شتێک بەدەستبێنێت، یان لە شتێک دووربکەویتەوە، چونکە باوی ئەو سەردەمە نەماوە، بەڵکو هەر هیچ نەبێت بۆ تارماییەکانی دەربخەیت کە دەستیانت خوێندووەتەوە.

تەنیا بە ڕێکەوت و لە بارێکی نائاساییدا دەتوانرێت دەستیان بخوێنرێتەوە، چونکە ئەوان زۆر کات ڕێگە بە نامە دەدەن بێ هیچ

دەستکارییەک و وەک دەستی هاوڕێیەک، سووک و میهرەبان بەدەستی یەکێک بگات، ڕەنگە ئەم نامەیەیش هەر وا بکەوێتەوە. ڕەنگە ئەم حاڵەتەیش لە هەمووی مەترسیدارتر بێت. لەسەر مرۆڤ پێویستە خۆی لەمانە زیاتر دوورەپەرێز بگرێت، بەڵام ئەگەر فیلێکی تیابێت ئەوسا دەبێتە فیلێکی تەواو عەیار.

لە ڕاستیدا ئەمرۆ ڕێکەوتێکی لەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوە کە من نامە بۆ تۆ بنووسم. ئەمرۆ لە دۆستێکەوە[٢٠٣] نامەم پێ گەیشت کە تۆیش دەیناسیت. ماوەیەکی زۆر بوو نامەمان بۆ یەکتر نەنووسیبوو، کە بێگومان ئاقڵانەترین کارە. لەدوای ئەوەوە کە پێشتر وتبوومان دەبێت ئەوەیش بڵێین کە نامە هۆکارێکی گەورەی دژەخەوە. کە دەگەنە دەستمان تووشی چ بارێکی سەیر دێین! وشک، خاڵی، وروووژێنەر لەو چرکەساتە شادیەی کە ئازارێکی زۆری بەدواوەیە، لە کاتی خوێندنەوەیاندا خۆمان لە بیر دەکەین. ئەو تۆزە خەوەی بۆمان ڕەخساوە لە چاومان دەپەڕێت، لە پەنجەرە کراوەکەوە بۆ دوور دەفڕێت و تا ماوەیەکی زۆر ناگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیشە کە ئێمە نامە بۆ یەکتری نانووسین، بەڵام من زۆر جار بیر لەو دۆستە دەکەمەوە، ئەگەرچی ڕەوتەنییش بێت. هەموو بیرکردنەوەکانی من رووکەش و ڕەوتەنین، بەڵام دوێنێشەو زۆرم بیر لێ کردەوە. چەند سەعاتێک بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە. لەناو جێگەدا، چەند سەعاتێکی شەوم (کە بە هۆی دوژمنکاری و ناتەباییانەوە بۆ من زۆر بەنرخن) بەوە بەسەربرد کە چەند ڕاستییەک هەیە -لەو چرکەساتەدا بۆ من لە گرنگترین ڕاستییەکانی دنیا بوون- لە نامەیەکی خەیاڵیدا، بە هەمان ئەو وشانەوە کە هەمیشە دەیانڵێم، دیسانەوە بۆی دووبارە بکەمەوە. کەچی بۆ بەیانی نامەیەکم لە دەستی ئەو دۆستەوە پێ گەیشت بەم مانایە کە ئەو ماوەی مانگێکە -یان چاکتری بڵێم لە مانگێک

[٢٠٣] مەبەستی کافکا لەو دۆستە خودی میلینایە.

لەمەوبەرەوە- هەستی وا بووە کە دەبێت بێت و بمبینێت. زۆر پێم سەیربوو کە ئەمە لەگەڵ ئەزموونەکەی مندا وەک یەک کەوتنەوە.
ئەم نامەیە دنەی دام نامەیەک بنووسم، هەنووکە کە دەستم پێ کردبوو، چۆن دەمتوانی نامە بۆ تۆیش نەنووسم، **میلینا** خانم، بۆ تۆیەک کە ڕەنگە نامەنووسین بۆ ئەوم لە نامەنووسین بۆ هەر کەسێکی تر پێ خۆشتر بێت (هەڵبەتە تا ئەو شوێنەی کە یەکێک چێژ لە نامەنووسین دەکات، دەبێت ئەمە تەنیا بەو تارماییانە بوترێت کە چاوچنۆکانە دەوری مێزەکەیان داوم).
دەمێکە لە بڵاوکراوەکاندا نووسینی تۆم نەدیوە. جگە لە وتارەکانی مۆدە، کە لەم دوایەیدا خوێندمنەوە، ناوەرۆکەکان و ڕوونکردنەوە وردەکان، بەتایبەتی لە دوا وتارتدا لەبارەی بەهارەوە، بە لامەوە شاد و ئارامبەخش بوو، تا ئەو کاتە سێ هەفتە بوو **تریبونام** نەخوێندبووەوە (بەڵام هەوڵ ئەدەم داوای بکەم) من لە **ئەسپیندل موهلە** بووم. پاشان نامەکەت گەیشت، ئەم ڕۆژانە بارودۆخی من بۆ نووسین سەیرە: تۆ دەبێت لەبارەی منەوە بەئارام بیت (جا کەی بەئارام نەبوویت؟) سالانێکە هیچم بۆ کەس نەنووسیوە. من لەم ڕووەوە وەک یەکێکی مردوو، هیچ جۆرە ئارەزوویەکم بۆ بینینی کەس نەبووە. وەک بڵێی نە لەم دنیایەدا بم و نە لە دنیایەکی تردا. وەک ئەوەی هەرچییەک لەم سالانەدا کردوومە، تەنیا لەسەر داواکردنێکی ناچاری کردبێتمن. لەڕاستییشدا من چاوەڕێی دەنگێکم کە بانگم بکات، تا لەدواییدا نەخۆشی لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە بانگی کردم و منیش بە هەڵەداوان چووم بۆ لای و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خۆم بەدەستییەوە دا، بەڵام ئەو ژوورە تاریکە و ناتوانیت بە تەواوی لێی دڵنیابیت کە ئایا نەخۆشێکی تێدایە یان نا؟.
هەرچۆنێک بێت، بیرکردنەوە و نووسین بۆ من تا هات دژوارتر بوو. هەندێک جار لەکاتی نووسیندا تەنیا دەستێکی خاڵی بوو کە بەسەر کاغەزدا هاتوچۆی دەکرد و ئێستایش هەر وایە. لەبارەی

بیرکـــردنەوەوە مـــن هەر باســـی نـــاکەم (چـــۆنیەتیی نووســـینی بروسکەئاسـای تۆ زۆر جـار منی سەرسـام کـردووە. چەنـد وشـە و ڕستە کەڵەکە دەبن بۆ ئەوەی بروسکەکە دروست بێت). بە هەرحاڵ دەبێت تۆ ئارامت هەبێت. ئەم خونچەیە وردەوردە دەپشکوێت، تەنیا وەک خـونچەیەک، چـونکە بۆیە پێـی دەوترێـت خـونچە، لەبەر ئەوەی بەسەر خۆیدا داخراوە.

دەستم کردووە بە خوێندنەوەی "دنادیو"، بەڵام تا ئێستا بەشێکی زۆر کەمیم خوێندووەتەوە. ناتوانم بە تەواوی بچمە ناویەوە، تەنانەت ئەو بەشـە کەمەیش کە خوێنـدوومەتەوە، وەک پێویـست نەیجووڵانـدووم. دەستخۆشـــییان لە ســـادەییەکەی[٢٠٤] کـــردووە، بەڵام ســـادەیی تایبەتمەندییەکی ئەڵمانیا و ڕووسیایە. کەسایەتیی باپیرە خۆشەویستە، بەڵام ئەوەندە بەهێز نییە کاتێک خوێنەر بیەوێت بەسەریدا تێپەڕێت، ئەو نەهێڵێت و بیگرێت. چاکترین بەشـی کە تـا ئێسـتا خوێنـدبێتمەوە کەسـایەتیی فرانە. ئەو لە کەسـایەتیی فیلیپ چـاکتر دێتە بەرچـاو کە ڕەنگدانەوەیەکی لاوازی فلوبیرە. بۆ نموونە ئەو شادییە کتوپڕەی لە گۆشەیەکی شەقامدا (ڕەنگە بە ڕێکەوت ئەو پەرەگرافەت بێتەوە یـاد) وەرگێـــڕانەکە لە دوو دەســـت دەچێـــت، لەوەدەکـــات دوو کەس وەریانگێڕابێـت. یەکێکیـان وەرگێڕێکـی زۆر بـاش و ئەویتریـان تـا ڕادەیەک نازانیـت چـی دەڵێـت. هەنـدێک جـار وەرگێڕانـی یەکەم دەخـوێنیتەوە، پاشـان دیسـانەوە تووشـی وەرگێڕانی دووەم دەبیتەوە (وەرگێڕانێکی تـازەی ڤۆلڤا هەیە بەم زوانە بڵاودەبێتەوە) بە هەرحـاڵ زۆر چێژ لە خوێندنەوەی دەبەم. هەرچەندە من خوێنەرێکی سستم لێ دەرچووە، بەڵام تاڕادەیەک خوێنەرێکی باشم. شتێک کە لەم ڕۆمـانەدا بێزارم دەکـات ئەو شـلەژانەیە کە بەرانـبەر کچۆلەکـان تووشـم دێت. شـلەژانەکەم تـا ڕادەیەکە بـڕوا نـاکەم کچۆلەکـان لە داهێنـانی

---

[٢٠٤] مەبەست چارلس لویس فیلیپی نووسەری دنادیوە.

نووسەرەکە بن، چونکە باوەڕ ناکەم نووسەر بتوانێت لێیان نزیک بێتەوە. دەڵێی نووسەرەکە بووکەڵەیەکی دروست کردووە و ناوی دنادیوی لێ ناوە. مەبەستی لەم ناونانە هیچ نییە جگە لەوەی خوێنەر سەرنجی بۆ ئەوە نەچێت کە ئەمە دنادیوی ڕاستەقینەیە و ئەم لەو جیاوازە و لە شوێنێکی ترە. لە ڕاستیدا لای منەوە وا دەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای ئەو ڕۆژە خۆشانەی کچێنییەوە، لەگەڵ هەموو ئەو سۆز و جوانییەیدا، نەخشەیەکی وشک و دیاریکراو گەڵاڵە کراوە.
وەک بڵێی ئەوەی لێرەدا باسی کردووە دەشێت بەڕاستی پێشتر ڕووی نەدابێت، بەڵکو شتێکە تەنیا لەدواییدا نەخشەی بۆ کراوە و داهێنراوە. بۆ ئەوەی وەک پێشبینییەک کە دەبێت لەگەڵ ڕێسای مۆسیقادا ڕێک بکەوێت، لەگەڵ واقیعدا بگونجێت. زۆر ڕۆمانیش هەن کە تا کۆتایی هەمان هەستت لا دروست دەکەن.
ئاگاداری ڕۆمانی **"لە شەقامی گەورەدا"** نیم. **چیخۆف**م زۆر خۆش دەوێت، هەندێک جار خۆشەویستییەکەم تا سنووری شێتبوونە. **ویل ڤون** لە موهلە ناناسم و هەروەهایش **(ستیڤونن)**[٢٠٥] تەنیا ئەوە دەزانم کە لە نووسەرە خۆشەویستەکانتە.
**(فرانتس)**[٢٠٦]ت بۆ دەنێرم. لێ دڵنیام جگە لە هەندێک بەشی کەم و کۆتاییەکەی، بەدڵت نابێت. دەتوانم بەپێی بۆچوونی خۆم ئەم مەسەلەیە وا لێک بدەمەوە. نووسەرە زیندووەکان لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا پەیوەندییەکی زیندوویان هەیە. ئەوان بە بوون و ئامادەگیی خۆیان شەڕ بۆ سوود یان لە دژی بەرهەمەکانیان دەکەن. ژیانی ئازاد و ڕاستەقینەی بەرهەم لەدوای مەرگی نووسەرەوە دەست پێ دەکات، یان باشتری بڵێم ماوەیەک لەدوای مەرگی

---

٢٠٥ Will Von der Muhle ڕۆمانی **لویس ستیڤنن** (١٨٥٠- ١٨٩٤) وتارنووس و شاعیر و ڕۆماننووسی ئیسکۆتلەندی.

٢٠٦ Frantzi ڕۆمانێکی ماکس برۆدە.

نووسـەرەوە، چـونکە ئەم مـرۆ پڕ لە خۆشەویسـتی و تاسـانە، دوای مەرگی خۆیشـیان، بـۆ مـاوەیەک شـەڕی بەرگری لە بەرهەمەکانیـان دەکەن، بەڵام دوای ئەوە، بەرهەمەکە بە تەنیـا دەمێنێـتەوە و تەنیـا دەتوانێت پشت بە لێدانی دڵی خۆی ببەستێت، بۆیە هەروەک نمـوونە (میربیـر) کە بـۆ هەریەکێک لە ئۆپێراکانی خـۆی میراتگرێکی یاسـایی دەستنیشـان کـرد، کە ڕەنـگە بە ئەنـدازەی متمـانەی خـۆی داینـابن، دەشێت بۆ بەردەوامبوونی لێدانی دڵی، لەدوای مردنی خۆی کارێکی تەواو ئاقڵانەی کردبێت. دەتوانین لەم بارەیەوە قسـەی زیـاتر بکەین - هەرچەنـدە قسـەکان ئەوەنـدەیش گرنـگ نـین - ئەگەر ئەمە بەسـەر ڕۆمـانی (فـرانتس) پراکتیـزە بکەیـن، ئەوە دەگەیەنێـت کە ڕۆمـانی نووسـەری زینـدوو، لە ڕاسـتیدا ژوورێکی خەوتنە دەکەوێتە کۆتـایی ئاپارتمـانەکەی نووسـەرەوە، بـۆ ئەوە دروسـتکراوە، ئەگەر نووسـەر شایانی ماچ بێت، دەستی مـاچ بکەن و ئەگەر وایش نەبوو، ترسناکە. ئەگەر مـن بڵـێم ڕۆمـانەکەم پـێ خـۆش بـوو، یـان ئەگەر تـۆ پێچەوانەکەیت وت (کە ڕەنگە نەیڵێیت) ناکرێت ئەمە بە داوەریکردن دابنرێت لەسەر ڕۆمانەکە.

ئەمرۆ بەشێکی زیاترم لە (دنادیو) خوێندەوە، بەڵام ناتوانم بەردەوام بـم. نایشـتوانم ئەمرۆ لەبـارەیەوە چ ڕوونکـردنەوەیەک بدەم، چـونکە خوشـکم لە ژووری چێشـتخانەکەی دراوسـێی منـدایە و لەگەڵ چێشتلێنەرەکەدا قسە دەکات، ڕەنگە بتوانم بە هۆی هێرشی کۆکینەوە بیوەستێنم، بەڵام پێم خۆش نییە قسەکانیان پێ ببڕم، چونکە ئەم کچە (ئەو تەنیا چەند ڕۆژێکە کارمـان بۆ دەکات) تەمەنـی ١٩ سـاڵە و زۆر بەتوانـایە، بـێ هـیچ بەڵـگەیەک بـڕوای وایە بەدبەختترین بـوونەوەری سـەر ڕووی ئەم زەوییەیە. ئەو تەواو بەدبەختە، چـونکە بەدبەختە و پێویسـتی بەوەیە خوشـکم (کە وەک بـاوکم دەڵێـت هەمیشـە هەر دەرفەتێـک دەقـۆزێتەوە تـا لەگەڵ کارەکەرەکانـدا قسـە بکـات) دڵـی بـداتەوە. ئەوەی پەیوەنـدیی بە ڕووی دەرەوەی کتێـبەکەوە بێـت،



Scanned with CamScanner

هەرچییەک بڵێم دادپەروەرانە نییە، چونکە سەرچاوەی ڕەخنەکان لە ناوکی کتێبەکەوە دەست پێ دەکات (بەڵکو لە ناوک و ناوەوەی هەر شتێکەوە). بیری لێ بکەرەوە یەکێک دوێنێ کەسێکی کوشتووە (چۆن ئەو دوێنێیە دەکرێت بە پێری؟) ئەو کەسە ناتوانێت ئەمڕۆ ئەو چیرۆکانە بخوێنێتەوە کە باس لە تاوان دەکەن. بە لای ئەوەوە هەموو شتێک، لە هەمان کاتدا بەئازار و بێزارکەر و دڵڕەنجێنە. نەبوونی ویقارێکی سەنگین، بێباکییەکی گێژانە، قسەی بێسەرەوبەرەی ناو ئەم کتێبە -من هیچ لەمانەم بە دڵ نییە- کاتێک **ڕافایل دنادیو** هەڵدەفریوێنێت، ئەمە بۆ **دنادیو** زۆر گرنگە، بەڵام تا ئەو کاتەی ژوورە بچووکەکە نەکرێتە هۆڵی وتاربێژیی کۆلێژی پزیشکی یان سایکۆلۆژی، نووسەر و تەنانەت لەویش کەمتر کە کەسی چوارەم یان خوێنەرە دەتوانێت چی لە ژووری قوتابییدا بکات. جگە لە نائومێدی، شتێکی تر لەم ڕۆمانەدا نییە کە جێی سەرنج بێت.

من هێشتا زۆر جار بیر لە وتارەکەت دەکەمەوە، بە سەرسامییەوە، بڕوام وایە (بۆ ئەوەی گفتوگۆ خەیاڵییەکە بڕواتە ناو گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەوە! زایونیزم! زایونیزم!) هەندێک شتی وەک هاوسەرگیری هەیە کە سەرچاوەیان نائومێدی و تەنیایی و دوورەپەرێزی نییە، بەڵکو لەوەیش زیاتر هاوسەرگیرییەکی بەرز و هۆشیارانەیە، من وا دەزانم فریشتەکانی خودایش لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو هاوسەرییەدا تەبان، چونکە ئەوانەی لەتاو نائومێدی پەنا بۆ هاوسەرگیری دەبەن، چییان لێ دەست دەکەوێت؟ ئەگەر تەنیایی بخرێتە سەر تەنیایی، هەرگیز بەرئەنجامەکەی هەستکردن نابێت بە یەکگرتوویی، بەڵکو ئەم پێکگەیشتنە Katorya[۲۰۷] کۆتایی دێت. تەنانەت لە تاریکترین شەوی

---

[۲۰۷] ئەسڵی وشەکە ڕووسییە، ماناکەی بەسەربردنی ماوەیەکی درێژە لە زینداندا و پاشان دوورخستنەوەی زیندانییەکەیە بۆ جێگەیەکی دوور کە لە سەدەی نۆزدەدا لە وڵاتی ڕووسیادا نەد باو بووە و یەکێک لەوانەی تووشی ئەمە بوو، دۆستۆیڤسکی گەورەنووسەری ڕووسییە.



Scanned with CamScanner

ئەنگوستەچاودا هەریەکە و تەنیایی خۆی لە ئاوێنەی تەنیایی ئەویتردا دەبینێتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک تەنیایی بە ئاسوودەییەوە ببەستێتەوە، ئەوە خراپتر دەبێت (ئەگەر تەنیاییەکی ناسک، هەرزەکارانە و نەزانانە نەبێت) ئەگەر بمانەوێت دۆخەکە بە جۆرێکی بنەبڕ و پتەو دەستنیشان بکەین، ئەوا هاوسەرگیری هەمان ئاسوودەییە بۆ خۆی.
بەڵام لەم چرکەساتەدا خراپترین شت (تەنانەت چاوەڕێم نەدەکرد) ئەوەیە کە من ناتوانم بەردەوام بم لەسەر نووسینی ئەم نامانە، تەنانەت ئەم نامە گرنگانەیش. جادووگەری بەدفەڕی نامەنووسین لە جاران زیاتر دەیەوێت شەوەکانم کاول بکات، ئەگەرچی بە هەرحاڵ ئەم شەوانە خۆیان خۆیان کاول دەکەن. دەبێت بوەستم، ئیدی توانای نووسینم نییە. ئاخ بێخەویی تۆ، لەگەڵ بێخەویی مندا چەندە جیاوازە. تکات لێ دەکەم، ئیتر نامە نانووسم.

**کارتێکی پۆستی لە شبریشوڤیس‌ەوە[208]**
**ژمارەی پۆستی ۹۰۷۰۳۳**
**ناونیشان: خاتوو میلینا پولاک، ڤیەننا ۷**
**شەقامی لرشن فلدر - ژامرە ۱۱۳/۵**

سوپاسی زۆرم بۆ سڵاوەکانت، ئەگەر لە هەواڵم دەپرسیت، چەند ڕۆژێکە دەرچووم و هاتوومەتە ئێرە، لە پراگ دۆخەکە هیچ باش نەبوو. ناتوانیت ناوی سەفەر لەمە بنێیت. تەنیا بایەکی باڵدانی تەواو بێسوودە.

[208] ناوی ئاسایشگەیەکی ئەو کەسانەیە کە نەخۆشیی سیلیان هەیە.



Scanned with CamScanner

**کارتێکی پۆستی لە دبریشوڤیس‌ەوە**
**ژمارەی پۆستی ٩/٧/٢٣**

**بەڕێز میلینای ئازیز.**
بێگومان کارتێکی پۆستکراوی منت لە دبریشوڤیس‌ەوە پێ گەیشتووە. من هێشتا لێرەم، بەڵام دوو سێ ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. کرێی ئێرە زۆر گرانە (لە باقیدانەوەدا زۆر خراپ مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، جارێک زۆر زۆرت دەدەنەوە و جارێک زۆر کەم. سەرۆکی کارمەندەکان زۆر پەلەیەتی و حسابڕاگرتنی پارەیش دژوارە) جگە لەمانە بێخەوی و شتی تریش. لەگەڵ ئەمانەیشدا جوانییەکەی باس ناکرێت، بەڵام دەربارەی سەفەری زیاتر دەبێت بڵێم کە ئەم سەفەرە تا ڕادەیەک توانای سەفەرکردنی پێ داوم. تەنانەت ئەگەر بکرێت نیو سەعاتێکیش لە **پراگ** دوور بکەومەوە. من تەنیا لە دوو شت دەترسم. یەکەمیان لە خەرجیی زۆر (ئێرە بۆ کەسێک کە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بەڕێ دەکات، لە ڕادەبەدەر گرانە. ئەو کەسە لەدوای مردنی بێجگە لە خۆی چ میراتییەک بەجێ ناهێڵێت) دووەم لە بەهەشت و دۆزەخ دەترسم. جگە لەمانە هەموو دنیا لە ڕووی مندا کراوەتەوە.

**لەگەڵ ناسکترین سڵاودا**
**کافکاکەت**

**بەرلین نیوەی دووەمی نۆڤەمبەر ١٩٢٣**

پاش دوا دیدارمان کە لەپڕێکدا تۆ[٢٠٩] ون بوویت (هەرچەندە ونبوونەکەت جێگەی سەرسووڕمان نییە) جارێکی دی نامەی تۆم پێ

---

[٢٠٩] دیسانەوە **کافکا** لێرەدا بە ڕاناوی کەسی دووەم ناوی میلینا دێنێت.

نەگەیشتووە. تا سەرەتای سێپتامبەر کە دیسان هەواڵی تۆم پێ گەیشت، بەڵام هەواڵەکە تەواو تێکی دام. لە ژوڵایدا شتێکی گرنگم بەسەرهات (دەبێت ئەو شتە گرنگە چی بێت!) من بە هاوکاریی خوشکی گەورەم سەفەری (مورتیز)م کردبوو لەسەر دەریای بەڵتیک. بە هەرحاڵ لە پراگ و ژووری داخراو چووبوومە دەرێ. لە سەرەتادا حاڵێکی هێند باشم نەبوو، پاشان لە مورتیز بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەلکەڵەی سەفەری بەرلین لێیدام. من پێشتر تەنانەت بڕیاری ئەوەم دابوو لە مانگی ئۆکتۆبەردا سەفەری فەلەستین بکەم. وا بزانم پێشتر پێکەوە لەو بارەیەوە قسەمان کردبوو. بێگومان ئەوە نەدەکرا و جگە لە خەیاڵ چیی تر نەبوو. لەو خەیاڵانەی دەکەوێتە سەری یەکێکەوە کە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی هەرگیز جارێکی تر لەناو جێگەی نەخۆشی ڕاست نابێتەوە. کە من نەتوانم جارێکی تر لەناو جێگە بێمە دەرەوە، بۆ نابێت سەفەرێکی دوور بکەم تا دەگەمە فەلەستین؟ بەڵام لە مورتیز تووشی هۆردوویەکی هاوینە بووم کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک جوولەکەی دانیشتووی بەرلین، زۆربەیان جوولەکەی خۆرهەڵاتی بوون. ئەو کۆمەڵەیە کە لە ڕێگە تووشیان بووبووم زۆر سەرنجیان ڕاکێشام. بیرم لە سەفەرەکەی بەرلین کردەوە کە بۆ ئەو ساتە توانای ئەو سەفەرەم لە سەفەری فەلەستین زیاتر نەبوو. لێ پاشان ئەم بیرۆکەیە وردەوردە لە مندا بەهێزتر بوو. بێگومان لە هەر لایەکەوە بیگریت مەحاڵە من بتوانم لە بەرلین بژیم. نەک تەنیا لە بەرلین بەڵکو لە هەر جێگەیەکی تریش. بۆ ئەم کێشەیەیش لە مورتیز ڕێگەچارەیەکی تر (کە لە تایبەتمەندییەکەیدا چاوەڕوانکراو نەبوو)[٢١٠] پەیدابوو. پاشان لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا چووم بۆ پراگ و دوای ئەوەیش لەگەڵ خوشکە بچووکەکەمدا ماوەیەکم لە شلسن بەسەربرد کە زیاد لە مانگێک دەبوو. لەوێ بوو

---

[٢١٠] ئاماژەیە بە (دوراديمانت)ی هاوسەفەر و هاوڕێی لە دوا مانگەکانی ژیانی کافکادا.

که هەر بە ڕێکەوت لەبارەی نامە سووتێنراوەکەوە چەند شتێکم بیست. ئەمە تووشی شۆکی کردم. بۆ دامرکانەوەی دەردی خۆم، خێرا نامەیەکم بۆ نووسییت، بەلام لەدواییدا نەمنارد، چونکە هیچم لەبارەی تۆوە نەدەزانی، پاشان پێش ئەوەی بچم بۆ بەرلین ئەو نامەیەشم سووتاند. ئەو سێ نامەیەی تر کە ئاماژەت پێ کردوون تا ئەمڕۆ هیچی لێ نازانم. لەبارەی تۆمەتێکی ناڕەواوە کە دراوەتە پال کەسێک، پەشۆکام. ناتوانم بە وردی بلێم پەیوەندیی بە کام ئەو سێ نامەیەوە هەیە، لێ بێگومان لەدەست نائومێدی و پەرێشانی (تەنانەت ئەگەر لە جۆرێکی تریش بێت) بە هیچ جۆرێک ڕزگارم نەبوو، تەنانەت ئەگەر بەڕاستی لە مورتیزیش نامەکەم پێ گەیشتبێت. پاشان لە کۆتایی سێپتامبەردا ڕۆیشتم بۆ بەرلین. کەمێک پێش ئەوەی بچم بۆ بەرلین کارتە پۆستییەکەتم لە ئیتالیاوە پێ گەیشت. بۆ ئەو سەفەرەی لەبەرم گرتبوو تا دوا توانام بەکارهێنا. باشتری بلێم هەرچی هێز و توانام بوو لەدەستم دا و گەیشتمە لێواری گۆڕ.

وا ئێستا لێرەم. تا هەنووکە کاروبار لە بەرلین بەو ئەندازەیەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە خراپ نەبوە. من تا ڕادەیەک لە گوندێکدا، لە ڤیلا و باخێکی بچووکدا دەژیم. وا دەزانم تا ئێستا ئاپارتمانێکی هێند جوانم نەبووە. بڕوای تەواویشم هەیە کە بەم زوانە لەدەستی دەدەم. جوانییەکەی لە ڕادەی من زیاترە. هەر بە ڕێکەوتیش ئەمە دووەم ئاپارتمانە کە تائێستا تیا ژیابم. تائێستا خواردنی ئێرەم (هەرچەند تەنیا خواردنی من) جیاوازییەکی جەوهەریی لەگەل خواردنی پراگدا نییە. ئەوەندەم بەسە کاریگەریی لەسەر تەندروستیم هەبێت. ناوێرم لەمە زیاتر هیچ بلێم. ئەوەی تا ئێستا وتوومە لە خۆی زیادە. ڕۆحە خەیالییەکانیش لە ڕێگەی گەرووە چلێسەکانیانەوە لە نۆشینی قسەکانمدان. تۆیش لە نامەکانتدا تەنانەت دەربارەی ئەمە کەمتر قسە دەکەیت. ئایا بەگشتی دۆخەکە باشە و بەرگەی دەگیرێت؟ من سەر

لەمە دەرنــاکەم. بێگومــان مــرۆ لەبــارەی خۆیشــییەوە ســەری لــێ دەرناکات. "ترس و پەشۆکان" ئەمەیە و هیچی تر.

ف

**کارتی پۆستی بەرلین - ستیگلتیز ٢٥/١٢/٢٣**
**ناونیشان: بەڕیز میلینا پولاک**
**ڤیەننا - ٧، شەقامی لرشن فیلدەر - ١١٣/٥**

میلینــای ئــازیز، مــاوەیەکی درێــژە بەشــێک لە نــامەیەک کە بــۆ تــۆ نووسراوە، بەرانبەرم دانراوە. بەلام تەواوکردنی بۆ من ئاسان نییە، چونکە تەنانەت لێرەیش ئازارە کۆنەکەم تێگەڕاوەتەوە، پەلامــاری داوم و تــا ڕادەیەک کوتــاومی بە زەویــدا. لە دۆخێکــی وادا هەر کارێــک پێویستیی بە هەوڵێکە. هەر قەڵەمگرتنێک و هەرچییەک کە دەینووسم، بەبێ ئەوەی لەگەڵ توانای مندا بێتەوە، مەترسیدار و گرنگە. کاتێک کە دەنووسم "لەگەڵ ناسکترین سڵاودا" ئایا ئەم وشانە، بەڕاستی توانــای ئەوەیــان هەیە لە شــەقامە پــڕ هەراوزەنــا و تــرس و ڕەنــگ خۆڵەمێشییەکەی (لرشن فلدەر)دا بگەن کە من و ئەوەی پەیوەندیی بە منەوە هەیە ناتوانێت تیایدا هەناسە بدات؟ بۆیە لە کۆتاییدا من هەرگیز نــامە نانووسم. چــاوەڕێی ئەوەم، بەڵکــو کــاتێکی باشــتر یــان تەنــانەت خراپتر بێت. جگە لەمانە من حاڵم باشە و تا ئەوپەڕی توانای خاکی بە جوانی چاودێریم لێ دەکرێت. دەنگوباســی دنیایش ئەوەندە دەزانــم (ئەگەرچــی لەوپەڕی ڕوونیــدایە) کە خەرجییەکــانی ژیــان بەرز بــوونەتەوە. لە پــراگەوە هــیچ ڕۆژنــامەیەکم بەدەســت ناگــات - ڕۆژنامەکــانی بەرلــین لە ڕادەبەدەر بــۆ مــن گــرانن. چ دەبــوو ئەگەر جارجارێک چەند پارچەیەکم لە ڕۆژنامەی (**ناردونی لیستی**) لەوانەی



Scanned with CamScanner

که دەبنە مایەی شادمانیم، بۆ بنێرێت، هەروەها لە چەند هەفتەیەک لەمەوبەرەوە ناونیشانی من گۆڕاوە بە **ستیگلیتز**، ژمارە ١٣ شەقامی گرونوالد بە هۆی بەڕێز سایفرتەوە. وا ئێستایش لەگەڵ "ناسکترین سڵاودا" باکم نییە، ئەگەر ئەم سڵاوانە لەبەر دەرگای باخەکەوە بکەونە سەر زەوی. لەوانەیە توانات لەوە زیاتر بێت.

کافکاکەت[٢١١]

[٢١١] ئەم نامەیە لە دەقە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکەشدا دوانامەیە.

# زنجیرە چاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٢ کچەی پەرتەقاڵ/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٣ لەتەمدا دیارنیم/ دلاوەر قەرەداغی
٤ سەفەرنامە/ هیوا قادر
٥ ئیستا کچێک نیشتمانمە/ شێرکۆ بێکەس
٦ هەزار ماڵ لە خەون و ترس/ عەتیق رەحیمی/ ئازاد بەرزنجی
٧ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٨ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٩ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە/ جەمال غەمبار
١١ جوگرافیای هەرێمی کوردستان/ هاوڕێ یاسین محەمەد
١٢ تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا/ بوهیمیل هرابال/ و: دلاوەر قەرەداغی
١٣ کازینۆی منداڵان/ کاروان کاکەسوور
١٤ راپۆرتی مەرگێکی پێشوەخت راگەیندراو/گارسیا مارکیز/ و:حەمە قادر
١٥ خێراکە... مردن خەریکە بگات/ شێرکۆ بێکەس
١٦ سوارچاکێکی نەبوو/ ئیتالۆ کالڤینۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
١٧ ئەحمەد شاملوو/ ئەحمەد شاملوو/ و: بەرزۆ ئاکرەیی
١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش/ شێرکۆ بێکەس
١٩ تۆ مەچۆ بۆ شەڕ/ ماردین ئیبراهیم
٢٠ جوگرافیای ستراتیجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ جیفری کەمپ رۆبەرت هارکاوی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٢١ کەوتن / ئەلبێر کامۆ/ و: سەیوان محەمەد
٢٢ حەفتاکێل/ یەدوڵلا رویائیی/ و: بەرزۆ ئاکرەیی
٢٣ ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی/ بوشرا کەسنەزانی
٢٤ لۆلیتا/ ڤلادیمێر نابۆکۆڤ/ و: توانا حەمەنووری
٢٥ جۆناسانی نەورەس/ ریچارد باخ/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٦ عاشق هەمیشە تەنیایە/ سوهراب سپهری/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٧ ژنێک لەبەردەم وەرزێکی سارددا/ فرووغ فەرخزاد/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٨ دیوانی لەتیف هەڵمەت
٢٩ دیوانی رەفیق سابیر
٣٠ ئیمپراتۆریای لم/ رەفیق سابیر
٣١ بەستاندارکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی/ رەفیق سابیر
٣٢ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٣٣ کوریژگە بیجامە خەتخەتەکە/ جۆن بۆین/ و: ماردین ئیبراهیم
٣٤ گوڵی رەش/ شێرزاد حەسەن
٣٥ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
٣٦ لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا/ ساموێل بێکێت/ و: سەرکەوت جەلیل
٣٧ فەهرەنهایت ٤٥١/ رەی برادبیری/ و: سەیوان محەمەد
٣٨ جوگرافیای خاک/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین



Scanned with CamScanner

٣٩ جیهۆلەتێکی گۆڕانی ئاوەهەوا/ جیمس. ئاڵ لی/ دهاوری یاسین محەمەمین

٤٠ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)

٤١ رەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لەشیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا/ د سەبور عەبدولکەریم (شکار)

٤٢ تاوان و سزا/ فیودۆر دۆستۆیفسکی/ و: ڕەئووف بێگەرد

٤٣ مەسخ/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح

٤٤ ماڵی نانی/ کاروان کاکەسوور

٤٥ بێگانە/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومە ر

٤٦ مەنفا و مەملەکەت/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر

٤٧ زەماوەند و هاوین/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر

٤٨ هەزار خۆری درەوشاوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی

٤٩ چیاکانیش دەنگیان دایەوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی

٥٠ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەئووف بێگەرد/ چاپی شەشەم

٥١ چیرۆکی ئەیووب بە گێڕانەوەی تەورات/ و: حەمە قادر

٥٢ پاریس جەژنی نەبڕاوە/ ئێرنست هەمنگوەی/ و: ژوان جەلال

٥٣ بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە/ ئێریش ماریا ڕیمارک/ و: کەریم پەڕەنگ

٥٤ دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا/ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام/ و: هۆشمەن جەلال

٥٥ گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا/ ئۆریانا فالاچی/ و: عەزیز گەردی

٥٦ گاتسبیی مەزن/ ف. سکوت فیتزجێراڵد/ و: سەیوان محەمەد

٥٧ کاک برایم و گوڵەکانی قورئان/ئێریک ئیمانوئێل شمیت/ و: سەلاحەدین بایەزیدی

٥٨ مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن/ بەختیار حەمەسوور

٥٩ بەخێر بێن بۆ بیابانی ڕیاڵ /سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر

٦٠ حیکایەتی چل شەوەی شاری قەلەندەران/ بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی

٦١ قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن / پەری کەریمی نیا

٦٢ کێ-لە-من-و-ڤیرجینیا-وۆلف-دەترسێت/ پەری کەریمی نیا

٦٣ هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجار؟ / پەری کەریمی نیا

٦٤ ئاسمان و ڕێسمان /حوسێن حوسێنی

٦٥ گیروبەس: کەورەترین نهێنیی فیزیا /ئامیر ئەسل/ و: حوسێن حوسێنی و د ئومێد غەریب

٦٦ عەشیقی وەرگێڕ / جان دۆست / و: سەباح ئیسماعیل

٦٧ مێژووی ڕەخنەسازی / پ.د.کامل حەسەن بەسیر

٦٨ ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئاینەوە / ئازاد قەزاز

٦٩ کۆمار / ئەفلاتوون / د. محەمەد کەمال

٧٠ سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان / عادل باخەوان

٧١ وڵاتێک بۆ مردن / عەبدوڵلا تایع / و:سەلاحەدین بایەزیدی

٧٢ ئەودیوی فیزیا چاوپێکەوتن و گفتوگۆ/ ویرنەر هایزنبێرگ / و: حوسێن حوسێنی

٧٣ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

٧٤ بووداى ناو هەورەبانەکە / جولی ئۆتسوکا / و: سەیوان محەمەد

٧٥ سەرهەڵگرتن / هێرتا موڵەر/ و: عەبدولغەنی کاکۆ

٧٦ ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفی منداڵان/ فایەق سەعید

٧٧ مۆسیقا فەرامۆشی کردم/ شالاو حەبیبە

٧٨ دەرزەکەرەکانی سەربەستی / شێرزاد حەسەن

٧٩ هومۆسێکسواڵی و داهێنان / د.ڕەمسیس عەوەز / و: شوان ئەحمەد
٨٠ ئیمان یا بێ ئیمانی / ماریا مارتینی و ئەمبەرتۆ ئیکۆ / و: مەحموود شێرزاد
٨١ مامۆستای نەزان / ژاک ڕانسییر / مەنسوور تەیفووری
٨٢ گەردوون، کات و پەیدابوونی ژیان / گۆران ئیبراهیم
٨٣ پێناسەیەکی زۆر کورت بۆ هیچ / فرانک کلۆز / و.گۆران ئیبراهیم
٨٤ ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش/ کاروان عومەر کاکەسوور
٨٥ نەوەکەی مسیولین / فیلیپ کلۆودێل / و.سەلاحەدین بایەزیدی
٨٦ گەران بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی یەکەم)/ مارسێل پرووست/ وسیامەند شاسواری
٨٧ دڵی تاریکی/ جۆزیف کۆنراد/ یاسین محەمەد
٨٨ قاچی چەپم/ کریستی براون/ و.باهۆزی میر داوود
٨٩ دیاردەناسیی شوێن و شوناس/ ڕێبوارسیوەیلی
٩٠ گێلەکانی چێلم و مێژوویان/ ئیزاک بێشڤیس سینگەر/ و.عەزیز گەردی
٩١ دەربارەی ستەمکاری/ لیوشتراوس/ و.فاروق ڕەفیق
٩٢ خۆشم ویست / ئانا گاڤالدا/ و.ژوان جەلال
٩٣ نەخۆشی مەرگ/ مارگریت دوراس/ و.کەریم تاقانە
٩٤ سۆسیولۆژیای زەبروزەنگ/ و.عادل باخەوان
٩٥ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی/ چاپی دووەم
٩٦ دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە/سلمان عزەدین سەعدون
٩٧ هەڵزنین بەرەو هەڵدێرگە / فاروق ڕەفیق
٩٨ کوندەپەپووی کوێر/ سادق هیدایەت/ و.فەرشید شەریفی
٩٩ بەفر/ ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٠ کەمانچە ڕەشەکە / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠١ هەنگەوان / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٢ دیزاینی مەزن / ستیڤن هۆوکینگ / و.حوسێن حوسێنی و کامیار سابیر
١٠٣ ئەزموون و یاد ( کتێبی سێیەم / ١٩٨٩_ ٢٠٠٣) / پشکۆ نەجمەدین
١٠٤ ئاهەنگی ماڵئاوایی / میلان کوندێرا / و. ڕەووف بێگەرد
١٠٥ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد/ چاپی دووەم
١٠٦ جوگرافیای مرۆیی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە/ عبدالله عەتوی/ و: محەمەد عەلی و هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٧ جوگرافیای دەرەمەتە سروشتییەکان/ د. هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٨ یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دوستۆفیسکی/ و. حەمەکەریم عارف
١٠٩ کارکردنی ئەکتەر لە سەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسکی/ و.پێشڕەو حسێن/ بەرگی یەکەم
١١٠ شتەکان لێک دەترازێن / چینوا ئەچێبی/ و.یاسین محەمەد
١١١ سمایل گەشتێک بە هزر و ڕۆحدا/ دانیاڵ کوین/ و.دیلان قادر
١١٢ گەران بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی دووەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١١٣ ساڵانی هەورین/ عەلی ئەشرەف دەروێشیان/ و.عەزیز گەردی
١١٤ هەر تەنها مانگ نییە لەژێر درەختا بیردەکاتەوە/ عەبباس بەیزون/ و. عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی
١١٥ پەرەسێلکەکانی کابول/ یاسمینە خەزرا/ و. تارا شێخ عوسمان
١١٦ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١١٧ قارەمانەکان و گۆڕەکان/ ئێرنستۆ ساباتۆ/و: حەمە قادر
١١٨ ماتریالیزمی مێژوویی/ ئالان وودس و ڕۆب سیوێل/ و: کارزان عەزیز



Scanned with CamScanner

١١ ماڵە ئەنتەلوسییەکە/ واسینی ئاڵەعرەج/ و: سەباح ئیسماعیل
١٢ دارستانی وشوو/ ڕافاییل ئالیغرتی/ بوورهان عەتا
١٢ زەنگەکانی ڕۆما/ جان دۆست/ سەباح ئیسماعیل
١٣ کورتیلەیەک لە مێژووی کات/ ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدینۆ/ حوسێن حوسێنی و د. هاوڕێی عومەر
١٢ نامە بۆ میلینا/ فرانتس کافکا/ ڕەووف بێگەرد



Scanned with CamScanner

## زنجیرەی کتێبی ئایین و ئەفسانەناسی

١ فەلسەفەی ئیسلامیی/ کیندیی و فارابیی / هاوژینی مەلا ئەمین

٢ نظرية الحكمة الخالدة في الفلسفة الإسلامية دراسة نقدية / هاوژینی مەلا ئەمین

٣ موساو یەکتاپەرستیی / سیگمۆند فرۆید / هاوژینی مەلا ئەمین

٤ رامان لە سەروەختەکانی جەنگ و مەرگ / سیگمۆند فرۆید / ئارام حاجی

٥ ئەفسانە و ئایین و زانست/ و.ن ئارام حاجی، هاوژین مەلائەمین، هۆشمەن جەلال

٦ دەروازیک بو ئاشنابوون بە زانستی کەلام/ هاوژینی مەلا ئەمین

٧ تاوانی بوخاریی/ زەکەریا ئۆزۆن/ ئارام حاجی

٨ ئیمان-توێژینەوەیەک لە بارەی مانا و پاڵنەر و گرفتەکانی ئیمانەوە/ هۆشمەن جەلال

٩ ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی/ علی عبدالرازق/ و: هاوژینی مەلا ئەمین و ئارام حاجی

١٠ ئایا ئیسلام چارەسەرە / زەکەریا ئۆزۆن/ و: ئارام حاجی و خەسرەو میراودەلی

١١ قوربانی و جەللاد/ گی کورنوو/ و: سەلاح حەسەن پاڵەوان

١٢ داخستنی عەقڵی مسوڵمان/ ڕۆبێرت. ڕ. ڕایلی/ و: فاروق ڕەفیق

١٣ تاوانی سیبەویهی/ زەکریا ئۆزون / خەسرەو میراودەلی

١٤تاوانی شافیعی/ زەکەریا ئۆزون / هۆشمەن جەلال



Scanned with CamScanner



غەزەلنووس

Scanned with CamScanner